
خاوەنی ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**

سەرنووسەر
**ئازاد عەبدولواحید**

بەڕێوەبەری هونەری
**سەرکەوت وەلی**

مۆتیف و پۆرترێت
**قەرەنی جەمیل**

# مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە


بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ ئابی ٢٠٠٦**



**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**



**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەرۆکی ئاینده


● **سەروتار**

- کێ گوێ دەگرێ.. کێ دەیخوێنێتەوە؟/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- ئەم بێئومێدییە پریاسکەیەک مرواربیە/ فەرهاد شاکەلی/ 5
- بەندیخانە/ عەبدوڵڵا پەشێو/ 8
- گمە چیاییەکان/ هەندرێن/ 9
- بوەستە تارژەن بوەستە/ کەریم دەشتی/ 12
- چەپکە شیعرێکی فازیل ئەلعەزاوی/ لە عەرەبییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا/ 14
- قورینگەکان، ئەمساڵ تووڕەبوون/ فەرۆخ نیعمەتپوور/ 16
- تابووت/ کاوە محەممەد ڕۆستەم/ 19
- مردن و ژیان لە ژوورێکدا/ پەیوەند عومەر/ 23
- قوتابخانە/ بەکر دەروێش/ 26
- گا/ لە فارسییەوە: جەلال مەلەکشا/ 29
- قریشکەکان/ ئەبوبەکر عەلی/ 42

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەندی پەیکەرتاش (فوئاد عەلی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید – د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 52
- دیمانەیەک لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیر (ئیسماعیل حەمەئەمین)/ ئا: توانا ئەمین/ 68

● **لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

- بەراوردکرنەکا ئەدەبی دناڤبەرا هەردو داستانێن (مەم و زین) و (ئەلیازە)دا/ شاکر فەتاح/ 83
- خوێندنەوەیەکی چیرۆکی (بە دزییەوە سڵاو)/ گەلاوێژ دەروێش پوور/ 90
- لە حزووری حافزی شیرازیدا/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین/ 96

● **وتار**

- ڕامانگەلێک لە «سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور»/ حەمید کەشکۆڵی/ 101
- شار دۆزەخێک بۆ مرۆڤ، یان ئاسمانێک بۆ داهێنان/ جەبار سابیر/ 105

● **ئەزموون**

- لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنووسم/ کاروان عومەر کاکەسوور/ 110

● **تیۆری ئەدەبی**

- بوارەکانی تۆژینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا/ د. کەمال مەعرووف/ 118

● **هزر و فەلسەفە**

- جەوهەری ڕاستی/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 132
- پشکنینی کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم تۆتالیتاریزمی پیاوسالاریدا/ مەجید عەزیز/ 147

● **مێژوو - کەلەپوور**

- مەلا محەممەدی سەدباری/ عەبدولڕەقیب یووسف/ 160

● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**

- قوتابخانەی زمانەوانی پراگ/ سەلام ناوخۆش/ 170

● **هونەر**

- ڕیژیسێر و دیدار لەگەڵ تێکستدا/ د. فازیل جاف/ 173
- ئەندەر ڕۆهەر پەنجەرەیەکە بەسەر شانۆی کوردییەوە/ موحسین محەممەد/ 180
- گوزەرێک بەسەر سێ ئەزموونی شێوەکاری/ سۆران ئیسماعیل/ 185
- وێنەگرتنی ستیل لایف و بابەتی ورد/ فارس سەعدی/ 192

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ڤاڵکیرییەکان و گەمەکانی زەینی دووهەمین/ هاشم سەڕاج/ 195
- فەلسەفەکانی هیند.. پەیڤەکانی بوداگەری/ لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 202
- پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا/ ڕەوشت محەممەد/ 205

● **ئێستێک**

- سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانمان/ فەرهاد پیربال/ 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# کێ گوێ دەگرێ.. کێ دەیخوێنێتەوە؟

✱ لەوەتەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بەرپابووە، تا ئەمڕۆکە بەهۆی زۆربوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئەو پەراوێزی ئازادییەی ڕەخساوە، ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و هونەرمەندان و خەڵکی دڵسۆز، پەیتا پەیتا بیروڕاو پێشنیار و پرۆژەیان خستووەتە بەردەمی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٢ بە دواوە لەو کاتەوە کە بەهۆی هەڵبژاردنەوە پشتیوانیمان لە تێزی دیموکراسی کرد، خەڵکی لەوە تێگەیشتن ئەو تێزە لە ساکارترین پێناسەیدا دەسەڵاتێکە لە (خەڵکەوە بۆ خەڵکە)، بەمەش دەکرێ بڵێین دیموکراسیەت بە واتای کۆکردنەوەی «تێڕوانینێکی گشتی» دێ بۆ سەرجەم کار و پرۆژەکان بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلەبەر و کەموکوڕییەکان، لە هەمان کاتیشدا دەستنیشان کردن و دۆزینەوەی باشترین و گونجاوترین ڕێگەچارەیە بۆ ناکامی و ناکامڵی هەر کار و پرۆژەیەک، بە پرۆژەی ڕۆشنبیریشەوە.

✱ بەڵام دەپرسین: تا ئێستا کە بەدەیان و سەتان کەسی دڵسۆز پرۆژەی پێشنیار و ڕەخنەیان خستووەتە بەردەمی دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت و دامودەزگایەکانی بۆ جوانتر کردن و پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی هەن، چەندیان بە هەند وەرگیراون و گوێیان لێگیراوە و چەندیان لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە و وەڵام دراونەتەوە؟ من لێرەدا وەک بواری کاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن قسان دەکەم و دەپرسم: کاتێ ئەو پرۆژە و پێشنیارانە گوێیان لێناگیرێ چۆن دەکرێ داوا لە ڕۆشنبیران بکرێ خۆیان لە بەرانبەر ئەو پرۆژانە بە بەرپرس بزانن کاتێ بەبێ پرسوڕا گۆڕینەوە لەگەڵ ئەوان یان بەبێ بەرنامە و لێکۆڵینەوەی پێویست جێبەجێ دەکرێن؟ یان چەند دەکرێ ڕۆشنبیران خۆیان بە بەشێک لەو پرۆژە ڕۆشنبیرییانە بزانن، لەو کاتەی ئەوان لەو کار و پرۆژانەدا بەشدارییان پێنەکرێ؟ ئایا لەم ڕووەوە درز و کەلێنی گەورە و بگرە خەرەندێک ناکەوێتە نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیرانەوە؟

✱ (ڕەخنە) و (دیالۆگ) دوو جەوهەری پێشکەوتنی شارستانیەت و بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگان، کە هیچ پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی بەبێ پرۆسەی (ڕەخنەگرتن) دروست نابێ، لە لای ئێمە ئەم دوو کۆڵەکەیە چەند لایان لێ کراوەتەوە؟ هەر برەونەدان بەگیانی (ڕەخنە) و (دیالۆگ)، جۆرێک لە پەراوێزخستنی ڕۆشنبیری و بەدی نەهاتنی ئامانجەکانی نییە؟

ڕۆشنبیری بۆ خۆی دیالۆگێکی کراوەیە، هیچ بیروبۆچوون و میتۆد و ڕێچکە و ڕێبازێکی ڕۆشنبیریی ئەو دنیایە نابینی بەسەرخۆیدا داخرابێ، پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە گۆڕانی بەخۆیەوە دیبێ. (ڕەخنە) و (دیالۆگ) کە جەوهەری هەموو ڕۆشنبیرییەکی کراوە و پێشکەوتوون بە هەمان ئاست لە دنیای ئەمڕۆدا جەوهەری هەموو پێشکەوتنێکن، کە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵ و داوونەریتەکاندا دەهێنن و لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتەکاندنی دەگرنە ئەستۆی خۆیانەوە. پەرەسەندن و پێشکەوتنی کایەی ڕۆشنبیریش وەک سروشتی (جیوە) وایە کە لە هەموو چرکەساتێکدا دەگۆڕێ و فۆرمی خۆی نوێ دەکاتەوە، بۆیە ناکرێ ئەو ڕۆشنبیرییە بە فۆرمێکی لەقاڵب دراوەوە ئاراستە بکرێ، وەک چۆن ناکرێ بە فۆرمێکی کۆن و تەقلیدی و دیاری کراوەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی پرۆژەی ڕۆشنبیریی میللەتێک بدرێ.

✱ ئێمە خوانەخواستە نالێین یەکگرتنەوەی (سەندیکا) و (یەکێتی) و (کۆمەڵە)ی ئەدەبی و هونەریی گرنگ نین، بەڵام لەوەش گرنگتر بۆ ئەم قۆناغەمان گرتنی (کۆنگرە)یەکە بۆ پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی کە من پێم وایە بۆ ئەمڕۆکەمان چەندە بەهێزکردنی بواری (ئابووری) وەک ژێرخان گرنگە و زەمینەیەکی

**سەرنووسەر**

پتەوە بۆ ئەوەی لە سەربەخۆییمان نزیک بکاتەوە، ئەوەندەش کۆنگرەیەکی ڕۆشنبیریی بۆ پەرەسەندن و بەرەوپێش بردنی پرۆسەی پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی و بەرچاوڕوونی زیاتری ڕووناکبیران گرنگە، لێرەوە دەڵێین بایەخدان بە بواری ڕۆشنبیریی گرینگیدانە بەخودی ڕۆشنبیر کە ئەندازیاری (ڕۆح) و (عەقڵ) و (ویژدانی) مرۆڤە و دەبێ شانبەشانی ئاوەدانکردنەوە و گرینگیدان بەلایەنی (ئابووری) یان هاوشانی ئاوەدانکردنەوەی دیوی دەرەوەی مرۆڤ، دیوی ناوەوەی ئادەمزادەکانیش جێگەی بایەخ و گرنگیی پێدان و بیناکردنەوە بێ.

* جارێ دەبێ سەردەفتەری (أولویة) ئەرکە گرنگ و لە پێشەکانی بەستنی ئەو کۆنگرەیە بۆ قاودان و قەڵاچۆ کردنی دیکتاتۆر و فەرخە دیکتاتۆرەکانی ئەو بوارە هەستیارەی دنیای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بێ، چونکە ناکرێ و نەبووە خەڵکانێک هەڵسوکەوت لەگەڵ (عەقڵ) و (ڕۆح) و (ویژدان)ی مرۆڤ بکەن، لە هەمان کاتیشدا مومارەسەی کەلەگایی و دیکتاتۆریەتیش بکەن. کەم کردنەوەی (مەرکەزییەت) لە دنیای ئەمڕۆکە خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جێگەی پێ لێژ دەبێ و ئاسەواری نامێنێ و بەرەو نەمان و پایدۆس لێکردن دەڕوا، کەچی لە لای ئێمە تازە بەتازە خەریکە عەقڵیەتی خۆسەپێن و (ستالینی) سەرهەڵدەداتەوە و گەرا دادەنێ، بۆیە چەند گرنگە ئافەرین و دەستخۆشانە لە هەنگاوی جددییانە و تۆکمە بکرێ، ئەوەندەش پێویستە گەندەڵی بواری ڕۆشنبیریی و زانستی بنبڕ و ڕیشەکێش بکرێن و چاویان لێ نەپۆشرێ، چونکە ئەو توێژە هەڵسوکەوت لەگەڵ (مێژوو) دەکەن و خۆیان بە دروستکەری ئەو مێژووە دەزانن، بۆیە دەبێ هەمیشە گیانی «نوێبوونەوە» بکەنە بەر پرسیارەکانیان و ڕێبازی «ڕەخنەگرتن» بەهێز و پتەوبکەن، دەبێ بەر لەهەموو شتێکیش لەخۆیانەوە دەست پێبکەن.

* ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو کە دەگوترا نووسەران لەناو یۆتوبیای خۆیان ژیانیان بەسەر دەبەن و بۆ خۆیان دنیایەکی میسالییانە دەژین کە زۆرتر لە میسالیەتی دنیای ناو کتێبانەوە نزیکە وەک لە دنیای واقیعەوە نزیک بێ، یان بە کەسێکی خەیاڵپلاو بناسرێ کە کاری (تەماشاچی) بێ، لە کاتێکدا نووسەران وەک ویژدانی زیندووی سەردەمەکەیان ئەرکی قورسی گۆڕانکارییەکان لەسەر شانی ئەوانەو لەوانەوە دەست پێدەکات، بۆیە ناکرێ پرۆژە و خەون و پێشنیاری ڕووناکبیران نادیدە بگیرێن، چونکە ئەو بە هەند وەرنەگرتن و نادیدەگرتنە جۆرێکە لە (کوشتنی) خەونی ڕووناکبیران لە ڕێی کوشتن و پشتگوێ خستنی پرۆژەکانیانەوە، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە حکوومەت پرۆژە و ڕەخنەکانیان بە پشتگوێ خستن بێ بەها و پەراوێز دەخات.

* ئەمڕۆکە لە هەر کاتێکی دی زیاتر گرنگی و پێویستیی بەستنی کۆنگرەیەک بۆ (ڕۆشنبیریی کوردی) بە پێویست دەزانم، تا لەو کۆنگرەیەدا دەست نیشانی سەردەفتەری کاری ئێستاو داهاتوومان بکەین و لەم قۆناغەدا ئەرکەکانی کاری ڕۆشنبیر لەلایەن خودی ڕۆشنبیرانەوە دیاری بکرێن، نەک لەلایەن کەسانی دەرەوەی خۆیان بۆیان دابەزێ، هەروەها لاوازییەکانی پرۆژەی ڕۆشنبیریی کوردی (ئەگەر پرۆژەیەک هەیە) دەبێ قامکی لەسەر دابنرێ و هەوڵ بدرێ شوێن پێی خاڵە نیگەتیڤەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە بسڕدرێتەوە. دەشبێ لەو کۆنگرەیەدا (ئەجیندایەک) هەبێ و ڕۆشنبیرانی کاراو جددی هەموو پارچەکانی کوردستانی تێدا بەشداربن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کاری (ستراتیژی هاوبەش) ئەنجام بدەن، ئەوکاتە هەر دەزگایەک چی دەکەوێتە ئەستۆ دەبێ بە هاوکاری هەموو لایەک جێبەجێ بکرێ، بەمەش نە وەزیرێک کە دەستبەکار دەبێ کارەکانی وەزیرەکەی پێش خۆی زەڕبی سفر دەکات و نە بە خۆ عاجز کردن لەگەڵ داوودەزگایەکانی دیکە کەس دەتوانێ خۆی بکاتە تاقە کوێخا و دەزگایەکەی بەرەو هەواو هەوەسی تاکڕەوانەی خۆی ببات و نە کەس دەتوانێ خۆی بکاتە فەیلەسووف و زاناو دانا و لەوکاتانەی ڕەخنەی لێ دەگرن خەڵکی بە (نەخوێنەوار) دەزانێ!

* پێم وایە داڕشتنی سیاسەتی ڕۆشنبیریی و خستنەڕووی هەر کار و پرۆژەیەک بەسەرخان و ژێرخانییەوە ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی کورد لە دەوری کۆنەبنەوە و لە دانانی پلان و بەرنامەڕێژییەکەیدا بەشدارنەبن، ئەگەر بیروڕای ڕۆشنبیران لە بارەی ئەو سیاسەت و پرۆژانەوە پەراوێز خرا، ئەوسا بە پرۆژەی خۆیانی نازانن و پشتیوانی و داکۆکی لێ ناکەن، بۆیە دەبێ کۆدەنگییەک بۆ ئەو پرۆژە گرنگ و ستراتیژیانە هەبێ تا خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پرۆژانە بزانن و هەوڵی سەرخستنی بۆ بدەن.

* هەموو کەناڵە ڕۆشنبیرییەکان کارەکانیان تەواوکەری یەکترییە، ناکرێ بە لەیەکتر لالووت بوون و بە میزاج ئەرک و کاری یەکتر بسڕنەوە و حسێو بۆ یەکتر نەکەن، هەر لەبەر ئەوە و لەپێناوی جوانترکردن و پوختەتر کردنی کارەکان و پەرەپێدانی زیاتر بە پرۆژەکان و کامڵترکردنیان دەبێ بەردەوام ڕاوێژ و تەگبیر بەیەکتری بکەن و هەماهەنگی تەواو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کار و ئەرکانە لە نێوانیاندا هەبێ. دواجار پێویستە عەدالەتێک لە پاڵپشتی کردنی ئەو دەزگایانە و لاکردنەوە لێیان هەبێ و لە میزاج بچێتە دەرێ، ئەو کەناڵ و داوو دەزگایانەی کارەکانیان جوانە و کەلێنێک پڕ دەکەنەوە وەک هەر دەزگایەکی دیکە پاڵپشتی بکرێن، نەک بەدەردی شیعرەکەی (بابەتاهیری هەمەدانی) یەکێک هەزار ناز و نیعمەتی بدرێتێ و بەسەردا بباریێ و یەکێکیشیان نانەجۆی بەرنەکەوێ، واتە لە ڕووی ماف و ئەرکەوە هاوشانی یەکتر بن و هیچ کامێکیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەیان بایەخی پێنەدرێ و هەموو کەرستە و تفاق و پێداویستییەکی کارکردنیان لەبەردەستدابێ بۆ ڕاپی کردنی ئیشوکارەکانیان، مونافەسەی ڕاستەقینەش لێرەوە دەست پێدەکات، ئەگەر ئەو کەناڵەش شایەنی مانەوە نییە پێویست ناکات بە کولەمەرگی و مەمرە و مەژی بمێنێ.

* لە کۆتاییدا دەڵێم دەبێ لەمەولا لە هەر وەزارەتێک بەجیا و لەناو خودی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمیش بە جودا بەشی تایبەتیی بۆ (بەدواداچوون) هەبێ بە مەبەستی شوێن پێ هەڵگرتنی هەر پرۆژە و پێشنیار و بۆچوونێک کە بۆ بەرەو پێش بردنی بزاڤی ڕۆشنبیریمان بەپێی بەرنامە و ستراتیژیەتێک لەلایەن دڵسۆزانەوە دەنووسرێن، گەرما و گەرم بە پیریانەوە بچن و ئەوەی دەکرێ و لەتواناییدا هەیە لە کاتی خۆیدا جێبەجێیان بکەن.

# ئەم بێئومێدییە پڕیاسکەیەک مروارییە

فەرهاد شاکەلی
(سوێد)

بۆ (زەریا)ی کچم



ئەگەر بەختەوەری ئەم ژاوەژاوە بێت
کە شەواوشەو
دێتە ویزەمان و ناچارمان دەکات
هەموو نهێنییەکان بدرکێنین،
دەبوو هەر زوو، لە ڕۆژی ئەزەلەوە،
چارەنووسی خۆمان و نەوەکانیشمان
بسپێرینە دەرگاوانەکانی دۆزەخ...
ئەی بۆچی دەبوو ملیۆنان ساڵ چاوەڕوان بین
تا لە ئاگردانێکەوە
بگوێزرێینەوە بۆ یەکێکی تر،
لە خۆڵەمێشەوە سەر دەربهێنین و
ببینەوە بە پووڵوو؟!
ناکرێ
دەسبەرداری هاژەی با و جۆگەلە خەواڵووەکان بین...
ناکرێ
جوانییەک بدۆزینەوە لە جوانیی نیشتمان
ڕەنگدارتر و
بۆندارتر و
ئاوازەدارتر بێت.
ئەمەیە لێکدانەوەی خەونی ئەم شەوگارەی تاراوگە،
ئەمەیە پاڕانەوەی ژنییەک ئێستاکەیش،
شەو تا بەیان
چاو دەبڕێتە ورشەی هەورێک بە دەم ژانی بارینەوە
ناوی زەریاچە و ڕووبارەکان بە گۆرانی دەڵێتەوە.
کێ لە بای بەیانیان دەپرسێ
بزانێ شەوگاری لە کامە پەناگە بردۆتە سەر؟
کەی بێ مێژووی برین سەرلەنوێ بخوێنینەوە،
بێ ئەوەی پرس بە خوێن و بە شەرگە و

به زیندان بکەین؟
ئێمە نە جانەوەری ئەم ڕۆژگارەمان پێ ڕام دەکرێ،
نە دەتوانین گورز و گوڵەنگی زیوین
بۆ زین و سەرکەللەی ئەسپی تۆڕی ڕابوردوو بهۆنینەوە.
لە زمانی گوڵەگەنمێک ورد دەبوومەوە
بزانم لەشکری شەڕانیی پاشا دۆڕاوەکان
لە کامە دەروازەی شارەوە دێنە ژوورێ.
زایەڵەی زەنگوڵەکانی سەر دەروازەی مێژوو
دڵم دادەچڵەکێنێ
دەزانم ئەم بێهومێدییە پریسکەیەک مرواریيە
پشتاوپشت هاتووە و
گەیشتۆتە من،
دەزانم تازە، جارێکی تر
ناچم مۆزەخانەی شاران بپشکنم
بۆ قەواڵەی لەدایکبوون و مەرگی ڕۆژهەڵات بگەڕێم.
دەزانم هاوڕێیەتیی هەور و تەم
بۆن و بەرامەی باران نابەخشێتە ئەم دارستانەی
تەمەنم،
ئاشنایەتیی پەلەوەرە باڵنەخشینەکان
ڕۆحی قەفەسنشینم فێری هەڵفڕین ناکات.
ئێرەیە ئەو چوار دیوارەی
چی تاریکایی هەیە، هەمووی تێدا کۆ بۆتەوە،
ناویشی نانێین دۆزەخ، پێی ناڵێین زیندان.
لێرە، لەم نازیندانەدا،
دەستم ناگاتە درەختی شەو ڕایوەشێنم،
دەستم ناگاتە درەختی زام، درەختی چاوەڕوانی،
درەختی بەرد...
ئەگەر بەرد بهاتایەتە گۆ،
ڕازی بێدەنگیی شەو فێر دەبووین و
دەمانزانی بۆچی برین وا هۆگری چاوەڕوانییە.
بۆچی هەموو ڕابوردوومان
لە قوژبنێکی مێژوودا، بە چاوی خەواڵووەوە،
کروشکەی کردووە.
لەو ڕۆژەوە گوڵ لە دایک بووە و
کراسی بۆن لەبەر دەکات
چاوەڕوانین کە شووشەی چۆڵی تەنهاییمان
پڕ بێت لە بۆن و بەرامەی دیداری ئاشنایەک،
ئاگردانی دڵ
بە ئەسکڵێکی سوور بگەشێتەوە.

٢٠٠١-٤-٢٣

## ئێستاکە، تۆیش، شارەزای ئەو شارانەیت

بۆ شوکور مستەفا

چۆڵەچرایەک ئەو شەوەزەنگەی نیشتمان
دەکاتە پەڵەیەک، پەڵەیەکی شەرمن،
بە ئاڵای یادەوەرییەوە.
ڕۆژێ کە دەنگ
لە توێکڵی خۆی دێتە دەرێ،
لە بەردەم پەیکەری لە حەرف هەڵچنراوی بیرەوەریتدا
چەپکێ فۆنێمی سەرەڕۆ و
چەپکێ نیشانەی بێڕابوردوو دادەنێ.
ئەمە دیاریی یارانە،
کە خومارن
ڕازی بەدەمەستیی عەشقێکی زوڵەیخایی دەدرکێنن.
کێ بێ پاکیی دڵداران جاڕ بدات؟
کوا یووسف خەونی مرۆڤ، ڕەش و سپی،
لەم زیندانەدا لێک بداتەوە؟

ئەوە تۆی، لەودیو پەردەیەکی قەترانەوە
باسی ورشەی وڵاتانمان بۆ دەگێڕیتەوە.
ئێستاکە، تۆیش، شارەزای ئەو شارانەیت،
ئاشنا و هاودەمی
ئەو دۆست و ئەو عاشق و ئەو یارانەیت.
ئێستا کتێبی ئاوەڵواتاکانی ڕووناکایی و
دژواتاکانی تاریکایی دەور دەکەیتەوە،
بزانی هیچت لە بیر نەکردووە.
دەزانم منەی چی دەکەیت؛
ڕستەیەک دەستی زمانزانی پێ نەگەیشتبێت،
وشەیەک گەردی دیوانی لێ نەنیشتبێت،
پرسیارێک...
ئەرێ تۆ پرسیارەکەی خۆتت کرد؟

٢٠٠٣-٩-٢٧

**تەمەنێک دەڵێی مروارییە بە گەردنی گەردوونەوە**

بۆ ئەسرین مەسیفی
(١٤-٦-١٩٨٠ تا ٢٦-٤-٢٠٠٢ ژیا)

ڕۆژێ
ئەگەر هاتم بۆ دیدەنیت
لەوێ، لەو وڵاتەی ورشەی ئەزەل
پلپلەی تاریکایی زێربافت دەکات،
چیت بۆ بێنم؟
چەپکێ گوڵی حەوڕەنگی ڕێزمان،
یا شووشەگوڵاوی نیوەچڵی مێژووی نیشتمان؟
لەوێ، ئیتر، خەون بە ئازادیی گیاوە نابینی،
چاوەڕێی هەڵکردنی سروەیەک ناکەیت
بێت و مەستانە پەڕەی گوڵاڵە فێری چێژی مەرگ بکات.
دەزانم خاشخاشی بیرەوەریت
بە چراخانی شارستانێتی دەژاکا،
سێوی خەونەکانت
بە کزەبای بیروباوەڕە زبرەکانی ئەم جیهانە نوێیە
دەرووشا.
نیشتمان لەناو دڵتدا تۆوی بنجێ ڕەیحانەکێویلە بوو
لە باخچەکەی خواوە دوو چنگ خۆڵەسوورەت بۆ
دەهێنا،
لە خۆری ئەم سەدەیەوە باوەشێ تیشکی ڕەنگاوڕەنگ و

لە هەوری عەشقەوە تاوێ بارانی بۆندار.
لەوێ دەبیتە ئاشنای غەریبی و
لەگەڵ ئارەزووە خاکییەکانت ئاشت دەبیتەوە.
هەر برینێکی دڵ ئێستا چرایەکە، گەش و ورشەدار،
هەر ئەسرینێکی چاو چرۆیەکە بە نەمامی حەزەوە.
ئێستا، ئێتر، ئێرە و ئەوێ
دوو شاری یەکڕەنگن
لەسەر نەخشەی یادەوریی گەردوون،
دوو گەڕەکی هاوشێوە و هاوناون لە شاری شەفەقدا.
لێرەیش هەر عەشق
لەوێیش هەر عەشق.

بۆ نەهاتی؟
پێکەوە نەخشەیەکمان دادەنا
تا کەسێ نەتوانێ
بۆنی باروت و بۆنی مێخەک پێکەوە بەراورد بکات،
کەسێ نەوێرێ
پردەکانی سەدەی بیست و یەکەمیش بڕووخێنێ.
تا جارێکی تر، نە گەورە و نە بچووک،
کەسێ دەست نەبات هێشووی هاوارێکی هەورێشمین
لە ڕەمزی ڕاز بکاتەوە.

ئێوارەیەکی سێوڕەنگی چاوخەواڵوو بوو
دەنگی مەرگت شووشەی پەنجەرەکانی دڵمی هێنایە
لەرزین.
دەمزانی کەوتوویتە شوێن
هاوکێشەیەکی میتافیزیکیی بێڕەنگ و بێبۆن و بێناو
دەمزانی تازە ئێتر نایەیتەوە،
سەر نادەیتەوە
لە هاوڕێکانت، لە کەسوکار، لە دانیشتووانی ئەم
سەرزەوینە
چونکە هەموو، هەر هەموو، سەرلەبەری شتەکانی
خۆتت
بە جێ هێشتبوو:
زەردەخەنەی شەرمن، خۆشی و گەشەی کەنیشکانە،
دەفتەری ڕێزمان، بێهومێدیی جاروبار،
چەند پەیامێکی ئێلێکترۆنی و
تەمەنێک دەڵێی مرواریی‌یە بە گەردنی گەردوونەوە
دەلەرێتەوە
کە شنەبای بیرەوەری هەڵدەکات.

سۆلەنتونا ١٦-٨-٢٠٠٤

# بەندیخانە

عەبدوڵڵا پەشێو
(فینلاند)

باڵدارێک بووم
بەسەر دەریای فێدارەوە
سەوڵی باڵم لێدەدان و
سەرانسەرم بریندار بوو،
ئەنگێورا بوو...
ئەوەندەی چاو هەتەر بکا
سروشت هەمووی لەسەر پاشوو،
دەریا خجڵی کودەتا بوو.
لە پڕێکا،
دامڕوانی و تۆم بەدی کرد،
شاگەشکە بووم!
هەروام زانی دورگەیەکی بچکۆلانەی،
بۆ ئارامی و فەرامۆشیم داڵدە و لانەی...
کە نیشتمەوە تێگەیشتم:
تۆ داڵدەنیت،
شیرینترین بەندیخانەی!



# گمە چیاییەکان

هەندرێن
(سوێد)

بۆ: ئەو کۆترە کیژەی کە بەگمەکانی بەناو چیای تاراوگەم وەربوو



لە دەنگتەوە چیایەکان نزیکبوونەوە.
لەمدیو چرپەی ئێوارەی بێماڵیم.
بە لەرینەوەی شیعرت دەچێ:
هاتنت

* * *

بە دەستی تامگری هێوریت
جۆلانەی یادەوەریی ڕاژەنیم:
بۆنی کیژانەت

* * *

لە تەوتەمی خەونستانمدا.
نەرمتر لە شیعری تەنیم:
هەناریبیت.

* * *

ڕەنگاڵەیەک لە پرچتەوە هەڵدەفڕێ و
جەستەی تاراوگەش پەلکەزێڕینە دەپۆشێ.
کیژانە دەرژێتە گەروومەوە:
شەبەنگت.

* * *

بێدەنگیت ڕاڕاییم ڕامدەکا.
وێدەچێ کپی خۆت لە ڕۆحم چاندبێ؟
وەک چرپیەک لە تامی شەراب. دەمخواتەوە:
دێتە ناومەوە:
نەرمی تۆ.

* * *

بە نیگات ئێوارە شڵەژاو
چیایەک زەردەپەڕ دایپۆشی
لێک ڕامایین.

نزیکبوونەوەمان وەک سێبەر:
بەناو یەک ڕۆدەچن.
* * *
بۆ بەفر دوام. تۆم بەیاد هاتەوە.
ئەوە تۆی دەخزێیتە ئەمدیوی پێستمەوە؟
* * *
نیگارت نیگای دڵم خێدەکا.
تۆ تریفەی ناو شیعری:
بەناو خەونی ئەو چیایە پەنگخواردووەم:
دابڕژێ.
* * *
بە ڕامان لە ماوەی نێوانمان.
بەفری ترۆپکان توانەوەو
کیژێکی نێرگزە جاڕیش.
بەگمەی جووتە کۆترەکەی
لە کانی دڵی چیایەک ئالاوە.
ها ئەوە:
بناری یادەکان باڵدەگرن.
* * *
مانگ بە تریفەی سۆزییەوە.
چەند سەبوور
ڕاڕایی شوێن لەسەر تاراوگەی حوزنبار
دەنووسێتەوە.
هەر خۆشی. دەمنادەم. کە کات ناخی ڕادەچڵەکێنێ.
هاژەی زەریایەک دەچڕێ.
* * *
تاڤگەیەک لە نەوای (هەر کەسێ وتی من ئاشقم...)
بەسەر ئێوارەی تاراوگە فەوارە دەکا.
لەو دەمە، هەروەک لەشی ئاوێک بێ.
چرپەیەک لە دەنگت و
تەڕییەک لە مێینەییت دەڕژێتە ناومەوە.
دەبم بە زریانێک لە پروشک و
دەبێ بە رووبارێک لە خورپە.
مەمکە قومرییەکانیشت.
باڵەفڕێیانە لەناو لەپما.
ئەوەتا لەژێر ڕێژنەتا.
ڕەنگدەگرێ:
دەچکێ:
شەپۆلی ئەم دڵە!
* * *
بوولێڵ و ئاسۆی خەیاڵم،
باوەشییان لێکردووە.
دەمنادەم لە جەستەی خەوێکدا ڕێدەکەم
وەسوەسەی یادەکان.
زایەڵەی نامەکان.
شوێنەکاتێک دەنوێن. وەک ئەوەی سێبەری خۆت بێت و
بە سیحری گوڵناری گوندێکی بنار یادەورییت.
لە زمانی بێدەنگی هەڵدەفڕن.
* * *
بانگێک دەزرینگێتەوە لە زەینت:
(بەیانی وەک چۆلەکەیەک هەڵتدەستێنم.
لەگەڵ هەنار بنوو....)
سێبوورییەک لە شەوبا.
بێماڵی پەرێشانییەکان دەخوێنێتەوەو
فەرامۆشییەک جێگەکەت دەلاوێنێتەوە.
بەفر وەک گنگڵی کاتە لێکوونەکان.
بەناو ئامێزی درەختەکان
وڕێنە دەکا.
کۆترێک لەنێوان لێوەکانمدا دەگمێنێ و
لە بەیانییەکی لە خەوماودا.
لەسەر ڕانی کیژێکدا، خەون دەبینێ:
ئەم چیایە؟!
* * *
لە هیکرا دەنگم پڕ دەکەی لە کپی.
لە نیگاری شینی ناوت
لە گەرمی بێدەنگی
نەرمی پەیڤین و
سترانی هێوریت.
لێرەوە.
بە خۆم و ئێوارەوە:

له چاوەکانت گومڕا بووین.
*   *   *
له ڕەنگی کاغەز و
به چرپەی پۆله پەپوولەکان.
بۆنی پەنجەکانتی نووسیوه: هەڵگرتووه.
یان شەبەنگی له شته:
نامەکانی تۆ؟
*   *   *
کات لەم کاروانەدا.
کۆتاییەکی نییه.
مانگ لێره.
به دەنگێکی مەلوول
لەبەر خۆیەوه گۆرانی دەخوێنێ
بەفری سەر ڕەوەز و کانیلەیەکی هەڵکورماو.
دەبرسکێتەوه.
شوێنەکان دەورووژێن.
شوێنپێیکان چلووره دەگرن.
ئەوه تۆی:
به گمەکانت دەملاوێنیتەوه؟
*   *   *
گوڵناریی بەناو تاراوگه وەردەبی و
یادەکان
شوێنەکان
دەنگەکان.
ڕاڕایی دەتبینن.
له شەپۆلدانا.
به چرپەی جۆگەلەییەک له ژوانی بنار:
به بەژنی چیایەکدا دەنالێی.

٢٠٠٦/٢/٢٥
ستۆکهۆڵم

# بوەستە تارژەن بوەستە

کەریم دەشتی




ئەوەتا پەیکێکە دەبینم
ڕێ ڕێ بۆنی دەڕواو گوڵەپەمۆکان دەخاتە سەما
سەمایێ کە هەڵدەکا
ئاگرە دوورەکانی دڵمان گەش دەکاتەوە
سەمایێ کە خامۆش دەبێ
یادەوەریمان بیردەباتەوە
لەو سەرەوە کچێ خۆی و قاپە شەرابێکی هەنگوینی
کە تازە ئاسکێ چەند قومێکی لێدابوو
وەک شێت بەناو دەشتاییەکاندا دەسووڕایەوە
دەگەڕایەوە ئەشکەوتە دوورەکانی تەباری خۆی.
شەرابێ ئەوکاتە گوڵی مەستی دابوو
کە کچەکان لە ئورۆکەوە
لەبەردەم جوانیدا شل بووبوون
من ئەو دەمە لە باخێکی ئیرەمدا
فڕینم لە باڵی تاووس هێنابوو
بینینم لە چاوی قرژاڵ
خەمگینیم لە ڕوخساری مامزێ
کە لە بنارێکی قووڵەوە
دادی خۆی بەخوا دەسپێرێ
هەر لەو شوێنە
لەوێ کە سەدای تار دەمار دەمار
لە گیانی کەون دەگەڕا
بڕیارمدا ئەو نەوایە هەڵڕژاوانە کۆکەمەوە
باقەییێکی بدەم بە قوڵینگەکان..
بەدنیایدا بگێڕن
سینگ و مەمکی درەختەکان ئاشکرا بکەن
بڕیارمدا ئەو نەوایە کۆکەمەوە
باوەشێکی بدەم بە با
بەناو کۆڕەوی کچە جوانەکانی چیای دابەش کەم

ئەوان کە لە لێواری کاستێلیا
گوڵەشەبەقی خۆیان بۆن دەکەن
خۆیان بەڕۆنی تازە فەریکی جەنجەفیل چەور دەکرد
ئەی خودا ... با هەڵڕژێ ئەو نەوایە
کە لە ناو تەمتومانێکی زۆر دوور
دەمی هەموو کۆنەبرینەکانم دەکاتەوە
پیاوان دەباتەوە سەر زێیە دوورەکان
گەڕان بەدوای ئاوی جاویدانی
ژیان دەباتەوە مەیخانەو
مەلەکان دەگەڕێنێتەوە دارستان
مردووەکان هەڵدەسێنێتەوە
دوای پارچەیێ سەما دووبارە هەڵدەوەرێنەوە
ئەی خودا ... چەند لە شەوانی درێژی ڕۆح دەچێ
کە لە تاو ڕاڕایی ئەڤیندا جوانییەکانی خۆی ون دەکا
چەند لە داخی هەڵەکۆک دەچێ
کە لەژێر نواڵەی بەفردا
چاوەڕوانی بینینی جوانییەکان دەکا
هاوارم کرد.... ئەوکاتە غەرقی ئاتوونێکی
کۆنینەی موغەکان بووبووم
کە کوپەیان بۆ گۆڕی خۆیان دروست دەکرد
هاوارم دەکرد..
ئەی با ... ئەی با ئەوەندە بەلەز هەڵمەکە
با لەنێو خەمگینی ڕێ ڕێ سەرهەڵگرتووی ئەم نەوایەدا
نهێنییەکانی سەمای ئاگرین ون نەکەم
هێندە هاوارم کرد
هەتا بە ئاستەم چریکەم تێکەڵی
پەنجەی تارژەن بوو...
ئێستاش لەهەر شوێنێ درەخت چرۆ بکا
لە هەر شوێنێ قومە ئاوێ تێکەڵ بە بەژنی گیا ببێ
کە گوێم لە دەنگی تار دەبێ..
چریکەی خۆم دەناسمەوە
سەراپا ئەو جەستەو ڕۆحەم تارومار دەبێ..
خۆم دەبینم ورد ورد تێکەڵی خۆڵ دەبم
دەبمەوە خاکی سەرەڕێ
خۆم دەبینم هەموو فەسڵی دەرووباران
گیا لەسەرم شین دەبێ..

# چەپکە شیعرێکی فازیل ئەلعەزاوی

لە عەرەبییەوە: د. سەروەر عەبدوڵلا
(ئەڵمانیا)



سیسرکە

بەیانیەک وەک هەموو بوونەوەرێک
گریگۆری سامسا لە خەو هەڵسا و
سەری سوڕما لەوەی کە بووەتە سیسرکەیەک
بەڵام ئەو بیری لەوە کردەوە تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە
بە شێوەیەک
کەوا شەو بچێت بۆ ژووری کافکا و
تێکڕای ڕۆمانەکانی لە قەڵادا هەڵگڕێنێ
تووڕە مەبە ئەی سیسرکەکەی ماڵ ئەی گریگۆری
سامسا
هێشتا تەختێکی خەوتن ماوە بچیتە ژێریا
هێشتا ئەو کونانە ماون لەناویدا بژیت و
شەوانیش ئەو وردە شتانە لەناندینەکەدا بدزیت
دوا جاریش
نرخی چ بوو کەوا تۆ
گریگۆری سامسا بوویت؟
١٩٨٧

قومار باز

جیهان لەبەردەم خۆتدا لەسەر مێز دابنێ
قومار لەسەر یەک بە یەکی پارچەکانی بکە
یەکەم جار قومار لەسەر خۆر و مانگ بکە
ئەگەر دۆڕاندت
ئەوا ڕۆشنایی ئەستێرەکانت بۆ دەمێنێتەوە.
قومار لەسەر درەختی دارستان و باخەکان بکە
ئەگەر دۆڕاندت
ئەوا دوای ئەوان قومار لەسەر بیابان و دەریاکان بکە.
قومار لەسەر شار و گوند و شەقامەکان بکە

تۆ هەمیشە ئەشکەوتت خۆشویستووە!!
قومار لەسەر زێڕ و زیو بکە
خۆ دەتوانیت قاسەکانت پڕ بکەیت لە خۆڵیش.
قومار لەسەر خاوەندەکان بکە
ئەگەر دۆڕاندت ئەوا هەر هیچ نەبێت، شەیتانت بۆ دەمێنێتەوە
لە چاوەڕێتدا ئارامئامێز بەرامبەر بە ژوورە
پڕ دووکەڵەکەت دانیشتووە
پاشان یەکرکێف قومار لەسەر هەموو شتێک بکە!
چیت بە لاوە گرینگە ئەگەر ببەیتەوە یا بدۆڕێنیت کە
دەزانیت کەوا تۆ دووبارە و تا کۆتایی یاری دەکەیت.

## دوا نهێنی

هیچ مەودایەک نییە نێوان
جگەرە و پەنجە
ئەم دووکەڵە نەبێت
کە بەرەو کەللەما هەڵدەکا
ئا لەو شوێنەی ئەندازیارەکان دانیشتوون و
پرد لە بان پیریدا دروست دەکەن.
هیچ مەودایەک نییە لە نێوان
دۆنکیشۆت و باڵەبای ئاشەکان
سانشۆ پانسا نەبێت کە زۆربەی کاتەکانی خۆی
بە نووسینی شیعر
بەسەر دەبات
بۆ ئافرەتێک
پێی دەڵێن ژیان
هەندێ جاریش پێی دەڵێن مردن.

## سێوەکەی نیوتن

ئیسحاق نیوتن هەموو ژیانی خۆی
لە چاودێریکردنی دارەکانی باخچەکەی خۆیدا
بەسەر برد
تا جارێکیان بینی سێوێک دەکەوێتە خوارەوە و
ئەوکات زانی ئەو شتەی ئەوی بۆ زەمین بەکێش کرد،
ئەو یاسای کێشە نەبوو کە بە ڕێکەوت دۆزییەوە،
بەڵکو ئەو هیوایە بوو
کەوا سێوەکە بەرەو بەرزایی بکەوێتە خوارەوە

سەرچاوە:
دیوانە شیعرییەکانی شاعیر:
(١) پەپوولەیەک لە ڕێگەدایە بەرەو مردن.
(٢) لە کۆتایی هەموو گەشتەکاندا.
(٣) پیاوێک بەرد فڕێ دەداتە بیرەوە.
(٤) عارەب لەژێر ئاسمانێکی غەریبدا.

# قورینگەکان، ئەمساڵ تووڕە بوون

**فەرۆخ نیعمەتپوور**
**(دانیمارک)**



چەند ڕۆژێک لە بەهاری هەر ساڵ، ئاسمانی شارەکەمان دەبوو بە شوێنی پەڕینەوەی ئەو قازو قورینگانەی کە کەس نەیدەزانی لەکوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن. جاری وابوو بە ڕۆژ، بڵند بڵند لە دوو ڕیزی درێژدا بەبێ ئەوەی دەنگیان ببیسترێ، تێدەپەڕین جاری واش بوو بە شەو لە کاتی بارانێکی بە لێزمە و تاوتاودا. لە کاتی هەوا خۆشیدا نەغمەیان زوڵاڵ و ئاهەنگین دەهاتە گوێ. لەکاتی لێزمە و شەستەشدا دەنگیان هەراسناک هەڵدەگەڕاو دەبوو بەو دەنگە دابڕ دابڕ و پڕ لە دڵەڕاوکێیەی کە وای دەنواند لە یەکدی ونن و خەریکی بانگ کردنی یەکترن.

بێ گومان لەم کاتانەدا هەر کەس لەبەر خۆیەرە دەیپرسی کە بۆچی لە وەیشتوومەیەکی وادا ڕێ دەکەن؟ بەڵام کێ چووزانێ لە کاتی کۆچدا لەکوێ وەیشوومە لەسەر ڕێیە و لەکوێ لەسەر ڕێ نییە.

لەبیرم دێ لەوکاتەوە کۆچی قورینگە ئاشقی ئاسمانی کردم!

ئیتر هەمیشە سەرم هەڵدەبڕی، چ ئەوکاتەی خۆری هاوین چاویان دەبرژاند، یاخود زەردەی پاییز چاوی دەژاکاند، یان ئەو کاتانەی کە کلوی بەفری زستان چاویان دەتەزاند. سەرم هەڵدەبڕی و بیرم لەقورینگەکان دەکردەوە. بیر لەو ڕێگایانەی پیا دەڕۆیشتن، بیر لەو شوێنانەی کە ڕێگا دەیانگەیەنێ و بیر لە هەراسناکی و لەززەتی سەفەریان!

ئیتر لەو کاتەوە ئاسمان، ڕێگا و شوێنێکی نادیار، هەتا ئیستاشی پێوە بێت، منیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ

کردووە.

خانووکەمان لە گەڕەکێک بوو کە چەند پایگای گەورەی تێدا بوو. شەوانە بەچوار پایگاکاندا گڵۆپی گەورە و تەژی لە تیشک هەڵدەکران کە گەڕەک تەواو ڕوون دەبووەوە. دەبوو بە ڕۆژ! هەرکە ئێوارە دادەهات لەکاتی شێو بەولاوە ئیتر کەس هاتوچۆی نەدەکرد. گەڕەک کپ و بێ دەنگ دەبوو. لەبیرم دێ لە یەکێک لە شەوەکانی بەهاری ئەم گەڕەکە پڕ لە گڵۆپەدا، لە گەرمەی گرمەی هەور و لرفەی باران، درەنگان لەکاتێکدا کە لە مێژ بوو چووبوومە ناو جێگا و خەوم لێ نەکەوتبوو، لە پڕ دەنگی قاز و قورینگ هاتە گوێم. سەرەتا نەموێرا لە جێگاکەم بێمە دەرەوە و بچمە بەر پەنجەرەکە. دایکم دەیگوت بە شەو قەت پەردەکان لامەدەن، چونکە ئەوان لە پشت ئەو گڵۆپە بە هێزانەوە دەمانبینن، ئەوسا دێن و دەمانگرن! ئەوان کێن؟ کەمێک ئەو بارەو بارم کرد. دەنگی قاز و قورینگەکان تا دەهات زیادی دەکرد و ئاڵۆزتر دەبوو. هەستم دەکرد جۆرێک لە گریان، لە پاڕانەوە، لە داوای یارمەتی لە جامی دەنگیاندا سەرڕێژ دەبێ. ئەشقی ئاسمان و عادەتی سەرهەڵبڕین بانگیان لێدەکردم! بچم نەچم؟ دەمزانی گەر بچم حەتمەن دەیانبینم. بە ئارامی لێفەکەم لادا. دەنگی هەناسەی خەوی قووڵی خێزان ناو ماڵەکەی تەنیبوو. بە ئەسپایی هەستام. چوومە بەر پەنجەرەکە. گۆشەیەکی پەردەکەم گرت و زۆر لەسەرەخۆ، بە ئاستەم هەڵمدایەوە، تیشکێکی بەهێز لە چاوی دام. دوای کەمێک، لەپاش ڕاهاتنی چاوم لە حەوشەکەم ڕووانی. ئا! لەوێ قورینگەیەکی لێ بوو، کە جار جارە باڵی دەکوتا و زۆر بە ترسەوە لە دەوری خۆی دەڕوانی. چەند جوان بوو! کۆچ لەوێ بوو، لە حەوشەکەمان! ئیتر پەردەکەم هەڵدایەوە و مەحوی هەنگاوە وردیلەکانی بووم. قورینگەیەکی سپی. سپیتر لە تیشکی گڵۆپەکان. هەناسە سوار. لەشێکی لەرزۆک و سرک، نیگا هەراسان. هەستم دەکرد کە ئاگای لە منیشە. مەودای نێوانمان یەکجار نزیک بوو. سبەی، ئا سبەی دەچم دەیهێنمە ژوورەوە. لەبیرم نایەت چۆن و کەی خەوم لێ کەوت و قورینگەکەش چۆن و کەی ڕۆیشت بۆ سبەی لەسەر سفرەی بەیانی باوکم و دایکم باسی قارە قاری دوێ شەوی قاز و قورینگەکانیان بوو. باوکم گوتی: «ئاخۆ چەندیان لێ گیراوە! ئەمڕۆ ڕۆژی خواردنی گۆشتی قازو قورینگەیە!». تەزوویەک و بە لەشما گەڕا. دایکم ڕووی تێکردم و گوتی: «ئیتر بەشەو لای خۆمەوە بخەوە!

قورینگەکە لەوێ لە حەوشەکەمان نەمابوو، بەڵام من هەمیشە لەوێ دەمدیت!

هەموو ڕۆژێک، من و جانتا و قوتابخانە. بۆ ئەوەی ئەوەندە لە ئاسمان نەڕوانم، مامۆستا شوێنەکەمی گۆڕیبوو. منداڵەکان گاڵتەیان پێ دەکردم و پێیان دەگوتم: «چاو لە حەوا!».. «چاو لە حەوا دێی بۆ کایە؟.. چاو لە حەوا ئێوارە لە ماڵەوە دەبی؟... چاو لە حەوا..؟» بەڵام من نە تەنیا پێم ناخۆش نەبوو، بەڵکو خێرا سەرم هەڵدەبڕی و جارێکی تر سەیری ئاسمانم دەکردەوە.. «ئاخ! تۆ بڵێی کەی باڵندە کۆچەرییەکان بێنەوە؟» هاوڕێکانم لە قاقای پێکەنینیان دەداو دەستیان دەکردەوە بە یاری کردن. ئەو ساڵە چوار تەژدیدم هێنا. دایکم هەر چۆنێک بێت بەری بە لێدانم گرت. باوکم دەیگوراند و دەیگوت: «مامۆستاکەی دەڵێ خەتای ئاسمانە!»

ئەوەندە لە پاییز تێنەپەڕیبوو، دەمزانی بەرە بەری وەرزی هاتوچۆ و گوزەری قورینگەکانە، هەستێکی هەڵچوو سەرتاپامی داگرتبوو. ئۆقرەم نەدەگرت. خەمی ئەوەم بوو کە بە شەودا تێپەڕن و گڵۆپە پڕ تیشکەکان نەهێڵن بیانبینم. ئاخ، چ دەبوو گەر بە ڕۆژ تێپەڕیبان! بە تایبەت ئێواران، کاتێک کە هەتاو چاو ئازار نادا! لە عەسر بەدواوە بۆ ئەوەی بەختی دیتنی باڵندە کۆچەرەکانم لە کیس نەچێ وازم لە کایە دەهێناو دەچوومە سەربانی. لەوێوە چەند جوان ئاسمان دیار بوو. ئاسمانی پان و بەرین و گەشی پاییزان، بە هەورە دوورە دەستەکانییەوە.

ڕۆژێکیان، لە کاتێکدا کە هێشتا نەچووبوومە سەربان، دایکم بانگی لێ کردم. وتی دەبێ بچم بۆ بازار. دەبا هەندێک کەلوپەل بکڕم، ڕۆیشتم. لە کوچە و کۆڵانە و تەنگ و بالاکورتەکانەوە تێپەڕیم، بەڵام دەرفەتی ڕوانینی ئاسمانیان لێ نەدەسەندم! گەیشتمە شەقامی سەرەکی شار. شەقامێکی قەرەباڵغ. هات و چۆی بەردەوام. وڕەی ئۆتۆمبێل و ویزەی مۆتۆرسیکێل. ئەو منداڵە دووکاندارانەی کە لە هەموو کەسێکیان دەڕوانی. لە دوکانێک لامدا. خەریکی شت کڕین بووم کە زنازنایەک گەیشتە گوێم. سەیری دەرەوەم کرد.

حەشیمەتێکی زۆر بە شەقامەکەدا دادەگەڕان، خۆ پیشاندان بوو. ڕیزەکان لە یەک جودا دەکرانەوە: بەرپرسە حکوومییەکان، سەرباز، مووچە خۆری دەوڵەتی، مامۆستا و قوتابی، و... ڕاوەستام، کەمێک سەیرم کردن. دروشمە بێ کۆتاییەکان! کە لە دوکانەکە هاتمە دەرەوە، ڕیزی خۆپیشاندەران خەریک بوو دوور دەکەوتەوە. وەک مارێک ڕادەخۆشاو خۆی بزر دەکرد. دایکم جارێکیان گوتی: «هەندێک جار باڵندە گۆشت خۆرەکان، ماریش ڕاو دەکەن». لێم پرسی: «قازو قورینگە ماریش دەخۆن؟» دایکم ڕاما. ئەوسا گوتی: «بیستوومە ماسی دەخۆن، بەڵام ڕەنگە گەر ماریشیان دەست کەوێ بیخۆن، بەتایبەت ماری ئاوی!»

لە دوکانەکە هاتمە دەرەوە. سەرم هەڵبڕی و سەیری ئاسمانم کردەوە. چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبوومەوە کە نەفەرێک بە تانەوە گوتی: «ئەوەندە سەیری ئاسمان دەکا تا عاقیبەت ڕیقنەیەک ناوچاوی ماچ دەکا! بیرم کردەوە: «ڕیقنەی باڵندە کۆچەرییەکان!»».

هەنگاوم خێراتر کرد، بەڵام ڕاوەستام. لەبەرخۆیەوە گوتم: «با بۆ دواجار تا دەگەمە ناو کۆڵانەکان، لێرەوە جارێکی تر سەیری ئاسمان بکەمەوە، نەکا قورینگەکان ئێستا تێپەڕن!» سەرم هەڵبڕی. چی؟... ئا!.. ئەوەتا! دوو قورینگەم بینی. بەرز بەرز وەک پەڵەیەکی بچووک، بەڵام بە شوێن یەکتریدا. چەند ڕێک دەڕۆیشتن! بۆ یەکجار ئەوەندە بەرز؟.. ئەویش تەنیا دووان؟ بێگومان ئەوانی تر لە دواوەن. سەیری دواوەیانم کرد. بڕێک واوەتر.. بەڵام نا! چاوم ڕێشکە و پێشکەی دەکرد. هیچی تری لێ نەبوو. بێ گومان ئەمانە یان زۆر دواکەوتوون، یان زۆر لە پێشەوەن، لەبەرخۆمەوە گوتم باشترە بچمە ناو کۆڵانەکەوە. هەنگاوم هەڵگرت. ئاوڕێکم دایەوە و سەیری کلکی ڕەشماری خۆپیشاندەرانم کرد. نازانم بۆ. گوێم لێ بوو یەکێک، نازانم کێ، گوتی: «ئەو هەتیوە چاوی لە هەموو شوێنێکە، لەبەر پێی خۆی نەبێ!» هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوومە سەر کۆڵانەکە، کە دەنگی هاشەیەکی بە سام هەموو لەشی تەنیم. ڕاوەستام. سەرم هەڵبڕی. حەح! قورینگەکان چەند نزیک بوون. نزیک و گەورە و تووڕە. ئەی کوا دەنگی زۆڵاڵیان؟ یان ڕەنگە هەر لە دوورەوە دەنگیان خۆش بێ! قورینگە گەورە و بە سامەکان بەسەر شەقامەکەدا داگەڕان. زۆر بە پەلە داگەڕان، بیرم کردەوە قورینگەی ئەو شەوەی ناو حەوشەکەمان لەچاو ئەمانە زۆر بچوک بوو. بێ گومان هەر کە گەیشتنمە ماڵەوە پرسیاری ئەمە لە باوکم.. نا لە دایکم دەکەم. کتوپڕ دەنگی قورینگە نەرم و گەورەکان وای لێهات کە سەرتاپای لەشیان گوشیم. وەها کە هەستم بە خۆم نەدەکرد. بەرگەم نەگرت، بچووک بوومەوە. بچووک بچووک. وەک ئەو شەوەی پشت پەنجەرەکە. شەقام ئێستا ببوو بەو گلۆپە پڕ تیشک و بەهێزانەی کە نەیاندەهێشت هیچ ببینرێ. ڕوون ڕوون. ڕوونتر، لە دەوروبەری پایگاکان. ڕوونێک، وەک ڕوونیی ناو ئاگر. بینیم کە ڕیزی خۆپیشاندەران لەناو گلۆپەکاندا ون دەبوو. بینیم کە تیشکەکان دەیانفڕێنن. باڵیان دەگرت و وەک باڵندە کۆچەرییەکان دەیانقیراند. ئەوسا گلۆپەکان سوور و ڕەش هەڵگەڕان. سوور سوور. ڕەش ڕەش. شەقام تاریک تاریک، وەک شەوێکی ئەنگوستە چاو، وەک چاوی قورینگەی ئەو شەوەی ناو حەوشەکەمان. شەقام، نوقمی تۆزێکی خەست، خەست، خەست!

**٢٠٠٦/٥/٢٠**



# تابووت

**کاوه محەمەد ڕۆستەم**
**(سلێمانی)**

باران بەردەوام دەباری جار جارەش خۆر لەو دیوی هەورەکانەوە دزەی دەکرد و دەیویست تارمایی ئەو هەورە سەختانەی کە باوەشیان بەیەکدا کردبوو دڕ پێبدات و بە تەواوی خۆی دەربخات، بەڵام هەروەک دژایەتی و کێبڕکێی ناو مرۆڤەکان، هەورەکان بە پەلە ئەو بۆشاییەیان پڕ دەکردەوە و جارێکی تر پڕشنگەکانی ئەو خۆرە بەزەردی و لاوازی لەودیوی هەورەکانەوە خۆیان حەشاردەدایەوە، ئەم چاوشارکێیە لە زستاندا و هەتا هاتنی وەرزی بەهار بەردەوام دەبوو بە هاتنی مانگی مایس، ئیتر ئاسمان ساماڵ دەبوو و لێرەو لەوێ پچڕ پچڕ هەور دەردەکەوتن، بەڵام نەیاندەتوانی خۆر لە هەناوی خۆیاندا بشارنەوە، بەهاتنی وەرزی بەهار، هەموو ساڵێک دەشت و دەر بەرگی سەوزی دەپۆشی وەک فەرشێکی دەستی سروشت بەناو دۆڵ و دەشت و دەرو چیاکاندا خۆی نمایش دەکات و سەرنجی سەیرانچیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، گوڵی زەردو سوور لەسەر سینەی خۆی وەک نەخشێکی ناوازە دەردەخات ئەمە جگە لەو بۆن و بەرامەیەی کە لە گوڵەکانەوە تێکەڵ بە هەوای دەبێت. لەم وەرزەدا زوو زوو پیاسەی قەراغ شار و سەیرانگاکانت دەکرد و هەردەم ئەوەت دەوت «بەهار کاتی خوێن جمانە، بۆیە چوونە بەر هەتاو و دەرو دەشت شتێکی باشە بۆ لاشەی مرۆڤ» ئەمە بۆ تۆ بوو بووە نەریتێکی ساڵانە، هەتا لە عەسرێکی درەنگی یەکێک لە گەشتەکانتدا بەهۆی سەرقاڵ بوون بە گۆڕینی تایەی ئوتومبێلەکەت کە پەنچەر بوو بوو، شتێک لە ژێر ئوتومبێلەکەتدا سەرنجی ڕاکێشایت! سەیرت کرد پاندانێکی زۆر جوان بوو. لە ماڵەوە بەهۆی سەرقاڵێت بە خوێندن و نووسینەوە ئاگات لە تێپەڕینی کات نەبوو

کە پاندانەکە لە نووسین کەوت، هەر چیت کرد نەینووسی، بۆیە لەبەر بێتاقەتی و ماندوویی خۆت کێشات بە دیوارەکەدا و بوو بە سێ پارچە، کاتی ئەوەش نەما بوو بچیتە دەر بۆ کڕینی پێنووسێک، خۆت هەڵدایە سەر قەرەوێڵەکەت و لەگژ بیران ڕاچوویت سات بۆسات گێژتر دەبووی و جەستەت تەواو شل دەبوو- من هۆکاری دیاریکردنی چارەنووسی زۆر کەس بووم- ئەم دەنگە لە کوێوە هات هەر خۆمم لێرە. هەرچی سەرنجت دا کەسی تری لێ نەبوو- لەگەڵ تۆمە؟- تۆ کێی؟- ئەو پێنووسەی کە شکاندت «لە کەیوە پێنووس قسە دەکات» ئەمەت لەبەر خۆتەوە وت و هەستای پارچەکانت کۆکردەوە و لەسەر مێزەکە داتنان «چەند کەست ناسیوە؟»- سەرەتا من کرامە دیاری بۆ کەسێک کە هەرگیز کارێکی باشەی پێ نەکردم، ستەمکارێکی بەعسی بوو، زۆرم خەفەت و ئازار خوارد، بەڵام دەسەڵاتم نەبوو- چی زۆر ئازاری دایت؟- جارێک هاتنە لای بۆ بەردانی کەسێکی بێ تاوان بەهۆی کەسێکی نزیکیەوە کە ڕۆڵی دەلالی دەبینی، توانی پارەیەکی باش لە کەسوکاری بەند کراوەکە وەرگرێ، بەڵام جگە لە پارە کیژێکی جوانی ٢٢ساڵی کە خزمی خۆی بوو بەدیاری بۆ هێنابوو هەر چەندە ئەو نەیزانی بوو بۆ ئەو مەبەستەیە، دەمێک بوو پەیمانی بەو کچە داو کە دایبمەزرێنی بەو ناوەوە هێنابووی، بەڵام بە هیلاکیان برد، پاشان بۆ هێور کردنەوەی کچەکە پەیمانی پێدا کە بیهێنێ هەتا کەسوکارەکەی زانیان کچەکەیان سکی پڕە بۆ سڕینەوەی ئابڕووی ئەتککراوی بنەماڵەکە زوو بەزوو ژێر گڵیان دا- هەر لای ئەو مایتەوە؟- نەخێر دوای هەڵهاتنی خۆری ئازادی و ڕەوینەوەی ئەو دێوەزمەیە، ئەو ناپاکە لە ژوورەکەی خۆیدا بە دەست کەسانی دڵ لە قین بەلەقە کوژرا، منیش کەوتمە دەست فەرمانبەرێک هەرچەندە خوێنڕێژ نەبوو، بەڵام زۆر ماندووی کردم زۆر ئارەزووی سەغڵەت کردنی هاووڵاتیان بوو، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە پیر بوایە یا کەم ئەندام بوایە گاڵتەی پێ دەکرد، داخەکەم لەناو ئەو کەسە چاکانەدا کردیانە بەڕێوەبەر، زۆر خەفەتم بۆ کەیوان خوارد.. بێدەنگی ئەو دەوروبەرەی داگرت «کەیوان.. ئەم ناوەم بیستووە!.. زۆر لەسەرخۆ نیم منداڵێکی ژیکەڵەی جوان بوو لە دوای نەمانی باوکی کاری بوو بووە بۆیاخ کردنی قۆندەرەی خەڵکی، لە ناویاندا قۆندەرەی ئەو ناکەس بەچەیە، ئەمە هەمووی تاوانی جەنگ و داگیرکارییە... شەڕمان نەدەویست، بەڵام بەرۆکیان گرتین! ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەندە خێرو فەڕی هەبوو تەنانەت قەدی درەختەکان دروستکەری ژیان بوون، گەڵاکانیش دەبوون بە بەرد وەک باران بەسەر دانیشتوان و ڕێبواراندا دەبارین، قەدەکانیان لە ساڵانی بێ ئاویدا دەبوونە کانی و لە بنکیاندا چەمێک ئاو دەتەقی و ئاوەدانییان بەرپا دەکرد، لاسکی گوڵە گەنمەکان چەندین گوڵیان بەیەکەوە دەگرت لەبەر قورسی و گەورەیی دەنکەکانیان سەریان شۆڕ دەکردەوە بەسەر زەویدا، سمۆرەکانی ئەم دەڤەرە گەورە و گۆشتن بوون، کەسێک نەیزانیبا سمۆرە چۆنە کە دەی دیت، دەیوت ئەوانە گیسکن هێندە قەڵەو و خرت بووت.... خەجێ خان کە دراوسێمان بوو زۆر جار دەیوت «کاتی خۆی ئێمە لە ساڵانی خۆشدا لە پێستەی ئەو سمۆرانە کاڵەمان دروست دەکرد بۆ لە پێکردن و گۆشتەکەیمان دەکرد بە قاورمە و لە زستاندا و لەکاتی بەفربارینداا دەمانخوارد. «کەسێک خۆی کرد بە ژوورەکەتدا کە سەرت هەڵبڕی «ئای دایە گیان ئەوە چی دەکەیت لێرە ئێمە تۆمان نەناشت» «وایە کوڕم، بەڵام من خەمی منداڵێک کە نازانم چی بەسەرهات ناهێڵێ پشوو بدەم.... دایکت

بە حەسرەتەوە چووە لای پەنجەرەکە و سەرنجی دیمەنی ئەو بارانەی دا کە بەخوڕ دەباری. مام پیرۆت؟ «لە وەڵامدا وتی» کار وکاسبیم نەماوە و دەڵێن تاعوون بەڕێوەیە» - چۆن دەزانی؟- جەنگ هەڵگیرسا ئێوە لە گوێی چیدا خەوتوون.....! جەنگ بەهاری وڵات دەبا و گەنجەکانتان دەسووتێنێ و گوڵاڵەکان سیس و وشک دەکات و جوانی دەژاکێنێ و ئیتر بۆنی خۆشی گوڵەکان نامێنێ و ژنەکانتان نەزۆک دەبن، نەوەکانتان بێ لانەو سابات دەبن تەنانەت ئاژەڵەکانتان هەر گیا دەخۆن و کاوێژ دەکەن وەک خۆی دایدەنێننەوە، شیریان نابێ و وشک دەکەن. وشک. وشک کوڕم! مام پیرۆت ڕاستی کرد وشک.... وشک، تەڕاییان نەما و گیای ناو پاوانەکانیش کەم بوونەوە و بەشی ئاژەڵەکانی نەدەکرد، زۆر گاڵتەمان پێ کرد هەتا زیاتر وتی: وا دەزانن ئەو تاعوونە دەهێڵێ کوڕەزاکانتان ببینن... نا هەرگیز ئەو هەر شوومی و نەهامەتی دەچێنێ، ئیتر ئەم وڵاتە سیمای تابووت دەگرێ و هەموو شتێک دەچێتە شێوە و ڕەنگی تابووتەوە.. تابووت.. تابووت لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە هێلانەی حاجی لەق لەقێک کە لەسەر دارتێلەکە دروستی کردبوو دیار بوو کە باڵەکانی کردەوە و دووجار دایەوە بەیەکدا و بەرەو شوێنێکی نادیار فڕی، کوڕم زۆرێک لەوانەی لەوێبوون وەک حاجی عەباس وتیان «کوڕە وانییە.... تۆ خڵەفاوی.... بەڵام وابوو قوتابیەکان

لەسەر تەختە ڕەشەکان وێنەی جەنگیان دەکێشاو هەقایەتی جەنگ و بەرەکانی شەڕیان دەبیست مێشکیان بە باسی خوێن و کوشتارو سەربڕین و تالآنکردن ڕاهاتبوو، ئەوان لەم باس و خواسەدا بوون کە تەرمی باوکی منداڵە بۆیاخچییەکە هاتەوە.... قەڵەمەکە لەو دەمەدا وتی: ئەها.. تۆش ئەوت ئەناسی... منیش هەر ئەوم دەوت ئەو منداڵەی بەهاتنی سپێدەی بەیان لەبەردەم فەرمانگەکەدا دادەنیشت و پێلاوی بۆیاخ دەکرد، بەردەوام جلی بە بۆیاخ و دەست پەنجەی بۆیاخاوی بوو ئەو پێلاوانەی بۆیاخ دەکرد کە خاوەنەکانیان زۆر بێ نرخانە سەیریان دەکرد، هەندێک بە قەرز بۆیاخیان لا دەکرد و پاشان پارەکەیان نە دەدایێ و گاڵتەشیان پێ دەکرد. ئەو منداڵە کە تەرمی باوکی دی وتی: کوا پەپوولەکان؟ ئەوانەی لەوێ بوون سەرسام مان و وتیان: پەپوولەی چی! ئەم شەو باوکم دی پەپوولەیەکی زۆری تێ ئالآبوو باوکیشم لەناویاندا چاوی دەبریسکایەوە و بەپێکەنینەوە پێی وتم: کوڕم کەیوان ئەمانە ناهێڵن گوللەم بەرکەوێ و دەمپارێزن و دەڵێن هەتا بەهەشت ڕات ناگرین منیش بڕیارم داوە بچم لەگەڵیان، هاوارم کرد بابە منیش دێم بەجێم مەهێڵە، بەڵام فریای نەکەوتم ئەو هەر وەک تیشکی خۆر دەڕۆیشت... لە دوا چرکەی ماڵئاواییدا باوکی لە کفنێکی سپی ئالآ بوو، چووە لایەوە دانیشت و سەری خستە سەر سنگی و بۆنی پێوە دەکرد و ماچی دەکرد، ویستیان دووری خەنەوە، بەڵام بواری نەدان و لەوەش زیاتر دەستی برد کفنەکەی سەردەم و چاوی لادا.... دیمەنێکی سەیر بوو هەزاران پەپوولەی جوان لەو کفنە سپییە پاکەوە بەرەو ئاسمان هەڵفڕین کە سەرنجی دا هێشتا باوکی بۆیان پێ دەکەنێ... کە سەیری دەم ستارەکەی کرد، باوکی هێشتا لەسەر کورسییەکە دانیشتووە و گۆڤارێکی بە دەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە..... «بابە ئەوە چییە؟» «ئەوە لە ژیان دەدوێ» من ژیان ناناسم» ناهەقت نییە، چونکە ژیان سەری خۆی هەڵگرت و ئەم وڵاتەی بەجێ هێشت، چونکە دڕندەکان تۆراندیان «ئەی ئەو دوو پیاوە نامۆیە کێ بوون هاتنە لات» ئەوانە دەیانەوێ ژیان ئاشت بکەنەوە... هاتن منش بچم لەگەڵیان «بابە منیش دێم» نا تۆ منداڵی لای دایکت بە کە ویستی کفنەکە داداتەوە دوا پەپوولە فڕی... «بابە گیان منداڵ نیم مەڕۆ منیش دێم ببە لەگەڵ خۆت دڕندەکان زۆرن» لەو کاتەی چوومە گیرفانی ئەو خوێنڕێژەوە باڵندەیەکم نەدی گۆرانی بچڕێ... دایکت هاتە پەنات و دەستی خستە سەر شانت «کوڕم ساڵانی زوو پەڕەسێلکە و ڕیشۆڵە لەم وڵاتە زۆر بوون» مام پیرۆت ڕاستی کرد کە تاعوون هات ئەوانیش ڕەویان کرد و لێرە نەمان، ساڵانی هەرزانی ئەوەندە پەڕەسێلکە هەبوون سەر دارتێلەکان و درەختەکانیان پڕ دەکرد، کەس نەیزانی ئەوان چیان بەسەرهات و بۆ نەمان سەیر لەوەدا بوو شەوگارێکی کەسکوون و بەردەوام دەستی پێکرد بە دوای خۆیدا تۆفان و ڕەشەبا و کرێوەی هێنا، کە شوێنەواری ژیانی هەنگاو بە هەنگاو و چرکە بە چرکە دەسڕیەوە تەنانەت کاتی ژەمەکانمان بۆ جیا نەدەکرایەوە و نەماندەزانی چەندی مانگە و چۆن بەروار بزانین، نەماندەزانی کەی بەهارە و کەی هاوینە، گوڵی ناو ئینجانەکان هەستیان بە نامۆیی دەکرد وایان دەزانی لە جێگەیەکی نامۆدا دەژین.... کاریگەری غوربەت لە گەڵا سیس و قەدە باریکەکەیانەوە شوێنەواری بە دی دەکرا..... وەرزەکان وەک ئێستا نەبوون کەس نەیدەزانی بەهار کەی دێت و هاوین چۆن دەردەکەوێت ئەو تاعوونە کاریگەری هەبوو لەسەر وەرزەکان کە گوڵ دەڕوا وامان دەزانی بەهارە کەچی دەبووە بەستەڵەک و زستانێکی دوورو درێژ تەنانەت وەرزەکان لەسێ مانگەوە دەبوونە شەش مانگ، پایز هەبوو کە بارانمان نەدەدی و هەر وامان دەزانی هاوینە و هێشتا پایز نەهاتووە.... تۆش لەو نێوانەدا ئەبلەق بوو بوویت «تۆ بڵێی منیش زیندووبم لەوانەیە مردبم و بەخۆم نەزانیبێ» هەر زوو دایکت دەرکی بەمە کرد «نا تۆ زیندووی، بەڵام زیندووەکان کەمێک نەبێت هەموویان مردوون، چونکە ڕەفتاریان مردووانەیە و هەردەم خەریکی ئازاردانی یەکترین، بۆیە مردووەکان باشترن لە ئێوە لەبەر تاعوون ڕەومان کرد، بەڵام هەر دەهات و تا دەهات زیاتر دەبوو، بۆیە چووینە سەر شوێنە بەرزەکان، بەڵام هەندێ جار بۆ ئاوگرتن دەهاتینە سەر کانیاوەکان، کەچی ناحەزان ئەوانەشیان ژەهر خوارد کرد بوو، چاوی ئەوانەشیان کوێر کردبوو تا لەوێشدا ژیان سەربڕن و نەهێڵن جارێکی تر ببووژێتەوە. تۆ ئاگات لە دایکت نەما» دوای نەمانی باوکم، دایکم خەمێکی گەورەی کەوتە کۆڵ و هەردەم ڕەشپۆش بوو، کۆمەڵگا خستبوویە ژێر خەمکی گەورەوە ویستیان بیدەن بەشوو، بەڵام ئەو چۆکی دانەدا و بەر بەرەکانی کرد و ڕازی نەبوو، ئەوانیش پشتیان تێ کرد و ناچار لە هۆدەو هەیوانێکی کرێدا بە بێوەژنی منداڵەکانی گەورە کرد.. وام دەزانی هەر دایکی من کەوتۆتە ژێر باری ستەم و چەوسانەوە بەرۆکی گرتووە و بەری نادا، بەڵام ژنێکی زۆر بێوەژن کەوتن بێ سەرپەرشت و بێ

هاودەم و بێ نازکەوتنە دەم ڕەشەبای ڕۆژگار، کۆمەڵگاش بە ویستی خۆی بەم لاو ئەولای دا ئەدان، کەمێکی کەم بەرەنگاری ئەو ستەمە بوونەوە و زەلیلیان پێ ڕەوا نەبوو، بەڵام زۆرێکیان چلکاوی دەستی گەورەکانیان بەسەردا شۆرا و بەوپەڕی نابووتییەوە دەژیان، چ ڕۆژگارێکی سەختە... بەسەر دایکتدا قیژاندت تۆ سەرباری ئەو هەموو ئازارە چ خەمێکی ترت لە کۆڵ ناوە واهاتووی بۆ لام.. دایکت دەستی گرتیت و بەرەو شوێنێکی نادیاری بردیت... «سەرنج بدە چی دەبینی لەناو ئەو بەستەڵەکەدا... لەناو بەستەڵەکێکی سەختدا لاشەی ژنێکی تێدا بوو کە دوو منداڵی لەگەڵدا بوون و هەرسێکیان لە سێ فریشتەی پاکی بەیانیان دەچوون کە لەگەڵ هاتنی سپێدەدا خۆیان دەردەخەن ژنەکە چارشێوەکەی خۆی دابوو بەسەر منداڵە بچووکەکەیدا هەتا لەسەرما بیپارێزێ، بەڵام بێ سوود هەر سێکیان بەدوای یەکدا سەفەری پەری ئاسایان کردبوو تۆش بەبێ تاقەتییەوە وتت «دایە ئەمە چییە؟» کوڕم کە ڕزگارمان بوو زۆر لە دوای هەواڵی ئەم ژن و دوو منداڵە گەڕام، بەڵام بێ سوود بوو، کە گەشتی ڕۆحم دەستی پێکرد، ئەوسا زانیم ئەوان لای ئێوە نەماون، باوکی ئەو دوو منداڵە یەکێک لە پاڵەوانانی ئەو گەلەیە، بەڵام داخەکەم بە خیانەت شەهیدیان کرد.... هەستت کرد دایکت بەبێ دەنگ و بێ خوا حافیزی بەجێت ئەهێڵێ، تۆش بەناو بەفرەکەدا ڕات ئەکرد، ئەتویست بیگەیتێ» دایە... بۆ کوێ بەجێم دێڵی.. دایکت ئاوڕی لێ ئەدایتەوە و هەر پێ ئەکەنی.. تۆش وات هەست ئەکرد خەریکە ئەخنکێی بە هەموو توانات پەلت ئەهاویشت بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت، وەختێکت زانی لەسەر قەرەوێڵەکە کەوتیتە سەر زەویەکە، کە چاوت کردەوە هەموو گیانت شەلاڵی عەرەق بوو بوو، هەستت بە ماندووییەکی زۆر دەکرد بەو جۆرەی کەسێک لە گەشتێکی دوور گەڕابێتەوە، هەر چۆن بوو پەلت کوتا و بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتی بارانێکی بەخوڕی بەهاری کوڵان و سەر جادەکەی تەڕ کرد بوو، سەر شەقامەکە باراناوێکی زۆری پیادا دەڕۆیشت، تیشکی خۆرەکە لەناو چاوت دەچەقی، سەیرت کرد لە بن تووی سەر جادەکەدا کەیوان دانیشتووە و کەپرێکی بە نایلۆن بۆ خۆی دروست کردووە و خەریکی بۆیاخ کردنە...

# مردن و ژیان له ژوورێکدا

**پەیوەند عومەر**
**(ڕانیە)**



کات شەوە/ شوێن ژوورە بچکۆلانەکەی خۆم، تەنیا تەنیا وێنەی پەرەسێلکەیەکی خووساو وبێدەنگ وەک هەیبەتی پەیکەرێکی کەوتوو- ئێستاکە شتی مرۆڤەکان هەریەکە لە کەنار قەدەری خۆیدا لەنگەری گرتووەو (صەول)ی گەڕانی بۆسەری ڕاخستووە، بوون یەک پارچە بێدەنگ لە خرپەی خۆیدا ون بووە.

مەیلی خۆم نەبوو تیترواسکەکانی ڕۆح لەگەڕاندا ون بوون و نەهاتنەوە، چاوەکانم لە هێلانەی پێڵووەکان تۆران و جەستەش زەڕنەقووتەیەکی برسی لە میهری ئەوان دەگەڕێت، هێوری بکاتە دەمیەوە، بەختی خۆمە کە شتیەکەم کە نارێک نادۆزێتەوە لەنگەری دڵنیابوونی تێدابگرێت.

سنووری ئەم دەریای ونبوونە چەند بەڵایە جەمسەرەکانی لەتاریکیدا نقوم بوون.

ئەم شەو/ لە عەزرەت ون بوونی خۆمدا لەبیابانەکانی (فەنا)دا دەتلێمەوە، دەبێ لەم حوزنەدا سەرم جێ بهێڵم و بەدوای نهێنیەکانی تاریکیدا بگەڕێم.

ئەم ژوورە چۆڵە بۆنی مردنی خۆمی لێدی، تەنیایی ئەم شەو دەمکوژێ و لاشەکەم دەم لە شەپۆلی دوایین نهێنی خۆی دەدات، بەشدارم لە ناشتنی خۆم. ئەو لافیتە ڕەشەی نووسراوە (ئەو کابرایەی سەری خۆی ونکردبوو، سبەینێ لە ژوورەکەی خۆیدا یەکەم ڕۆژی پرسەکەیەتی) من.. خۆم هەڵم واسی.

دەمەوێ بڕۆم، چونکە لێرە لەدایک نەبووم، مەلۆتکەییم بەدەم ئەم بای تەنیاییەوە ڕۆشتن و باوەشی گەرمی دایکم نەدۆزیەوە. تەمەنم بە تەوێڵی ئەم قەدەری

تاریکیەوە نووساو ڕووناکیم نەدۆزیەوە.

چاوە ماندووەکانم بە سیما ناجێگرەکەی کاتژمێرەکەی بەرامبەرم بەخشین، ئەم بوومە گالیسکەیەکە و میلی کاتژمێرەکان ڕای دەکێشن، چرکەکان چەقۆکانیان دەخەنە سەر ملی زەمەن و ورد ورد سەری دەبڕن و لەگەروی تیاچووندا دەیان شارنەوە.

ئەم کاتژمێرانە چەند بێ بەزەیین لەسەر هیچ هەنگاوێک ڕاناوەستن، ناوسنگیان چ گۆڕستانێکی گەورەیە جێگای ئەم هەموو قوربانییەی تێدا دەبێتەوە، دەبێ ئێستا چەند فرسەخ لە تەمەنی من سەربڕابن و چەندیشم لە نۆبەدابن.

زۆر حەزدەکەم ماڵەکەم لەم سەر قەبرانە بگوازمەوە.... بەس!!..... ها.... گوڵە پەژموردەکانی بەرائەت لەم تاریکییەدا ناتانناسمەوە، کاژۆڵەکانی خۆشەویستی ڕێگە نابەمەوە سەرتان وەکو شێت شەق لە چارەنووسی خۆم هەڵ دەدەم، ئەوە دەستم.. ئەوە هێزی چاوم ئەوە تێکڕای عومرم بمگەیەنن بەو شوێنەی مرۆڤ هەست بەبوونی خۆی دەکات.

هەست دەکات بە دەزووێکی باریک بەوەفاوە بەستراوەتەوە، با چیدی لەم چۆک دادانەدا خول نەخۆم. سەرم گێژی ناوگێژەنی ئەو جیهانەیە (ئەهریمەن)ەکان ئێمەی پێ فریودەدەن.. سواری سیمرخەکانی وەهممان دەکەن و پەڕەمووچی دۆزینەوەشمان لەناو مشتی نووقاوی خۆیان دەشارنەوە.

دەمەوێت لەم ئەفسانەیە هەڵ بێم بەس...!!.. دەترسم لێرە بمرم و کەس نەبێ وەسێتەکانم بۆ هەڵگرێ تا دایکم لەگەڕانی من دێتەوە.

یەک هاوڕێ لەبوونم مارەبڕاوە زۆربێزارم.... ئەویش (کاتژمێر)ەکەمە، ڕێگە نادات لە قەفەزی زەمەن هەڵبێم و ساتێکی کەم لە نساری خۆزگەیەکدا پشوو بدەم دەترسم لێرە بمرم و ئەم هەموو کاسە سەرانە لای کێ دانێم تا خاوەنەکانیان بەهۆش دێنەوە.

بە منداڵی تا خەو لە قورگی خۆیدا بمشارێتەوە (شەولەبان) لە زەینمدا هاتوچۆی دەکرد، هەنووکە بە گەورەیی دەمانبات.

ئای بۆ فریادڕەسێ تەلیسمی ئەم ئەفسانەیە بشکێنێ و ئەسپە باڵدارەکە بێنێ، ئەوسا ئەو شتە پێشکەشی بێت کە خەونی پێوە دەبینێ.

گەر سەرپشک بم لەو وێنە وەهمیانەی بەرەو خورافەمان دەبەن، تەلارە بەرزەکانم یەک یەک دەڕماند. تا چیدی بەرخۆلەکانی تەمەن بۆ گورگی برسی تاوان دەستەمۆ نەبن.

بوونی ئێرە چ (مەنفا)یەکە پەرێزەکانی ڕەنج دەسووتێنن، کاسە سەرەکان بەکرێ دەدرێن.

مرۆڤەکان (نێرەمووک)ن نەوەکانیش (قەزەم). کات بۆ دواوە دێتەوە. هیچ زەیندەوەرێک خاوەنی ڕۆح نییە.

دەمەوێت لەم شەش مانگی دوورگەی (لۆپە) هەڵێم. دەبێ چەندێ عومرم مابێ بە (ڕووناک)ی بگەم.. دەبێ چەندم مابێ بە مەرگێکی هێواش بگەم، بەدوای خۆمدا وێڵم تا لە زاینگەی (پەنجەرە)یەکەوە لە دایک دەبمەوە، چەند ئەستەمە شۆڕش دژی (خود) چەند دژوارە یاخی بوون لە نیوەی (خۆت) و چاندنی خۆشەویستی لە ژوانی ڕقدا.

دیسانەوە تیلە چاوێک بۆ بەرداشی کاژمێرەکە لە خوێندنەوەیەکدا یەکی پاش نیوەشەو بەکاتی ژوورەکەم، هەنووکە لەسەربازێکی ئێشک گرتوو، بە قەڵەمی سەرهەڵگرتووی نێو پەنجەی شاعیرێک دەچم. کە ژانی شیعرێک دەیگرێ!

شەوگار لە خەوێکی قووڵ خۆی دابووە دەست بێدەنگیەکی سەیر.. ژوورەکەی منیش لە ترپەی دڵی من و چرکەی میلی کاژمێرەکە زیاتر ئاوەدانی تێدانەبوو. دەریای خەم لەگەڵ شەپۆلەکانیدا لوولی دەدام جار جارە لەنێو دەمی قرشەکانیدا چاوە بێ ژوانەکانم دەکردەوە... دەریایەکی بێ سنوور تا ئەودیو تخووبەکانی بەرایی بێ کۆتایی.. بە قەبارەی تاریکی دڵی ئەم شەو.. لەگەڵ نا ئومێدییەکی نوێدا وێک دەهاتنەوە.

دەستێکی لەرزۆکم لە کەمەری پاکەتی یادگارییەکانم گیرکرد.. پاکەتێک کە زەمەن وەک فەنەر هاتوچۆی پێ دەکرد. پریاسکەیەکی پڕ لە وشەم خواست.. قەدە بارگرتووەکانیم کردەوە.. کە لە پۆستی دوو زەمەنی جیاواز دەچوون.. ڕێژنە وشەیەک تازە لە سەفەری نائومێدی گەڕابوونەوە و شارایەکیان لە خۆشنوودی چێ کردبوو، دەزانی کە لە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە دێتەوە وا هەست دەکەی تازە چاوەکانت پێ بەخشراون!

کە لە تاریکیەوە دێیتەوە وا دەزانی یەکەم چرکەی ڕووناکییە. ئیتر ئەوکاتە بەهەر مرۆڤێک بگەیت، وا

دەزانی ئەوە یەکەم هاوڕێتە کە چاوەڕوانی کردووی: ئاخر ئەوەیە ئومێد کە لە ڕەشبینیەوە دەتگۆڕێ. ئەو هاوکێشە مەزنەیە کە مەرگ و ژیان لێک جیادەکاتەوە ئەم هێشووە وشانە لەگەڕانەوەیاندا بەهێڵە سوورەکاندا گوزەریان کردبوو تاکو ئەودیوی بەختەوەریش ببینن. تا لە زیندەگی ئەو مەخلووقانە وردبنەوە کە هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە بێنە ئێرە یان.. نا- بمرن یاخود بژین. سەفەر بکەن یان تا ئەبەد بەو شێوەیە لە ڕۆحی پەیکەرێکدا سکونەت بکەن.

لەو جیهانە جیاوازەوە نامەیەکیان بۆ من هێنابوو بەم شێوەیە دەست پێ دەکات (بیرت دەکەین هێندەی زەویەکانی وشکە سالّی بۆ باران، هێندەی هەورێکی نەزۆک بۆ برووسکە. هەنووکە لەودیو لێلاییەکانی دابڕاندا لێمان ون بووی.. تامەزرۆی هاتنەوەتین.. هەرچەندە دەڵێن هەڵوێستەیەکت کردووە و لە ڕامان ڕاماوی. ڕەنگە حەز بە گەڕانەوەی سەر ئەم ئەستێرە غەمگینەیە نەکەیت. هەرگیز قەناعەت بەخۆمان ناکەین مۆمێک لەو تاریکیەدا دابگیرسێنی و باشترجێی بهێڵی. خامۆش بوونی مۆمک هەندێ جار لە کەوتنە خوارەوەی ئەستێرەیەک دەچێ کە هەڕەشە لە ژیان دەکات. یا لە وشک بوونی سەرچاوەیەک دەچێ کە مرۆڤایەتی لەتینوێتیدا دەخنکێ.

بیرت دێ هاتیە لامان لە شەوێکی مانگ کوژراودا.. گوڵە ئەرخەوانیەکانی تەمەنمان بە سیمنارەی ئەجەل سپاردبوو.. ڕۆژوومان لەسەراب دەشکاند. هاتی وەکو (موسا) پزیزکەیەکت لە ڕووناکی پێ بەخشین تاکو جێژوان لە سپی بوونەوە چێ کەین.

لەم موعجیزەیە، گشت ڕۆژێ زیندەگیمان نوێ دەبێتەوە.. ڕوئیامان بۆ مردنیش گۆڕاوە. هەست دەکەین لە مردنیشدا ژیان ون نابێ، زۆر سوپاس خوات لەگەڵ بێ).

هەستم دەکرد شەماڵێک (صحور) ئاساسەر بە ڕۆحیانەتمەوە دەنێ و لاشەی شەکەتی بریندارم هێور دەکاتەوە، ئەوکاتەی لەسەفەر دەگەڕێتەوە دەتەوێ مرۆڤایەتی وەک نەهێنی سەیرت بکەن، هەست بکەن تۆ شتێکت پێیە، ئەوان موحتاجن پێی، نازانم ئەم گەورەییە تا کوێ لەگەڵتا دەڕوا.

هەنووکە زەمەنێک بەسەر دوایین سەفەری مندا ڕۆیشتووە، چاخێک بەسەر فڕینمدا هاتووە.. بوومەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی. ترسنۆکانە حەز بە ژیان دەکەم. غەشیمانە شیعر و گۆرانی بۆ نیشتمان دەڵێم، تۆ سەیری ئەم گۆرانییە بکە کە لە خەیاڵی سەرخۆشێک دەچێ. (بەخێربێن بەرەژانەکانی گەڕانەوە... کەرنەڤاڵێ بۆ پێشوازی ژیان ڕێک خەن.. دەمەوێ ئەم تەنیاییە کوشندەیە جێ بهێڵم و تەمەنم بەژین ببەخشم.. بۆ ئەوەی زمان بگرین و لە باوەشی دایکماندا تێر بخەوین. ماڵئاوا تونێلە تاریکەکانی وەهم... سەردابە درێژەکانی سەراب.. مەرحەبا حەقیقەتی ئاو.. دەمەوێ شان لە ڕووخاویەکانی ژیان بکەمەوە ، باوەش بە بالیفەکانی زیندەگیا بکەم.) لەسەر شەقامی ئەوشارەی (میوانداری هاوولاتیانی خۆی پێ لەکەیە) پیاسەم دەکرد.. دەستێک لە نادیارەوە.. دەستێکی درێژ لەهی چاخەکانی سەرەتا دەچوو.. لەژێر پەراسووی زەمەنەوە قۆڵی گرتم و هێنامیەوە ژوورەکەم.

لە دەنگی بەشی دووەمی خۆم بەخەبەر هاتم... پیاوەکە.. پیاوەکە.. هەستە وا نیوەڕۆیە!!.

# قوتابخانه

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**



قوتابخانەکە لە پەراوێزی شاری خورماتوودا بوو، لە هۆڵێک و دوو ژووری تاریک پێکهاتبوو، باخچەیەکی چکۆڵەشی هەبوو، باخچەکە سێ دار چناری تێدا بوو، دارەکان هەمیشە لەگەڵ ڕەشەباکەدا لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا بوون، باکە تا ڕادەیەک هەتکی کرد بوون، لق و پۆی پێیانەوە نەهێڵا بوو، دارەکان بە هاژ و هووژیان مامۆستای قوتابخانەکەیان بێزار کرد بوو، ئەو بەیانییە مامۆستاکە لەگەڵ شریقە و قلیشانی دارەکان و هاژە و گڤەی ڕەشەباکەدا هێندە شپرزە و بە پەلە لە ژوورەکەی هاتەدەر سەری و دەستێکی بەسەر قەرەوێڵەکەوە جێما، لە باخچەکەدا کەوتە سەرسمدان و کێشای بەدارێکدا و پاشەوپاش گەڕایەوە، سەری سوڕما بوو بۆ هیچ نابینێ؟ دەستی برد بۆ سەری نەما بوو، ڕاچەڵەکا و هاواری کرد: کوا سەرم؟! کەللە سەرەکەی بە غەڵبە غەڵب لە دەرگاکەوە هاتەدەرەوە، بە دیواری هۆڵەکەدا هەڵزنا و وەک کۆترێکی باڵ کراو کەوتە خوارەوە، مامۆستا هەڵی گرت و خستیە جێگاکەی خۆی، ڕووناکییەکی بۆر بەرچاوی ڕوون کردەوە، بینی قوتابییەکان لە پۆلەکەدا خڕ خەوتوون، ئەمیش بە پەلە کورسییە چکۆڵەکەی هەڵگرت و چوو لە پشت مێزەکە لێی دانیشت، ئینجا چاوێکی خەواڵووی هەڵهێناو تەماشایەکی ئەو سەری پۆلەکەی کرد بینی سەرکە (گا) یەک بە دیواری پۆلەکەدا هەڵواسراوە، گایەکی ڕەش مقنی شاخ لە خوار بوو، زەنگەڵەیەکی لە ملدا بوو، سەیری قوتابییەکانی دەکرد، کە دیتی مامۆستاکە سەیری دەکات گوتی: چییە گات نەدیوە وا سەیرم دەکەی؟ مامۆستاش بە سەرسوڕمانێکەوە وتی: هەی بەزیادم نەکرد تۆ لێرە چ دەکەی؟ گاکە وەڵامی نەدایەوە هەر خەریکی کاوێژکردنی خۆی بوو، مامۆستا دووبارە لێی پرسی: پێم ناڵێی تۆ لەم پۆلەدا چی دەکەی؟ گاکە مۆڕەیەکی لێکرد و وتی: من گابۆرم گابۆرم

نامناسی؟ مامۆستا کە ئەمەی بیست مەچەکی خستە ژێر سەری و وەک قوتابییەکان لێی خەوتەوە، هەر کە خەوی لێ کەوت و نەکەوت (گـا) کـە بە زڕەی زەنگەڵەکەی هەڵی ساند، مامۆستا کتێبەکەی گرت بە دەسیەوە و چوو لە بەردەم سەبوورەکە ئەم شیعرەی خوێندەوە:

**(ئای چەند حەزم لە بیستنی پێکەنین و لە بینینی خەندەی لێوە**

**چەند حەزم لە بینینی کانیاوی شاخ و ڕەز و گوڵاڵەی دەشت و کێوە**

**چەندم حەز لە گوڵ و بەهار گەڵای سەوزە**

**لە گەڕانی سەر دەریا و لە زەردەی لووتکەی بەرزە)**

ئینجا ویستی کتێبە لەسەر مێزەکە دانێ و ئەم شیعرە بنووسێ، دیقەتی دا دەستی ڕاستی پەڕیوە، ناچار لێی خەوتەوە، قوتابییەکان هێشتا هەر خەوتبوون، پۆلێ سەربازی ون لە جادەکەدا بە مەشق دەڕۆیشتن، کە گەیشتنە ئاستی پۆلەکە سلاوێکی سەربازییان بۆ مامۆستا لێداو سەرەو خوار بوونەوە، سەربازەکان پڕ چەک بوون، هەمـــوویان لاو بوون، زۆربەیان وێنەی دڵدارەکانیان لە جزدانەکانیاندا بوو بێجگە لە وێنەی دۆست و ناسیاوەکانیان، مامۆستا هەر چۆنێ بوو لەسەر سەبوورەکە نووسی «پۆلێ سەربازی ون = بە پۆلێ باڵندەی کەشراو» تا ئێرە قوتابییەکان هەر خەوتبوون، لە پەنجەرەکەوە خۆر هاتبوو لەسەر ڕەحلەیەک لەگەڵ قوتابییەکاندا خەوتبوو (مامۆستا بە تەمای هەڵاتنی خۆری ڕۆژێکی نوێیە، کەچی جەنابی هاتووە لێرە خڕ لێی خەوتووە) پۆلە سەربازەکە بە جادەکەدا دووبارە گەڕانەوە، مامۆستا لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی کردن و وتی:

**(ئای چەند ڕقم لە ڕەنگی ڕەش و تەقەی تفەنگە**

**لە دیمەنی جەستەی برژاوی نێو کوورەی جەنگە**

**ئای چەندم ڕق لە شەڕ و برسێتی و ڕەنگی خوێنە**

**لە لوولەی ڕەشی تۆپی ماڵ سووتێنە).**

دوا بە دوای ئەویش ســەربازەکــان بە یەک دەنگ ئەمەیان وت، لە دوور دەنگی ئامبولانس دەهات بەرەو قوتابخانەکە دەچوو، لەبەر دەرگای قوتابخانەکە چوار کەسی بەرگ سپی کە دوو عەرەبانەیان پێ بوو لە ئامبولانسێک دابەزین و بە پرتاو بەرەو پۆلەکە ڕۆیشتن، ئامبولانسێکی تر هات، ئەو ناوە پڕبوو لە خەڵکی بەرگ سپی، هەر عەرەبانەیەک دووسێ قوتابیان خستە سەری و هاویشتیانە ئامبولانسەکانەوە و بردیانن، باریکە خوێنێکی ڕەش لە پۆلەکەوە تا بەر دەرگای قوتابخانەکە درێژ ببووەوە، لە پۆلەکەشدا مامۆستایەکی بێ سەر و دەست وانەی بۆ کۆمەڵێ تەختەی بەتاڵ و سەرکە گایەک دەوتەوە.

## منداڵ و دایک

منداڵێک لەبەر دەرگای ماڵێکدا کز و کۆڵەوار دەگری، ژنێکی عەبا بەسەر لە دەروازەیەکەوە بەرەو بازاڕ تەکان دەدات، لە دوور، لێرە، لە نێو شار گڤەی با دێت، شلیفی گەڵاکان ڕادەماڵێ، بەفر کرێوە دەکات، شۆفێرەکان زەرد زەرد لە پشتی جامی سەیارەکانیانەوە جگەرە دەکێشن و تەماشای دەروازەکان دەکەن، کابرایەک ڕۆژنامەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەست دەکات بە خوێندنەوەی، منداڵەکە بە شوێن دایکیدا دەکەوێتە ڕێ، ژنەکە لەبەر دوکانێکدا مامەڵەی هەندێ سەوزە و میوە دەکات، ئەوەیان کیلۆی بە هەزار دینارە، ئەی ئەمەیان؟ پێنج سەت، گرانە؟ گرانە مەیکڕە! ئەی چی بخۆین؟ هیچ! سێ ڕۆژە داوای دانەیە سێو دەکات، هیچ نەما داوای کات سێو نەبێت؟ کوڕە سەلکێ پیازی بەرێ چوزانێ کامە سێوە؟ شۆفێرێک بانگ دەکات: یەک نەفەر دەردەچین باڵا کاکە یەک نەفەرمان ماوە دەڕۆین؟ ژنەکە لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە دەچێتە بەر دوکانێکی وردەواڵە فرۆش کابرا لە پشتی ڕۆژنامەکەوە نیگایەک دەگرێتە ژنەکە، تەزووێک بە گیانیدا دێت، سەیرێکی وێنەی ئەکتەرە شۆخەکە دەکات دیسان بە باڵای ژنەکەدا دەڕوانێ، وەرنەوە کاکە وەرنەوە سێوی چاک کیلۆی بە یەک و نیو، دوکاندارێک: هەڕاجە برام هەڕاجە وەرنەوە تەماتەی چاک و پاک، ژنەکە بڕێک نوقڵ و پسکێت هەڵدەگرێ بە دەستە لەرزۆکەکانی هەندێ پارەی شڕ دەدات بە دەستی کابرای خاوەن دوکانەوە، خوشکە ئەمەیانم بۆ بگۆڕە دازراوە ناڕوات، چەند ساڵە هەڵتگرتووە؟ نیمە لەوە زیاترم نییە، نیتە شتەکان بگێڕەوە، دوو ڕۆژە داوای دوو دانە نوقڵ دەکات، هیچ نەما نوقڵ نەبێت؟ چووزانێ خورمایەکی بەرێ و بڵێ ئەوە نوقڵە، کابرا دەکەوێتە بەراورد کردن لە نێوان ژنەکە و ئەکتەرە شۆخەکەدا، لەم جوانترە ئەگەر جلەکانی ئەمی لەبەرکەی، ناسکە دەڵێی کێکە؟ ژنەکە نوقڵەکان دەگێڕێتەوە گێژ دەبێت، خەریکە بکەوێ، فرمێسک لە ئەوکیدا پەنگ دەخواتەوە، دوکاندارێک ئەولا خوشکم ئەولا ئەو غەرازانەت شێلا نایان بینی؟ کابرایەک بەسە کاکە بەسە ئەوڕۆ زۆر پێکەنیت بڕێکی بهێڵەوە بۆ سبەی، نا کاکە نا کێ دەڵێ تا بەیانی دەمێنم؟ دەمێنی بەخوا دەمێنی؟ کرێوەکە دەبێ بە ڕەهێڵە منداڵەکە ڕەق دەبێتەوە، شۆفێرەکە لە جامەکەوە سەر دەردێنێ: خۆت لادە دایکم خۆت لادە خۆ سەت هۆرن بە فلسێک؟ موسافرێک: خانم بازاڕی دەکا و ئەفەنیش لە ماڵدا لێی خەوتووە، ژنەکە بە هەندێ سەوزە و میوەی گەنییەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لە ڕێگا کۆمەڵێک خەڵک دەبینێ پاچ و بێڵیان پێیە و تەرمی منداڵێکیش بەسەر شانی

سێ چوارێکیانەوەیە و بەرەو گۆڕستان دەیبەن، ئەوە چییە براله ئەوە چییە کێ مردووە؟ هیچ نییە خوشکە هیچ نییە منداڵێکی هەتیـوی بێ خـاوەن لە دەروازەی بازاڕەکـەدا ڕەق هەڵاتبوو دەیبەین دەینێژین؟!

**بە ڕێگاوە بەرەو تونێڵ**

لە کـاتێکدا هێـڵی شەمـەندەفەری تەمـەن ویسـتگە بە ویسـتگە فـارگۆنی جەستەم بەرەو تونێـڵی گەورە دەبات، تازە بە تازە مـەحوی گـوتەنی سەرم وەک منداڵ بۆ شنەی ژیان گـڕوگاڵ دەکـات، دەنگێک کـە هەر لەوانەیە دەنگی ڕوحی خـۆم بێت پێم دەڵێت: گـەلحـۆ تازە لەم ئاخـر و ئۆخرەی تەمەندا بە تەمای چیت؟ تۆیەکی بەرخۆر کە لە هەموو تەمەنتدا هەر خەریکی خواردن بووی، مەگەر خودا بزانێ تـاکـو ئێسـتـا چەند فـەردە نان و برنج و سـاوەرت خواردووە؟ چەندان تەنەکە ڕۆن و شەکر و چایی و چەندان سەبەتە مـیـوەت خـواردووە؟ چەندان دەست جل و بەرگی باڵەت دڕیوە؟ لە هەڵەگـەڕی ئەمـلاو ئەولادا چەندان جـووت پێـڵاوت دڕیوە؟ لە چەنەبازی و مـشـتـومـڕی بێ هودەدا سێ تاقم ددانت فـڕێ داوە؟ لە تەمـاشـا و بینینی دەیان دیمەنی قـەڵپ و ناڕێکدا، چەندان چاویلکەت گۆڕیوە؟ تازە چی بە چی دەکەی! تۆ چیت؟ کـام داهێنان و شـاکـار و خـێـر و بێـرت؟ تۆ سـەرباری، جگە لە پیس کـردنی ژینگە چیت پێ هەڵدەسـووڕێ! تەقــە تەقی فارگۆنی شەمەندەفەرەکە نێو بە نێو بە ئاگات دێنێتەوە، لە چاڵاوی ئەو زەلکاوەت قـورتار دەکـات، کـەچی زۆری پێ ناچێ دووبارە تێی دەکەویتەوە، مەلە قرغنەکانی نێو مێشکت هەڵبـەزو دابەزیانە دەیانەوێ لەو تاریکستـانە بێنەدەر، کـەچی قـووڵی ئەو بیـرە ڕێگایان پێ نادات، ئاوڕێک لە ڕابردووت دەدەیتـەوە، جگە لە پەرێزێکی پڕ لە دڕک و دەغـەڵ چی تر نابینی، گەرووت وشک و تفت و تاڵە، بۆچۆڕێ ئاوی خـواردنەوە، بە چنگ دەکـەویتـە هەڵکەندنی تەڕاییەکەی بەر پێت، جگە لە گوێلێ قوڕاو هیـچی ترت گیـر نابێ، پەنجەت لە قـوڕگت هەڵدەخەی دەتەوێ هەناوت دەربێنی، هەست بە ئازار دەکەی، بەملا و بەولای خـۆتدا دەکـەویتـە سـەر ڕاوەشـاندن، حـەز و ئارەزووەکـانت لە پیـرە فـارگۆنی جەسـتەت دێنەدەر و بە پەیژەکانی تەمەندا دادەگەڕێن، بۆ زیاتر دڵنیا بوون سەر لە نوێ ڕۆژەکـانی تەمـەنت بەسـەر دەکـەیتـەوە، تا چاوبڕکات سەرابە و لەو سەریشەوە تونێڵێکی گەورەیە، لە ناخی خـۆتدا دەڵێی خـۆ ئەم دەنگە ڕاست دەکـات! ئینجا لە گیـرفـانەکانتدا لە کلیلێک دەگەڕێی دەرگـای ژیانێکی تازەت بۆ بکاتەوە تا بتــوانی دوو ڕۆژ زیاتر بژی، کەچی خۆشت نازانی ئەم داکۆکی کردنەت لە چییە؟ خۆ تۆ لەم ژینە چ ئۆخەیەکت نەکرد، ئەدی ئێستا بۆچی وا توند بە هەردوو دەست ژیانت گـرتووە و دەتەوێ ڕۆژێک زیاتر بژی؟ ئەم بنیـادەمە گیانەوەرێکی سەیرە؟ بۆ بوون و نەبوون هەزار بیـانووی پێـیـە، بۆ ڕەوا بوونی مـەینەتی و نەداری و ئێش و ئـازارەکـانی ژیان هەزار و یەک پاسـاو دەهێنێتـەوە، تۆش یەکێکی لەم خەڵکەی دەتەوێ بە هەر هیـمەت و قـیـمەتێک بووە دوو ڕۆژ زیاتر بژی! تۆ دەست بەرداری ژیان نابیت، دەتەوێ پەردەیەکی سـپی بەسـەر ڕابردووتدا بدەی و سـەر لە نوێ لە نووکـەوە دەست پێ بکەیتـەوە، ئەم جـارەیان دەتەوێ کـەسـێکی تر بیت، کـەسێکی سپی پۆشی نوورانی، کەسێکی تازە بابەت، ڕووخـۆش و بە مـاریفـەت، داهێنەر، بزەیەک دەتگرێ، بزەکە دەبێتە پێکەنین، پێکەنینەکە دەبێتە قاقا، قاقا بە خۆت پێدەکەنی، لە پڕ دەدەی لە پڕمەی گریان و تاوێکی چاک دەگـری، کـاتێک چاو هەڵدەبڕی چوار تەنیـشـتت تاریکییە، کۆمەڵێ چاوی زیت و زەق تەماشات دەکەن، خەریکە بتۆقی، هەی پێی لێ دەکەی و هەڵدێی، بۆکوێ دەڕۆی تاریکـیـیـە، لە سیـپـەیەکدا پرپازگەکـانی عـومر دەگەڕێی، منەی دەنکێ چکلێت دەکەی، تامی دەمتی پێ خـۆش کـەی، لەغـاوەی دەمت گـەچۆڕی سـپی هەڵداوە، لێوت چەندان قەتماغەی بەستووە، نەک بە دەنکێ چکلێت بەڵکو بە چەندان گـڵاس شـەکـراویش تازە شیـرین نابێ، کـەچی سـەرت هەر شنە شن دەکـا و هەر بە تەمـای لە نووکەوە دەست پێ بکەی، ئاوات دەخوازی ئینسـان وەک دار وا بوایە، هەرکە بیان بڕیبا ئەو لە کرۆکەوە وەچەیەکی تازەی بکردایەتەوە، نەمـامـی سـاوای شین و کـەسک، داخی گـرانت هەر ئەمـە بوو، ئەو شـەوە ئەنۆزت نەکـرد، بەدەم گینگڵ دانەوە شەبەقت کردەوە، کە دەستت لەسەر چاوت دانا، بینیت وا دوور تونێـڵـێکی گـەورە دەمی کـردۆتەوە، شـەمـەندەفـەری تەمـەنیش لە ئانوسـاتی نقـوم بووندایە، بە پەلە خـۆتت کـۆ کـردەوە و ئەو چەند جـڕو جـانتـــایەی پێت بوو، هەڵت گـــرت و بەرەو دەرگــای واگۆنەکە چووی، دەتویست بە پەلە دابەزی، کەچی پیـرە شەمـەندەفـەر وا توند دەڕۆشت، بواری دابەزینی نەدایت، بەو ئومـێدەی لە نزیکتـرین ویسـتگە دابەزی، کـەوتیـتـە تەماشا کـردنی دیمەنەکانی لا ڕێگاکە، بێ ئەوەی بزانی، تازە هیچ ویستگەیەک لەسەر ڕێگا نەماوە و بۆ گەیشتن بە تونێـــڵی گــەورەش تەنیــا چەند ســاتێک ناوە، خوێندنەوەی چیرۆکەکەت پێ تەواو نەکرا، جگەرەیەکت داگیرسان و کەوتیتە بیر کردنەوە لە پاڵەوانی چیرۆکەکە، لە کەسێک دەچێ دەیناسی و بیرت نایەتەوە کێیە، بیرت لە ژیاننامـەی زۆر کـەس کـردەوە، بەڵام نەتدۆزییـەوە، کەچی دڵنیایی ئەمە ژیاننامەی کەسێکە دەیناسی، کێیە بیـرت نایەتەوە، دووبارە زۆر کـەست بەسـەر کـردەوە بێ سوود بوو، وەلێ خۆتت لەبیر نەبوو بۆیە نەتناسییەوە.



# گا

غولام حوسێن ساعیدی
و/ له فارسییەوە: جەلال مەلەکشا
(بۆکان)

(١)

ژنەکەی مەشەدی حەسەن کە هاتە دەرەوە، تاو تازەکەوتبوو. ئیسلام داشقەکەی هێنابووە قەراخ ئەستێرەکە، چاوەڕوان بوو لەگەڵ کوێخا بڕۆن بۆ «خاتووتناوا» بۆ پرسەی خوشکی مەشەدی عەنایەت. کوێخا چوو بوو بۆ ماڵی مەشەدی بابا. دەیانویست ئەویش لەگەڵ خۆیان ببەن، بەڵام مەشەدی بابا بڕوبیانووی دەهێنایەوە. ئاخر مەشەدی عەنایەت لەگەڵی خراپ بوو. دەیویست بە هەر لەون بووە خۆی لە چنگ کوێخا ڕزگار بکا... لە پڕ دەنگی شینوشەپۆڕی ژنەکەی مەشەدی حەسەن-ییان لە قەراخ ئەستێرەکە بیست.

مەشەدی بابا گوتی: «بەڕاست ئەوە کەسێ خەریکە دەگری.»

بەپەلە لە نەردیوانەکەوە سەرکەوت و لە کونی سەر دەرکەوە بۆ دەرەوەی ڕوانی. ژنەکەی مەشەدی حەسەنی دیت کە چارشێوە ڕەشەکەی لە گەردن ئاڵاندووەو لە قەراخ ئەستێرەدا لەسەر خۆڵ و خاک پانەوە بووەو لە خۆی دەدا و دەگری و ئیسلام هاتووە نوشتاوەتەوەو لێی دەڕوانێ.

کوێخا پرسی:

چ باسە؟

مەشەدی بابا گوتی:

– خێزانی مەشەدی حەسەن لە قەراخ ئەستێرەکەدا لە خۆی دەدا و دەگری.

کوێخا پرسی:

– بۆ...؟

مەشەدی بابا گوتی:

– جا من چووزانم؟ بڵێی مەشەدی حەسەن شتێکی لێ نەهاتبێ؟

کوێخا گوتی:

– مەشەدی حەسەن لە ئاوایی نییە، چووە بۆ سەیداوە

بۆ سەپانی.

مەشەدی بابا گوتی:

– ئەی ئەو زایفە شێت بووە وا خۆی لەتوپەت دەکا؟

کوێخـا سـەری بەرزکـردەوەو گـوێچکەی شل کـرد. ژنە وەها دەینالاند کـە کـوێخـا ئیـتـر تاقـەتی نەگـرت و بە هەشـتـاو بەرەو دەرکـە و مـەشـەدی باباش هەروا لەسـەر نەربوانەکـە ڕاوەسـتـا بوو و سـەری لە کـونەکـەوە دەرهێنا بوو.

کـاتێ کـوێخـا گـەیشـتـە لای ئەسـتـێـر، هەمـوو «بەیەلی»یەکـان ڕژانە دەرەوەو بەسـەر سـورمـاوی گـوێ بیـسـتی گـریانی ژنەکـەی مـەشـەدی حەسـەن بوو بوون. ئیسلام نوشتابۆوەو بەردەوام دەیپرسی:

– چ بووە.. ناتەوێ بلێیی؟

ژنەکەی مەشەدی حەسەن بەهاوار دەیگوت:

– وەی وەی وەی، قـورچوو بەسـەرمـا، قـورچوو بەسـەرمـا... نەنە خـانم و کوێخا لە پێش و دوای ئەوان هەمـوو بەیەلییـەکـان کـۆبوونەوە دەوریـان.. لەسـەر ئاوی ئەسـتـێرەکـە لاشـەی مـریشـکێکی مـردارەوە بوو مـەلەی دەکرد، ماسییەکان دەورەیان دابوو و چەوریی لەشی کە لەسـەر ئاوەکـە بەلاوە بوو بوو قـووت دەدا. نەنە خـانم تا گەیشتە لای ژنەکەی مەشەدی حەسەن، لەبەرانبەرییەوە بە چیچکانەوە دانیشت و گوتی:

– مەشەدی تووبا، مەشەدی تووبا، چ قەوماوە؟

ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن هەر کـە دەنگی نەنەخانمی بیست لەسەر عەردەکە خۆی درێژ کرد... دەموچاوی چووە یەک و لووتی تیرەکەی بەست، دوو زنجیرە فرمێسک لە چاوەکانییەوە داباری.

کوێخا چەمایەوەو پرسی:

– نەنە خانم، چ باسە؟ ها؟ مەشەدی حەسەن شتێکی لێ هاتووە؟

نەنە خانم گوتی:

– بچنە ئەولاوە.. دڵی بووراوەتەوە، حاڵی باش نییە، پیـاوەکـان بچنە ئەولاوە.. داکـوتە پەڕۆیەک ئاوردەن و بیدەن بە من.

خـوشکی عـەبـبـاس کـوتەپەڕۆیەکی سـووتاند و دای بە نەنە خانم. نەنە خانم پەڕۆکەی لوولە کرد.. بلێسەی ئاور لە نێو پەڕۆکەدا کوژایەوەو دووکەڵێکی بۆن ناخۆش هاتە دەرەوە، پیـاوەکـان چوون و لە ژێر دارەبیـدا کـۆبـوونەوە. ئافرەتان هاتن و ژنەکەی مەشەدی حەسەنیان دەورەدا.

نەنە فاتم گوتی:

– دەسـتـەکـانی بگرن، دەسـتـەکـانی بگرن و تەکـانی بدەن.

دوو ژن دەسـتـەکـانیـان گـرت وتەکـانیـان دا. نەنە خـانم پەڕۆکـەی بردوو گـرتیـیـە ژێر کـەپۆی- دوای هێندێ مـەشـەدی تووبا چاوەکـانی کـردەوەو بۆ ئەو لاو ئەو لای خۆی ڕوانی. لە پڕێکدا هەڵستا و دیسان دەستی بەگریان کردەوەو بەدەنگی بەرز دەینالاند:

– وەی وەی، قورچوو بەسەرما.

پیـاوەکـان نزیکـتـربوونەوە. کـوێخـا هات و لەلای نەنە خانم ڕاوەستا و پرسی.

– لێی بپرسە بزانە مەشەدی حەسەن شتێکی بەسەردا هاتووە؟

نەنە خانم گوتی:

– ئێستا چۆڕێ ئاوی بۆ بێنن بخواتەوە، ئاو نەخواتەوە ناتوانی قسە بکات.

کـوێخـا سـەری بردە نزیکـتـر و لە ژنەکـەی مـەشـەدی حەسەنی پرسی:

– خوشکە، مەشەدی حەسەن سەلامەتە؟

یەک لە ئافـرەتان کـاسـەیەکی ئاوی هێنا. نەنە خـانم کاسەی ئاوەکەی وەرگرت و گوتی:

– ئاو بخۆرەوە... ئاوبخۆرە با بتوانی قسە بکەی.

ژنەکەی مەشەدی حەسەن ئاخیزێکی کرد و گوتی:

– بەبێ ئاو خواردنەوەش دەتوانم قسە بکەم.. قورچوو بەسەرما، دەزانن؟

ئیسلام ڕووی دەمی لە پیاوەکان کردو گوتی:

– حوکمەن مەشەدی حەسەن شتێکی بەسەرهاتووە.

پیاوەکان سەریان لەقاند. نەنە خانم کاسەی ئاوەکەی دایە دەست خوشکی عەباس و بە سەرسوڕماوی گوتی:

– بەبێ ئاو خواردنەوە چۆن دەتوانێ قسە بکا؟

(٢)

پیـاوەکـان نزیکـتـر و ژنەکـان دوورتر بەدەوری ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن-دا ئاڵقـەیان بەسـتـبـوو و چاوەڕوان ڕاوەستان. مەشەدی بابا لە کونی سەر دەرکەکەوە هاواری کرد:

– مەشەدی ئیسلام! مەشەدی ئیسلام! چ باسە؟

ئیـسـلام بەدەست ئامـاژەی کـرد کـە بێـدەنگ بێ... هەمـوو نوشتـابوونەوە. ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن بەلۆی چارشێوەکەی فرمێسکەکانی سڕییەوەو گوتی:

– گا، گایەکەی مـەشـەدی حەسەن دوێنێ شەو مردارەوە بووە!

پیـاوەکـان بەسـەر سـوڕمـاوی لە یەکـتریان ڕوانی. نەنە

خانم هەڵسایە سەر پێ و گوتی:
– چی؟ چیت گوت؟
مەشەدی تووبا گوتی:
– بەیانی کە چووم ئاوی بۆ ببەم، دیتم لەسەر عەردەکە درێژ بووە و چوار پەلی ڕەق بووەو دەمی پڕ لە خوێنە.
پیاوەکان وەرچەرخان و بۆ ماڵی مەشەدی حەسەنیان ڕوانی.. ئافرەتان کەوتنە چپە و سرتە و نەنە فاتم گوتی:
– یا ئیمامی زەمان!
نەنە خانم پرسی:
– ئاخر بۆ؟.. مەگین نەخۆش بوو؟
مەشەدی تووبا گوتی:
– نا. هیـچی نەبوو. شـەوچووم سـەرم لێـدا، زۆریش بەکەیف بوو.. خەریک بوو ئاڵفی دەخوارد.
بابە عەلی لە نێو پیاوەکاندا گوتی:
– داخوا چاویان لێ نەداوە؟
ئیسلام گوتی:
– چاولێدان.. کێ ئەو کارە دەکا؟
بابە عەلی گوتی:
– ئێوە نازانن. خوا هەمووومان لە چاوی بەد بپارێزێ.
نەنە خانم ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:
– ئامین یا رب العالمین.
کوێخا کۆخەیەکی کرد و کڵاوەکەی لەسەری هەڵگرت و دەستێکی هێنا بەسەریدا و گوتی:
– ئاخۆ مار پێوەی نەداوە؟
مەشـەدی بابا لە کـونی سـەرووی دەرکەکـەوە هاواری کرد:
– مەشەدی ئیسلام، مەشەدی ئیسلام، چ باسە؟
ئیسلام بە دەست ئاماژەی کرد کە بێ دەنگ بێ.
مەشـەدی تووبا دەسـتـەکانی بەرز کردەوەو بە پاڕانەوە گوتی:
– ئێستا چ بکەم. قوڕی کوێ بکەم بەسەرما؟
کوڕی مەشەدی سەفەر بەدەنگی بەرز گوتی:
– چ بکەی؟ هیچ ... خـۆ ئیـتـر تا قـامی قـیـامـەت زیندوو نابێتەوە.
کـوێخـا ئاوڕی دایەوەو مـۆڕەیەکی لێ کـرد. دیسـان ژنەکەی مەشەدی حەسەن گوتی:
– ئاخر من چی بکەم. ئەگەر مەشەدی حەسەن بێتەوەو ببیسێ گایەکەی مردووە دەستبەجێ دڵی ڕادەوەستێ و دەمرێ.
ئیسـلام سەری وەرگێڕا و بۆ جادە چۆڵەکەی ڕوانی و مەشەدی بابا کە تازە هاتبوو لە ئیسلامی پرسی:
– چ بووە؟ چ باسە؟ مەشەدی ئیسلام؟
ئیسلام گوتی:
–وست بە!
کـوێخـا کـڵاوەکـەی نایەوە سـەری و ڕووی دەمی لە ئیسلام کردو گوتی:
– ڕاست دەکا. ئەگەر مەشەدی ئیسلام بێتەوەو بزانێ گایەکەی مردووە، دەزانی چی لێ دێ؟
ئیسلام گوتی:
– جا چ بکەین؟
کوێخا گوتی:
– من نازانم. تۆ باشتر دەزانی.
ئیسلام چووە سەر بەردە ڕەش و گوتی:
– کـوێخـا دەڵێ کـەس بە مـەشـەدی حـەسـەن نـەڵێ گایەکەی مردووە.
کوڕی مەشەدی سەفەر گوتی:
– کەس پێی ناڵێ، بەڵام کاتێ خۆی بێتەوەو گایەکەی نەبینی بۆ خـۆی دەزانێ مـردووە. وا نیـیـە مـەشـەدی حەسەن؟ وانییە مەشەدی بابا؟
ئیسـلام کـە لەسـەر بەردەڕەشی تاتەشۆر ڕاوەسـتـا بوو بەسەر سوڕماوییەوە گوتی:
– ڕاست دەکا کوێخا ئەگەر مەشەدی حەسەن بێتەوەو بزانێ گایەکەی نەماوە جا ئەو جار چ بکەین؟
کوێخا لە ژێر لێوەوە گوتی:
– جا ئەو جار چ بکەین؟
ئیسلام دیسان بەدەنگی بەرز بە جەماعەتی گوت:
– کـوێخـا دەڵێ کـەس بە مـەشـەدی حـەسـەن نـەڵێ گایەکەی مردووە. خێزانی پێی دەڵێ گایەکە...
کوڕی مـەشـەدی سـەفـەر پەڕییە نێـو قسـەکەی ئیسـلام گوتی:
– پێی دەڵێ گایەکە مردووە!
هەمـوو بێـدەنگ بوون. ئیـسـلام لەسـەر بەردە ڕەشـەکە هاتەخوار و گوتی:
– ئێستا چ بکەین کوێخا؟
کوێخا گوتی:
– وەڵاهی من نازانم چ بکەین.
ئیسلام وەرچەرخاو ڕووی لە پیاوە واق وڕماوەکان کرد و گوتی:
– کـوێخـا دەڵێ چەند کـەسـێکتـان وەرن بچـینە مـاڵ مەشەدی حەسەن بزانین چی لە گایەکە بکەین.
مـەشـەدی بابا هەر کـە ئەمـەی بیـسـت چووە قـەراخ ئەسـتـێـرەکـە و بە چێوەکـەی دەسـتی، خۆی خـەریکی

دەرهێنانی لاشەی مریشکە مردارەوە بووەکە کرد.

(٣)

ئیسلام و کوێخا و عەباس و قژسوور کەوتنە دوای مەشەدی تووبا و چوونە ماڵی مەشەدی حەسەن. لیزگی هەتاو لە کلاوڕۆژنەی بانەوە ئالا بووە کوڵەکەی نێو تەویلەکە و فانۆسێکی دووکەڵاوی و تەنافێکی چڵکنی ڕوون کردبووەوە گایەکەی مەشەدی حەسەن لە نێوە ڕاستی تەویلەکەدا کەوتبوو چوار پەلی وا درێژ کردبووەوە وەک بڵێی پیاوێکی ماندوو نووستووە. چاوە دروشت و نیوە ئاوەڵاکانی لە کونەکانی سووچی دیوارەکەی دەڕوانی. دەمی پڕ لە خوێن بوو. وەک تەنافێکیان گەڵاڵە کردبێ و لە گەروویان تەپاند بێ.

کوێخا چووە پێش و نوشتایەوەو لە چاوەکانی گایەکەی ڕوانی... دوای کوێخا ئیسلام و ئیسماعیل هاتنە پێش و لە تەنیشت گایەکە دانیشتن. سمایل بە چوکڵەیەک تەنافە خوێناوییەکەی نێو دەمی گایەکەی تێکدا. دەنگێکی خنکاو لە گەرووی گایەکەوە هاتەدەر و هێندێ لە خوێنەکە بە قوڵە قوڵ چووە خوارەوە.

مەشەدی تووبا گوتی:

– دەبینی کوێخا چ قوڕێ چووە بەسەرما... دەبینی سمایل؟ دەبینی مەشەدی ئیسلام.. ڕۆژە ڕەشیمان دەبینی؟

کوێخا گوتی:

– ئیتر خەم و خەفەت کەڵکی نییە. دەبێ چ بکەین؟

ئیسلام گوتی:

– ئیتر کار لە کارترازاوە. ئێستا دەبێ ئاگامان لە مەشەدی حەسەن بێ سەدەمەیەک لە خۆی نەدا.

سمایل کۆخەیەکی کرد و گوتی:

– مەشەدی حەسەن ئیتر نابێتەوە بە بەشەر .. لەمە زیاتر ناتوانی... ژنەکەی مەشەدی حەسەن دانیشت و پاڵی دا بە کۆڵەکەی گەورەکە و دەستی بەگریان کرد.

ئیسلام گەڕایەوەو بە سمایلی گوت:

– بە خوشکت بڵێ نەگری پێی بڵێ کارێکی وانەکا مەشەدی بزانێ.

سمایل لە بەرانبەر مەشەدی تووبا بە چیچکانەوە دانیشت. چەپۆخەکەی دەرهێنا و چاخی کردو گوتی:

– خوشکە، مەشەدی ئیسلام دەڵێ مەگری. کوێخاش دەڵێ مەگری.. هانێ قومێک لەو چەپۆخەدە با حاڵت باش بێ.

مەشەدی تووبا قوڵپەی گریانەکەی خواردەوەو چەپۆخەکەی وەرگرت. سمایل گەڕایەوە بۆ لای پیاوەکان.

کوێخا دەورێ لاشەکەی داوەو گوتی:

– بریا چەند کەسێکمان لەگەڵ بایە.

ئیسلام گوتی:

– دەتانەوێ بیبەنە کوێ؟

سمایل گوتی:

– کەوڵی دەکەین دوایی دەیبەین.

ئیسلام گوتی:

– پێش هەموو شتێ بڵێین بزانم مەشەدی حەسەن کەی دەگەڕێتەوە.

ژنەکەی مەشەدی حەسەن لەگەڵ قوڵپەی گریاندا گوتی:

– ئەوڕۆ دێتەوە. ئەوڕۆ حەتمەن دێتەوە.

ئیسلام لە پاڵ دیوارەکەدا، دانیشت و کلاوەکەی لەسەر داگرت و دەستێکی هێنا بەسەریدا و گوتی:

– کەوڵی ناکەین مەشەدی حەسەن لە پڕ بگاتەوە، پیس دەقەومێ.

سمایل گوتی:

– وایە. ڕاستە.

قژ سوور هات و لای پیاوەکانەوە ڕاوەستاو گوتی:

– دەیبەین لە دۆڵ فڕەی دەدەین.

ئیسلام گوتی:

– باش نییە دەچێ دەیدۆزێتەوە.

کوێخا دوای کۆخەیەک گوتی:

– وایە، مەشەدی ئیسلام هەموو ڕۆژێ لە دۆڵەوە دەچێ بۆ مەزرا.

ئیسلام و سمایل پێکەوە گوتیان:

نا نایبەینە ئەوێ.

کوێخا دیسان کۆخی و گوتی:

– بە عەرەبانە دەیبەن و دەیخەینە دۆڵی شۆڕ.

ئیسلام کلاوەکەی جێبەجێ کردو گوتی:

– دۆڵی شۆڕ؟ یانی دەڵێ بیبەینە ئەوێندەرێ؟

کوێخا گوتی:

– با، بیبەینە ئەوێندەرێ.

ئیسلام نەختێ چووە نێو فیکر و گوتی:

– نا کوێخا نایبەینە دۆڵە شۆڕ...چونکە مقۆ مقۆ دەکەوێتە نێو خەڵک خەبەرەکە دەگاتە گوێی مەشەدی حەسەن.

کوێخا گوتی:

– ئەی چ بکەین؟

ئیسلام هەستا. ئاجورەکانی کونی دیواری تەویلەکەی لابرد، تاو کەوتە نێو تەویلە و ئاخوڕ و لاشەی گایەکەی

ڕوون کردەوە. ژنەکەی مەشەدی حەسەن چارشێوەکەی توند بەخۆوە پێچا و کۆخی.
ئیسلام گوتی:
- مەشەدی خانم، بیرەکەتان لە کوێیە؟
ژنەکەی مەشەدی گوتی:
- لەو گۆشەیە ئاماژەی بۆ بەر ئاخوڕەکە کرد.
ئیسلام گوتی:
- زۆرباشە، دەیهاوینە نێو بیرەکەوە. هەستا و کلاوەکەی داگرت و لەسەر ئاخوڕەکەی دانا...
پیاوەکانیش هەستان.
ئیسلام ڕووی کردە قژ سوور و گوتی:
- ڕاکە بڕۆ بێڵ و قوڵەنگەکەی ماڵی کوێخا بێنە.
قژ سوور وەک با تێی تەقاند. پیاوەکان کلاوەکانیان لەسەر ئاخوڕەکە دانا. هاتن و لاشەی گایەکەیان دەورەدا... شتێک لە گەرووی گایەکەدا فیتۆکەی لێدەدا. کە باش سەرنجیان دا، تەنافە خوێناوییەکانیان دیت کە دیسان هاتوونە سەرو دەمی گایەکەیان پڕ کردبووەوە.

(٤)

خاکی سەر بیرەکەیان هەڵدا‌وە. ئیسلام بەردێکی هاوێشتە نێو بیرەکە و هەموو گوێچکەیان شل کرد. دوایی هەستان و گەڕانەوە بۆ لای گایەکە. ئیسمایل پرسی:
- داخوا زۆرمان پێ دەشکێ هەڵیگرین.
ئیسلام گوتی:
- هەڵیناگرین. کێشی دەکەین تا لای بیرەکە.
هەر پێنج کەسیان قاچ و کلکی لاشەی گایەکەیان گرت و بە ڕاکێشان بردیانە لێوار بیرەکە. ئیسلام و سمایل لەمبەر و کوێخا و قژ سوور و عەباس لەوبەر بیرەکەوە ڕاوەستان. قاچەکان و کلکی لاشەکەیان خستە سەر بیرەکە.
ئیسلام گوتی:
- ئێوە ئاگاتان بێ، من و سمایل لەسەرەوە پاڵی پێوە دەنێین.
کوێخا و لاوی قژ سوور دانیشتن و پێیان نایە سەر کەلاکەی لاشەکە و چاوەڕوان مان. ئیسلام و سمایل چوونە سەر و لاشەکەیان بەرەو نێو بیرەکە پاڵ پێوەنا. سمایل گوتی.
- ئاگاتان بێ کەوشەکانتان نەکەوێتە نێو بیرەکە.
ئیسلام گوتی:
- ئاگاتان لە خۆتان بێ نەکەونە نێو بیرەکە.
کوێخا و عەباس و قژ سوور ترسان و نەختێ کشانە دواوە.. لاشەکە هێندێ تر ڕۆچوو. هەموو بەپێ کەپەڵ و کەلاکەیان فشار دەدا. سەر ئەنجام لاشەی گایەکە لە حاڵێکدا دەستەکانی بەرەو ئاسمان هەڵبڕا بوون، بەچاوە نیوە ئاوەڵاکانییەوە ڕۆچووە نێو بیرەکە و هەر پێنج پیاوەکە لە لێو بیرەکە نوشتانەوە، هەمهەیەک لە نێو تاریکیدا دەبیسترا سەرئەنجام دەنگێ وەک دەنگی ڕووخان هات وەک بڵێی سەر خیگەیەک بکرێتەوە.. ڕژاو ڕژاو تەواو بوو.

(٥)

کاتێ مەشەدی حەسەن هاتە ماڵەوە، عەباس و خوشکی لەلای مەشەدی تووبا دانیشتبوون و سەر قاڵی قسە و باس بوون. مەشەدی حەسەن خورجەکەی لەبەر پەنجەرەکە دانا و کەوشەکانی دەرهێنا و لەگەڵ عەباس چاکوچۆنی کردو بە ژنەکەی گوت:
- ئەرێ ئاوت بە گاکە داوە؟
مەشەدی تووبا وەڵامی نەدایەوە. مەشەدی حەسەن گوتی:
- ئەگەر ڕۆژێ خۆم لەم کاولبووە نەبم ئەو بێ زمانە لە تینوویەتی دەمرێ.
دەستی دایە سەتڵی سەر سەکۆکە و بەڕاکردن چووە دەرەوەو لە ئەستێرەکە سەتڵەکەی پڕ کرد. ئیسلام داشقەکەی شووشتبوو و خەریک قایم کردنی ملبەندەکان بوو کە چاوی بەمەشەدی حەسەن کەوت بەدەنگی بەرز سڵاوی لێ کرد و گوتی:
- مەشەدی حەسەن ئەوە کەی هاتییەوە؟
مەشەدی حەسەن گوتی:
- هەر ئێستا هاتمەوە ئەو ژنە نەفامە ئاوی بە گایەکە نەداوە حەیوانی خودا، خەریکە لە تینوویەتی دەمرێ.
ئیسلام بەرەو لای مەشەدی حەسەن هات و پرسی:
- ئاوی بەگایەکە نەداوە؟
مەشەدی حەسەن گوتی:
- ئا، خەریکە دەمرێ.
ئیسلام گوتی:
- تۆ گایەکەت دیت؟
مەشەدی حەسەن گوتی:
- نا، نەمدیتووە، بەڵام دەزانم لە چ حاڵ و ڕۆژێکدایە.
ئیسلام گوتی:
- مەگەر پێی نەگوتی؟

مەشەدی حەسەن سەتڵەکەی لە ئاوی ئەستێر پڕ کردو گوتی:
- چی پێ نەگوتم؟
ئیسلام دوای کۆخەیەک گوتی:
- ئاخر مەشەدی سمایل چووە بەدوایدا.
مەشەدی حەسەن گوتی:
- بەدوای کێ چووە سمایل؟
وە بە پەلە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ. ئیسلام لە حاڵێکدا شان بەشانی مەشەدی حەسەن هەنگاوی هەڵدەگرت گوتی:
- بەدوای گایەکە. مەگەر پێی نەگوتی دوێنێ شەوێ ڕای کردووە.
مەشەدی حەسەن بە واق وڕماوی ڕاوەستاو پرسی:
- کێ ڕای کردووە؟
ئیسلام گوتی:
- چ نەبووە. حەتمەن لەم دەوروبەرانەیە... هەر جۆرێ بێ دەیدۆزنەوە.
مەشەدی حەسەن پرسی:
- کێ ڕای کردووە؟ سمایل؟
ئیسلام گوتی:
- نا، گایەکە، گایەکە هەڵاتووە.
مەشەدی حەسەن پای بۆ هەڵگرت و بەڕاکردن بەرەو ماڵ بووەوە... بەدەم ڕاکردنەوە ئاو لە سەتڵەکە دەپرژاو دەرپاچەی پاتۆڵەکەی تەڕ دەکرد و بەردەوام هاواری دەکرد:
- درۆیە... گایەکەم دەرناچێ.. گایەکەی من هەڵنایە.. درۆ دەکەی.
ئیسلام گوتی:
- دەیدۆزنەوە. دەیدۆزنەوە... ئەو شەو، هەر ئەو شەو دەیدۆزنەوە.
کاتێ گەیشتنە لای تەویلەکە، مەشەدی حەسەن ڕاوەستا و سەتڵە ئاوەکەی دانا. چەند ساتێ چوو دەفیکرەوە. دەستێکی بە دەرپاچەی پاتۆڵەکەیدا هێنا... چاوەکانی نووقاندو دەرکەی تەویلەکەی کردەوەو بۆنی نێو تەویلەکەی کرد و گوتی:
- دەرنەچووە... بەخودا دەرنەچووە... لێرەیە... لێرەیە.
ئیسلام گوتی:
- وایە مەشەدی حەسەن خۆت سەخڵەت مەکە.. گایەکە دەرنەچووە.
مەشەدی حەسەن پاڵی دا بەدەرکەی تەویلەکەوەو گوتی:
- هەر لێرەیە.. بۆنی دەبیسم.. مەشەدی ئیسلام ناتەوێ ئەو ئاوەی پێ بدەی؟
ئیسلام گوتی:
- ئەی چۆن، هەر ئێستا دەیدەمێ.
سەتڵەکەی هەڵگرت و چووە نێو تەویلەکە. مەشەدی حەسەن هەروا ڕاوەستا بوو و نەدەوێرا بۆ ناو تەویلە بڕوانێ.. دەنگی پێی ئیسلامی بیست کە چووە بەر ئاخوڕەکەو دەنگی گایەکەی بیست کە قەپۆزی بردە نێو سەتڵی ئاوەکە. کاتێ ئیسلام هاتە دەرەوە، مەشەدی حەسەن هەروا پاڵی بەدەرکەکەوە دا بوو و لە خۆشحاڵیدا دەگریا.

(٦)

لای ئێوارە، ئیسلام و کوێخا و قڕ سوور و مەشەدی جەبار و عەباس هاتن بۆ بەر ماڵی مەشەدی حەسەن پاپاخ و بزنە ڕەشەکەی ئیسلامیش لە پێشەوەی هەموان. مەشەدی تووبا کاتێ جەماعەتەکەی بینی بە پێخاوەسی ڕای کردە دەرەوە.
ئیسلام گوتی:
- هاتووین چاومان بە مەشەدی حەسەن بکەوێ. حاڵی باشە؟
مەشەدی تووبا هاتە پێشتر و ئاماژەی کرد کە هێواشتر قسە بکەن.
ئیسلام دیسان پرسیاری کرد:
- لە چیدایە؟ چی دەکا؟
مەشەدی تووبا گوتی:
- هیچ، دەڵێ گایەکەی هەڵنەهاتووە.. دەڵێ گایەکەی من قەت هەڵنایێ هەر لێرەیە، درۆم لەگەڵ دەکەن.
کوێخا گوتی:
- نەچووەتە نێو تەویلە؟
مەشەدی تووبا گوتی:
- نا، نەچووە، ئەوەتە، لەسەربانی تەویلە دانیشتووە.. نایبینێ؟
پیاوەکان بۆ سەربانی تەویلەیان ڕوانی. مەشەدی حەسەن دانیشتبوو و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو.
ئیسلام گوتی:
- باشە ئێستا چ بکەین؟
کوێخا گوتی:
- بچین قسەی لەگەڵ بکەین.
ئیسلام گوتی:

- پێی بڵێین گایەکەی لەوێ نییە.

مەشەدی تووبا گوتی:

- هەروا لەوێ دانیشتووە هەر پێدەکەنێ و دەگری و دەڵێ گایەکەم هەر لێرەیە.. درۆم لەگەڵ دەکەن.

جەماعەت هاتنە نێو حەوشە و چوونە سەر کۆگای خاکی بەر تەویلەکە، ریزیان بەست و لە کەڵکە پاسارەکەوە سەریان بەرز کردەوە. مەشەدی حەسەن ئاوڕی دایەوە کاتێ ریزی سەری پیاوەکانی دیت یەکەم جار ترسا، بەڵام کە باش لێیان ورد بووەوە، نەختێ خزایە پێش و چوار مەشقی دانیشت و گوتی:

- مەشەدی ئیسلام. زۆر خراپی چ دوژمنایەتییەکت لەگەڵ من هەیە. بۆ درۆم لەگەڵ دەکەی؟

ڕووی کردە کوێخا و گوتی:

- کوێخا پێی بڵێ مەگین باوکیم کوشتووە..! لێی بپرسە.. لە مەشەدی ئیسلام بپرسە نیوەڕۆ ئەو درۆیەی بۆ لەگەڵم کرد.. خۆ من خراپییەکم بۆ نەبووە.. لە لای ئەستێرەکە پێی گوتم گایەکەم هەڵاتووە.. من دەزانم درۆ دەکا.. دەیەوێ بمترسێنێ.. ئاخر گای من چۆن هەڵدێ.. بۆ کوێ هەڵدێ.

کوێخا گوتی:

- مەشەدی حەسەن، دەزانی. مەشەدی ئیسلام دوژمنی تۆ نییە. دوژمنایەتی لەگەڵ کەس ناکات.. ڕاستی پێ گوتوی.. گایەکەت هەڵاتووە.. ئەی بۆ ناپرسی کوانێ گایەکە، ئەی بۆ ناپرسی مەشەدی سمایل لە کوێیە؟

مەشەدی جەبار گوتی:

- ئەرێ... مەشەدی سمایل چووە گایەکە بدۆزێتەوە.

عەباس گوتی:

- وایە.. ئەگەر بڕواناکەی هەستە هەمـوو ئاوایی بگەڕێ، بزانە مەشەدی سمایل دەدۆزیبیەوە.

قژ سوور گوتی:

- مەشەدی سمایل چووە بە دوای گایەکەتدا.

مەشەدی تووبا لە نێو حەوشەدا دەستی بەگریان کرد.

مەشەدی حەسەن بە ترسەوە کشایە دواوەو گوتی:

- درۆیە گایەکەی من لێرەیە.. من بۆنی دەبیسم نەچووەتە دەرەوە.

ئیسلام گوتی:

- باشە ئێستاکە لێرەیە بۆچی ناچی بۆ لای؟

کوێخا کۆخەیەکی کرد و گوتی:

- مەشەدی ئیسلام ڕاست دەکا، بۆچی ناچی بۆ لای؟

قژ سوور گوتی:

- برۆ بۆ لای.

مەشەدی جەبار گوتی:

- مەشەدی حەسەن بچۆ بۆ لای گایەکەت.

عەباس گوتی:

- دەبڕۆ دەی. بۆ لێرە دانیشتووی؟

مەشەدی حەسەن هێندەی تر کشایە دواوەو لەوبەر کونی سەربانەکەوە دانیشت و گوتی:

- ناچمە خوارەوە، هەر لێرە دادەنیشم.

کوێخا پرسی:

- بۆ ناچیتە خوارەوە!

مەشەدی حەسەن گوتی:

- دەترسم ئەگەر بچمە خوارو...

مەشەدی جەبار قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- وا بزانی گایەکەت نییە..

مەشەدی حەسەن نەڕاندی:

- هەیە.. دەزانم.. دەزانم.

عەباس پرسی:

- دەی ئەگەر وایە بۆ لێرە دانیشتووی؟

مەشەدی حەسەن بە پەشۆکاوی گوتی:

- هیچ... هەروا دانیشتووم و بۆ ئەوە دەڕوانم لە «پووروس»ەوە خەریکە هەڵدێ.

ڕیزە سەری پیاوەکان وەرچەرخان و بۆ مانگیان ڕوانی کە وەک کۆلارەیەکی زێڕین لە پووروسەوە سەری هەڵدەدا.

مەشەدی حەسەن بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئا.. من لێرەم، بڕۆن، بڕۆنە لای کارتانەوە. من لێرەم و چاوەڕوانم مانگ هەڵبێ و جا ئەوسا بڕۆمە خوارو ئاوی بدەمێ.. بڕۆن.. دەبڕۆن دەی.

ڕیزە سەری لە گوێسوانەی بانەکەوە، چوونە خوار و هەمدیسان مەشەدی تووبا دای لە پڕمەی گریان.

(٧)

سەرانسەری شەو، گایەکی تازە نەفەس، بە نێو کۆڵانەکانی بەیەلدا دەگەڕاو دەیقۆڕاند.

عەباس و خوشکی و ئیسمایل کە لە ماڵی ئەواندا خۆی شارد بۆوە. سەریان لە دەلاقە دەرهێنا بوو و لە ئەستێرەکە و تاپۆی زەلامێ کە بە نێو کۆڵانەکاندا ڕای دەکرد و وەک گا دەیقۆڕاندا، دەڕوانی. بە یەلییەکانی دیکەش هەر هەمـوو لە دەلاقە و پەنجەرەکانیانەوە بۆ ئەستێرەکەیان دەڕوانی و تاپۆیەکی چکۆلە کە لەسەر ئاوەکە دەگەڕا.

کاتێ وڵات ڕوون بۆوە، مەشەدی حەسەن شەلاڵی ئارەق و لە حاڵێکدا دەیقۆڕاند بەڕاکردن بەرەو ماڵ بۆوە و

یەکـراست خـۆی کـرد بە تەویلەدا و لەپاڵ ئاخـوڕەکـەدا وەسـتـا. مـەشـەدی تـووبا پەنجـەرەکـەی کـردەوە و چووە سـەربانی تەویلەو لە کـونەکـەوە بۆ ناو تەویلەی ڕوانی. مـەشـەدی حـەسـەنی بینی کـەسـەری بەناو ئالیکی ئاخـوڕەکـەدا کـردووە... پێی بەعـەردا دەکـوتی و دەقـۆڕێنێ.. وەک قـۆڕەی گـایەکـەیان کـاتێ مـەشـەدی حەسەن لە مەزرا دەیهێناوە.

(٨)

ئیسـلام و کـوێخـا و عـەباس و مـەشـەدی جـەبار و قـژ سوور هاتن بۆ ماڵ مەشەدی حەسەن پاپاخیش بەدوایاندا هات. مەشەدی تووبا هەر کە جەماعەتی بینی دەرکەکەی نیوە ئاوەڵە کردو گوتی:

– چووەتە نێو تەویلە و وەکو گا دەقۆڕێنێ.

کوێخا گوتی:

– خوا خۆی ڕەحمی پێ بکات.

عەباس گوتی:

– با بچین بزانین چ دەکات؟

ئیسلام گوتی:

– حـەقـیـە باوکم. بەخـوا هەرکـاری بکا حـەقـیـە.. مەشەدی حەسەن ئیتر نابووت بووە.

ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن دەسـتی بەگـریان کـرد. پیـاوەکـان چوون ولەبەر دەلاقـەی تەویلەکـە کـۆبوونەوەو لەمەشەدی حەسەنیان ڕوانی کە لەسەر بیرەکە ڕاوەستابوو وسەری کردبۆوە نێو ئاخوڕەکە وپێی لەعەرد دەکوتا.

کوێخا گوتی:

– مەشەدی. مەشەدی حەسەن، بڕوانە بزانە چی دەڵێم.

عەباس گوتی:

– بڕوانە مـەشـەدی. کـوێخـا دەڵێ گـایەکـەت دۆزراوەتەوە.

ئیسلام گوتی:

– مەشەدی حەسەن. کوێخا دەڵێ سمایل گەڕاوەتەوەو گـایەکـەتی دۆزیوەتەوە. مـەشـەدی حـەسـەن سـەری لەنێـو ئاخـوڕەکـە بەرزکـردەوە. دەمـوچاوی خـوێناوی بوو و چاوەکـانی دەرپەڕیبـوون.. دەمی پڕبوو لە ئالیـک و دەیجوی. لە پیاوەکانی ڕوانی لەناو گەروویەوە قۆڕەیەکی کردو دیسان سەری کردەوە نێو ئاخوڕەکەوە.

عەباس گوتی:

– بەمجۆرە قسەی لەگەڵ ناکرێ.

کوێخا کۆخەیەکی کردو گوتی:

– پێت وانییە حاڵی گۆڕابێ مەشەدی ئیسلام.

عەباس گوتی:

– بۆ وای لێ هاتووە مەشەدی ئیسلام؟

ئیسلام نەختێ فیکری کردەوەو گوتی:

– دەترسم مـەشـەدی حەسەن شتێکی لێ بێ. خەریکە دەبێ بەگا.

قژ سوور ترساو چەند هەنگاو کشایە دواوە و پرسی:

– گا؟

ئیسلام گوتی:

– بەڵێ، گا!

کوێخا گوتی:

– ئێستا دەبێ چ بکەین؟

ئیسلام گوتی:

– هیچ، بـابچـینە ژوورەوە، ڕەنگە بتـوانین چارێکی بکەین.

عەباس ڕووی لە قژ سوورکردو گوتی:

– مـەترسە، مـەشـەدی حـەسـەنی خۆمـانە.. هێشـتا هەر خۆیە.. وەرە ژوورەوە.

ئیسلام دەرکەی تەویلەکەی کردەوە. پیاوەکان یەکەیەکە چوونە ژوورەوە و ژنەکـەی مـەشـەدی حـەسـەن چووە سـەربان و دانیشت و لە کونەکەوە چاوی بڕیبە پیاوەکان کە بەڕیز لە پاڵ کـۆڵەکـەی تەویلەکـەو بەرانبـەر مـەشـەدی حـەسـەن ڕاوەسـتـابوون. خـوشکی عـەباس گـەنمی پاک دەکـردو ئیسمایل لە بەرپەنجەرە دانیشتبوو و لە خوشکی دەڕوانی و چاوەڕوانی گەڕانەوەی پیاوەکان بوو. خوشکی عـەباس گوتی:

– پێت وایە چاک دەبێتەوە؟

ئیسمایل گوتی:

– خوا خۆی دەزانێ، بەڵام مـەشـەدی حـەسـەن گایەکـەی زیاتر لە خوشکم خۆشدەویست.

(٩)

خوشکی عەباس گوتی:

– بەیەلییەکان هەموویان هەر وان.

ئیسمایل گوتی:

– دەڵێم با ئیـتـر بڕۆم، مـەشـەدی حـەسـەن ئیـتـر نایەتە دەرەوە من ببینێ.

خوشکی عەباس گوتی:

– ئێستا شلە لێدەنێم.. دانیشە بخوەو بڕۆ.

ئیسمایل گوتی:

– ئەی ئەگەر شلە نەخۆم ناهێڵی بڕۆم؟

خوشکی عەباس گوتی:

– شلەکەت بخۆ تا بێڵم بڕۆی.
ئیسمایل هیچی نەگوت وپێکەنی و خوشکی (عەباس)یش هیچی نەگوت. کاتێ گەنمەکەی پاک کردو هەستا بچێ، گوتی:
– مەشەدی سمایل. بۆچی ژن ناهێنی. قژت سپی بووە.
ئیسمایل گوتی:
– سەبرت هەبێ. هەر لەم ڕۆژانە مەشەدی تووبا دەنێرمە خوازبێنیت.
خوشکی عەباس ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو پێکەنی وگوتی:
– خۆ شلەت پێ خۆشە... نا.. ئەی هێلکە؟!

(١٠)

مەشەدی حەسەن سەری وەرگەڕاند و لە پیاوەکانی ڕوانی کە بەڕیز لە پاڵ کوڵەکەی تەویلەکەدا ڕاوەستابوون چەند چڵە ئالیک بەدەم و لەوییەوە ئاوێزان بوو. ئیسلام کۆخەیەکی کرد و گوتی:
– مەشەدی حەسەن سەلامون عەلیک. هاتووین بزانین حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟
مەشەدی حەسەن بەدەم کاوێژ کردنەوە گوتی:
– من مەشەدی حەسەن نیم. من گام. من گای مەشەدی حەسەنم.
قژ سوور لە ترسان هەنگاوی کشایەوە. کوێخا گوتی:
– لەم قسانە مەکە مەشەدی حەسەن تۆ خۆت مەشەدی حەسەنی.
مەشەدی حەسەن دەستی کردە سمکۆڵان و گوتی:
– نا، من نیم. من گای مەشەدی حەسەنم.
مەشەدی جەبار گوتی:
– مەشەدی حەسەن وا مەڵێ. ئەگەر «پووروسی» یەکان بزانن دێن دەتدزن.
عەباس و کوێخا پێکەنین. ئیسلام مۆڕەیەکی لێیان کرد. قژ سوور خۆی لە پشت ئیسلامەوە شاردەوە.
مەشەدی حەسەن هەروا کە کاوێژی دەکرد گوتی:
– نا، پووروسیەکان ناتوانن بێنە ئێرە. مەشەدی حەسەن لەو سەربانە دانیشتووە و ئاگای لەمنە.
کوێخا گوتی:
– مەشەدی حەسەن بیکە بەخاتر خودا دەست هەڵگرە.. ئاخر ئەمە چ گرفتارییەکە بۆ بەیەلت دروست کردووە. تۆ گانیت. تۆ مەشەدی حەسەنی.

مەشەدی حەسەن پێی لەعەرد کوتا وگوتی:
– نا، من مەشەدی حەسەن نیم. مەشەدی حەسەن چووە بۆ سەید ئاوا. من گای مەشەدی حەسەنم.
کوێخا گوتی: لاالە الا اللە! ئاخر تۆ چلۆن گایەکی.. ئەگەر گایت، ئەی کوا کلکت!؟
مەشەدی لەپڕ، بەناو تەویلەکەدا دەستی بەڕاکردن کرد. هەرچەند هەنگاوێک کەللەی خۆی لە دیوار دەکوتاو دەیبیۆڕاند.. ماندوو بوو، لەسەر بیرەکەو بەر ئاخوڕەکە ڕاوەستا و سەری کردە نێو ئالیکی ئاخوڕەکە.. دوای هێندێ بەدەنگێکی کزو نزم گوتی:
– مەگین کلکم نەبێ نابم بەگا؟ مەگین بەبێ کلک قوبووڵم ناکەن؟ ها..؟
دەستی کردەوە بەسمکۆڵان. ئیسلام گوتی:
– گوێ بگرە گایەکەی مەشەدی حەسەن! گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم. دوێنێ بەیانی ژنەکەی مەشەدی حەسەن هاتە قەراخ ئەستێرەکەو دەستی بەگریان کردو گوتی گایەکەی مەشەدی حەسەن مردارەوە بووە. من و کوێخا وسمایل و عەباس وقژ سوور هاتین ئەو ژێر پێیەت، هەر ئەو جێگەیەی کە ڕاوەستاوی.. سەر بیرەکەمان هەڵدایەوە وگایەکەی مەشەدی حەسەنمان تێی هاویشت.
تۆ ئەگەر گاکەی مەشەدی حەسەنی، ئێستا دەبێ لەنێو ئەو بیرەبی.. ئەگەر نیت خودی مەشەدی حەسەنی وانییە؟
مەشەدی حەسەن دەستی کرد بە ڕاکردن بەناو تەویلەکەدا. ئەم جارە توندترو تووڕەتر.. هەرچی لە دەمیان بوو تفی کردەوە و نەڕاندی!... هۆ هۆ مەشەدی حەسەن.. هۆی مەشەدی حەسەن.
وەرە.. وەرە ئەم پووروسییانە دەرکە.. هاتوون من بدزن.. وەرە دەیانەوێ ببەن بۆ پووروس و لە نێو بیرم باوێن.. ئای مەشەدی حەسەن!.
ئیسلام گوتی:
– باشە، باشە، گایەکەی مەشەدی حەسەن ئەوە ئێمە دەڕۆین. ئێمە پووروسیشی نین من ئیسلامم، ئەمە کوێخایە.. ئەوانەش مەشەدی جەبار وعەباس وقژ سوورن.. خۆ بۆخۆت دەیانناسی.
ئێمە دەڕۆین.. تۆ لە تەویلەکەتدا بمێنەوە. هیچت ناوێ بۆت بێنم؟
مەشەدی حەسەن هێور بووەوە. خۆشحاڵ بوو و بەدەم کاوێژەوە گوتی:
– ئالیکم بۆ بێنە.. کاو یۆنجەم بۆ بێنە.. ئاوم بۆ بێنە،

ئاو، ئاو..
ئینجا دەستی کرد بە قۆڕاندن. وەک چۆن گای تینوو دەقۆڕێنێ.

(١١)

نیوەشەو سێ نەفەر «پووروسی» لە پووروس وەدەرکەوتن... تەناف لەپشت و خەنجەر لەکەمەر.

پووروسی یەکەم گوتی:

- بڕۆین بۆ کوێ.

پووروسی دووەم گوتی:

- بڕۆین بۆ بەیەل.

پووروسی سێیەم گوتی:

- ڕاست دەکا.. بڕۆین بۆ بەیەل.

پووروسی یەکەم پرسی:

- بچینە بەیەل چ بکەین. شتێکمان دەست دەکەوێ؟

پووروسی دووەم گوتی:

- لە خاتوون ئاباد دەیانگوت گایەکەی مەشەدی حەسەن مردارەوە بووە.

پووروسی یەکەم گوتی:

- دەی چی لێ بکەین؟

پووروسی دووەم گوتی:

- کەولّی دەکەین

پووروسی یەکەم گوتی:

- بۆ خۆیان نەیانکردووە؟

پووروسی دووەم گوتی:

- لە خاتوون ئاباد دەیانگوت کەولّیان نەکردووە ولاشەکەیان فڕێ داوە.

پووروسی یەکەم گوتی:

- کەوایە بازوو بچین نەکا جانەوەرێ خۆی پێ بگەیەنێ.

پووروسی دووەم گوتی:

- بڕۆین بگەڕێین و بیدۆزینەوە.

پووروسی سێیەم گوتی:

- لە «جامیشان» دەیانگوت لاشەی گایەکەیان لە تەویلە داناوە.

پووروسی یەکەم گوتی:

- چ لەوە باشتر. بابڕۆین..

پووروسی دووەم و سێیەم گوتیان- بڕۆین.

هەرسێکیان بە تەناف و خەنجەرەوەو بەلاڕێدا کەوتنەڕێ.

(١٢)

کاتێ پووروسییەکان گەیشتنە بەیەل، هەوا تاریکی تاریک بوو.. خەنجەرەکانیان دەرکێشاو لەقەراخی باخی ئەربابییەوە خزانە نێو ئاوایی. پاپاخ کە لەسەر دیواری باخ خەوتبوو، سەری هەلّبڕی و هەرکە تاپۆکانی دیت، نووزەیەکی کرد و لە دیوارەکەوە پەڕییە خوار و خۆی گەیاندە بەرماڵی ئیسلام و دەستی بەمڕەمڕو چنگەکرێ کرد. ئیسلام کە خەوی زڕابوو ولە کونی پەستووەکەوە بۆسەربانی ماڵە هاوسێیەکەی دەڕوانی، هەلّستاو هاتە بەرپەنجەرەکە. پاپاخ کلکی ڕاوەشاندو بێدەنگ بوو. ئیسلام خشەخشی پووروسییەکانی بیست و لەپشت پەنجەرەکەوە خۆی مەلاس دا. مەشەدی سەفەر سەری لە کونی سەربانەوە هەلّبڕی و بۆلای ئەستێرەکەی ڕوانی. خوشکی عەباس و ئیسمایل کە لە پشت دیوارێکەوە خۆیان شاردبووەوە، سەریان هەلّبڕی و پووروسییەکانیان بینی کە بەقەراخ ئەستێرەکەدا ڕادەبوورن.

ئیسمایل گوتی:

- دەیانبینی؟

خوشکی عەباس بەهێواشی پرسی:

- ئا، ئەوانە کێن؟

ئیسمایل تفەکەی قووت داو گوتی:

- پووروسییەکان... پووروسییەکانن.

خوشکی عەباس بەترسە گوتی:

- پووروسی؟.

بە کۆمەکۆم بە پەنا دیواردا هەلّات وخۆی گەیاندە ماڵەوەو عەباسی کە لەبەر پەنجەرەکەدا خەوتبوو، ڕاشەکاندو گوتی:

- عەباس، عەباس، پووروسییەکان ڕژاونەتە نێو ئاوایی.

عەباس هەلّستاو بۆ دەرەوەی ڕوانی. پووروسییەکان پێچانە نێو یەکەم کۆلّان. عەباس و ئیسمایل چێو بەدەست گەیشتنە نێو کۆلّان. ئیسلام و مەشەدی سەفەر تۆپز بەدەست هاتن. مەشەدی جەبار و مەشەدی باباش سەریان هەلّداو وەدوای پووروسییەکان کەوتن.

پووروسییەکان خەنجەر بەدەست گەیشتنە نزیک ماڵی مەشەدی حەسەن و ڕاوەستان.

پووروسی یەکەم گوتی:

- دەنگ دێ.

پووروسی دووەم گوتی:

با، دەنگی نەفەس نەفەسی گایە.

پووروسی سێیەم گوتی:

– دەی گایەکە زیندووە، نەمردووە.
پورووسی یەکەم گوتی:
– تەنافەکان بکەنەوە. دەمی دەبەستین و دەیکێشینە دەرەوە.
پورووسی دووەم وسێیەم تەنافەکانیان لەپشت کردەوە.
پورووسی یەکەم گوتی:
– ئێوە بچنە ماڵەوە، من لێرە ئاگام لێتانە.
خەنجەرەکەی هەڵکێشاو ڕاوەستا. پورووسی یەکەم و دووەم ئاوڕیان دایەوە. پیاوەکانیان دیت کە چێو و تۆپز بەدەست لە پشتیانەوە بەریز ڕاوەستاون... تەکانیان نەخواردومانەوە. پورووسی یەکەمیش خەنجەر بەدەست وەرچەرخا. ژنەکەی مەشەدی حەسەن کەلەسەربان خەوتبوو. لەخەو ڕاچڵەکاو دانیشت. مەشەدی حەسەن لەنێو تەویلەدا دەستی کرد بە بۆڕەو قۆڕە. بەیەلییەکان پەلاماری پورووسییەکانیان دا. پورووسییەکان خۆیان گەیاندە سەر کۆگای خاکی پشت تەویلەکە و لەوێوە پەڕینە سەربانی ماڵی مەشەدی حەسەن و پێش ئەوەی بەیەلییەکان بگەنە سەریان تەنافەکانیان فڕێ داو خەنجەرەکانیان هەڵکێشا. ئیسلام هاواری کرد:
– نەیەڵن دەرچن.
پیاوەکان بەهەراو هوورا هێرشیان هێنا. ژنەکەی مەشەدی حەسەن لەترسدا دەیقیژاند.
پێش ئەوەی پیاوەکان خۆیان بەسەر بانەکە بگەیەنن، پورووسییەکان بازیان دایە نێو باخی ئەربابی و کاتێ پیاوانی بەیەل گەیشتنە لای دیوارەکە پرووسییەکان وەک با، لە قەراخ بەیەلەوەو بە لاڕێدا خۆیان دەربازکردو لەچاو ون بوون. کوێخا بە لەنتەرێکەوە هاتە دەرەوەو پیاوانی بەیەلی لەسەر بانەکان دیت. بەپەلە هات و هەر کە ئیسلامی دۆزییەوە گوتی:
– چ باسە؟ چ بووە مەشەدی ئیسلام.
ئیسلام گوتی:
– هیچ، هیچ نەبووە.. پورووسییەکان هاتبوون مەشەدی ئیسلام بدزن.

(١٣)

خۆر لە دەروبانی دابوو. ئیسلام بە داشقەی پڕ لە یۆنجەوە، لە پشت باخی ئەربابییەوە سەری هەڵداو هات لە قەراخ ئەستێرەکەدا ڕاوەستا. خوشکی عەباس لەپاڵ بەردە ڕەشەکەدا، دانیشتبوو، کاسەو کەوچکی دەشووشت.. شنەبایەکی ئارام گەلای یۆنجەکانی دەلەراندەوە. ئیسلام سەتڵەکانی لە ژێر داشقەکە دەرهێناو پڕی کرد لە ئاو و لەبەردەم ئەسپەکەی دانا.
ئەسپەکە دەمی نایە نێو سەتڵەکە.
بزنە ڕەشەکەی ئیسلام سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێناو چاوێکی لە وڵات کردو دیسان سەری کێشایەوە.
ئیسلام سەتڵەکەی لە ژێر داشقەکە ئاوێزان کردو ئەمجار باوەشێ یۆنجەی تەڕی لە تەلیسێک ئاخنی بەرەو ماڵی مەشەدی حەسەن وەڕێ کەوت. ژنەکەی مەشەدی حەسەن لەسەربانی تەویلەکەیان دانیشتبوو، دەموچاوی داپۆشیبوو و خەو بردبوویەوە.
ئیسلام دەلاقەی تەویلەکەی کردەوە، یۆنجەکەی هاوێشتە نێو تەویلەو گەڕایەوە، دەنگی قۆڕەی گایەکەی مەشەدی بابا کە تازە لەخەو هەستابوو، دەبیسرا.

(١٤)

لای ئێوارە، ئیسلام بەداشقەی خاڵی لەپشت باخی ئەربابییەوە سەری هەڵداو لەقەراخ ئەستێرەکە ڕاوەستا. ژنان لەبەرانبەر ماڵی بابەعەلی دانیشتبوون و کوڕەکەی مەشەدی سەفەر بەچێوێکی درێژ لاشەی مریشکێکی لە ئەستێرەکە دەردەهێنا. ئیسلام داشقەکەی بردە بەرماڵی خۆیان. بزنە ڕەش هاتە دەرەوە وبۆ ئیسلام و داشقەکەی ڕوانی و چوو بەرەو لای ئەسپەکە. ئیسلام سەتڵەکەی لەژێر داشقەکە داگرت وچوو لە ئەستێرەکەی پڕکرد وخۆی گەیاندە ماڵی مەشەدی ئیسلام. ژنەکەی مەشەدی ئیسلام لەسەربانی تەویلە دانیشتبوو و هەر بە دانیشتنەوە دەموچاوی داپۆشیبوو و خەوتبوو.
ئیسلام دەرکەی تەویلەی کردەوەو چووە ژوورەوە، بایەکی ئارام وسارد دەهات. ناڵەی گایەکی ماندووی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە دەرەوە.

(١٥)

ئیسلام وکوێخاو مەشەدی جەبار وقژ سوور لەنێو گۆڕستان لەپاڵ شێرە بەردینە دانیشتبوون.
کوێخا گوتی:
– چی لێ بکەین؟
عەباس گوتی:
– بەڕاست دەبێ چ بکەین؟
مەشەدی جەبار گوتی:
– ئیتر قسەش ناکات.
ئیسلام گوتی:
– ئەگەر قسەشی لەگەڵ دەکەی، وەک گا دەقۆڕێنی.
قژسوور گوتی:
– چ زوو زمانی گا فێربووە!

کوێخا مۆڕەیەکی لێ کرد، قژسوور کشایە دواوە.
مەشەدی جەبار گوتی:
- بەردەوام یۆنجە و ئالیک دەخوات.
ئیسمایل گوتی:
- دەترسم دڵ و ڕیخوڵەکانی بریندار بێ.
کوێخا کۆخی وگوتی:
- ئێستا دەبێ چ بکەین... عەقڵمان کۆکەینەوە.
ئیسلام گوتی:
- ئەرێ، ئێستا دەبێ ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە.
کوێخا دوای کۆخەیەک گوتی:
-ڕێگە چارە چییە، مەشەدی ئیسلام؟
ئیسلام گوتی:
- بیبەین بۆ شار.
ئیسمایل گوتی:
- کەچی لێ بکەین؟
ئیسلام گوتی:
دەیبەینە نەخۆشخانە. خۆ ئێمە زۆرمان پێ ناشکێ، با ئەوان پێی بسەلمێنن کە گا نییە.
مەشەدی جەبار گوتی:
- بەچی بیبەین؟
ئیسلام گوتی:
- بەداشقە.
قژ سوور بەترسەوە گوتی:
- سوار داشقەنابێ، تاکو گا سەرنەبڕی، ناتوانی سواری داشقەی بکەی.
ئیسلام بەقژسووری گوت:
- ئەگەر سواری داشقە نەبوو ئەوسا بەپێیان دەیبەین.
مەشەدی جەبار گوتی:
- ئێستە هاتوو بردمانە شارو نەخۆشخانە گلی نەدایەوە.
ئیسمایل بە پێکەنینەوە گوتی:
- بەڕاستی هاتو وتیان ئێمە گا قەبووڵ ناکەین ئەوسا چی لێ بکەین؟
کوێخا بەتوندی گوتی: ئیسلام باشتر دەزانێ.. هەرچی بڵێ وا دەکەین.
مەشەدی جەبار کۆخی وگوتی:
- ئەگەر گلیان نەدایەوە دەیهێنینەوە.
کوێخا گوتی:
دەی چ بکەین مەشەدی ئیسلام؟
ئیسلام گوتی:
- بەسێ کەسی دەیبەین.

کوێخا گوتی:
-کام سێ کەس؟
ئیسلام گوتی:
- مەشەدی بابا، نێوانی لەگەڵ نییە. ئەو نابێ بێت.
کوێخا گوتی:
- مەشەدی بابا نایەت.
ئیسلام گوتی:
- کوڕی مەشەدی سەفەریش نایەت.
عەباس گوتی:
- ئەی کێ و کێ دەیبەن؟
کوێخا گوتی:
- ئەوە من دێم، ئەی تۆ مەشەدی جەبار؟
مەشەدی جەبارگوتی:
- منیش دێم. با ژنەکەی مەشەدی حەسەن بچێتە ماڵی ئێمە خێزانم تەنیا نەبێ.
کوێخا گوتی:
- زۆرباشە.
ئیسلام گوتی:
- هەڵسین بڕۆین سێ ڕشتە تەناف پەیداکەین.. کە هەوا لێڵ بوو دەچێتە سەر وەختییەوە.
کوێخا گوتی:
- زۆرباشە، کاتی تاریکی کرد. دێن بۆ بەرتەویلەکە.
مەشەدی جەبار کۆخەیەکی کردو هەستا. ئەوانی دیکەش هەستان.. هێشتا خۆر بەدەرو بانەوەبوو. زۆر مابوو بە ئێوارە.

(١٦)

کاتی تاریکی داهات. سێ پیاوە بەیەلییەکان. لەماڵی خۆیان وەدەرکەوتن. هەریەکەو تەنافێکیان خستبووە سەرشان و توێشەوەری نانیان لە ژێر هەنگەڵ. لەبەرماڵی مەشەدی حەسەن گەیشتنە یەک.
ئیسلام گوتی:
- هاتن؟
کوێخا گوتی:
- ئەرێ... هاتین.
مەشەدی جەبار گوتی:
- ئەوا منیش هاتووم.
ئیسلام لەمەشەدی جەباری پرسی:
- بە ژنەکەیت گوتووە؟
مەشەدی جەبار گوتی:
- با، قەرارمان دانا، هەر کە ئێمە مەشەدی حەسەنمان

برد ئەویش بچێ بۆ ماڵی ئێمە.
ئیسلام گوتی:
– کەوایە هەموو شتێ ئامادەیە.
ژنەکەی مەشەدی حەسەن پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوەو هاتە سەربانی تەویلەو فانۆسێکی هەڵکراوەشی لەگەڵ خۆ هێنا.
کوێخا بە دەنگێکی بەرز گوتی:
– ئێمە مەشەدی دەبەین بۆ شار.
ژنەکەی مەشەدی حەسەن دایە پرمەی گریان و لەسەربانەکە دانیشت.
ئیسلام گوتی:
– بابچینە ژوورەوە.
مەشەدی جەبار دەرکەی تەویلەکەی کردەوە. هەرسێکیان بە هێوری چوونە ژوورەوە، ژنەکەی مەشەدی حەسەن لەنتەرەکەی لە کونی تەویلەکەوە شۆڕکردەوە. لەبەرتیشکی لەنتەرەکە مەشەدی حەسەنیان دیت کە لەپاڵ ئاخورەکەدا خەوتووە.

(١٧)

لەنێو دۆڵە تاریکەکەدا، سێ پیاو، گایەکیان تەناف پێچ کردبوو و بە ڕاکێش ڕاکێش بەرەو لای جادەکەیان دەبرد.. یەک لەپیاوەکان لەپێشەوە تەنافەکەی دەکێشاو دوو پیاوی دیکە پاڵیان پێوەدەنا.
گایەکە سەرەڕای جەستەی لاوازی، پێی لەعەرد دەچەقاند و پیاوەکانی ماندوو دەکرد. سێ پیاوی پورووسی. خەنجەر بەدەست لەسەر لووتکەی کێوەکە، ئەوانیان لەنێو دۆڵەکەدا گرتبووە ژێر چاودێری.

(١٨)

لای ئێوارە، کوێخاو ئیسلام و مەشەدی جەبار گەڕانەوە بۆ بەیەل... لە ئاواییەوە دەنگی دەنگی دایەرە دەهات. پیاوانی (بەیەل)، لە قەراخ ئەستێرەکە دانیشتبوون و چەپۆخیان دەکێشا.
مەشەدی بابا کاتێ ئەوانی بینی، هەڵستاو بەپیریانەوە هات و بەئیسلامی گوت:
– لە کوێیت مەشەدی ئیسلام، ڕاکە سازەکەت هەڵگرەو بچۆ بۆ ماڵە عەباس.
ئیسلام گوتی:
– بچم چی بکەم؟
مەشەدی باباگوتی:
– زەماوەندی مەشەدی سمایل و خوشکی عەباسە.

ئیسلام گوتی:
– من ئیشم هەیە، ماندووم.
مەشەدی بابا بەسەر سوڕماوی گوتی:
– چی؟ ساز لێنادەی.. دەزانی سازلێدان بۆ بووک و زاوا خۆشبەختی دێنێ؟
ئیسلام گوتی:
– دەزانم، بەڵام ساز لێنادەم.
مەشەدی بابا بەسەر سوڕماوی زیاترەوە گوتی:
– مەشەدی حەسەنتان چی لێ کرد؟
ئیسلام گوتی:
هیچ لەڕێگەی شاردا...
قسەکەی تەواو نەکرد وخۆی بەماڵدا کرد و بۆی ڕاکشاو لە دەلاقەی ژوورەکەوە چاوی مولەق بووە سەربانی هاوسێ ماڵی بزنە ڕەش هاتە نێو ژوورەکە... نەختێ لە ئیسلامی ڕوانی و لە پەنجەرەکەوە چووە دەرەوە. پاپاخ کە لەژێر سێبەری دارەبییەکە ڕاکشابوو هەڵستا و هەردووکیان بەناو جەماعەتەکەدا ڕەت بوون و چوونە نێو یەکەم کۆڵان کە بێدەنگ و چۆڵ بوو. تەنیا دەنگی گریانی ژنەکەی مەشەدی حەسەن دەبیسرا، کە بەتەنیا لەگەڵ فانۆسە هەڵکراوەکەیدا لەسەربانی تەویلەکە هەڵتووتابوو. دەنگی چەپڵە ڕێزان و دایەرە نزیک و نزیکتر دەبوو و تۆڕەی خەمناکی گایەک لەنێو تەویلەکە دەهات.

**تێبینی:**
**ئەم چیرۆکەی غولام حوسێن ساعیدی، لە ئێراندا کراوە بە فیلمێکی سەرکەوتوو و چەندین خەڵاتی و وەرگرتووە.**
**«غولام حوسێن ساعیدی، نووسەرێکی بەجەربەزەو ئازاو ئازادیخوازبوو. لەڕێژیمی شاهەنشاهیدا چەندین جار بە تاوانی ئازادیخوازی زیندانی کرا و لەسەرەتاکانی فەمانڕەوایی کۆماری ئیسلامیدا، بەناچاری باروبنەی سەفەری پێچایەوەو لە پاریس گیرسایەوە. ساعیدی داکۆکی لە مافی گەلانی ئێران، بەتایبەت مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی ئازەر و کورد دەکرد وەدۆستێکی دڵسۆزی نەتەوەی کورد بوو و پێوەندییەکی نزیک و پتەوی لەگەڵ ئەنستیتووی کورد لە پاریس هەبووە. وەرگێڕ»**

**سەرچاوە:**
**کتێبی: عزاداران بیل، چاپی یەکەم: (١٣٤٣هـ)، تهران.**
**سەرچاوەی ئەم دەقە: چاپی سێزدەم (١٣٧٠هـ – ١٩٩١ز).**

# قریشکەکان

ئەبوبەکر عەلی
(هەڵەبجە)



سەر شانۆ چۆڵە تەنها بریسکەی لێدانی ڕووناکی دەبینرێت، لەناو خەڵکەکەوە کۆرس بە دوو ڕیز دێنە سەر شانۆ ئەم سروودە دەڵێن:

**کۆرس:**
**کێ نەی ئەدی...کێ نەی ئەدی**
**ئەم برووسکەی ناوئاوەمان**
**ئەم شمشێری لەناو خوێندا ڕوواوەمان**
**کێ نەی ئەدی .......**
**خۆ ئەو هەورێکی ڕەسەن بوو**
**هەوری ڕەسەن لە هەناویا پشکۆ ئەژی**
**پشکۆ ئەژی.. پشکۆ ئەژی**

کۆرس لەسەر شانۆ دابەش ئەبن و لەگەڵ دابەشبوونیاندا ئەم سروودە دەڵێن:
**با شاهنشاکان گوێ بگرن**
**شاعیرێک ئەیەوێ بدوێ**
**با ڕەشەباکان ڕاوەستن**
**نێرگزێک ئەیەوێ بڕوێ**
**با تفەنگەکان بێ دەنگ بن**
**مناڵێک ئەیەوێ بنوێ**

**ڕاوی:** زۆرن ئەو کەسانەی کە زۆر کەسن لە یەک کەسدا، لە کاتێکدا کە مرۆڤ پێویستە یەک کەس بێت لە زۆر کەسدا، لە ڕاستیدا سەیرە دەی بۆ نا؟ ئەمە شتێکی عادەتییە ئەدیسۆن کارەبا و مارکۆنی ڕادیۆی دروست کرد. دەی با ئێمەش هەر هیچ نەبێ بێین و سەر و

چەند شووشە شەرابێک بۆ مەست کردنی جەنگاوەرانمان دروست کەین، خۆ جیهان چیدی تێدا نەماوە لەوە زیاتر وەک مەستێ لێی وردبێتەوە.

**شاعیر:** هیوا چییەو بەچی ئەچێ؟ بم توانایە دەنگ و گریانم لە کوکوختی ئەسەندەوە، بەڵام نەمتوانیوە و ناشتوانم کەواتە بۆ بەهیوا بم؟

**کۆرس: کێ نەی ئەدی... کێ نەی ئەدی.**
**ئەم برووسکەی ناو ئاوەمان**
**ئەم شمشێری لەناو خوێنا ڕوواوەمان**
**کێ نەی ئەدی؟**

**شاعیر:** من کێم و چیم و لە کوێم
گوێ ڕادێرن پێتان دەڵێم

باوکم دەیوت ڕۆڵە بترسە، ئەوەی نەترسێ ناژی، دایکیشم دەڵێ ترس لە عەقڵەوە کەچی من.. ئا..منیش دەڵێم ژیان لەپاڵ مردندا باشترە لە مردن لە پاڵ ژیاندا..

**کەسی ١:** کەس وەک درەخت و جوان نامرێ.. مردنێک بە پێوە.

**کەسی٢:** ئاژانسەکانی ئەمەریکا ڕادەگەیەنن کە قامچیەک پێویستە بۆ تەمبێ کردنی هەموو بەشەرییەت.

**کەسی ٣:** دادگایی کردنی نووسەری بەناوبانگی ڕووس دواخرا بۆ ئەو کاتەی کە دادگا فەرمانی لەسەر دەدات.

**کەسی ٤:** ژمارەی کوژراوەکانی (ڕواندا) تەنیا ملیۆن و نیوێکە و بەس.

**کەسی ٥:** جەزائیر تەنیا ملیۆنێک شەهیدی داو سەربەستی بەدەست هێنا.

**کەسی ٦:** هەڵبجەش (٥٠٠٠) گوڵە نێرگزی لە وەرزی بەهاردا ناشت.

**کەسی ٧:** ئێستا وەک جاران لەسەر خۆ نامرین، ئەتۆمێک چاوەڕوانیمان دەکات .

**ڕاوی:** بێدەنگ.. تکایە بێدەنگ (بەتووڕەیی) بێدەنگ بن. ئەو سندووقە داخراوەی پێی دەڵێن جیهان، زۆر لەوە زیاتری تێدایە، کە ئێمە بتوانین لە نمایشێکی ئاوا قشتیلەدا هەمووی بخەینەڕوو، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵ دەین لەگەڵایەکدا دارستانێکتان نیشان دەین پاشان خۆتان سەرپشک بن، خۆ نەهاتووین ئەو شتەتان بدەینێ کە پێتان خۆشە، بەڵکو شتێ کە پێویستانە..

**شاعیر:** لە جیهاندا کێ بەکێی وتووە پڕ بەچاوی من بگری.

شارێک بە زمان ماڵینە ئەم فەرمانە

وەک ئەوە وایە بتەوێ بەری چەمێک، ڕووبارێک بە لەپی دەست بگری.

**کۆرس: تۆ هەر کێیت و چیت و لە کوێی**
**هەر چۆنێ بێ لە وڵاتێکدا خۆشمان ئەوێی، گردۆڵکە و چیاکانیش کە ئێستاکە لە سەرێکی تاشراو دەچن بێ نزران**
**هی ئێمە نین، هی پایتەخت و ژنەکانی سەرکۆمارن.**
**دەسا گەورەم**
**هۆ ئەو کەسەی سێبەرەکەشمان ئەیەوێی گەر خۆشتەوێین مەهێڵە قەد خۆشمان بووێی**
(تاریکی)

**ڕاوی:** کاتژمێر سفرە، شوێن هەرجێیەک کە خۆتان لە زهنی خۆتاندا بڕیاری لەسەر دەدەن.

ئێستا هەمووتان پێکەوە با لە حەرەمی ئاشوبگای سەردەمدا هەڵوێستەیەک بکەین و پەلی هەباسە بگرین تا بمانباتە دیوەخان و خۆمان بزانین لە دیوەخان چی باسە. زۆر شت هەن گەر بلوێ حەز دەکەن پەیکەریان لە فرمێسک بۆ بتاشن، چونکە بەلاتانەوە مەزن و جوانن، بەڵام لەبیرتان نەچێ هەرگیز جوانی ناتوانێ جیهان ڕزگار بکات، بەڵکو دەبێ جوانی خۆی لە جیهاندا ڕزگار بکرێ، من، نا خەڵک وا دەڵێن ئاسانە با دەرەوە شاشەی ناوەوە بێ گرنگ تایبەتمەندییە، گرنگ جیاوازییە لە جەوهەردا، ڕێم کەن قسەی ئەو نووسەرەتان بە بیر بێنمەوە کە گوتی گەر سروشت بە گوڵیش بی خوڵقاندمایە نەک مرۆڤ ئەوساش پێم خۆش بوو پێموابوو وەک هەر گوڵێک بۆنم لە ڕەگەکانما بێت، من حەزم لە خەڵک نەچووە دیارە من دەربار نیم، ڕایەڵی کێشەکانیش هەر لەم ئاستە و لەم چێوەن، مرۆڤ یەک جار ناو ئەنرێ دز یان پۆلیس، بەڵام ها چەند خۆشە پیاو کە هەر دزیش بوو دزێکی قارەمان بێت، بەڵام قارەمانێتی مەرجی هەیە قارەمانێتی واتە ماراسۆن

لەودیو دیوارەکانی مەرگەوە وەرن (بۆ جمهور) با دەورەکان دابەش کەین، تۆ ئەوە بکە کە ئەبێ بیکەیت، تۆ پاپا بە، تۆ باخەوان، تۆ نا ئەوەی پشتەوە سترانبێژ یان عاشق بە.

**کۆرس:** قسە بەڕاوی ئەبڕێ (بۆ جمهور)

ئایا گەلەکەتان خۆش ئەوێ (لەناو جمهوردا چەندین وەڵام وەک بەڵێ... ئەی چۆن... خۆشم ئەوێی و زۆریش).

**کۆرس:** دەی هەر ئەو گەلەشە پێتان ئەڵێ:
رۆڵەکانم ئەمرۆم بدەنێ تا سبەینێتان بدەمێ.
**ڕاوی:** بەڵێ گــەل.. واتە لانکی ملیــۆنەها پیــاو و شمشێر، کە وایە هەیهات بە حاڵی ئەو پیاوەی ڕقی گەل بەهیچ وەربگرێ.

(تاریکی)

(شاعیـر کە گەنجێکی قـۆز و پۆشـتـەیە بە ڕێکەوت لەگەڵ شێتێک و سەرخۆشێکدا پێکەوە لە ژووڕێکدان) وەرز زستـانە و لە دەرەوە دەنگی با و باران دێ. شاعـیـر پاش ئەوەی خــۆی لە تەڕی باران وشک کــردۆتەوە جـار جـارە پەنجـەکـانی لە شـێـوەی شـانە دێنێ بەقـژیا و بە قـەناعـەت بەخـۆبوونێکی لە ڕادەبەدەرەوە ئەجـوڵێ و لە شمەکەکانی ناو ژوورەکە و دوو کەسەکە ورد دەبێتەوە.

شـێـتـەکـە بە تەواوی شـێت نـیـیـە، بەڵام تووشی جـۆرە نەخۆشییەکی دەروونی هاتووە.

**شـــــێت:** سـیـانزە، حـەوت، حـەوت، سـیـانزە (ڕوو وەرئەگێڕێ بۆ خاڵێکی نادیار) ئۆف خوایە گیان، ئەی بۆ ئەڵێن فـاسـۆلیـا ناخـۆشـە، (سـەر ئەنێ بە دیوارە....) سیانزە، حەوت، حەوت، سیانزە، حەوت.

(شاعیر قسە بۆ جەماوەر دەکات)

ئەخیرەن ئەو گامێشە هەر دەبێ تێ بگا.

**شـێت:** (لە هەمـان حاڵەتدا) حەوت، سیانزە، حەوت، سیـانزە، پەنجەرەکـان، مشکەکان، نـا توخوا مێـرووڵە نا مـشک، ئا ئا مـشـک، حەوت، سـیـانزە، حـەوت (زۆر بە خێرایی و بە حەپەساوی بە تەواوی چاوی کردۆتەوە) ئەی بۆ ئەڵێن فاسۆلیا ناخۆشە؟

**شاعیـر:** دەسا وەرە لەم ئاشوبگایەدا بتـوانە حەکەم بەو کەسـیش مـەغـدوور مـەکە، نابێ چی لەوە ناخۆشـتـرە کە مرۆڤ بەس بەتەنیـا پاڵەوانی ناو خەونەکانی خۆی بێ و هیـچی تر؟ (ڕوودەکـاتە جمـهـور) من ئێـسـتـا پیـاوێکی کامل ئەوسافم و لە هیـچم کەم نییـە، پێم باشـە خەڵک هەمـوویان وەک من بن، یان بە واتایەکی تر بە ئێـسـتـای عــەقــڵی من بیــر بـکەنەوە، دیارە منیـش وەک ئێــوە ڕابردووی خــۆمم هەیە، بەڵام فــەرقــەکــە هێندەیە من ڕابردووی خۆمم ناشت و خۆمم ناو نایەوە، ئەو ڕابردووەی ئێوە لە ئێستـاوە پەیکەر و گۆڕتان بۆ ئامادە کـردووە و لای خـۆم زۆر لەوەش بێ مـاناترە کـە ئەم کـەرسـتـانەی بۆ بکرێ، کەرێتییـە باسکردن لە وەفا، هاوڕێیەکم زۆر جار ئەیوت ئەو جگەرەیەش کە بۆ دەقیقەیەک هاوڕێتە گوناهە پێی پیانێی، بەڵام.. بەڵام.. خۆ من گێل نیم مردووان بە خەڵکی بناسێنم من بیرەوەرییەکانم مردن و بڕایەوە، ئای ئەو ڕۆژگـارە چەند مـوعـجیـب بووم بەو تەرحـە ئەفکار و تووڕەهاتە، من جیـهـانێکم لە وشە بۆ خـۆم دروسـتکردبوو وایشم دەزانـی تیـایدا خـۆم بەڵێ خـۆم و بەس سـوڵتـانی خـۆمم، بەڵام ئێـستـا پاش ئەوەی تێگـەیشـتـم هەڵە بووم، بێ سوودە پاش چی؟ ئێمەی خەڵکانی ڕۆژهەڵات دەرەنگ لەخـۆمـان تێـدەگـەین، گـرفـتـەکـەش لەوەدایەکـاتێ کـە تێگەیشـتـین هەڵەکانمان ناو ئەنێین تەجروبە، ئەی تڕحێو (بە قـاقـاوە بۆینبـاخـەکـە ڕێک ئەخـا و ئەڕوانێـتـە دوو کەسەکەی تر) ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێی قارەمانێتی لە زۆری تەجــروبەکــانمدا بەڕادەی ئاو لە ئاگــرکــەوتوو سەیروسەمەرەن ئەو فەخرن.

جـیـهـان پڕە لە دەبەنگی سـەرکـردەکـان عـەقـڵـیـان، درۆکـانیـان، گـفـت و ئیـغـرای سەر مـێـزی خـواردنەوەی شــەوانەیان ڕەوانەی بەرەکـانی جـەنگ دەکـەن، کـەچی هەمــیــشــە مـێــژوو لە دەرباریاندایە و مــەزن و ئازا و شکۆدارن (بەتەوسـەوە) جـا بەچی ئەچێ (بۆ جـمـهـور) تکایە گـەر ڕێزلێنانم بەهۆی ڕابردوومــەوەیە من پێـتـان دەڵێم تا زووە ســەر و پەیژە بۆ عــەقــڵــتــان دانێن دەی فەرموو بیکەن بۆ نایکەن پەیکەرێک لە تف، کۆڕێک لە جرت و ئێق و ڕشانەوە..

من ئەمـرۆم هەیە و قـایلیش نیم کەس لە ڕابردووم بدوێ تێگەیشتن؟ ئێـــوە چووزانن ڕەنگە من لە ڕابردوودا بە مەنزووری ئێوە هێندەی پەپوولەیەکیش تاوانبـار نەبووبم کـە قــورسـایی دەخـاتە سـەر گــوڵێک، بەڵام ئایا ئەمـە ڕاستە؟ ئێوە ڕاستن؟ ئایا ئێوە ئەو ڕابردووەشم وەک خۆم دەناسن کـە زۆر جار پەلی ئەگـرتم و ئەیناردمـەوە شـوێنە تاریکەکـان؟ چوزانن پاشـان بەئێـوە چی؟ ها بۆ زمـانتـان گـرێداوە و نادوێن؟ ژێوان دەبێـتـەوە وەک بڵێی نە ئەبوو هێندە قـسە بکا.. ئەها ئەمـەیە ئەڵێن قالۆنچە بە بۆنی خۆش، سەری دێشێ من بەچی؟ من ئێـستـا لە بارێکی تەواو هێمندام و لە هیچشم کەم نییە (شیعر ئەڵێ):

**تەمەن مۆمێکی کزی شەوی تارە**
**لاشەم جەستەی مردوویەکی بێ گۆڕە**
**من لەگەڵ هەورا گەورە دەبم**
**بە شنەبایەک باڵا دەکەم**
**شەوانە بیر لە گۆڕێک دەکەمەوە گەورەتر لە لاشەم**
**هۆ کـریسـتـاڵی سەوزی ئاسمـانە ڕەنگ شـەرابییـەکان**
**وەرن بیـمـەنەوە منی خەڵکی وڵاتی ئەسـێـتـرە ساردەکـان**
**لەگەڵ ئەم مردووانە چی بکەم**

**ئەمانە بەچكە و خوێن ئەخەنەوە**
**تاوانێكی نوێ ئەكەنەوە**
**دە بمبەنەوە.. دە بمبەنەوە**

**سەرخۆش:** بەڵێ بەڵێ.. (قرقێنە ئەدات) ئەی چۆن هەر ئێستا سەحنە تائیرێک دێ و نەرم نەرم، ناسک ناسک وەک چۆن ژنەکەم دەست دەداتە گسكە نەحلەتییەكەی، دەست دەداتێ و هەڵت دەگرێ ئەتباتەوە.. کورە دەبیبڕەوە، ئەم دەنگە دەنگ و گرمە گرمە ئەڵێی شاخی ئەڕووخێی.

**شێت:** سیانزە، حەوت، حەوت، سیانزە، حەوت (بۆ شاعیر) ئەڵێم، سەر ڕووت، ئەڵێم سیانزە، حەوت، ئەڵێم.........

(بە هەردوو دەست بەسەری خۆیدا ئەدا وەک نەتوانێ ئەوێ ئەیەوێ بیڵێ) ئەی خوایە گیان... ئەی خوایە گیان... ئەی بۆ دەڵێن فاسۆلیا ناخۆشە (لەم کاتەدا سەرخۆش مۆڕەیەک لە شێت دەکا ڕووی لێ وەرئەگێڕێتەوە).

**شێت:** نانا.. بیرم کەوتەوە، حەوت، سیانزە، سیانزە، حەوت، حەوت، حەوت.. سەر ڕووت، سەر ڕووت گیان، خۆشە، ناخۆشە، حەوت... ئابیرم کەوتەوە ئەرێ هەلیکۆپتەر هێلکە ئەکا (شاعیر لە داڵغەدایە و وەڵام ناداتەوە)

**سەرخۆش:** ئەی چۆن نایکا نەگریس.. بەڵام هێلکەیەکی بێ شومار ئەکا و ئەو نەگبەتە وەک بڵێی خوا گرتبێتی لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە هێلکەکانی ئەکا و زرم زرم ئەکەونە ئەرز ئەشێکن و گڕ ئەگرن و (بە تووڕەییەوە لە شێتەکە) ئەی چۆن نایکا ئەی کاوباشیش قرم ئەبێ بە زوم بەلە و (*) ئەو ساڵە لەبیرمە لەسەر قردەکەی پلیاسان کە خەردە فەیارم بە کۆڵمەوە بوو، ئەو لەسەر سەری منەوە هێلکەی کرد، کەچی لەو تەکسی بارانەدا تۆپێک نەبوو سواری بم، وەڵاهی سەحن تائیرەکەی کاکی سەر ڕووتیش لەوێ بوایە ڕزگار نەئەبووم ئەگەر خۆم چاوم نەنووقاندبایە.

**شاعیر:** (بە مۆڕەوە سەیرێکی سەرخۆش ئەکا) براقۆ.. شایەنی چەپڵەی قسەی خۆمان بێت باشی تێگەییوی.

**سەرخۆش:** (چاوی هەڵئەگلۆفێ و بە شانازی بەخۆکردنەوە) ها.. من باش باش ئەی چۆن (لەم کاتەدا شاعیر بەدەم مژدان لە جگەرەیەکەوە سەیری سەقفەکە ئەکا و ئەڵێ).

**شاعیر:** (بە بێزارییەوە) نا.. نا تکایە لەوە زیاتر سنگم مەکوتن (وەک بڵێی قسە بۆ کەسێکی نادیار بکا) ئێوە تا ڕووەکانی دەرەوەتان جوانتر بێ شەیتانەکانی ناوەوەتان ناشیرینترە دەی وەرن گەر بۆ ساتێکیش بووە با لە ژێر تاڤگەکانی ویژدان و تا بڕوا و شەیتانەکانی ناوەوەمان بەیەکتر بناسێنین. بە خەڵک، بە مێژوو، بەو خاکەی وەڵامی ئەوێ، (وەک پەشیمان بێت لە قسەکانی لەمەوبەری)

بەسە بەس بڕواناکەم کەس هەبێ حەز بەوە نەکا خەڵکی بە بیرەوەرییەکانی خۆی بناسێنێ یان پێچەوانەوە (دوای ئاهێکی قووڵ)

هێی ئاکۆ گیان تاقە براکەم. هۆ ئەو ڕێبوارە شەرمنەی کە ئێواران لە سەفەری غەریبی و کار ئەهاتییەوە هێند شەرمن لە دەرگاکەمت ئەدا حەزم دەکرد هەر ڕۆژە وێنەی پەنجەیەکت بە قوڵفی دەرگاکەمەوە جێبمایە. هۆ ئەو ڕێبوارەی گەڕایتەوە بێ ئەوەی شەقامەکانی شارەکەم، گەڕەکەکەم بتناسن زۆر شەوان دەستم بە قژە خورماییەکەدا ئەهێنا و پێم ئەوتی گرنگ نییە بجولێ، ئاکۆ گیان بجولێ. کرم ئەجولێ بەس بۆ ئەوەی بخوا.
تۆش بە زمان نا بە چاو بەو زمانەی کە هەمیشە ماڵی فریشتە و پەری بوون پێت ئەوتم من ئەجولێم، بەڵام هەی داد.. بە کێ بڵێم جوڵان لەسەر پەلێکی وشک خەم و بێ هودەییە، نەگبەتییە، خەڵکینە ئەرێ تاکەی نابیستن، ئەوەتا ئەمجارە بەچاوی تەڕەوە قسان دەکەم، ڕێم کەن با بەسەرهاتەکانم وەک من بتانگریەنن وەرن تێکەڵم بن. نانا پێویست ناکا ئاکۆ مرد.

**سەرخۆش:** مرد؟

**شاعیر:** مرد، بەڵام بە تۆچی؟ بێ دەنگ بە.

**سەرخۆش:** من ئەبینم بۆیە پێویستە بشڵێم.

**شاعیر:** ئاخ نەگریسینە چۆنتان تێگەیەنم ئەشێ هەر یەک لە ئێوە لەباتی دڵ ورچێ لە سنگتاندا بێت، ڕقم لێتانە و (دەنگی قریشکە و زرمە زرم و ژاوەژاوێکی ئیزعاج دێت)، بەسە، بەس توخوا با بەس بێ لەوە زیاتر چیتان ئەوێ، ئەوەتا پارچە پارچەتان کردووم و هەر ڕۆژەی پارچەیەکی خۆم ئەنێژم تەنانەت شەوانەش وەک بڵێی لەسەر پشکۆ پاڵ کەوتبم، شارێک و وڵاتێک سەرتاسەر ئەنوێت، نانووم، ئاخ درەنگ تێگەشتم، ڕاستیان وت ئەوەی وشەیەک کەمتر بزانێ خۆش و ئاسوودەتر ئەنوێ، بریا وا درەنگ نەکەوتمایە.

ئای ئاکۆ گیان.. هۆ گوڵەگەنمە چاو زەردەکەم ..

لە چێشتخانەیەکدا کارت دەکرد بەڵێ لەیەکێ لەو

چێشتخانە پۆشتانەدا کە بەس مریشکی برژاوی تێدا پێشکەش بە میوان دەکرا، ئێوە میوانەکانتان ئەوەیان پێ نەنگ بوو وەک ئێمەومانان گۆشت بە ئسقانەکانەوە نەهێڵن، بۆیە تۆش هەر زوو کەوتیتە سەر فێڵی خۆت و پاشماوەکان، ئێسقانە بە تەواوی نەکرۆژراوەکانت لە عەلاگەیەکی ڕەش دەنا و کە وەستاشت پێ ئەوتی:
ها ئاکۆ ئەو ئێسقانانەت بۆ چییە؟
بێ سێ و دوو  بە شەرمەوە ئەتگوت:
وەستا گیان سەگم ڕاگرتووە، بەڵام وەستا نەی ئەزانی سەگەکان دایکت و خوشکت و براکانتن، ئێمە بووین تا درەنگانێ بەهیوای هاتنەوەت لە چێشتخانە و هێنانی عەلاگەیەک ئێسقانی تر بۆ سەر خوانی بەتاڵی ئێوارەمان لەبەر دەرگا وەک پاساری هەڵدەتووتاین، تۆش کە ئەهاتییەوە وەک بڵێی هەموو دنیات کردبێ بە هێلکەیەک و فڕێت دابێتە بەرپێی دایکت لە درزی چاوە قاوەییەکانتەوە بەشەرمەوە ئەتڕوانیە قەپاڵە دڕەکانی دایکت، بەڵام بەچی ئەچێ، تۆ مردی و برسێتی و هەژاری خێزانەکەت هەر نەمردن.. ئای ئاکۆ گیان هۆ تەنیا ڕابردووەکەم، خەمخۆرم بووی زۆر جار بەو بچووکییەشەوە هێندە گەورە ئەبووی لەبەرچاوم وام هەست دەکرد ئەتوانی هەر ساتێ بتەوێ یان خۆم بمەوێ ئەمخەیتە ژێر باڵت و بەنێو هەزاران سەرە ڕم و نێزەدا ئەمبەیت و ناهێڵی زامدار بم. زۆر شەو کەئەت دی سەرینەکەم بە گریان تەڕکردووە و لە خەیاڵ دام ئەهاتیە ژوور سەرم و دیسان بەزمان نا بەچاو پێت ئەوتم بنوو ماندوویت بەقەد ماندووی کەسێک کە بیر لە ڕاستکردنەوەی سێبەری پەلکە گیایەک بکاتەوە سبەینێش وەستا وعدەی داوە گوێم لێ بگرێ ئەوسا....
منیش وەک خۆم بە زمان ناهەر بە چاوپێم ئەوتی نا ئاکۆ گیان با برینەکان هەر نهێنی بن با هەر خۆمان بگرین، بێ خەو بین برسی بین....!
ئاکۆ گیان گەر ئەم زەمینە یەک تۆز عیبرەتی وەرگرتایە، ئەبوو لە جێی فرمێسکی وەستات و هەرکام لە کەسەکانی تری وەک وەستاشت ئەژدیهایەک هەڵقوولێ، ئاکۆ گیان باوەڕت بێ ئەو پیاوە دوو ورگانە کە ئەڵێی هەژار، ئەسپێ، ئەسپێ و مۆرانەیان بیر دەکەوێتەوە.. من زۆر لەو پیاوانە دەترسم کە بە ورگ پێ دەکەنن بەتایبەت ئەو دوو ورگانەش
ها.. ها.. ئەوە چییە نەخێر ببوورن، من ڕابردووم نییە و دڵیشم وەک هەر دڵخۆشێ خۆشە (بە شپرزەیی سەیری ئەملاو ئەولای خۆی ئەکا و وەک بڵێی ترسابێ، کەسێ گوێی لە بیرەوەرییەکانی بووبێت) تکایە کەس نەیبیستبێ ئەمە خەیاڵێکی شاعیرانەی خۆم بوو (ڕوو ئەکاتە شێتەکە)
هێی کوڕە تۆ بۆ ناچیتە دەرەوە و ئەوە دەمە تەشت ئاسایەت بخەیتە بەر باران تا پڕ بێ لە ئاو.
**شێت:** تەیرەکان، دکتۆرەکان، سیانزە.، ئەی بۆ دەڵێن فاسۆلیا ناخۆشە.
**سەرخۆش:** (هەڵدەستێ و زۆر بە تەمەڵی) بەخوا برا من دەچم بەلای مێز و مەزەی خۆمەوە (بۆ شێتەکە) ئاخر نەگریس، کێ چ ئاژەڵێ وتوویەتی فاسۆلیا ناخۆشە تاگوێی یەک گەز ڕاکێشم و بیکەم بە بۆینباخ بۆی، شەیتان بەنەعلەت بێ (ئەچێتە بەردەم شێتەکە و بە خۆ گیڤ کردنەوە)وەڵڵاهی و بیللاهی و تیللاهی کە بە مەجمووع هەر سێکی ناوی خوایە، بە قەبری مەلەی نەنکی خەزووریشم کوڕە بە تەڵاقی ئەم شاعیرە چەنە بازە لە عەنکەبووت چووەش، جارێکی تر بڵێی فاسۆلیا ناخۆشە یەک زللەت لێ دەدەم عەلاگەیەک تووکت لێئەکەمەوە.
**شێت:** لەگەڵ کێت بوو؟
**سەرخۆش:** (پاڵی پێوەدەنێ) لەگەڵ جەنابتم بوو هەر ئەڵێی تەزبیحی پساوی، مردووت مرێ، هەی لە لۆکەی تەڕ ناشیرینتر (بەلاساییەوە) فاسۆلیا ناخۆشە.
**شێت:** چوزانم وامزانی من ناڵێی.
**سەرخۆش:** وا من ڕۆیشتم (بۆ شاعیرەکە) جا خۆشە یان ناخۆشە بەبن کلکی بارگیرم (لەم کاتەدا بابای شاعیر تەواو بێزارە و ژاوەژاوە لە دەرەوەی شانۆ دێت وەک دەنگی قیتار و قریشکەی ئافرەت بڵێی خەریکی کوشتنی بن، دەنگی باران).
**شاعیر:** ئاخ مێشکم تەقی (هەڵدەسێ دەرگا و پەنجەرەکە دا ئەخا) سەرم دێشێ ئەمە چییە ئەڵێی کەپکە شاخێکیان بە پێڵووما هەڵواسیوە ئەم بارە تەحەمول ناکرێ.. هەی داد.. هۆ سەرکردەکان.. کرێکاران، قاچاخچیان، هۆی ئەوانەی مردن و کوژران و هۆ ئەوانەش کە ئەمرن و ئەکوژرێن گوێ بگرن وا من دەرگاکەم داخست، کەواتە تەنیا شتێ کە بەدنیای ئەودیو دەرگاکە و ئێوەوەم گرێ بدا بیرەوەرییەکانمە، با گوللەکان هەر ببڕن و بڕۆن و ببڕن، با شارەکان خاپوور بن، با شاخەکان بەلادا بێن، جا بە جەهەنەم بەمن چی؟ بەڵێ مێژوو بە من چی کە لەودیو دەرگاکەمەوە (پێکەنینێکی شێتانە پێ

ئەکەنێ قاقا وەک بڵێی تووشی هیستریا بووە، بەڵێ..
ئا ئا بەمن چی (لە پڕ ئەداتە پرمەی گریان ئەکەوێتە پەلکوتان وەک بڵێی لە هەوادا مەلە بکات هاوار ئەکا)
با شەقامەکان بەگوڵ سوورکەین نەک بە خوێن، گوڵ نەک، بە خوێن، بە گوڵ نەک بە خوێن (لەدیوی دەرەوە دەنگی قاقای قەبە و قەشمەریات دێت ئەم هارتر ئەبێ و گوێی خۆی ئەگرێ هەموو قۆپچەکانی کراسەکەی ئەکاتەوە، وەک بڵێی خەریکە بخنکێ) بەڵام نا من مەزنم هۆ پیکەنینەکان..
فرمێسکەکان با دەنگتان بێت وا منیش دێمە دەرێ بۆ ناوتان تا بزانم لە نزیکیشمەوە هێند بەهێز و ترسناکن وا من هاتم..م..م. م (چوونە دەرەوەی شاعیر)
شێتەکە: حەوت، سیانزە، سیانزە، حەوت، ئەی خوایە گیان ئەی بۆ ئەڵێن فاسۆلیا ناخۆشە.
(تاریکی)
**ڕاوی:** وا کاکی شاعیرمان خۆی فڕێ دایە جەنگێکی گەورەی ژیانەوە، ڕەنگە تیاشیدا بکوژرێ خۆی واتەنی ئەوتا ئێستا جیهانێکی لە وشە بۆخۆی دروست کردبوو، دەی ئەم جارەیان پاش ئەوەی کە خۆی واتەنی کاتێ جوولەیە با بجوولێ و لە ئێسقانەکانی ئەو پردە دروست بکات کە سبەینێ نزیکتر ئەخاتەوە و سبەینێیەک کە وشە لاوازبوو لە ئاستیا، ئێستا ئەو ئەڕوا و مێژوویەکی نوێ لە پێشەوە ئەڕوا، بەڵام ئەوەشمان لەبیر بێ، ڕێی باریک هەنگاوی باریکی ئەوێ تۆ بڵێی ئەم لاوە سەرکێشە بگاتە مەنزل؟ فەرموون با هەمووان دوای کەوین.
(تاریکی)
(شوێن باخچەیەکی بچکۆلەیە وشاعیر و خۆشەویستەکەی پێکەوە تیایدا غەمبار دانیشتوون وەک بڵێی دەمێکە ئەدوێن نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک)
**ئافرەت:** بەسە بەس مێژوو خەون، واقیع چی وچی ئەمانە شتێکن بۆ ڕازاندنەوەی کێلەکانمان و هیچ تر.
**شاعیر:** ئەی بۆ ناڵێی ئەمانە شتێکن بۆ بەدرۆخستنەوەی کێلەکانمان.. ها بۆ ناڵێی.
**ئافرەت:** تۆ سواری کەللەی خۆت بوویت و دانابەزیت.
**شاعیر:** نا بە پێچەوانەوە، دابەزیوم و ئەمەوێ سواربیمەوە.
**ئافرەت:** (بەدەنگێک کە پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و پاڕانەوە) تۆ ناسرەوی و نەسرەوتنت ئەمترسێنێ.
**شاعیر:** کاتێ ئەسرەوم توانیبێتم هەموو ئەو شەپۆلانە ببپسێنم کە خۆی ئەگەیەنێتە کەنارە شیرینەکان.
ماڵی من. گلێنەکانم، ئەزانم خۆشەویستیت بۆ من ناچاری کردوویت ئەم قسانە بکەیت، بۆیە منیش هەرگیز داوای چارەسەر لە خەڵکی ناکەم، نەخێر ئەمیان ناکەم هەرگیز.
**ئافرەت:** ئاخر، ئاخر.. کاتی ئەوە هاتووە کە ئیتر بۆخۆمان بین نەک خەڵک.
**شاعیر:** ئۆف.. ئەوە چییە، وا هەست دەکەم ماندووبووبم
تۆ جوانی ئەزانم، لەمێژە وەک جاران ناسک نیم لەگەڵتا..
ئای لە ئێوارانی ئەم شارە تەواو خەمناکە.
**ئافرەت:** بیرتە یەکەم دیدار چۆن لەشەرما وەک مس سوور هەڵگەڕابووی، ئای پاسارییەکەم، ئاخ هۆ گوڵەگەنمە چاو زەردەکەم تۆ بەو بچوکییە ناتوانی ئاگر تێرکەیت.
**شاعیر:** (بە خۆڕاژەندنەوە)
**بۆچی ئەتهێشت خۆشم بوێی**
**کە ئەتزانی من ئەو ڕەندەم**
**لەم ولاتە بچکۆلەیەی دڵی خۆشما پەناهەندەم**
**ئاخر بۆ.. بۆچی ئەتهێشت**
**ببی بەم بێستوونی عەشقەوە و بمگریە خۆ**
**کە ئەتزانی فەرهادێکم دەمم پڕە لە جنێو و تف و درۆ**
**شاعیرێ نیم وەک هەندێ شاعیر دەستەمۆ**
(دەنگی قریشکە و ژاوەژاو دروست دەبێتەوە، شاعیرەکە و ئافرەتەکە لە شێوەی خۆ ڕزگارکردنێکی لاوازدا پەل ئەکوتن، ئەکەون و هەڵئەسنەوە، ئەکەون و هەڵئەسنەوە)
**دەنگی ١:** بۆ دەرەوە، ئێوە خەریکە شەقامە پاک و تەمیزەکانی شارەکەمان پیس دەکەن. ئێوە مافی هاتنە ئەم جۆرە شوێنانەتان نییە، بۆ دەرەوە.. بۆ دەرەوە..
**دەنگی ٢:** خەڵکینە لە ڕێی خوا، خێرێک، ورگ و گیرفانمان وەک یەکن.
**دەنگی ٣:** ها بیگرە ئەو لای کەوە نەهێڵێ بە زیندووی ڕزگاری بێت. (تاق تریق.. تاق.. تاق دەنگی تەقە)
**دەنگی ٤:** لە سبەینێ زیاتر ناوەستم قەرزەکەم دەدەنەوە یان؟
**دەنگی ٥:** تۆخوا، پیاوەکە بەسە بەس لە ورگم هەڵدە، ئای فریام کەون کوشتمی.
**دەنگی ٦:** لە میم گەیلانەوە بۆ شاسوار تکایە گوڵەکان

ئاوده به جۆرێک چرۆکان گڕ بن نەک چرۆ.

**دەنـگــی ٧:** ئێمە کە لە شاخەوە هاتینە شار فلّچەو ڕەنگمان لە جوعبەکانمان نەنابوو تا خواست و مێشکی خــەڵکی پێ ڕەنگ بکەین، با شــەڕە پەرۆ بەس بێ .........

(شاعیـر و ئافـرەتەکـە هێندە خۆیان داوە بە زەوی و یەکتردا لە پەلوپۆ کەوتوون و بە ئاستەم ئەجوولێن. هەر ئاهو ئۆفیشیانە).

(تاریکی)

(شاعیر لە سووچێکی ژوورەکەیدا تەنیا دانیشتووە لە داڵغــەیەکی قــووڵدایە، مــژ لە جگەرەکــەی ئەدا و لە بەرخۆیەوە شیعر ئەڵێ:

**من ئەڕۆم و تکایە پێی بڵێن ئیتر بەدیدارم ناگاتەوە**
**کە ڕۆیشتم، وەک چەم ئەڕۆم، چەمیش ئاوڕ ناداتەوە**

هێی ئافرەت، هۆ ئەو لوغزەی تێت نەگەیشتم و تێشت نـاگــەم، ئەبو زوو بزانیـــایە، ئافــرەتیش لەم وڵاتەدا، پیاڵەیەکە فەیلەسووفێک و گەمژەیەک بەیەک نرخ تیایدا ئەخـۆنەوە، (بۆ جـمـهـور) ئەویش جـێی هێـشـتم، بەڵێ ئافرەت ئەو شتەی کە فەیلەسووفەکانیش لە ئاستیا گێلی نیشان دەدەن.

ئەو ڕۆژەی لەتۆ جیابوومەوە ڕۆژی مردنی پێکەنینەکانم بوو

ئێستاش لەم کۆڵانە تەنگەدا شوێن پێیەکانی تۆ ماون

(قاقا پێ ئەکەنی.. ها.. ها.ها) لە ڕاستیدا سەیرە

(فلاش باگ گەیاندییـەوە بۆ یەکێ لە بیـرەوەرییـەکـانی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا)

**شاعیر:** تۆ زۆر سەیری

**ئافرەت:** سەیر؟ سەیر وەک چی؟

**شــاعــیــر:** سەیر وەک ئەو ماسییـە تەمـەڵەی خۆی تەسلیـمی شـەپۆل ئەکـا، تا بیگەیەنێـتـە جـوانتـرین ئۆقیـانـووس، بەڵام لە ناشـیـرینتـرین زەلکاودا خـۆی دەبینێتەوە.

**ئافرەت:** ماسی لە هەر جێیەک بێ، هەر ماسییە.

**شـاعـیـر:** ڕاستە بەڵام، ئەو ماسییـانەی لە زەلکاودا ئەژین، زیاتر هاوڕێی بۆق و سەرە مێکوتەن.

بەڵێ ئەی خەڵکینە ئەوسا وام ئەزانی.....

ئەویش تەشـبـیـــهی کــردم بە هاوڕێی بۆق و ســەرە مێکوتە، بەڵام من بڵێم چی کە ئێوە خۆتان بە فیعلی ئەم ڕایەتان سەلماند، ئەویش ڕۆیشت و کێ ئەزانێ شەوانی ئەنگۆرەیی لەگەڵ چ مارێکدا تەواو ئەکا

(لەبەر خـۆیەوە بەدەم ڕۆیشـتنەوە دێرە شـیـعـرەکـانی ئەڵێتەوە)

**ئەمشەو ئەنووم شیعر ناڵێم**
**شیعر مۆمێکە پێ نابێ**
**من شاعیری چرایەک نیم، لەگەڵ فوودا**
**پەنجەیان تێ هەڵکێشابێ.**
**من شاعیری وڵاتێ نیم،**
**سەدان شەو پۆلیسەکانی**
**جرت و تف و لیسەکانی**
**خـواو ئاسـمـان و خـۆشەویسـتی و شـیـعـرەکـانمیـان ڕاو نابێ،**
**خۆشم ناوێن، هۆ ئەوانەی خۆشم ویستوون،**
**ئێوە شەهوەت بە دەمارتانا دەگەڕێ.**
**خۆشم ناوێن،**
**خۆشەویستیتان سەگێکە پێم ئەوەڕێ.**

(تاریکی)

**ژەنەراڵ:** (بەرامبەر بە جمهور بەدەنگی بەرز ئەڵێ)

بەڵێ وەک وتم مـەرج نییـە ئەوەی ئەیڵـێین قـەناعـەتی هەمـوو ژیانمان بێ، بەڵام پەنجەرەیەکیشە بۆ سـەر هەمـوو ژیانمان. من بە دڕندەی دەریا ناسـراوم با پێـتـان بڵـێم، کەچی ئەمڕۆ پاش ئەوەی ملیۆنەها بێشکەم فڕێ داوەتەوە نـاو ئـاگـــرەوە نەترســـاوم و نەئەترســـێم و ئەڵێم هۆ هاوڕێکانم. گەر خۆشتان بووێم هەموو ئەو درەختانەش لە زیندان نێن کـە بێـشکەو ڕەوڕەوەیان لێـدەکـەوێتـەوە، چونکە ئەمڕۆ لە هەر بێشکەیەکدا سەرکردەیەکی نوستوو دەبینم، دەی جا چییـە خـۆم ئەم حـاڵەتە زۆر جێی بایەخ پێـدان نییـــە، ئەی من دڕندەی دەریا نیم لەم بۆنەدا بە ڕۆڵەکانی گەلەکەم دەڵێم، تاعوون، ڕشانەوە، شەڕ، هەر دەبێ هەبن ئەگینا هەر هیچ نەبێ ئێوەی سەرباز وەک من نابن بە ژەنەراڵ

(بە چرپە) بەینی خـۆشـمـان بێ تا سنوورەکـانی وڵات بچـووک بکرێنەوە، سنوورەکـانی گـیـرفـان گـەورەتر دەبن، ئەی چۆن؟ کەرێتییە سامانی جەنگ هەر بۆ جەنگ بێت، بۆ نموونە ئەم دوو جـەنگاوەرە ئەجەنگن، ئەکوژن، ئەگرن، ئـەبـڕن بـەس بـۆ ئـەوەی بـبن بـە ژەنـەراڵ، بـەڵێ ئـەم دوو جەنگاوەرە کە ڕەنگیان لە لیرە جوانترە (بۆ دوای خۆی) وانییە خنجیلەکانم؟

**سەربازەکان:** بەڵێ گەورەم ئەی چۆن وانییە؟

(ژاوەژاو و قــریشکە و دەنگەکــان دروست دەبنەوە و

ژەنەراڵ و جەنگاوەرەکان دێن بەیەکداو ئەکەون و هەڵئەستنەوە)

**دەنگی١:** ئێمە شەڕمان کرد تا شەڕ نەهێڵین.

**دەنگی٢:** ئەمجارە وەحشیانەتر ئەجەنگین.

**دەنگی ٣:** چەکەکان بێدەنگ کەن منالێک ئەیەوێ بنوێ.

**دەنگی٤:** بژی ژەنەراڵ شۆ.. بژی وڵات.

**دەنگی ٥:** کاکە گیان ٥٠هەزار دینارم پێشەکی و ٥٠٠ دینارم کرێی یەک مانگ.

**دەنگی ٦:**کورِم بخەوە با شەولەبان نەتبا.

**دەنگی٧:** بەشەرتی چەقۆ و وەرنەوە وەرنەوە، ماشەڵڵا ئەڵێی لێوی فلان خانمە.

**دەنگی٨:** خۆشەویستەکەم ڕێم بە، بادەم و چاوم لە پرچەکانت نقووم بکەم.

**دەنگی ٩: گوڵاڵەی نزاری چاوکاڵ و بەهرەداری**
**چل شەوە جارێ ناتبینم چۆن وا دەبێ دڵداری**

(تاریکی)

**ڕاوی:** ئەم لێو لە تاریکیدا گیرانە تاکەی و لە پای چی؟ ئێمە لێرەدا بانگەشەی ئەوە دەکەین کە لە زروفی نامەعقوولدا هەموو شتێکی نامەعقول مەعقوولە، بەڵام نەک یەکجار بە ڕادەی پاڵەوانانی ئەم نمایشە هەرکەس بۆخۆی بدوێ، ڕۆژگارێکی سەیرە. خەڵکی هەموو شتێ بە ئەرک وەرگرن، بەڵام (سەیرێکی خێرای ئەملاوئەولای خۆی ئەکا، وەک بڵێی لەوە بترسێ کەسێک گوێی لە قسەکانی بووبێ بۆ جمهور)، بەڵام گەلی برادەرینە، کاتی ئەوە هاتووە گورگ و مەڕ تێکەڵ کەینەوە وگیانلەبەرێکی نوێیان لێ دروست بکەین، بێ خوێن، بێ کەلبە و بێ لیک و پەلامار دەی با لەخۆتان بپرسن کە دارستانێکیان گرتێبەردا، مارێک و پەپوولەیەک وەک یەک ناسووتێن؟

بێگومان دەی با ئاگاداربین ئەم دارستانی ژیانەمان ئێستەنا ساتێکی تر گڕ ئەگرێ گەر نەهێڵین ئەمە ڕووبدات، خۆ ئەتوانین مادامەکێ ئەم مەرگی مار و پەپوولە چارەنووسێکی حەتمییە، بابێین پێکەوە هەر هیچ نەبێ مەرگی مارەکان پێش بخەین.

**کۆرس:**

**ئەگەر ئەڵێی ئارەقم ئەکرێ بەدینار بۆچی**
**ئەگەر ئەڵێی بۆ داهات و ڕەنج و ماندووبوونم ئەم ساڵ**
**وەکو بنی ئەم کانیاوەی چاوم لێڵە،**
**دەبای دەوە... دەبای دەوە**

**گاسنی سەر پشتی خۆت بەو هیچ خاکێ نا خۆت بکێڵە.**

**ڕاوی:** هەن ئەڵێن تێبگە، تا پێبگەی، دەی گەر وابوو ئەو جوتیارانەی کە چوار وەرزی ساڵ بەدان و نینۆک ئەڕنن و عەمارێان لەهی ئاغاکانیان پڕتر بێ،کەچی تێگەیشتن ئەمان لە خزمەتی پێگەیشتنی ئەواندایە و هیچی تر.

**کۆرس:**

**ئای کام هەڵ بوو فڕی و لەوێوە داهاتەوە خوار**
**خۆی دا بە سنگی تاشەبەردێکدا و بوو بە چنگێ خوێن**

**کاتێ کە ویستیان ئەویش یەکێ بێ لەو هەڵۆیانەی**
**لە نێو چاوانی بێریێک ئەدرێن.**
**ئای کام درەخت بوو لەنیوەشەودا زەمین قوتی دا.**
**کاتێ کە ویستیان بۆ شاری بێنن،**
**بیکەن بە چرپای زەردی شاهانە و**
**ژنی سولتانی تیا بخەوێن.**

(قریشکەکان دروست ئەبنەوە و کۆرس ئەبن بە کەوالیس و چراکان ئەکەن بە جمهور و چاراکان لەپشت خۆیانەوە دایانئەنێن).

(تاریکی)

(شوێن: شەقامی گشتی شارە، خەڵک لە هاتووچۆ قسەکردن، مەشغەڵەتێکی زۆردان، لە سووچێکی، شوێنێکەوە شێتەکە لەبەر خۆیەوە ورتەی دێ.)

**شێت:** حەوت، سیانزە، مەشکەو خۆل، خۆل و مەشکە، نەخێر ناخۆش نییە، بۆ ناخۆش نەبوو، حەوت سیانزە ئەم شێتە شێت بوونەکەی لە زیادبووندایە هەندێ حاڵەتی نوێی تێدا دروست بووە، بۆ نموونە هەر کەس جولەیەکی بەرامبەر بکات ئەمیش وەک ئەو لەو خێراتر دووبارەی دەکاتەوە، یەکسەر بە دوایدا ئەڵێ (رد فعل) دەست بۆ ناوچاوی بەریت ئەویش هەمان دەستوور دەکات و دەڵێ (رد فعل). هەر لەو شوێنە دوو لاوی بازاڕی خەریکی کات بەسەربردنن لەگەڵ شێتەکەدا پێ دەکەنن لەم کاتەدا ژەنەراڵ و دوو سێ سەربازەکەی تر پەیدا دەبن وەک ڕێبوارانی تر خەریکی ڕۆیشتنن وەک بڵێی لە شتێکی گرنگ بدوێن سەرقاڵی قسە و جارجار ئەوەستن ئەکەونە قسە و ڕۆیشتن و شێتەکەش ئیتر حەوسەڵەی پێ ڕابواردنی لاوەکانی نەماوە، بە دوای ئەواندا واتە ژەنەراڵ و سەربازەکان ئەیەوێت بڕوات نزیکەی نیومەترێک لە

پشتی ئەوانەوە دەكەوێتە هەنگاونان جارجارەش خەڵكی شار نە ژەنەراڵ دەبینن جۆرە ترسێك یان ڕێزێك نیشان دەدەن هەشیانە بۆی ئەنوشێتەوە لە پڕ یەكێ لە لاوەكان لە دواوە شەق لە شێتەكان هەڵئەدا و شێتەكەش وەك خۆی هەڵئەدا و یەكسەر بەدواشیدا چاودەبڕێتە چاوی ژەنەراڵ كە لەو كاتەدا وەرگەڕاوەتەوە لە شێتەكەو سەیری چاوی دەكا و... (ردفعل.. ردفعل) ژەنەراڵ لەم كاتەدا دەمارگیری ئەبێ و بە لێدان دەكەوێتە وێزەی شێتەكە، شێتەكەش وەك خۆی ئەوەی جەنەرال دەیكات دەیكاتەوە دەڵێ (رد فعل)، بۆیە ژەنەراڵ ئەوە بەسووكایەتی پێكردنی خۆی دەزانێ، بەڵام پێش ئەوەی فرمان بدات یەكێ لەو دوو سەربازەی هاوڕێی دەست دەبات بۆ دەمانچەكەی و گوللەیەك دەنێ بە شێتەكەوە، شێتەكەش دەكەوێ وەك بڵێی گوللەیەك لە ڕانی درابێ دەیەوێ هەستێ و ناتوانێ دەكەوێتە تەپاوتل لەشێوەی سست بوونێكی خێرادا زوو زوو دەڵێ ئاخ.. سیانزە، حەوت، ئاخ سیانزە، حەوت لە دواییدا هەردوو ئەفسەرەكە شێتەكە وەك لێفەی تەڕ بە دوای خۆیاندا ڕادەكێشن، ژەنەراڵ هەر تووڕەیە و دوولاوەكەش وەك گوللە بۆی دەردەچن بەدەم ڕۆیشتنەوە قسە دەكەن و پێ دەكەنن بێ گومان تا ئەوكاتە وەزعی شوێنە گشتییەكە تەواو تێك دەچێ ژمارەیەك سەرباز و پۆلیسی تر دێن و دەكەونە گرتن و لێدانی و تەقەكردن لە خەڵكەكە.

(تاریكی)

**ڕاوی:** خۆ بەچاوی خۆتان دیتتان (بۆ جمهور) ئای ژیان چ شاشەیەكی درۆزن دەرچووە، ببوورن بەڕێزینە هێڵنجم دێ لە ڕاستیدا من ئا من بەزەییم بە ئێوەدا دێتەوە، ئەرێ تاكەی شوێنەكانتان جێ ناهێڵن ئای كەی ئێوە (بۆ یەكێ بە دانیشتووان) تۆ هێی كوڕی باش، تۆ خانمی بەڕێز.. ئای ئەكرێ ئێوە لەم دنیا جەنجاڵ و بێ پەردەیەدا هەر زیتەی چاوتان بێت؟ ئەه ه.. ڕەنگە ئێستا ئێوەش نابوورن ئا. قەیناكا ئەڵێم ڕەنگە ئێستا ئێوە بەتایبەت لە داڵغەی ئەوەدان كە چۆن بێن بە ژەنەراڵ، نەخێر ئەم وەزعە ئاسایی نییە و دەبێ بجووڵێن! دەبێ بدوێن تا بزانم چی لەو ئەشكەوتە تاریكەی مێشكانتاندایە، گوڵ یان ئاگر.. دێو یان پەری؟ بەڕێزینە تكایە تكایە لێم مەگرن ڕۆژگارێكە خەڵك لەبیركردنەوە و بینین و بیستنی خەڵك دەترسن.. ها؟ ناتوانم دوای نەخەین تكایە كاكی دەرهێنەر با ئیتر بەس بێت هەست بە بوونی بۆمبێكی تەوقیتكراو دەكەم لە گیانی شێ هەڵاتووی ئەم جمهورەدا ئەوەتا خەریكە ئا بەڵێ... ئا.. ئا لە ڕاستیدا من دەترسم (لەوكاتەدا شاعیر دەیەوێ لەبەردەم ڕاوی و جمهوردا تێپەڕێ، بەڵام ڕاوی زوو پێشی ئەگرێ تكایە لە جێی خۆت بوەستە.

**شاعیر:** بەبێزارییەوە، ها.. من..من ناتناسم

**ڕاوی:** ئەمەیان باسێكی ترە، گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە من تۆ ئەناسم.

**شاعیر:** من! من كەس نامناسێ.

**ڕاوی:** بەڵێ بە تەواوی وەك سیخوڕەكان هەر هێندە ئەوان وا تێدەگەن كە كەس نایانناسێ ئێوەی شاعیر و گەورە و ڕووناكبیرانیش وا نیشان ئەدەن كەس ناتانناسێ دەی بۆ ئەمانە چۆن؟

**شاعیر:** یانی ئێستا تۆ (بە فیزیكەوە دەست دێنی بەسینگتدا) تۆ ئەمناسی؟

**ڕاوی:** بەڵێ.

**شاعیر:** دەی جا چییە وا ناسیشمت پێم بڵێ چیت ئەوێ.

**ڕاوی:** دەمەوێت وابكەین كە گومان بكەم ئەتناسم یان نا (بە پاڕانەوە) تكایە گەورەم لێت دەپاڕێمەوە، كار بەمەش تەواو نابێ لێت دەپاڕێمەوە ئەگەر خستووتمەوە درزی چاوتەوە... لێرە دوورم خەرەوە، ئاه شەكەت بووم تكایە بەزەیی،قاچەكانم بوون بە پشتی كیسەڵ هێندە بە دواتدا گەڕام.

**شاعیر:** ئەوەی ئەیڵێی وەك شمشێر بازی وایە لەگەڵ ئاودا ئەی دەبەنگ بە ئیزرائیل بڵێ ڕزگارت كا تا ئێستاش كێ كێی ڕزگار كردووە؟

**ڕاوی:** نە گەورەم هیچ نەبێ تۆ درۆكانت لە هی خەڵك جوانترن. درۆیەك تەنیا یەك درۆ باشانۆكە دابخەین.

**شاعیر:** پێم ناڵێی چ سندانێكە.

**ڕاوی:** پەنجە بۆ جمهور ڕادەكێشێ و بە چرپە ئەم حەشاماتە ئەبینی؟

**شاعیر:** (بە كەمتەرخەمییەوە) واتە..

**ڕاوی:** گەورەم تكایە دەستت.. قاچت زمانت ماچ دەكەم ئەوان.

**شاعیر:** ئەوان چین

**ڕاوی:** سەرت.. داوای سەرت دەكەن

**شاعیر:** ئاسانە، بەڵام من ئەمڕۆكە هاتوومەتەدەر سەرم لەماڵەوە لەسەر سەرینەكە جێ هێشتووە،تكایە ئەم داوایە دواخە.

**ڕاوی:** دە کەواتە درۆیەکی جوان، گەورەم تەنیا یەک درۆ بڕۆ..
**شاعیر:** (ڕوو وەرئەگێڕێ لەبەر خۆیەوە) ئاخر من ئەم گامێشە چۆن تێبگەیەنم ئەو نازانێ من گەڕانەوە بۆئەسالەت مەستی کردووم، ئەمە نازانێ ئێستا من کچی ناو دارستانم لە کچی سەماگەیەک پێ جوانترە.
ئاخ.. خ.خ.. حەزم دەکرد بتوانم لەگەڵ بەڵغەمێکدا فڕێ بدەم و نەجاتم بێ ئەمە چ پەتایەکە.
**ڕاوی:** وتت چی؟
**شاعیر:** هیچ دەڵێم سبەینێش وەک من بوو (بەخۆ ڕاژەندنەوە)

ئای چەند بەرزە بەڵێ (بە قاقاوە) بەرزە بەرزە
(چەپڵە لێ ئەداو قاچ بەزەویدا ئەدا)
**ئەگەر تاڵێک لەو قژی ئەپیەرستم**
**بەرلیتوم ئەکەوت**
**فوراتم، ئەکردە گۆرانییەک**
**مناڵیەتی هەمو دنیای هەڵگرتبێ.**

**ڕاوی:** ئەڵێی چی ئێمە سەیرین!
**شاعیر:**تازە ئەزانی (قاقا پێئەکەنێ و پێکەنینێکی ناقۆڵا و بەدەم پێکەنینەوە سەر شانۆ چۆڵ ئەکا و ئەویش وەک میلی سەعات ملی بەدوایدا ئەگێڕێ.
**ڕاوی:**گەورەم مەڕۆ تەنیا درۆیەکی جوان (ڕوو ئەکاتە جەمهور) دەنگی قریشکەکان دروست دەبێتەوە، ڕاوی توند سەری ئەگوشێ، دەنگەکان ترسناک و بێزارکەرن.
**دەنگی١:** ئێمە کە کرمیش بین خەونەکانمان.. هیواکانمان خەون وهیوای کرم نین
**دەنگی ٢:** ئەزانن ئەو پیاوە دوو ورگانە کە لەناو خۆیاندا کۆ دەبنەوە چی دەڵێن؟
**دەنگی ٣ و ٤:** چی.. چی.. چی؟
**دەنگی ٥:** یەک سەربڕە و لە ماڵی دوو، بیخۆ و پاشان سێ خۆی ئەمانەت بۆ ئەکا.
**دەنگی ٦:** بۆ ئەکا.. بۆ ئەکا.. بۆ ئەکا.
**دەنگی ٧:** ئەوەندە و بەس؟
**دەنگی٣ و٤و٦:** ئەی چیتر ئەی چیتر ئەی چیتر.
**هەموو پێکەوە:** پێ ئەکەنین و پێ ناکەنین پێ ناکەنین .. پێ.. پێ... کەنین.
**دەنگی ٣و٤:** نەخێر پێناکەنین و بڕیایەوە.
**دەنگی ٧:** ئەی بۆ ناڵێن گەر وا بڕوا کاک دینار و دینارخانیش ئەبیستنەوە.
**دەنگی٨:** بۆنا؟ یەک (بسم الله) بەسە بۆ خوێندنی ئایەتێ.
**دەنگی١:** بەردەوام بن، کۆڵ مەدەن لە دنیادا مەحاڵ نییە و لەپشتی هەر (نە)یەکەوە (ئا)یەک هەیە.
**دەنگی٢:** مێشکم تەقی.. مێشکم کوڕە مێشکم.
**دەنگی٣:** با پیاوان بێنە سەر لێوی شەقامەکان جیهان لەمەترسیدایە.
**دەنگی ٤:** مەترسیدایە.. مەترسیدایە.. مەترسیدایە.
**دەنگی ٥:** های کوتاڵ.. های بەرگی سپی بازەیەکی فێنک و لووس.
**دەنگی ٦:** مێژوو بە ئەو چی! کە لەو دیو دەرگا کەوەیە.
**دەنگی ٧:** ئینگا.. ئینگا... ئینگا (دەنگی گریانی مناڵە)
**دەنگی ٨:** پێویستە ڕاستەکان ڕاستتر و چەوتەکان نیشان بکەین.
**دەنگی ١و٢:** خەنجەر لەکوێ بێ ئەوێ سنووری مەحاڵە..
**دەنگی ٥:** ژیان چییە؟
هەمووان پێکەوە: قریشکەیەکی ئەبەدییە
قریشکە... قریشکە.. قریشکە.. قریشکە..
(تاریکی)

**ناوەڕاستی تەمووزی ١٩٩٤ - هەڵەبجە**

**(*) لەم پەرەگرافەدا چەند وشەیەک وەکو خۆیان گۆ ناکرێن، ڕەنگە پەیوەست بێت بە حاڵەتی نمایشکردنی شانۆنامەکە بۆ پیشاندانی حاڵەتی شپرزەیی ئەکتەر لە ئەنجامی بۆمبارانکردنی فڕۆکەوە، بۆیە ئەکتەر بەم جۆرەیان گۆ دەکات: گرم کراوە بە (قرم)، قومبەلە کراوە بە (زوم بەلە)، پردەکەی قلیاسان کراوە بە (قردەکەی پلیاسان)، فەردە خەیار کراوە بە (خەردە فەیار).**
**«ڕامان»**

**تێبینی:**
**ئەم تێکستە شانۆییەی شاعیری شەهید و جوانەمەرگ (ئەبووبەکر عەلی) لە ئەرشیفی کاک نامیق هەورامی پارێزرا بوو، وەک بەرهەمێکی لە پاش بەجێماوی ئەو شاعیرە وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە.**



هونەرمەندی بەناوودەنگ فوئاد عەلی شێوەکار و پەیکەرتاشێکی کوردە و سالانێکی دوور و درێژە لە ئەوروپا دەژی و ئیتالیای مەڵبەندی جوانی و هونەری هەڵبژاردووە. ئەم هونەرمەندە کە لە کوردستان بوو یەکێک بوو لەو لاوانەی مژدەی پاشەڕۆژێکی ڕووناکی لێ بەدی دەکرا، چونکە بەردەوام خەریکی هونەرەکەی بوو، بەشێکی گەورەی لە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

دوای خوێندنەکەی بەغدای ڕووی کردە دەرەوە تا درێژە بە خوێندنە ئەکادیمییەکەی بدات و زیاتر بە شاکار و ڕێباز و هونەرمەندە مەزنەکان ئاشنابێت و لە ڕاستیدا یەکێکە لەوانەی زۆر چاک سوودی لەو سەفەرەی وەرگرتووە و ئەمڕۆکەش ڕەزامەندیی دراوە، چەندین پەیکەری لەناو گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکانی ئەوێ دابنرێن، ئەم هەنگاوەش بۆ خۆی بەڵگەی ئاستی بەرزی هونەریی ئەو دەگەیەنن.

لەم دواییەش لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاسپێردرا مۆنێمێنتی (پێشمەرگەی نەناسراو) بۆ کوردستان جێبەجێ بکات، لە کاتی هێنانەوەی پرۆژەی ئەو مۆنێمێنتە و گەڕانەوەی بۆ کوردستان ویستی لە نزیکەوە بیروڕای ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی لەبارەوە بزانێ، ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان) بە دەرفەتمان زانی هەڤپەیڤینێکی هونەریی فراوانی لەگەڵدا ساز بکەین، ئەوەی دەیخوێننەوە بەرهەمی ئەو چەند سەعاتەی گفتوگۆکەمانە.

# هونەرمەندی پەیکەرتاش فوئاد عەلی:
# ئەگەرچی کەڵکم لە هونەری ئەوروپایی وەرگرتووە، بەڵام نامەوێ خۆشم ون بکەم

**هەڤپەیڤینی:**
**ئازاد عەبدولواحید - د. موحسین ئەحمەد عومەر**

**رامـــــان:** پێـویسـتـه خـوێنەران ئاشنایەتیـیـەک لەگـەڵ باکگراوەندی هونەریی ئێـوە پەیدابکەن، سـەرەتا ئەگـەر دەکـرێ باسی ئەوکـات و سـەردەمـەمـان بـۆ بکەی کـە لە شاری هەولێر دەستت بەکاری هونەری کردووە؟

**فـوئاد عـەلی:** پێش هەمـوو شـتـێـک بمبوورن کە ئەگـەر کـوردییـەکـەم باش نەبێ، چونکە مـاوەی سی سـاڵە لە کوردسـتـان دابڕاوم و کـەمتر ڕێ کـەوتووە بە کـوردی قسـە بکەم.

ئێـمـە باس لـەو سـەردەمـەی شارێک دەکـەین کـە هونەر تێـیـدا تازە گڕوگاڵی دەکرد و پێش ئێـمە کـارێکی وا لەو بوارەدا نەکـرابوو، مـامـۆسـتـا (جـابیـر پیـرداود) یەکـەم پەیکەرتاشی شـارەکـەمـانە، تەنانـەت خـەڵکەکـەش تێگەیشـتنێکی دروستی لە بارەی هونەری شێوەکارییەوە نەبوو. کـاریگەرییـەکی زۆری تابلۆ فـارسییـەکـان ئەوانەی شیـعـرەکانی خـەیامـیـان وێنە کردبوو لـەسـەرمـان هەبوو، لەسـەرەتاوە حـەزم لە وێنەکـێشـانە هەبـوو، بۆیە لە مـاڵێ دادەنیشتم و نیگارکێشیم دەکرد.

دواتر مـامـۆسـتـایەکی قـوتابخـانـەی ناوەندیمان بەداخەوە ناوەکـــەیم لەبیـــرنەمـــاوە زۆر هانـدەرم بوو، کـــە لە پێـشـانگاکـاندا بەشـداریم دەکـرد هەسـتم بەوە دەکـرد کـارێکی هونەریی دەکـەم و هەر ئەوەش پتـر هانی دەدام بەردەوام بم.

پاشـان بەهۆی هاندانی دەوروبەرەوە بەتایبـەت کـاتێ برادەرێکم هاتە مـاڵمان و داوای چوار تابلۆی لە من کرد کە بۆی بکێشم، من ئەوکات لەلای خۆم پێم وابوو دەبێ کارەکەم چەندە لەئاستێکی بەرز دابێ کە ئەو داوای ئەو تابلۆیانەم لێـــدەکـــات، بەڵام دواتر زانیم ئەو تەنیـــا ویستوویەتی پتر هانم بدات، بەو چەشنە هاندەدرام زۆرتر خـۆم مـاندوو بکەم. پاشـان بڕیارمـدا بچـمـە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە ئەوکات لە بەغدابوو، کە لە ماڵەوە باسم کرد بەداخەوە لەماڵێ ڕازی نەبوون، بەخۆتان باشتر دەزانن ئەوکـات خـوێندن لە پەیمانگای هونـەرە جـوانەکـان زۆر مـەقبـوول نەبوو، زۆربەی گـەنجەکـان حـەزیان لێ بوو ببنە دکتۆر و مامۆستا و ئەندازیار، بەڵام من پێداگربووم بچمە هونەر جوانەکانەوە.

باپیـرم کـە لەناو خـەڵکی هەولێـر ناسـراوە و ناوی (عـەلی عـەجـەم)ە لەمـاڵەوە زۆر ڕێزیان لێ دەگـرت و



**ئازاد عەبدولواحید، فوئاد عەلی، د. موحسین ئەحمەد عومەر**

قـسـەیان نەدەشکاند، چوومـە لای و پێم گـوت بەتەمـام بچـمـە بەغـدا بۆ درێژەدان بە خوێندن و مـاڵێ ڕازی نین، ئەویش شەوێ هاتە مـاڵێ و گوتی ئەو کوڕە دەبێ بچێتە بەغـداو لەسـەر حـیـسـابی من درێژە بە خـوێندن بدات، ئەوانیش بە خۆشییـەوە قسـەکەیان نەشکاندو ناردیانم. ئەوکـات پێـوەندی هێندە ئاسـان نەبـوو، بەغـداش بۆ ئێمەمانان مانایەکی تری هەبوو، پەیمانگا پێنج ساڵ بوو، سێ سـاڵ خـوێندنی ڕەسم و پەیکەرتاشی و سـرامـیکمـان هەبوو، دوو ساڵیش پسپۆڕیم لە پەیکەرتاشیدا وەرگرت.

پەیمانگەکـە بەسـەر چەند بەشێکی وەک شـێـوەکـاری و مۆسیقا و شانۆدا دابەش ببوو، هەمـووشمان لەگەڵ یەکتر بووین و هەر ئەو نزیکایەتییە جوگرافی و مەعنەوییە لە یەکـتـر وای لێکردبووین بە تەواوەتی لە هونەرەکـان تێبگەین، بۆ وێنە برادەرمـان هەبوو کـەمانچەژەن بوو کە دەعـوەتی کۆنسـێرتی دەکـردین، بە کـورتی بە شـێـوەیەکی باش پێگەیشتبووین.

کـاتێـک دەگـەڕاینەوە هەولێر لـەگەڵ چەند برادەرێکم لە چایخانەی مەچکۆ کۆ دەبووینەوە کە ئێسـتـاش هەروەک جـاران بۆتە شـوێنی هونەرمـەند و ئەدیبـان، بەڵام لە ڕاستیدا یەکەم جار ئێمە لەوێ کۆدەبووینەوە..

**رامـــــان:** ئەو برادەرانەی لەگـەڵتـابوون کێ بوون؟ لە بیرتان ماون؟

**فـوئاد عـــەلی:** عـەباس عـەبدوڵـڵا یووسف، قـەرەنی جەمیل، من، دارا محەمەد عەلی، نەجات واحید بوو کە ئێستا لە ئیتاڵیایە. کۆمەڵێک بووین لەوێ کۆدەبووینەوە و باسی هونەر و ئەدەبیـاتمان دەکـرد، بڕیارمـاندا هەر

کۆبوونەوەیەک یەکێک لە برادەرەکان بابەتێک ئامادە بکاو پێشکەشی بکات، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گەنجەکان لە دەورمان کۆببنەوە، بەڵام پاشان بە دەستووری «ئەمن» ئەوێ قەپات کراو لێیان تێکداین.

**رامان:** بۆچی قەپاتیان کرد؟

**فوئاد عەلی:** ترسیان هەبوو، دەیانزانی ڕۆژ بەڕۆژ ئەو کۆبوونەوانە فراوانتر و گەورەتر دەبنەوە، ئەوکات جووڵەیەکمان لە هەولێر بەڕێ خستبوو، پێشانگایەکی بە کۆمەڵمان کردەوە وابزانم لە ساڵی حەفتاو دوو بوو.

**رامان:** ئەو هونەرمەندانەی پێکەوە پێشانگاتان کردەوە کێ بوون؟

**فوئاد عەلی:** ئەو کۆمەڵەی کە ناوم هێنان نەجات واحید، قەرەنی جەمیل، نامیق عەلی قادر، من و کۆمەڵێک برادەری کەرکووک بووین، مەدحەت کاکەیی، و...تاد. ئەوە یەکەم پێشانگا بوو لە چەشنی خۆی کە بەشێوەی بە کۆمەڵ لە هەولێر بەڕێوە چووبێت.

**رامان:** لە وتەکانت وا دەردەکەوێت ئەگەر ئەو مامۆستایە هانی نەدابای ڕەنگبێ تۆ لە دنیای هونەر نەگیرسابایەوە، کەوایە دەتوانین بڵێین بە هەڵکەوت هاتوویەتە ناو دنیای هونەرەوە؟

**فوئاد عەلی:** هەڵکەوت نییە، چونکە شتەکە لەگەڵم ژیاوە.

**رامان:** یانی ئەو سروشتە لەناو خودی تۆدا هەبوو؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ هەبووە، بەڵام ئەو مامۆستایە کە بووە ڕێگە خۆشکەرێک بۆ من، ئەگەر ئەویش نەبوایە من لە نیگارکێشی بەردەوام دەبووم، بەڵام شتێکی زۆر باشە مامۆستایەک بە قوتابییەکەی بڵێ ئافەریم و ئیشەکەت باشە.

**رامان:** ئەو هاندەرەی تۆ باسی دەکەی ئایا لەناو ماڵەکەتاندا کەسێکی تر بێجگە لە باپیرت هەبوو هانت بدات؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ کاک یەحیا مەرجانی زاوامان هانی دەدام، بەڵام من لە منداڵییەوە حەزم لە هونەر دەکرد.

**رامان:** ئەو هاندانەی ئەو تا چ ڕادەیەک بوو، هەر قسە بوو یان فێری کردی ڕەنگ تێکەڵ بکەی، تابلۆ ئامادە بکەی؟

**فوئاد عەلی:** نەخێر دەمبینی وێنەی دەکێشا، بێجگە لەوەی وێنەی شیعرەکانی عومەری خەیامی هەبوو، ئەو شتانە وای لێ کردم بەردەوام لە کارەکەمدابم.

**رامان:** بێجگە لەو دوانە کەسی دیکە هەبوون؟

**فوئاد عەلی:** نەخێر.

**رامان:** هونەرمەندانی بەرزی ئەوکات لە هەولێر و لە کوردستان کێ بوون؟

**فوئاد عەلی:** گوێمان لێ دەبوو هونەرمەندێکی کورد هەیە بەناوی (محەمەد عارف) ئەوسا لە ڕووسیا دەیخوێند، هەروەها جابیر پیرداود هەبوو.

**رامان:** کاریگەریی دانیال قەساب و جەواد ڕەسووڵ ناجی و ئەوانەتان لەسەر هەبوو؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ، چونکە لە هەولێر خۆشنووسەکان هێندێ جار نیگارکێشییان دەکرد، بەڵام بەشێوەی حەز و ئارەزوو بوو.

**رامان:** ئەگەر بمانەوێ باسی ئاستی هونەری ئەو سەردەمە بکەین، بەڕای ئێوە ئاستی ئەو هونەرە لە هەولێری ئەو سەردەمدا بەشێوەیەکی سەرەتایی و سادە خۆی دەنواند؟ واتە ئەوەی داهێنانی هونەری تێدانەبوو وەکو دیمەن شکێن و فۆرم و شێواز و ڕەنگ و....؟

**فوئاد عەلی:** نەخێر زۆرتر حەز و ئاوات بوو ئەو شتانە نەبوو، جا من ئەوکاتەی باسی ئەو ماوەیەی ئیتاڵیا دەکەم باسی ئەو شتانەش دەکەم.

**رامان:** ئایا کاریگەری جابیر پیرداود وای لە تۆ کرد بەدوای هونەری پەیکەرتاشیدا بڕۆی یان کاریگەرییەکی تر هەبوو؟

**فوئاد عەلی:** ڕاستییەکەی لەناو ئاکادیمیای بەغدا بڕیارم دا، هەرچەند لە منداڵیشەوە حەزم لێدەکرد، بەڵام لەوێ کەوتمە ناو ئیشەکەوە. دەبوایە لەوێ بڕیاربدەم، لەوێش پاش سێ ساڵ خوێندن بڕیارم دا چەند کارێکی ئیتاڵیایی و جیهانیم دیت و ئەو شتانەش وایان لێ کردم هونەرەکەم زیاتر خۆش بوێ.

**کولتووری ئێمە بەشێکی بچووکە لە کولتووری گشتی، هیچ کولتوورێکیش بە دوورەپەرێزیی پێشناکەوێ**

**رامان:** له بەغدا مامۆستایەکی دیار هەبوو که سەرنجی تۆ پتر بۆ لای ئەو هونەره ڕابکێشێت؟

**فـوئاد عــەلی:** بەبیرم دێ مامۆستا (محەمەد غەنی حـیکمـەت) و دواتر کـه (مـحـەمـەد عـارف) گـەڕایەوه ئێـمـەیان به هونەری دەرەوەی وڵات گـرێدا، بەبیـرم دێ جـارێکیـان چووینه مـاڵی مـۆسـتـا (مـحەمـەد عـارف) و چەند کـەتەلۆگی هونەرمەندانی پێشاندایـن، یەکەم جـار بوو کاتەلۆگی لەو چەشنه ببینین، لێره شـتی وانەبوو. له مــاوەی خــوێندنمان له پەیمانگا مــامــۆســتــا (فــایەق حەسەن)مان ناسی و ورده ورده ئەو شتانه وای لێمانکرد له جـیـهـانێکی سـاده و سـاکـار و سـەرەتـاییـەوه بەرەو جیهانێکی ئاڵۆزتر و نوێ هەنگاو بنێین.

**ڕامان:** ئەو مامۆستا و هونەرمەندانەی ئەو سەردەمه له بەغدا کاریگەرییان لەسەر تۆ هەبوو کێ بوون؟

**فـوئاد عــەلی:** ئەوانه کـه له ئیـتـاڵـیاوه هاتبـوون و له عـەرەبەکـانیش (مـحـەمـەد غـەنی حیکمـەت) و (فـایق حەسـەن) و (مـیـران سـەعـدی) که له ئیـتـاڵـیا دەرسـیـان خوێندبوو، که (میران سەعدی) عەرەبی بەغدا بوو له دوا سـاڵـەکـانی پەیمانگا لەگـەڵ ئەو کـارم کـرد وەک (بـحث تخــرج) کـه لەناو هەمــوویاندا سێ دانه هەڵدەبژێردراو لەناو سێ دانەکـەش یەک دانه پەیکەر دەست نیـشـــان دەکـرا، ئەو سـاڵه پەیکەرەکـەی من یەکـەم بوو و لەبەر دەرگای (فنون جەمیله) و بەرامبەر (باخچەی زەوراء) به بەرزی (٥مەتر) دروستمان کرد و دامەزرا که ئێستا بیری لێدەکەمەوه کاریگەریی هونەری ڕووسی زۆر بەسەرماندا زاڵ بوو.

**ڕامـــان:** دیاره ئەو سەردەمەش کـاریگەریی بیـرۆکەی چەپ بەسەر کوردستان و عیراقدا زۆر بوو؟

**فـوئاد عـەلی:** بەڵێ ئەوه ڕاسـتـه. دروست کـردنی ئەو پەیکـەره زیاتر و بەرەو کـــاری زۆرتر هـانی دام. هەر بۆیەش بۆ خوێندن و گەڕانەوه. ئێمه سێ کەس بووین من و (بەهائەدین) که هونەرمەندێکی خەڵکی سلێمانییه و کاک (نەجات واحید) کـه بڕیارماندا بچینه ئیـتـاڵـیا بۆ خوێندن. کاک (عەلی جابیری) برادەرمان ساڵێک پێشتر چووبووه ئیــتــاڵـیــا. نامــەیەکــمـان بۆ نووسی کــه دەعوەتێکمان له (ئەکادیمیای ڕۆما)وه بۆ بنێرێ، چونکه بەو چەشنه دەمانتوانی خزمەتی سەربازی دوابخەین، ئێوه



دەستکردی
هونەرمەند
فوئاد عەلی

ئاگـادارن کـه ئەودەم سـەربازی دووسـاڵ نەبـوو، بەڵـکو بچووبایه ناوی تەواوبوونی نەبوو.

ئێــمــه چاوەڕوانی ئەو داوەتنامــەیه بـووین، بەڵام ئەو داوەته هەر نەهات، بڕیارمــاندا و گــوتمان مــادام نـایەت بابچین ببـینه سـەرباز، لەو کـاتیـشـدا کـه چووین له مەعـەسکەر خۆمان ناونووس بکەین، ئەوکاتیش ناویان نووسـیـبـای ئیـتـر دەرفـەتی گـەڕانەوه بۆ دواوه به کـەس نەدەدرا، ئەو عەسکەرەی ناونووسی دەکرد برادەرمان بوو، گـوتی مـەگـەر ئێـوه بڕیاری سـەفـەرتان نـەدابوو؟ گـوتمان داوەتنامـەکـەمـان هەر نەهات و ئێـمـەش بڕیارمـاندا ببـینه سەرباز.

چەکمەجەکەی کردەوه دەفتەری تێدا نەمابوو، گوتی بۆ سبەینێ نایەن؟ گوتمان باشه کەچی ئێواره دەعوەتنامەکان گەیشتن، پاش مـانگێک مەعامەلەمـان کرد بۆ ئەوەی بۆ ئیتاڵیا سەفەر بکەین، ئەوه خەونی زۆربەمـان بوو، بەڵام وامان لێ هات تا (٦) مانگ هەر له مەعامەلەدا بووین، ئەوه بـوو دۆزی سیـاسی له سـاڵی ١٩٧٤ تەواو گـۆڕا و

ڕۆژی سەفەرمان لە فڕۆکەخانە زۆربەی قوتابیانی ئەکادیمیای بەغدا لەوێ بوون تا بەڕێمان بکەن، بەخۆشمان چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد، ئەمنەکان شێت ببوون، بە هەرحاڵ ئێمەیان تەفتیش نەکرد و چووینە ناو فڕۆکەکە پێنج دەقیقە پێش فڕین لە پڕ گوتیان (میستەر فوئاد عەلی) گوتم بەڵێ گوتیان ئەوە دیارییەکە کچێکی برادەرت هێناویەتی، بەو شێوەیە چووینە ئیتالیا و بینیمان جیهانێکی چەند جیاوازە.

بۆ هەر کوێت دەڕوانی کۆشکی هونەری و پەیکەرە، خۆمان لەبەرامبەر جیهانێکی نوێ و جواندا دەبینی.

لەوێ یەکسەر لە ئەکادیمیا دەستمان بە خوێندن کرد، دەبوایە مامۆستایەکی ئەکادیمی هەڵبژێرم و منیش کەسیانم نەدەناسی، بە هەڵکەوت لەو ڕۆژانەی کە لەوێ بووم پێشانگای مامۆستایەکم دیت کە ناو (ئیملیوگرێکۆ) بوو کە یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانی ئیتالی و ئەوروپی، کە یەکەم مۆزەخانەیان لە یابان بۆ کردۆتەوە. ئیشی ئەوم زۆر بەدڵ بوو، ئەوم وەک مامۆستای خۆم هەڵبژارد و بە ئینگلیزی قسەمان دەکرد.

من کۆمەڵێک ئیشی خۆم کە لە بەغداوە هێنابوو پێشاندا، ئەو کە بینی وتی تۆ لە قۆناغی سێیەمدا وەردەگرم، یانی دوو ساڵم کتوپڕ تێپەڕکرد. وتم مامۆستا من دەمەوێ بزاڤی هونەری ببینم، بۆیە دەمەوێ لە قۆناغی یەکەمەوە دەست پێبکەم، ئەولا ئەم لا برادەرێکیشم برد بۆی باس بکات، ئاخری لە دوو وەری گرتم و من ئەکادیمیای چوارساڵم بە سێ ساڵ تەواو کرد. لە شاری (ڕۆما) ساڵێک مامەوە، دوایی لە شاری (فلۆرینسا) کە شارێکی زۆر جوانە و بۆ خۆی مۆزەخانەیەکە و لەوێ مامەوە بەنیازی ئەوەی بگەڕێمەوە، بەڵام دواتر سەفەرەکە گۆڕاو نەمتوانی بێمەوە.

**ڕامان:** لەبەغدا پەیمانگات خوێندو لەوێش ئەکادیمیات تەواوکرد، بێجگە لەوەی دوو کولتووری بەرامبەر بەیەکترت بینی، دوو جۆرە سیستەمی خوێندنت بینی، تۆ باسی ئەو دوو سیستەمەی خوێندنەمان بۆ بکە، ئایا ئەوە کێشەی بۆ دروست نەکردی، یان چەندە سوودی بۆ تۆ تێدابوو؟

**فوئاد عەلی:** من دەڵێم وەکو ئەکادیمیا ئەو سوودەی لە ئەکادیمیای بەغدام وەرگرت زۆر زیاتر بوو لە ئەکادیمیای ئەوروپا، بەڵام وەکو بزاڤی هونەری پێچەوانەی ئەوێ بوو، لێرە بزاڤی هونەری نییە، دیراسەت هەیە، بەڵام لەوێ گالەری زۆر هەیە، لە یەک شەقامدا سێ- چوار گەلەری هەیە و دەچی دەیبینی. بێجگە لەوە بەردەوام شتی نوێ دەبینی.

**ڕامان:** لەوێ هونەرتان وەک لایەنی تیۆری خوێند؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ تیۆری هەیە و لایەنی عەمەلیش هەیە، مێژووی هونەر و ئاناتۆمی هەیە، من ئەوەم لەلا گرینگە وەکو ئەو دوو کولتوورە و خۆم بەرامبەر کولتوورێکی نوێ دیتەوە، یەکسەر هەستم پێکرد لە لای ئێمە هونەر بازرگانی پێوە ناکرێت و فێربووین، بەڵام لەوێ هونەر بازرگانی پێوە دەکرێت.

**ڕامان:** بەڵام هونەر لەوێ لایەنی جددیشی هەیە؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ لایەنی جددی هەیە و منیش ئەو جیاوازییەم زووبینی و هەستم پێکرد.

**ڕامان:** هەست دەکەی لێرە - لە کوردستان و لە بەغدا هونەرت بەشێوەیەکی قووڵی تیۆری نەخوێندبوو، بەڵام لەوێ کەوتییە ناو ڕوانینە هونەرییە جۆربەجۆر و جیاوازەکانەوە؟

**فوئاد عەلی:** من لەوێ خۆم لەبەرامبەر کولتوورێکی دیکەدا بینییەوە، پێم وایە کولتووری ئێمە بەشێکی بچووکە لە کولتووری گشتی، هیچ کولتوورێک بە تەنیا سەرناکەوێ، چونکە ناتوانێ بەردەوام بێ و بڕواتە پێشێ، ئەگەر پێوەندیی بەم لاو ئەولاوە نەبێ، ئەوەش لەسەر تۆ وەستاوە کە لەبیریان نەکەی. من ناتوانم، چونکە بەرامبەر بە کولتوورێکی نوێ وەستاوم و کتوپڕ تەواوی ئەو کولتوورەی کە پێی گۆش کراوم و فرچکم پێوە گرتووە لەبیر خۆمی بەرمەوە و ناشمەوێ ئەوە بکەم. باشە خۆ ناشتوانم وەک زەڵاتەیەک (ببوورن ئەو وشەیەش بەکاردێنم) ئەو دوو کولتوورە لێک بدەم.

لەلای من هونەر وەکو مێزێکە کەسێ پێی هەیە، ئەگەر یەک لەو پێیانە دەربێنی، مێزەکە ڕاناوەستێ. ئەو سێ پێیانەش لای من فۆرم و ناوەڕۆک و ئیستێتیکایە. (مەبەستم جوانی و ناشیرینی نییە، مەبەستم ڕەسەنی هونەرەکەیە). بۆ وێنە تابلۆیەک دەبینین کە زۆر جوانە، بەڵام مانای نییە و ڕەسەنایەتیشی نییە، جوانییەکەی

زوو ماندووت دەکات و پێوەندییەک لەنێوان تۆ و تابلۆیەکە پەیدانابێ.

هەندێک جار دەبینی ناوەرۆکەکەی بەهێزە، بەڵام فۆرمێکی وای نییە و نازانی چییە؟ بێجگە لەو دوو شتە، ڕەسەنایەتیش زۆر گرینگە. هەوڵم داوە هونەرەکەشم بەدڵی خۆم بێت، ئەوجا ئەگەر توانی سەرنجی یەکێکی دیکە ڕاکێشێت ئەوە شتێکی زۆرباشە، بە پاکی نەک چاولێکەم هونەر لە چ ئاستێک دایە منیش وابکەم، بۆ وێنە هەندێک جار هونەرمەندێکی ئەفریقی دێتە فەرەنسا، یان ئیتاڵیا یان وڵاتێکی تر پاش دوو مانگی دیکە وەکو ئەوان نیگارکێشی دەکات. دەڵێن هونەر سنووری نییە. باشە سنووری نییە، بەڵام دەبێ کاریگەریی کولتووری تۆشی پێوە دیار بێ. من نامەوێ بەوەندە ساڵە، ڕابردووی خۆم لەبیربکەم.

**ڕامان:** بەڕای ئێوە کەسێک کە لە کولتوورێکەوە دەچێتە ناو کولتوورێکی دیکەوە دەبێ بە پلەی یەکەم دەرگایەکی دیکە بکاتەوە نەک ببێتە هۆی بزر بوونی دەرگاکەی خۆی، دەبێ خۆی بەو کولتوورە نوێیە دەوڵەمەند بکات؟

**فوئاد عەلی:** زۆرجاری وا بووە لەبەر بێ پارەیی دەستم کردووە بە کێشانەی تابلۆی بازرگانی بۆ فرۆشتن، بەڵام چونکە بە پشتیوانی هونەرێکی ڕەسەن ئەو کارەم دەکرد کارەکانم جوان دەردەچوون.. زۆرجار لەناو گۆڕەپانی سەیرانگاکان دادەنیشم و پۆرترێتی خەڵکیم دەکرد و بەوە دەژیام.

پاش ماوەیەک بیرم لەخۆم کردەوە گوتم من ناتوانم دوو جۆرە کاری هونەری بکەم، یەکیان بۆ ژیان ئەویتریان بۆ هونەر. دەستم کرد بە ئیشێکی دیکە کە پێوەندیی لەگەڵ هونەر نەبێت تا بتوانم هونەرەکەم بە پاکی بهێڵمەوە.

**ڕامان:** نەبوونی پێوەندی ئیشەکە و هونەرەکەت تووشی سەرلێشێوانی نەکردی؟

**فوئاد عەلی:** نا، کاتی خۆم دابەش دەکرد و دەم گوت ئەو لایەنە بۆ ژیانە، هاوکات منیش هونەرمەندێکم کە ناتوانم ڕاوەستم و بڵێم ئەوکارە بۆ مانگێکی دیکە دادەنێم، چونکە ئەوە شتێکە لە دەروونم دایە و بەردەوامە.

**جار بووە لەبەر بێ پارەیی دەستم بە کێشانی تابلۆی بازرگانی کردووە، بەڵام چونکە بە پشتیوانی هونەرێکی ڕەسەن ئەوەم دەکرد کارەکانم جوان دەردەچوون**

لەو ساڵانەی کە لە ئیتاڵیا مامەوە بەشداریی زۆر پێشانگای ئیتاڵی و کوردی بە کۆمەڵم کرد و بیست تا بیست و پێنج پێشانگای تایبەتم بەڕێوە بردووە کە هەموو ڕێکەوتەکانیانم ماوە. پتر لە پێنج پەیکەر و ئیشێکی موزاویک و دوو ئیش دیواربەندم لە ئیتاڵیا کردووە. ئەوەش پێیدەڵێن (مۆرالس)- (ئەفرێسکۆ) لەگەڵ گێچەکە تەفاعوولی کردووە، بەڵکو ئەوە (مۆرالس)ە وەکو ئەوانەی یەکسەر لەسەر دیوارەکە دەیکێشنەوە. پار شارەوانییەکی گچکەی نزیک شاری فلۆرنسا، دیوارێکی هەبوو (٤٠ مەتر) بوو، (شەش مەتر) بە (چل و دوو) کێبەرکێیەکی دانا، من هێڵکارییەکەم بۆ ناردن ئەو هێڵکارییە هەڵبژێردرا کە ئەو (مورالسەی) لێ بکەن و ئێستاش هەر لەوێ ماوە. لە ساڵی (٢٠٠٧) پەیکەرێکی نوێم دەچێتە ناو گۆڕەپانێک ئێستا دەستم پێکردووە و تا ئەو کات تەواو دەبێ لە (کومونەی گری) دەبێ کە لەو ساڵانەی دوایی لەوێ ناسراوم، بەڵام لە کوردستان کەمتر دەمناسن.

**ڕامان:** بە پێچەوانەوە لێرەش ناسراوی.. دانانی پەیکەر لەو جێگا حەساسانە کە بەخۆت دەزانی لووتکەی هونەری بەرز و داهێنانە کە مێژوو و شارستانیەتێکی لەپشتە، خەڵکێکی وەکو تۆ بە چ پێوەرێک لەوێ جێتان دەکەنەوە، واتە تەنیا پێوەرە هونەرییەکەیە یان شتێکی تری لەپشتەوە؟

**فوئاد عەلی:** پێوەرە هونەرییەکە لەبەرچاو دەگرن، ئەگەر تۆ خۆت پیشان نەدەی ئەوان نازانن ئیشەکەت چۆنە و بانگت ناکەن، جگە لەوەش ئەگەر داهێنانت هەبێ و شتێکی تایبەتی بکەی بانگت دەکەن و گرنگی پێدەدەن بە زەنگینی حیسابی بۆ دەکەن، ئەگەر شتێک لە کولتووری خۆتەوە ببەیتە ئەو شارەوە گرنگی پێدەدەن، چونکە منیش ئەگەر وەکو ئەوان ئیشم بکردبایە، ئەوە وەک ئەوەیە هیچم نەبردبێتە ئەو شارەوە.

**رامــان:** سەبارەت بە خۆت باسی سێ شتت کرد یەک لەوان ڕەســەنایەتی بوو، تۆ لە ڕوانگەی خــۆتەوە چ پێوانەیەکت بۆ ڕەسەنایەتی هەیە؟

**فـوئاد عـەلی:** ڕەسەنایەتی ئەو کولتوورەیە کە تێیدا ژیاوی و پێـوەندی هەیە بە دابونەریت و کـەسـایەتی و دەروونی مرۆڤی کۆمەڵکاکەت، ئەمەش ڕەنگە، خەمە، ئافرەتە، حەسەن زیرەک گۆرانییەکی هەیە دەڵێ (خۆت لەناو باوەشت کـردییـە) ئەو دانیـشـتنە بـۆ من بـوو بە ئیلهامی پەیکەرێک و دروستم کرد، دەبێ بۆچوونت بۆ شتەکە بەشێوەیەکی ناوچەیی بێ.

**رامان:** یانی پاراستنی مۆرکی ئێرەیە؟

**فـوئاد عـەلی:** بەڵێ، من ناڵێم هونەرەکە ناوچەیی بێ نا،بەڵکو دەڵێم کـەمـێک ڕەسـەنایەتی نەتەوەیی خـۆت ئاوێتەی هونەرەکەت بکە. من کەڵکم لەهونەری ئەورووپی وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نامەوێ خۆم بزر بکەم.

**رامــان:** مـەبەسـتی تۆ ئەوەیە کـە ڕەسـەنایەتی لەلات پاراسـتنی کـەلەپوورە، بەڵام بەشـێـوەیەکی نوێخـوازانە و تازە تەعبیری لێ بکرێ؟

**فـوئاد عــەلی:** بەڵێ ڕەسـەنایەتی پێـوەندی بە ژیانی ئێمەوە هەیە.

**رامــان:** ڕەسـەنایەتی چرووک و بێ مـاناش هەیە کـە لەخزمەتی فیکری کۆن و تەقلیدی دابێ؟

**فـوئاد عــەلی:** ئێـمە باسـمـان کرد کـولتـوور بە تەنیـا ناڕواتە ڕێوە، دەبێ پێوەندیمان بە کولتووری ترەوە هەبێ، من نـاتوانم لەناو بـازنەی فـۆلکلۆردا خـۆم بهـێـڵـمـەوە، چونکە زۆر بەرتەسکە. دەبێ شـتـێک بێ کـولتـوورەکـەی دیکە لێی تێبگات تا بتـوانم ئەو دوو کـولتـوورە پێکەوە ببەستمەوە.

**رامـــان:** هاوکـێـشـەی ئەو ڕەسـەنـایەتیـیـەی تۆ وەک هونەرمـەندێ باسی دەکەی و مـوتوربەکردنی بە نوێخوازی و کاری مۆدێرن خۆی کێشەیەکی قورسە و کەم کەس هەیە بتـوانێ ئەو هاوسـەنگیـیـە ڕابگرێت. ئایا تۆ بەوە چەندە ماندوو بووی تا بتوانی ئەو هاوسەنگییە پێکبێنی؟

**فوئاد عەلی:** ئەوە بۆتە پارچەیەک لەژیانم و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو باشی دەڕوا، چونکە ئەوە ئامانجە. پیکاسۆ دەڵێ: هونەرمـەند مـرۆڤـێکی ڕۆشنبـیـرە، واقـیـعـەکـەی خـۆی تێدەگاو وێنـای دەکات، منیش ئەو شـتـانەی دەیـانبینم و چاویشـمـان شت دەبینێ، ڕەخنەگـرێکی فـەرەنسی کـە برادەری پیـکاسـۆ بووە ناوی (ئەندرێ بێـــردەی)یە و ئێسـتـاش دەژی. دە ساڵ لەوە پێـشـتـر چوومـە لای ئەو ڕخنەگرە لە پێشانگایەکدا پێشکەشم بکات، ڕەخنەیەکی زۆر جـوانی بـۆ من نـووسـیـبـوو. ئەو دەڵێ (بەڕای من، بەڕای چاوی منیش). جـا بۆیە دەڵێم چاوی هونەرمـەند جیاوازە و هەڵگری جۆرێک لە ڕۆشنبیرییە.

**رامان:** ئەو هونەرمەندە چی دەڵێ؟

**فوئاد عەلی:** دەڵێ بەڕای من، بەڕای چاوی منیش ئەو پەیکـەرانە تـایبـەتن و دەمگـەڕێنێـتــەوە بۆ لای کــۆن بەشێوەیەکی نوێ، من لەمۆنۆمێنتی پێشمەرگەدا هەستم بەو ڕەسەنایەتییە کردووە، ئەوە هاوسەنگییە.

**رامـــان:** وەک هونەرمـەندێک مـاوەیەکـە لەگـەڵ هونەر دەژی، لەو ڕۆشنبیرییە هونەرییەی خۆت کە هەتە، لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکی فراوان و گشتی کە پێویستە بۆ هەموو مرۆڤێک لە هەر بوارێکدابێ کە پرۆڤەی داهێنان دەکات، ئایا خـۆت لێی ڕازی؟ بە کـورتی لـە ڕۆشنبـیـریـی هونەریی خۆت ڕازی؟

**فــوئاد عــەلی:** من زۆر لێی ڕازیم، چونکە پێـــوەی مـاندووبووم و چێـژێکم پێـدەدات، پاشـان چێـژ دەداتە خەڵک.

**رامان:** لێرە باس لەوە دەکەن زۆر هونەرمەندی بەتوانای کـورد کـە دەگـەنە ئەوروپا و بەتایبـەت ئیـتـاڵیـا بە پێچەوانەی ئێوە کە هونەرە بازرگانییـەکەت بەلاوە ناوەو لەپێناو هونەری ڕەســەندا کــاردەکــەی، ئەوان تەواوی توانایی خــۆیان بۆ دابین کـــردنی بژێوی ژیان لە بواری هونەری بازرگـانیـدا بەکـاردێنن و لەوکـارەدا بزر دەبن، بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەوە چییە؟

**فـوئاد عـەلی:** من نامـەوێ باسی هونەرمـەندانی دیکە بکەم. من دەتوانم باسی خۆم بکەم.

**رامان:** ئەوە خۆ دزینەوەیە؟

**فـوئاد عــەلی:** نا.. هەرچەندە حەز نـاکـەم باسی خۆم بکەم، بەڵام ئەوە دەرفەتێکە کـاتێ باسی خۆم دەکـەم بەو هیوایەم کە گەنجێکیش کەڵک لەوە وەرگرێ.

**رامـان:** ئاخر ئەگەر ئێمە ڕەخنە نەگرین زۆر شتی خراپ درێژەی پێدەدرێت؟

**فـوئاد عـەلی:** ئەو بەرهەمـانەم لە کەتەلۆگ دیارن، کە

کردوومن، با لەسەر ئەوانە قسە بکەین..

**ڕامـــان:** ڕاستــە کـە ئێـوە لـە دەرەوە ناسـراون و لە کــوردســتــانیش هەر ناســراون، بە تایبــەتی لەلایەنی هونەرییەوە ڕەخنەگرەکان و ئەوانەی گرینگی بە ئەدەب و هونەر دەدەن بە تەواوی ناسراون، ئێمە زۆر چێژ لەو ژیانە هونەری و ڕوانینە هونەرییە جوانەی تۆ هەتە وەردەگرین، بەڵام حـەز دەکــەین کــەمــێک باسی هونەری ئێــرە- کــوردســتــان بکەین- چی لێ دەزانی؟ لەوکـاتەوە لێـرە ڕۆیشـتووی دوای ئەو هەمـوو ئەزمـوونە ئاڵۆزەی لەئەورووپا بینیـوتە و لە ڕوانگەی ئەو ژیانەی لەوێ هەتبووە ئێـستا چۆن سەیری ئێرە دەکەی؟

**فوئاد عەلی:** بەرلەوەی وەڵام بدەمەوە دەمەوێ بڵێم من لەو ســاڵانەدا خــۆم مــاندوو کــردووە، ئەگــەر لەبواری مادییەوە قسەیەک بکەم، من لە ئەورووپا هیچم نییە نە خانووم هەیە و نە هیچم هەیە، ئەگەر بتوانم لە مووچەکەم کـەمـێک لەلایەک دابنێم پەیکەرێک بە برۆنز دەکـەم، دەسکەوتی مــاددی لە ئەورووپا بەو شــێــوەیەیە، یان هێــڵکارییــەک دەفـرۆشم. ئەو هێــڵکارییــە دەکـەمـە پەیکەرێکی برۆنزی. ئێــســتــا زیاتر لە بیــست و سێ پەیکەرم لە پێـشـانگایەک لە هۆڵەندا هەیە، باشـە من پارەم لەوانە سـەرف کـردووە، بەڵام کـەی دەفـرۆشـرێن؟ ئەوجـار من دەتوانم پارەیەکم بەدەست بکەوێ، بەڵام ئەو هونەرەش خۆماندووکردنێکی تایبەتی دەوێ، خەباتێکی دەوێ. هاتوومـەتەوە ئێرە خـۆم بۆچی ماندوو کـردووە، بۆ ئەوەیە سبەینێ کە هاتمەوە خزمەتێکی وڵاتەکەم بکەم، بۆ ئەو خزمـەتەش پێویستم بەوەیە بە خـەڵکەکەم بناسێنن، پاشان پێویستم بە پشتگیریی حکومەت هەیە.

نە شەقامێکمان پەیکەرێکی تێدایە و نە گۆڕەپانێک، ئەگەر تێشی دابێ یان بەگێچی لە سلێمانی کراوە یان بە چیـمـەنتـۆ کـراون کە پاش دوو باران لێدان (پیـرەمێـرد) دەبێتە (مەیموون)ەکە.

**ڕامان:** لە ڕووی هونەریشەوە زۆربەیان سەقەتن؟

**فـوئاد عـەلی:** لە ڕووی هونەرییەوە ئەوەی لە ئەکادیمیا فـێـرە هونەر بێ ناتوانێ بیـهـێنێتـە سـەر شـەقـام، ئەوە بەرپرسـیـارەتیـیـەکی مـێژووییـە، ئەو هونەرەی دێتـە سـەر جادە تا دووسـەد ساڵ نابێ دەستی لێبـدرێ، تەنانەت باری پەروەردەیی خــۆی هەیە، یان لەخــۆوە بڵــێی ئەوە



دەستکردی هونەرمەند فوئاد عەلی

جـوانە و دابنرێت. من کـە شـتـێک دەکـەم بۆ ئەو پرۆژەیە نزیکی ساڵێکە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم.

**ڕامـــان:** مـەبەسـتت پرۆژەی مـۆنـۆمـێنتی پێـشـمـەرگەی نەناسراوە؟

**فـــوئاد عـــەلی:** بەڵێ مـەبەسـتم ئەو مـۆنـۆمـێنتـەیە، بەڕاستی لێرە هونەر کەوتۆتە دواوە.

**ڕامـــان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی ئەو پەیکەرەی لەسەر جــادە دادەنرێت دەبێ لایەنی پەروەردەیی و جـــوانی و مێژوویی لێکبدرێتەوە؟

**فوئاد عـەلی:** کە پارەمـان هەیە بۆ بەباشی نایکەین، تا خەڵکەکەش بیـبـینێ. زۆر گـرینگە پەیکەری جـوان لەناو گۆڕەپانەکاندا هەبێ، چونکە خەڵکەکە بەبێ ئەوەی بچێتە گــــالەری دەیبــــینێ و بارێکی پەروەردەیی لەســــەر بەجێـدەهێـڵێ. بێـجگە لەوە یەکـێـتی نووسـەرانی کـورد تابلۆیەکی باشیان نییە، دەچیتە فەرمانگەیەک دەبینی نە پەیکـەرێـک نـە تابلـۆیەکی چاک هەیە. من داواکــــارم هاوکـاریی هونەرمـەندان بکرێت بگەڕێنەوە کـوردسـتـان،

ئاخر من بۆ بچم بە دەرەوەی بفرۆشم لە کاتێکدا لێرەش ئیمکانیاتی مادی هەبێ و لە شتی بێ کەڵک و بێ مانای سەرف دەکرێ، ئەو شتانەش لەناو ستۆدیۆی هونەرمەندەکە خەوتووە و ماوەتەوە و کەس نەیبینێ؟

**رامان:** تۆ بەیەکجاری گەڕاویتەوە کوردستان یان بەسەردان هاتوویتەوە؟

**فوئاد عەلی:** ئەو پرۆژەیە ئیشی لە ئیتاڵیاش دەوێ، من پاش سی ساڵ ژیان لەوێ ئەوە لێرەم، بەڵام من لە تواناییمدا هەیە هەر ئیشێک هەبێ، تەنانەت وەک دەرس گوتنەوە ئامادەم بیکەم، لە سەردانێکم بۆ لایان قوتابیانی ئەکادیمی نەیاندەهێشت بڕۆمەوە، چونکە چەند شتێکم گوت پێیان خۆش بوو، دیاربوو شتێک بوو ئەوانی تووشی فکر کردنەوە کرد. من ئامادەیی خۆم نیشاندا، ئەوان دەزانن من پەیکەرتاشم و پەیکەرم لە شارەکانی ئیتاڵیا هەیە و لێرە نیمە.

**رامان:** دەبێ لەمڕۆوە زۆر پشتگیری بکرێی بۆ ئەوەی ئەو خەونەی هەتە بێتە دی؟

**فوئاد عەلی:** من خۆم بۆ هونەرەکەم ماندوو کردووە و حەز دەکەم ئەو پرۆژەیە و کارە هونەرییەکانم بێنمەوە کوردستان.

**رامان:** تۆ دوای ئەو هەموو ئەزموونە کە هەتە لەکاری پەیکەرسازی، پێت وایە ئێستا هونەرمەندی کورد دەتوانێ شان لە شانی هونەرمەندانی جیهانی بدات؟

**فوئاد عەلی:** پێشانگایەکمان لە ناوەڕاستی شاری (وێنا) کردەوە نزیکەی دوازدە هونەرمەند بەشداری کرد. لەوانە: ئازاد ئەحمەد و قەرەنی جەمیل و مالڤا و بەهادین و مەدحەت و ڕۆژان و من بووین، دواتر لە (کراکۆرک) کرا، تەنانەت ئەو دوو پێشانگایە ئەورووپییەکان بە شتێکی گەورەیان دەبینی.

**رامان:** ئەی ڕاگەیاندن شتی لەبارەوە نووسی؟

**فوئاد عەلی:** ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی باش شتی لەسەرنووسی و هەڵیسەنگاند، لەوێ ئەو شتانە نییە هەر بڵێن ئافەرین.

**رامان:** باشە ئەدی ئەو پێشانگا گشتییەی کە بۆ هونەرمەندانی کوردستان بەناوی ئەنفال لە پاریس ساڵی نەوەد و سێ بوو کۆمەڵێک هونەرمەندی کوردستان دەعوەت کرابوون، ئەوانت چۆن بینین؟

**ڕەسەنایەتی ئەو کولتوورەیە کە تێیدا ژیاوی و پێوەندیی بە دابونەریت و کەسایەتی و دەروونی مرۆڤی کۆمەڵگاکەتەوە هەیە**

**فوئاد عەلی:** بەڵێ ئەو پیشانگایەم بینی، ئەوانە بەکۆمەڵ پێکەوە بوون، بەڵام ئەو دوو پێشانگایە لە ئاستێکی زۆر بەرز بوون.

**رامان:** بە نیسبەت خۆت وەک هونەرمەندێک تاچ ڕادەیەک ڕەخنە توانیویەتی تۆ بەدنیای دەرەوە بناسێنێ؟ یان بە کوردت بناسێنێ؟ ئەگەر ڕەخنە حەقی تۆی نەداوە، حەز دەکەین قسەی خۆت بکەی؟

**فوئاد عەلی:** ماوەیەکی دیکە ئەو شتانە لە ئیتاڵیاییەوە وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی، هەر جارێ کە پێشانگام کردبێتەوە، بەشێوەیەکی چاک لەسەری نووسراوە.

**رامان:** بەوەش ئاسوودەی؟

**فوئاد عەلی:** من ئاسوودەم، بەڵام تەنیا میدیای کوردی باسی نەکردووم و کارەکانی منی فەرامۆش کردووە.

**رامان:** کاتێ پێشانگاکەت لێرە کردەوە دەکرێ ئەو نووسینانە لێرە پیشان بدرێن؟

**فوئاد عەلی:** لەبەر ئەوەی چەند هونەرمەندێکی چاکمان لێرە و چەند هونەرمەندی باشی ئینتەرناسیۆناڵمان لە ئەورووپا هەیە، پێویستە لێرە مۆزەخانە بکرێتەوە، بەڵام پێش ئەو مۆزەخانەیە پێویستە بەرهەمەکانیان بگەڕێتەوە کوردستان و چەند پێشانگایەکی بەردەوام دابنرێت، با خەڵکەکە فێرە پێشانگاو گەلەری بن. لەناو ئەو هوتێلە بەناوبانگەی هەولێر (مەبەستی هوتێلی شیراتۆنە) ئەو تابلۆ بازرگانیانە هەیە کە نابێ وابێ، دەبێ کاری هونەریی باش هەبێ، تا ئەو خەڵکەی دێن تەماشای بکەن، تەنانەت دەبێ لە ناو دائیرەیەکی ئاساییشدا بەرهەمی باش دابنرێ، لەوانەیە بە تەن تابلۆ هەبێ، هەندێک هونەرمەند هەیە ئیش ناکات، دەڵێ چی بکەم ئیش بکەم و لەوێی دابنێم. باشە بۆ یارمەتییان نەدەین؟ دەزانن هۆڵەندا ماوەی دە ساڵە چ دەکات؟ بێجگە لەوەی ئەندازیارەکان بانگ دەکات کاری بیناسازی بکەن، هەرچی هونەری ئەورووپا هەیە کڕیویەتی، من چەندین

پەیکەرم لەوێ هەیە کە کڕیویانە. کاک بەهادین بەخۆی لەوێیە زۆر تابلۆی کڕدراوە، پاش چەند ساڵێک ئەوانە تابلۆی هونەری زۆریان لەلا کۆدەبێتەوە. لێرە کاتێک باسی هونەری جیهانی و هونەری ناوچەیی دەکەین بەخۆمان دەزانین ئەوروپا و ئەمریکا بە پارە و ئابووری و لایەنی سەربازی بەهێزن، ئەوان هونەرمەند خەڵق دەکەن. چەندین بازرگان و گەلەریان هەیە و هونەری جیهانی بەڕێوەدەبەن، ئەوانە بوونەتە مۆدێلێک و وا دێتە ئەژمار کە لە هەموو جیهاندا هونەر واتە پارە و هێز، ئەوەش وردە وردە وا دەکات کولتووری گەلانی تر بسڕدرێتەوە و مۆدیلێکی کولتووری خۆی دێنێتە گۆڕێ.

**ڕامان:** یانی باسی جیهانیبوون و گەڕان بەدوای پارە و هێزی سەرمایە و قازانج هەموو ئەوانە بەدژی هونەرن؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ ڕێک مەبەستم ئەوەیە، لەبەر ئەوەی وەک هونەرمەندێک نامەوێ کولتووری خۆم لەبیر بکەم، بەڵام ئەو دژی ئەوەیە و کولتووری بچووک لەناوخۆیدا دەتوێنێتەوە.

**ڕامان:** بەڵام دیسان لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵات بەگشتی، جۆرێک لە کوێرەوەری هەیە کە نرخی ئەم جیهانیبوونە نازانێ کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی بوژانەوەی هونەری، مەبەست ئەوەیە ئەو کوێرەوەرییە ڕێگە بە دروست بوونی ژیانێکی دیکەی نوێ دەگرێت، یانی هونەر بێنینە ناو ژیان، ناو شەقام، ناو میعماری، ئەوەش هەیە کە بەربەستێ و بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ دروست نابێ و کاتی دەوێ..

**فوئاد عەلی:** بەڵێ کاتی دەوێ، بەڵام دیسان دەڵێم نابێ کولتووری خۆمان لەبیربچێتەوە و هونەری ئەوان ببێتە مودێلێک بۆ ئێمە و بەدوای ئەوان بکەوین، هەرکەس بۆ خۆی بەپێی تەعبیر و بۆچوونی خۆی دەبێ بوونی هەبێ، هەر ئەوەش وردە وردە زەنگینمان دەکا. بەڕاستی هونەر لە کۆمەڵگادا پێش هەموو شتێکە و دەتوانێ لە بواری ئابووری و پەروەردە..تاد جوولان دروست بکات، هونەر دەتوانێ چاومان بکاتەوە، کاتێ چاو لە تابلۆیەکی هونەری دەکەین لەناوەوە شاد دەبین.

**ڕامان:** بەپێی ئەزموونی خۆت لە هونەری پەیکەرسازیدا چەندە توانیوتە سیمایەکی کوردانە لە



دەستکردی هونەرمەند فوئاد عەلی لە فلۆرەنسا

هونەرەکەتدا بنوێنیێ؟

**فوئاد عەلی:** ئەوە پرسیارێکی زەحمەتە، من بەشێوەیەکی نە ئەکادیمی و نە کلاسیکی کاردەکەم، بەڵکو (فیگەرەتیڤ) کاردەکەم، یانی (فیگەر) دەکەم، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ لەناو ئەو (فیگەرەدا) ڕەمز و هێما و هێڵ و (زەخرەفە) بەکاردێنم. چەند شتێک بەکاردێنم کە بەشێوازێکی نوێ بتگەڕێنیتەوە لای خۆمان.

**رامان:** مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ئەگەر پێشانگایەک لە بەرهەمەکانت بکەیتەوە، خەڵکێک دەتوانن بڵێن ئەوە ئیشی کوڕە کوردێکە؟

**فوئاد عەلی:** ئیتاڵیاییەکان دەڵێن ئێمە ئەگەر ئیشی تۆ لەناو سەد ئیشی دیکە دابنێین دەیناسینەوە بەبێ ئەوەی واژۆکەت ببینین، چونکە ئیشێکی تایبەتییە، ئەو تایبەتییەش لەو شتانەوە هاتووە کە دەیبینم و بینیومن.

**رامان:** ئەی هەست دەکەی ئەوە ناسنامەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ کورد بوون و تایبەتمەندیی کولتووری کوردی، ئەگەر وا باسی بکەین ئەوەی تۆ جیاواز دەکاتەوە ئەوەیە تۆ بە کورد دەناسرێیت؟

**فوئاد عەلی:** دەتوانین تارادەیەک وا بڵێین من هونەرمەندێکی نوێم، هونەرمەندێکی کوردیشم.

**رامان:** بەڵێ لە واقیعدا جیهانیشی.

**فوئاد عەلی:** ئەو بەرهەمەی دەمەوێ پێشانی بدەم و دواییش لەبەر ئەوەی پەیکەرسازیمان نییە، من هەست بەشتێکی دیکەش دەکەم، پەیکەرەکانمان دەبێتە بناغەی هونەری بۆ نەوەی نوێ. دەبێتە بنەمایەکی هونەری کە جحێڵ و لاوەکان چێژی لێ وەردەگرن.

**رامان:** تۆ وەک هونەرمەندێک ئەو پێناسەیەی بۆ ڕەسەنایەتیت هەیە ئەوەیە ئەوەی لێرە بینیوتە و ئەوەی هەستت لێرە خڕت کردۆتەوە و بە بیرو وێنای خۆت دەرت بڕیوە، ئەمە تایبەتمەندییەک بە هونەرەکەی تۆ دەدا، بەڵام ئەوەی لەنێوان قسەکانی تۆ بۆ پرسیارەکەی ئێمە بەدەستمان کەوت ئەوەیە تۆ لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییەکت بۆ هونەری خۆت لەناو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیکەدا پێکهێناوە، بەوە تۆ شتێکت بۆ کەلەپووری هونەریی مرۆڤایەتی زیادکردووە، ئایا بەوە تۆ بوویتە هونەرمەندێکی تایبەتمەند، یا بەو شتانەی لێرەوە لەگەڵ خۆت بردووە بۆ ئەوێ؟

**فوئاد عەلی:** بەو شتانەی کە لێرەوە لەگەڵ خۆم بردووم ئەوانە یارمەتیاندام ببم بەهونەرمەندێکی تایبەت. من گرینگی بە هەموو شتێک دەدەم، بۆ وێنە من ئەو دانیشتنەی ئێستا بەبەشێک لە ژیانم دەزانم و بۆشم گرینگە. ئەوەی کە لە دەوروپشتمە پارچەیەکە لە ژیانم. ئێمە کەم دەژین لە ژیاندا، دەبێ وابژین کە هەر ساتێک ئیعتبارێکی گەورەی هەبێ، ئەوساتە بۆ ئێمە چەند گرینگە، ساتێکی مێژووییە. دانیشتین و دوو قسەمان گۆڕییەوە، بێجگە لەوەی گۆڤاری ڕامان کەڵکی لێوەردەگرێت، پاشان کە هەستاین هەر کاممان بیرلەوە دەکەینەوە چی بۆ گەلەکەمان بکەین و چۆن باشتر خزمەتی پێبکەین، هەرکەسە بەپێی تاقەتی خۆی و لە شوێنی خۆیەوە.

**رامان:** ئەوکاتەی کە لێرەوە چوونە بەغدا بۆ کۆلێژی هونەر جوانەکان، ئەوکات بە تەما نەبوون کۆمەڵێک گەنج پێکەوە کاربکەن و گرووپێک پێکبێنن؟

**فوئاد عەلی:** زەحمەت بوو، ڕەنگە لە ساڵانی داهاتوودا ئەو شتە بێتە پێشێ، بەڵام ئەوکات گرووپێکی هونەری نەبوو و دامەزراندنەکەشی زەحمەت بوو.

**رامان:** لەو ساڵانەدا لە کوردستان زۆر گرووپ هاتنە پێش، گرووپی چوارکەس و گرووپی هەشت کەس و چی و چی هەن... بۆیە دەڵێم ئەوکات ئێوە کە یەک ئاستی ڕۆشنبیری و هونەریتان هەبووە لەوانەیە بیرتان لەوە کردبێتەوە ناوێک بۆ خۆتان دابنێن؟

**فوئاد عەلی:** زۆرجار بیرمان لێ دەکردەوە، بەڵام نەبووینە گرووپ، لەگەڵ یەکتر ئیشمان دەکرد لەگەڵ یەکتر پیشانگامان دەکردەوە، بەڵام پێویستی بە بەیانێکی ڕۆشنبیری هەبوو کە ئەوکات نەبوو.

**رامان:** تۆ پێت وایە ئەو گرووپە هونەریانە تا چەند خزمەتی بزاڤی هونەری دەکەن؟

**فوئاد عەلی:** لەگەڵ ئەوە نیم. من لەگەڵ دروست کردنی گرووپی هونەری نیم. حەزدەکەم هەر کەسە ئەزموونی خۆی هەبێ.

**رامان:** ئەمە شتێکە و هەیە، دەبینی لەنێوان سەد کەسدا سێ چوارێک شێوازی کارکردنیان لەیەکتر نزیکە و گرووپێک پێکەوە دەنێن، تا داکۆکی لە شێوازەکەیان

بکەن و لەقەرەباڵغی جودای بکەنەوە.

**فوئاد عەلی:** پێم وایە کاریگەریی لەیەکتر وەردەگرن، من لەگەڵ ئەوەدانیم.

**رامان:** هەندێک تایبەتمەندی دیکە لە دنیای هونەردا هەیە بۆ وێنە تۆ هونەرمەندێکی پەیکەرسازی، پێش هەموو شتێک بیر لە چی دەکەیتەوە کاتێ بیرۆکەیەک ئابلۆقەت دەدا ئیشی لەسەر بکەی، یان جۆری کەرەستەکە خۆی دەسەپێنێ، یان هەر لەخۆتەوە دەست دەدەیتە کارکردن، یان مۆتیڤێک هەیە ئیشی لەسەر بکەی؟

**فوئاد عەلی:** من لەپێشدا بیر لە بابەتەکە دەکەمەوە دەپرسم چ بکەم، دوایی ئەو شتە بە چ شێوەیەک جوانە بەرێوەبچێ و کەرەستەکەش چی بێ؟ لەو ساڵانەدا من هەر بە برۆنز یان بە قوڕی سیرامیک دەیکەم، ئەوجا برۆنزیش زۆر گرانە.

**رامان:** واتە بەلای تۆوە یەکەم شت بیرۆکەکەیە، پاشان بیرکردنەوە لە کەرەستەی جێبەجێ کردنی کارەکە، پاشان دەست بە ئیشەکانی دیکە دەکەی.

**فوئاد عەلی:** دەزانن بۆ دەیکەم بە برۆنز، چونکە لە ئەوروپا بەشداری چەندین پێشانگا دەکەی کە کارکردن بە برۆنز ئاسانترە، یەکەم ناشکێ و بۆ گواستنەوە خۆشترە، دواییش ئەو شتانە ئەگەر بێنەوە کوردستان دەبنە شتێکی کۆن و برۆنز (٥٠٠) ساڵ و تەنانەت هەزار ساڵیش هیچی لێ نایەت.

**رامان:** لەوکاتەی پەیکەرێک ساز دەکەی، بینەری هونەریت لەبەرچاوە؟

**فوئاد عەلی:** بیری لێ دەکەمەوە، بەڵام لەکاتی کارکردندا شتی نوێ دێتە پێشێ، بۆیە من هەر لەسەرەتاوە دەزانم چی دەکەم.

**رامان:** تۆ کە ڕووت کردۆتە ئەو ئیشە، ڕێکەوتووە کەسایەتییەکی نەتەوەیی، ڕەمزێکی نەتەوەیی کە کاریگەریی لەسەر تەواوی کۆمەڵگای کوردی هەبووە، یان کەرەستەیەکی مێژوویی وەک داستانی مەم و زین، یان خەج و سیامەند، شتێکی لەو بابەتانە تا چەند حەزت کردووە لەناو هونەرەکەتدا دەرببڕی و تا ئێستا چەندت دەربڕیوە و لەم بارەیەوە چیت کردووە؟

**فوئاد عەلی:** تا ئێستا ئەو بابەتانەی کە بەخۆم لەبەرچاوم گرتووە، ئافرەت و عەشق و شتی لەو بابەتەیە، بەڵام وەکو ڕەمزە سیاسی و مێژووییەکان، یان مەم و زین، ئەوە لە داهاتوودا شتیان بۆ دەکەین.

**رامان:** یانی شتی وات لە خەیاڵدا هەیە؟

**فوئاد عەلی:** بەڵێ هەیە.

**رامان:** ئەی کەسایەتییەکی مێژوویی و نەتەوەیی؟

**فوئاد عەلی:** تەنانەت شیرین و فەرهاد من باوکم لە قەسری شیرینەوە لە بێستوونەوە هاتۆتە ئێرە.

**رامان:** ئێستا دەچینە سەر تەوەری پرۆژەی پێشمەرگەی نەناسراو، ئەوەی دوێنێ و پێرێ پیشانت دا، باسی بیرۆکەکەمان بۆ بکە؟ ئەو بیرۆکەیە چۆن سەری هەڵدا، ئایا لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە داوات لێ کرا؟

**فوئاد عەلی:** من لە ئیتاڵیا بووم کاک قەرەنی جەمیل هات گوتی من وەک پەیکەرتاشێک دەتناسم، لە کوردستان نیازێکی ئاوا هەیە و بەتەمان پەیکەرێکی لەو بابەتە دروست بکەن، ئێمە وەکو پەیکەرتاشی کورد تۆمان هەیە حەز دەکەم بیر لەو مەسەلەیە بکەیتەوە، منیش لەوکاتەوە بیرم لێ کردەوە.

ئێوە دەزانن لێرە کار بە پارەیەکی زۆر دەکرێ کە دواجار تەواویش نییە، هەرکەسە بەزەوقی خۆی دەیکا، من یەکسەر بیرم لە شتێک کردەوە، چونکە ئەوە پەیکەرێک نییە من بە ئازادیی خۆم بمەوێ لێرە داینێم. زۆر ئاسایی جاری وایە پێت دەڵێن پەیکەرێکمان بۆ ئەو گۆڕەپانە دەوێ، تۆ بەدڵی خۆت ئیشی تێدا دەکەی و پەیکەرەکە دادەنێی و تەواو دەبێ، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی مێژوویی و سیاسیشە. من دەبێ لەبەرامبەردا هەست بە بەرپرسیارەتی مێژوویی بکەم. پرۆژەی (جندی مجهول)، یەکەم شت ئێمە (جندی)مان نەبووە خەبات بکات، پێشمەرگەمان هەیە، لەبەر ئەوەش (پێشمەرگەی نەناسراوە). بیرم کردەوە کە ئەو شتە تەنیا موڵکی من نییە، بەڵکو موڵکی هەموو کورد و هەموو دنیایە، بۆیە کاری وا زۆر زەحمەتە، کە تێیدا هەست بە بەرپرسیارەتییەکی قورس دەکرێ. یەکەم جار بیرم کردەوە ئێمە چیامان هەیە، چیا ئاومان دەداتێ، قیرمان دەداتێ، زێڕمان دەداتێ، چیایە کە خەباتی تێدا کراوە، چیایە کە دیفاعمان بۆ دەکات، چیا بەشێکی گرنگی خاکی کوردستانە.

**رامـــــان:** یەکـێک لەو شـتـانەی لەو کـارەی تۆدا دەستخۆشانەی دەویّ تۆ شاخت هەڵبژاردووە، کە شاخ لە مێژە هەر پشت و پەنای کورد بووە.

**فـوئاد عـەلی:** ئەوە شاخە و لەو پارچە شاخە من وەرم گرت و بیرۆکەکەم دارشت. ئەو شاخە چۆن بێ؟ ئەو شاخە پەیکەری لەســـەرە، بەڵام پـەیکـەری کـێ؟ پـەیکـەری پێشـمـەرگە! مـن حەز لە هونەری رووکەش ناکـەم. چووم هەمـوو (جندی مـەجـهـول)ەکـانی ئەورووپام دیت، بە ئینتـەرنێت هەمـوویانم سـەیر کـرد، لەبەر ئەوەی هەمـوو شـتـێک پێویسـتـە، چووم تەنانەت هەواڵی زۆر بچـووکم لەسـەر کـورد دەرهێنا. گـوتم من سـەلکێک دەکـەم سـەلکێکی گـەورە کـە کـردمـە چوارپارچە، چوارپارچەی کـوردسـتـان لە سـەرەوەش رۆژێک هەیە کـە ئەو سـەلکە پێوەندیی لەگەڵ رۆژەکە هەیە... مـودێلێکم بە تەختە بۆ کـرد و بە برۆنز پارچە سـەلکێکی بچـووکم کـرد و هاتمە هەولێـر فکرەکـەمـان پێـشـانی رێزدار (نێـچـیـروان بارزانی)دا. پێی باش بوو، کاک (قەرەنی)یش لەگەڵمان بوو لەژێر ئەو چیـایە چەند پارچە کـاغـەزێک هەیە، ئەو کـاغـەزانەش باسی مـێـژوومـان دەکـەن، ئەو کـاغـەزانەش بوونەتە گـۆڕەپانێک و چیـاکـە لەسـەر ئەو کـاغـەزانەیە، یەکێک لەو کاغەزانە کەوتۆتە سەرچیایەکە کە ئەویش دەمـوچاوی ئافـرەتێکە گـوڵی نێـرگـزی بەدەسـتـەوەیە. کاغەزەکان بە مەرمەڕ دروست دەکرێن و سەری کچەکە بە برۆنز دەکرێت. کە هاتمەوە هەمووم بۆ رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) باس کـرد گـوتی دەمـەوێ زیاتر کـار لەسـەر ئەو ئیـشـە بکەن تا شـتـێکی زۆر باشی لێ دەرچێ. کـەنگێ تەواوبوون، کـۆنفرانسـێـک بگرە و هونەرمەندەکـان بانگ بکە و تێبینییەکانیان وەربگرە. چوومەوە و لەوێ لەگەڵ ئەندازیارێکی ئیـتـاڵی بەناوی (هێنچۆلۆنگۆ) دانیـشـتم. دەزانن لەبەرچی ئەوم هەڵـبــژارد، چونـکە کــەســێکی شارەزایە لە هونەر، نەک وەک ئەندازیارەکانی لای خۆمان کە تەنیـا ئـەندازیارن، ئەو پیـاوە زۆر حـەزی لە هونەرە و یەکـێکە لەوانەی کـوردی زۆر خـۆش دەوێ، پازدە سـاڵ لەوەو پێش میهرەجانێکی لەخوارووی ئیتاڵیا ساز کرد و چەند پارەی لێ سـەرف کـرد بۆ ئەوەی گـەلی کـورد بە قـوتابخـانەکـان و بە خـەڵکەکـەی شـارەکـەی خـۆی بناسێنێت. کاتی خۆی من و (وەلید ستی) لەگەڵ کاک قەرەنی و بەهائەدین پێشانگایەکی گەورەمان کردەوە کە ئەو کـابرایە بە دوایەوە بوو. مـن ناچم ئەندازیارێک بێنم کـە هیچ لەسـەر کـوردسـتـان نەزانێ، جگە لەوەی کـوردی خـــۆش دەوێ و بەدڵەوە ئەو ئیـــشـــەی کـــردووە. ئەو ئەندازیارەش لە کـەرسـتـەی بیناسـازی شـارەزایە، لەگـەڵ کۆمەڵێک ئەندازیار باسیان کرد کە چ کەرستەیەکی نوێ هەیە بۆ ئەو پرۆژەیە بشێن بەکار بێ.

**رامـــــان:** لە گـفـتـوگـۆی بەردەوامـدا بوون؟ تۆ وەک هونەرمـەندێک ئەو کـەرسـتـانەت پێ باشـە کـە ئەو ئەندازیارە دەستنیشانی کردووە؟

**فـــوئاد عـــەلی:** بەڵێ ئەو لەلای خـۆی زانیـاری کـۆ دەکـــردەوە، من لەلای خـــۆم زانیـــاریم کـــۆ دەکـــردەوە و بەردەوامیش یەکتریمان دەدی و گفتوگۆمان پێکەوە دەکرد.

**رامـــان:** ئەم کـارە چەند دانیـشـتنی پێ چوو و چەندی خایاند؟

**فـــوئاد عـــەلی:** چوار جار دانیـشـتین و شـەش مـانگی خایاند، ئەوکات کە گەڕامەوە فیلمەکە و پلانەکانم هێنا، خـوا یاربێ بەو زووانە پێـشـــانگایەک دەکـەمــەوە بەو مۆدیلانەی کە من کردوومە و جار بەجار گۆڕاون، نیشان دەدەم.

**رامـــــان:** دوا گـۆڕانت پێشـانی رێزدار (نێچیـرڤان بارزانی) داوە؟

**فوئاد عەلی:** دەیبەینە خزمەتی و پێشانی دەدەن، لەبەر یەکگرتنەوەی دوو ئیـــدارەکـــە دەرفـــەتی کـــەمـــە، بەڵام بەڵێنیـان داوە کە دەیانبینێ. ئەو پرۆژەیە بەو شێوەیە کە سـەلکەکـەم کـردە چوار پارچە و لەو چوار پارچەیەشـدا گۆڕانم تێدا کرد، لە پارچەیەکدا دەتوانی بچیتە ژووریّ و لە خوارووشەوە ئەوە ژووری گەورە گەورە دەبێ کە ژووری فۆتۆگراف و هەر شتێکە کە پێوەندی بە شۆڕشەوە هەبێ وەک مۆزەخانە لەوێ دەبێ.

هەروەها ژووری کۆنفرانسی دەبێ کە دەتوانی بە تەنیا بەکـاری بهـێنی. لە پارچەیەک کۆمەڵێک پێشـمـەرگەم کـردووە کـە تفـەنگیـان پێـیـە و بەرێگـادا دەڕۆن. لەلای سەرەوە پیتی لاتینی و پیتی عەرەبی و کوردی-یم وەک هێمایەک بۆ ئەدەبی کوردی بەکارهێناوە، چاوەکەشی بەو شێوەیەی کردوومە بۆتە باڵ کە هێمایەکە بۆ ئازادی.

**رامـــــان:** پرۆژەی (پێـشـمـەرگـەی نەناسـراو) دەبێ

پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ دابین بکرێ کە بەرجەستە و دیاربێ، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی ئەو کارە هونەرییە نەمرێ، نابێ هیچ بینایەکی بەرز لەو دەوروبەرە بکرێت، بەڕای تۆ چ شوێنێک هەڵبژێردراوە؟ ئایا بە ڕای ئەو کەسانەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە کاردەکەن، بیریان لەوە کردۆتەوە؟

**فوئاد عەلی:** بیرۆکەیەکی سەرەتایی هەیە کە لە پێشەوەی پارکی سامی عەبدولڕەحمان و لە نزیک فرۆکەخانەکە جێبەجێ بکرێت. هەروەک گوتت نابێ هیچ شتێکی گەورەتر لەوێ هەبێ، چونکە دەیکوژێت و دەبێ حیسابی ئەرزەکەشی بۆ بکرێ.

**ڕامان:** لەسەر چ ڕووبەرێک دروست دەکرێت؟

**فوئاد عەلی:** نزیک دە هەزار مەتری چوارگۆشەی دەوێت، کارەکە خۆی لەسەر دوو هەزار مەترە، بەڵام دەوروپشتی دە هەزار مەتری چوارگۆشەی دەوێ.

**ڕامان:** ئەی ناکرێ لەناو هەولێر دابێ و شوێنێکی ستراتیژی بۆ چۆڵ بکرێت؟

**فوئاد عەلی:** ئەوەش دەبێ.

**ڕامان:** ئەوە دەکرێ و شارەکەش جوانتر دەڕازێنێتەوە بۆ سەردانی لەلایەن بیانیان و خەڵکانیشەوە ئاسان دەبێ، بەڵام ئایا ئەمە جێبەجێ دەکرێت؟

**فوئاد عەلی:** ئەوە حکومەت بڕیار دەدا، دواجار دەبێ ئەرزەکەش ئەو توانایەی هەبێ.

**ڕامان:** ئەو کارە کەنگێ دەستی پێدەکرێ و چەندە دەخایەنێت؟

**فوئاد عەلی:** ڕەنگە بچێتە ناو پەرلەمان و باس بکرێت، من دەمەوێ شتێکیش بڵێم ئەو کارەی من دەمەوێ بەو شێوەیە بێ، هەر شتێکی تێدا سەرەف بێ تەنانەت فلسێکیش دەبێ کراوە و ئاشکرا بێت. ئەوەش حەقی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی من بەرپرسی پرۆژەکەم و پێشم وایە بەرپرسیارەتییەکی مێژووییە.

**ڕامان:** لە دروست کردنی ئەو پرۆژەدایە نابێ حیسابی قازانجی مادی بکرێت، وەکو ئێوە دەڵێن دەبێ کۆمپانیایەکی ئیتاڵی بیکات، چونکە ئەوان لەو جۆرە پرۆژانە زیاتر ڕەچاوی لایەنە هونەرییەکە دەکەن، چونکە ئەگەر مەسەلە قازانج بێت، لەوانەیە بەڵێندەرێکی هەولێریش بتوانێ ئەو کارە بەڕێوە ببات؟

**فوئاد عەلی:** قازانج هەموو کەس حیسابی خۆی بۆ دەکات، یەکەم شت دەبێ ئەو کۆمپانیایە ناسراو بێت و دەبێ گەرەنتی بدات کە تا چەندان ساڵ هیچی لێ نایەت، ئەوە بڕیارێکی تایبەتە کە لەگەڵ کۆمپانیاکە دەیکەین.

**ڕامان:** مێژووی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان بەڕای تۆ لەکوێوە دەست پێدەکات؟

**فوئاد عەلی:** لە مێژوویەکی سێ چوار هەزار ساڵەوە دەست پێدەکات، لە ئاشوورییەکان و لە بابلییە کۆنەکانەوە دەست پێدەکات. لەو ناوچەیەی کە پێی دەگوترێت (میزۆپۆتامیا) بوونی بووە.

**ڕامان:** بەڵام هەر پەیکەرسازی ئاشووری و بابلی پێوەندی بە کوردەوە نییە، بۆ وێنە پەیکەرەکانی وان و پەیکەرەکانی قەرەداخ و بێستوون ئەوانە هەموویان پێوەندیان بە کوردەوە هەیە، هەموو شارستانیەتی ئێرانی و میدی و ساسانی و فارسی و بابلی و ئاشووری لەپشت هونەر و مێژووی ئەو خاکەوەن کە کوردستانە.

**فوئاد عەلی:** ئەوە زیاتر توێژەرەوە دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، چونکە ئەوەی کە لە کوردستاندا هەبووە، دزراوە و تاڵان کراوە و دۆڕاندوومانن، تەنانەت گوارەیەکی کۆن، مۆرێکی بچووک. ئێمە ئەگەر بزانین گەلی هیترووسکی کۆن هەتاکو ئێستا نازانین لەکوێ لە دایک بوون و لەکوێوە هاتوون، توێژەرێکی ئیتاڵی لێکۆڵینەوەیەکی کرد و بۆی دەرکەوت کە ئێمە لە کوردستان ناوچەیەکمان هەیە ناوی ئەترووشە. بە حوکمی وەرگێڕان دەرکەوت لەو گەلە نزیکە و پاشان زۆر شتی دیکەیان دیتەوە کە بەراوردیان کرد بۆیان دەرکەوت گەلی هیترووسک ناڵێم لە کوردستان لە دایک بوون، بەڵام وەک زۆر گەلی تر ماوەیەک لە کوردستان بوون، لە لوڕستان بوون و دوایی چوونەتە لای مدیترانە.

ئەوجا لە (وان) ئەو پەیکەرانەی کە هەن، وەک پەیکەرە کۆنەکانی کورد دێنە ئەژمار، بەڵام ئەوەش دەبێ لەلایەن لێکۆلەرێکی مێژووەوە لێک بدرێتەوە، من دەزانم ئەو شتانەی لە کوردستان هەبوون زۆریان بەتاڵان بردران، ئەوانەی لە بەغدا هەنە، ئی کێنە؟ زۆربەی ئی کوردە. ئەوانەی لەمۆزەکانی لۆڤەر و بەریتانیاش هەیە ئی کوردن.

**رامــــان:** تۆ وەک هونەرمــەندێک زۆر کـەم تێکەڵاوی بزاڤی هونەریی کوردستـان بوویت، سی ساڵە دابڕانێکت لەگـەڵ ئێـرە بووە، لە هەندەران خـەڵوەتێکت گـرتووە و کـــاری خـــۆتت بەڕێوە بردووە، تۆ پێت وایە ئەو دوورە پەرێزییە بۆهونەرمەندێک سوودی هەیە؟

**فــوئاد عــەلی:** نا بە دڵـنیـایـیـەوە باش نییــە، من بە حـوکمی ئەوەی چەند سـاڵە نەمـدەتوانی بگەڕێمـەوە بۆ کــوردســتـــان، بۆیە دوور کـــەوتوومـــەتەوە. لەوێ لە باڵـوێزخـانەکـان یاسـایەک هەیە ئەوەی کـە لەسـەری نەنووسـرابوو (اتحاد طلبة)ی بەعسییان پەساپۆرتیان بۆ نوێ نەدەکـردەوە، منیش پەسـاپۆرتم نەبوو، بەتایبـەتی ئەوەی پەنابەری سـیاسی هەبێ، منیش لەوێ تێکۆشانی سـیـاسـیم هەبـوو، ئیـدی نەمـدەتوانی هاتوچۆ بکەم، تەنانەت هەژدەسـاڵ نەمـتـوانی نامـەیەک بـۆ مـاڵەوە بنووسم. جارێکیـان براکەمـیـان گرت و ئەزیەتیـان دا، بۆ ئەوەی ئەزیەتیان نەدەن، تەنانەت نامەشم بۆ نەدەنووسین. من خوازیاری ئەو دابڕانە نەبووم، بەڵام وای لێهات.

**رامــــان:** بەڵام ئەو دابڕانە، دابڕانێکی تەکنیکی بووە مـانای ئەوە نییـە کـە تۆ لە کـولتـوور و نەتەوەی خـۆت دابڕابێتی؟

**فوئاد عەلی:** هەرگیز دابڕان نەبووە لە میللەتی خۆم.

**رامـان:** بەڵام ئەو دوورە پەرێزی و خەڵوەتەش کەڵکی بۆ تۆ هەبووە، چونکە خـەریکی کــاری خــۆت بـووی، ڕاسـتگۆیی بۆ هونەرمـەند زۆر گـرینگە، تۆ ڕاسـتگۆیی چەندە بە پێویست دەزانی، چونکە زۆر کـەس هەیە دەڵێ ڕاسـتگۆیی بەسـە بۆ ئەوەی کـاری جـوان بنووسـرێ و بکرێت؟ تۆ وەک هونەرمــەندێک ڕاســتگۆیی چەندە بە گرینگ دەبینی؟

**فـوئاد عـەلی:** بە پێویستی دەزانم. لەسەرەتاوە گوتمان پێش هەمـوو شـتـێک دەبێ من لەگـەڵ خـۆم ڕاسـتگۆبم، دوایی دەمـەوێ بەخـۆم حـەزم لـە هونەرەکـە بێت، چونکە پارچەیەکە لەمن.

**رامان:** هونەرمەندی وا هەیە بۆ ڕازی کردنی کۆمەڵێک دێت ئیشێک دەکات کە بەخۆی بەدڵی نییە!

**فوئاد عەلی:**ئەوە دەبێتە گفتوگۆیەک، تەنانەت لەنێوان هونەرمـــــەندانـی کــــوردیشـــــدا من بـڕوام وایە هەر هونەرمـەندێک ڕێگای خـۆی هەیە کـە ڕۆژانە خـەریکی دەبێ و دەوڵەمەندی دەکات.

**رامـان:** تۆ مەبەستت ئەوەیە بڵێی ڕاستگۆیی و جوانی و داهێنان و ئەخلاق و ڕوانینی هونەری، هەمـوویان یەک شتن ئەویش خۆت و ئینسان و تەعبیری خۆتە.

**فــوئاد عــەلی:** هەر خۆتی، ناتوانی لەخۆتی بگۆڕی و فێڵ لەخۆت بکەی.

**رامــــان:** دەتەوێ بڵێی حەقیـقەت و جوانی بەیەکەوە دەڕۆن، لەگـەڵ هونەر حیلەبازی ناکـرێت. پرسـیـارێکی تیۆری دەکەین، تۆ ئێستا باسی ئەوەت کرد کە من لەگەڵ هونەر بۆ هونەر نیم، بۆچی؟

**فــوئاد عــەلی:** گــوتم وەک زاراوە بڕوام بە (هونەر بۆ هونەر) نییە.

**رامـان:** نیتشە قسەیەکی هەیە سەبارەت بە (هونەر بۆ هونەر) دەڵێ: هەر هیـچ نەبێ هونەر بۆ هونەر ئەگـــەر ســـادەش بێ ئەخـــلاقی کـــۆن تێک دەشکێنێ و دژی ئەخلاقی کۆنە، ئێوە تا چەندە لەگەڵ ئەو قسەیەدان؟

**فوئاد عەلی:** هەر شتێک ئەخلاقی کۆن تێک بشکێنێ لەگـــەڵـیـــدام، بەڵام وەک زاراوە با پێـــوەندیمان بەو دروشـمـانەوە نەبێ، مـەبەسـتم ئەوەیە فوئاد عەلی ئیشی خۆی دەکـات و بیروباوەڕی خۆی هەیە و تەعـبیر لەخۆی دەکات، گەلەکەی ئیعتباری بۆ دادەنێن.

**رامـــــان:** مـەبەسـتت ئەوەیە باسی ئەو حـاڵە بکەی، چونکە ئەوە حـاڵەتێکی زۆر زۆر حـەسـاسـە و لەلای زۆربەی هونەرمـەندان کـە خـەریکی کـاری هونەری دەبن زیاتر بە ڕواڵەتەوە خـــەریک دەبن، ئەوان گـــوزارشت لەخۆیان ناکەن.

**فوئاد عەلی:** زۆرتر لەسەر فۆرم کاردەکات.

**رامــــان:** ئەو بەخـۆی هەست دەکـات کـە گرنگە، بەڵام خەڵکی دیکە بە گرنگی نابینن.

**فوئاد عەلی:** بەڵێ چونکە ئیعتباری خەڵک لە هونەردا زۆر گـــرنگە، هەرچەندە هونەر بۆ خـــۆتە، بەڵام تۆ بەو ئیعـتبـارە وەردەگرێت ئەگەر لەگـەڵ خۆت ڕاستگۆ بیت، خـەڵکیش بە ڕاسـتگۆ دەتبـینی و بمانەوێ و نەمـانەوێ دەگـاتە خـەڵکەکـە، دەنا ئەو دوو لایەنە و حـیلەبازییـە بەیەکەوە ناڕۆن.

**رامـان:** ئێوە کە تێکەڵی هونەری پەیکەرسازین، چەندە لەگەڵ مۆسیقا ئاشنایەتیتان هەیە؟

**فوئاد عەلی:** من حەزم دەکرد ئالەتێکی مۆسیقا فێربم بە تایبەتی کەمان، بەڵام خۆم بەخۆمم گوت مەرج نییە ئامێرێک بزانی، بەڵکو دەکرێ حەزیشی لێبکەی، دواییش ویستم تەنیا لە بوارێکدا کار بکەم کە ئەویش پەیکەرسازییە.

**رامان:** بەڵام ئەو پەیکەرەی دەیکەی ئەویش وەک مۆسیقایە، ئەویش بۆ خۆی هونەرێکی موجەڕەدە.

**فوئاد عەلی:** ئافەرین، من زۆر ئامێری مۆسیقا لە ئیشەکانمدا بەکاردەهێنم، ئێستا کارم لەسەر کۆمەڵێک ئافرەت کردووە کە لەگەڵ کەمانچە سەما دەکەن.

**رامان:** مۆسیقاش لەکارەکانی ئێوەدا هەیە بەتایبەتی ئامێری فلووت.

**فوئاد عەلی:** بەڵێ زۆر ڕاستە.

**رامان:** کامە ڕێبازی هونەری پەیکەرتاشی زۆرتر کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە؟

**فوئاد عەلی:**من سوود لە هەموویان وەردەگرم.

**رامان:** تۆ وەک پەیکەرسازێک چەندە لەگەڵ کاری پەیکەرسازەکانی کوردستان بە هەر چوارپارچەوە ئاشنای؟

**فوئاد عەلی:** لە ڕاستیدا کەمیان دەناسم، من پەیکەری کەمیانم دیوە، تاڕادەیەک تابلۆیەکانم دیون.

**رامان:** بۆ لەپاڵ هونەرەکەتەوە جار بەجار هەوڵت نەداوە لەسەر ئەو هونەرە قسە بکەی و ئاشنایەتییەک لەنێوان تۆ و خوێنەر و بینەردا هەبێت؟ حەزناکەی؟

**فوئاد عەلی:** سروشت و پێکهاتەم وایە تا شتێکم لێ داوا نەکەن بە پیریبیەوە ناچم.

**رامان:** باشە ئەوە ئێمە گۆڤارێک بەڕێوە دەبەین پێمان خۆشە وەک ناوێکی ناسراو لە بواری پەیکەرسازی، لەجیاتی ئەوەی لە مەجلیسێک لەسەر پەیکەرەکان قسە بکەی، بۆ وێنە پەیکەرەکانی شاری هەولێر دەتوانی وتارێک لەبارەیانەوە بنووسی و ئەو وتارە بنێری و ئێمە بۆتی بڵاوکەینەوە.

**فوئاد عەلی:** تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە.

**رامان:** هیوادارم لە داهاتوودا زۆرتر بیری لێ بکەیتەوە، چونکە لایەنێکی گرینگ و تەواوکەری کارەکانتە.

**فوئاد عەلی:** من زۆرتر خەریکی ئیشی پەیکەرتاشیم، وا ئیعتیبارکە پەیکەرێکی من وەکو نووسینێکە، برادەرێک گوتی تۆ پەیکەرەکانت زمانتە و قسان دەکات.

**رامان:** بەڵام زۆر لایەنی نهێنی ئەو هونەرە هەیە ڕەنگبێ خەڵکی دیکە نەتوانێ پەی پێ ببات و بەو جۆرەی تۆ لێی شارەزابێ.

**فوئاد عەلی:** کاک ئازاد ئەو پسپۆرییە بە بینینی زۆر، دروست دەبێ، ئەوەی من دەمەوێ دەبێ دەرفەتی پیشاندانی بۆ بڕەخسێت، بەڕاستی من ناتوانم ئەو پەیکەرانە بێنمەوە کوردستان، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێ، ئەو ئیشە هونەرییانەش تەنیا ئی من نین، ئەو پەیکەرانە دەبێ بێنەوە و خەڵکەکە بیبینن.

**رامان:** تۆ پێت وایە بەکارەکان ئەو هوشیارییە دەخوڵقێ؟ لە کاتێکدا خەڵک چاوەڕوانی زیاتریان لەتۆیە، یەکەم هونەرمەندی دووەم زمان دەزانی و سێهەم لە مەڵبەندێکی گرنگی هونەری پەیکەرسازی دەژیت.

**فوئاد عەلی:** دەتوانین بەراوردێک لەنێوان ئەو شتانەی لەوێ هەیە و لێرە نییە بکەین.

**رامان:** باشە لەنێو ئەو لاوە کوردانەی کە لە دەرەوە و لەنێو خۆی کوردستان کاری پەیکەرسازی دەکەن کامیان توانیویەتی سەرنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟

**فوئاد عەلی:** برادەرێک هەیە جارێک وتارێکی لەسەر پەیکەرێکی من نووسیبوو، دوایی بۆم دەرکەوت بەخۆشی پەیکەرسازە. ئەو زۆرباش لە پەیکەرەکەم تێگەیشتبوو بە چەشنێک ئەوەی من دەمەویت ئەو باسی کردبوو، کە هاتمەوە ئێرە زانیم ئەویش پەیکەرتاشە و لە شێوەکاری دەرچووە، خەڵکی هەولێرە ناوی (محەمەد هاشم)ە. لێرەشدا پێویستە بڵێم گۆڤاری شێوەکاری گۆڤارێکی زۆر باشە و پێویستە هەبێ، لە داهاتوودا زۆر گیروگرفتمان بۆ چارەسەر دەکات.



چیرۆکی کوردی وەک هەر ژانرێکی تری دنیای ئەدەبی ئێمە کەم و زۆر لە ئاریشەی (نەخوێندنەوە)دا دەژی، ئەم (نەخوێندنەوە)یە پەڕیوەتە خەیاڵی نووسەرەکانمان و لە پێش پرسیاری (بۆ نووسین؟) ڕایگرتوون، بە تەنیشت ئەمانەوە پرسیارەهایەکی وەک هزر لە کوێی چیرۆکی ئێمەدا تانوپۆی خۆی نەخشاندووە؟ زمانی چیرۆک توانای گواستنەوەی ئایدیای هەیە بۆ سەر کاغەز؟ چیرۆکی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ئەزموون و مێژووی خۆی لە کوێی چیرۆکی جیهانیدایە؟ ئایا لە ئەدەبدا شتێک هەیە بە ناوی تێکستی جیهانی و تێکستی لۆکاڵی؟ لەسەر ئەم تەوەرانە ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ چیرۆکنووس و ڕووناکبیر ئیسماعیل حەمەئەمین ئەنجامدا..

# ئیسماعیل حەمەئەمین:
# مومکین نییە تۆ چیرۆکنووس بیت و ئاگات لە جووڵەی ناو کۆمەڵەکەت نەبێ

**دیمانە: توانا ئەمین**
**(سلێمانی)**

* ئەگەر لە زەمەنێكدا چیرۆك تەنها بۆ ئەوە گێڕدرابێتەوە كە (لەوەحشییەتی بێزاری قوتارمانكات) ئەدی ئێستا چیرۆكی نوێ دەیەوێ چی زێدەتر بە مرۆڤ ببەخشێ؟ بە مانایەكەی تر ئێوە بۆ چیرۆك دەنووسن؟، چیرۆك نووسینتان خزمەت بە كوێی مرۆڤایەتی دەكات؟

– بۆچی چیرۆك دەنوسم؟ كاتی خۆی لە یەكەم كۆڕی چیرۆك خوێندنەوەمدا لە ساڵی ١٩٨٧ لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی هەمان پرسیاریان لێكردم، ئەوكات تارادەیەك لەژێر كاریگەریی ریالستی سۆسیالیستیدا بووم، بەڵام بە هەمان شێوەش هەوڵی دووركەوتنەوەم دا لەو ئەركە سەیرانەی كە ئەو قوتابخانەیە دەیخستە پاڵ وەزیفەی ئەدەب بەگشتی. بە هەرحاڵ، هەمان پرسیارم لێكرا و وابزانم وەڵامێكی خێرام دایەوە، وەڵامێك لەژێر كاریگەریی حەماسی كەشوهەوای كۆڕەكەدا گونجاو بوو، وابزانم گوتم: من بۆ ئێوە چیرۆك دەنووسم!!، لە دەرەوەی هۆڵەكە (شێرزاد حەسەن) پێی گوتم: چیرۆكنووس بۆ كەس نانووسێت، دەبێت باش لەوە تێبگەیت!!. لەپشت ئەم دێڕانەوە وەزیفەیەكی گەورەتر و فراوانتر لەوەی ئەدەبی بەرگری و سۆسیالستی بانگەشەی بۆ دەكرد، خۆی ئاشكرا دەكرد، وەزیفەیەك چەندە ئیندیڤیدوال و كەسییە ئەوەندەش ئیستێتیكییە، لەو بڕوایەدام ئەم ڕایەی شێرزاد حەسەن تاوەكو ئەمڕۆش دەیخوات. ئەمە جگە لەوەی من ڕۆژانە ئەم پرسیارە لەخۆم دەكەم: من بۆچی دەنووسم؟ ئەم پرسیارە هەر جارەی دەمگەیەنێتە بەردەم دنیایەكی جیاوازتر لە خودی خۆمدا، لەوانەیە چیرۆك نووسین بەم دیوەدا پرۆسەی (دۆزینەوەی خودێكی شاراوە، یان ونبوو) بێت لە ڕۆژانە ژیاندا، دەشێت حەزێك بێت لە دەسەڵاتێكی وەحشی و بێئامان كە زۆرجار (فاشیستانەیە)، قەڵاچۆكارانەیە بەرامبەر بەهەقیقەت و ژیان، چونكە بۆ كردنی هەموو هەقیقەتێك بە (گێڕانەوە) بەڵام كامە گێڕانەوە، ئەوەی چیرۆكنووس دەیەوێت، نەك ئەوەی كە هەیە و مێژووە!، چیرۆكنووسین بەم مانایە پرۆسەیەكی غەدرلێكردنی ژیانە، مومارەسەكردنێكی فاشیانەیە لەسەر شێوازێكی دیكە،گەر فاشیەت لە فانتازیایەكی دەسەڵاتگەری بێ جڵەو و كوشندەوە سەریهەڵدابێت، بیەوێت نەتەوە و توخم و تەنانەت پێكهاتەی لەشی مرۆڤیش لەسەر بنەمای فانتازی خۆی پێوانە بكات، ڕەگەزە نامۆ و ناشیرینەكان لەناوبەرێت لە پێناو گێڕانەوەی چیرۆكەكانی خۆی، ئەوە چیرۆكنووس تەنها لەسەر ئاستی زمان و پێوەندی بە هەقیقەتەوە لە دیوێكی ئیستێتیكی ئەو پرۆسێسە ئەنجامدەدا، بەڵام ئەمە لەو هەقیقەتە ناگۆڕێت كە چیرۆكنووس دەیەوێت هەموو گێڕانەوەیەك لەژیان بسەنێتەوە و لەنێو دەقدا گێڕانەوەی دیكەی لێ پێكبهێنێت. ئەوەی دەقە جوانەكانی گێڕانەوەی چیرۆكنووسان بخوێنێتەوە خۆی لەبەردەم نەخشەی شارێكدا دەبینێت، گەر بڕوای پێبكەین و نەخشەی چیرۆكنووسەكان وەربگرین ئەوە لەنێو شاری ڕاستەقینەدا حەتمەن ون دەبین. بڕوام پێبكە ئەو شارانەی (كاروان كاكە سوور) باسیان دەكات، ئەو گەراجی پاس و كۆڵانانەی ئەو لە چیرۆك و ڕۆمانەكانیدا كێشاویتی، ئەو هەولێرەی ئەو لە نووسینەكانیدا باسی لێوەكردووە، تەواو جیاوازە لە هەقیقەتی شارەكان خۆیان!، خۆ ئەگەر نەخشەی شاری هەولێر لەكاروانەوە وەربگرین، تەئكید بە لە هەولێر ون دەبین، ئەوە هەولێرێكە كاروان بەگێڕانەوەكانی دەینەخشێنێت، نەك ئەو هەولێرەی كە هەیە، نەك ئەو هەولێرەی (شێرزاد حەسەن و سەلاح عومەر) دەیبینن، بە كورتی هەریەك لەو چیرۆكنووسانە پرۆسەی قەڵاچۆكردنی شوێن و زەمەنەكان پیادە دەكەن لە پێناو شێواندنێكی دیكەی ژیان، بۆ هیچ نا، تەنها لەبەر ئەوەی حەزێكی سەیر هەیە بۆ دەسەڵاتێك كە هەموو دنیا لە گێڕانەوەدا كورت بكاتەوە، هەموو شتێك بە ئارەزووی خۆی بگێڕێتەوە، گەر ئەمە نهێنی جوانییەكانی پرۆسەی چیرۆكنووسین بێت و لە هەمان كاتیشدا بەشێك بێت لە مەبەستەكانی، ئەوە بەدیوێكی دیكەدا چیرۆكنووس ئەو خودە فاشیستەیە سەرمەستە بە جوانییەكانی دەسەڵاتێك كە دەتوانم بەدەسەڵاتی ئیستێتیكا ناوی بەرم.

**ڕۆمانی باش چەندە ئاسانە بۆ خوێندنەوە، ئەوەندەش ئاڵۆزە لە پێكهێنانی ماناكاندا**

لێرەوە هەموو پرسیارێك لەمەڕ بۆچی دەنووسی و وەزیفەی چیرۆكنووسین چییە؟ خۆی لەبەردەم وەڵامی سەیر و سەمەرەدا دەبینێتەوە كە پابەندن بە كێشەكانی خود لەگەڵ جیهاندا، خودێك دەیەوێت لە ڕێگەی گێڕانەوەوە جیهان پێناسە بكات.. ئەو حەزە بۆ گێڕانەوە،

ئەو کەڵکەڵەیە، دروستکەری هەموو ئایینەکانە، کێها ئایین هەیە بەدەر بێت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی خۆی؟. کێها بیرمەند و فەیلەسووف نییە خەون بەوە نەبینێت کە ڕۆمانێک بنووسێت؟!. ڕۆلان بارت تاوەکو مردنی هەر باسی ڕۆمانێکی دەکرد کە بەنیاز بوو بینووسێت، ئیدوارد سەعیدی بیرمەند هەتاوەکو مردنی هەر باسی ڕۆمانێکی کردووە کە نەینووسیوە!، خەونی گێڕانەوە، خەونێکی لێرەبوون و وجودیانەیە. خۆ گەر دەسەڵاتی سیاسی لە چیرۆکەکانی دابڕێت هیچی لێ نامێنێتەوە!!. چیرۆکنووسین سیحری دەسەڵاتێکە کە بە توندوتیژی و سیاسەت پێی ناگەیت، گێڕانەوە دەسەڵاتێکی تایبەتە خاوەن جادووی خۆیەتی. بەم شێوەیە دنیای ئێمە، دنیای چیرۆکەکانە کە بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە..

لە پەراوێزی ئەم پرسیارەدا ئادۆرنۆم بیردەکەوێتەوە کە دەربارەی (مارسیل برۆست) دەڵێت: ئەو کوڕە دەوڵەمەندەی گرنگ نییە ئایا لە بەهرەمەندییەوە، یاخود لە لاوازییەوە پیشەی هونەرمەند یاخود ڕۆشنبیری بۆ خۆی هەڵبژاردووە.. لەبەر ئەوە بە سەختی تێدەگەم وەڵامی پرسیارێک بدەمەوە، کە دوای نووسینی هەر بەرهەمێکم لەخۆمی دەکەم و دەڵێم: ئەی دوایی؟!!.. ئەمانە هەموو ئەو کێشەبەندییانەن پرسیارەکەت لەلای من دەیانهاروورژێنێت.

* لە ئاستی فکریدا بۆ ئەوەی چیرۆکێکی قووڵمان هەبێت پێویستە سەبژێکتێکی قورسمان ئامادەبێت. ئایا زمان لە چیرۆکدا هێزی گۆڕین و ئیش لەسەرکردنی بابەتی هەیە لە ڕووداوێکی سادەوە شۆڕی بکاتەوە بۆ تونێلەکانی لەسەر وەستان؟.

– ئەمە پرسیارێکی زیرەکانەیە، دووپرسیارە پێکەوە گرێدراوە.. من پێم وایە دەبێت ئێمە خاوەن هەستێکی جیاوازکار بین لەنێوان فیکر وەک خۆی و فیکریش وەک یەکەیەکی گێڕانەوە. لەنێوان ئەم دوانەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە، لەگەڵ ئەوەی وەک هەموو هونەرێکی نووسین و بیرکردنەوە لە چەندەها کۆڵانی ڕۆشنبیریدا ڕوویان دەبێت بە ڕووی یەکترەوە.. گەر (هزر- فکر) لە نووسینی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕاڤەیی لە پێوەندیدا بەجیهانەوە، کۆنکرێتییەکی هەبێت و ڕاستەوخۆ گفتوگۆ ئامێز بێت، پشت بە حونجەتکاری و تیۆرە و گریمانەی فیکرییەوە ببەستێت، گفتوگۆیەکی دیاریکراوی هێڵ



**ئیسماعیل حەمەئەمین - پاولۆ کۆیلۆ**

نەخشە بۆ کێشراوی ڕوون و ئاشکرای هەبێت بۆ دیاریکردنی فینۆمینە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان. ئەو لە کردەی چیرۆکنووسین و ڕۆمانووسیدا (بەرهەمهێنانی هزر) بە ئاراستەیەکی جیاوازتردا تێپەڕ دەبێت، کە چیدی ڕاستەوخۆیی (هزر) بەرهەم نایەت و چیدی حونجەتکارییەکی کۆنکرێتی (دیاریکراو، ڕاستەوخۆ) نییە بۆ پێوەندی نێوان دنیاو کەسەکان و ڕووداوەکان، بەڵکو ئەوە جووڵەی فیگوری ڕۆمان و چیرۆکە لەنێو ڕووداو و شوێن و کاتدا، کە (زەمەنی هزر) بەرهەمدێنێت!. مەبەستیشم لە زەمەنی هزر ئەو چرکەساتەیە کە لە پرۆسەی خوێندنەوەی ئێمەدا بۆ چیرۆک، دنیایەکی دیکە بە چەندەها ڕەهەندی جیاوازەوە دەدۆزێتەوە، ئیدی چیدی دنیای شار و کەسەکان لەبەرچاومان لە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانێکی جوانەوە، وەک خۆیان نامێنین، چیدی تێڕوانین و چێژمان بۆ ژیان وەکو جاران نابن، گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەوەی مارکیز بخوێنێتەوە، هەموو ئەو پێوەندییە جادووگەرانەی ڕیالێکی سەخت و بێ مانای مرۆڤایەتی دەدۆزێتەوە، کە تاوەکو ئێستا خورافەی خۆی بەرهەمدێنێت. خوارفەی دروستبوونی ژەنەراڵەکان لە پەڕۆی پیسی قەحبەکانی نێو دارستانەکانی باران، فیکەفیکی بەردەوام بێوازکاری گوێی ژەنەراڵ لە (پایزی پاتریارکدا) ئەو پارادۆکسە سیاسی و شکستییە گەورەیەی مۆدێرنە حەیابەر دەکات کە بانگەشەی دنیایەکی یەکسان دەکات. ئەو یەکسانییەی کە تارادەیەک لەنێوخۆی وڵاتانی بەرهەمهێنی مۆدێرنەوە دەستەبەرکراوە، کەچی هەمان

وڵاتی دیموکراتخوازه، بۆ مانەوەی خۆی دەریای کاریبی دەخاته ژێر دەستی ژەنەراڵێکی خرفەوه!!.. کاتێک (سێرڤانتیس) له سەدەی شازدەدا (دۆنکیخۆته)ی نووسی میشێل فوکوی نەدەناسی!!، کەچی دوای چوار سەده، دۆنکیخیۆته له نووسینەکانی فوکودا ناوەرۆکی بەرهەمهێنانی چەندەها تیزی فیکری بوون.. بەم شێوەیه ڕۆمان و چیرۆکه باشەکان، ڕوانین و تێڕوانینمان بۆ ژیان و شتەکان دەگۆڕن، وەکو فەلسەفه نییه که به ڕاستەوخۆیی کاریگەری هەبێت لەسەر مامەڵەمان بۆ خەڵکی و هەڵوێستمان بەرامبەر دنیا، نەخێر، کاریگەرییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا، یان هزر، ئاراستەیەکی دیکه وەردەگرێت. چێژ و چەشەمان بۆ ژیان و وردەکارییەکانی نێو دەروون و پێوەندییەکان بەشێوەکی دیکه دەبینین، ژیان بەشێوەیەکی دیکه دەدۆزینەوە، که تا وەکو ئێستا بەختەوەرییەک هەبووه له سووچێکی ناشریندا و ئێمه نەماندۆزیوەتەوە، هزر له چیرۆک و گێڕانەوەدا چێژ و دووری نوێمان له جیهاندا بۆ دەدۆزێتەوە. پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئیدیا و جیهانبینییەکان، پرۆسەیەکی خێراو زۆرجاریش ڕستەی کورتن که هاوکێشەی فیکری بەرهەمدێنن، بەبێ ئەوەی بەڕاستەوخۆیی و حونجەتکاریدا تێپەڕ بێت. دیاره دەبێت ئەوه بڵێین که پرۆسەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیه ئەم هزره جارێکی دیکه دەدۆزێتەوە، بێگومان ڕەخنەگران ئەو خوێنەره به سەلیقه و زیرەکانەن که هزر لەنێو کۆڵانەکانی ڕووداوەکاندا دەدۆزنەوە و جارێکی دیکه مانای دیکەی لێ بەرهەمدێنن. بەم شێوەیه پرۆسەی بەرهەمهێنانی هزر پرۆسەیەکه وابەستەیه به خوێنەرێکی زیرەک و بەتوانا و ڕەخنەگری بەسەلیقه، که بەداخەوە لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا دەگمەنن و گەر شتێکیش بخوێننەوە ئەوه بەدووی نووسەره دیارەکانەوە و دۆزینەوەی نووسەری نوێ و چەشەی نوێ بابەتێکه ڕۆشنبیرییەک و هەستکردنێکی به لێپسراوێتی ئەدەبی پێویسته. که بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیم نەکردووە، دەبێت ئەوەش بڵێم که هەندێک ڕەخنەگری گەنجمان هەن ورده ورده پێدەگەن و جێگەی هیوان.. به هەرحاڵ، گەر خوێندنەوەی ڕەخنەگرانه نەبن، ئەوه هزر له دەقی گێڕانەوەدا به نووستوویی دەمێنێتەوە، وەک ئەوەی ئەمڕۆ له ئەدەبی کوردیماندا دەیبینین. ئەمه لایەنێکی پرسیارەکەت بوو، لەلایەکی دیکەوە دەمەوێت بڵێم: بابەتێکی قورس نییه که له ڕۆماندا هزر بەرهەمبهێنێت!!، نەخێر، ئەمه ڕایەکی سەیره!، هاوکێشەی جوانییەکان و خۆڕسکیەتی گێڕانەوە دەخاته ژێر جەبری (هزره)وه، ئەز پێی وایه ئەو هاوکێشەیه بەسەر نووسینی فیکری و فەلسەفیدا زیاتر پراکتیزه دەبێت، وەک له ئەدەب. به داخەوە لەبەر ئەوەی نێوەندێکی زانکۆیی باڵا نییه بۆ بەرهەمهێنانی بیرو ئیدیاکان، هەر بۆیه هەموو فەیلەسووفێک لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا خۆی لێی بووه به ئەدیب و هەموو ئەدیبێکیش وەک ئەدیب نافەلسەفێنێ، بەڵکو وەک پڕۆفسۆرێکی بەشی فەلسەفه، بەشێوەیەک که له گەشتی ئەمجارەی کوردستانمدا سەرم سوڕما لەم هەموو فوکو و دێریدا و هابرمازه زۆرانه!!.. بەهەرحاڵ.. نەبوونی ئەم خانەبەندییه زۆر سێبەری ئەم، یان لەوەی دیکەدا تێکەڵ کردووە، هەر ئەو سێبەرانەن که خۆیان کێشاوەته نێو پرسیارەکەی تۆوە که پێت وایه کاری ڕۆماننووس بەرهەمهێنانی فیکره، به مەرجێک ئەوه زیاتر کاری فەیلەسووف و ڕاڤەکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییه، چونکه ئەوه ئەوانن که هەموو جووڵەکانی ژیان دەخەنه ژێر پرسیارەوە بەمەبەستی گەیشتن به چەندەها کلێشەی کۆنکریتی و دیاریکراو له بەرهەمهێنانی مانادا..

ڕۆمان به هەمان شێوه مانا بەرهەمدێنێت، بەڵام لەنێو هەمەڕەنگییەکی سەیری کلێشەی گێڕانەوە و جووڵەدا، هەروەک ژیان خۆی که پێکهاتووه له کەس و شوێن و ڕووداو و ئاسمان و وەرزەکان، ئاوەها ڕۆماننووس ژیان دەخولقێنێت به هەموو دوورییەکانییەوە، ئیدی کێ لەدواییدا دێت و لەنێو ڕۆمانێکی تایبەتدا قسه لەسەر کلێشەکانی ژیان دەکات، ئەوه مەسەلەیەکی دیکەیه. من پێم وایه بابەتی قورس و ئاسان نییه، بەڵکو ئیشکالیەتێکی مرۆیی هەیه، که له شێوەی کەڵکەڵەیەکی ئاڵۆز ڕۆماننووس نیگەران دەکات، کەڵکەڵەیەکه تۆ ناوت ناوه (سەبژێکت). فەلسەفه و فیکر یارمەتیدەرن، بەڵام به هانای ڕۆماننووسەوه نایەن و بۆ نووسین قەناعەتی پێناهێنن، بەڵکو ئەوه پێگەیشتنی ڕووداوەکانه که فیکر ڕاپێچی ئیشکالیەتاکانی خۆی دەکات، نەک به پێچەوانەوە.. ئیدی ئەو بیرۆکانەی له گێڕانەوەدا خۆیان له کەسایەتی و ڕووداو و هەڵبژاردنی زەمەندا فۆرمەله دەکەنەوە. هیچ نەخشه بۆ کێشانێک نییه که بڵێین: ئەها.. ئەم بابەته قورساییەکی مێژوویی و فیکری هەیه و گەر بکرێت به

ڕۆمان، یان چیرۆک شاکارێکی ئەدەبی لێدەردەچێت!!.. ئەمە کەوتنە نێو وەهمەکانی مێژوو و ئیدیاکانە گەر ئیدیالیستییەکی بەتاڵ نەبێت!. بە پێچەوانەوە، زۆرجار ناوەرۆکی چیرۆکەکان چەندە ئاسان و ساکارن ئەوەندە لە بەرهەمهێنانی چێژ و چەشەی ئەدەبی و (هزری گێڕانەوە) مانای جۆراوجۆر و کلێشەی بیرکردنەوەی دیکە لە مەڕ جیهان بەرهەمدێنن. من (هزری گێڕانەوە) بەو هزرە تێدەگەم کە دوور لە کێشمەکێشە ڕاستەوخۆیەکانی بیریاران و فەیلەسووفان خۆی پێک دێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم ڕۆمانووسێک بهێنمە بەرچاوم بەبێ پێشینەیەکی قووڵی فیکری و خوێندنەوەیەکی تێر و تینوو.. ڕۆماننووسین کردەیەکە بەبێ خوێندنەوەیەکی دەوڵەمەند بەرهەم نایەت، بەڵام لەکاتی پرۆسەی نووسینی ڕۆمان خۆیدا هەموو کۆنکرێتی و دیاریکراوییەکی ئەو خوێندنەوانە دەڕژێنە کەشوهەوای ژیانێک کە ڕۆماننووس دەیخوڵقێنێت.. چۆن ئێمە ناتوانین خودا وەک خودایەکی بیرکەرەوە لە مەخلووق مەزندە بکەین، ئاوەهاش ناتوانم ڕۆماننووس بەبێ فیکر مەزندە بکەین.. لێرەوە ڕۆمان گرنگی بە ژیان و زەمەن و دۆزینەوەی پێوەندییە شاراوەکانی ژیان دەدات، بەمەش دوورییەکی دیکە بە ژیان و فیکر خۆی دەبەخشێت.. بیرت نەچێت زۆربەی ڕۆمانە باشەکان لە بیرۆکەی زۆر سادەوە سەرچاوە دەگرن، پاشان وەک جاڵجاڵۆکە تەونی خۆیان ئاڵۆز دەکەن، ڕۆمانی باش چەندە ئاسانە بۆ خوێندنەوە، ئەوەندەش ئاڵۆزە لە پێکهێنانی ماناکاندا، هەروەها بە پێچەوانەشەوە..

**گەر مێژوو ڕووداوە مەزنەکانی دنیای ئێمە لە لەبیرچوونەوە بپارێزێت، ئەوە ڕۆمان هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوەی ویژدانێک بۆ ئەو مێژووە**

* توانای گێڕانەوە دەکارێت تەحەکوم بە کۆی چیرۆکێک بکات و لە چیرۆکێکی تەقلیدییەوە بیبات بەرەو چیرۆکێکی نوێ؟ چیرۆکنووس زیاتر بەکامە ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی زمان، گێڕانەوە، گرێچن، شوێن، کات.. دەتوانێت چیرۆکێکی جوان بنووسێت؟

– بە هەمووی.. بەکۆی هەمووی دەتوانین چیرۆکێکی باش بنووسین، دەڵێم باش نەک جوان، چونکە چیرۆکە باشەکان بەدرێژایی مێژوو دەخوێنرێنەوە، چیرۆکە جوانەکان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوای زەمەنێکی چەشەی ئەدەبی بەسەر دەچن.. دەبێت کاتێک باس لە ئەدەب بکەین، چەمکەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی بزانین لەکوێدا وەستاوین، بە هەمان شێوە پرسیار لە تەکنیکی چیرۆکنووسین، بە چیرۆکنووس خۆی وەڵام نادرێتەوە، بەڵکو (بەڕێژەییەوە) ڕەخنەگرەکان وەڵامی دەدەنەوە، ئەوانیش خوێنەرێکی بەهێزی تێکستەکانن.. لێرەوە (باش) و (جوان) دوو مەسەلەی گرنگن کە لە پەراوێزی وەڵامی ئەم پرسیارەدا تێڕوانینی تایبەتم بۆی هەیە.. بەڵام بابێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەت، وەک گوتم، بە هەموویان بە هەموو ڕەگەزەکان، چونکە هیچیان دابڕاونین لەوی دیکە و هیچیان بەبێ ئەوی دیکەیان ناتوانێت کار بکات، تۆ دەبێت لە چیرۆکدا شوێن هەبێت، کات هەبێت، زەمەنێکی ناوەکی یاوەکو فیزیکی هەبێت، ناوەرۆک هەبێت، ئەوەی هەموو ئەمانە پێکەوە گرێدەدا گرێچنە، گرێچن وەک لەچیرۆکی کلاسیکدا چەقی پرۆسەی گێڕانەوەیە، بەڵام لە تەکنیکی تەوژمی هۆشدا بە تایبەت (جێمس جۆیس)دا، گرێچن دابەش دەبێت بۆ سەر چەند یەکەیەکی گێڕانەوە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا خوێنەر خۆی لەبەردەم پانۆرامایەکدا دەبینێتەوە کە (تۆبۆگرافیای چیرۆکەکە پێکدەهێنێت. دەشێت گرێچن هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا بێت، هەر لەسەرەتای (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا)ی مارکیزدا، هەموون دەزانین کە فیگوری سەرەکی ڕۆمانەکە کوژراوە، پاشان ئەوانی دیکە چیرۆکەکان دەگێڕنەوە، (کامیلۆ خۆسێ سێلا) لە ڕۆمانی (ئاوازی ماسۆرکا بۆ دوو مردوو) هەمان تەکنیک بەکاردێنێت، کەچی هەر هەمان ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (مس گاداڤێل قسە لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات.) هەر بەشەی بابەتێکی سەربەخۆ و گرێچنێکی تایبەتە، (شێرزاد حەسەن) گرێچن بەسەر ڕووبەرێکی زمانەوانی، زۆرجار خوتبەبێژانەی کەسی یەکەمی تاکدا دابەش دەکات، لەلای (تەها ئەحمەد ڕەسووڵ) گرێچن چەقی چیرۆکەکانی پێکدێنێت و هەموو چیرۆکێکی ئەو یارییەکی جوانە لە هاوکێشەی فیگور و زەمەن و کات. (کاروان کاکەسوور) لە گرێچنێکی بچووکەوە دەستپێدەکات، بۆ چەندەها گرێچنی دیکە، ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا یاڤیلیا) نموونەیەکی باڵای یاری جوانی هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆکن کە بە داخەوە

ڕۆشنبیری خوێنەری ئێمە نەگەیشتۆتە ئاستی ئەو چەشە بالآیەی، چێژ لەو ڕۆمانە وەربگرێت. بەپێچەوانەوە (بەختیار عەلی) لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)دا هەمان گرێچن دەکاتە قوربانی دەستەواژە و خوتبەبێژی فیگورەکانی، بەشێوەیەک کە نە خوێنەر نە فیگوری ڕۆمانەکەی سەربەستیان هەبێت، کەچی هەر بەختیارە لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووهەم) وەک چیرۆکەکەی مارکیز (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا) گرێچنەکە ئاشکرا دەکا، پاشان دەچێتە نێو زەمەنی کەس و شوێنەکانەوە، ئەویش گرێچن بەسەر ڕووبەرێکی زەمانەوانی دابەش دەکات. هەموو ئەمانە لە کات و شوێن و زەمەنی سایکۆلۆژی و فیزیکیدا ڕوودەدەن، گرێبەندکردنی هەموو ئەمانە زەمانی تایبەتی چیرۆکنووس دیاری دەکات.. هەموو ئەم چیرۆکنووسانە، هەریەکە و یاری گێڕانەوەی خۆیان لە ڕێگەی گرێچنەوە مومارەسە دەکەن، چونکە ئەوە گرێچنە کە شوێن و کات و زەمەنی سایکۆلۆژی لە فۆرمی گێڕانەوە یاخود هونەری گێڕانەوەدا کۆدەکاتەوە.

دیارە سەرکەوتوویی هەموو یەکێک لەو هاوڕێ ئازیزانەم، لە (تەها ئەحمەد ڕەسووڵ)ەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە (بەختیار عەلی و عەتا محەمەد و کاروان کاکەسوور و شێرزاد حەسەن) و زۆری دیکەی کلاسیکی وەکو کۆمەڵە چیرۆکی (ئەبێ و نابێ و ڕایەکی زامانەوانی..) محەمەد ئەمین ئەحمەد و چیرۆکەکانی حوسێن عارف و (سێبەری ئەسپە شێ)ی حەمەفەریق حەسەن و زۆری دیکە لەوەدایە، کە هەموان پابەندن بەکلاسیکیاتی چیرۆکنووسین، بچن چیرۆکەکانی (محەمەد مەولوود مەم)، چیرۆکە کۆنەکانی (پەنجا فلس) بخوێننەوە، (چای شیرین)ی حوسێن عارف بخوێننەوە، بچن (هەوار)ی ڕەوف بێگەرد بخوێننەوە، بچن (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم)ی مستەفا سالح کەریم بخوێننەوە، ئەمانە و زۆری دیکە کە سەرەتاکانی چیرۆکی کوردین تاوەکو دەگاتە شێرزاد و نەوەی ئێمە.. هەمووان پابەندن بە ئەلف و بێی چیرۆکنووسینەوە، بەڵێ ئەلف و بێی چیرۆکنووسین کە خەریکە ئەمڕۆ لە نەشارەزایی هەندێک بەنێو (چیرۆکنووس) و لە (هونەرەکانی گێڕانەوە) بەشێوەیەک کە نازانین کەی چیرۆکەکە دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی هاتووە، کە تەواو دەبین لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆکانە دەبێت بڵێین: ئەوە چی بوو خودایە.. ئەو هەرایە چی بوو..

جگە لەو کۆمەڵێک وێنەی پەخشانی (جوان) نەبێت. وەک ئەوانەی لە تێکستەکانی (ئاکۆ کەریم مەعرووف)دا هەن، هیچی دیکە نین..

من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە بۆ ئەوەی باشتر تێم بگەیت، من عادەتێکی سەیرم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەموو شتێک دەخوێنمەوە، جاری وەها هەیە ئاگادارینامەی دوو دێڕی کە لە ڕۆژنامە کوردی و ئەڵمانی و عەرەبییەکاندا بڵاودەبنەوە، بە هەمان شێوەش چەندە لە خوێنەوەمدا هەڵبژاردەم بە حوکمی تەنگەبەری کات لە شێوازی ژیانمدا، ئەوەندەش هەر بۆ بەدواداچوون چیرۆکی خراپیش دەخوێنمەوە کە زۆرجار میزاجی نووسینیشم تێکدەدەن.. یەکێک لەو بەدواداچوونانەم چیرۆکەکانی (ئاکۆ کەریم مەعرووف)ی هاوڕێم بوو، کە لە ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠١ لە پاشکۆی کوردستانی نوێدا بڵاوی دەکردەوە، کە ٢٠٠١ چوومەوە بۆ کوردستان بە ئاکۆم گوت: ئاکۆ من تێناگەم ئەم داپیرەیە و ئەم خێڵ و دەوارانە بۆچی هەن و ڕووداوێک نابینیم کۆیان بکاتەوە!!. بۆچی دەچن بەنێو زەمەندا، کامە زەمەن؟!!، ئاکۆ گوتی: ئەمە زنجیرەیەک چیرۆکە پێوەندیدارن بە یەکترییەوە و زەمەن شکێنراوە و گرێچن لە فەزایەکی دیکەدا دەخولێتەوە و لەم جۆرە قسانە.. قسەکانی ئاکۆ جوان بوون، بەڵام هێزی قەناعەتکردنیان نەبوو.. باشە بۆ دوور بڕۆین (کاروان کاکەسوور) لە چیرۆکی (چاڵدێران) هەموو زەمەنەکان تێکەڵ دەکات، بەڵام خوێنەر ون ناکات، بەڵکو بەنێو زەمەنەکاندا دەیهێنێت و دەیانبات و ڕووداو و گرێچن و شوێن و زەمەنی مێژوویی و سایکۆلۆژی بوونی هەیە، دەزانین ئەم ئافرەتە بۆچی قاز لەبن هەنگڵیدا هەڵدەگرێت، لە ڕۆمانەکانی بەختیاردا دەزانین چی ڕوودەدا، بۆ نموونە (دواهەمین هەناری دنیا) بە ئاسانی هەناری شووشەیین و دابەشکراون بەسەر سێ کۆڕپەداو هەریەکە و چارەنووسێکی هەیە، ئەها چەندە جوان و باشن و چەندە ئاسانیشن، (عەتا محەمەد)یش ئاوەها دەکات لە (زارەکانی خەون)دا، بە کورتی و بە کوردی، دەبێت کلاسیکیات هەبێت، ئەلف و بێی چیرۆکنووسین، وەک (دالی) دەڵێت: دەبێت تۆ سەرەتا نیگارکێش بیت ئینجا هونەرمەند!!.. دوای ئەوەی (پارکی بۆقان)ی ئاکۆم خوێندەوە سەرم سوڕما کە ئەم تێکستە خراپانە بەناوی چیرۆکەوە بڵاوکرانەوە، ئەمساڵ هەمان نووسەر نوڤلێتێکی خۆی دامێ کە تازە لە چاپی دابوو، وابزانم

ناوی (ئافاتی وشە) بوو، پەیمانم دایێ کە بیخوێنمەوە و بە هەقیقەت لەو سەفەرە کورت و لە پڕەمدا توانیم بیخوێنمەوە، تاوەکو ئێستا نازانم بۆ کتێبخانەی گشتی لەو بەناو نوڤلێتەدا سووتاوە؟!، سەیر لەوەدا بوو چیرۆکنووس خۆی نەیدەزانی بۆ!!، ئەمە نوکتە نییە!!، هەربۆیە دوای دوو کاتژمێر گفتوگۆ لە چایخانەی شەعب و لەو گەرمایەی گەلاوێژدا، نەیتوانی ئەو (ئافاتی وشە)یەم بۆ شیبکاتەوە، هەر بۆیە بە ئاکۆم گوت ئەم نوڤلێتە ناوێکی پڕ بە پێستی خۆی هەیە!!، ئەم ڕایەم لەلای هاوڕێی ڕۆماننووسم (تەهای ئەحمەد ڕەسووڵ)یش گوت.. ئاکۆ بەداخەوە، نەیدەتوانی پاساو بۆ ونبوونی ڕووداو لە بەناو نوڤێلاکەیدا بهێنێتەوە، کە بە ڕای من لاوازی ڕۆشنبیریی چیرۆکنووسانەیە. دیارە من ئەمە وەک فینومینێک باس دەکەم، نەک تێکستێک قابیلی قسە لەسەر کردن بێت.. چیرۆکنووسین پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە و ئەوەی دەیەوێت چیرۆکنووس بێت لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێت فێری ئەوەبێت بەتەنیا بژی، تەنیایەکی خۆ پەروەردەکارانە، دەبێت ئەوە بزانێت ئەم کۆمەڵگایە سیخناخدراوە بە خێڵ و ئیسلامەوی و سیاسەتی سەیر و عەجایب، ئەوەندەی بابەت بە چیرۆکنووس دەبەخشن، ئەوەندەش پەراوێزی دەکەن.. ئەمانە هەمووی سەبری ئەیووبی دەوێت، چونکە تۆ لە چوار ساڵدا یەک ڕۆمان دەنووسی، لەوانەیە لە ساڵێکدا یەک چیرۆک بنووسی، ئیدی ئەوەی مەزندەی ئەوە بکات لە ڕێگەی چیرۆکنووسینەوە دەبێتە پاڵەوانی سەر لاپەڕە و شاشەکان، تەنها یەک چارەسەری هەیە ئەویش ئەوەیە خێرا خێرا بنووسێت، کە لە دواجاردا تایتڵێک بەخۆی دەبەخشێت وەک (چیرۆکنووس)، بە مانای شەڕێکە بۆ پچڕینی تایتڵێکی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە بتوانێت لەسەر ئەوەش وەزیفەیەک بەدەست بهێنێت کە ئەمەش شتێکی باشە، بەڵام نووسینی چیرۆکێکی باش ڕۆشنبیرییەکی ئێجگار جیاوازی گەرەکە، تەنانەت شێوازە ژیانێکی تەواو، بە پێچەوانەی ئەو هەرایەی گەرەکە کە ئەمڕۆ ڕۆژنامە و نێوەندی قەڕەباڵغی سیخناخ بە سیاسەت پێویستێتی، ئەمە خۆڕاهێنانە لە مومارەسەکردنی گۆشەگیرییەک لەپێناو بەرهەمهێنانی تێکستی باشی چیرۆک و ڕۆماندا، پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی فراوان و

## ڕۆمانی جیهانی بۆن کردنە بە وانەی وەک خۆت خەون دەبینن

قووڵ و تیژبیر هەیە، بەتایبەت لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا و لەم سەدە جەنجاڵەدا کە ڕۆژ بەڕۆژ هاوکێشەکانی ژیان ئاڵۆزتر دەبن..

تەحەکوم وشەیەکی جوانە کە تۆ بەکارت هێناوە، تەواو ڕاستە دەبێت کۆنترۆڵێک هەبێت بۆ هەموو ڕەگەزەکان لەپێناو بەخشینی جوانییەک بەتێکست، ئێمە دەبێت لە هونەرەکانی گێڕانەوە شارەزابین، کلاسیکمان لە خوێندنەوە و پێکهاتەی ڕۆشنبیریماندا هەرس کردبێت، ئەوسا دەتوانین باس لە ڕیزپەڕ (تەجاوز) بکەین، لەبەر ئەوە هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆک پێکڕا گرنگن.

***** چیرۆکی کوردی وێراوێتی خۆی لە قەرەی پرسیارە گەورەکانی بوون چییە، مەرگ چییە، ژیان چییە بدات؟ ئەگەر نەیوێراوە ئەی بۆ لە قۆناغێکدا تەواو کاریگەر بووە بە ئایدۆلۆژیا وەک ئەوەی لای نووسەرە مارکسی و ناسیۆنالیستەکانی سەدەی ڕابردوو بینیمان. ئەم خۆنەدانەی چیرۆکی ئێمە لە فەلسەفە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هەر لە بنەماوە ئێمە تێکستی فەلسەفیمان نەبووە یا بە مانایەکی دی فەلسەفاندن و ئیشکردن لەسەر هزر پیشەی ئێمە نەبووە؟! ئەمە ئەگەر ئەوەیان لەیاد بێت کە ئەلبێر کامۆ پێی وایە بۆ ئەوەی ببیت بە فەیلەسووف دەبێت ڕۆمان بنووسیت کەواتە ئەدەبی ئێمە لە مێژووی دوور و نزیکدا چی نووسیوەتەوە؟

- مەرج نییە ئێمە فەیلەسووف بین، ئینجا ڕۆمان بنووسین، هەروەک گوتم فەیلەسووفەکانیش خەون بە نووسینی ڕۆمانەوە دەبینین، بەڵام دەبێت خاوەن ڕۆشنبیرییەکی قووڵی فەلسەفی بین، بە نیسبەت ئایدۆلۆژیشەوە، پێم وایە ئەدیب پێویستی بە ناسینی ئایدۆلۆژیا و گەمەی دەسەڵات هەیە، مومکین نییە تۆ چیرۆکنووس بیت و ئاگات لە جووڵەی نێو کۆمەڵەکەت نەبێت، ئەمە وەهمێکە کە زۆر لە شاعیر و چیرۆکنووسان تێیدەکەون، تۆ سەیرکە، چ شێرزاد حەسەن، چ من، چ هیوا قادر، چ بەختیار عەلی، چ عەتا محەمەد، هەمووان کە دەقی ئەدەبی دەنووسین، لەسەر کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان قسان دەکەین، ئەمە بەشێکە لە مومارەسەی چیرۆکنووسین، بەشێکە لە قسەکردن لەسەر گەمەی جوانی و ناشیرینی لە کۆمەڵگەدا. گرنگی (شێرزاد حەسەن) لەوەدا بوو، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە

بوو به كـولتـێكی ڕۆشنبـیـری (ڕەمـزێكی كـولتـووری)، كـولتـێک كـە باسی لە ئازادی سێكس و پێـوەندییـەكـان دەكـرد، بە مـەرجـێک ئەوانی دیكە ئازادی پێـوەندییـە كۆمەڵایەتییەكانیـان بە چیرۆكی بەرگرییەوە پابەند دەكرد، بەم شێوەیە ڕۆشنبیریی فەلسەفی و سایكۆلۆژی گرنگە بۆ ئەدیب بۆ ئەوەی نەبێـــتـــە مـــەهزەلەی ســـیــــاسی و قـاچاخـچـیـیـەكـان، وەک ئەوەی ئەمـڕۆ لەكـوردسـتـاندا دەیبینین.

* (شـوێن) لە خـەیاڵی ئێـوەدا پانتـاییـەكی بەرچاو داگیردەكات، تۆ لە نووسیندا گەمە بە (كات) دەكەیت و هەمیشە (شوێن) شاری منداڵیتە؟ یان (كات) وەستاوە و مامەڵە و جێگۆڕكێ بە (شوێن) دەكەیت؟ لە چیرۆكی نوێدا مـــەرجـــە (شـــوێن)ێكمــــان هەبێت بۆ ئەوەی ڕووداوێكی تێدا دروست بكەین، یان ڕووداو دەكـارێت (شوێن) دروست بكات؟

– تۆزێک لەمــــەوبەر باسم لە كـــلاســـیكیـــاتی چیرۆكنووسین كرد، وەكو ئەلف و بێی سەرەتا وەهایە كە دەبێت فێری بین، كاتێک فێری زمانێكی بێگانە دەبین، چەندە ڕۆشنبیـریمان فـراوان بێت، ڕێگە لەوە ناگـرێت كـە مـامـۆسـتـای زمـان لە ڕسـتـەی سـادە و ئەلف و بێی سەرەتاوە لەگـەڵـتدا دەسـتپـێدەكـات، لە ڕسـتـەی وەكـو (پیاوەكە سواری ئۆتۆمبێل بوو).. لەم سەرەتایەوە مرۆڤ دەگاتە ڕستەی ئاڵۆز.. شوێن و كات و فیگور و زەمەنی ناوەكی و سایكۆلۆژی، ئەلف و بێی هەمـوو چیـرۆكـێكن لەم دنیـایەدا، تۆ دەتوانیت یاری بە زەمەنەكان بكەیت، بەڵام ناتوانیت نەفی زەمــەن بكـەیت!. تۆ دەتوانیت لە پەرەگرافێكدا دوو شوێن و دوو كاتی جیاواز بخەیتە نێو گەمەی گێڕانەوەوە، بەڵام ناتوانیت نەفی شوێن بكەیت..

ڕۆمــانی (كــەوتنە خــوارەوەی گـــورگـــێک) كــە لە چاپدانەوەی داهاتوودا لەژێر تایتـڵێكی دیكە و لەوانەیە زۆر بەشی دیكەی بۆ زیاد بكەم، بڵاوی دەكـەمـەوە، لەم ڕۆمانەمدا دەستی خۆم شلكردووە بۆ یاریكردن بە شوێن و زەمـەنە مـێـژوویی و كـەسـیـیـەكـان، لە بەغـداوە شـوێن دەگۆڕێت بەرەو ئەوسەری سنوورەكانی ئێران، لە زەمەنی ئێـسـتـاكـێـیـەوە بۆ زەمـەنی شـەڕی تـوركـمـان و كـورد لە كەركووک، لە زەمەنی عەبدولكەریم قاسمەوە بۆ زەعیم سدیق لە سلێـمـانی. ئەو هاوكـێشـە ئاڵـۆزە لە زەمـەن و شوێندا كە لەدوای سەدو پەنجا لاپەڕە خۆی لە چیرۆكی سەربڕاوەكـاندا كـۆدەكـاتەوە، فـیگـورە سـەرەكـیـیـەكـان، شێرزاد و پەخشان و پوورە عـاس هەموویان گرێدەدرێنەوە بەو ویژدانە بریندارە مێژووییەی، بەو برینە قووڵەی كە لە سەرەتـای ڕۆمـانەكـەوە لە كـوشـتنی (دڵكەسیـرە)دا خۆی بەرجەستە كردووە.. ئەمانە هەمووی وەک سەمفۆنیایەک وەهایە كــە لە چەندەها ئاوازی نەرم و ڕەق و توندوتیـژ پێكهاتوون.. ئەمە ئەو یارییەیە بۆ شوێن و كات.. بەڵام شـوێن و كـات بوونیـان هەیە و ئەوەی كـە دەمـێنێـتـەوە خـوێنەرێكی خـاوەن چەشـە و ڕۆشنبـیـرییـەكی تایبـەتی ڕۆمـان خـوێندنەوەیە، كـە دەقـەكـان بخـوێنێـتـەوە و نهـێنییـەكـان دەسـتـبـەربكات.. ئەمـەش وایكرد كـە لە زەمەنی بڵاوبوونەوەی ڕۆمـانەكـە، كە بەداخـەوە (دەزگای سەردەم) سێ فەسڵیان بە شێواوی بڵاوكردەوە و تەنانەت داوای لێبوردنیشـیـان نەک لە من، بەڵكو لە خوێنەریش نەكـرد.. ئاڵۆزی شــوێن و كـات و یاریی زمـانەوانی و غـەدری دەزگـای سـەردەم لە ڕۆمـانەكـە وایكرد كـە ئەو ڕۆمانە بەو فراوانییە نەخوێندرێتەوە.

كات و شوێن لە زەمەنی سایكۆلۆژیدا لە فیگورێكەوە بۆ ئەوەی دیكە دەگـۆڕێت، عـەزیز لە هەمـوو ڕۆمـانەكـەدا كەسێكە چاوەڕوانكراوە، بەڵام شوێنەكانی شەڕی ئێران، ئێـراق لەگـەڵ خۆیدا دەهێنێـتە نێـو ڕووبەری گـێـڕانەوەوە (دڵكەسیرە) شوێن و ڕووداوی مێژوویی دێنێتە كایەوە، هەر لە خانی كەرانی ئەوسای كاروانچێتی لە سلێمانی بیست و سیەكاندا تاوەكو دەگاتە پەنجەرە ئەلمنیۆمەكانی بیناكردنەوەی خانووی كۆنی خێزانی سەربڕاوی گەورە لە هەشـتـاكـاندا. شـوێن و كـات بەردەوام لە جێگۆڕكێدان، ئەمــانە هەمــووی لەزمــانی گــێــڕانەوەدا خــۆیان درێژ كـردۆتەوە، كە ئەز هەر لە سەرەتاوە دەمـزانی ئەم ڕۆمـانە جەمـاوەرخواز نییـە، بەقـەد هێندەی چێـژێكی تایبـەتی و باڵای پێویستە.

* هەر لە ســەرەتاوە مــێـژوونووسی ئێـمــە بە ســوود وەرگـــرتن لە هەندێک تەكنیـكی چیـــرۆک مـــێـــژووی نووسیـوەتەوە، ئێـسـتـا ڕۆمـاننووسی كـورد دەتوانێت بە ئەدەب مـێـژوو بگـێـڕێتـەوە؟ وەكو ئەوەی هەمـەنگوای و گۆنتەرگراس و ئیلیش ماریا ڕیمارک. كردیان، بە تایبەت ئەگەر ئەم ڕۆمانەی دوایی (شاری مۆسیقارە سپیەكان)ی بەخـتـیـار علی وەک نموونەیەک وەرگـرین، هەرچەندە من باوەڕم وایە ناكرێت وا سەیری بەختیار بكەین كە ڕۆمانی مـێـژوویی نـووسیـوە، بەڵام دەكرێت مێـژوو لەو ڕۆمـانەدا بخوێنیتەوە.

– سابیر ڕەشید لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، ڕۆمانی (کەوتنەخوارەوەی گورکێک) بە ڕۆمانێکی مێژوویی لە قەڵەمدا، مێژوو زۆر مانا و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، بوعدەکانی لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ئەوی دیکە و لە ڕۆمانێکەوە بۆ ئەویدیکە دەگۆڕێت، من ئەم ڕۆمانەی دوایی بەختیارم بەدەست نەگەیشتووە، لەبەر ئەوە ناتوانم قسەی لەسەر بکەم.. من پێم وایە مێژوو لە هەموو ڕۆمانێکدا بوونی هەیە، ڕۆمان خۆی نووسینەوەی مێژووە بەشێوەیەکی دیکە. ئەو مێژووەیە کە مێژوونووسان فەرامۆشی دەکەن، ئەو وردەکارییە مرۆڤانەیە کە لەناواخنی ڕووداوەکاندا یاری خۆیان دەکەن و مێژوو فەرامۆشی دەکات، بەڵام ڕۆمان و چیرۆک بەهێزێکی دیکەوە دەیانکاتەوە بە ژیاندا.. نموونەیەکی زۆر ئاسان کە لە یەکەم ئەزموونی چیرۆکی کوردییەوە (دیالەکتیکی سۆران)، چیرۆکی ناتەواوی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)ە، کە هەموو ئەو مێژووە شکۆدارەی لەسەر شێخ مەحموودی حەفید نووسراوە، لەو چیرۆکەدا دەکەوێتە بەرگومان. ئەمە ئەو وردەکاریانەیە کە مێژوونووسان لەبیری دەکەن و چیرۆکنووسەکان دەینووسنەوە.. مەرج نییە مێژوو پابەند بێت بە ڕووداوە گەورەکانەوە، بەڵکو پابەندە بەو وردەکاریانەی ژیانی کەسەکان لەنێو ڕووداوەکاندا، هەموو یەکێک لە ئێمە باس لە زەمەنی زەعیم سدیق دەکەین لە شەستەکانی سلێمانیدا و باس لەوە دەکەین کە لەسەروو (حامیەی) ئەوسای سلێمانی (پارکی ئازادی ئێستا)، بە دەیان خەڵک بەزیندوویی زیندە بەچاڵکراون، بەڵام کەس نەبوو باس لەو دەستە بکات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەژێرگڵەکەوە جووڵاوە و هاواری یارمەتی کردووە و کەس نەیتوانیوە بە هانایەوە بچێت.. دڵکەسیرە لە ڕۆمانی (کەوتنە خوارووەی گورگێک)دا وەک ڕۆحێکی پەڕەوازە بەسەر ئەو دەستەدا دەفڕێت و ئەویش وەک ڕۆحێکی بێ جەستە هیچی بۆ ناکرێت.. لە شەست و سێدا بەعسییەکان قاسمیان گوللەباران کرد، بەڵام هەر لەگەڵ قاسمدا بە سەدەهایان بە ئەشکەنجەوە کوشت و فڕێیان دایە نێو مەیتخانەکانەوە، ڕۆحەکان، ئەجندەکان کە لەنێو قەوزەی خوار پەنجەرەی ژەنگاوی مەیتخانەیەکی بەغداوە، لەتاو ئەو هەموو لاشە و غەدرلێکردنە ڕادەکەن بۆ شەماعیەی بەغدا و جارێکی دیکە لە ڕێگەی (خەلیفە)وە چیرۆکی ئەو غەدرلێراوانە دەگێڕنەوە..

لە نوڤێلای (شتێک لە قوڕی خوارفە)دا من باس لە ڕووداوێکی بچووک دەکەم کە هەمووان لەبیرمان کردووە، هەموو ئەو ڕاپەڕینەی ئێراق لە ڕووداوێکی زۆر بچووکەوە تەقییەوە، کاتێ سوپای ئێراقی لە کوێت کشایەوە، هەر لە ڕێگا ئەمریکاییەکان لەسەر ڕێگەی گشتی نێوان کوێت و بەسرە، بەفرسەتیان زانی لەو کاروانە سەربازیەیان دا کە دەکشایەوە، زیاتر لە دە هەزار سەربازی بێتاوان کوژران، بێگومان ئەمریکاییەکان مەبەستیان تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک ڕاکێتی تازە بوو، دەنا کاروانەکە پێکهاتبوو لە سەربازی برسی و ئیڤای عەسکەری شەق و شڕ و هیلاک.. بەشێک لەو زریپۆشە هیلاکانە خۆیان کرد بە (بەسرە)دا، سەربازێکی نەناسراوی زریپۆشێک، لوولەی زریپۆشەکەی کردە وێنەدیوارێکی سەدام و تەقاندییەوە، ئەم ڕووداوە شکاندنی لووتی بەعس بوو لە هەموو ئێراقدا، پێچێکی مێژوویی بوو، یەکەم شکاندنی شووشەبەندییەکانی ترس بوو، تەقینەوەی ڕاپەڕین بوو لە بەسرە و ئیدی تەشەنەی کرد لە هەمووی شارەکانی ئێراق بە کوردستانیشەوە، کەس باسی لەو سەربازە و لەو ڕووداوە نەکردووە.. من دوای ئەم هەموو ساڵە و پاش ئەوەی لە مەنفا گیرسامەوە، لە نۆڤلێی (شتێک لەقوڕی خورافە) لە بەشێکیدا باس لەو ڕووداوە دەکەم، لێرەوە دەمەوێت بڵێم مێژوو ئامادەبوونێکی هەمیشەیی لە ڕۆماندا هەیە، مادامەکی لەرزینێکی ویژدانی و ڕۆحیمان لەلا دروستدەکات.. مێژوو بۆ ڕۆمانووسەکان تاوەکو ئەو کاتە گرنگە کە دەبێ بە گێڕانەوەی ئەدەبی، لەوێوە ئیدی مێژوو وەک خۆی نامێنێتەوە، بوعدە ڕاستەقینەکانی خۆی ون دەکات و دەچێتە نێو فانتازیایەکی دیکەوە، دەچێتە نێو وردەکارییەکانی گێڕانەوەی ڕۆماننووسەوە. ئەو دەقاو دەقییەی لە مێژوودا هەیە لە ڕۆماندا خۆی وندەکات و دەبێتە دەقاودەقییەکی دیکە لە بۆن و بەرامە و ڕەنگ و جووڵەی ژیاندا خۆی ڕادەکێشێت.. ئەوەی مارکیز نەخوێنێتەوە، بوعدی گەمەی ئەمریکاییەکان بەوە وەحشیەتەوە مەزندە ناکات، لە سەد ساڵ تەنهایی و پایزی پاتریاکدا، باس لە تەقەلێکردنی کرێکارانی مۆز دەکات، لە پایزی پاتریارکدا باس لە ژمارەلێدانی دەریای کاریبی دەکات، کە چۆن ئەمریکاییەکان دەیخەنە سنووقەوە و دەیبەن بۆ خۆیان.. ئەو بوعدە کۆلۆنیالییە وەحشییەی ئەمریکانزم هێزی قەناعەتکردنی ئەو ڕۆمانە

بەهێزترە وەک لە هەموو تێکستێکی دیکەی مێژوویی سیاسی کە خوێندبێتمەوە.. سەلمان ڕوشدی لە ڕۆمانی (منداڵانی نیوەشەو)دا باس لە کەرتبوونی هیندستان دەکات، بەشێک هیندستانی ئێستا و بەشەکەی دیکە پاکستانی ئێستایە، نیوەشەوی ١٩٤٧ دەکات بە تەوەرەی جووڵەی ڕۆمانەکەی، هەموو ئەو مێژووەی دروستبوونی پاکستان و یاری بەریتانییەکان لە پشتگیری ئەم و ئەودا لەشاردنەوەی فیگورێکی ڕۆمانەکەیدا خۆی بەرجەستە دەکات کە چۆن لەلایەن قەرەجێکەوە دەخرێتە جانتایەکەوە و سنووری پێ دەپەڕێننەوە.. ئەمە خاڵی تراژیدی مێژووە کە سەلمان ڕوشدی لەو ڕۆمانەدا باسی دەکات.. کاتێک مرۆڤێک ئەوەندە برسی و لاواز دەبێت لە جانتای موسافیرێکدا جێگەی دەبێتەوە.. بەم شێوەیە مێژووی بوعدێکی دیکە دەبەخشێت بە جیهان و مێژووش خۆی.

(ماریۆ فارگا لیۆسا) لە ڕۆمانەکانیدا نەک تەنها مێژوو بەو دووربیە فانتازی ڕۆمانسێرەی دەنووسێتەوە، بەڵکو لە ڕۆمانی (مەردنێک لە ئاندن) باس لە جوگرافیای فراوانی وڵاتێکی وەک ئەرجەنتین دەکات، لە گوندە لاتەریک و گۆشەگیرەکانی سەر کەنارەوە بگرە تاوەکو دارستانە تاریکەکانی باران، هەموو ئەفسانە و خورافە و چیرۆکی بەرئاگردانەکانی (ئیندۆسەکان) هەیە، هەمووی لەو ڕۆمانەدا لە تۆبۆگرافیایەکی جوگرافی و گێڕانەوەیەکی شێوە کریمیدا (پۆلیسی) خۆی ڕادەکێشێت.. هەموو ڕۆمانێکی باش خۆی لەخۆیدا بەشێک لە مێژووی ئێمە وەک تاکڕەو تەنانەت ڕۆحی گشتی کۆی کۆمەڵگەی لەخۆدا هەڵگرتووە.. مێژوویەک بۆ حەزەکان، مێژوویەک بۆ ئیرۆتیکا، مێژوویەک بۆ ڕەشبینی و ساتەکانی گەشبینی.. ئەمانە و زۆر مێژووی وردیلەی دیکە کە لەنێو مێژووە گەورە مێگەلییەکاندا لەبیر دەکرێن، کەس نییە باسی لە جەنگی جیهانی دووەم نەکردبێت، بەڵام کەس نەبووە بتوانێت وەکو (هاینرخ بۆل) و وەکو تۆش ئاماژەت بە (ڕیمارک)دا، باس لە وردەکاری ئازارە مرۆییەکان بکات.. هاینرخ بۆل لە چیرۆکیدا باس تەنها لە دوو کاتژمێری دوورودرێژی سەربازێک دەکات کە نۆبەی پاسەوانی خۆیەتی، باس لەتاریکی و سەرما و ئەو هەموو بیرۆکە و زیندەخەونە لە پڕانە دەکات کە لەو ماوە کورتەدا بە بیریدا دێن و دەچن، مرۆ وا هەستدەکات کە ئەوە دوو کاتژمێر نییە، بەڵکو سەدەیەکی دوورودرێژی ساردە لە بۆنی خوێن و لاشەی فرێدراوی بن بەستەڵەکاکانی بەرەکان، ئەو خەونانەی لەو دوو کاتژمێرەدا وەکو پلانی داهاتووی ژیانی بە بیریدا دێت و دەڕوات، هەموو ئەو کاتژمێرە ساردانەی سەربازگە و ژیانی سەربازیی زۆرەملەیی ئێراقی بیر دەهێنامەوە کە مرۆکانیان بە تۆبزی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگێک دەکرد، ئەوان بەرپرسیارنین لێی. لە ڕۆمانەکانی ڕیمارک-دا بە تایبەت (هەموو لەبەرەکانی ڕۆژئاوا هێمنە) یاوەکو لە ڕۆمانی (سێ هاوڕێکە)دا، جەنگ بەشێکە لەو مێژووە بێزراوەی مرۆکان دەخاتە نێو گێژاوی پارادۆکسەکانی خۆیەوە. هەموو مێژووی شکۆداری نازیەت لەو ڕۆمانەدا لایەنە پووچ و ناشیرین و گەندەڵی و وەحشییەکەی خۆی دەردەخات.. لەبڕوایەدام ڕۆمانووسەکان بۆیە هەن بۆ ئەوەی شکۆدارە بەتاڵەکانی جەنگ و ئەفسانەکانی دەسەڵات پووچەڵ بکەنەوە.. سەیری ئەو هەموو ڕۆمانە بکە کە نووسەرە کاسەلێسەکانی زەمەنی ستالین بەناوی «ڕیالیزمی سۆسیالیستی» نووسیویانە و ڕۆمان و کتێبە دۆکۆمێنتارەکانی (شۆلژێنستن) بخوێنەوە!، جیاوازییەکی گەورە و بێئامان لەنێوان ئەم دوو دنیابینییە بۆ مێژوو دەبینین، یەکێکیان چاوپۆشی دەکات لەو هەموو کارەساتانەی لە زەمەنی سۆڤێتدا ڕوویداوە و خەریکی شکۆکردنی زەمەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکات.. کەچی دیدی شۆلژێنستن لە کتێبی (ئارخەبیل گولاک)دا پووچەڵکردنەوەی ئەو هەموو وەهم و ڕەونەقەیە کە دەسەڵاتی سۆڤێتی لە ڕێگەی نووسەرە دەستەمۆکانییەوە هەوڵی داپۆشینی دەدات، (گولاک) ئەو سەربازگە زۆرەملێ و بەندیخانە گەورانەیە کە زۆربەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و پیاوی ئایینی و ئەکتەر و سیاسییە بە تواناکانی وڵات، ئەوانەی لەژێر ناوی (پیاوانی سەرمایەداران) یاخود (دژە کۆمۆنیست) یاخود هەر ناوێکی دیکەوە لەو بەندیخانانەدا توند دەکران.. ڕاستە سۆلژێنستن لە (ئەرخەبیل گولاک/ دوورگەکانی گولاک)دا بە وردەکاری مێژووییەوە باس لەناو و شوێن و زەمەنی مێژوویی و تەنانەت ژمارەی نووسراوەکانی کاگابی و دەزگاکان دەکات، بەڵام لەنێو ئەم دێڕانەوە کاری ڕۆمانووسێک دەبینین مێژوو دەکاتە ماتریاڵێک بۆ بەخشینی دیدێکی دیکە بۆ ژیان، گەر مێژوو ڕووداوە مەزنەکانی دنیای ئێمە لە لەبیرچوونەوە بپارێزێت، ئەوە ڕۆمان هەر هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوەی ویژدانێک بۆ ئەو

مێژووه، ئەو ویژدانە ئەو یادەوەرە مرۆڤانەیە کە لەنێو کێشمەکێشی ڕووداوەکاندا فەرامۆش دەکرێت..

* ئێوە هەندێ جار لەزماندا سەرچڵی دەنوێنن و جاری وا هەیە لە پەرەگرافێکی درێژدا بەتایبەت لە ڕۆمانی (کەوتنە خوارەوەی گورگێک)دا بەبێ ئامرازی پێوەندی و وێرگوڵ (فاریزە) چیرۆکەکە درێژ دەکەنەوە و ناهێڵن لە یەکەی ماناشی بشێوێت.. ئێوە بەم کارەتان تەنها ویستووتانە تەقلید بشکێنن یان ئەوە ستایلێکی تایبەتی خۆتانە و جۆرێکی ئیشکردنە لەزماندا؟ ئەم پرسیارە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی بپرسین ئێوە بۆ لە نۆڤێلای (شتێک لە قوڕی خورافە) زمانتان تا ئاستێکی مامناوەندی سادەو بێ گرێو گۆڵە، کەچی لە (کەوتنە خوارەوەی گورگێک)دا تەواو بە پێچەوانەوە زمان خوێنەر هەناسەوار دەکات ئایا ئەمەی دواییتان بۆ خۆی تایبەتمەندییەکی ڕۆمانە یان یارییەکی تری نووسەرە لەگەڵ خوێنەر؟

- لەوانەیە ئەم پرسیارەم لەلایەن زۆربەی خوێنەران و هاوڕێ نووسەرەکانمەوە لێکرابێت. یەکێکیان سەبارەت بەو زمانەیە کە (کەوتنەخوارەوەی گورگێک)ی پێ نووسراوە، و پرسیاری دووهەمیش ئەو ئاراستە جیاوازەیە کە زمان لە (شتێک لە قوڕی خورافە)دا کاری لەسەر کراوە.. یەکێکیان بەڕای زۆربە وەکو ئاماژەت پێدا زمانێکە، چاوی وەها هەیە سێ دێڕ بەدوای یەکدا دێن بەبێ بوونی فاریزە.. کەچی لە (شتێک لەقوڕی خورافە) دێڕەکان ئاسانن و ماناکان بە ئاسانی بۆ خوێنەر قووت دەچن.. بەمانای دوو ئەزموونی جیاواز لەزماندا لەدوو ئاستی جیاوازی پێوەندی زمان بە بەرهەمهێنانی مانای ئاشکرا و مانا شاراوەکان.. ئەمە نە یارییە و نە موغامەرە و سەرچڵییە، ئەمە بە ئاسانی سروشتی گێڕانەوەی چیرۆک خۆیەتی، کە خۆی جۆری چنینەوەی زمانەوانی دیاری دەکات، مادامەکی ئێمە لەو بڕوایە داین کە چیرۆک لەنێو زماندا دانیشتووە، نەک لەسەر جادە!، ئێمەش لە ڕێگەی زمانەوە دەربڕینی دانیشتنەکەی بکەین!. بەمانایەکی دیکە، چیرۆک لەنێو ڕیتمی زمانەکەی خۆیدایەتی، نەک زمان دەربڕینێ بێت لە چیرۆکەکان، با زیاتر ئەم دەستەواژەیە ڕوون بکەمەوە، بۆ نموونە زۆر چیرۆکنووسمان هەن هەموو چیرۆکەکانیان بەیەکزمان دەنووسن، با (شێرزاد حەسەن) وەربگرین، هەر لە چیرۆکی ڕیشۆڵەیەوە بیگرە تاوەکو دوا تێکستەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، هەموویان چەندە لەڕووی بابەتی چیرۆک و چارەسەری کێشە و گرێچنیندا باش و جوانن، ئەوەندە من تووشی گرفت دەبووم لەگەڵ خوێندنەوەیان!، بەتایبەت کاتێک هەستدەکەم هەموویان بەیەک ڕیتمی زمان دەگێڕدرێنەوە، ئەوەی گۆڕاوە تەنها بابەتە، دیارە لەوانەیە یەکێک بێت بڵێت ئاخر ئەمە (شێوازی نووسینی) ئەم نووسەرەیە کە لەوی دیکەی جیادەکاتەوە، منیش دەڵێم شێوازی نووسین یەک جۆر ڕیتمی نووسین نییە!!، شێوازی نووسین کڵێشە کاراکتەری گشتی زمانە کە چیرۆکنووسێک لەوی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم وەکو بەرگدووریەک وەهایە بەیەک مۆدێل جلەوە گیربووە و ئەوەی دەیگۆڕێت تەنها جوانییە لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان، نەک مۆدێلەکانیش!!، ئەمەیە گرفتی زۆربەی چیرۆکنووسانی ئێمە و زۆر چیرۆکنووسی گەورەی دنیای وەک (پاولۆ کۆیلۆ)!!. بەختیار عەلی لە ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووهەمدا زۆر هەمەجۆر و هەمەڕەنگە لە زمان و شێوازدا، کەچی ڕۆمانەکانی دیکەی بەتایبەت (ئێوارەی پەروانە و دواهەمین هەناری دونیا) هەردووکیان بەیەک ڕیتم نووسراون، تەنانەت وەرە سەیری ناوی فیگورەکان بکە، هەموویان سیفەتی شوێن و زەمەن و ڕووداویان پێوەیە.. وەکو بۆنخۆش و پاکیزە و چەندەها سیفەتی دیکە، بەشێوەیەک هەست دەکەیت کە یەک ڕۆمان دەخوێنیتەوە نەک دووان، ئیدی نازانم لەم ڕۆمانە تازەیەیدا چۆن کاری کردووە. بەهەرحاڵ ئەمە شتێکە من حەزی پێناکەم. من لە بڕوایەدام هەموو چیرۆکێک هەڵگری زمانی تایبەتی خۆیەتی، ئەمەش تێکستی جوان جیادەکاتەوە، جوان تێکستێکە لە سەردەمێکی دیاریکراودا وەک گوڵێکی بۆنخۆشی درندە وەهایە، لەگەڵ بەسەرچوونی وەرزی ئەویش بەسەر دەچێت، تێکستی باش لە هەمان کاتدا کە جوانە، بە درێژایی وەرزەکان دەمێنێتەوە و نەوە لە دوای نەوە خوێنەری خۆی هەیە..

ئێستا وا لەبەشەکانی کۆتایی ڕۆمانێکی تازەم، کە بە زمانێکی ئێجگار جیاواز لە زمانی تێکستەکانی دیکەم دەینووسم. من پێمwایە بابەتی چیرۆکەکان و کێشە بەندییان زمانی خۆیان دیاری دەکەن، نەک زمان و شێوازێکی نووسین وەک ڕاوچییەک وەهابێت ئەرکی ڕاوی بابەتەکان بێت..

* چیرۆک پیاسەیەکی بەردەوامی چیرۆکنووس نییە لە نوستالژیادا؟ مرۆڤ وەختێک چیرۆک دەنووسێت نایەوێت بەم کارەی نەفی (ئێستا) بکات و بەیەکجاری لە (ڕابردوو)دا بژی؟ یان چیرۆک نووسینەوەی ئێستایە بە مرەکەبێکی کۆن؟

– نوستالژیا گەڕانەویەکە بۆ واقیعێک کە بوونی نەماوە، ئەوەشی کە ماوە تەنها فانتازیایەکە، یادەوەری لایەنە جوانەکانی گەشەدارکردووە، بۆ ئەوەی لە قەرەباڵغی و نشوستییەکانی ئێستا قوتار بین، هەمیشە نۆستالژیا پابەندە بەهێزێکی سەیری گێڕانەوەی وردەکارییەک کە لە زەمەنی خۆیدا سەرنجڕاکێش نەبوون، بەڵام لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە شوێن، خەیاڵێک هەیە دەیدۆزێتەوەو گەورەی دەکات و قەبارەیەکی دەداتێ کە قەبارەی خۆی نییە، واقیعێکە لەو ڕابردووە دەچێت و لەویش ناچێت. لەگەڵیشیدا هێزێکی سەیری تێدایە بۆ ئاشتبوونەوە و لێبووردن لە هەموو ناشرینییەکانی ڕابردوو، لێرەوە نۆستالژیا لە بیرەوەری جیادەکرێتەوە، بەوەی بیرەوەری جۆرێکە لە وێنە و ڕووداو لە یادەوەریدا، نۆستالژیا حاڵەتێکی بیرەوەرییە بە هێزێکی سەیری تەفسیری خود و زیادەکردن و کەمکردن بەپێی فانتازیایەکی تایبەت. لەبەر ئەوە سەیر نییە زۆربەی ڕۆمانەکانی دنیا بە ڕابردوو و گێڕانەوەیەک دەست پێبکەن، ڕۆمان لای من بەتەواوەتی خۆی کلێشەدار دەکات، دەبێت بە ڕووداوێک، ژیانێک، زیندەگییەکی سەیر، ئیدی ماوەیەکی زۆر نابات لەگەڵیدا دەژیم، هەر وەک ئەوەی هەموو ئەمانە ڕوویان دابێت، لە ڕابردوویەکی دوورەوە هاتبن، پاشان حەزێک، کە نۆستالژیایەکی تایبەتە دەمجوولێنێ بۆ گێڕانەوە، وەک ئەوەی خانەنشینێک بم و پێویستم بە باسکردنی ڕابردوویەک هەبێت بۆ ئەوەی خۆم لە دلڕەقی ئێستاکێ بپارێزم، بەم شێوەیە دەنووسم. بەردەوام لەگەڵ دوو سێ ڕۆماندا دەژیم کە هێشتا نەم نووسیون، کاتم پێویستە بۆ نووسینەوەیان، ئاخ.. من کەی دەبێت وەک نووسەرێک بژیم..

نۆستالژیا ڕاکردنێکە لە دنیای ڕیاڵ بە گۆڕینەوەی بە دنیایەکی دیکە، دنیایەک کە خاوەنی زەمەنی خۆی بێت، ئەمەش مانای نووسینەوەی ئێستا نییە بە مەرەکەبی کۆن وەکو تۆ ئاماژەت پێدا، بەڵکو ئەوە کاری ئەدەبی باڵایە کە دوورییەکی دیکە و ڤیزیۆنێکی دیکەی ژیانت پێ ببەخشێت، (دۆنکیخۆتە) ئەوەندەی ڕۆمانی لەسەر سوارچاکی خوێندەوە تاوەکو نۆستالژیایەکی لەلا بینا بوو، بەوەی کە زەمەنی سوارچاکی گەڕاوەتەوە و ئەویش خۆی سوارچاکێکی ئازاو بوێرە، بەجۆرێک کە ئاشەکانی بای لێدەبووە هەژدیهای ئەفسانەیی و شەڕی لەگەڵدا دەکردن، لە دواجاریشدا کە لەو هێزە نۆستالژییە وەئاگا دێت، بەرگە ناگرێت و دەمرێت.. ئەمە جوانترین نموونەی ئەو نۆستالژیا وەهمیانەن کە ڕۆژانە بۆ قوتاربوون لە دلڕەقی ڕۆژانە ژیانی ئێستا بەرهەمی دەهێنین و لەگەڵیدا دەژین. ئەم کێشەبەندی و ئیشکالیەتە مرۆییە لە نێوان وەهم و نۆستالژیادا، سێرڤانتس لە شاکاری (دۆنکیخۆتە لامانخا)دا باسیدەکات..

مرۆکە دەگاتە تاراوگە، نۆستالژیا دەبێتە بەشێکی سەیری ژیانی سایکۆلۆژی، گەر نەبێتە هەموو ژیانی، بەشێوەیەک کە وڵاتی دووهەم بۆ هەندێک شوێنهایەکە بۆ بیناکردنەوەی ئەو شوێنەی کە ونیان کردووە، بەجۆرێک هەموو ناشرینییەکانی کۆمەڵگەیەکانی خۆیان بیر دەچێتەوە و تەنها خەریکی ڕازاندنەوەی لایەنە بچووکە پۆزەتیڤەکانیان.. زۆری کوردی دەرەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەدەست شەڕی ناوخۆی خۆکوژی هەڵاتبوون، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەوروپا، دوای ماوەیەک هەموو ئەو چیرۆکە ناشرینانەیان بیرچۆوە و ڕایانکردەوە نێو باوەشی حزبەکانەوە، ئەمە وەفاداری نییە بۆ پارتەکانیان، بەڵکو گەڕانەوەیەکە بۆ شوناسێک کە مەزندەی ئەوە دەکەن ونیان کردووە و لەو ئینتیمایەوە دەیدۆزنەوە، بەڵام لە ڕاستەقینەدا ئەمە هێزێکی نوستالژییە کە لە پشت ئەو گەڕانەوە وەهمییە دایە.. ئەمە و زۆر نموونەی دیکە نوستالژیا بە ڕابردووەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بەهێزێکی فانتازیاوە، بەهێزێکی گێڕانەوەی وردودرشتی ئەو دەمو چاو و شوێنانەی لە خەونەکاندا بەدووتەوەن، بەشێکی هەرە زۆری ژیانی مرۆیی تاراوگەکراو لە نیشتمان و شوێنێکدایە جیاوازە لەو شوێنەی تێیدا دەژی، لە خەوندا نیشتمان و شار و دەمو چاوەکان بە وردەکاری بێزارکەرەوە بەدووتەوەن، بەتایبەت ساڵانی سەرەتای مەنفا، بەڵام مەترسییەکەی لەوەدایە لەدوای تێپەڕبوونی ساڵە ونەکانی ئەوێ کاڵدەبنەوە، ئیدی ئێمە لەبەردەم نۆستالژیایەکداین کە بەتۆخی پابەند نییە بە بابەتی خۆیەوە، چاکتر وایە بڵێم کاڵبۆتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەت بۆ نیشتمان تووشی ئەو شۆکە گەورەیە

دەبیت، چیدی شوێنەکان و کەسەکان بەو جۆرە نین کە مرۆ ساڵانی دوورودرێژی دوورکەوتنەوە، نۆستالژیت ڕازاندوویەتییەوە بە وەهمەکانی خۆی، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ تاراوگە، وێنەکان ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرن، نۆستالژیا بەدوای بابەتی خۆیدا دەگەڕێت، بابەتێک هیلاکە و هێزی گەڕانەوەی لەمەوبەری نەماوە.. لێرەوە بەتایبەت ئیشکالیەتی نووسەر لە مەنفا دەستپێدەکات، لێرەوە فانتازیا تووشی لێدان و درزبردن و سیسبوونەوە دەبێت، بێگومان گەر وشک نەبێتەوە..

من خۆم و زۆر لە هاوڕێ نووسەرەکانم کە ئێستا هەموان لە تاراوگەن، ئەو زەمەنەی دوای ڕاپەڕین، ئەو نەوە هیلاکە بووین بەدەست جەنگە شێتەکانی سەدامەوە، یان سەربازی هەڵاتوو بووین، یان ماوەیەک لە ئێران بووین، یان پێشمەرگە بووین، لە دوای ڕاپەڕین وردە وردە یەکترمان گرتەوە، لە پڕێکدا هەندێک نووسەرو دەموچاوی نێوەندەکە هاتنەوە کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو لە ئەوروپا بوون، ئەوەندە بە حەماسەوە لە واقیعی کوردیان دەڕوانی، ئەوەندە بریقە و دروشمەکان ئەوانی لە کوردایەتییەکی وەهمیدا نقوم کردبوو، کە چیدی ئەدەب و ئیشکالیەتە فیکرییەکانی وەک ئیستێتیکا و زمان و ڕاڤەکردنیان لەبیر چووبۆوە.. بۆچی ئەمانە وایان لێهات بەمەرجێک لە نیشتمان کتێبی باشیان نووسیبوو؟!.. بۆ ئەوەندە سادە بوونەوە کە لە پرۆسەی ڕەخنەگرتنیشیان لە دەسەڵاتی کوردی لە ئاستێکی ساکار و تەشەریدا بوو.. دیارە ئەم دیاردەیە بەرامبەر مەنفا ترسێکی گەورەی لا دروست کردم، ترسێکی ڕەوا لە وشکبوونەوەی فانتازیا و هەستیاری بەرامبەر جیهان و ئیستێتیکا، منی نیگەران دەکرد. بێزاری دەکردم کە ئێمە نووسەری باش لەنێوەندێکی ئاوەهای پڕ قاچاخچی سیاسەت و ژیان لەدەست دەدەین. وشکبوونەوەی فانتازیا کێشەیەکی گەورەیە بۆ ڕۆمانووس لێرەوە حەزدەکەم باس لە دوو ئیشکالیەت بکەم، یەکەم: یان دەبێت بەردەوام وێنەکانی نیشتمان یان بە تەعبیرێکی دیکە (سەرچاوەی یەکەم) بابەتی نووسین بێت، ئیشکالیەت دووەم ئەوەیە کە فانتازیاکی ناڕیالیست و دوور لە شوناسی خۆت دەبێت بە بابەتی چیرۆکەکانت!!. ئیشکالیەتەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە چیدی مرۆ لەسەر زەوی خۆی نییە، سەرەتا هەستدەکەیت بەردەوام بەسەر توێژاڵێکی ئاوی بەستوویی دەریاچەیەکدا ڕێگەدەبڕی، هەمیشە ترسی نقوم بوون و شکاندنی ئەو سەهۆڵبەندانە ناسکەی بن پێیەکانت نیگەرانت دەکات، ئەمە جگە لەوەی سەرەتا کێشەت لەگەڵ زماندا هەیە، بەڵێ زمان، تۆبەک کە لەسەر کێشەی گرنگی ئیستێتیکی و فیکری دەنووسی، دەبیت بەیەکێک کە دەبێت ڕۆژانە هەوڵبدات بە ڕستەی زۆر سادە تەعبیر لە خۆی بکات!، ئەمە جگە لەوەی کێشەیەکی کولتوریشە، هەموو عادەتەکانی نانخواردن و قسەکردن و خەوتن و هەڵسوکەوتت قڵپ دەبێتەوە، جگە لەوەی لە کەسێکی نێوە ناوەڕاستی ڕووداوەکان دەبێت بە کەسێکی پەراوێزکراو، پەراوێزکردنێک دەستی ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا نییە بەقەد هێندەی دەستی ڕۆژگارێکی سەختە.. لێرەوە نۆستالژیا بە هوروژمێکی سەیرەوە داگیرت دەکات، دەتکاتە هەویری خۆی، ئیدی هەستدەکەیت پاڵەوانێکیت و بەهەڵە لەم شوێنەدا گیرساویتەوە، شوێنی سەرچاوەی یەکەم (نیشتمان و کۆمەڵگە) چیدی ئەو هێزی ڕەخنەیە لە خۆیان ناگرن، بەڵکو دەبنە بەهەشتێکی ونبوو، دەبێتە خەیاڵێکی دۆنکیخۆتانە، ئەمەش لەلای نووسەر ئیشکالیەتە، دەبێت بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەجۆرێک نەبێتە هۆی تێکدانی بەها ئیستێتیکییەکانی ئەدەب، وەزیفەی ئەدەبیش هاوسەنگ کردنەوەیەی دنیایە لەنێوان خێر و شەڕدا لەنێوان جوانی و ناشرینیدا، گەڕانێکە بەدوای جوانیدا بۆ بەرهەمهێنانەوەی مانا، بەتایبەت لە نووسینی ڕۆماندا هەموو بەشێک بەرهەمهێنانی مانایە لە ڕێگەی ڕووداو و فانتازییەکی هاوسەنگەوە بەرهەمدێت نەک فانتازییەکی بێ لۆژیک. لە نۆستالژیای وەهمییەوە، فانتازیا هاوسەنگی خۆی تێکدەدا بۆ کردەی بەرهەمهێنانی مانای ئەدەبی، ئەوەی کە لێی دەکەوێتەوە جۆرێکە لە حەماس و شەوق و یادکردنەوە بەبێ بەرهەمهێنانی مانای ئەدەبی. لەمەوە مەنفا تەنها ژیان لەسەر نۆستالژیا و کارکردنی فانتازیا لەسەری، تێکستی لێکچووی دووبارە بۆوە بەرهەمدەهێنی، هەر بۆیە زۆر لە نووسەرە باشەکانی کورد لە دوای ماوەیەک نیشتەجێبوونیان لە مەنفایەکی ئەوروپی، شتێکی دیکەیان لێدەردەچێت، کە بەشێکن لە حەماس و بەشێکیشن لە تووڕەییەکی بێمانا و دەقەکانیشیان تەنها جوینەوەی شێوازێکی دووبارەبۆوەیە، چەقبەستنێکە لەنێو شێوازێک و بیرکردنەوەیەکی تەمومژاویدا.. هەچ کاتێکیش تووشی شۆکی ئەوە بوون کە نیشتمان چیدی

خاکی کەوسەر نەماوە ئەوسا فانتازیا وشک دەکاتەوە، بەکورتی ئیشکبوونەوەی فانتازیا لە مەنفادا لە ئاستێکی ترسناکدایە بۆ نووسەر.. دووهەم ڕێگا ئەوەیە پەلاماری چەندەها بابەت بدەیت کە دوورە لە شوناسی خۆتەوە، زۆرجار لە وڕێنە دەچن، تەنانەت لە ڕووی مرۆییشەوە مانای نابێت بۆ هیچ خوێنەرێکی دنیا، ئەمەش حاڵەتی دەگمەنن، بەڵام نووسەری هوشیار لە مەنفادا بیری لێدەکاتەوە، ئەو پرسیارەی دەیکات لە خۆی ئەوەیە: لەسەر چی بنووسم؟، ڕابردوو و بۆن و ڕەنگ و شوێنەکانی، یان ئێستایەک کە هێشتا پێمەلەمە تێیدا.. لە کلاسیکیاتی کوردیدا شاعیری گرنگمان (نالی) مەعریفە یاخود بە چەمکی ئەو زەمانە قسان بکەین (عیرفان) دەکاتە ئەلتەرناتیف بۆ جلەوکردنی ئەو نۆستالژیا دڕندەیەی بەهای ئەدەبی نیگەران دەکات. چامە بەناوبانگەکەی کە بۆ (سالم)ی شاعیری نووسیوە، پرسیارێکە لەمەڕ ئەو نۆستالژیایەی تەواوی ژیانی مەنفای نالی داگیرکردبوو، نالی دەیەوێت لەو قەسیدەیەدا لۆژیکی شیعری بپارێزێت، فانتازیا لە ڕێگەی پرسیارکردن لەنێوان سلێمانییەکی (خەیاڵزەدەیی) و سلێمانییەکی (هەبوویی) بەراورد بکات، سلێمانییەک وەک هەبوویەکی واقیعی نەک سلێمانییەکی خەیاڵ لێکراوە.. سالم لە قەسیدەکەیدا تەواوی ئەو هاوسەنگییە دەگەڕێنێتەوە بۆ نالی، هەردووکیان، ئەمیان لە مەنفای خۆی و ئەمیشیان لە نیشتمان، کار لەسەر شوێن و سەرچاوەی بابەتی ئەدەبییان دەکەن بۆ هاوسەنگ کردنەوەی فانتازیا لە نێو واقیعی شوێن و زەمەنی هەبوودا، بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری لەسەر بنەمانی فانتازیایەک بۆ مانای شیعری نەک بۆ ڕازاندنەوەی دنیا بەوشەکان.. بەهەمان ئاراستەش ئەم کێشەیە لەلایەن سەلمان ڕوشدییەوە زۆر جوان چارەسەر کراوە، هەمیشە فیگورە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکانی (سەلمان ڕوشدی) لەنێوان هیندستان و بەریتانیاو ئەوروپادا یاری دەکەن. هەمیشە ئەم دوو کولتوور و شێوە ژیانە کە پێکهاتەی شوناسی سەلمان ڕوشدین، لە ڕۆمانەکانیدا بە هارمۆنیەتێکی سەیر کار لە یەکتری دەکەن، هەر لە ڕۆمانی منداڵانی نیوەشەوەوە بیگرە تاوەکو ڕۆمانی ئایەت شەیتانی و دوا ڕۆمانی ئەمساڵی (شەلیماری لێبووک).. هەمووان تێکەڵبوونێکی جوانی مەنفا و ژیانی کۆچبەرییە بە کولتووری بێگانە، بەبێ ئەوەی ببێت بە ئەدەبی کۆچبەران، یان بێگانە سەر سوڕهێنەرەکان!، نەخێر، بەڵکو هاوسەنگییەکی ئیستێتیکی هەیە کە دنیا جیاوازەکانی ئەوروپا و هیندستان و سروشتی کەسەکان لە ڕووداوەکاندا پێکەوە دەبەستێتەوە.. ئێستا لەم ڕۆمانەی کە چەند ساڵێکە بەهێمنی کاری تێدا دەکەم، لەم ئیشکالیەتە نێزیک دەبمەوە، کێشەی نۆستالژیا و شوێن و زەمەن و گۆڕانی کەسەکان لەنێو کەشو هەوایەکی دیکەدا، کە زۆربەیان سۆڤیەتی جارانە، بەو سیفەتی بەندە دوو ساڵی پەڕەوازەییم تێدا بەسەربرد، نووسینێک بەردەوام هەوڵدەدەم فانتازیا کار بکات نەک نۆستالژیا بۆ مەنفای ڕووسیم، فانتازیایەکی ئەدەبی بۆ ئەوەی نووسینەکە لە نووسینەوەی یادەوەری بپارێزێت..

* تا ئەو جێگایەی ئێوە ئاگادارن چیرۆکی کوردی، یان باشتر وایە بڵێین ڕۆمانی کوردی لە کوێی ئێستای ڕۆمانی جیهانیدایە؟ دەتوانین لەسەر ئەو تێکستە نوێیانەی ئەم دواییەی ئەدەبی کوردی گفتوگۆی ڕۆمان بوون و ڕۆمان نەبوون بکەین؟

- ڕاستیت دەوێت من نازانم ئەم گرێیە دەروونییە چییە کە ناوی ڕۆمانی جیهانی یاوەکو ئەدەبی جیهانییە لەنێو ئێمەی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە.. هەمووی پابەندە بەو گرێ ئیستشراقیەی کە ئێدوارد سەعید باسی لێوە دەکات.. ئەمە بابەتێکە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە جیهانیبوونەوە هەبێت دەبێت یەکەم جار بپرسین ئەدەبی جیهانی بوونی هەیە؟!، یاخود ئەوە ئەدەبی ڕۆژئاوایە کە بەهۆی دەزگا بەهێزەکانی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانەوە جیهانبوونی بە نووسەرەکان دەبەخشن، بە مەرجێک چەندەها داهێنەر هەیە لە ڕۆژهەڵاتدا لەبەر ئەو هەژارییە سەیرەی خوێنەر و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و نەبوونی سیاسەتی کولتووری حکومەتەکان تاوەکو مردنیان لە سووچێکی خراپدا دەمێننەوە، ئەمەیە بەشێکی ئەدەبی جیهانی، بۆ نموونە، گەر نەجیب مەحفوز نووسینەکانی وەرنەگێڕدرانایە سەر زمانەکانی دیکە، لەوانە بوو نەجیب مەحفوز لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بمایەتەوە، ئەمە لایەنێک، لایەنێکی دیکە ئەوەیە، من پێم وایە هەموو بەرهەمهێنانێکی باش خۆی لە خۆیدا ئەدەبێکی جیهانییە، مادامەکی ئەدەبە بە پڕاوپڕی وشە، لێرەدا دەبێت پرسیارەکەی تۆ بەشێوەیەکی دیکە فۆرمۆلە بکەمەوە دەڵێم: ئایا ئەم دەقانە ئەدەبن یان نا؟، وەڵامی ئەم پرسیارە مەرجی بەجیهانی بوونێتی، گرنگ ئەوەیە

ئەوەی دەنووسرێت لە ئاستی ئەدەبێکی باڵادا بێت، ئیدی ئەو ئەدەبە موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە. (ستاندال) باشی نووسیوە لەبەر ئەوە موڵکی هەمووانە، ئێمەی ڕۆمانئوس دەگەڕێینەوە بۆ مۆباسان بۆ بەلزاک، بۆ محەمەد مەولوود مەم، بۆ نالی، بۆ خۆسیە سێلا، بۆ دەستیوڤسکی، بۆ سۆلژێنستن، بۆ باسترناک، بۆ یەسنین، بۆ مەحوی.. بۆ یەشار کەمال، سەلمان ڕوشدی، گۆنتەرگراس، کافکا، مونیف، محەمەد زەفزاف و محەمەد شوکری و زۆری دیکەی هەمووان بە جیاوازی تەمەن و زەمەن و پۆلێنکردنی کلاسی و مۆدێرنەوە لە ڕۆحی مرۆڤکانەوە، لە خەونیان، لە خوتورە و دڵەڕاوکێیانەوە نێزیکن. ئەمەیە جیهانی بوونی ئەدەب، نووسینە بە هەموو ماناکانی باڵایی ئەدەبەوە..

دەربارەی ئەوەی ئێمە نیقاشی ڕۆمان بوون یان ڕۆمان بکەین، ئەوە مەسەلەیەکی دیارو ئاشکرایە، کامە دەق ڕۆمانە و کامەش شتێکی دیکەیە، دیارە دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە هێشتا لەنێو ئێمەی کوردا خوێنەری ڕۆمان دروست نەبووە، مەرج نییە ئەوەی چەند ڕۆمانێک بخوێنێتەوە خوێنەری ڕۆمان بێت، تەنانەت لە ناو شاعیر و ڕۆژنامەنووسەکانیشدا ڕۆشنبیری خوێندنەوەی ڕۆمان لەلاوازییەکی بەرچاودایە، ئێمە هێشتا خوێنەرێکی تاکڕەهەندمان هەیە کە دوای چەند نووسەرێک دەکەوت و لەوانەوە هەموو دەقەکانی دیکە فەرامۆش دەکات، دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم ئێمە خوێنەری بەراوردکار و خاوەن ڕۆشنبیری سەربەخۆمان نییە، دووهەم ئێمە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی خاوەن ئەزموون و کۆنسێپت و خاوەن چەشەو ڕەخنەگری تایبەت بەخۆمان نییە، لەبەر ئەوە هەموو کتێبە ناشیرینەکان لە تەنیشت جوانەکانەوە یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەمووشیان دەکەونە نێو کتێبخانەی تەپوتۆزاوی و لاتەریک و لەدوا چارەنووسیشدا دەکەوێتە سەر جادە.. تاوەکو چارەنووسی کتێبی ئێمە بەدەست ئەو جۆرە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو کتێبفرۆشی سەرجادە بێت، ئەوە ئێمە لەبەردەمی خوێنەرێکی بێ ئاراستە و هیلاکین کە زۆر دەگمەنە خۆی بتوانێت دەقی جوان بدۆزێتەوە.. من زۆر بیر لەو چیرۆکنووسە گەنجانە دەکەمەوە کە لەم قەرەباڵغییەدا بەهێمنییەوە دەنووسن و لەبەر ئەوەی ناوێکیان بۆ خۆیان دروست نەکردووە، لەم قەرەباڵغی پڕە بەنێوی نووسەری نەخوێندەواردا ون دەبن و فەرامۆش دەکرێن.. دەزگای چاپەکان گرنگی نادەن بە دۆزینەوەی تێکستە جوانەکان بەقەد ئەوەندەی سیاسەتی دەزگاکە گرنگە بەلایانەوە، خۆ زۆربەشیان ڕووناکیەکی پارتی کوردین و چارەنووسیان بەدەست ئەوانەوەیە..

ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) گەر وەرگێڕدرێن و گرنگیان پێبدرێت هیچی دیکەی لەو ڕۆمانە باشانەی جیهان کەمتر نییە، ئەوانەی بەختیاریش هەروەها، (تەهای ئەحمەد ڕەسووڵ و عەتا محەمەد) و زۆری دیکە لەو هاوڕێ ئازیزانەم لە ئاستێکی باڵای ئەدەبیدان، کەواتە جیهانین.. بەڵام با من شتێکی دیکەت پێ بڵێم لە ڕووی بەجیهانیبوونمانەوە: من پێم وایە هەموو ئێمەی چیرۆکنووس لە دنیادا لە یەک فەسیلەی حەیوانین (بەو پێیەی مرۆڤیش ئاژەڵێکی قسەکەرە)، هەمووان زۆر فاکتەر کۆمان دەکاتەوە بە جیاوازی ڕەنگی پێست و بیرورا و نەتەوە و زمانەوە، هەمووان حەزێک و خولیایەکمان هەیە بۆ کردنی هەموو ژیان بە گێڕانەوەیەک وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێت، نەک وەکو ئەوەی خۆی هەیە!، هەموومان حەزمان لە تێکدانی ڕەهەندی شتەکانە و پێوەنان و زیادەڕۆیی ئەدەبییە، هەمووان کۆمەڵێک خەوبینەرین و شێوازە ژانێکی سەیرمان هەیە.. هەمووان لەیەک فەسیلە و ڕەگەزین.. با من شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر (پاولۆکۆیلۆ) هات بۆ نورنبێرگ، ئەم شارەی چەندەها ساڵە تێیدا دەژیم، ئێوارەکەی بڕیار وابوو ئەو لە کتێبخانەیەک ڕۆمانە تازەکەی (یازدە دەقیقە) ئیمزا بکات و شتێک لەسەر ئەو کتێبەکەی قسە بکات، کەمن و هاوڕێیەکم ئێوارە چووین بۆ کتێبخانەکە، سەرەی خەڵک گەیشتبووە ڕادەیەک کە زیاتر لە چوارسەد کەس لەسەرەدا وەستابوون بۆ ئیمزا و زیاتر لە چوارسەدی دیکەش بەهیوای ئەوە بوون گەر (کۆیلۆ) هیلاک نەبێت، ئەوە ئەوانیش ڕێگەیان پێدەدرێت، بواری فۆتۆگرتن و پێشکەشکردنی تایبەت نەمابوو.. هاوڕێیەکەم گوتی چاوت لێیە ناتوانین وێنەی لەگەڵدا بگرین، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە دوای دووسەدو حەفتا کەس من چوومە بەردەمی سەیرێکی کردم و گوتی: با پێکەوە فۆتۆ بگرین، فۆتۆیەکە بەتوندی یەخەمی گرتووە، کە هاتینە دەرەوە برادەرەکەم گوتی: سەیرە خۆ تۆ داوات لێنەکرد، گوتم: ئاسانە هەمووان بە جیاوازی توانا و ناوبانگەوە لەیەک فەسیلەی حەیوانین، وەکو ئەو سەگانە واین کە ڕوومان دەبێت بە ڕووی یەکترەوە بۆنی یەکتری دەکەین.. ئەمەیە ڕۆمانی جیهانی بۆن کردن بەوانەی وەک خۆت خەوبینەرن....

# بەراوردكرنەكا ئەدەبی دناڤبەرا هەردو داستانێن (مەم و زین) و (ئەلیازە)دا

شاكر فەتاح

ژبۆ ئەلقەیا ڤەكۆلینێن ئەدەبی بەراوردكاری هاتیە ئامادەكرن كو كۆلێژا ئەدەبیاتا زانكۆیا سەلاحەدین ب هەڤكاری دگەل كۆمبەندا رەخنەگرێن ئەدەبی ل عیراقێ گرێدا بوو.

١٣-١٦/٤/١٩٨٥

**كورتەیەكا مێژوویی دەربارەی ئەحمەدی خانی و شاكارا وی یا نەمر (مەم و زین)ێ**

ئەحـــمـــەدی خـــانـی ل ســـالا (١٦٥٠) ل باژارێ (بایەزید)ێ ژ دایكبـوویە و، ل سـالا (١٧٠٦)ێ چوویە بەر دلوڤانیا خودێ. بابێ وی شێخ ئەلیاس ژ مالباتەكا دێرینا عەشـیـرا خـانیـان بـوو، ئەوا ل نێـزیک بایەزیدێ ئاكنجی. زانستێن ئایینی و زمان و ئەدەبیاتێن كوردی و عەرەبی و فـارسی و توركی ل خوێندنگەهێن ئایینی یێن ل باژارێن ئورفە و خەلات و بەتلیسێ خوێندینە، هەروەسا چوو بوو سوریا و مسر و ستەنبولێ. بەرهەمێن نیزامی و جـامی و مـەلایی باتەتی و مـەلایی جـزیری و عـەلی حـەریری و فـەقێ تەیران خـوێندبوون و مـفـا ژی ژێ وەرگرتبوو. ل داوییێ وەكو دەرسدار ل مزگەفتا موورادییێ ل باژارێ خوە بایەزیدێ هاتبوو دامەزراندن. پشتی دەمەكێ درێژ ببـوو زانا و ئەدیب و شـاعـر و فـەیلەسـووف و سوفـیـیـەكێ مەزن، چەندین شاكار ب زمانێن كوردی و عەرەبی و فارسی و توركی هەنە، ئەوێن ب زمانێ كوردی ناڤـدار بووینە: (١) فـەرهەنگەكا كـێشـدار ب هەردوو زمانێن عەرەبی و كوردی، ب ناڤێ (نەوبەهار) كول سالا ١٦٨٣ ب داوی ئینابوو. ٢- كتێبا (عەقیدا ئیمانێ) كو ئەو ژی ژ (٧١) شعران پێكهاتیە. (٣) شاكارا وی یا نەمر (داستانا مەم و زین) ئەوا ل سالا (١٦٩٤)ێ ب داوی ئینای.

ئەڤ داسـتـانا وی ژبۆ چەندین زمـانێـن زیندی هاتیـە وەرگێـڕان وەكو ڕووسی و ئەلمانی و فـرەنسی و توركی و فـارسی و ئەرمـەنی و عـەرەبی و دیالێكتـێن كـوردی یێن دن. زێدەتر ژ بیست جاران هەمـوو یان ژی هنەک هاتیـە چاپكرن. هەژی گـوتنێـیـە كـو چیـرۆكـا (مـەم و زیـن) یا فـۆلكلۆری ب چەند سەد سالان ل بەری خانی هەبوویە.

دهێته گوتن کو رویدانێن ئەڤێ چیرۆکێ ل سالا (١٣٩٣)ێ زایینی چێبووینە، لێ ئەحمەدی خانی سەرژنوی دارێشتیەڤە و ژ تشتێن پوروپووچ ڤەوژارتیە و، هەموو زانین و حەز و ئەزموونێن خوە یێن هونەری خستینە دناڤداو، کریە داستانەکا نەمرا کو ل ناخا ژیانا کوردەواریدا هەلقولابیت و، هەر چێژەکا ساخلەم و مێشکەکێ بیرمەند ب خوەشی ڤە قەبوول بکەت. داستان ژ (٢٦٧٣) دیرە شعران پێکهاتیە و دابەشی سەر (٩٥) بەندان کریە. د هەر چار بەندێن سەرەتاییدا پارانەوەیە ژ بۆ خودێ و رێزگرتنا پێغەمبەری و دوعا و نزا کرینە. د هەردو بەندێن دویڤدا بەحسا داب و نەریت و ئاکار و رەوشتێن مللەتێ کورد دکەت. هەروەسا کاودانێن وی یێن سیاسی و جڤاکی و، هۆ و بناسێن چەوساندن و پاشکەفتن و هۆکارێن سەرکەفتنا وی ل سەر ئاریشە و گرفتێن خوە و پێشکەفتنا وی روون دکەتە ڤە، بەرەڤ ئومێدێن مەزن ئاراستە دکەت، داکو ئازادیا خوە بدەستڤەبینن و ب خوەشی و بەختەوەری و سەرفرازی بژین و مافێن رەوشەنبیری و جڤاکی یێن تەواو دابین بکەن.

بەندێن مایی ژبۆ چیرۆکێ تەرخان کرینە. ل دوایێ دا روویێ قارەمانێن خوە بەرەڤ خودێ مەزن دبەت کو ب رێیا جێبەجێکرنا رێنماییێن پیرۆزێن وی مللەتێ کورد دکاریت بگەهتە ئامانجێن خوە. هەژی گوتنێیە کو دناڤ رویدانێن چیرۆکا خوەدا، مە دگەل شارستانیەت و رەوشەنبیریا رەسەنا کوردی ئاشنا دکەت.

## چیرۆک ب کورتی

چیرۆکا «مەم و زین» چیرۆکا» ئەڤینیەکا پاکژ و بژوینە و نەهاتیە لەوتاندن. بەرەڤ بلندترین پەیسکێن ئەمەکداری و خوەبەختکرنا دناڤبەرا دوو عاشقاندا دچیت. یەک ناڤی وی (مەم)ەو، نهێنی هەلگرێ میرێ جزیرا بۆتان (میر زەینەدین) بوو، ئەوا دیکە ناڤێ وێ (زین) بوو و، خوشکا میر زەینەدین بوو. میر زەینەدینی ژبەر بوو خوشکا خوە بدەتە نهێنی هەلگرێ خوە، چونکە هەڤالینیەکا باش دناڤبەرا وی و زاڤایێ خوە (تاجدین)ێ دا هەبوو، کو ژ خوەشتڤیترین قارەمانێن میرنشینا وی بوو، لێ کەسایەتیەکا دیکە یا خراب و زکرەش بوو دگەل تاجدینی ئەو ژی باوەرپێکەرێ میری بوو و، ناڤێ وی (بەکرێ مەرگەڤەر) بوو. دەستێ خوە ئێخستە دناڤ ئەڤی کاری داو، و دلێ میری دگەل مەم و زینێ خرابکر. میری ژی ژ فەرمان خوە پەشیمان بوو و، بریاردا کو زینێ نەدەتە مەمی. و سالەکا تەمام نەهێلا زین ژ مەزەلا خوە دەرکەڤیت و، مەم ژی ئاڤێتبوو د زیندانێ ڤە. وەختێ میر هاتەڤە سەر هش و بیرێن خوە، ل ژێر کارتێکرنا نەرازیبوونا تاجدینێ هەڤالێ مەمی و براو هۆگر و کەسوکارێن وی، کو دژی میر راوەستان و ئەو زولمال مەمی دهێتە کرن قەبوول نەکر. میری رازیبوو کو خوشکا خوە بدەتە مەمی و، مەمی ژ زیندانێ دەربکەن و ئاهەنگ و شەهیانەکا مەزن ژبۆ هەردوکان بکەن. لێ ئەڤ بریارە درەنگ هاتەدان، چونکە هەموو یەک دوو رۆژ مابوون و ژبەر بێهێزی و لاوازی و نەساخی و خەم و خەفەتان هەردوو چوونە سەر حەقیا خوە. لێ زینێ داخواز ژ برایێ خوە میر زەینەدینی کر کو پشتی مرنا وێ، هەفتیەکی تەمام بکەنە ئاهەنگ و دیلان و، بۆ ماوەیێ سالەکی کارێن خێرخوازیێ ژبۆ وان بکەن. ژبەر خاترا وان میر رەحمێ ب گرتی و هەژار و دەستکورت و لێقەوماوان بکەت. میری زانی کو یێ خەلەتبوو و، روندکێن گەرم ل سەر چارەنڤیسێ هەردوو عاشقان باراندن و هەموو داخوازیێن زینێ جێبەجێ کرن و، (بەکرێ مەرگەڤەر) ژی ب دەستێ تاجدینێ هەڤالێ مەمی هاتە کوشتن. و داویا چیرۆکێ ژی ب ئەوێ هندێ دێت کو قارەمانێن چیرۆکێ هەوارا خوە بۆ خودێ دبەن.

## تیشکەک ل سەر چیرۆکا (مەم و زین)ێ

چیرۆکا مەم و زینا ئەحمەدێ خانی دانای، چیرۆکەکا کوردی زەلالە. ژبەرکو ئەحمەدێ خانی باوەریەکا تەمام ب خودێ هەبوو و، پێگیری ب شەریعەتێ وی دکر، میللەتێ خوە، وەلاتێ خوە و، هەموو مرۆڤایەتی خوەش دڤیا. لەوما ژی ئاریشە و گیروگرفتێن جڤاکی و سیاسی و ژان و ئومێدێن گەلێ کوردو، دیمەنێن چیرۆکا (مەم و زین)ێ دا ئانینە بەرچاڤ، کو داهێنانەکا مەزن دڤەهاندنا وێ دا کربوو.

سەرەرای هندێ ژی خانی جوانیا سروشتێ کوردستانێ پیشانی مەددەت. لاوێنی و شەنگیا کچ و کورێن کوردستانێ و، ژیانا چینا دەولەمەندا حەمەر ژ خوەشی و بەختەوەریێ، هەروەسا ژیانا چینا هەژارا ماندی و رەنجبەر و خەفەتبار، دگەل ئاکار و داب و نەریتێن مەیێن پر قەنجی و سەربلندی و دەستڤەکری و، عادەتێن مەیێن پر کورتی و کێماسی، هەروەسا رەوشەنبیری و شارستانیەتا مەژی پیشان ددەت ل ئەوی سەردەمی. ئەو هەردو عاشق مەم و زین کو کچەک و کورەک بوون جوان و رند و سبەهی و چاڤتێر و هزر ئازاد بوون، ئەڤە ژی

نموونەکێن ژ ملله‌تێ کورد کو یێ ناڤداره ب رندی و قارەمانیێتی و سەخاوەتێ، ب ڤیان و هەڤالینی یا پاکژ، ب ئەمەکداری و پەیمان پاراستنێ و چاکی ب چاکیێ و خوەگوریکرنێ ب سەرومال ڤە، هەروەسا خەباتکرنێ ژ پێناڤی ئازادی و سەربلندییێ. چاوا مەم و زین ژ بەر ستەم و زۆرییا میر زینەدینی تووشی نەخوەشی و کارەساتان بوون ژ بەرکو میرێ بۆتان نەهێلا بگەهنە یەک و ب ئەڤینیا خوە شادبن و، خەم و کەسەر و ژانان ژیانا وان ژناڤبر. ب هەمان شێوە میللەتێ کورد ژی ل سەردەمێ ئەحمەدێ خانی لژێر دەستی هەردوو زلهێزێن داگیرکەر عوسمانی و فارسی و ستەمکارییا میرێن دەڤەرێ ژیانا خوەیا خوەش و سەرفراز و بەختەوەر ژ دەستدابوو. ئەوی دەمی هەژاری و نەخوێندەواری و نەخوەشی تووشی گەلی کورد ببوو، خانی زانیبوو کو ئەڤ نەهامەتییە ژبەر زۆریا داگیرکەر و ستەمکارییا میرێن دەڤەرێیە. ژبەر هندێ خانی ئەوێ زۆلم و زۆریێ ب رەنگەکێ رۆن و ئاشکرا د چیرۆکا خوەدا دیار دکەت. ئەو زۆلما میر زینەدین و دلرەقیا وی و تێنەگەهشتن و خۆپەرستیا وی دیارکەت کو چاوا ڤیایە خوشکا خوە و مەمی ئەزیەت بدەت و دلێ وان بشکێنیت. هەروەسا خەباتا قارەمان و جەنگاوەران پیشان ددەت: تاجدین و عارف و چەکو کورێن (ئەسکەندەر)ینە، و هەڤالێن وان یێن نیزیک: مەم و زین و ستی و حەیزەبوون و گورگین کورێ میر زەینەدینی و جەماوەرێ ئەمەکدارێ کوردان بوو، ئەوێن ب یەکبوون و هەڤکاریێ و رێزگرتنی هاتینە نیاسین دژی زۆری و ستەمکارییا میر زەینەدینی. میر زەینەدینی گوهدێریا ئاموژگارییێن قارەمانێ فێهرسێ گەرناس تاجدینی نەکر. کو مێرێ خوشکا وی (ستی) یێ بوو. لێ گوهێ خوە ددا گوتنێن بەکرێ مەرگەڤەر خودانێ دلرەشی و زمانلووسییێ، ئەو خوپەرست و خائینەک بوو، دلێ وی ب چو رەحەت نەدبوو ئەگەر خەلک نەئێشاندبا. خەلکێ بێگوناهێن وەکو مەم و زین و تاجدینی. ب رێکا دوو زمانی و بوختانییێن خوە شەر و ئاژاوە دناڤ خەلکی دا دروست دکر. میرزەینەدینێ دلرەق و خودێ نەترس و رەوشت خراپ، نەڤیا راوێژکاریێ ب کەسێ بکەت، یان پرسیارا بناسێن کێشا خوە بکەت ئەوا دگەل (زین و مەم)ی چێبووی، یان ژ ئەوا دناڤبەرا خوە و تاجدینی دا روویدای. هیچ ڤەکۆلینەک و دویڤچوونەک نەکر. دفنبلندیا وی ئەو پالدا کو مەمی پاڤێتە د زیندانێ ڤەو، زینێ ژی د مەزلا وێ ڤە دەستەسەر بکەت. ئەڤ رەفتارا وی ئەو هەردوو بێگونەهـ ئێخستنە دناڤ دەردو خەم و کۆڤاناندا، هەتا بەرەڤ مرنێ چوون و قەبوول نەکر شوی ب هەڤدو بکەن و، بگەهنەیەک. هەر ئەو میر زەینەدینە بوو لژێر فشارا شۆرەشا مللی یا تاجدینی پێشرەڤیا وی دکر، ناچار بوو خوە ژبۆ راستی و دادپەروەریێ بچەمینیت، ناچار بوو هەردو عاشقان ئازاد بکەت، ناچار بوو دان ب زۆلم و گوناهێن خوە بنیت، کو بەرامبەر خوشکا خوە زینێ و هەلگرێ نهێنی یێن خوە مەمی کرین و، داخوازا لێبورینێ ژ ئەوان بکەت. ناچار دبیت گونەهێن خوە ب دەستێن وان تافیل بکەت. لەوما دەلیڤە دا کو خوشکا خوە یا بێگوناهـ ژ هەلگرێ نهێنییێن خوە یێ دلپاک و بێتاوان مارە بکەت. دویڤدا هەموو راسپاردەیێن خوشکا خوە زینێ پشتی مرنا هەردوو عاشقان جێبەجێکرن. ب دەستێن خوە تەرمێ خوشکا خوە زینێ هەلگرت و ل تەنیشت مەمی دیەک گۆڕدا دانا. پشتی هنگی بۆ ماوەیی هەفتیەکێ ئاهەنگ و شەهیان گێران و، کارێن خێرخوازیێ ژی بۆ ماوەیێ سالەکێ کرن کو یارمەتیا هەژار و بێکەس و لێقەومایان و جەرگسوتی و سێوی و دیل و گرتیان ددا. ئەڤە ژی لدویڤ وەسیەتا خوشکا وی زینێ بوو.

بەرەپێشین میر زەینەدین زەلامەکێ زیرەک و دڕناس و فێهرس و دەستڤەکری و نانده و دلساف و زمانپاک بوو، لێ ژبەر تێنەگەهشتنا وی ژبۆ هنەک تشتان و هەروەسا خوەپەرستیا وی و دلتەنگیا وی دگەلەک دەلیڤەیان دا، شاشی و چەوتی دکەفتنە دکارێن وی دا، هنەک کارمەندێن گەندەل دادمەزراندن، یەک ژ ئەوان بەکرێ مەرکەڤەری بوو کو کربوو باوەڕ پێکەرێ خوە و سەرپەرشتیارێ دیوانێ. وەسا هزر دکر کو هنەک جاران و ژبۆ هنەک کاران ئەڤ جۆرە زەلامە ژی پێویستن لێ دامەزراندنا بەکرێ مەرگە ڤەری ئەڤ سنۆرە بەزاندبوون. ب رامانەکا دن میری بەرهەمێ وێ شاشیێ خراپ دروی، کو خوشکا خوە یا جوان و دەلال و هەلگرێ نهێنێن خوەیێ دەستپاک مەم.... ژ دەستدان. هەروەسا خۆشەویستی و رێزێن سەرلەشکرێ خوە تاجدینی و براو هەڤال و هوگرێن وی و هەمی خەلکی ژ دەستدان... لێ بەلێ هەتا پشتی عەقلێ وی هاتیە ڤە سەری ژ ئەڤێ فهێنی و گونەهی رزگار نەبوو و، ئەو تان و تەشەنێن مەمی و تاجدینی و هەردوو خوشکێن وی زین و ستیێ لێدایین هەر لبەرچاڤان بوو، دوماهیا بەکرێ مەرکەڤەری ژی ئەو بوو کو ب دەستی تاجدینی هاتە کوشتن پشتی خەبەرێ مرنا مەمی گوهلێ بووی. و هند نەمابوو کو

شورەشا جەماوەریٚ کوردان میر زەینەدینی و میرنشینا وی ژناڤبەت.

* * *

ئەڤ نیشان و ئاماژەییێن ئەحمەدی خانی د چیرۆکا (مەم و زین)ێدا دیارکرین هیڤی و ئومێدێن نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتییێن مەزن ددەتەمە. ئەو گەلیٚ بزاڤا بدەستڤەهینانا ئامانجێن خوەییێن نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی دکەت و، ب گیانەکیٚ پڕ قارەمانێتی و جانفیدایی بۆ دچیت، دەبێت بگەهتە مافێن خوەییێن رەوا. پەشیمانیا میر زەینەدینی لسەر ئەوان کاروکردارێن بەرامبەر مەم و زینیٚ کرین و دومـاهیێ هەولددان داخوازیێن وان جێبەجیٚ بکەت، ئەڤ حالەتە رامانا ئەویٚ هندیٚ ددەت کو ئەو مللەتیٚ خەباتیٚ ژبۆ ئامانجێن خوەییێن رەوا بکەت ل سنۆریٚ ئایین و مێرانی و شانازیا خوەدا بجوولێت. دیٚ سروشتیٚ سەرۆک و پێشەوا و میران خوە ژبۆ راستی و دادپەروەریٚ چەمینیت و، ڤیانا مللەتی و پێداویستییێن وی بێن رەوا دیٚ بەرەڤ پێشڤەچیت، کو هەموو چاکی و قەنجی و جوامێرییە.

لێرەدا بەها و گرنگی و مفایێ چیرۆکا (مەم و زین) ئەحمەدیٚ خانی بۆمە دیاردبیت و ل هەموو بوارێن سیاسی و رەوشەنبیری و کۆمەلاٚیەتی... جهیٚ خوە گرتیە.

ئەڤە چیرۆکەکە چاڤێن رۆناک دکەت و ب رامانێن خوە بێن دەولەمەند و پڕ مانا دلێن مە گەش دکەت و، د کارین ل هەموو چاخ و سەردەمان مفای ژیٚ وەرگرین، چونکە ئەو مە فێری رامانێن رەوشت بەرزیێ و، کارێن باش و رەفتارێن هێژا دکەت. مە ل سەر گیانیٚ نیشتمانپەروەریێ و جێبەجێکرنا یاساییێن خۆدایی و سەرەدەریایا مرۆڤایەتییٚ رادهینیت.

## کورتیەکا مێژوویی دەربارەی ئەلیازە و نڤیسکاریٚ ویٚ هۆمیروس

ل سەدسالیا پێنجەمـا پێش زایینی، فەرمانڕەوایی(ئەسینا) فەرمانا پێکهێنانا لیژنەیەکا رەوشەنبیری دا، کو چەند نڤیسکار و شاعرتێدا بەشداربن، داکو هەردوو چیرۆکێن (ئەلیازە) و (ئۆدیسە) ژ زاردەڤیٚ خەلکی وەرگرن و تۆمار بکەن. ب ئەڤیٚ کریاریٚ هەردوو چیرۆکێن ناڤبری چوونە دناڤ مێژوویا ئەدەبی دا. هەردوو چیرۆک ئەلیازە و ئودیسە ژ هۆمیروسی هاتنە وەرگرتن کو چیرۆکبێژ و حیکایەتزانەکیٚ دەنگخوەش بوو. ل باژار و گوندێن یونانستانیٚ دگەڕیا و ئەو هەردوو چیرۆک ب سترانڤە بۆ خەلکی دگوتن و ب کەمانجەیا خوەڤە خوەشترین ئاواز دژەنی و خوەشی د ئێخستە د دلیٚ گوهداران دا، ئەو هەردوو چیرۆک ب شعر د خوندن. هەتا نها ژی ئەوان هەردوو چیرۆکان کارتێکرنا خوە ل سەرمە هەیە، چونکە د جوانی و رەوانبێژی و سەلیقە و ساکارییا ویٚ دا زارۆکاتیا مرۆڤایەتییٚ تێدا بەرجەستە دبیت. ئەو دوو چیرۆکێن نەتەوەیینە، ب ناڤودەنگترین چیرۆکێن یونانی و جیهانی دهێنە هەژمارتن. دوو سەروکانینە ژبۆ ئەدەبیات و چیرۆکێن نواندنیٚ و هونەرێن جیهانیٚ.

هۆمیرۆس ژی کابرایەکیٚ کۆرە بوو، هنەک وەسا دادنێن کو ئەو دانەریٚ هەردوو چیرۆکێن ناڤبرییە و ل سالا (٩٠٠ پ.ز) ب شعر ڤەهاندینە. هەرچەندە ئەڤە نێزیکی (٣٠٠٠) سالە ب سەر ئەڤان هەردوو چیرۆکاندا دبۆریت. لیٚ هەتا نها نازکی و گرنگی و بەهایێ خوە دناڤ نڤیسکار و ئەدەب دۆستان دا پاراستیە. و شەڕیٚ تەرواده ئەویٚ ئەڤ چیرۆکە پێڤە گوتین و ئەنجامێن دلتەزین لدویڤ خوە هێلاین، دزڤرنەڤە ژبۆ چەند سالێن دناڤبەرا سەدسالیێن یانزدیٚ و دەهیٚ بەری زایینیٚ، کو ل وی دەمی شارستانیەتا مرۆڤایەتییٚ ل سەرەتایا تەمەنیٚ خوەدا بوو.

## کورتیا چیرۆکا ئەلیازە

چیرۆکا ئەلیازە یا پڕە ژ رووداێن خۆشەویستیێ و کریارێن هاتونە هاتیٚ و، شەڕو جەنگان و، زۆرانبازی و دوبەرەکی و رکابەرییان، ئەوا دناڤبەرا قارەمان و خوداوەندێن تەروادە و یونانستانیٚ روویدای. یا پڕە ژ رویدانێن زەحمەت و ترسناک دگەل ژیانەکا هەمەڕەنگ و پرەنسیپێن سەرسورهێنەر، کو مێشکیٚ هەموویان قەبوول ناکەت. ئەڤ چیرۆکە ب رەنگەکیٚ بەرفرەوان ناڤودەنگیٚ خوە گێڕاند، ژبۆ زۆربەی زمانێن زیندی بێن جیهانیٚ هاتیە وەرگێران ژ ئەوان کوردی و عەرەبی. ئەو چیرۆکەکە دەلیڤەکا باش ژبۆ خوینەری فەراهەم دکەت کو ئاگاداری رەنگێن ژیان و ڤەژین و پرەنسیپ و جۆریٚ فەرمانڕەوایا ل وەلاتێن یونانستان و تەروادەدا هەیە.

جەنگ دناڤبەرا یونانستان و تەروادەدا دەه سالان ڤەکێشا، ژبەر رەفتارێن میریٚ تەروادە (باریس) کوڕیٚ پادشا (بریام) ئەویٚ گەندەل و چەپەل و دویر ژ رێزگرتن و دادپەروەریی و ئەمەکداریێ، میر باریس ب گەشتەکا سەیرانی دگەل هنەک یاوەرێن خوە ب گەمیەکیٚ ل دەریایا یونانستانیٚ دگەڕیا. گەردەلولەکا توند هات و گەمیا وان

بنئاڤ كر. باريس هاى ژ خوه نەما و هەتا خوه ب رويسى ل سەر كەنارێ دەريايێ ديتى، كەس لوێرێ نەبوو، بەخت بوو ياوەرێ وى و هنەك ئافرەتێن مالا پادشاهێ ئەسپارته ل وێدەرێ رەبۆرين. يارمەتيا وى دان، جل و بەرگێن پێويست دانێ، دگەل خوه برنە مالا پادشاهى (مينيلاوس). پادشاهى كەيفا خوه پێ ئانى و رێزا مير و پادشاهان بۆ گرت، لێ ميرى بەروڤاژى ئەركى خوه رەفتاركر و، خيانەت ژ پادشاهێ ئەسپارته (مينيلاوس) كر. ژنا وى هێلين ب سەردا بر و رەڤاند و زڤڕيە ڤە وەلاتێ خوه تەروادە ئەوا ل ئاسيا ناڤەڕاست. پاريسى شيرحەراميا خوه سەلماند و بێ نرخ و بەهايا خوه ديارکر، كو تاوانەكا وەسا ئەنجامدا كو چو جاران نەهێتە لێبۆرين. هێلين شازادەكا جوان و شەنگ بوو، لجەم پادشاهێ ئەسپارته گەلەكا خۆشەويست بوو، لەوما ژى ئەڤ كريارا رەڤاندنێ و خيانەتا ژنومێراتيێ ل پێناڤى ڤيانەكا هەتكبەر و چونە، ئەڤێ كريارێ رەهێن مێرينى و جواميێريا هەموو ميروپادشاهێن يونانستانێ و جەماوەرێ وێ لڤاندن. هەرچەندە زۆربەى وان هاودژ و ركابەرى هەڤدو بوون، لێ هەموويان دژى مينيلاوسى بەختڕەوش يەكدو گرت و هێزەكا لەشكرى يا مەزن دروستكر كو ژ هەزار گەميان پێكهاتبوو و، بەرەڤ وەلاتێ تەروادە چوون داكو تولا خوه بستينن و پادشاهێ وێ تەمبى بكەن و شازادە هێلينێ بزڤڕينن. پشتى شەڕ و پێكدادانەكا دەهـ سالان ڤەكێشاى . جەنگى تەروادەيێ ب ناڤودەنگ ب كۆتا هات و تەروادە كەفتە دەستى يۆنانيان و، شازادە هێلين زڤڕاندن، پشتى كو هەزاران خەلك ژ هەردوو ئاليان هاتينە كوشتن، باژارێ تەروادە و باژار و گوندێن دەوروبەرێن وێ كاڤلكرن و خەلكێ وان هەتككرن و مال و سامانێ وان تالانكرن.

### تيشەكەک لسەر چيرۆكا ئەليازە

هەرچەندە هەبوونا ئايينێن ئاسمانى و هاتنا پێغەمبەران، ب چەند سەد سالان بەرى قەومينا رويدانێن چيرۆكا ئەليازە بوويە، هەروەكو دناڤەرۆكا وێ چيرۆكێ دا ديارە كو وەلاتێ يونانستانێ هيچ بيرۆكەيەكا يەكتايا خودێ تێدا نەبوويە. لەوما تشتەكێ دوير نييە كو ئەم چەند خوداوەندان دناڤ چيرۆكا ئەليازەدا ببينين، وەكو (زيفس) مەزنێ خوداوەندان و، (ئەسينا) خوداوەندا پەند و حيكمەتان و، (ئەفروديت) خوداوەندا جوانيێ و، (ئەپولو) خوداوەندێ شيعرێ و، (هيرا) هاوسەرا (زيفس) و، (فولكان) كوڕێ (زيفسى) و (هيرا)يێ و، (تيتس) خوداوەندا دەريايێ و دايكا يەكێك ژ قارەمانێن چيرۆكێ و يەكێك ژ پادشاهێن يونانستانێ (ئەشيل) و، (ئارس) خوداوەندێ جەنگى.. يۆنانيان وەسا هزر دكر كو خوداوەندان ژى هەمان پەسن و سەخلەتێن مرۆڤان هەنە، ژبلى هندێ كو ئەو د نەمرن و هەر دژين، لێ ئەوان پتر مرۆڤان هێز و دەسەڵات هەيە. ئەڤە ژى ئەوێ رامانێ ددەت كو ئەو دكارن كريارێن باش بكەن و، دكارن كريارێن خراپ ژى بكەن كو نە هەژى ئەوان بيت. گەلەک جاران هەڤڕكى و زۆرانبازى دناڤبەرا واندا هەبوويە هەروەكو د رويدانێن جەنگ و شەڕێن دناڤ چيرۆكا ئەليازەدا خويا دبيت و، هنەكان ژ ئەوان چەپەلترين كريار ئەنجام ددان.

هەرچەندە ئەو خوداوەند دبێ بنەما بوون و هيچ راستييەک بۆ نەبوو، لێ دوير نييە كو جەنگى تەرواردە، راستيەک بۆ هەبيت و ب دروستى رويدابيت، ژبەر كو رەڤاندنا هاوسەرا پادشاهێ ئەسپارتە (هێلين) تاوانەكا مەزن بوو مير (باريسى) خويرى كرى، لێ ئەڤ كرێتيە نە ب تنێ دگەل پادشا (مينيلاوس)ى هاتبوو كرن، بەڵكو فهێتيەک بوو دگەل هەموو يۆنانستانێ هاتبوو كرن. ئەز وەسا هزر دكەم كو پادشا مينيلاوس دكارى تولا خوه بتنێ ژ باريسێ بێغيرەت و هێلينا دويكەفتيا خائين ڤەكەت و، ئەو شەڕى هەلنەئێخيت كو دەهـ سالان ڤەكێشا و دەهان هەزار قوربانى هاتنەدان و چەندين گوند و شار وێران بوون و ژن هاتنە هەتككرن و زۆلم و زۆرييەكا مەزن ب هەردوو وەلاتان كەفت.

هەروەسا (بريام) پاشا ژى دكارى كو كوڕێ خوەيێ دڕندە باريسى سزا بدەت و ژنا ڕەڤاندى بۆ مێرێ وێ مينيلاوسى بزڤڕينتەڤەو، داخوازا لێبۆرينێ بكەت و هنەک ديارى و خەلاتێن هەژى وى بۆ بنێريت، داكو ئەڤ هەموو خوينە دناڤبەرا هەردو ئاليان‌دا نەڕژيابا و، ئەو زەرەر و زيان ژى پێنەكەفتبانە.

ئەوان هەردوو پادشاهان ئەڤە نەكر، لەوما هەردوو دبەرپرسيارن بەرامبەر ئەوێ مالوێرانيا ب هەردوو ئاليان كەفتى. دهێنە هەژمارتن دوو پادشاهێن خوەپەرست و بەرژەوەنديێن خوەيێن تايبەت ل پێشى بەرژەوەنديا ميللەتێن خوه دانا، چونكە دكارين ئەڤێ ئاريشەيێ ب ئاشتيانە و ب رێكا هنەک پادشاهێن بێلايەن و بەرێزێن دەڤەرێ چارەسەر بكەن؟..

تەوەرێ ئەڤێ چيرۆكى، ئەو ئەڤينى بوو يا دناڤبەرا ميرێ چەپەلێ بێنانومەک باريسى و ژنكا خائين (هێلين)ى دا چێبووى. لێ ئەڤە چ ئەڤينى بوو كو دەهمەن

پیسی و کریارا حەرام لێ دروستبووی؟ و چاوا دلێ پادشای (مینیلاوس)ی قەبوول کر کو ئەوێ ژ تەروادیان وەرگریتەڤە؟... چیرۆکا بێدەنگە کو چارەنڤیسی (هێلین)ی چ بوویە پشتی بۆ مێرێ وێ هاتیە زڤراندن. ئەڤە تشتەکێ ئەنتیکەیە... هەروەها چیرۆکا بێدەنگە کو چارەنڤیسێ مێرێ چەپەل (باریسی)ی چ بوویە. لێ حیکایەتێن مللی دبێژن کو پشتی باریسی شیای بدزیڤە قارەمانی یونانی (ئەشیل)ی بکوژیت، ئەو ژی هاتە کوشتن.

## بەراوردکرنا ئەدەبی دناڤبەرا هەردوو چیرۆکێن (مەم و زین) و (ئەلیازە)دا

١- تەوەرێ هەردوو چیرۆکان ئەڤینیە. ئەو ئەڤینیا د چیرۆکا (مەم و زین)ێدا ئەڤینیەکا پاکژ و بژوین و نەهاتیە لەوتین. لێ بەلێ ئەو ئەڤینیا دناڤ چیرۆکا ئەلیازەدا هەی یا هەتکبەر و دەهمەنپیسە، چونکە رڤاندن و خیانەت و مێبازی تێدایە. ئەو ئەڤینیا د چیرۆکا (مەم و زین)ێ دا هەبوو، ببوو ئەگەرا پاراستنا ئاشتیێ و جێگیربوونا سەرفرازیێ و، مفایێ هەژار و دەستکورت و دیل و گرتیان ژێ تێدا بوو، بەلکو د بەرژەوەندیا هەموو چینێن مللەتی دا بوویە. لێ بەلێ ئەو ئەڤینیا د چیرۆکا (ئەلیازە)دا ببوو ئەگەرا دروستبوونا جەنگەکێ مەزن و رسواکرنا پادشاهان و کوشتنا چەندین هەزار کەسان ژ هەردوو ئالیان و وێرانکرنا گوندوشاران.

٢- د چیرۆکا (مەم و زین)دا، یەک خودێ هەیە کو ربولعالمینە، خوەدێ یێ چاکی و قەنجیێ، خوّدانێ دادپەروەری یێ و، دلوڤانێ بێچارەیان و دژمنێ زۆلم و زۆریێ و گەندەلیێ. لێ د چیرۆکا ئەلیازەدا، چەندین خوداوەند دهێنە دیتن و هەموو د ئەفسانەییێنە و هەموویان وەکو مرۆڤان پەسن و سەخلەتێن باشی و خراپ هەنە. و توانا وشیانێن وەکو ربولعالەمین نینە کو لسەر هەموو تشتان زالە، دویر ژ کار و سنجێن خراب. ئەوان خوداوەندێن یۆنانیان دەستەکێ بالا هەبوو دوێردانکرن و دروستبوونا جەنگێ تەروارده و کارەساتێن وێ دا.

٣- هەردوو چیرۆک ب زمانەکێ ئەدەبی بلند و دلڤەکەر هاتینە نڤیسین، کو ب ساناهی سەرنجا خوینەران بۆ خوە رادکێشیت. چیرۆکا (مەم و زین) یا پێکهاتییە ژ (٢٦٧٣) مالکێن شیعری و، ب سەر (٩٥) بەندان هاتیە دابەشکرن. ئەحمەدێ خانی ل باژارێ (بایەزید)ێ و ل سالا (١٨٩٤)ێ دانابوو، ل سەر بنەمایەکێ زانستی و لۆژیکی و ریالیزمی هاتبوو دارێشتن، دویر ژ نەراستی و درەوان و، کۆتایی ب مەزنیا خودێ دهینیت کو قارەمانێن خودان باوەرێن چیرۆکێ ژ خەم و کۆڤان و خوینرێشتن و بێشەرمی و فهێتیێ رزگارکربوون. ئەڤێ چەندێ ژی گەلەک مفاو قازانج گەهاندبوو خەلکێ کوردێ میرنشینا جزیرا بۆتان. ئەو چیرۆکەکا کوردییە و ژ ناخ و دلێن جەماوەرێن کوردی و پەرژەوەندیێن وی هاتیە دەرێ. رویدانێن ئەڤێ چیرۆکێ ل سالا (١٣٩٣)ێ قەومینە.

لێ بەلێ چیرۆکا (ئەلیازە) چیرۆکەکا یۆنانییە و رویدانێن وێ د سەدسالێن یانزدێ و دەهێ یا پێش زایینێ قەومینە. لێ ئەو ل سەدسالیا پێنجێ پێش زایینی هاتیە تۆمارکرن و چوویە دناڤ مێژوویێ دا. دهێتە گوتن کو ئەڤ چیرۆکە ژ لایێ سترانبێژەکی کۆرە ب ناڤی (هومیرۆس) هاتیە دانان، هەرچەندە گەلەک بیرورایێن جۆدا جۆدا دناڤ نڤیسکار و تورەڤانان دا هەنە دەربارەی هەبوونا کەسایەتیا هۆمیرۆسی و دەمێ ئەڤ چیرۆکە تێدا نڤیسی وکا دانەری دروست کییە. ئەڤ چیرۆکە ژ (١٦٠٠٠) دیرە شعران پێکهاتیە کو ل سەر (٢٤) پشکان دابەشبوویە. ب زمانێ یۆنانی هاتیە نڤیسین. رویدانێن چیرۆکێ د هەردوو وەلاتێن یۆنانستان و باژاری (ئالیون) ئەوێ ل دەڤەرا تەروادە هاتینە قەومین. چیرۆک یا پرە ژ چیڤانۆک و ئاخفتێن نەراست و خرخیچکان. ئەو ب مالوێرانی و شەرمۆزاری و فهێتبوون و خوینرێشتنێ ب داوی دهێت. هەروەسا گەلەک هاودژیێن مەزن و ئاریشەیێن سەرنجراکێش دناڤبەرا قارەمان و خوداوەندان دا هەنە. دناڤەرۆکا چیرۆکێ دا دیارە کو خەلکێ یۆنانستانێ و خەلکی ئەلیونێ چو مفا ژ وی شەری نەکرییە، ژبلی کارەسات و شەرمۆزاریێ و هەموو پێشێلکرن و دەستدرێژیی ل سەر مال و نامووسا خەلکی و، ئەڤە ژی هەموو د ئەنجاما خوەپەرستیا میر باریسی و هەردوو پادشاهێن ئەسپارتە و تەروادە بوویە.

٤- د چیرۆکا (مەم و زین)دا، دێ بینین میر زەینەدین دوو کریاران دکەت: یەک خراب کو (مەم) زیندانی کربوو و (زین) ژی بۆ ماوەیەکێ درێژ دەستەسەر کربوو. ئەوێ دوویێ باش بوو کو خوە ژبۆ راستی و دادپەروەری و دلوڤانییێ چەماند و لدویڤ شەریعەتێ ئیسلامێ و پەیوەندییا خزمایەتیێ و بەرژەوەندیا گشتی رەفتارکر. ئەنجام ژی دلخۆشکەر بوون و ب مفا بوون ژبۆ (مەم) و (زین)ێ و هەم ژبۆ جەماوەرێ کوردان. لێ هەلویستێن پادشاهێ ئەسپارتە (مینیلاوس) و پادشاهێ تەروادە (بریام)ی و مێرێ تەروادە (باریس)ی و، شازادەیا رەڤاندی (هیلین)ێ د نەرینی و خراب بوون. لەوما ژی

ئەنجامێن داویێ دلئێش و زیانبەخش بوون ژبۆ خەلکێ یۆنانستانی و هەروەسا خەلکێ (ئالیون)یێ ژی.

٥- د هەردوو چیرۆکاندا (مەم و زین) و (ئەلیازە)دا، هنەک فیلێن هونەری یێن جوان هاتینە کرن. د چیرۆکا (مەم و زین)ێدا مەم و تاجدینی جل و بەرگێن خوە گۆڕیبوون و جلکێن ژنان لبەرخوە کربوون، وەکو خەلک چوویە ئاهەنگێن نەورۆزێ بگێرن. هەروەسا (زین)ێ و خوشکا وێ (ستی)یێ جلکێن زەلامان لبەر خوە کربوون و ل هەمان رۆژدا چوو بوونە ئاهەنگێ. دیسان (حەیزە بوون)ێ ئەوا داییا (زین) و (ستی)یێ جلکێن خوە گۆڕیبوون و جلکێن نوژدارەکی لبەرکربوون و، ئەنجامێن گەلەک خوەش لێ کەفتنەڤە و، بۆ ئەگەرە هەردوو گەنج یەکد و ناس بکەن و شوی ب هەڤدو بکەن و وەلات ژ وێرانکاری و مالوێرانیێ رزگاربوو. لێ د چیرۆکا (ئەلیازە)دا، ئەو هەسپی دارینێ یۆنانیان دروستکری و قارەمانێن خوە تێدا ڤەشارتین و لبەردەستێ تەروادەیان هێلای کو بۆ خوە ببەنە دناڤ باژارێ (ئالیون)ێ دا و، بوویە ئەگەرا شکەستنا تەروادە و باژارێ وان وێران بووی و خوینەکا زۆر رژیای و یۆنانی ژی سەرکەفتین و شازادەیا خوەیا دەهمەنپیس (هیلین) زڤراندییە ڤە.

٦- قارەمانێن چیرۆکا (مەم و زین)ێ ژ بلی باوەرپێکەری میری نەبیت (بەکرێ مەرگەڤەر) ئەوێن دن هەمو کەسایەتییێن ب هێز و جوامێر بوونە و، جهێ دلخوەشیا خوینەرانن و، هەژی رێزگرتنێ نە ژبەر رەوشتێ وانێ بەرز و ئاکارا وان یا باش و دەروونا وان یا پاکژ، هەروەسا کەسانێن خوە گۆڕیکەربوونە و، شایستەی هندێ نە کو خوینەرێن چیرۆکێ چاڤ ل وان بکەن، لێ بەلێ قارەمانێن چیرۆکا ئەلیازە، ژبەر زکرەشی و خوەپەرستیا وان و ئەو ستەم و زۆرییێن کرین سەرنجا خوینەران ژبۆ خوە راناکێشیت، چونکە کارێن وانێن تاوانباریێ هەردوو شانشینێن مەزن ژناڤبرن کو خودان دوو شارستانیەتێن مەزن وپێشکەفتی بوون. لەوما هەژی چاڤلێکرنێ نینە و ناچنە دناڤ دلێ خوینەران دا.

٧- لدویڤ ئەوا هاتیە رۆنڤەکرن، ئەز باوەرم کو (چیرۆکا مەم و زین)ێ ژ ئالیێ روحی و ئەدەبی و زانستی و رەوشەنبیریڤە ژ (چیرۆکا ئەلیازە) ئاست بلندترە و بەها گرانترە، چونکە مە فێری راستی و ئەمەکداری و خوە گۆڕیکرنێ دجێبەجێکرنا ئەرکی دا دکەت، هەروەسا مە فێری پێگریێ ب ئاکارێن چاک و ئایینێ ئیسلامێ یی پیرۆز دکەت، دیسان پاراستنا بەرژەوەندیا گشتی. لێ ئەم ئەڤان پەسنێن جوان و سەخلەتێن چاک د چیرۆکا (ئەلیازە)دا نابینین.

**ئەڤ ڤەکۆلینا سلال، ژ لایێ نڤیسکار حسو هورمی ڤە گەهشتە مە و، پێشکیەکا پێناسەکرنا نڤیسکارێ شەهید (شاکر فەتاح)ی ژێ را ئامادەکربوو، ژبەر گرنگیا بابەتێ ڤەکۆلینێ و سەنگا نڤیسکاری د قادا رەوشەنبیریا کوردی دا مە ب فەر دیت کو وەرگێڕینە سەر زمانێ کوردی، چونکە ئەو و پێشەکیەکە ب زمانێ عەرەبی هاتبوونە ئامادەکرن.**

**(رامان)**

**شاکر فەتاح ئەحمەد**

- ل سالا (١٩١٤)ێ ل باژارێ سلێمانیێ ژ دایکبوویە.

- دەرچوویێ کۆلێژا ماف- زانکۆیا بەغدایە.

- ل ١٤/١٠/١٩٣٦ وەکو رێڤەبەرێ ناحیا ئەتروش- دهۆک هاتبوو دامەزراندن.

- یەکەم گۆتار ل رۆژنامەیا ژیان ل سالا (١٩٢٧)ێ بەلاڤکریە.

- ل ١٣/١١/١٩٤٨ێ بوویە قائیمەقامێ قەزا شێخان و، ل سالا (١٩٥٠)ێ بوویە قائیمەقامێ ئاکرێ و چەندین پلەیێن دی یێن کارگێڕیا میری وەرگرتبوون.

- ل سالا (١٩٧٠)ێ بوویە ئەندامێ یەکەتیا نڤیسکارێن کورد.

- ل سالا (١٩٧١)ێ بوویە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد.

- یەکێک ژ نڤیسکارێن کوردە کو بەرهەمەکی زۆر پێشکێشی کتێبخانەی کوردی کریە چ دانان و چ وەرگێران.

- ل سالا ١٩٨٧ێ پشتی بەشداری د سیمینارەکێدا کری کو ژ لایێ دەزگەهێن رژێمێ ڤە لبارەی (هزرا سەرکردەی و دۆزا کوردی) هاتبوو رێکخستن. نڤیسکار ژی هاتبوو داخوازکرن، لێ ئەوی هەلویستەکێ نیشتتمانپەروەری نیشا دابوو، پشتی چەند رۆژەکان ژ مالا وی هاتە رەڤاندن و بێ سەرو شوین بوو.

# خوێندنەوەی چیرۆکی «بە دزییەوە سڵاو»

گەلاوێژ دەروێش پوور
(پیرانشار)

ئەو کاتی مرۆڤ هەستی بە ژیانی کۆمەڵایەتی کرد و کۆمەڵگا کۆنەکان پێکهاتن، لەنێوان ژن و پیاودا هیچ جیاوازییەک نەبوو. نە ژن و نە پیاو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوی تردا نەدەسەپاند و یەکتریان نەدەچەوساندەوە.

کاتێک سەرنج دەدەینە حەقایەتە کۆنەکان، دەبینین زۆربەی ئەو حەقایەتانە بە «یەکێ بوو یەکێ نەبووە «(یکی بود یکی نبود)، دەست پێدەکرێ. وا دیارە فەلسەفەی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە سەر یەکگرتووبوونی (وحدت)ی سەرەتای هەموو شتێک. کەواتە دەتوانین ئەو زەمانانە بە زەمانی «وەحدەتی کامڵ» لە قەڵەم دەین. ژیانی ژن و پیاویش هەر لە بازنەی ئەو وەحدەتە یەکگرتووەدا بووە. ئوستورەی دوو جنسی بوون- کە دوایی باسی لێدەکرێ- هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو باسە.

ژیانی مرۆڤی سەرەتایی، بەو جۆرەی کە لە ئوستوورەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ، ئاوا دەست پێدەکرێ کە دوای ئەوەی بەرەی ئادەم و حەوا زۆر بوون، ئینسانەکان کۆمەڵ کۆمەڵ و هەموو بەیەکەوە ژیاون. هەتا ئەو جێگایەی ئەوسا بوونەتە کۆمەڵ کۆمەڵ، کۆمەڵێک پیاو دەگەڵ کۆمەڵێک ژن ژیانیان بردۆتە سەر. ژینی ژن و پیاوی ئەو کۆمەڵە ئاوا بووە کە ژنێک دەگەڵ پیاوانی کۆمەڵ و پیاوێکیش دەگەڵ ژنانی کۆمەڵ پێوەندییان هەبووە و هاوسەر بوونە. ڕوون و ئاشکرایە کە دەو کۆمەڵگایەدا منداڵ تەنیا دایکی ناسیوەتەوە و هەر بەو پێیەش پێوەندی بە دایکییەوە هەبووە هەتا باوکی. دایک سالاری لەو کاتانەوە وردە وردە خۆی نواندووە. ئەوکات، ژن کاروباری مەزرا و مووچە و هەروەها کاری ماڵ و خێزان و زۆر شتی تری لە ئەستۆ بووە. پیاویش

**ئێمە نابێ پێمان سەیر، یان ناخۆش بێ کە نووسینی پیاوان و ژنان جیاوازییان هەبێ، بەڵکو ئەگەر نووسینیان هیچ جیاوازییەکی نەبێ، سەیر و ناخۆشە**

هەر خەریکی ڕاو بووە و کەمتر لە ماڵی ماوەتەوە. ئەو سەردەم، سەردەمی «خواژن» بووە. بەو مانایە کە هێزە ئاسمانییەکانیش «مێ» بوونە. دەسەڵات بەدەست ئەو کەسەوە بووە کە خودایەکەشی دەسەڵاتدار بووە. ئەو سەردەمە هەر تایفە و خوای خۆی هەبووە. بۆیە بەشی زۆری دەسەڵات، بە دەستی ژن بووە. ئەو دەسەڵاتە بەردەوام بووە هەتا ئەو کاتەی «خواژن»ەکان بە دەستی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە خودای (نێر)یان هەبووە، وەلادەچن و خوا نێرینەکان خۆیان جێگری خواژنەکان دەکەن. ئیتر لەمە بەدوا وردە وردە دەسەڵاتی ژنیش کەم دەبێتەوە.

دەگەڵ خڕبوونەوەی ئایینی چەند خودایی و ڕووکردن بۆ لای ئایینی تاک خودایی، پلە و پایەی ژن ئەوەندە دێتە خوارێ کە ئێژن ژن تەنیا بۆ کۆیلەیی خولقاوە. ژیانی ژن وەکو هی کۆیلەکان بەرەو ژیانێکی ناخۆش دەچێ بە جۆرێک کە هیچ ئاسەوارێک نەمایەوە. هەر لەو کاتانەوە ژن کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی پیاو و هەتا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی لەژێر ئەو دەسەڵاتە نالەبارە دەرباز بکا.

ژن سەدان و هەزاران ساڵە لە جێگەی بنەڕەتی خۆی، واتا مرۆڤ بوون ترازاوە و ئەوە پیاوەکانن کە ژنان سەرکوت دەکەن و دەرفەتی خوێندن و فێربوون و مرۆڤ بوونیان پێنادەن و لە هەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی، دووریان خستوونەتەوە. بەو حاڵەش زۆر سەیرە و جێگای سرنجیشە کە پیاوەکان پرسیار لە ژن دەکەن و ڕەخنەیان لێدەگرن؛ ئێوە کە داوای مافی خۆتان دەکەن بۆچی هەتا ئێستا نەتانتوانیوە وەکو پیاوان کارێکی بەنرخ بکەن؟ یان بۆچی هەر هەموو پسپۆڕ و نووسەر... هەر لەناو پیاوان سەریان هەڵداوە؟ کە واتە ئێوە چیتان لە دەست نایە و هەر لە جێگای خۆتان دانیشن زۆر باشترە». ئایا ئەو پیاوانە بە ڕاستی دەبێ وەلامی ئەو پرسیارانە نەزانن یان بە ئەنقەست خۆیان لە نەزانی دەدەن؟ پیاو کەی وەکو مرۆڤێک ئیزنی بە ژن داوە تا تواناییەکانی خۆی نیشان بدات؟ ژن، بۆچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە مەتەڵێک؟ ئەوەندە شاردراوە کە ئەگەر لە جێگەیەکیش بە دەگمەن تووشی کۆمەڵێک پیاو بێت، شەرم دەکا و سەری لێدەشێوێ. هەر ئەو شەرمە بێ جێیە وای کردووە تا نەهێڵێ ژن بەرەو پێشکەوتن هەنگاو بنێ. چ چاوەڕوانییەک لە ژن دەکرێ کاتێک دەبینین لە چوار دیواری ماڵ و مەتبەخ بەولاوە هیچ جێگایەک ناناسێ. تەنانەت، چونکە کەس نییە بڕوای پێبکا خۆیشی ناناسێ!

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ژن بۆچی خۆی بڕوا بە خۆی ناکا؟ ئەمە پرسیارێکی بەجێیە، چونکە ئەو ژێردەست بوونییەی کاری ڕۆژێک و دووان نییە، بەڵکە بە سەدان و هەزاران ساڵە ئەوە دە مێشکیدا هەڵکەندراوە کە دەبێ ژێردەست بێ، ئەگینا بێ کەس و ئاوارە و دەربەدەر دەمێنێتەوە! بۆیە لەماڵی باوکی، لە بن دەستی باوک و براکان و لە ماڵە مێردەکەشی لە بن دەستی شووەکەی ژیان تێپەڕ دەکات. ڕوونە لەم دوو جێگایە زیاتر چ پەناگای دیکەی نین تا داڵدەی بدەن. کەواتە دەبێ هەر بەو حاڵەتە بمێنێتەوە. (ڤیرجینیا وۆڵف) کە یەکێکە لە گەورەترین ژنانی ڕەخنەگر و ڕۆماننووس و بلاوکەرەوە، هەروەها یەکێکە لە بنیادنەرانی ڕۆمانی نوێ، دەڵێ: ئەگەر شکسپیر خوشکێکی هەبا، کە وەکو شکسپیر توانایی و هێزی نووسینی هەبا، قەت نەیدەتوانی وەکو براکەی ئەو هێز و توانایە بدرکێنێ. بە مانایەکی تر ئەو توانایە هیچ کات نەدەورووژا».

ئێمە متمانەمان بەو ڕاستییە هەیە کە بە درێژایی مێژوو، ژنانێک هەبوونە کە وەکو هەر گەورە پیاوێک وزە و هێزی کار کردنیان هەبووە، بەلام کۆمەڵگا - کە پیاو بەسەریدا زاڵ بووە - هیچ کات ئیزنی وروژان و نیشاندانی ئەو تواناییانەی بە ژن نەداوە و لە باتیان سەرکوت کراوە. جا بۆیە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری پسپۆڕ و لێزانەکان لە دەستەی پیاوانن و ژن دەگمەنن.

بابەک ئەحمەدی، لە کتێبێکی خۆیدا ئاماژە بەو خاڵە گرینگە دەکا کە ژن بۆ خۆی وەک ژن لە دایک نابێ، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە کە وردە وردە ژنێک لەو بەدی دێنێ.

واتا بوونەوەرێکی ژێردەست! ئەو دەڵێ ژن لە کۆمەڵگادا لە هەلومەرجێکی یەکسان دەگەڵ پیاو وەرناگرێ. یانی لە کۆمەڵگادا ئەو ئیمکانات و ئەو مافانەی پیاو هەیانە، ژن نییەتی. ئەگەر لەلایەن هێزێک لە پیاوان هەلومەرجێک بۆ خۆ نیشاندانی ژنان

دەرەخسێ، ئەوە تەنیا و تەنیا لەژێر چاودێری پیاوەوەیە.
بەو پێودانەی کە هیچ کەس پێی خۆش نییە ژێردەست بێت،- رووی وتەم دەگەڵ ئەوانە نییە کە بە ڕاستی بە ژێر دەستەبوون کەیف خۆش دەبن- ژنیش زۆر لەمێژە هەوڵ دەدات خۆی لەژێر ئەو دەسەڵاتە نالەبارە بێنێتە دەر و وەکو کەسێکی سەربەست بژی و هەست بە بوون بکا. زۆر لە مێژە ژنانی نارازی بە بەشی خۆیان، خەریکی وەرگرتنی مافی خۆیانن. ئاوها بوو کە فیمینیزم بنیاد نرا.

ئەگەرچی زاراوەی فیمینیزم تەنیا لە دەیەی ١٨٩٠وە لە زمانی ئینگلیزیدا کەڵکی لێوەرگیرا، بەڵام نارەزایەتی ژنان، بۆ زۆر لەوە پێشتر دەگەڕێتەوە. فیمینیزم، مانای ئاسایی مافەکانی ژن و یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەدات. لەساڵی ١٨٩٠یشەوە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەو یەکسانییە زاراوەی Womanism بەکاردەبرا.

پیاوان جۆرێک باس لە ژنان دەکەن کە وەک کەسێکی جیاواز و دوور لەوان دیاری بکرێ کە هیچ بایەخێکی نییە. ئامانجی بزووتنەوەی فیمینیزم ئەوەیە کە ئەو بیروڕا نزم و بێ بایەخەی سەبارەت بە ژنان هەیە بگۆڕدرێ. بزووتنەوەی فیمینیزمی گەرەکیەتی هەلومەرجێک بۆ ژنان بڕەخسێنێ کە ئەوان بتوانن خۆیان بناسێنن و بایەخەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن و دەنگی خۆیان لە گۆڕەپانەکانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و زانستیدا بە دنیا ڕابگەیەنن. ئەو بزووتنەوەیە بە هیوای دروست بوونی کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا ژنیش وەک پیاو، بایەخی تایبەت بە خۆی هەبێ و وەکو مرۆڤ چاوی لێبکرێ.

پرۆسەی فیمینیستی، لە بابەت سەرهەڵدانی مێژووییەوە بۆ سێ بەش دابەش دەکرێ:

١- فیمینیزمی شەپۆلی هەوەڵ کە لە ساڵی ١٨٤٥وە دەستی بەکار کرد و هەتا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو.

٢- فیمینیزمی شەپۆلی دووەم کە لە ساڵی ١٩٤٥وە دەستی بەکار کرد و هەتا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو.

٣- فیمینیزمی شەپۆلی سێیەم کە لە ساڵی ١٩٩٠وە دەستی بە چالاکی کرد و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ڕەگەزی فیمینیزمی شەپۆلی هەوەڵ ڕەنگە لە شۆڕشی پیشەسازیدا بدۆزێتەوە کە ئیزن بە ژن درا تا داوای مافی یەکسانی و بەرابەری خۆی لەگەڵ پیاو بکات. (جنبەی حقوقی مسئلە).

فیمینیستە بەناوبانگەکانی شەپۆلی هەوەڵ «وۆلف و دوبوڤوار» بوون.

ئەگەرچی بە پێی بۆچوونی زۆر کەس فیمینیستەکانی ئەورووپی بیروڕاکانی خۆیان لە بزووتنەوەکانی ساڵانی ١٩٦٠ بەدەست هێناوە، بەڵام ڕەگەزی بنەڕەتی ئەو بزووتنەوە فیمینیستییە لە دەیەی ئاخری سەدەی بیستەمدایە. لەو ماوەیەدا ژنان توانیان مافی دەنگدان وەدەست بێنن و دە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتیدا بەشداربن و لە زۆر لایەنی تریشدا خۆ بنوێنن. وەکو ڕامیاری و ئەدەبیات و...، بەڵام بەرابەری دەگەڵ پیاوان هەروا ئاواتێکی دوور بوو.

ڤیرجینیا وۆلف و سیمون دوبوڤوار دوو شێرەژنی چالاک بوون کە لە وشیارکردنەوەی ژناندا ڕۆڵی گرینگیان هەبوو. وۆلف دە کتێبی (اطاقی از آن خود= ژوورێک کە هی خۆتە»دا.

گیروگرفتەکانی ژنانی نووسەر وەبەرچاو دەخا. بەپێی نووسینی ئەو کتێبە بوو کە بناغەی ڕەخنەی فیمینیستی دانرا. وۆلف دەو کتێبەیدا ئاماژە بەو خاڵە دەکا کە پیاوان، وەکو بوونەوەرێکی نزم و پەست لە ژنان دەڕوانن. بە بیروڕای ئەو، ئەوە پیاوە کە هەموو شتێک مانا دەکاتەوە و تەنانەت ئەوە پیاوە کە ژنیش مانا دەکاتەوە و هەر پیاویشە کە تەواوی ئۆرگانەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، فەلسەفی و... دەژێر دەسەڵات و چۆکی خۆی ناوە.

دوای ڤیرجینیا وۆلف، سیمون دوبوڤوار دە کتێبی (جنسی دووەم)دا ئەو خاڵە وەبەرچاو دەخا کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا کۆمەڵگایەکی پیاو سالارە، بۆیە نارەزایەتی خۆی دەردەبرێ. سیمون دوبوڤوار بە کەڵک وەرگرتن لە ئێگزستانسیالیسمی سارتر کە دەڵێ مرۆڤ سروشتێکی هەرمانی نییە، بەڵکو ئێمە هەر ئەو شتەین کە خۆمان لە خۆمانی پێکدێنین. سیمون دوبوڤوار ئەو مەسەلەیە بۆ ژن و پیاویش گشتگیر دەکات. دوبوڤوار لەسەر ئەو بیروڕایە کە ئێمە ناتوانین سروشتێکی دیاریکراو و کلێشەیی بۆ ژن و پیاو دابنێین. بە بیروڕای دوبوڤوار، دەکرێ پیاوان و ژنان خۆیان لەو بیروڕا کۆنە دوور خەنەوە کە ژن هەمیشە خۆی بە ژێر دەست زانیوە و ڕۆڵی دووەمی بەدەستەوە بووە. دوبوڤوار دەڵی ژن دەبێ شووره و حەساری پیاوسالاری کە لە دەوری ئەو چندراوە تێک بڕووخێنێ و ئەگەر گەرەکیەتی لە کۆمەڵگادا لە شوێنی ڕاستەقینە و

ڕەوای خــۆی بێت، دەشێ دەست بە ناسین و ناســاندنی خۆی بکات. کشتوکاڵ و دەستەمۆ کردنی ئاژەڵەکان- کە کــاری ژن بوو- بوو بەهۆی شــۆڕشــێکی گــەورە لە هزر و بیری مرۆڤدا.

هەر لەو ســەردەمــیــدا بوو کــە مــرۆڤ بۆ پێکهــێنانی ژیانێکی باشــتــر، کــەڵکی لە خــاک و زەوی، گــیــاوگــۆڵ، ئاژەڵەکان، وەرزەکانی ساڵ، هەروەها لەباو باران و هەتاو وەردەگــرت. هەروەها لە زۆر شــتــومــەکگەلی تر کــە بۆ کــشــتــوکــاڵ بەکــاردەهاتن، کــەڵک وەردەگــیــراو بۆ مــرۆڤ پیــرۆز بوون. بۆیە ئەو شت گــەلە هەریەکــە و نێــوێکیــان لەسـەر داندراو بەپلە و پایەی خـودایی گـەیشتن. گـرووپە زمــانــیــیــەکــانیش، هەر لەو کــاتــیــدا وەدی هاتن. لەو دەورانیـدا بوو کە بنەمـای بیـروڕا و زمـان، زۆرتر لەلایەن ژنەوە دادەنرا، چونکــە ژن لە بابەت کــشـــتـــوکـــاڵ و ئاژەڵداریدا دەستی بەتوانای هەبوو و ببــوو بە ئیــلاهەی خوڵقێنەر. زۆربەی هەرە زۆری دانانی زمـانیش، هەروەک زۆرێک لە شتەکانی تر کاری ژن بوو،

بەڵام ڕەخنەگرانی فیـمینیست شایەتی زۆریان سەبارەت بە دەسەڵاتی پیـاوان بەســەر ژناندا لە ڕێگەی دەســەڵاتی پیاوان بەسەر زماندا بەدەست هێناوە. بەپێی چالاکــیـــیـــە ڕامــیـــاری و کۆمـەڵایەتیـیـەکـان لە دەیەی ١٩٦٠، بیروڕای فیـمینیسـتەکان ئاڵوگۆڕێکی مـــــامناوەندی بەســــەرداهات. فیـمینیسـتەکان دوای ڕەخنەگـرتن لە بنەمـاکـانی ڕامیـاری و کـۆمـەڵایەتی کۆمـەڵگا، خەریکی ڕەخنەگرتنی بنەڕەتی لە بنەمـاکـانی زمـان و کـەلامـدا بوون. بەپێی بۆچوونی ئەوان، پیــاوان بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەمـوو شتێکدا داسەپاندووە و زمـانیش- سەرەڕای ئەوەی ژن لە پێشـدا وەک خوڵقێنەری زمان دەناسرا- یەکێک لەو کەرەستانە بوو کە پیـاو بەسەریدا زاڵ بووە. بەو جۆرەی زمانناسەکان دەڵێن؛ زمــان هزر و بیــری مــرۆڤ پێکدێنێ. کــەوابوو زمـانێک کە لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بێ، دیارە هزرە و بیرەکەش هەر پیاوانەیە.

ئەو باســەی ســەرەوە کــورتە باســێـک بوو لەســەر فیـمینیزمی شەپۆلی هەوەڵ، بەڵام لە فیـمینیزمی شەپۆلی دووەمــدا شـــتگــەلی زۆرتر وەبەرچاو گـــیـــران و داوای ئاڵوگۆڕێکی زۆرتریش کرا. ئاڵوگۆڕی ژێرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی کۆمەڵگا و هەروەها بەدیهـاتنی زمــان، ئوســتــوورەناسی و بیــروڕای فــەلســەفی تایبــەت بەژنان. (فیمینیزم تحلیلی).

فـیـمـینیـزمی شـەپۆلی سێـیـەم بە کـەڵـک وەرگـرتن لە بیــروڕاکــانی (هێلێن سی سۆ)، لە جیــاوازی جنسی و ئازادی جنسی دەدوێ. بەو واتایە کــە جیــاوازی جنسی نابێ ببـێتـە هۆی جیـاوازی نێـوان ژن و پیـاو و لە یەک دوور کـردنەوەیان لە باری مـافـەوە. فـیـمـینیسـتـەکـانی شـەپۆلی سـێـیــەم لەســەر ئەو بیــروڕایەن کــە لە بواری جنسیـشـەوە لە پیاو بێ منەتن. (ئەو شەپۆلە بە شەپۆلی فیمینیزمی (افراطی) زێدەڕۆیی نێودێر دەکرێ.)

ئەو پێشـەکـیـیـەی سەرەوە جێگەی باسی «ڕەگەزەکانی فیـمینیزم»مان دە چیـرۆکی (بەدزییەوە سلاو)دا بۆ خۆش دەکـا. ڕەنگە ئەو چیــرۆکــە هەڵگری خـوێندنەوەی تریش بێ، بەڵام بۆچوونی من بۆچوونێکی فـیـمـینیسـتـیـیـە.

**دەبێ دان بەم واقیعە دابنێین کە نووسینی ژنان دەگەڵ نووسینی پیاوان جیاوازی هەیە، ئەوە هیچ سەیر نییە، چونکە پیاو بە هەستێکی پیاوانە دەنووسێ و ژنیش بە هەستێکی ژنانە**

هەڵبـەت فـیـمـینیـزم نەک بەو واتایەی کــە لە کــۆمــەڵگادا باوە. بەداخــەوە وشەی فیـمـینیزم لە کۆمەڵگادا جوان جێی خۆی نەگرتووە و جاروبار مـانای تری لێ هەڵـدەکــــــرێ. هەروەک لـە ســەرەتای ئەو باســەدا وترا، مــانـای سەرەکی فیـمینیزم، داوای مـافی ژن و یەکــســانی نێــوان ژن و پیــاو دەکــا، کـەچی وشـەی فـیـمـینیـزم، بەو واتایە کـەڵکی لێ وەردەگـیـرێ کـە ئەو ژنەی فـیـمـینیسـتـە گـەرەکـیـەتی دنیـا تەنیـا بەدەست ژنەوە بێ و بە یەکجاری پیـاوان وەلابنێن، بەڵام ئەوەی ڕاسـتـە هیـچ فـیـمـینیسـتێک خوازیاری ئەوە نییـە، چونکە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن و هیچ کام ناتوانی ئەوەی تر وەلا بنێ.

لە چیـرۆکی (بەزییـەوە سـلاو)ی چنوور سـەعـیـدی دا ئێـمـە دەتوانین کـەشوهەوایەکی ژنانە ببینین. ئەوەی کـە دەگوترێ ژنانە، ڕەنگە جێگەی ڕەخنە بێ، بەڵام هەروەک گـوترا دەبێ دان بەم واقـیـعـە دابێنین کە نووسـینی ژنان دەگەڵ نووسـینی پیـاوان جیـاوازی هەیە. ئەوە هیـچ سـەیر نیـیـە؛ چونکە پیـاو کـە دەنووسێ بە هەسـتـێکی پیـاوانە دەنووسێ و ژنیش بە هەسـتـێکی ژنانە. ئێـمـە ئەوەمــان ســـەلماندووە کـــە ژن و پیـــاو لە بابەت و ڕواڵەت و

بیرکردنەوە و دیتن و زۆر شتی تر لە یەکتر جیاوازن. ئەوە ڕاستە کە هەردووک مرۆڤن، بەڵام تەواوی مرۆڤەکانیش تەنیا لە (مرۆڤ بوون)دا وەک یەک دەچن، بەڵام لە بواری خوو و خدە ڕەنگە بە تەواوی لە یەک جیاوازبن. ئێمە ئەگەر بڕوانینە دوو پیاو کە هەردووک کاری نووسین دەکەن، لێیان ورد بینەوە، دەبینین ئەوانیش جیاوازییان هەیە، ئەوەش لەمەڕ جیاوازی کەسایەتییە. کە وابوو ئێمە نابێ پێمان سەیر، یان ناخۆش بێ کە نووسینی پیاوان و ژنان جیاوازییان هەبێ، بەڵکو ئەگەر نووسینیان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبێ، سەیر و ناخۆشە. بۆ وێنە ژنێک کە وەک پیاو دەنووسێ هیچ جیاوازییەکی- لە باری ئیحساسەوە- دەگەڵ پیاو نییە و ئەو ژنە زوڵم لە هەست و بیروڕاو کەسایەتی خۆی دەکا. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە وەختێک باس لە مرۆڤایەتی دەکرێ، جیاواز نووسین چ واتایەکی هەیە؟ ئەوە ڕاستە بەڵام شێوەی دەربڕینەکە یەک نییە.

لەم کەشوهەوا فیمینیستییەدا ئەو ناڕەزایەتییەی کە ژنێک لە دنیای دەوروبەری هەیەتی گەلێک ڕوون و ئاشکرایە، چونکە بێژەری چیرۆکەکە، تەنانەت بە ئاشکراییش ناتوانێ سڵاو بکا. سڵاو کە زۆرجار سەرچاوەی پێوەندی گرتنە دەگەڵ دەوروبەر، یان ڕەمزی ئاشنا بوونە. بە بیروڕای من ناوی چیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە زۆر شت بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە. بێژەر پێوەندی لەگەڵ هەموو ئەو کچ و ژنانەی کە هەریەکە و بە جۆرێک وەک یەک دەچن، دەگرێ. هەموویان هەریەک کەسن، چونکە بە یەک جۆر لەژێر ستەمدان. سڵاو دەکا لەم زوڵم لێکراوانەی وا لەژێر خاکی ڕاستەقینە و هەروەها ئەوانەی وا لەژێر خاکی ڕواڵەتیشدان.

«دەرفەتێکی زۆرم نییە تاکو دایکم نەهاتۆتەوە ئەبێ ئەم نامەم خێرا تەواو کردبێ» دوای خوێندنەوەی ئەو ڕستەیە، دوو پرسیار دێنە ئاراوە: یەکیان ئەوە کە بۆچی دەرفەتێکی زۆری نییە؟ دووەم ئەوەی کە بۆچی هەتا دایکی نەهاتۆتەوە دەبێ نامەکە تەواو کا؟ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەگەڕێتەوە سەر پرسیاری دووەم و بەو واتایە کەوا وێدەچێ وەڵامەکانیان بە یەکەوە ئاڵقە دراون. بێژەر دەرفەتێکی زۆری نییە، چونکە ئەگەر دایکی بێتەوە ناهێڵێ ئەو نامەیە بنووسرێ. پرسیاری دووەم و گرینگتر ئەوەیە کە بۆچی ئەو دایکە ناهێڵێ کچەکەی ئەو نامەیە بنووسێ؟ ئایا وەڵامی ئەو پرسیارە ئەو واقعییەتە دڵتەزێنە نییە کە ئێمە خۆمان وەکو ئافرەت (کچ و ژن) لەو کۆمەڵگایەدا دوای ساڵەهای ساڵ، ئەو زوڵم و ستەمە قەبووڵ دەکەین. ئێمە بۆ خۆشمان خۆمان قەبووڵ نییە! لەمێژە پیاوان، لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا ژن دەچەوسێننەوە. تەنانەت دوای ئەوەی کە ژن مافی تەواوی خۆی لە ڕۆژئاوا پێدراوە، ئێستاش ئێمە ئاسەواری ئەم دەسەڵاتە هەروا دەبینین. سەیرە ئەوەی جێگەی داخ و کەسەرە ئەوەیە کە بۆچی ژنانی ئێمە دوای ئەو هەموو ساڵە، وەکو مرۆڤ لە خۆیان ناڕوانن؟ بەبڕوای من ئەم لەژێر دەسەڵاتدا بوونە، لەسەر مێشکی ژنانی ئێمە هەڵکەندراوە. ئەوان وادەزانن کە هەتا هەن دەبێ هەر ژێر دەستە بن. بۆ وێنە دوو نووسراوەیان داوە بە کەسێک تا بیانخوێنێتەوە و دوایە بڵێ کە کام یەک لەو نووسراوانە ژنێک و کامە پیاوێک نووسیویەتی. ئەو کەسە بەپێی ئەو «تصورات قالبی»یەی کە سەبارەت بەو مەسەلەیە (ژن و پیاو) هەیبووە، گوتوویە کە نووسراوە باشە کە هی پیاوێک و نووسراوە لاوازەکەش هی ژنێکە. ئێمە لە دەوروبەری خۆمان بەسەدان وێنەی لەو جۆرەمان هەیە. بۆ نموونە کچێک ناشێ ویستەکانی خۆی لەلای باوکی داوا بکا، ئەگینا بە حەیا تکا و و بێ شەرم و...، نێوی لێدەبرێ!

هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد، بێژەر بە ڕاشکاوی ناتوانێ لەگەڵ ئێمە، واتا کچان و ژنان و یان باشتر بڵێین لەگەڵ خوێنەر یان دنیای دەوروبەری پێوەندی بگرێ، تەنانەت خوێندنەوەی ئەو نامەیەش دەداتە دەست کچێکی تر. (کەسێک لە هاوجنسەکانی خۆی).

(کاوەلی) لە چیرۆکەکەدا نوێنەری پیاوانە کە بەداخەوە زۆربەی ژنان خۆشیان گەرەکە، بەڵام بێژەری چیرۆکەکە ڕقی لە (کاوەلی)یە. باشە زۆربەی ژنان کاوەلییان خۆش دەوێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر ئوستوورەیی دوو جنسی مرۆڤ. بەو جۆرەی ئوستوورەکان باس دەکەن، سەرەتا مرۆڤ بە دوو جنسی لە قەڵەم دراوە. ئێمە لە ڕیوایەتی تریشدا ئەو مەسەلەیە دەبینین. بۆ وێنە لە ئوستوورەکانی ئێرانیدا (مەشی و مەشیانە) هەیە. یان هەمان ڕێواس ئەو جۆرەی لە هێندێک تەفسیرەکانی یەهوودیدا دەردەکەوێ حەزرەتی ئادەمیش دوو جنسی لە قەڵەم دراوە. بە دابەش کردنی بوونەوەرێکی نێر و مێ بە دوو بەشی (مذکر و مؤنث) (ئادەم و حەوا) خولقاون. یان لە ئوستوورەیەکی تردا

دەردەکەوێ کە ئادەم و حەوا پشتاوپشت بە یەکەوە لکاون، خوا بە بیورێک لە یەکیان جیا دەکاتەوە.

ئەوەی کە بوونەوەری دوو جنسی لە بنەڕەتدا بازنەیی خولْقاوە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵە کە بازنە هێمای کامڵ بوون و تەواوبوونە. دە فەرهەنگی چینییەکاندا بازنە ڕەمزی کەماڵ و تەمامییەتە. بۆیە نێر و مێ، یان وردتر بڵێین ژن و پیاو لەو دنیایەدا هەمیشە بە دوای نیوەی ون بووی خۆیدا دەگەڕێ. لێرەدا ڕەنگە باسی ئانیما و ئانیموسیش بێتە ئاراوە. هەروەک ئاگادارین ئانیما بەشی پیاوانەی ڕۆحی ژنە و ئانیمۆسیش بەشی ژنانەی ڕۆحی پیاوە. بەو مانایە کە هەر ژنێک لە دەروونی خۆیدا بەشێکی پیاوانەی هەیە کە هەمیشە دەخوازێ لەگەڵ ئەو بەشە بە وەحدەت و یەککگرتوویی بگا و پیاویش هەروەتر. هەر بەو پێیە ژن خۆشی لە پیاوێک دێ کە تایبەتمەندییەکانی بەشی پیاوانەی ڕۆحی خۆی هەبێ.

جگە لەو بە یەک گەیشتنە، خاڵێکی تریش جێگەی سەرنجە، ئەویش کە مرۆڤ جاروبار گەرەکیەتی بە تەبعی خوایی خۆی بگا، چونکە وەک لە ئوستوورەکانیشدا ئامـاژەی پێدەکرێ، بازنە فەرزکراوە. ئەو خوودانە لە خواشدا پاڵیان وەیەکتر داوە، هەربۆیە دەڵێین بازنە، کامڵ و تەواوترین وێنەی هەستییە. بۆ وێنە پیاوێک کە جلی ژنانە دەکاتە بەری، بە پێچەوانەی ڕوانینی خەڵک، سفات، یان تەبعی ژنانە وەرناگرێ، بەڵکو بۆ کاتێکی کورت، لە بەینی دووجنسی نێر و مێ پێوەندی (اتحاد) پێک دێنێ. واتا دەگاتە حاڵەتێک کە دەتوانێ تەواوی دنیا بفامێ. ئێمە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە ژن و پیاو تەنیا کاتێک دەتوانین تێگەیشتنێکی دروستیان لەدنیادا هەبێ کە تەواوکەری یەکتربن. (هەڵبەت کەسانێک هەن کە خۆیان بەو یەککگرتووییە دەگەن. ئەوان لەنێوان ئانیما و ئانیموسی خۆیاندا دەتوانن پێوەندییەکی باش پێک بێنن).

لە کۆتایی ئەو باسەدا دەتوانین ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە مرۆڤ بەهۆی ئەوینەوە دەبێتە بوونەوەرێکی دووجنسی، چونکە لە عیشقدا هەر ڕەگەزە و سیفاتی جنسی بەرامبەری خۆی وەردەگرێ. لەم چیرۆکەدا ژنان لەپیاوان جیانین، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە ژنان پیاوێکیان خۆش دەوێ، زۆرتر چەوسێنەریان بێ. ئەوە لەکاتێکدایە کە بێژەر ڕقی لە وەها پیاوێکە و پیاویش بە تەواوی ڕەد ناکاتەوە. ئەو عەبەڕەشی خۆش دەوێ. لێرە دەردەکەوێ کە بێژەر بە تەواوی پیاو وەلا نانێ، بەڵکو ئەو پیاوی چەوسێنەری ناوێ.

گیرافانەکانی کاوەلی پڕە لە بۆنی لەشی ژنانی گەڕەک، ئایا لێرەدا یەک پیاو بە تەنیا بۆنی لەشی تەواوی ژنانی گەڕەک داگیرناکا؟ ئایا ئەو دەسەڵاتە نالەبارە لێرەشدا بەرچاو نییە؟ ژنان، ئەگەر ژنانی گەڕەک یاخود شارێکیش بن، لە بابەت ئەوەی کە لە ژێر دەسەڵاتی تاقە یەک پیاودا بن، هێشتا هەست بە چەوساندنەوە ناکەن. دیارە ژن بە ویستی خۆی سەربەستی خۆی پێشکەش بە پیاو دەکا!

کاوەلی کەلوپەلی مەتبەخ دەفرۆشێ، ئایا نابێ سەرنج بدرێتە سەر ئەو بابەتە کە پیاوان بە درێژایی مێژوو، ژنیان لە متبەخدا ڕاگرتووە و ئێستاش گەرەکیانە ئەو ڕەوتە هەر بەردەوام بێ. دڵتەزێنتر ئەوەیە کە ژنان بەگیان و دڵ ئەو بێ حورمەتییە قەبووڵ دەکەن.

لە کۆتاییدا، دەبێ ئاماژە بەو خاڵە بکرێ کە ژیان پێویستە هەبێ و مرۆڤ دەبێ بژی و ئەو ژیانەش پێویستی بە هاوکاری کردنی هەر دوو جنس واتا پیاو و ژن هەیە. ژن هەر جێگەی متبەخ نییە، جێگەی پیاویش هەر دەرەوەی ماڵ و کاروباری دەرەوە نییە. ئەو کاتەی ژن وەک مرۆڤ لە خۆی ڕوانی و بە پیاویشی سەلماند کە ژنیش مرۆڤە، دەشێ وەک مرۆڤ چاوی لێ بکرێ، ئەو جارەیە کە ژن دەتوانێ کارێک بۆ خۆی و بۆ داهاتووی خۆی و نەوەی داهاتوو بکا.

*** ئەم چیرۆکەی چنوور سەعیدی لە ژمارە (٩٢)ی گۆڤاری رامان-دا بلاوکراوەتەوە.**

**سەرچاوەکان:**

**- زن در تفکر نیچه؛ نوشین شاهنده چاپ اول، ١٣٨٢.**

**- رساله ای در تاریخ ادیان؛ میرتا الیاده- ترجمە جلال ستاری، چاپ اول، ١٣٧٢.**

**- بناغەی فیمینیزم و ئەنتی فیمینیزم؛ مەهاباد قەرەداغی. ل٥٠ سروەی ژمارە (٢١٦).**

**- راهنمای نظریەی ادبی معاصر، رامان سلدن، ترجمەی عباس مخبر.**

**- از دولت کاهنی سومر بە سوی تمدن دیموکراتیک. عەبدوللا ئۆجالان.**

ئەو بابەتەی کە کردوومانەتە کوردی.. بریتییە لە پێشەکییەکەی- دانیاڵ لادنسکی و دوو نموونەی شیعری و چەند بەشێکی ئەو بابەتەی کە هنری س. میندلین لە کۆتایی دیوانی (گوێم لە قاقای یەزدان بوو- Heard God laughing)ی حافزی شیرازی-دا؛ سەبارەت بە ژیانی بڵاوی کردۆتەوە.

ڕەنگە بکەوینە هەڵەوە، گەر بڵێین؛ (دانیاڵ لادنسکی)، وەرگێڕی دیوانەکەیە، چونکە هەروەک خۆی، لە پێشەکی دیوانەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات؛ شیعرەکانی حافزی لە ئینگلیزییەوە کردۆتە ئینگلیزی. هەربۆیە دەشێت بڵێین، دایڕشتۆتەوە.

ڕەنگە ئەزموونێکی لەو چەشنە، سەیرو سەمەرە بێتە پێش چاومان! ؟ بەڵام کاتێک کە پێشەکییەکەی- لادنسکی- دەخوێنینەوە.. دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی؛ کە ئەو عاشقێکی عەودالی، دنیای ڕەها و جوانی حافزەو ئیدی هێندەی پێی کرابێت.. هەوڵی خستنەڕووی ئەو دنیایەی داوە].

**وەرگێڕ**

# لە حزووری حافزی شیرازیدا

**لە تورکییەوە: یووسف عزەددین**
**(ئوستراليا)**

**ئازادکردنی ڕۆحی حافز**
**ن: دانیاڵ لادنسکی**

بەیانییەکی زوو، لە کاتێکدا کە لەناوچەی مەهرازادی نێوەڕاستی هندستاندا، پیاسەم دەکرد و بەنێو ڕێگایەکی هەردوو لاتەنراو بە دارو درەختدا، گوزەرم دەکرد. بڕیارم دا، کە بکەومە کارکردن.. لەسەر خودی حافز و دەقەکانی.

ناوچەی مەهرازاد، دەکەوێتە قەراغ شاری ئەهماد دانگەر. شایەنی باسیشە، کە (ئاواتار مەهربابا)ی، ڕێبەری ڕۆحی هیندییەکان، تا دوا هەناسەی ژیانی، لەناوچەی (مەهرازاد)دا، ژیانی بردەسەر.

ئەو بەیانییە، لەگەڵ یەکێک لە مووریدەکانی (ئاواتار)دا، کەوتمە گفتوگۆ و باسکردنی (ڕۆمی) شاعیر. کە دیارە یەکێک بووە لەو شاعیرە فارسانەی، کە دەمێک ساڵ لەمەوپێش، ژیاوە.

بەپێی ئەو پرۆگرامە زۆر جوان و ناوازەیەی، کە پێشتر پێکەوە، دەرحەق بە شیعرەکانی (ڕۆمی) بینیبوومان. شیعرە وەرگێڕدراوەکانی (ڕۆمی)، زۆر لەوانەی حافز تۆکمەتر و جوانتر دەهاتنە پێش چاوم.

گوتم: «بۆ دەبێت، (ئاواتار مەهربابا).. شیعرەکانی (حافز)ی لە شیعرەکانی (ڕۆمی)، پێ جوانتر و مەزنتر بێت، لە کاتێکدا شیعرە وەرگێڕاوەکانی ڕۆمی، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.. زۆر لەو شیعرانەی حافز جوانتر دێتە پێش چاو، کە کراوەتە ئینگلیزی».

هاوڕێکەم لە وەڵامدا گوتی:

«مەهر بابا، پێی وایە کە تا ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە، بە جوانی شیعرەکانی حافز وەربگێڕێت».

هەرکە هاوڕێکەم، وای گوت؛ بەشێوەیەک کە بۆ خۆشم سەرسام بووم. گوتم: «دەتوانم وەک پێویست، وەریان بگێڕم».

گەرچی نە ئەوکاتە فارسیم دەزانی و نە ئێستاش، بەڵام هەر چۆنێک بوو، کەوتمە وێزەی هەموو ئەو شیعرانەی حافز، کە پێشتر کرابوونە ئینگلیزی. هەر لەوانیشەوە ئەوەی ئێستام هەڵهێنجا.

خوێنەری زمانی ئینگلیزی، سەدان ساڵە بە عەزرەتی چێژ وەرگرتنە لە شیعرەکانی حافز؛ بەڵام بە حوکمی ئەو وەرگێڕانە حەرفییەکە بۆ شیعرەکان کراوە، ناکرێت خوێنەر چێژیان لێ وەربگرێت. شایەنی باسیشە، کە وەک فارسییەکەی، وەزن و قافیەشی بۆ دانراوە. هەر بۆیە لەپێناو پاراستنی فۆرمالیتەی شیعرەکان، وەرگێڕەکان؛ ڕۆحی شیعری حافزیان، مەحکومی مەرگ و لەناوچوون کردووە.

لەکاتێکدا، ڕۆحی شیعری، شیعرەکانی؛ لێوانلێوە لە بەزەیی و جومبوش و زەوق و قاقای پێکەنین. پڕە لە خۆشەویستییەکی عاشقانەی گڕگرتوو.

حافز بە چاوێکی پڕ سەرسامی و تەعەجوبەوە. دەڕوانێتە یەزدانی خوڵقێنەری کەون و کائینات و شیعرەکانی پڕن لەو چەشن و تەرزە تێڕوانینە.

هەر بۆیە، ویستم بەپێی پێودانگەکان و مەوداکانی زمانی ئینگلیزی. کار لەسەر ڕەهاکردنی ئەو ڕۆحە شیعرییە بکەم.

زیاتر شیعرەکانی حافز، سۆناتای کورتن. سەبارەت بە ژمارەی شیعرەکانیشی، کە لەلایەن پسپۆڕانەوە ساغ کراوەتەوە، نزیکەی (٨٠٠) شیعرێکە، گەرچی هێشتاکە ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە، دەرحەق بە ژمارەی شیعرەکانی.

بەوپێیە دەبینین؛ کە شیعرەکانی زۆرکەمن.. بە تایبەت ئەگەر بەراوردیان بکەین، لەگەڵ شیعرەکانی (ڕۆمی).

ئاشکرایە کە زمانی فارسی، زمانێکی لاستیکی و شیاو بەگۆڕانە؛ لە ڕووی ماناوە. هەر بۆیە بۆ هەر شیعرێکی حافز، دەکرێت چەند خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت و لە زۆر ڕووەوە تاوتوو بکرێت.

هەروەک هاوڕێ فارسی زانەکانم دەڵێن، زۆر لەو وشانەی کە حافز لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون. زیاد لە حەوت، هەشت واتایان هەیە. هەربۆیە دەکرێت، هەمان کۆپلە شیعرێکی دیاریکراو.. بە چەند شێوەیەکی لە یەکتر جیا، وەربگێڕدرێت و هەر وەرگێڕانێکیشی بە ڕاست بزانرێت.

پاش خوێندنەوەی سەرجەم وەرگێڕانە جیاجیاکانی شیعرەکانی حافز. هەمان شتم بینییەوە. هەر کۆپلەیەک لە شیعرەکانی حافز، چەندان شیعری سەربەخۆی لێ هەڵدەهێنجرێت. کە هەر یەکێکیان ڕەنگدانەوەی، تاکە واتایەکی کۆپلەکەیە.

هەربۆیە دەکرێت، بەپێی وەرگێڕانە جیاجیاکان، شیعرەکانی تاوتوو و شیکاری بکەین. تاوتوو کردنی دەقێکی ئەدەبی، چ بەواتای سوود و کەڵک لێ وەرگرتن و خستنەگەڕ و زیندووکردنەوەی دێت. چ بەواتای تەسلیم بوونمان دێت. کە دیارە لەوکاتەدا، دەکرێت هەست بە ڕۆحی شیعرەکە بکەین و خۆمان بدەینە دەم پێشەنگی شەپۆلەکانی.

ئەو شیعرانەی کە لێرەدا وەرم گێڕاون، گەر وشە بە وشە و دەقاودەق لەگەڵ ئەسڵی شیعرەکانی حافزدا بەراورد بکرێ. ناکرێت بڵێم وەرمگێڕاوە پێشم وایە لە ڕووی تەکنیکی و زانستیشەوە، شیاو و ڕاست وەرنەگێڕدراوبێت. گەرچی حەز دەکەم بە ڕاستی وەرم گێڕابێت، بەڵام هێندە دەزانم، کە ڕاستگۆ بووم؛ دەرحەق بە بەرجەستەکردن و خستنە ڕووی ڕۆحی خواوەندانەی شاعیر.

ئەو دەقەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە وەرگێڕانی

شـعـرەكـانی حـافـزدا، پشـتـم پێ بەست. وەرگـێـڕانە ئینگلیزییەكەی (وێڵبێرفۆرس كلارک) بوو. كە لە ساڵی ١٨٩١)دا چاپی كردووە.
ئەمــە جگە لە ســوود وەرگــرتن، لە دوا چاپی نوێی شیعرەكانی حافز. كە لە دوو توێی كتێبێكی (١٠١١) لاپەڕەدا، لە ئێران چاپ كراوە. كەم تا زۆریش سوودم لە وەرگێڕانەكانی دیكەش وەرگرتووە.
شـایەنی بـاسـیـشـە، كـە بەبێ هـاریكاری و كـۆمـەكی ئوسـتـادم (مەهر بابا)؛ مەحاڵ بوو، بتوانم كارێكی ئاوا بەجێ بهێنم.
دەكرێت بڵێم، هەموو ئەو جوانی و قاقا و جازبییەت و ڕاستیبیانەی كە لە وەرگێڕانەكەدا، دەكەوێتە پێش چاوتان و هەستی پێ دەكەن. دیارییەكی زاتی ئەوە؛ بۆ من.

**كەمێک وەئاگا بەوە**

**كەمێک وەئاگا بەوە**
**هەتا هەتایە؛**
**پێویست ناكات.**
**تەنها، ئەئێستا...**
**یەک هەنگاو، بەنێودامێنی كراسە نەرمەكەی ئاسماندا**
**نەک هەر بەسە؛ بەڵكو زۆریشە.**
**حافز،**
**كەمێک وەئاگابەوە**
**ئەڤینی ڕاستەقینە، تەنها یەک دەقیقە دەخایەنێ**
**نەک هەر بەسە؛ بەڵكو بەشی ڕۆژانێكیش دەكات.**
**جێ بهێڵە،**
**هەموو ئەو ڕێچكە فێڵاوییانەی**
**كە لە پێناو ناسینی ئەودا، چێت كردووە.**
**چونكە هەریەكەیان،**
**بە لقە دارێكی بەهار دەچن..**
**كە بەستبێتی.**
**زۆر،**
**زۆر لە دوور دەمێننەوە..**
**دوور لە تیشكی یەزدانیی هاوین.**
**وەئاگا بەوە گیانم،**
**بە بەزەیی بە.**
**وە ئاگابەوە، بەرامبەر دڵت..**
**هەڵیگرە و بیبەرە نێو دەغڵە فراوانەكانی تیشک.**
**جێی بهێڵە، هەناسە بدات**
**بڵێ:**
**«ئەڤین»**

**هەمدیسان باڵەكانم بەرەوە و**
**هەڵمسێنە..**
**لە نزیكەوە هەڵیسێنە..**
**بڵێ، بە مانگ و خۆر..**
**بڵێ، بە دۆستە خۆشەویستەكەمان؛**
**خۆشەویستم، هەر ئێستا هەڵت دەسێنم**
**وەک بەڵێنم پێ دای**
**بۆ ئەو، سەما جوانە**

**ئەو شتەی كە بەچاو نابینرێت**

**جارێكیان، لە ئوستادەكەی خۆمم.. پرسی**
**چییە، فەرقی نێوان..**
**من و تۆ**
**گوتی؛**
**حافز، تەنها هێندەیە؛**
**گەر ڕەوێک حەیوانی كێوی**
**بێتە نێو ماڵی تۆ و**
**خۆیان بدەن، لە كاسە بەتاڵەكانی دەرۆزەییمان**
**نارژێت؛ تەنها یەک دڵۆپیش**
**لە كاسەی تۆ.**
**ئەوەی كە بە چاویش نابینرێت،**
**ئەوەیە كە یەزدان لە كاسەكەی منی ناوە..**
**گەر بڕژێت، كاسەم**
**دەبات هەموو دنیا**
**سێڵاوی ئاو.**

**ژیانی حافز**

**ن: هنری س. میندلین**

هەرچەندە حـافـز، یەكـێكە لە شـاعـیـرە ناسـراوەكـانی ڕۆژهەڵات، بەڵام سـەبارەت بەسـەرگـوزشـتـەی ژیانی؛ زانیـارییـەكی ڕاست و دروسـتـمـان لەبەردەسـتدا نییـە. تەنانەت بە تەواویش، ڕۆژی لە دایک بوون و مــردنی، سـاغ نەكـراوەتەوە. ڕەنگە لە سـاڵی ١٣٣٠ز، لە دایک بووبێت و لە ساڵی ١٣٨٨دا، كۆچی دوایی كردبێت. كە لە ساڵی لە دایک بوون و مردنی (جیۆفێری چاوسێر)ەوە نزیكە كە دیارە (جیۆفێری)، بە یەكەمین كەڵەشاعیرێک دەناسرێت، كە بەزمانی ئینگلیزی شیعری نووسیوە.
حافز، ناوی (شەمسەدین محەمەد)ە و هەركە دەستی داوەتە شیعرنووسین، نازناوی (حافز)ی بەكارهێناوە. پێ دەچێت، پاش خـەتم كـردن و ئەزبەركـردنی قـورئـان، ئەو

نازناوەی بەخۆ ڕەوا بینیبێت.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتی مەغۆل و تەتەرەکان.. لە شاری شیراز، چاوی بەدنیا هەڵهێناوە و زۆربەی ژیانی، لەو شارە پڕ لە باخچەیەدا، بردۆتە سەر.

حافز لە دەسپێکی ژیانیدا؛ ژیانێکی ئاسوودە و سانای بردۆتە سەر. یەکێک بووە، لە سێ کوڕی خانەوادەیەکی هەژار و نەدار. بابی حافز خەڵووز فرۆش بووە. حافز، هەر بە منداڵی و پاش مردنی باوکی، ناچار بووە کە لە فرنێکدا، دەست بەکارکردن بکات، بەڵام کۆڵی نەداوە و بە بەشێک لەو پارەیەی کە چنگی کەوتووە.. چۆتە مەدرەسە و وانەی قورئان و تیۆلۆژیک و گرامەر و ماتماتیک و ئاسترۆنۆمی خوێندووە. جگە لە فێربوونی خەت خۆشی، کە لەو سەردەمەدا، بەهۆی نەبوونی چاپخانەوە، ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە.

خەت خۆشی، لەو سەردەمەدا، زیاتر وەک پەیامێکی یەزدانی سەیرکراوە، بۆ نووسینەوەی قورئان. بەو حوکمەی، کە بەپێی یاسا و دەستووره ئاینییەکان، وێنەکێشان قەدەغە بووە، هەموو جۆرە وردەکاری و هونەرێک لە خەت خۆشیدا، بەکارهێنراوە و تا بڵێی برەوی پێ دراوە. شایەنی باسیشە، کە پێویستە بزانین، حافز لە خەت خۆشیدا، تا بڵێی بە سەلیقەو پرۆفیشناڵ بووە.

لە ئێرانداشیعر وەک چۆن ئۆپێرای ئیتاڵی، لە ئیتاڵیادا پێگەو دنگەی میللی هەیە. ئاوا پێگە و پایەی هەیە. لە ئێراندا مرۆکانی هەرچین و توێژێک، دەرحەق بەو شیعر و شاعیرانەی، کە دەیانەوێت؛ گفتوگۆ و دەمەتەقێی لەسەر ساز دەکەن. هەمیشە لە ئاخافتنەکانی ڕۆژانەشیاندا، ئاماژەیان پێ دەدەن و بەنموونە دەیانهێننەوە.

لەو سەردەمەدا، کە حافز تێیدا دەژیا.. زۆر گرنگی بە شیعر دەدرا. بە ڕادەیەک کە هەردەم بۆ نێو مەجلیسی میر و شازادە و دەسەڵاتداران، گاز دەکران. ئەگەر یەکێک لە دەسەڵاتداران، سەرسامی خۆی بە شیعری شاعیرێک دەربڕی بایە و پێی جوان بایە.. فەرمانی دەکرد، کە هێندەی کێشی شاعیرەکە، زێڕی پێ ببەخشرێت و خەڵات بکرێت.

حافز هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعر بووە و تا بڵێی بەهرەمەند بووە؛ دەرحەق بە هەر بابەتێک کە ویستبای بینووسێت. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی، کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لەسەرپاکی شیرازدا بناسرێت. ئیدی لەو تەمەنەوە، بووە یەکێک لەو شاعیرانەی کە هەردەم لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بانگ دەکرایە نێو مەجلیسان. بە پشتگیری ئەوانیش توانی مەدرەسەیەک بکاتەوە و خۆشی وەک ئوستادێک، وانەی تێدا بڵێتەوە.

بەڵام دیارە بەوپێیەی، کە شیعرەکانی لەگەڵ قەناعەت و ڕەوتی ئایینی ئەو دەمەدا نەدەگونجا. جار جارە دەبووە مایەی دەردەسەری بۆی و ناوی دەخرایە لیستەی ڕەشەوە. زۆرجار لە مەدرەسەکەی دوور دەخرایەوە و ڕێگەی پێ نەدەدرا کە لە مەجلیسی نێو کۆشکی دەسەڵاتداراندا ئامادە بێت.

لەوکاتانەدا ناچار دەبوو، کە کاربکات. تا بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات. شایەنی باسیشە، تەنیا کارێک کە بەو دەکرا. بەکارهێنانی توانا و سەلیقەی هونەرییانەی بوو، لە خەت خۆشیدا.

بە درێژایی ژیانیشی تەنیا یەک جار لە شیراز، شار بە دەرکرا. پاش گۆڕانی دەسەڵات لە شیرازدا و هاتنە سەر حوکمی دەسەڵاتدارێکی نوێ؛ توانی بگەڕێتەوە.

کە تەمەنی گەیشتە چل ساڵ، سەرەتا کوڕەکەی و دواتر ژنەکەی، کۆچی دواییان کرد. ئیدی لەو کاتەوە، بە تەنیا ژیانی بردە سەر و زۆرێک لە شیعرە پڕ حەسرەتەکانی، ڕەنگدانەوەی مەرگی ئەوانی پێوە دیارە.

لە تەمەنی شەست ساڵیدا، بە تەواوی ناو و ناوبانگی، لە زۆر شوێندا دەنگی دایەوە و لە هەموو لایەکەوە موریدانی ڕوویان تێ کرد؛ کە هەردەم وانەی پێ دەگوتنەوە و ڕێنمایی دەکردن.

لە حەفتا ساڵیدا، بە بێدەنگی سەری نایەوە و دنیای جێ هێشت. موریدەکانی لەژێرئەو درەختەدا ناشتیان، کە بە دەستی خۆی لەنێو جوانترین باخچەیەکدا، دڵی پێی دەکرایەوە، ڕواندبووی.

پاش مەرگی و بە درێژایی پێنج سەد ساڵ.. شوێن مەزاری حافز و سێبەری درەختەکەی، بووە جێگەی حەسانەوەی هەزاران کەس، کە بەردەوام دەچوونە زیارەتی.

بەڵام بەداخەوە، لە سەرەتای چاخی بیستەمدا.. تەنیا شوێنەواری گۆڕەکەی مابۆوە.. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٥دا، حکومەتی ئێران ڕێستۆرەی گۆڕەکەی حافزی کرد و باخچەکەشی چاک و نوێ کردەوە. دیارە پارەی چاککردن و هەڵبەستنی گۆڕەکە و نوێ کردنەوەی باخچەکە.. لەلایەنی (مەهربابا)ی ڕێبەری ڕۆحی هیندییەکانەوە، درایە حکومەتی ئێرانی.

(مەهربابا) زۆرجار، بە دێڕە شیعرییەکانی حافز.. قسە و ئاخافتنەکانی خۆی تۆکمە و پتەوتر دەکرد و دەیکردە

مـایەی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە دەیویست. (مەهربابا) دەیگوت: «شیعرەکانی حافز، دەچنەوە سەر ئەو ڕێگەیەی کە ڕۆحگەرایی پێداگوزەر دەکات؛ بەسەرجەم نهێنی و پەنهـانەکـانیـیـەوە». ئاشکرایە کـە هەمـوو گـوتارە مەعنەوییەکان، بناغە و بنەمایان عیشقە.

حـافـز، هەر لە گەنجـیـیەوە بۆتە مـوریدی یەکێک لە مەدرەسەکانی سۆفیگەرێتی و مستیک. تا دواتر بۆ خۆیشی بۆتە ئوستـادی ئەو ڕێچکەیە. شیـعرەکـانی ڕەنگدانەوەیەکی کلاسیکییانەی سۆفیزمە، کە لەسەر بناغـەی تاکـڕەوانەی، وابەستـەگی خـود و یەزدان دامەزراوە.

بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕۆژئاوادا.. مستیک و سۆفیگەرێتی، بە باڵێکی ئایینی ئیسلام دەزانرێت. کە بە پێی شوێن و جێگا جیاجیاکان، ناو و شێوەی جودا لە خـۆی دەگـرێت، بەڵام ئاشکرایە، هەر لەسـەردەمی گریکەکانەوە، چەشن و شێوەی مستیک و سۆفێتی.. لە ئارادا بووە. کە وابەستەی مەدرەسەی (سۆفیا- So-phia) بووە و بە (پیتـاگـۆر Pitagor) و ( پـلاتـۆ Plato) ناسراون.

لە سەردەمی عیساشدا، بە ئەسەنی و گنۆستیکەکان ناوبراون.

سۆفیزم، لە ئیسلامدا بەواتای بێگەردی و پاکی ڕۆح و دەروون دێت. موریدەکانی (صوف)یان لەبەرکردووە و هەر لەوەشەوە، سۆفییان پێ گوتراوە.

لەنێوان ساڵانی ٨٠٠- ١٤٠٠ز سەدان مەدرەسەی سۆفیگەرێتی کراوەتەوە. هەر بۆ نموونەش، دەکرێت ئاماژە بە مەدرەسەکانی (ڕۆمی و ئیبن عەرەبی) بدەین، وەک پێشەنگی مەدرەسەکانی سۆفیگەرێتی.

ئاشکرایە کە جیاوازی لەنێوان مەدرەسە و ڕێبازەکانی سۆفیگەرێتیدا، بە ڕاشکاوی دەبینرێت. لەکاتێکدا ڕێبازێکیان، گرنگی بە (مێدیتاسیۆن-Meditasyon) دەدات لە سۆفیزمدا. ڕێبازێکی دیکەیان، کارکردن و خزمەتکردنی بێ بەرامبەر دەخاتە ڕوو. واتا دەبێت لەم دنیایەدا بێ هیچ داواکاری و تەڵەبێک؛ خزمەت بکەین.

هەندێکیشیان، خواپەرستی و عیبادەت دەکەنە بەردی بناغەی سۆفیگەرێتی و لە ڕێی سەما و گۆرانی و شیعرەوە.. دەیانەوێت، عیشقی ئیلاهی باڵا و بەرجەستە بکەن.

بەوپێیەی کە شیعرەکانی حافز، لەم بوارەدا پێشەنگە. موریدانی ئەم تەریقەتە، گرنگییەکی تایبەت بە شیعرەکانی حافز دەدەن.

**تێبینی:**

**(دانیال لادنسکی- Daniel Ladinsky) لە ساڵی ١٩٤٨ لە (میسۆری- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. هەر لە هەرەتی گەنجێتییەوە، سەودای گەڕان و سەفەرکردن بووە... ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی کە لەنێو خۆیدا، هەستی پێکردووە؛ لە هیندستاندا پڕیوتەوە هەر ئەمەش وای لێکردووە، کە شەش ساڵی تەمەنی لەوێدا بەرێتە بەر. لەوێ بۆتە هاوڕێی ماندیلی، کە یەکێک بووە لە موریدانی (مەهر بابا). لە ئەنجامی مانەوەی، لەگەڵ ماندیلیدا.. زانیاری دەربارەی حافیزی شیرازی، وەچنگ کەوتووە. کە دیارە یەکێک بووە، لەو شاعیرانەی کە (مەهربابا) زۆر پێی سەرسام بووە. لادانسکی لەو دەمەوە، دەستی داوەتە تۆژینەوە و شیکارکردنی شیعرەکانی حافز لە ئێستاشدا، لە باشووری کارۆلینا نیشتەجێیە و هەر بەردەوامیشە، لە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دنیای ڕۆحی خودی حافز و شیعرەکانی.**

**سەرچاوە:**

**{Tanri'in Kahkahasini Duydum} "Hafizdan ASK Siirleri" Daniel Ladinsky.. 2005. MiA yayinlari' is TANBUL.**

**سەرنج:**

**دیوانی (گوێم لە قاقای یەزدان بوو- Heard God Laughing)ی حافزی شیرازی. بەسەر پەرشتی (پانشا نیرڤانۆ- Pantha Nirvano) و لەلایەن (ئایشە گوڕۆڵ- Ayse Gurol)ەوە، لە ئینگلیزییەوە، کراوەتە تورکی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (MiA)، ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.**

# ڕامانگەلێک لە «سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور»

**حەمید کەشکۆڵی**
**(سوێد)**

شیعری (هەندرێن) هەمیشە پرسگەلێکی چەتوون لە مەڕ شیعر، مەرگ، ژین، وجوود، ئیلتزام و.. تاد، دەورووژێنێ. ئەم شیعرانە لەسەر هەمان هەواو فەزای «دوانوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ»ی وین، بەڵام بە ڕەوتێکی خێراو شەفافتر.

شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە، فەزاسازییەکی بەرهەڵداو سۆراغ دەکەن، جاروباریش بەرەو ئاسانی وەردەچەرخێن بۆ ئەوەی سیمای دەوروبەرمان کە لەناو وەهم و مایەپووچی، دڵتەنگی و ئێشدا دەگەوزێ و دەقی بەستووە، بنوێنێ:

**«بە مووە هەڵوەریوەکانی پرچمان، ئەو مووانەی کە بە ئارەقەی تووڕەیی دۆڕان، چارەنووس جاڵجاڵۆکەی پێدەچنیەوە- لەناو بۆشاییە خەستەکاندا نادیاریی دەیلووراند و چاومان لە تەماشای یەکتردا دەمەیین.**
**با..ش بێ ڕوخسەت کرمی جاڵجاڵۆکەی خەونەکانی بەسەر تەرمەکاندا بەش دەکرد».**

ئا لێرەدایە دەروازەکانی مەلەکووتی سکاندیناڤیامان بۆ ئاواڵا دەکاتەوە و ئێمەش لە دوویدا، هەرکەس بە مەشخەڵی ئازادی، ئاڵای ئینسان و پیرۆزی شیعرەوە دەچینە ژوورێ و **«هەورەکان کیژی ئاسمان بوون، کازیوەش خەونی پێیانەوە دەبینی»**..

هەروەهاش لە وشەکانی؛ قەڵا، بەهەشت، ئەستێرە و پێمەورە دروست دەکەین و لەنێو ئەم دوورگەیەدا دەمانگەڕێنێ و **«ئا لێرەدا! باڵندەی بینایی سەر گومەزیی یادەوەریی لە شەقەی باڵ دەدەن و بازنەیی بە ژێر بناری ئاسماندا بەناو کەپری هەورەکان ڕەت دەبن، هەتا لە**

**بیـسـتنی ناڵەی زەوی، تۆ ئاسـا بە تەنی یەقنیـیـەت ڕانەکرێن».**

پێبەندی (هەندرێن) بە کێشەی ئینسان و ئازادی وی، دەهێڵێ سەرەتا، سەرەتای مە، لە شتە باشە کۆنەکانەوە نەبینێ، بەڵکو ئەم سەرەتایە لە توخون کەوتنی شتە ڕەزاگرانەکانی حاڵی حازردا ببینێ، بۆیە وێنەی شاعیری کۆڵنەدەری تا سەر و هەتاهەتایی بەخۆ دەنوێنێ و قەت هێدی نابێتەوە، یان بۆی پاڵ ناداتەوە خۆشییەکانی ڕابردووی دێرین، یان وەهمەکان بە خۆشیی مێژوو کاوێژ بکات... هەروەکو کەسێکە بە شاخێکی ڕاست هەڵدەزنێ، زناری ژێر خۆی و ئەوی تری بەردەم خۆی دەبینێ، بەڵام هەر سەردەکەوێ و ڕابردووش زیزی ناکات و لەمپەرێکی لەبەردەم دانانێ هەر ئەوەندە پەلوپۆی ئاژاوە بۆ ئێستاکە... ئەگەر دەگاتە لوتکە و بەسەر تەواوی دیمەنەکە دەڕوانێ، هەموو خەم و پەژارەی، هەر دەرد و ئێشی ئینسانەکانە.

(هەندرێن) لە وەسوەسەی نامۆیی و لەخۆنامۆییدا بەسەردەبا و بە پاکی ئەڤین و منداڵیی و تەنیایی کە دژی فیتنەی واقیعی ماشێنییە، ڕووبەڕووی فەزای ژەهراوی دەبێتەوە. لە دنیای ماشیندا ئەڤینی فەزایی وی گریمانەیە، واتە بێ واقیعییەتە. کاتێک ئەڤین فەزای بێت، دیارە هیچ واقیعییەتێک لە ئارادا نامێنێ: **(زارۆکایەتیش پووش و فەریکە گەنمێک بوو/ خۆری نیوەڕۆیەکی پەرکەمدار هەڵیقرچاند/ دەمنادەمێ بەناو بەهەشتی ساختەی ڕابردوومدا دەڕفێنم،/ هەورێک بەنینۆکە ڕەشەکانی دەست لەناوکم دەنێ و/ بایەکی تووڕە قاچەکانم تل دەکاتەوە و بەجێم دێڵێ).**

شاعیرمان هەمیشە شڵەژانی لە شیعردا هەیە. لە ژینگەیەی بەبێتونگ و پۆڵا ئابلوقەدراوە، هاوارەکانی پەلەقاژەیەکی ئازادن لە قووڵاییدا، کەچی زۆرتر و توندتر پەلەقاژەی لە دەڤەرێکی تاریک و جەللاددا گیری خواردووەتەوە.

(هەندرێن) سۆز و ئەندێشەی خۆی بە زمانە دانسقەکەی باش گرێ دەدا و تێکەویان دەپێچێ. شیعرەکەشی شیعری وێناندنە درەوشاوەکانە:

**(ئەم خەونەش لەگەڵتا ڕێ دەکا، وەک سۆراغ و وڕێنەکانی نامۆیی و ڕەهای شەهوەتی ماسییە پەراگەندەکانی ناخ/ لە وێڵییەتی پەرتبوودا ڕادەکەی، بە گوناهکارییەکانی، کشومات، سێبەرەکانی خۆت دەکوژی: نامرن!**

**ئەو خەنە پیرەش وەک شەقامی بێزاری، نەگۆڕە و نە تەرم).**

هەمیشەش لەسەر لێواری هەڵدێرایە. ڕێک لە بەردەم شڵەژانە قووڵ و کوشندەکاندا کە هەردەم ڕۆحی وی بەرەو شڵەژانێکی زۆرتر پەرت دەکەن. ڕۆحی وی ئاسایش و دڵنیایی و سووکنایی لەدەست داوە، یان هەر نەیبووە، لەسەر ئەم بابەتەش هێندێک شاعیری کلاسیکمان لێیان دواون، بەڵام- بەڕای من- ئەم نەبوونەی ئاسایش و دڵنیایی و سووکناییە لەلای ئەو، بوونی ئاسایش و دڵنیایی و سووکناییە لەلای زۆر کەسان لە خەڵکی هاکەزایی کە ئەم شتە ساویلکەیان پێخۆشە: **(منیش عەدەمی سەبوور ئاسا وەک جمک لەگەڵ ماوە کوێرەکاندا هاتین و خۆم لە گۆشەکانی تاراوگەیەکدا، بە برۆیە لێک گرێدراوەکانی و پیریەتە بە پێکەنیناویە دابەشکراوەکەی، زنجیری سەگە شازادەکەی لە توونێلی تەنیاییە لم لێنیشتووەکاندا ڕادەکێشا.**

**کاتیش لە تەکمان ژنانە بە دەستی ئاسنین و هەنییەی لۆچاوییەوە، ئەم لاواندنەوەی دەمبەست دەکرد، کە جوانێتی بەسەر گیانەڵاکانی جوانی خۆیەوە دەیهۆنیەوە).**

ئایا (هەندرێن) بۆچی شیعر دەڵێ؟ ئەوە پرسیارێکە لەوانەیە هێندێ کەس نەتوانێ وەرامی داتەوە، یان هێزێکی نادیار پاڵی پێوەدەنێ، یان دەیەوێ هەست بە بوونی خۆی بکات.. یاخود وەڵامەکەی تەنیا لای خۆی



دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم وەرامە هەرچی بێت، هونەر، بە شیعریشەوە، بەڕای من، هەڵدانێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، یان ئامانجێک کە قەت کۆتایی نایەت.

گەیشتن بە پەیژە بێهوودەییە، چونکە عارفێک، کە (هەندرێن) عارف نییە، بیەوێ بە پلە و پەیژە بگاتە حەقیقەت، قەت نایگاتێ. وەسڵی حەبیب پلە و پەیژەی بۆ نییە. دەپەڕیتەوە هەر لە جێی خۆتی وەکو ڕۆژ.. وەکو خدری زیندە.. وەکو زەردەشت.. پلەکان کێهەن؟ چین؟ حوکمای تەسەوف پلەیان ڕسکاندووە تا بگەنە حەقیقەت کەچی نەگەیشتن و تەنیا توانیان خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەی وەسڵی حەقیقی لە وەسڵی کازیب جیادەکاتەوە هەمان پەڕینەوەیە کە لەناخدا دەبێ و ئەمەش بنەمای هەموو وەسڵەکانە و هەموو هونەرەکان. ئەوەی لە ڕۆحی حەقیقەت و لە ڕۆحی هونەر نیزیک بێت هەر ئەم پێوەندییە بێواسیتەیەیە، واتا گەڕانەوە بۆ «ناخ»، لەبەر ئەوەی (هەندرێن) هەمیشە دەیەوێ بگەڕێتەوە «ناخ» هەرگیز ئەم کارەی براوە نابێ و زۆر چەتوونە و هەر لە مەترسیدایە، بۆیە بۆ قەرەبووکردنی ئەم لە مەترسیدابوونە دەبێ هەردەم مەترسی بنوێنێ و خۆی لێ ڕزگارکات بە پەڕینەوە بە ڕێگەی ناوەکیدا:

**(نامۆیی دەبێ بە لوورە و هەنگاوەکانیشم لە خۆم جیا دەبنەوە تەمەنم دەکەمە پەیژە لە ماوە تاریکەکانی مێژوو دەڕوانم/ بە قوڕگی زەوی هاوار دەکەم، وەڵامم نادەیتەوە.**

**با دەنگم دەرفێنێ و کاتیش لەسەر ڕۆحمدا شەختە دەگرێ).**

تێرامان لە مەرگ و ژین بەردی بناغەی دنیای شیعری هەر شاعیرێکە، بەڵکو دەتوانم بڵێم ئەو پێوانە وردە و تەرازووە هەستیارەیە کە قووڵایی شاعیر و گشتگیری قەسیدەکەی پێ دەپێوری.. دوو تای ئەو هاوکێشەیەی کە تێیدا بەسەر دەبەین، واتا- مەرگ و ژین- چوارچێوەی فەلسەفییانەی بیرۆکەی هونەرە بە هەموو وێنەکانییەوە. ململانێی ئەم هاوکێشەیەش وردەواڵەی چرۆپڕی ژیانمان کتومت بەرجەستە دەکات و نموونەکانی ژیانمان پێکدێنێ و ئەفسانەکەی ساز دەکات.

ململانێی «مەرگ لەنێو ژین»، ململانێی «ژین لەنێو مەرگ» هەمیشە دوو باڵەکەی داستانی مێژووی ئینسانی بوون... گۆشەنیگای ڕوانین بەو دوو باڵە پێوەری توانای بەهرەی هونەری دەربڕینی ئینسانیەتە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا. بەهرەکەی (هەندرێن) توانای چوونە نێو ئەم داستانە دانسقەیەی هەیە و بەوەی کە ویژدانمان دەوڵەمەند و گەشبینمان دەکات دامان دەنێتە بەر ژین کە بریتییە لە مەرگیش، بێئەوەی مەرگ بریتی لە ژین بێت، بۆ لای ئێمە دەگەڕێتەوە. هێندێ جاریش شاعیرەکەمان ناچار دەبێ قەوارەی نەمان بە جۆرێک داڕێژێ هەروەک نەمانی کاول کردبێت. هەڵبەتە ئەوە ئینسانە کە دەتوانێ ئێشی بەرایی و سەرەتایی مرۆڤایەتی پەنجەنیشان بکات. ئەرکی شاعیر پەنجەدانانە بەسەر ئێشی هەوەڵ و دوایی مرۆڤایەتی کە لە وجوودی خۆیدا لە سەردەمی مێژوویی شیعریدا وێنەی تاکیەتی خۆی وەدی هێناوە:

**(لەنێوان شەهید نەبوون و نەمردن و ژیاندا/ پاشماوەی خەونەکان/ دەدەمەوە، تا تەنیایی نیشتمانێکی بێ مێژووم بۆ ئاوەدان بکاتەوە کە وێرانیەکان لە بیریان چوو بە مەرگ دیلی بکەن، چرایەک لە خەونەکان دەخەمە دەست مێژوو/ تا بەسەر مەرگی خۆیدا کوێرانە وێرانییەکان جێنەهێڵێ/ تەرمەکان لەسەر ڕستەی بادا بە مۆمیای هەڵدەواسم/ تا خواوەندەکان ساتمەی لێ بکەن وجاغی باڵندەکان، ئەو باڵندانەی تا ئێستاش نەگەیشتن، لە مانگرتنی زەویدا پەشیمان نەبنەوە).**

با بێینە سەر باسێک کە هەردەم سەرئێشەی بەدواوە بووە و هەیە، ئەویش مەسەلەی ئیلتیزامە لە شیعر، لێرەدا لە ڕانانی ئەم کۆمەڵە شیعرە بە دەرفەت دەزانم ڕای خۆم سەبارەت بە چۆنیەتی ئیلتیزامی (هەندرێن) و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا دەربڕم:

بەداخەوە ئێمە لە شیعردا، لە بوارەکانی تری ژیانیشدا، تووشی ئاسانکاری و ساکاری بووین. لەمێژە شیعر هەرچی بە هوتاف و دروشمتر بێ باشتر بووە.. بۆ ئەو کەسانەی سەروکاریان بە سیاسەت، یان کوردایەتیەوە هەبووە و هەیە، کێشەکانی سیاسەت و کۆمەڵ زۆر نرخیان هەبووە و هەیە.. شیعری مولتەزم هەمیشە لەکن وان دروشمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، واتا هەر کەس شیعرێکی گوتبێت و خەڵکی سەرگەرمتر کردبێت، ئەو شیعرەی بە باش لە قەڵەم دراوە، ئەم هەویرەش ئاوی زۆر دەکێشێ، ئەگەر بێین بە تێروتەسەلی باسی لێبکەین؛ بەڵام تێگەیشتنی ڕاست و دروستمان بۆ ژیان دەستەبەری وەڵامدانەوەی دروستە بۆ کێشەکانی ژین کە شیعریش ڕەگێکی وزەبەخشی ئەم ژیانەیە.

زۆر کەس نارازین گوایا (هەندرێن) بێ ئیلتزامە، هەر خەمی خۆی دەربڕیوە و هیچی بەبەرکەسانی ترەوە نییە. نارازی بوونێکی نابەجێیە، ئەگەر زیاد نەڕۆم. لە شیعرەکانیدا دەبینم کێشەی مرۆڤی ئێمە و کۆمەڵی بە

جوانی ڕەنگ دەداتەوە، بێ ئەوەی دروشم بەرز کاتەوە. کاتێ باس لە پرۆژەی ترس دەکات وامان پێدەڵێ ئەو ترس و خەفەقانەی ئینسانی ئێمەی وەزاڵە هێناوە، نابەوێ پشت گوێ بخات، بەڵکو لە شیعرەکانیدا وەک هێڵێک شوێنەواری هەیە، لەمانەشە تا ماوەیەکی دوورتر، کە ناتوانم حوکمی کۆتایی بدەم، ئەم شیعرانە بخوێنینەوە و هێشتا هەمان کاریگەرییان هەبێ کە ئێستاکەش هەیانە. هەشن گلەیی دەکەن کە لە شیعرەکانی حاڵی نابن. بە ڕاستیش، بۆ ڕەتدانەوەی ئەم بانگەشانە چی دیکەم پێ نییە لەوە بەولاوە بیڵێم کە ئەمەش گرفتی خۆمانە کە نامانەوێ ئەم جۆرە شیعرانە کەشف بکەین. شیعر لەلای ئەو، نە لاهووتە نە قوتابخانەش، ئەگەر وابوایە دەبوو بە دارێکی وشکی بێ گوڵ تەنانەت ئەگەریش بە چرا و زێوەری جێژنیش برازێنرێتەوە... نە فۆرمە و نە ناوەرۆک، نە وشەیە و نە ماناش، نە کێشە و ڕیتمیش... بەڵکو خەونە، خەونی پەتی و ڕووت، خەونێکی بزۆز، لێڵ دیارە... وەزعەکانی تێکچرژاون، بەڵام پڕ نەشئە و سەحالییە.. شیعرەکانی، هەموو شیعرەکانی قەسیدەیەکن کە ئەزەکەی خۆی تێدا تواوەتەوە.

کێشەی ئیلتزامی ناخی، ئەوەی (هەندرێن) پەیڕەوی دەکا، لە ڕوانگەی من، دەبێ لە هەمان گۆشەنیگاوە هەڵبسەنگێنرێ.

کەسێک تا زەمانێک لەناخەوە هەست بە ترس نەکات توانای دەربڕینی نابێ. کەسێک لە ڕاست کۆمەڵی خۆی خەمساردبێت، ناتوانێ ئەو کۆمەڵە بۆ وێنە بکات. (هەندرێن) زۆرتر لەسەر ئیلتزامە ناخییە دەڕوا. واتا نابێ ئێمە بێین ساختەچییانە شتێک بڵێین و ساختەچییانەش قسەیەک بکەین تەنیا بۆ دڵڕازیکردنی ئەوانی تر:

**(ئەو دڵە ڕاوکێیەی نێوان خواوەند، ناتەبا و ئەهریمەنە پەیماندار و مەزدایە پەیام تراویلکەییانە، بەهاڤرکییە کەرەسەکانم بۆ کۆتاییەکی نیوەچڵ کۆتا دێنم، لە خۆم دەپرینگێمەوە و بە پێکەنینێک هێڵە خاوبووەکانی دنیا رادەچڵەکێنم. لێدەگەرێم ڕەنگی شادمانی و تروسکایی مەلەکووت بۆ ناو ئەو گۆشانەی ڕوح کە من بە نازانم دۆشداماو دەکەن پەلکێش بکەن. ئەو شەڕەش بە سێرەگرتن و بە ئاراستە خوێنتێزاوەکانی مەرگم لێ بە ئاگا دێنێ).**

شاعیرێک کاتێ دەشێ شیعرێ باش بڵێ ئەگەر لە پێشدا لەگەڵ خۆی ڕاستگۆبێت، ئەگەر لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ بێت ئەم ڕاستگۆییەی بۆ ئێمەش ڕادەگوێزێ، ئەگینا وەکو ئەوەیە لە گۆڕەپانەکاندا لەگەڵ هەندێک چەکدار دانیشێ، یان ڕاوەستێ پێیان بڵێ، بۆ نموونە، وەرن لێرەدا، یان لەوێ گومرگێک دامەزرێنین، یان فلانەکەس خاینە و تابووری پێنجەمە بیکوژن، وەک بێتە ڕاپۆرتلێدەر دژی خەڵکی، واتا، شیعرەکەی ئەگەر شیعریش بێت، تا ئەو جێگەیە زیاتر بڕ ناکات.

ئەدەبی ڕاستی، برینەکانی ئەزەل و ئەبەد لە خولگەیەکی مێژوودا جێگر دەکا. ئەدەبی جیددی، بە تایبەتی شیعر، وەک خوداوەندەکانی ئوستوورەکانی میزوپۆتامیا و گریک و ئێران، خاوەنی دووالیزمی بەدیعییە.. باشی و خراپی، ئەبەدی و کاتیی، ئەمانەش هەموویان لە حاڵەتی ئامێزەبوون و دەستەویەخەدان لەگەڵ یەکدی، سەرکەوتنی یەکجارەکیش قەت دیار نییە. ئەم کێشە ناوەکییەش دەگوێزرێتەوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆی. ئیتر زمان ئاڵۆز دەبێ، دارشتن ئاڵۆز دەبێ، ساختمانە شیعرییەکەش ئاڵۆز.. بۆیە ئەم ئاڵۆزییەش بەدیعییە کە لە شیعری (هەندرێن)دا ڕووبەڕووی دەبینەوە. مەسەلەی وێنەکان لەم کۆمەڵە شیعرەدا دەستەویەخەمان دەبنەوە، دەبینم لە شیعرەکاندا کێشی ناوەکی، فۆرمی ناوەکی و هارمۆنی هەیە. مۆسیقای دەنگەکانی دەرەکیش، هەیە و بە گوێ دەیبیسین و مۆسیقای دەنگەکانی ناوەکی هەیە و بە ناخ دەیبیسین.

لە ناو ئەم کۆمەڵە شیعرەدا، لەنێو مەملەکەتی توور، لە دووی خۆم دەگەڕێم.. دەمەوێ ڕوخساری خۆم لە ئاوێنەی شاعیردا ببینم.. لەنێو ئەم دوورگە بخوورەدا، ماڵێک، یان داڵدەیەک بۆ خۆم سۆراغ دەکەم، ناشزانم بۆم دەلوێ، یان شاعیر خۆشی لەگەڵمدا لە دەرگا دەدا و لەو دەشتەدا لەسەرما هەڵدەلەرزین. بۆیە ئەم کۆمەڵە شیعرە تام و چێژێکی تازەی هەیە کە خوێنەرەوەی کورد پێی ڕانەهاتووە.

ئەوە ورێنەی ئێمەیە، گەڕانمانە لە دووری خۆمان، تێدا خەم و دەرد و نیگەرانی و غایەلە و فەزاکانی ئینسانی دەخوێنینەوە و هەر لێرەدا چراکانی شیعر مێرگوزارێکە لە نێوەڕاستی ئەم زەویە قاقڕەی جیهانە. بەڵێ وایە، ئەوە شیعرە کە چاوەکانی (هەندرێن) هەڵدێنێتەوە، جۆرە شیعرێکی گڕگرتوو کە هەمیشە لە خۆڵەمێشەکەیەوە گڕدەسێنێتەوە و بیرە بیرلێکراوەکانیش بەجێ دێڵێ.

# شار دۆزەخێک بۆ مرۆڤ، یان ئاسمانێک بۆ داهێنان

## ئاوڕێک لە شیعری «شار»ی سوارە ئیلخانیزادە

جەبار سابیر
(سلێمانی)

مرۆڤ لە گوندەوە بەرەو شار بەڕێ کەوتووە، واتا شار پێگەی دووەمی مرۆڤە، مرۆڤ لە گونددا ئازادی زۆرترە و لە شاردا دەخرێتە ژێر چاودێری دەسەڵاتەوە، لێرەوە ڕەنگە گوند شوێنێکی ئارام بێت بۆ مرۆڤ، بەڵام شوێنێک نییە بۆ ژیانێکی شارستانییانە بەتایبەت گوندەکانی کوردستان، بە پێچەوانەوە شار ئارامی و ئازادی لێوەر دەگرێتەوە، بەڵام زۆر دەسکەوتی تریشی دەداتێ. لەوەتای مرۆڤ پێی ناوەتە شارەکان و شاری بنیاتناوە کێشە و گرفتەکانی زۆرتربوون و بە بڕوای شارەزایانی بواری سۆسیۆلۆژیا شارەکان سەرچاوەی گرفتی سەرەکی مرۆڤن، سەرباری هەموو ئەو دەسکەوتانەی مرۆڤ لە شاردا دەستی دەکەوێت، گەر وەک لایەنی ئەدەب لە شار بڕوانین دەبینین هەرچی ئەدەبێک لە شاردا دەنووسرێت ڕەگێکی دەچێتەوە سەر ڕەشبینی و بەگشتی ئەدەبی شار وەک ئەدەبێک کە ڕیشەکەی لە گوندەکاندایە، گەشبین نییە و بارگاوییە بەو ئاپۆرا و جەنجاڵییەی شارەکان، شار مرۆڤ تووشی نامۆیی دەکات، چونکە ژینگەی شار وەک ژینگەی گوند خاوێن نییە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە شاردا گۆڕانیان بەسەردا دێت و هەمان پێوەندییەکانی گوند نین.

شار وەک سەنتەری بە یەک گەیشتن و کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونی کۆمەڵە مرۆڤێک، زۆرجار لە نەتەوەی جودا، بە جیاوازی ئاستی فەرهەنگ و کۆمەڵایەتی و

ئابووری و دواتر جیاواز لە ڕووی دیانەت و ئایینزاییشەوە، مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەوەتای مرۆڤ قۆناغی کۆچەری تێپەڕاندووە و ئارەزووی ژیانی بە کۆمەڵی کردووە، جا ئیتر بە ناچاری بووبێ، یاخود پێویستی ڕۆژگار سەپاندبێتی بەسەریدا، شارەکان دروست بوون، دواتر وردە وردە بوونەتە خاوەن تایبەتمەندی خۆیان و لێرەشەوە بوونەتە ستانداردێک بۆ پۆلێنکردنی شار لە جیهاندا، شار لە ئێستادا دەبێ باڵەخانەی بەرزو هەور بڕ و هێڵی شەمەندەفەر و فرۆکەخانە و سینەما و ڕۆژنامە و زۆرترین کارگە و تەواوی پێداویستییەکانی تری مافی مرۆڤی لێ بێت، کە دیارە هەموو ئەوانەی باس کران لە گوند و شار و شارۆچکەکاندا دەست ناکەون.

ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بەرەو پێشچوونێکی باشی بە خۆوە دیوە لە چاو سەدەکانی پێشووتردا، مرۆڤی کورد ڕووی کردە شارەکان و ئەدەبەکەشی وەک زۆر شتی تر بووە ئەدەبێکی شاری لێرەشەوە دیاردەی نامۆیی لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵ دا، ڕەنگە یەکەم حاڵەتی نامۆیی لای مەلا خدر «نالی» ببینرێ، لەو نامەیەدا کە بۆ «سالم»ی دەنووسێ، بەڵام ئەو نامۆییە نامۆییەکە لە دووری نیشتمان وەک زێدی شاعیر، نامۆیی ئەو وەختە دەچێتە قالبە فەلسەفییەکەیەوە کە مرۆڤ لە نیشتمانی خۆیدا بەدەستی خاوەنی کار و کارگەکانەوە دەبێتە ئامێر وەک «مارکس» ئاماژەی پێداوە، کە دیارە ئەوەش لە شارەکاندا ڕوودەدەن؛ مارکس پێی وایە مرۆڤ لە شاردا چەند کار بکات هێشتا تێر سکی خۆی نان ناخوات و دواتر ئەو دۆخەش کاریگەریی لەسەر دەروونی دا دەنێت و تووشی نامۆیی دەکات.

مرۆڤی کورد گوندنشین بووە و ژیانی شارەکان بۆ ئەو تارادەیەک دژواربووە و تەمەنی ژیانی مرۆڤی کورد لە شارەکاندا هەر سەدەیەک دەبێت، بۆیە دەبینی لە شیعری کوردی سەدەی بیستدا واتا شیعری هاوچەرخی کوردی دیاردەی نامۆیی سەری هەڵداوە و زۆربەی ئەو حاڵەتەش لە شارەکاندا ڕووی داوە، واتا شیعری ئەو شاعیرانە نامۆیی تێدا دەبینرێت کە لە شاردا نیشتەجێن و لە شاریشدا دەنووسن، ئەمەشە دەمانباتەوە سەر ئەو بۆچوونەی پێشتر کە وتمان نامۆیی دیاردە و هەڵقوڵاوی شارەکانە، چونکە لە شاردا هۆکانی بەرهەمهێنان و پێوەندی کۆمەڵایەتی و ژینگەکەشی وەک گوندەکان نییە، هێمن «ناڵەی جودایی» لە جەنجاڵی شاری بەغدادا نوسیووە، شێرکۆ بێکەس «دەربەندی پەپوولە» لە ئاپۆرای ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد نووسیوە، ئەم دوو شاکارە هەردووکیان لێوان لێون لە نامۆیی و نائومێدی و هاوارن بۆ بێکەسیی و سەرگەردانی مرۆڤ، شیوەنن بۆ ئاوابوونی نۆرم و بەهاکان.

(سوارەی ئیلخانیزادە) یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئێمە و ئێمەش بێ ئاگاین لە گەورەیی و ڕەنجی ئەو لە بواری نوێگەریی لە شیعری کوردیدا، سوارە هاوکات لەگەڵ «گۆران»ی نەمردا دەستی بۆ تازەگەری بردووە و بەو کەمە شیعرەوە کە نوسیوێتی، هەندێک پێیان وایە گەر مەرگ مۆڵەتی دابا، ڕەنگە لە (گۆران)ی تێپەڕاندبایە، ئەو چەند شیعرێک و دوو قەسیدەی نووسیووە (خەوە بەردینە و پیرە هەڵۆ) کە هێشتا هێندەی گەورەیی خۆیان قسەیان لەسەر نەکراوە و لای خوێنەری ئەمڕۆی کورد لە تەواوی کوردستان نەک ئەو دوو قەسیدەیە، بەڵکو خودی سوارەش نەناسراوە، ئێمە لێرەدا ئاوڕێک لە شیعرێکی تری سوارە دەدەینەوە و قسەی خۆمانی لەسەر دەکەین ئەویش شیعری شارە، کە لێرەدا بە ناوەڕۆکێکی فەلسەفی و دەربڕینێکی ڕۆمانسییانەوە باسی شار دەکات.

هەر لە سەرەتای دەسپێکی شیعرەکەوە هەست بە دۆخێکی دژواری دەروونی دەکەیت کە شاعیری تێکەوتووە، دۆخێک کەوای لێکردووە کەوتۆتە دیالۆژ و مەنەلۆژ لەگەڵ خودی خۆیدا و ڕقی لە هەموو سیمایەکی شار و شارستانی دەبێتەوە، شاعیر لەگەڵ کەشی شاردا هەڵناکات و لێرەشەوە ئەوی شاعیر دەبێتە هەموو ئەوەکانی کورد و بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤی کورد نابێتە شارستانی و ناتوانێ لەو دۆخە کێوییەی خۆی دەرچێت و دەواری عەشرەت جێ بێڵێت و لە باڵەخانەکانی شاردا ژیان بگوزەرێنێ، مرۆڤی کورد ژیانی کۆچەری و کۆڵبەکۆڵی بێزاری کردووە و بەو حوکمەی هەموو ئەو زوڵمەی لێ کراوە سەرچاوەکەی لە شاردا بووە، دوژمنانی کورد لە شارە پڕ ئاپۆرا و جەنجاڵەکانەوە لەشکری هار و دڕندەیان بۆ کوردستان و کۆمەڵکوژ و ڕاوەدوونانی خەڵکی سادە وسڤیلی کورد بەرێ خستووە،

بۆیە مرۆڤی کوردیش ڕقی لە شار و ژیانی شارەکانە، شۆڕشەکانیشمان لە گوندەکاندا دروست بوون و هەر لەوێشەوە ویستوویانە کۆنترۆڵی شارەکان بکەن، ئەمەش جارێکی تر فەزڵی گوندی داوە بەسەر شارەکاندا. تەمەنی شارەکانی ئێمەش هیچی ناگەنە سەد ساڵ ئەگەر وەک شارێکی پێوانەیی لە ئاستی جیهانیدا چاویان لێ بکەین. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، ڕقی مرۆڤی کورد لە شار و ژیانی شار ڕقێکە لە دەسەڵات و ئەو خەڵکانەی فەرمانڕەوایی کوردیان کردووە و دریغییان نەکردووە لە کوشت وبڕی کورد، لێرەشەوە ئەو مەیلە سیاسییە لەم شیعرەدا هەست پێ دەکەین کە سوارە لای گەلاڵە بووە و دەیەوێ لە ڕێگەی شیعرێکی ڕۆمانسییەوە کوڵ وکۆی دڵی دامرکێنێ.

شاعیر بە پرسیارێک شیعرەکەی دەست پێ دەکات و بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی بەرامبەرەکەی بێت و هۆی بێزاری و شار جێهێشتنەکەی لێ بپرسێت ئەم بیانووەکانی بۆ دەژمێرێ. ئەوەی لە ناوەوە دەیخوات دەیکاتە شیعر و کەفوکوڵی خۆی هەڵدەڕێژێ.

**گوڵم دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**

لێرەوە هەست دەکرێت دۆخی سایکۆلۆژی شاعیر پەشێوە و خۆی بە کەسێک نازانێ لە خەڵکی ئەو شارە، شار لێرەدا تەنیا موڵکی ئەوی بەرامبەرە و هەر ئەویش دەتوانێ لەگەڵ شارێکدا هەڵ کات کە ئەم لێی بێزارە. ئەم عەشقی ئاهوورایە و شارکەشی بۆتە ئەهریمەن، شارەکەی دەستی ناوەتە بینی و بەهۆی شارەکەوە خۆشەویستەکەشی فەرامۆش دەکات و نایەوێ لە شارێک خۆشەویستی بکات کە جێگەی هەمو شتێکی تێدا دەبێتەوە تەنیا ئەوین نەبێت، ئەمی شاعیریش تاکە هیوای هەر ئەوینە و شیوەنی شاعیر شیوەنێکە بۆ نەمانی ئەوین وەک (شاملوو) دەڵێت: هەمو هەوڵی مرۆڤ بۆ گێڕانەوەی گوزارشتی خۆشەویستییە کە لە مێژە دۆڕاندوویەتی.

سەرەتای شیعرەکە بە پرسیار دەست پێ دەکات، پرسیار لە غیابێک، لە کەسێک کە دەکرێ وەک خۆشەویستێک ناوی بێنین، پرسیارەکەی ئەم تەنیا پرسیارێکە لە دیوی دەرەوەی دەق، واتا لە ناوەوە تەنیا دەربڕینێکە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوی بەرامبەر، ئەمی شاعیر دەزانێ کە پرسیارەکەی ئەم لای ئەوی مەعشووق شتێک دروست ناکات و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لێ دەکات و ئەمیش لە شیعرەکەدا دیارە کە حەوسەڵە و وزەی ئەوەی تێدا نەماوە وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی مەعشووق بداتەوە، چونکە حاڵەتی سایکۆلۆژی ئەمی شاعیر لەوپەڕی داڕووخاندایە.

پێ دەچێت ئەو بۆنەی لە سووتانی مۆم دەگاتە لووتی مرۆڤ بۆ مێشک و ئارام بوونەوەی باری سایکۆلۆژی سوودی زۆربێت، گوندەکانی ئێمە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست کارەبایان پێ نەگەیشتووە، بۆیە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێمە یان لەبەر شەوقی چرادا شەوی گەیاندۆتە ڕۆژ یاخود لەبەر ڕۆشنایی مۆم، لێرەشەوە کە ئەو ئەتمۆسفیرەی گوند لە یادەوەری مرۆڤی ئێمەدا جێگەی باڵای گرتووە و لەسەردەمی سپلیتدا مرۆڤی ئێمە خەیاڵی لای حەوز و ئاوی مزگەوتەکەی بەرماڵانە.

**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**
**لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت**

لێرەدا دەشێ شەوقی نیئۆن تەنیا هەر گوزارشت نەبێ لە گڵۆپ، دوورنییە ئەو مەبەستی ئەوەبێ کە ناتوانێ لە سیما و چاوی خۆشەویستەکەی بڕوانێت، ئەمەش گرێی خۆ بە کەمزانینە لە مرۆڤی کورددا هەر لە کایەی کۆمەڵایەتییەوە تا دەگاتە سەر سیاسەت و بازرگانیش هەمیشە مرۆڤی کورد شتەکان وەک لایەنی سۆزداری وەردەگرێ و کەمتر پەراوێزێک بۆ عەقڵ دەهێڵێتەوە.

**بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم**
**چلۆن بژێم لە شارەکەت کە پڕ بە دڵ دژی گزەم**

بڕوایەک کەلای مرۆڤی گوندنشینی کورد دروست بووە ئەوەیە کە شار سەرچاوەی بەدڕەوشتی و فیتنە و فەسادی کۆمەڵایەتییە و ئەو حەیا و حورمەتەی مرۆڤی گوندنشین بە درێژایی تەمەنی کۆی کردۆتەوە بە هەفتەیەک لە شاردا بە «با» دەچێت. ئەمەش دیارە لەمێژە داگیرکەرانی کورد کاریان بۆی کردووە و لە ڕێگەی دین و موقەدەساتە ئایینییەکانەوە کاریان بۆی کردووە و مرۆڤی ئێمەش ئەوەندەی لە دووی ژیانێکی سادە و ساکار گەڕاوە، ئەوەندە بۆ ئەوە نەگەڕاوە کە بەهرەی زیاتر لە ژیان وەرگرێت، ئاخر لە گوندەکانی ئێمە تەنیا ژیان هەیە و ئەو

هۆکارانەی ژیان جوان دەکەن دەست ناکەوێت و ئەوە لە شارەکاندا هەیە. ئەم کەسێکی پاک وبێگەرد و دژی هەر زوڵم و زۆرێکە و نایەوێ فێڵ و دەهۆ لە کەس بکات و پێی وایە شار خەڵک فێری دزی و فزی دەکات و ئەو سروشتە پاکەی خۆی دەدۆڕێنێت بۆیە دەیەوێ چی زووترە شار بەجێ بهێڵێت و بەرەو زێدی ڕەسەنی خۆی کە گوندە بگەڕێتەوە.

شــار پڕە لە بینای بەرز و ژیانێکی وشک و ڕەق بە ئیسنان دەبەخشێت و بوونی ئەو هەموو ستوونی کارەبا و ڕایەڵی ستــوونەکــان مــرۆڤی ســادە و ســاکــار تووشی سەراسیمەبوون دەکەن و شار دەکەنە ئاسنێکی ڕەق و لە هەمــوو ســۆز و بەزەییــەک دای دەمــاڵن. بۆیە ئەمی گوندنشین کـە لەناو ئەو بارودۆخـە نوێیــەی شـاردا خـۆ دەبینێــتــەوە پێی وایە لە زینداندایە و دەســتــەکــانی بەستراون. لەم ڕوانگەیەشەوە پێی وایە لە شاردا شتێک نییە ناوی خۆشەویستی بێت.

**لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە**
**مەلی ئەوین غەوارەیە**
**ئەڵێی لە دەوری دەست وپێم**
**ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە.**

ڕووی دەمی شــاعــیــر لە خـۆشــەویســتــەکــەیەتی کـە شارنشینە و دەیەوێ پێی بڵێ ئەم شارەی تۆ ژیانی منی کــردۆتە دۆزەخ و هەست دەکـەم لە زیندانەدام و دەست و پێم بەســتــراوەتەوە. ئەم پێی وایە خــۆشــەویســتـی بە شـارێکی لەم جـۆرە نـامـۆیە و تێـدا هەڵنـاکـات. ئەمی شاعیر ئەوەندە ڕقی لە شار دەبێتەوە بەو هەستە ناسکەی خۆیەوە پەیکەر وستوونی کارەبای لێ دەبێتە یەک شت و بە هەردووکــیــشــیــان ڕۆحی ئەم دەکـرۆژن، چونکە ئەم پەیکەرەکــەی لێی دەبێــتــە داهۆڵی نـاو مــەرەزەکــە بۆ دوورخــســتنەوەی چۆلەکـە لە مـەرەزەکـە بەکـاری دێن و ستوونی کارەباشی لێ دەبێتە سێدارە.

**ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە**
**ئەوەی کە دارە تێلە مەزهەری قەنارەیە**

ئەوانەی کـە لە (سـوارە)وە نزیکبوون و ئاشنایەتییــان هەبووە لەگـەڵیـدا، بەتایبـەت لەو مـاوەی چەند سـاڵەی سوارە لە تارانی پایتەختی ئێران ژیاوە، ئاگاداری ئەوەن کە سوارە عاشقی کچێکی فارس بووە بەناوی «ئاهورا» و ئەم شیـعـرەشی بۆ ئەو نووسیـوە، چونکـە لێرەدا سـوارە ڕقێکی زۆری لە شار دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی کە ئەو کچە دڵی سـوارە دەشکێنێ، لەبەر ئەوە دەبێت ئاگـامـان لەوە بێت سوارە ڕۆشنبیرێکی کۆنەپەرست نەبووە تا لە خۆیەوە ژیانی شار ڕەت کـاتەوە و شار بە زیندان و قـەڵای ستـەم بچوێنێ، ئەم ڕقەی سوارە ڕقێکە لە پێوەندییەکانی مرۆڤ لە شـاردا نەک لە خـودی شـار بەو هەمـوو دەسـتکەوتەی پێشکەشی مرۆڤی دەکات. شارنشینەکانی ئێران یاخود خەڵکی فارس بەگشتی زۆر عاشقی کوورە و کوانوون لە ماڵدا(شومینە) لەبری سوپا وهەر جۆرە ئامێرێکی تری گەرمکەری کارەبایی کوورە دادەگیـرسێنن و لە زۆرینەی ماڵەکانی تاراندا ئەو کوورەیە هەیە و بەردەوام دەسووتێ. ســــووتانی ئەم کــــوورانەش وا دەکـــــات بەردەوام لە دووکـەڵکێشی سـەربانی مـاڵەکـانەوە سـتوونی دووکـەڵ بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە بە جۆرێک ئاسمانی شارەکە تەڵخ دەکـــەن و لێ ناگـــەڕێن تیـــشـکی هەتاو تەواو دەرکەوێت و کاریگەری هەبێت. سوارەش وەک کەسێک کـە خـۆی بەلایەنگیــری خـەڵکی هەژار دادەنێت و لەو ڕوانگەیەشەوە بۆ مەسەلەی خۆشەویستی دەچێت پێی وایە ئەو کوورانەش تەنیا لە ماڵی دەوڵەمەندەکاندا هەیە و بۆ ئەوەیە تیـشکی هەتاو بەندکـەن و خـەڵکی هەژاری لێ بێبەش کەن، کە هەمیشە لەبەر هەژاری خۆی، حەزی بە تیشکی هەتاوە.

**لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند**
**تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند**

وەک دەزانین شار هەمیشە جەنجاڵە و ئاپۆرای خەڵک هەڵڵاو هەنگامەیەک دەنێتەوە، مرۆڤ تووشی حاڵەتێکی دەروونی خـراپ دەکـات، بەتایبـەت بۆ خـەڵکێکی نامـۆ هەمـوو ئەو ژاوەژاوەی نـاو بازاڕەکان وەک شیـوەنێکی بە کوڵ دەبیـستـرێ و پێی وایە ئەوەی لەوێیـە و تووشی ئەم دێت هەمووی بێگانەیە و ناسیاوێکی تێدا نییە، کە ئەم دڵی پێی بکرێتەوە.

**لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆلی شینە**
**دێ بەرەو دڵم**
**دەستی گەرمی ئاشنانییە کە ئەیگوشم**
**دەستی چێوییە.**

وەک لە سەرتاوە باسمان کرد لە شاردا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سفر دەبن و پێوەندی بازرگانی و بەرژەوەندی شوێنیان دەگرێتەوە، لێرەشەوە ئەوەی ناوی پیاوەتی و شەهامەتە بە مانا کۆمەڵایەتی وگوند نشینییەکی، مانایەکی نامێنێ، کەسێک نییە پیاوەتی بکات و مانای پیاوەتی بزانێ و کەسیش ڕێز لە کەسێک ناگرێت گەر فێڵزان و پارەدار نەبێت.

**لە شارەکەت زەلیلە شێر، باوی ڕێوییە.**

لای سوارە  شێر بە مانای پیاوی پیاوانەیە و ڕێویش کەسێکە کە تەنیا فێڵ و دەهۆی خۆی وای کردووە حسابی بۆ بکرێت و لەمەشدا شار کۆمەکی ڕێوییەکە دەکات نەک شێرەکە، چونکە ڕێوییەکە لەسەر فێڵی خۆی دەژی و شێرەکەش دەیەوێ بە شان وشەوکەتی خۆی بژی کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گەر لە گوندا کەسێک باوانی بە ئەشراف و بەگزادەیی ژیابن، ئەوا خۆیشی هەر وا دەژی و کەسی ناکەسبەچە و ڕێوی ئاساش تا هەتایە هەروا دەمێننەوە.

سوارە ئەوەندە دڵی شکاوە و لە شار ڕەنجاوە، بۆیە دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێت لە شار دوور کەوێتەوە و بڕواتەوە گوند، کە تاقە شوێنێکە ئارامی بەمی شاعیر و عاشق ببەخشێت، هەر لەبەر ئەمەش پێی وایە گەر بڕوبیانووش، نەبێت ئەم هەرشتێک دەکات بۆ ئەوەی بیانوویەکی دەست کەوێت و لە شار دوورکەوێتەوە.

**بە هەر نیگایەک و پەتایەک ئەڵێم بڕۆم  لە شارەکەت.**

ئەم گەیشتۆتە بڕوایەک کە ئیدی شار وەک ناوچەیەکی زۆنگاو و زەلکاو وایە مەحاڵە ببێتە ناوچەیەکی بە گوڵ و گولزار ڕازاوە و  جارە گوڵ، لای وایە کە لە شاردا ڕێز لە مرۆڤی باش ناگیرێت و هەرچی مانای خۆشەویستییە لە شاردا بوونی نییە و عەشق لە شارێکی تەسکدا ناژی و ئەم شارە تەنیا بۆ خەم و خەفەت فراوانە و ئامێری والآیە.

**گوڵم هەرێمی زۆنگ و زەل**
**چلۆن ئەبێتە جارە گوڵ**
**لە شاری تۆ، لە بەبانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو**
**شارەکەت**

**ئاسکە جوانەکەم**
**تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەروا.**

سوارە وای دەبینێ شاری تاران کە خۆشەویستەکەیشی خەڵکی ئەوێیە، شارێکە هەژار تێیدا ناژی و تەنیا بۆ خەڵکی پارەدار و دەوڵەمەندە، جگە لەوەش بۆ ئەمی عاشق تاران شارێکە خەڵکەکەی گوێ لە سرووتەکانی خۆشەویستی ناگرن و تەکنەلۆژیا مرۆڤەکانی هاڕیوە و ئەم ناتوانێ ڕازی دڵی کە پڕە لە ئایەتەکانی عەشق بۆ هیچ کەس ئاشکرا کات.

لە کۆتایی شیعرەکەیدا سوارە وەک هەر تاکێکی کورد مەیلە خێڵگەری و دژە شارستانییەتەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و پێی وایە ئەمێک کە لە ژێر دەوار و ساباتی عەشرەتدا پەروەردە بووە، ناتوانێ لە شاردا هەڵ کات، هەر ئەمەش وای لێکردووە کە جەستەی بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شار ڕانایات و تەنیا هەر بناری پڕ بەهاری گوندەکەیان دەتوانێ ڕەنگی سوور و شین بدات بە عاتیفەی گەشی. سوارە بە تەمای چەند ساڵێک نەخۆشییەکی سەخت دەگرێت و هەموو جەستەی لەگەچ دەگیرێ و کەس بە تەمای نەماوە، ئەم شیعرەش بەرهەمی ئەو ماوەی نەخۆشییەیەتی.

جگە لەوەش ئەم دەربڕینە مەیلێکی زۆر ڕۆمانسیانەیە و دەیەوێ بڵێت منی شاعیر لە شارێکدا ناتوانم شیعر بنووسم کە دابڕابێت لە سروشت، چونکە هەردەم سروشت و مرۆڤ زۆر پێکەوە گرێدراون و بەبێ یەکتر هەڵناکەن.

**منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم**
**بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت**
**ڕانەهاتووە لەشم**
**بناری پڕ بەهاری دێ**
**ڕەنگی سوور و شین ئەدا**
**لە شیعر و عاتیفەی گەشم**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم.**

# لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنووسم

کاروان عومەر کاکە سوور
(دانیمارک)

(٢-٢)

ئەوەتا وا بەسەر بەردە بازەکانی ناو ئەو جۆگەلەیەی لای ماڵە گامێشەوانەکاندا دەپەڕینەوە.. بەڵام ئەو بەردانەی لە ژێر ئاوەکەدا نقووم بوون و بە لێڵی دەبینرێن، لە کۆمەڵێک دەموچاوی شێواو و خەمناک دەچن، چ ئەوان و چ گەورەکانیش، کە لەسەر زک نووستوون و پشتیان گەیشتۆتە سەرووی ئاستی ئاوەکە، ئارەزووی خۆیانە لە چی دەچن و لە چی ناچن، ئێمە قاچیان دەخەینە سەرو دەپەڕینەوە.. بۆ پەڕینەوەش ئەوە گرینگ نییە، تۆ چەند توانات هەیە، بەڵکو ئەوە گرینگە جەستەی تۆ چەند فێڵ و چەند هونەر دەزانێت.. ڕێک لە سەما دەچێت.. سەمایەکی تەواو جیاواز لەو سەمایەی تاوێ لەمەوبەر دەف و زنجیر و هایوهووی دەروێشەکان دوور لە خواستی خۆمان پێیان دەکردین.. نابێت خەیاڵت بڕوات و بیر لە ڕابردوو، یان لە داهاتوو بکەیتەوە.. دڵت خۆشە، یان ناخۆش، دەبێت کەمەرت بلەرزێنیت.. دەستەکانت وەکو سەوڵی بەلەم بەملاوبەولادا بجووڵێنیت.. ئەوەتا دایکم و «پوورە گوڵبەهار»یش دوور لە خواستی خۆیان سەما دەکەن.. ئەگەرچی دەزانم نابێت بە هیچ ژنێکی کوێی بڵێم پوور و دادە، بەڵام ئەو حاڵەتەی ئەوی تێدایە، هەموو سیما کوێیانییەکەی شاردۆتەوە و چوار جار بە قەدەر خۆی دەریخستووە..ئەو بارانەش ڕەنگی ئاوەکەی گۆڕیوە.. لە ڕەنگی هەورەکان دەچێت.. ناکرێت بە جوانی نەزانی، هەتا ئەگەر سوڕ بزانی هەمان چڵکاوی ڕۆژانە.. ڕەنگ ئاوایە..پیسی و پاکی نازانێت.. لە هەرکوێ و لە هەر کاتێکدا بیەوێت، دەردەکەوێت و هەموو شتێک دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.. ئەوەتا بیرت دەباتەوە، کە پەڕینەوە مانای

گەیشتنە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی جیاواز.. باشە کێ بە منی وتووە ئەو پێناسەیە بۆ پەڕینەوە بکەم..؟! ئەدی بۆ پەڕینەوە ئەو شوێنە نەبێت، کە دوو شوێنی تۆراو بە یەکتر ئاشت دەکاتەوە..؟! هەر خێرا لەوەش پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم پەڕینەوەیە شوێنەکان لە یەکتری دادەبڕێت.. دە ئاخر لێکترازانیش نەبا، کەس پەڕینەوەی نە دەناسی.. لەو دەشتەی نێوان ماڵی خۆمان و قوتابخانە هەر ئەوەندە من زمانم سووتا و بە «عادیل»م وت:

– لە سەرخۆڵی ڕێگاکە...

ئەو وەکو شیری سەر ئاگر هەڵچوو پێی وتم:

–ئای کە قسەیەکی بێمانایە...!! دەبێت بڵێی لەسەر ڕێگاکە، چونکە ڕێگاکە هەر خۆی خۆڵە.. قابیلە ڕێگاکە ئاسن بێت و خۆڵیان لەسەر ڕۆ کردبێت...؟!

– هەمووشی هەر خۆڵ نییە... ئەگەر زۆر زۆر هەڵیکۆڵین، دەگەینە ئاو و خۆڵ نامێنێت.

–بەڵام ئەوکاتە پێی دەوترێت بیر، پێی ناوترێت ڕێگا.. ئێمە باسی ڕێگا دەکەین.

ئێمە بپەڕینەوە و نەپەڕینەوە، ئەوا لەوبەر هەر بە ژێر کەپری دووکانەکانی ناو بازاڕدا دەڕۆین.. کەواتە ئێمە ئێستا لە ماڵی ئەو پیاوە نزیکین، کە لە منداڵێک دەچێت..بەڵام دیمەنی دارە بازەکە و دەروێشەکان لە بەرچاوم لاناچن.. ئەگەر لاش بچن، هەر خۆم دەیانهێنمەوە..چێژ لەوە دەبینم خۆم بترسێنم.. وەکو ئەو شەوانەی قاچەکە لە گۆڕستانەوە دەهاتەوە و لەسەر دیوارەوە خۆی هەڵدەدایە حەوشەمانەوە.. پەنام بۆ سەدان فێڵ دەبرد هەتا لەبەرچاومی لابەرم، کەچی سووک و ئاسان دەمهێنایەوە..«خوون»ی لێ دەچۆڕایەوە.. وردە وردە هەموو شتێک لەو تیشکە باریک باریکانە دەچوون، کە دوای ئێوارە لە ڕۆژ بەجێ دەمان و وەکو پەشمەک لەسەر ڕووی ئەو ئاسمانە لێڵەدا دەتوانەوە.. هیوام دەخواست ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڵلارەکەم بگەیەنمە ئەوێ و بەو تیشکانە بۆیەی بکەم..چێژی ترس لە هیچ چێژێکی دیکە ناچێت..ئەمە دەزانم و ناشتوانم بە کەسی بڵێم.. نەء، چەند جار ویستم ڕووم لە دارەبازە و دەروێشەکان وەرگێڕم و نەمتوانی....

پیرەمێردێک قەلەمونێکی نێری پێیە.. قاچەکانی بە پەڕۆ لە یەکتری گرێ داون.. وا لە پێش ئێمەوە بە لەرزە لەرزە قاچی باریکی لەسەر بەردەبازێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوازێتەوە و هەر دەبۆڵێنێت.. لەسەر شێوازی خۆی سەما دەکات و جنێو دەدات.. ئاخر ئەوسا، پێش بگەینە بەردەبازەکان وتی گوایە شێخێکی زۆر گەورە مردووە.. کوڕێکی چواردە پانزە ساڵان بەدەم قاقایەکی سەیرەوە، کە نازانم بۆچی ویستم لە چاوی بکەمەوە، وتی:

– ئێسقانی پارە ڕیخۆڵەی هەڵدڕیوە.

پیرەمێردەکە بۆ بەردێک دانەویەوە و ئەو ڕای کرد.. بەردەکەی تێگرت، ئەگەرچی سوڕ دەیزانی پێی ناگات.. لەگەڵیدا سەدان جنێوی بۆ دایک و باوکی نارد.. سەری هەموو جنێوەکانیشی بە «ئێسقانی پارە» دەستی پێکرد.. «ئێسقانی پارە لە....» قەلەموونەکەی بن باڵی جووکاندی.. تمەز لە حەژمەتان ڕای گوشیبوو.. بە چەپۆک تێی کەوت...دەیان جنێویشی بەو دا.. بە ئێمەی وت، کە سەدان کەس لەسەر دەستی ئەو شێخە تۆبەیان کردووە.. نازانم تۆبە چییە و چۆنە..؟! بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەسەردەستی یەکێک تۆبە بکات؟! ڕێی تێدەچێت کۆترێک لەسەر دەستی من هەڵبنیشێت، دەکرێت درێژترین وانەی ناوکتێبی «ئەلف و بێ»ی پۆلی یەکەم لەسەر قۆڵی «ڕزگار»ی هاوڕێم بنووسم. بەڵام پیاوێک چۆن لەسەر دەستی پیاوێکی دیکەدا تۆبە دەکات..؟! چۆن جێگای دەبێتەوە..؟! چاوانی «پوورە گوڵبەهار»یش وەکو چاوانی قەلەموونەکە دەڵێی دوو دڵۆپ ڕۆنن وەسەر ئاوکەوتوون.. خەمناک ڕێگا دەبڕێت.. جووتە پێڵاوە هاوینییەکەی، کە پاپووجی ئێرانین، ئاویان لێ دەچۆڕێتەوە.. جار جار لێوی خوارەوەی دەخاتە ژێر ددانەکانی و گازی لێدەگرێت...قسەیەکی پێیە و بە «عادل سەلیم»ی دەڵێت، بەڵام «عادل سەلیم» کێیە..؟! پیرەمێردەکە جار جار قەلەموونەکەی دادەنێت و تاوێک پشوو دەدات، کەچی هەر خێرا هەڵی دەگرێتەوە و نایەوێت لە ئێمە داببڕێت.. دایکم بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی لێی پرسی:

– مادام ئەوەندەت ئەو شێخە خۆش دەوێت، بۆچی بەگەڵ ئەو دەروێشانە نەکەوتی..؟!

– عەلە شیشەکە نەیهێشت.

– ئەویشت ببردبایە.

پیرەمێرد لە قەلەموونەکەی ڕوانی و

پێکەنی...چرچەکانی دەموچاوی، کە لە پلێتی لامپا دەچوون،زیاتر دەرکەوتن.. وا تێگەیشتم دەیەوێت بەو پێکەنینە بە دایکم بڵێت ئەو حەیا بەرەیە چۆن بەرێتە ئەوێ.. لەگەڵ هەر هاوارێکدا ملی گەزێک درێژ دەکات و دەڵێت عەلیقول قول قول.. عەلیقول قول قول.. لەناو گۆڕە بەتاڵەکەی شێخدا دەنگ دەداتەوە و ڕەنگ و ڕووی هەموویان دەگۆڕێت.. لەوانەشە مەبەستێکی دیکەی هەبووبێت، بەڵام من لێی تێنەگەیشتبێتم.. «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی»ی خاوەنی خانووەکەیماڵی «عادیل»یش لەو پارچە زەوییەی تەنیشت ماڵیانەوە، کە شوورەیەکی بۆ کردووە، دەیان قەلەموون بەخێو دەکات.. «ئەمیر»ی کوڕەزای بۆی گێڕاینەوە، کە باپیری هەموو نێرەکانی خەساندووە.. هەتا بە تەمسیل بۆی نەکردین، نەمانزانی ئەو وشەیە چ مانایەکی هەیە.. لەناو ئەو ترس و ڕامانەشدا، هێشتا توانیمان لێی بپرسین بە چ مەبەستێک وای لێکردون، هەتا ئەویش بەو شێوازە سەیرەی خۆی پێمان بڵێت بۆ ئەوەی لەلایەک بەسەر مێیەکاندا نەتسێن و لاواز نەبن... لەلایەکی دیکەش کەم بجووڵێین و زۆربەی کات بنوون.. ئینجا بە خواردنێکی کەم، زیاترین گۆشت دەگرن.. من نازانم بۆچی لە پاڵ ئەو هەموو بەزەییەدا قێزیشم لەو قەلەموونانەی«حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی» دێتەوە...

پیرەمێردەکەمان لێ ون بوو.. نەخێر، ئێمە لەو ون بووین.. بازاڕ ئاوایە...شتەکان دەشێوێنێت.. ئەوە لای خۆی بە دایکمی وت قەلەموونەکەی چیرۆکێکی سەیری هەیە و بۆمانی دەگێڕێتەوە.. لەناو ئەو حەشامەت و تێکقژقژانەدا ئاسان نییە چیرۆکێک تا کۆتایی بگێڕێتەوە..کێ دەڵێت «پوورە گوڵبەهار»یش دەتوانێت چیرۆکی خۆی بۆ «عادیل سەلیم» بگێڕێتەوە...

«ئەمیر»ی کوڕەزای «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی» چاک دەیزانی ئەگەر باپیری ماڵی «عادیل»لە خانووەکە دەربکات، لە ترسی ئەوەی نەبادا کەرویشکەکان بیرمێنن، ئەوا چ خۆی و چ پوورەکانیشی لە بینینی تەلەڤزیۆن بێ بەش دەبن و دەبێت وەکو زۆر منداڵی دیکەی گەڕەک بچێتە گازینۆی «فاتم نانەوا» و بە پێنج فلس سەیری بکات.. ئەوسا باپیری دەهات بە گۆچان هەتا ماڵەوەی دەهێنایەوە.. بە تفیش شاشەی تەلەڤزیۆنەکەی سواغ دەدا، بەڵام «ئەمیر» چەند جارێ پێی وتین، کە هەر کاتێ باپیری بمرێت، ئەوان دەستبەجێ تەلەڤزیۆنێک دەکڕن.. تا ئێستا کەسم نەبینیوە ئاوا وەکو ئەوشێتی تەلەڤزیۆن بێت... ناوی هەموو ئەکتەرە سینەماییەکانی دەزانی.. لاسایی زۆربەیانی دەکردەوە، بەڵام بە دەنگی خۆیشی گۆرانییەکانی بە شێوەیەکی سەیر دەچڕی.. هەردەم پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە «نەجیب ڕەیحانی» ئامۆزای باپیرەتی.. ئێمە دەمانزانی ئەو ئەکتەرەی بە دامەزرێنەری سینەمای میسری دادەنرێت، کوردە و باوکە بازرگانەکەی لە «کوردستان»ەوە بۆ «میسر» کۆچی کردووە، تەنانەت ئەگەر جوان لێی وردبیتەوە، دەزانی لە پیاوەکانی «گەڕەکی سەیداوە»دەچێت، وەکو ئەوان لەوپەڕی ناخۆشیدا خۆشی و لە و پەڕی خۆشیدا ناخۆشی بە دەموچاویەوە دەبینی، بەڵام ئاسان نەبوو باوەڕ بکەین ئامۆزای باپیری ئەو بێت.. با نازناوی هەردووکیشیان هەمان شت بێت.. ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ...!! ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر ڕقی لە باپیری هەڵدەستا.. دەیوت «ڕەیحانی»یەکەی لێ دەربچێت، کە بۆ نازناوی ئەکتەرێکی لێهاتوو دەست دەدات، ئەگینا ڕیقنەی قەلەموونەکانی لە خۆی باشترن.. زۆر جاریش خەتاکەی دەخستە سەر «مام جەبار»ی دراوسێیان.. دەیوت ئەو پێی وتووە، کە هەر دنیا تاریک داهات، ئەو تەلەڤزیۆنە ژنی ڕووت پیشان دەدا.. باپیری چەندین شەوی زستان لەو سەربانەی خۆیان دادەنیشێت و لەو ئالیەرە دەڕوانێت، بەشکو ئەو ژنانە ببینێت، کە گوایە وەکو چۆن بە ڕۆژ باڵندەی لەسەر هەڵدەنیشێت، ئاوا بە شەویش ئەوان بە ڕووتی لەسەری هەڵدەنیشن.. تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبێت و لە مەرگ دەگەڕێتەوە.. ئینجا «مام جەبار» تێی دەگەیەنێت، کە بەزمەکە لە ژوورەوەیە.. نەماندەزانی ئەوە ڕاستییە، یان «ئەمیر» خۆی هەڵی بەستووە، چونکە ئەو شتانەی لە دەست دەهات، بەڵام ئەوەمان لا ڕوون بوو، کە «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی» چەند دوژمنی ئەو ئامێرەیە.. «ئەمیر»یش بەردەوام ئەو ساتەی دەهێنایە بەرچاوی، کە ئەو لەناو پێخەفە ڕزیوەکەیدا گیانی دەردەچێت، یان لە بەردەرگای حەوشە قاچەکانی لەبار یەکتر دەچن و بە پشتا دەکەوێتە سەر ئەو زەوییە ڕەقەڵانە، بەڵام ئەو هەنگاوە چوستانەی وایان پیشان نەدەدا، کە خەونی کوڕەزاکەی وا بە ئاسانی ببێتە ڕاستی.. گۆچانەکەشی زیاتر بۆ ترس و

ســـام به دەســـتـــەوە دەگـــرت، نەوەک بۆ ڕۆیشتن و هاوسەنگی.. کاتێ دەچووە ماڵی «عـادیل»، به قایم له دەرگا و دیوارەکانی دەکوتا.. یان به هەموو هێزی خۆیەوە بۆ کـەروێشکەکـانی ڕادەوەشـاند.. منیش وەکـو زۆر منداڵی دیکەی گـەڕەک بیـستم، گـوایه «ئەمـیـر» به تەمـایه شـەوێک له خـەودا باپیـری بخنکێنێت.. یان ژەهری مـشک و جـرجی بۆ بکاته چێشتـەوە.. لەگـەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو ڕقەی له باپیری هەڵگرتبوو، لەوەدا یارمـەتی دەدا، کـه بتـوانێت به چاکـترین شێـوه لاسایی بکاتەوە.. ئەوەش هەر خۆی مەشقێکی باشبوو لەوەی، کـه له ئایندەدا ئەکـتـەر، کـتـومت ڕۆڵی پیـرەمـێـردێکی کەللەڕەقی شـەڕانی ببـینێت.. ئاخر ئەو بەردەوام پلانی دادەنا چۆن له ئێـسـتـاوە خـۆی پێ بگەیەنێت، بۆ ئەوەی چەند سـاڵێکی دیکه سـەر هەڵگرێت و ئێـره بەجێ بهێڵێت.. سەرەتا بچێته «میسر» و ناوبانگێک بۆ خۆی پەیدا بکات، لەوێشەوە ڕێگای «ئەمەریکا» بگرێته بەر و بەهۆی فـیلمـه یەک له دوای یەکـەکـانی بگەڕێـتـەوە.. لەسەر دیوای حەوشەی «قوتابخانەی قازی محەمەد»دا دەسـتـەکـانی بۆ ئاسـمـان هەڵدەبڕی و ڕای دەکـرد.. زۆر جـاریش هەردووکـیـانی له دواوە بۆ دەبەست و دەبـوایه به هەنگەشەلێ لەم سـەرەوە بچێـتـه ئەو سـەر.. ئەگـەرچی چەند جـارێک کـەوته خـوارێ و قـاچی لەجێ چوو، یەک دوو پەراسـووی شکـا، ناوچەوانی قـڕنجـا، بەڵام ئەنجـام ڕاهات.. به پایەکـانی قـادرمـەی ئەو تانکیـیـه بەرزەی «سـەیداوە»دا سـەردەکـەوت و هێندەی کـۆترێکی لێدەمایەوە.. لەوێوە وێنەی ئەکتەرێکی لێهاتوو قسەی دەکـــرد و دەنگی دەدایـەوە.. ژیانـی وی بەردەوام لـه مەترسییەکی گەورەدا بوو.. کەس نەیدەزانی چۆن لێیان دەرباز دەبێت، بەڵام ئەو جارەی خۆی هەڵدایه ژێر تایەی ئوتومبێلێک، گـوایه دەیەوێت به تەمـسیل وای پیشـان بدات لێی داوە و بەڕاسـتـیـش بەری نەکـەوتووە، زۆری نەمـابوو ئەو دۆجـه لەگـەڵ قـیـرەکـەدا بیکاته یەک.. شـۆفـێـرەکـه ڕەنگی زەرد زەرد هەڵگەڕا.. باریکەیەکی گەنج بوو.. به کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشەوە دابەزی و لێی پرسی:

– ئەوە تۆ بۆ وات کرد کوڕی نازانم کێ..؟!

یەکێ له هاوڕێکانی پێی وت:

– ئەوە تەمسیله.. چەند ساڵێکی دیکه دەچێته میسر و دەبێته ئەکتەر.

شوفێرەکه هێندەی دی تووڕە بوو:

– باشتر نییه پێشتر دایکی بنێرێت، بەشکو هەتا ئەم دەگـات، ئەو لەو تیـاترۆخانانەی ئەوێ جێگایەکی باشی بۆ بکاتەوە..؟!

«مازن ئەحمەد»ی پوورزای، که له هەمووان زیاتر هانی دەدا ببێته ئەکتەر، به کابرای شۆفێری وت:

– تۆ ئێـسـتـا گـاڵـتەت بەم قـسـانه دێت، بەڵام دەبینی چۆن ڕۆژێک وەکو نەجیب ڕەیحانی ئامۆزای باپیری کچی جوان جوان ماچ دەکات.. تۆش زەقەی چاوت دێت و لەو تەلەفزیۆنه تەماشای دەکەیت.

–با جارێ دایکی بچێت وەکو هیند ڕۆستەمی پوورزای و هودا سوڵتانی خاڵۆزای له فیلمێک له باوەشی ڕوشدی ئەبازه بێت و له یەکـێکی دیکه عـیـمـاد حـەمـدی هەڵی پەڕێنێت، ئینجا ئەو کاته... «مازن ئەحمەد» وتی:

– ئەو کـاته پوورم سەری خۆمـان و گـەڕەکـەشـمـان بەرز دەکاتەوە.

ئەو هەمـــوو ڕۆڵێکی لێـدەهات.. هی خـەمناک و هی پێکەنیناوی.. هەرچییەکی بەشەو لەو تەلەڤزیۆنەی ماڵی «عـــادیل»بدیـبـــا، بـه ڕۆژ لـه چاوی دەکـــردەوە.. دەگـریـا...فـرمـێـسـک بەڕاسـتی لەو چاوانه دەهاتنه خوارێ.. پێدەکەنی.. دەتریقایەوە.. دەبووڕایەوە.. له پڕ دەیکردەوە گریان.. ئەوەی نەیدەهێشت «دایکی عادیل» لێی بێـزار بێت و وەکـو ئەندامـێکی خـێـزانەکـه لێی بڕوانێت، ئەوە بوو کـه ئەو به تەنیـا دەیتـوانی له زمـانی کـچـه نەخـۆشـەکـەی تێبگات.. له ڕاسـتـیـدا ئەو ناوی «ڕێزان» بـوو، بەڵام چونکه به دەست دەردێکی پیـســەوە دەتلایەوە، له گـەڕەک هەر به «کـچـه نەخـۆشـەکـه» ناوی دەهێنرا.. تەمـەنی دەگـەیشـتـه چوار پێنج سـاڵ، بەڵام له منداڵی سـاوا دەچوو.. بەردەوام دەیانکردە باوەش و هەر دەنـووزایەوە.. ڕۆژ بـه ڕۆژ زیاتر چاوەکـــانی بـه قـــووڵدا دەچوون و پێستی دەموچاوی چرچ هەڵدەگەڕا...سەرەڕای ئەو دەست کـــورتیـــیـــەشـــیـــان جلی جـــوان جـــوان و ڕەنگاوڕەنگیـــان لەبەر دەکـرد، بۆ ئەوەی کـەمێ ڕەنگه زەردەکەی بشارنەوە.. به گوریس جۆلانەیەکیان بۆ ساز کـــردبوو.. زۆربەی کـــات باوکی ڕای دەهەژاند.. خـــۆی لەسـەر دارشـەقـەکـانی بن باڵی ڕاگیـر دەکرد و بەردەوام پاڵی پێـوه دەنا.. ئەوسـا زیاتر خـەیاڵی دەڕۆیشت، بۆیه

هەندێک جار سەری دەسووڕا و دەکەوتە سەر زەوییەکە.. هەمـوو ئەو شـتـانە نەیاندەتوانی ئازارەکـانی «کـچـە نەخۆشەکە» نەهێڵن.. «ئەمیر» لێی وەردەگرتن.. بەملا و بەولایدا دەبرد.. خۆی بۆ دەکرد بە پشیلە و بە سەگ و بە هەمـوو جۆرە ئاژەڵێکی دیکە.. هەمان دەنگی ئەوانی لە قورگی هەڵدەستاند.. دەیهێنایە پێکەنین.. وا هۆگری بوو بوو، بە دوایدا دەگـریا.. زۆر جـار لە باوەشـیـدا دەنووست.. ئەو ڕۆژەی «کچە نەخۆشەکە» مرد، «ئەمیر» بەڕاسـتی گـریا، بەڵام ئەو ئێـوارەیەی باریان کـرد، نەتدەتوانی ناو لەو حاڵەتە بنێیت، کـە بە سیـمـایەوە دەبینرا.. من هەرگیز ئەوەم بیرناچێتەوە، کاتێ وتی:

– ئێـوە دەزانن چەند بێـچـووە کـەروێشکی چاو نەپشکوتوو لەناو ئەو کونانەدا بە جێماون، کە باپیرم و باوکم پڕیان کردنەوە..؟

دەتوت بەڕاستی لە بەرامبەر ئەکتەرێکی لێهاتووداین، بەڵام ئەو بۆ تەلەڤـزیۆنەکـە دەگـریا، نەک بۆ کەروێشکەکان....

ئێـسـتـا دوورنـیـیـە لەناو ئەم بازاڕە «دایکی عـادیل» ببینین، کە قەفەزێک کەروێشکی پێیە و دەیانفرۆشێت.. لەوەتەی باریان کـردووە، نەمـدیون.. وتـیـان لە «سەعدوناوە» خانووێکی دیکەیان بە کرێ گرتووە... نازانم بۆچی ئەوەندە پەرۆشی بینینیانم.. لە گـەڕەکی ئێمە گوتەیەک هەیە دەڵێت: «کاتێ بۆ بینینی یەکێک بە پەرۆشیت، ئەوە دەتەوێت شەڕی لەگەڵدا بکەیت».. نا، بە تەمای شتێکی ئاوا نیم، بەڵام لە ئێستاوە دڵنیام، کە لەڕووم نایەت بییـان دوێنم.. هەر دەڵێی تاوانێکی زۆر گەورەم لە هەقدا کردوون.. شوفێری دۆجەکەشم لە ڕۆژی زەماوەندی خاڵمدا بینییەوە... لە پیاوە تووڕەکەی ئەو ڕۆژە نەدەچوو.. دەرکـەوت خزمی خـۆمـانە..نوکـتـەی دەگێـڕایەوە و هەمـوویان لە قـاقـای پێکەنینیـان دەدا.. شەرم ڕێگای پێ نەدەدام لێی بپرسم دەزانی ئەو کوڕەی خۆی خستـە ژێر تایەی ئۆتۆمـبێلەکەی تۆوە و لە مـردن گـەڕایەوە، دوایی چی بەسـەر هات..؟! ڕەنگ بـوو بیـپـرسـیـبـا: «سـەری خـۆی هەڵگرت..؟! کـردی بەڕاست..؟! گەیشتە میسر..؟! بەڵام لەناو ئەو هەموو گەورەیەدا کێ گوێی لە منداڵێکی وەکو من دەگرت، هەتا ئەگەر بیزانیبا چیرۆکێکی کاریگەرم پێیە و دەتوانم کەم و زۆر، باپچڕپچڕیش بێت، هەر بۆیانی بگێڕمەوە... لە ڕاستیشدا من ڕووداوەکەم بە چاوی خۆم نەبینی... کاتێ گـەیشـتـم، پەردەی شـانۆکـە دادەدرایەوە... تەنانەت ئەوانەی لەوێش بوون، نەیاندەتوانی پێمان بڵێن چییـان بینیــووە و بە وردی بیگێــڕنەوە... ئەو جـارە «مــازن ئەحـمـەد»ی پوورزای تایەیەکی ئۆتۆمـبـێلی بە قـەدەر تایەکـەی پێشـووی هێنا.. بردیە هەمـان شـوێن و نەوتی بەسـەردا ڕشت.. گـڕی تێبـەردا.. بە دارەکـەی دەسـتی شوێنێکی لە نزیک تایەکە نیشان کرد و وتی:

– ئەو لێرە قەڵەمبازی هەڵدەدا.. وانییە..؟!

–با، ڕێک لەوێ بوو.

– هەموو جارێکیش لەو دیو دەکەوتەوە.

– ئا، بەڵام دواین جار....

– مـنـیـش ئەوە دەڵـێم... بۆچی بە تـەنیـــــا ئەو جارەیان....؟!

–بەڵام ئەو سوێند دەخوات و دەڵێ منداڵ درۆ دەکەن.. من هاتووم دووریان بخەمەوە و ئاگرەکەش بکوژێنمەوە.

– ئەدی خۆ ناڵێیت قاچم خستە بەرقاچی و...

دوایی هەر «مازن ئەحمەد» خۆی وتی:

– باشە بۆچی بە خەڵک دەڵێت ئەوەی دوای شەیتان بکەوێت، ئاوا خـوا لەسـەر زەوی دەیخـاتە دۆزەخـەوە و دەیکاتە خۆڵەمێش..؟!

ئەگـەر نمنمـەی باران وەسـتـاوە، بەڵام بۆنی خـۆڵەکـە هێـشـتـا لە توانایدا مـاوە پێـمـان بڵـێت گـۆڕانێک ڕوویداوە.. هەر ئەو گـۆڕانە بە سیـمـای بازاڕیشـەوە دیارە.. ڕەنگە زۆربەیان بیـر لە جلی زسـتـانە بکەنەوە.. کـەپری دووکـانەکـان قـوڕاویان لێـدەتکێت.. سـەرنج لە میوەی سەر عەرەبانەکان دەدەم.. هەر عەرەبانچییە و بە شێوازی خۆی پێیاندا هەڵدەدات، هەنارەکان شەق بوون.. دەڵێی دەمیـان بۆ قسە کردۆتەوە.. ئەو دەنکە قاوەییانە کـۆمـەڵێ پیـتـی گـەورەی ئاودارن... دەتوانم بڵـێم لە من دەچن... دەسـتـی ژنان لە ژێر عـەباوە دێنە دەرێ و بەو پەنجە بزێوانە یەک بە یەکیان دەخەنە ناو زەنبیلەکانەوە.. ئەو ڕووداوەی «ئەمـیر»یش ڕووخساری گـەڕەکی ئێـمـەی گۆڕیوە... شتی سەیر سەیری بە دوای خـۆیدا هێناوە... «حـاجی ڕەمـەزان ڕەیحـانی»ی باپیـریشی هیـچی لەوەی جـاران ناچێت... هەر خـێـرا تەلەفـزیۆنێکی کـڕی... لە کـاتژمـێر شەشەوە هەتا کـاتژمـێر یەکی شەو بە دیارییەوە دەبێـتـە بت.. متـەق لە خـۆی دەبڕێت.. مـەگـەر بۆ گۆڕینی

کەناڵەکانی هەستێتەوە و قرچ قرچ پەنجە بە دوگمەکانەوە بنێت، ئەگینا وەکو «مازن ئەحمەد» دەڵێت بەردەوام پشتی بەو دیوارەوە داوە و لێی رادەمێنێت.. لە «کەرکووک»ەوە بۆ «بەغداد» و لەوێوە بۆ «مووسڵ».. جارێک کوردی و جارێک عەرەبی... ماوەی بەرنامەی تورکمانیش لە دەست خۆی نادات، بەڵام خۆشترین رۆژ لای ئەو هەینییە، چونکە لە بەیانییەوە هەتا دوای نیوەڕۆ بەرنامەکان پەخش دەکرێن....

دایکم لە پڕ تووشی دوو دەستە خوشکی خۆی دەبێت... منیش دەیانناسم، دراوسێی ماڵی نەنکمن لە «کۆماری».. وەکو هەموو جارێکی دیکە، بەبێ ئەوەی گوێ بە قەرەباڵغی بدەن، گاڵتە سەیر سەیرەکانی خۆیان لەگەڵ دایکم دادەمەزرێنن، تۆپەڵێک جنێوی پێدەدەن، بەڵام لە پڕ هەردووکیان بێ دەنگ دەبن... جوان لە سیمای دایکم ورد دەبنەوە... بە ئاماژەی چاو دایکم لە ئێمە دووردەخەنەوە، گوایە دەیانەوێت بە نهێنی قسەی لەگەڵدا بکەن.. ئێستا من و «پوورە گوڵبەهار» پێکەوە وەستاوین... دەستم دەگرێت، نەوەکا ون ببم.. شەرم دامدەگرێت، بەڵام درۆ ناکەم وا هەست دەکەم دەستی سۆندەیەکە و هەموو گەرمایی گیانی لە رێگایەوە دەڕژێتە ناو گیانی منەوە.. باشە بۆ نەڵێم ئەو کانییە و من گۆزەیەکی شێدارم..؟! بەڵێ، رێک لە گۆزەیەکی بچووک دەچم... ئێستا پڕ دەبم و لەسەرم دەڕژێتەوە... بروانن من بیر لە چی دەکەمەوە... ناهەقیان نییە بە شێتم دەزانن.. کاتێ دەتەوێت تاکێک کۆتری مێ لەگەڵ تاکێک کۆتری نێردا بکەیت بە هاوجووت، دەبێت بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بیانخەیتە کولانەیەکەوە... نێرەکە بە درێژایی ئەو ماوەیە بە دەندووک لە مێیەکە دەدات، ئەوە بەبێ ئەوەی مێیەکە هیچ ناڕەزاییەکی نیشان دابێت... هێندەی لێدەدات، هەتا تەواو هێز لە گیانی خۆی و ئەویشدا دەبڕێت، ئینجا عەشقی دەبێت و دەبنە هاوجووت... ناسینی دەستەکان تەواو پێچەوانەی ناسینی کۆترەکانە... بە ئاشتی دەستپێدەکەن و بە شەڕ کۆتایی دەهێنن... ئەوەتا دایکیشم دەستی خۆی بۆ ئەولا درێژ دەکات و بە ژنەکان دەڵێت:

-پەلەمانە...دە رۆین.

لەو ئاماژەیەدا وا دەردەکەوێت، کە ئێمە لە ماڵی «عادیل سەلیم» زۆر نزیکین... کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە نزیک بووەتەوە... هەر لە خۆمەوە ترسێک دامدەگرێت... هێشتا دەستم لەناو دەستی «پوورە گوڵبەهار»ە و بە دەم رێگاوە خەیاڵم لە کۆترەکان ئالاوە... رەنگە ئەو هەر بیریشی نەمابێت، کە مەچەکی منی گرتووە.. وا هەست دەکەم ئەو ترسە هەمان ترسی ناو خەونەکەی دوێنێ شەومە...نازانم بۆچی لە قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان»ی ناو بازاڕم.. لەناو هەموو قوتابییەکانی پۆل تەنیا من ئەرکی ماڵەوەم نە نووسیووەتەوە... مامۆستا بە قژ هەڵمدەگرێت و لەسەربانی قوتابخانەوە هەڵمدەداتە خوارێ... بۆ ناو حەشامەتەکە... ئای لەو خەڵکە سەیرە!! ئەوە بۆ سەریان پێوە نەماوە..؟! کاتێ لێیان دەڕوانیت، مرۆڤی ئاساین، کەچی لە جیاتی سەر، تەختەڕەشێکیان پێوەیە و وەکو کێلی گۆڕ شتی سەیر سەیریان لەسەر نووسراوە.. دەیانخوێنمەوە و هیچیان لێ تێناگەم... ترسەکەم زیاتر تاو دەستێنێت.. لە ناوی دایکم، باوکم، مامۆژنم، مامم و هەموو کەسە نزیکەکانم دەگەڕێم و نایاندۆزمەوە..سوڕ دەزانم ئەوان، ئەوانی بێ سەر و بێ دەم و چاو و بێ سیما، من ناناسنەوە، بەڵام کوڵ نادەم... لەناکا و لەسەری یەکێ لە شەقامەکاندا دەزانم من وا رووتم.. رەنگە جلەکانم لەگەڵ دەستە بەهێزەکانی مامۆستا چووبێتن، کاتێ لەو سەربانە هەڵیدامە خوارێ.. ئێستا تێناگەم پێم خۆشە سەری ئەو خەڵکە بوونەتە تەختە رەشی قوتابخانە و ناتوانن من بە رووتی ببینن، یان نا، بەڵام ترسەکەی گیانم ئاگرە و هەتا دێت زیاتر کڵپە دەکات... ئەوان رێگا دەبڕن، بەبێ ئەوەی کەس بەرکەس بکەوێت، کەچی من لە ترسا خۆم لەم لا دەدەم و بەو دەکەوم.. گیانی رووتم لە ژێر قاچی ئەر دەردەهێنم و ئەوی دیکەیان دوور لە خواستی خۆی شەقێکم تێدەسرەوێنێت.. لە پشت کۆمەڵێک بەرمیل و تەنەکە و قوتووی رۆن و دۆشاو و شووشەی هەنگوینی هەڵچنراودا «باوکی عادیل» کامێرا شەمسییەکەی پێیە ودێتە دەرێ... هەمووویان بە شەق هەڵدەداتە ناوەڕاستی «شەقامی باتا» و تەواوی بازاڕ دەورووژێنێت... دەرابەی دووکانەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن... هەندێکیان هەر بە کراوەیی جێدەهێڵن.. خەڵک تێک دەقژقژێن.. پیاوان عەبای ژنان دەرفێنن و خۆیانی پێ دادەپۆشن.. سەدان قاپ و مەنجەڵ و بوتڵی پیپسی و

کۆلا و کووپی شەربەت و دەخیلەی منداڵان دەکەونە ژێر پێیان و خەڵک بە کۆمەڵ بە سەریاندا بەردەبنەوە.. تەختە ڕەشەکان تێک دەشکێن... دەبنە هەزاران پارچە و بەو ناوەدا بڵاو دەبنەوە... سەبەتەی ماسییەکانی بەردەم دووکانی ماسییەکە بەو ناوەدا دەڕژێن و سەدان قاچی باریک و ئەستووریان لێ هەڵدەخلیسکێت.. دەیان ژن و منداڵ بەسەر یەکدا دەکەون... بۆنی ناخۆشی ڕیخۆڵە و ناو هەناوی ماسییەکان، کە بەو زەوییە گەرمەوە دەنووسێن. چەندین کەس دەبوورێننەوە... فەردە خەڵووزی هەڵچنراو وەکو شاخی بەفر هەرەس دێن و تۆزێکی ڕەش ئەو ئاسمانە تاریک دا دەهێنێت... عەرەبانەی باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکانی «دا دەکەژێ»ی باڵندە فرۆش قلپ دەبێتەوە.. یەک بە یەکیان لەسەر ئەو شەقامە گەرمە و لە ژێر پێیاندا چززز دەپلیشێنەوە و بەو قیرە داخبووەوە دەنووسێن.. ئەوان بە خۆڕایی ئاوا خۆیان شپرزە و سەغڵەت دەکەن:«باوکی عادیل» بێجگە لە من، هەقی بەسەر کەسی دیدا نییە.. کۆڵان کۆڵانی ناو قەیسەری و شەقامەکانی دەوری قەڵا دوام دەکەوێت و ئەو کامێرا گەورەیەشی هەر بە شانەوەیە...پێم دەگات و کامێرایەکەی لە بەرامبەرم دادەنێت، بەڵام چونکە قاچێکی شکاوە، بۆیە ناتوانێت لەسەر دوو قاچەکەی دیکەیەدا بیوەستێنێت... من دەرفەت دەهێنم و جارێکی دیکە ڕادەکەم... ئەو دوام دەکەوێت و پێم دەڵێت:

-ڕاوەستە...!! بۆ کوێ دەچیت..؟! بە ڕووتی چەند ڕەسمێکت دەگرم و دوایی پیشانی ئەو خەڵکەی دەدەم.

ڕاچەنینێک، یاخود هاوارێکی بەرزی قوڕگم بێدارم دەکاتەوە... هەیوانەکەمان، کە جێگامان لەناودا داخستووە، هێشتا تاریکە.. ئەو تیشکە کز و باریکانەی مانگیش هەر ئەوەندەیان ڕووناک کردۆتەوە، هەتا من بەهۆی ئەو ئاماژە پرتەقاڵییانەوە بزانم لە قووڵایی تاریکیدام..بۆ ئەوەی تاریکی پیشانی کەسێک بدەیت، دەبێت کەمێک ڕووناکیت بە دەستەوەبێت... نازانم بۆچی بیر لەوە دەکەمەوە.. شەوانی پایز هەر خۆیان لە خەوی قووڵ قووڵ و بێ سەرو بن دەچن.. دەڵێی لە سەفەر دایت...هەیوانیش ڕەنگ و سیمای پایز دەگرێت.. هەر ئەو ڕەنگە بە لێفە و دۆشەگ و سەرینەکانیش دەبەخشێت، بەڕادەیەک وا بزانی هەر بۆ ئەوە دەنوویت تا وردتر و نزیکتر گەڵای زیوینی هەڵوەریو و هەوری تەنکی شێدار وگەردەلوولی پۆپلینی ببینیت.. ترسی ناو خەون و ترسی دەرەوە تێکەڵی یەکدی دەبن.. خێرا دەست بۆ بیجامەکەم دەبەم.. چەند جارێک لاستیکەکەی ڕادەکێشم و بەری دەدەم.. بەر کەمەرم دەکەوێت و دەیلەرێنێتەوە.. بەر کەمەرم دەکەوێت و دەیلەرێنێتەوە..خۆم لە ژێر لێفەکەمدا گرمۆڵە دەکەم.. دەترسم بەڵام کاتێ ورد ورد ڕووداوەکان، دیمەنەکان، جوولە و تێکقژقژانەکانی ناو ئەو بازاڕە ورووژاوە دەهێنمەوە یادم، چێژێکی سەیر لەو تۆقینە دەبینم، ناو لەپەکانم پێکەوە دەنووسێنم و لەناو هەردوو ڕانی جووتکراومدا دەیانشارمەوە... هێشتا ئۆقرە ناگرن.. پەنجە تۆقیوەکانم وەکو کەروێشک ژێر لاستیکی بیجامە و دەرپێ کورتەکەم هەڵدەکۆڵن و خۆیان دەگەیەننە ئەودیو.. من ئاوام..باوەڕێکی سەیرم هەیە.. وا دەزانم مەترسییەکان لە پێش هەموو شوێنێکی دیکەی جەستەمەوە دەگەنە دەستەکانم... چەپەیانم لەناو دەستی «پوورە گوڵبەهار»دایە و ڕاستەیانم خستۆتە ناو گیرفانی چارلیستۆنە میللییەکەمەوە.. پۆپلینێکی هێڵدارە و ژنێکی دراوسێمان بۆی دوریوم لەناو کۆڵانێکی تەسکدا هەنگاو دەنێین کە ئەو سەری داخراوە.. وا هەست دەکەم ڕێگامان لێ تێکچووە و دەبێت بگەڕێینەوە..بۆنێکی سەیر دەچێتە قووڵایی لووتمەوە.. دوای تاوێک بیرکردنەوە، دەزانم ئەوە بۆنی قەڵەمی بۆیەی نیگارکێشانە..بۆنەکە هی ناو خەیاڵی خۆمە.. یەکێ لە هاوپۆلەکانم، کە پێشتر ماڵیان لە گەڕەکی «خانەقا»بووە، بە جوانترین شێوە نیگاری ئەو جۆرە خانووانە دەکێشێت، کە زۆربەیان لە جووە کۆچکردووەکانەوە جێماون و بە پاستیل ڕەنگیان دەکات... ئەو بۆنە وام لێدەکات ئەو خانووانەم لێ ببێتە ڕاستی.. ئاگام لە دەوروبەرم دەبڕێت...بەناو ئەو کۆڵانە تەسک و داخراوەدا هەنگاو دەنێم.. لەپڕ دایکم لە دەرگایەک دەدات و دوای چاوترووکانێک ژنێک بە دەستی کەفاوییەوە دەرگامان لێدەکاتەوە... باوەش بە یەکدا دەکەن.. هاوکات پیاوێک لە ژوورەوە دێتە دەرێ و بە سەرسوورمانەوە لێمان دەڕوانێت، کاتێ جوان لە سیما و جلوبەرگیان ورد دەبمەوە، وا هەست دەکەم ئەوان لەم ماڵە ناژین، بەڵکو وەکو ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت ڕێیان کەوتۆتە ئێرە و جێی دەهێڵن.. هەر خێرا لەم

خەیاڵەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوێزمەوە و دەگەمە ئەو باوەڕەی ئەم ماڵە شوێنێکە بۆ کۆکردنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خەڵکی شار... هەربۆیە لەناو جەرگەی بازاڕیشە...پیاوەکە دەگاتە ئاستی ئێمە، کە هەتا ئێستا بەهۆی چاک و چۆنییەوە، نەمانتوانیووە لە دەرگا ئاودیو ببین، دایکم دەناسێتەوە و بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوی.. یەکەمجارە دەبینم پیاوێک تۆقە لەگەڵ ژناندا بکات.. لەسەر زمانی دایکمەوە ناوی «کاک عادیل» دەبیستم، گیانم موچوڕکی پێدا دێت.. لێرەدا دەزانم من بە درێژایی ڕێگا وام خستۆتە خەیاڵمەوە، کە ئێمە دەچینە ماڵی «عادیل»ی هاوڕێم، بەڵام نەمتوانیووە ئەو هەستە تۆقێنەرە لای خۆشم ئاشکرا بکەم.. دەستی ڕاستی «پووره گوڵبەهار» مەچەکی من بەڕەڵلا دەکات و دەگاتە ناو دەستی ئەو پیاوەوە.. زیاتر ترس دامدەگرێت.. چاوەڕێم کاتێ دەستی لەناو دەستی ئەودا دەردەهێنێت، جارێکی دیکە مەچکی منی پێ بگرێتەوە، بەڵام بۆ چاوەکانی خۆی دەبات و فرمێسکەکانی پێ دەسڕێت.. لەناو ئەو هەموو ترس و سەرسووڕمانەدا دەستی پیاوەکە بۆ لای من درێژ دەکرێت، گوایە دەیەوێت تۆقەم لەگەڵدا بکات.. تۆقە..؟! لەگەڵ من..؟! ئاسان نییە.. دایکم هەر زوو زوو دەڵێت:

-کوڕە دەستی ڕاگرتووە..!!

من تەنیا دەستێکم لێ دیارە و لەو دیوی ئەو شەرم و ترسەوە سەرنج لە هەموو هێڵ و نیشانە و ڕەنگەکانی دەدەم، بەڵام هەست ناکەم ئەو دەستە بە جەستەیەکەوەیە.. هەر دەڵێی لە فەزایەکی نادیارەوە هاتۆتە دەرێ، بۆیە هەتا دێت زیاتر سەراسیمەم دەکات... من نازانم بە چەند مانگ پێم گرتووە و بە چەند مانگ زمان، ئەگەر چی نەنکم هەمیشە شانازی بەوەوە دەکات، کە هیچ منداڵێکی دیکەی بیر نییە وەکو من زوو قسەی کردبێت...بەڵام دڵنیام زۆرم دەوێ تا ئەو ترسە گەورەیەم دەشکێت و دەتوانم تۆقە لەگەڵ پیاوێکدا بکەم، با ئەو پیاوە کەسێکی ڕووخۆش و هێمنیش بێت..دایکم نایبڕێتەوە:

-کوڕە دەستی ڕاگرتووە...!!

ناتوانم پێی بڵێم کەس دەستی ڕانەگرتووە، بەڵکو دەستێک ڕاگیراوە.. دەنگێک دەڵێت:

-وازی لێبێنە.. با بیر بکاتەوە... ئەگەر ویستی، ئەوا تۆقە دەکەین.. ئەگەر نەیویست، خۆ دەستی من هیچی بەسەر نایەت.

ژنەکە بە ڕوویەکی خۆشەوە لە هەوڵی ئەوەدایە بمانباتە ژوورێ، بەڵام دایکم هەنگاوێک بۆ دواوە دەگەڕێتەوە دەڵێت:

-ئێمە دانانیشین...هەر بۆ ئەوە هاتووین ماڵەکەتان بە گوڵبەهار نیشان بدەین و دەبێت بگەڕێینەوە.. خۆم سەرتان لێ دەدەمەوە.

دەستەکە هەتا ئێستاش ڕاگیراوە.. ئەگەر بزانم ئەو تۆقە بلیتێکە و دەتوانم پێیەوە بچمە ژوورێ، هەتا گوێ لە چیرۆکەکەی «پووره گوڵبەهار»بگرم، ئەوا من بەبێ دوودڵی دەستمی دەدەمێ.. نەخێر، ئەوەتا بە هەمان ڕێگای خۆماندا دەگەڕێینەوە.. ئەگەرچی تەنیا من و دایکمین، بەڵام لە خۆم ڕانابینم داوای لێ بکەم چیرۆکەکەم بۆ بگێڕێتەوە، چونکە ترسی ئەوەم هەیە سەرتاپای خەیاڵم بشێوێنێت.. هیچ دوور نییە بەلایەنی کەم پێم بڵێت یەکێ لەو دوو «عادیل»ە مردووە و تەنیا لە خەیاڵی مندا بوونی ماوە.

**زستانی ٢٠٠٦**

**تێبینی:**

هەر کەسێکی ڕاستەقینە، کە لەم تێکستەدا ناوی هاتووە، ئەوا بەر لە بڵاوکردنەوەی، ڕەزامەندی خۆی، یان هی کەسوکاری وەرگیراوە.

# بوارەکانی تۆژینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

پێناسەی ئەدەبی بەراوردیمان کرد، کە ئەم زانستە تۆژینەوە لە دیاردەکانی کارتێکردن و کارلێکردن لەنێوان ئەدەبەکانی جیاواز دەکات جا ئەم کاریگەرییە پێوەندی بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی یاخود بە شەپۆلەکانی هزرەوەبێ یا پێوەندی بە سروشتی بابەتەکان و هەڵوێست و کەسەکانەوە بێ کە لە ئەدەبەکەدا لاسایی دەکرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا بە تەنیا ڕێبازەکانی گشتی ناگرێتەوە کە ئەدەبی نەتەوەیەک بە ئەدەبی نەتەوەیەکی تر گرێ دەدات، بەڵکو شتە وردەکانی ئەم ڕێبازە گشتییە بەخۆوە دەگرێ، توێژەرەوە لە بوارەکانی بەراوردکاریدا، ڕەگەزەکانی ئەدەبی لێکچوو لەنێوان دوو ئەدەب دەخاتەڕوو، ماوەی پێوەندییەکەی ئەم وێک چوونەی هێناوەتە ئاراوە، کام لەم ئەدەبانە لە پێشترە لە چێ کردنی ئەم ڕەگەزانەدا. چۆن بۆ ئەدەبی تر گوێزراونەتەوە، چۆنی وەرگرتووە، وەکو خۆی وەریگرتووە یاخود گۆڕانکاری تێدا کردووە بەجۆرێ کە زۆر و کەم لەگەڵ ئەسڵەکەیدا جیاوازە. تۆژینەوەکانی بەراوردکاری نوێ کەسەکان بەخۆوە دەگرێ کە بایەخ بەم جۆرە ئەدەبە دەدەن، چۆنیان لاسایی کردۆتەوە، ئایا شتی تازەیان بۆ زیاد کردووە کە لەگەڵ سروشتی چەرخ و وڵات بگونجێ، زۆر بواری تر کە پێویستی بە درێژەدان و ڕوون کردنەوە هەیە و سوود بەخشە بۆ زیاتر تێگەیشتنی چەمکی ئەدەبی بەراوردی، پێش ئەوەی درێژە بە بوارە جۆر بەجۆرەکان بدەین، پێویستە ئاماژە بە چۆنیەتی سەلماندنی مەرجی دووەم لە مەرجەکانی تۆژینەوەکانی بەراوردی بکەین، ئەویش سەلماندنی پێوەندی مێژوویییە لەنێوان ئەدەبەکان و بابەتەکانی کە لاسایی و بەراورد دەکرێن، دەرخستنی ئەم پێوەندییە مێژوویییە کە قوتابخانەی فەڕەنسی بەمەرجی

دەزانێ، بە بەشێکی بوارەکانی تۆژینەوەی بابەتەکانی ئەدەبی بەراوردی دادەنرێ، سەلماندنی ئەم پێوەندییە پشت بەدانەرەکان دەبەستێ، کە بوونی پێوەندی مێژوویی لەنێوان ئەدەبی نەتەوەیەک نەتەوەیەکی تردا جێگیردەکات، لەوانەیە توێژەرەوە هێماکانی ئاشکرا لەم کتێبانە بدۆزێتەوە کە نووسەر شاعیرەکان پێی کاریگەربوونە، هەروەها توێژەرەوە لە روانگەی کتێبەکانەوە ژمارەیەک نووسەر و شاعیر دەدۆزێتەوە، لە ئەدەبی نەتەوەیەکدا کە زمانی نەتەوەیەکی تر دەزانن، پێوەندییان بە زمانەکەوە بە جۆرێکە کە لە سنووری شارەزایی تێ دەپەڕێ و بەرهەمی ئەدەبی پێ دەنووسنەوە، هەروەکو لە بەرهەمی هەندێ لە خاوەنانی دوو زماندا بەدەردەکەوێ، کە خاوەنی زمانی فارسییە و بە زمانی عەرەبیش قەسیدەی باش دەهۆنێتەوە، یاخود کتێبی زانستی بەنرخ بە زمانی عەرەبی لە تەک زمانی فارسیدا دادەنێ، وەک (ئیبن سینا)ی فەیلەسووفی بەناوبانگ و (ئەبی حامد ئەلغەزالی)؛ بێ گومان بوونی ئەم بەرهەمانە بەڵگەی پتەون لەسەر بوونی پێوەندی مێژوویی لەنێوان ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا. هەروەها ئەدیبی ئینگلیزی (ئۆسکاروایلد) کە بەزمانی فەرەنسی چیرۆکی (سالومێ) دەنووسێ، (فۆلتێر) نامەکانی بەزمانی ئینگلیزی تۆماردەکات. بۆ سەلماندنی پێوەندی لەنێوان دوو ئەدیبدا، پێویستە بەدوای ژیانی ئەدیبی کار لێکراو بکەوین، ئایا بواری بۆ ڕەخساوە کە سەردانی ئەم وڵاتە بکات کە بە ئەدەبەکە کارتێکراوە، یاخود زمانی ئەو وڵاتە فێر بووە، ئایا بەرهەمی نووسەرەکەی بەزمانی بنچینەیی خوێندۆتەوە، یاخود لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بووە، ئەگەر ئەم پێوەندییە لەنێوان ئەدیبانی دوو نەتەوەی بە زمانی جیاواز دۆزرانەوە، ئەوا ئەم کارە بە ناخی تۆژینەوەی بەراوردکاری دادەنرێ، هەروەها ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی باش دەبینێ، لە ناساندنی نووسەر و شاعیرانی بیانی کە بیروڕاکانی (ئەمیل زۆلا) و بەرهەمەکانی (مەکسیم گۆرکی)یان پێشکەش کردووە، بە تایبەتی گۆڤارەکانی وەکو (المجلة) و (الاداب) و (الکاتب) دیارە گۆڤارە کوردییەکانیش لە ناساندنی نووسەر و شاعیرانی بیانیدا دەوری باشیان بینیوە، بوارەکانی ئەدەبی بەراوردی مەبەستێکی فراوانی هەیە و چەند ڕێڕەوێک بەخۆوە دەگرێ،

١- بوارەکانی پێوەندی بە خودی بابەتەکانی ئەدەبەوە هەیە.

أ- تۆژینەوەی ڕێبازەکانی ئەدەبی کە لە چەند ئەدەبێکی جوداواز سەری هەڵداوە، تۆژینەوەی ئەدەبی کلاسیکی و چۆن لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبۆوە، چۆن زمان و ئەدەبەکانی ئەو وڵاتانە لاسایی هزری باوی ئەوکاتەیان کردۆتەوە، کە خۆی لە زاڵبوونی دەسەڵاتی کڵێسە و فرسانەکان دەبینیەوە، پاشان تۆژینەوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی و کاریگەری لە ئەدەبە جیاوازەکانی ئەوروپا دەخاتە ڕوو، دوایی چۆن ئەم ڕێبازە کاری کردە سەر ئەدەبەکانی ڕۆژهەڵات، هەروەها ئەم تۆژینەوەیە باسی ڕووی لێک چووی نێوان ئەدەبەکان دەکات کە بایەخ بەم ڕێبازە دەدەن، تۆژینەوەی مێژوویی خودی ڕێبازەکە، چۆن سەری هەڵدا، ئەو کۆڵەگانەی کە لەسەرهەڵدانیدا پشتی پێ دەبەستێ، لە کوێ سەری هەڵدا، چۆن ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر گوێزرایەوە، ئایا گواستنەوەی بەهۆی شەڕەوە بووە یاخود لە ڕێگای پێوەندییەکانی ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە بووە، بۆ چ وڵاتێک گوێزراوەتەوە، چۆن پەیڕەو کراوە، زۆر پرسیاری تر کە تۆژینەوەی نوێ لە بارەی ئەم بابەتە گرنگانەوە دەیان ورووژێنێ.

ب- تۆژینەوەی جۆری ئەدەبی وەکو هونەری داستانەکانی ئازایەتی یاخود ئایینی، دیاری کردنی چەمکی ئەم داستانانە، پاشان دیاری کردنی ئەو وڵاتەی کە ئەم داستانانەی تێدا پەیدابوونە سیماکانی سەرهەڵدانیان، چۆن بڵاوبوونەتەوە، لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی تر گواستراونەتەوە، ئایا بەم گوێزانەوەیە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، یاخود وەکو خۆی ماوەتەوە، هەمان شتیش بە گوێرەی ئەدەبی سۆفیزمەوە، چۆن لە ئەدەبی عەرەبییدا سەری هەڵداو نووسەران بایەخێکی لە ڕادە بەدەریان پێ دا، پاشان بۆ ئەدەبی فارسی گوێزرایەوە، لە ئەدەبی فارسیشدا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی بەجۆرێ کە دانانی شیعری سۆفیزم بەسەر پەخشانیدا زاڵ بوو، کەچی لە ئەدەبی عەرەبییدا بە پێچەوانەوە بووە کە دانانی پەخشانی لەلایەن نووسەرانەوە بایەخێکی زۆریان پێداوە، هەمان قسەش لەسەر هونەری مەقامات، توێژەرەوە دەست دەکا بە دیاری کردنی چەمکی مەقام چۆن (بدیع الزمان الهمداني) و ئەدیبانی تر پەیڕەویان کردووە، چۆن بۆ زمانی فارسی گوێزراوەتەوە.

ج- تۆژینەوەی چیرۆکی (ئەلمعراج) گیانی لەنێوان ئەدیبانی عەرەبی و فارسیدا، ئایا ئەم بابەتە ئەدیبانی تر

و به زمــانانی ترەوە قســـەیان لێــوە کــردوون، چۆن چارەسەریان کردووە؟ ئایا ئەمانە بە چیرۆکی (میعراج) کـاریگەربوونە؟ یاخـود چیـرۆکی (مـیـعـراج) یان وەکـو هۆکـارێک وەرگـرتووە بۆ گـوزارشت کـردن لە مـانایەکی خــواســتـــراوە، هەروەها ئەو بابەتانەی تر کـــە ئەدەبی بەراوردکاری گرنگی پێدەدا، چیرۆکی لەیل و مەجنوونە، چۆن ئەم چیرۆکە وەکو خۆشەویستییەکی پاک لە ئەدەبی عـــەرەبیـــدا، بۆ ئەدەبی فـــارس گـــوێزراوەتەوە و بۆتە خۆشەویستیەکی صۆفیانەی ئەوپەڕی لە جوانی و ناوەزد دا، بەم شێـوەیە فارسەکان بەرگێکی نوێیـان لێ پۆشی، داهێنەرانە نەک لاســاییکەرەوانە، مـــەبەســـتـــمـــان گـواستنەوەی بابەتەکان لە ئەدەبی نەتەوەیەک بۆ ئەدەبی نەتەوەیەکی تر مەرج نییە هەردەم کاریگەرییەکە باش بێ لەوانەیە ئەم کـــارتـێکردنە پـێـــچـــەوانە دەرچێ، لاساییکردنەوەی چیرۆکی ئەنتۆنیو و کیلۆپاترە بە جۆرێ بووە کە ئەحمەد شەوقی دژی هەموو ئەو بۆچوونانە بووە کــە لە بارەی کـیلۆپاتراوە خـراونەتە ڕوو و بەرپەرچی داونەتەوە.

ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێ کە کـاریگەری ئەدیبێ لەسـەر ئەدیبـێکی تر مـانای ئەوە نیــیــە بەدوای داچووە و بێ ئەوەی تێڕوانین و بۆچوونی خۆی نەبێ، بەڵکو پێویستە ئەدیبی لاساییکەرەوە پارێزگـاری ڕەسـەنایەتی و خـودی خــۆی بکات کــاتێ کــە لاســایی بەرهەمێ یاخــود بە بەرهەمێ کاریگەر دەبێ.

د- تۆژینەوەی ئەدەبی گـەشت و گـوزار، چۆن ئەدیبێ یاخـود کـۆمـەڵە ئەدیبێ توانیـویانە وێنەی وڵاتێکی تر لەبەرهەمـەکـانیـاندا بکێـشن. ئایا لە وێنەگـرتنی ئەم وڵاتەدا کـۆمـەڵە ئەدیبی نەتەوەیەکی تر بەشـداربیــان کردووە یاخود بەتەنیا یەک نووسەر لەبەرهەمەکەیدا ئەم باسەی کردووە، ئەگەر زۆر بەشداری تێدا کردبێ، ئەوا بۆ ئەدەبی بەراوردی گـرنگە، بۆیە پێـویسـتـە تۆژینەوەی بابەتەکە وەکو دیاردەیەکی گشتگیری سەیر بکرێت، بۆ نموونە زۆر لە کـتـێبی گـەڕۆکـەکـان بایەخ بە شـوێنەواری فرعەونەکانی میسر دەدەن، بەڵام ئەگەر لێدوانی تەنیا یەک نووسەر بوو، ئەوا پێویستە تۆژینەوەی ئەوە بکرێت ئایا نووسـەرەکە هاتۆتە ناو ئەو وڵاتەکەی کـە لێ دواوە، چۆن لەو وڵاتە ژیاوە، پێگەیشتنی لەگەڵ کێدا هەبووە، چۆن لەو وڵاتەدا مامەڵەی لەگەڵیدا کراوە، ئەم مامەڵەیە لەبەرهەمـــەکـــەیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئایا بە وێژدانەوە قسـەکـانی کـردوون، یاخـود لایەنگیـری خۆی بەرامـبـەر وڵاتەکە دەربڕیوە، یان بە پێچەوانەوە، یاخود لە وڵاتەکەدا بەرەنگاری بارودۆخێکی نەگونجاوە بۆتەوە، ئەمەش وای لێ کـردووە کــە بە بێـزاری و پەژارەوە گـوزارشـتی لێـوە بکات.

٢- بواری پێـــوەندی بە بابەتی لاســـاییکردنەوە و بەراوردی نووسەرەکانەوە هەیە:

أ- توێژینەوەی بەرهەمی ئەدیبێ خـــۆی لە خـــۆیدا هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدیبەکـە و بڕیاردانە لەسەر توانایی ئەدەبی، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەکانی کە ڕۆشنبـیـرییـەکـەی لێ وەرگـرتووە، توانیـویەتی شـیـعـر و پەخشـانی پێ بهـۆنێـتـەوە، ئایا سـەرچاوەکە ناوچەییـە یاخود لەسەرچاوەی نەتەوەیەکی تری نۆش کردووە، پاشان ئەوە دیاربکرێ کـــە چەندی لێ هەڵهـــێنجـــاوە، چۆن لەگـەڵیـدا تێکەڵاوی کـردووە، ئایا خۆی بە تەنیـا ڕۆڵی تێدا بینیوە، یاخود ژمارەیەکی تر لە نووسەران لەگەڵیدا هاوشـان بوون، چاویانی لەسـەر ئەم سـەرچاوە بیـانیـیـە کـردۆتەوە و ئاگـاداری ئەم گـەنجـینە بە نرخـەی کـردوون، بەرەوتی مرۆڤایەتی و ڕێبازە ئەدەبییەکان کاریگەربێ، لە گـــواســتـنەوەی جـــۆرەکـــانی ئەدەبی و ئاســتـــەکـــانیـــدا هاریکارییـان کـردووە، پاشـان ڕۆڵی نووسـەرەکـە کـە لە پێـشـخـسـتنی ئەو بیـروڕا و هزر و ڕێبـازانەی کـە بۆ ناو ئەدەبەکـەی گـواسـتـوونەتەوە، زۆر پرسـیـاری وردتر کـە یارمەتی هەڵسەنگاندنی هزری نووسەرەکە دەدەن.

ب- بایەخـدان بە تۆژینەوەی ئەدەبیـانی جیـهـانی کـە ناوبانگیـان سنووری وڵاتەکەیانی بە زاندووە و گەیشتۆتە ناو نەتەوەکانی ترەوە، هەندێ لە نووسەرانی ئەو نەتەوانە ئاگـاداری بەرهەمی ئەدیبـانی جـیـهـانی بوونە و هەوڵی لاسـایی کـردنەوەیان داون، بۆ نموونە ئەدیبی ئینگلیـزی ناسراو (شەکسـپـیـر) کە ناوی خۆی سـەپاندووە بەسـەر هەموو ئەوانەی کـە بایەخ بە ئەدەبی ناوچەیی و جیـهانی دەدەن.

کاریگەری ئەدەبی شەکسپیر سنووری ئەدەبی ئینگلیزی تێپـەڕاندووە و گـەیشـتـۆتە ئەدەبی فـەرەنسی و ئەڵمـانی، هەنگاوی بەرەو هەمـوو ئەوروپا ناوە و خـۆی گـەیاندۆتە ئەدەبەکـانی ڕۆژهەڵاتیش، زۆر لە ئـەدیبـەکـانی ڕۆژهەڵات هەوڵیـان دا کـە لاسـایی چیـرۆکـەکـانی بکەنەوە کـە ناوو ناوبانگی جیهـانییـان هەنە، هەروەها کاریگەری خەیامی شـاعـیـر بەسـەر جـیــهـــانی دەرەکـیـــەوە دیارە، لەناو ئێرانیشـیدا کارتێکردنی بەسەر ئەدیبانی ئێران و وڵاتانی عـەرەبی و ئـیـسـلامـیـش دەبینرێن، (فـیـتـزجـیـرالد)ی

ئینگلیزی چوارینەکانی عومەر خەیامی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕان دوای لە هەموو ئەوروپا بایەخیان بە وەرگێڕاندا و تۆژینەوەی بەرهەمەکانی پاشان و هەوڵیان دا کە لاسایی هزر و بیروڕاکانی بکەنەوە. ئەدیبە عەرەبەکانیش کەوتنە بایەخدان بە بەرهەمەکانی خەیام و زۆر لە وڵاتانی عەرەبی چوارینەکانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕان پاشان هەوڵیان دا کە چوارینە بهۆنەوە لەسەر هونەری چوارینەکانی فارس و لاساییان بکەنەوە لەم بارەدا پێویستە کە تۆژینەوە لەسەر ئەدیبە گەورەکە بکرێت و کاریگەری لە بزووتنەوەی ئەدەبی جیهانی بخرێتە ڕوو پاشان ئەو دەربخرێ کە چەند کاریگەری بەسەر ئەدەبی بەراوردکارییەوە هەیە، پاشان گفتوگۆ لەسەر بەرهەمەکانی کارتێکراو بکرێن کە بە ئەدیبانی جیهانییەوە کاریگەربوونە، ئایا لاسایی کردنەوەیەکی ڕووت بووە، یاخود شتیان بۆ زیادکردووە و داهێنانیان تێدا ئەنجام داون.

### کەرەستەی توێژەرەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا

شتێکی سوودبەخش و پێویستە کە ئاماژە بەوە بکەین، کە توێژەرەوە دەبێ، ئەم مەرجە بنچینەییانەی تێدابێ، کاتێ بەکاری تۆژینەوەی بەراوردکارییەوە خەریک دەبێ.

١- یەک لە کەرەسە گرنگەکانە، پێویستە توێژەرەوە لە بواری بەراوردکاریدا، زانیاری لەسەر ڕاستی مێژوویی چەرخەکە هەبێ، تاکو بتوانێ بەرهەمە ئەدەبییەکان شوێنی ڕووداوە مێژووییەکان بگرێتەوە، چونکە ئەم تۆژینەوەیە یارمەتی تێگەیشتنی ڕووداوەکان و پەرەسەندنیان دەکات، پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی لەنێوان گەلان لە دیاردەکانی جوداواز بەدەردەخات، کە ئەمانە هاریکاری ئەدەبی بەراوردکاری دەکەن، تاکو بتوانێ دەرک بە ڕەوت و ڕێبازەکان بکات، هەر لە بارەی مێژووەوە پێویستە جەخت لەسەر کاروانی نەمران بکات نموونەی ئەدەبی مرۆڤایەتی هەر گەلێک بخاتە پێش چاوان، بۆ نموونە لە ئەدەبی عەرەبیدا، لەیل و جنوون لە خۆشەویستیدا، عەنترە لە ئازایەتیدا، حاتم لە بەخشندەییدا، لە ئەدەبی کوردیدا مەم و زین لە خۆشەویستیدا، قەڵای دمدم و دوازدە سوارەی مەریوان لە ئازایەتییدا، هەروەها زانیاری باشی لە بارەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهانی هەبێ بۆ نموونە ئەلیادە، ئۆدیسە، کۆمیدیای خوداوەندەکان، شانامە، شانۆگەرییەکانی شەکسپیر و (رسالة الغفران)....تاد.

لە ئەدەبی ئەڵمانیدا فاوست و لە ئەدەبی ئەسپانیدا دون جوان، ئەمانە نموونەی ئەدەبیاتی مرۆڤایەتین دەبێ توێژەرەوە لەبەرچاوی بگرێ.

٢- توێژەرەوەی ئەدەبی بەراوردکاری، دەبێ زانیاری وردی لەسەر مێژووی ئەدەبە جۆراوجۆرەکان هەبێ.

٣- زانینی زمانانی جوداواز کارێکی زۆر پێویستە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بەباشی ئەو زمانانە بزانێ، چونکە زانینی کۆمەڵە زمانێک کارێکی پڕ زەحمەتە، بەڵکو تارادەیەک زانیاری لە بارەیانەوە هەبێ کە پشت بە وەرگێڕان نەبەستێ.

پێویستە توێژەرەوەی بەراوردکاری بتوانێ دەقە جیاوازەکان بە زمانی ڕەسەنی خۆی بخوێنێتەوە، چونکە هەر زمانە تایبەتمەندی خۆی هەیە دیارە جۆری وەرگێڕانیش جوداوازە، وەرگێڕان هەیە کارتێکردن و کارلێکردنی دوو زمان و دوو ئەدەب دەخاتەڕوو جا باشترە لە تەک زمانی زگماک دوو زمانی تری بیانی بەلانی کەمەوە بزانێ، تاکو بتوانێ کاری بەراوردی ئەنجام بدات، دیارە وەرگێڕانیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە کە بەهۆیەوە بەرهەمەکانی نەتەوەکانی تر و کارە ئەدەبییەکانیان دەزانین.

٤- پێویستە توێژەرەوە ئاگاداری سەرچاوە گشتییەکە بێ کە تۆژینەوەی لەبارەوە دەکات، ئەوەی دەیەوێ لێکۆڵینەوە لە پێوەندییەکانی ئەدەبی عەرەبی و فارسی بکات. دەبێ تۆژینەوە لە زمانی عەرەبی و دەقەکانی بکات کە بە زمانی عەرەبی نووسراون کە لە بنچینەدا فارسین، بۆ نموونە (طبری، همزه الأصفهانی، ابن المقفع و ابن قتیبه)، بە گوێرەی زمانی فارسیشەوە بگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی ئەدەبی کە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراون، بۆ نموونە (کلیله و دمنه)ی فارسی (الف لیله و لیله) کە ئەسڵەکانیان هیندین. توێژەرەوەکانی ئەورووپی و ئەمریکییەکان هەنگاوی باشیان هاویشت و کتێبخانەکانیان پڕکردن لەسەرچاوەی ئەدەبی بەراوردکاری، تاکو فێرخواز بە ئاسانی بتوانێ سەرچاوەکان بەکاربهێنێ، بۆ نموونە (پۆل ڤان تیگم) پێرستێکی کامڵی هەموو ئەوانەی کە لە ئەورووپادا دایان ناون تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم (١٤٥٥-١٩٠٠) هەروەها گۆڤاری ئەدەبی بەراوردی فەرەنسی کە هەر ژمارەیەکی باسی سەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ئەورووپا و ئەمریکا دەخاتەڕوو، نوێترین سەرچاوە کە لە

ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن توێژەرەوەی فەرەنسی بالدنسپرگیە (Baldensperger) و فریدریک (Friederich)ی ئەمریکی ناونیشانی کتێبەکە (بیبلیۆگرافیای ئەدەبی بەراوردی) کە بەسی و سێ هەزار سەرچاوەوە لە ئەمریکا بە چاپ گەیاندرا.

## گرنگیی ئەدەبی بەراوردکاری

زۆربەی زانکۆکانی جیهان، بایەخ بە ئەدەبی بەراوردکاری دەدەن و لەو باوەڕەدان کە ئەدەبی بەراوردکاری سوودێکی زۆری بۆ ئەدەبەکانی نەتەواویەتی و بزووتنەوەی ئەدەبی جیهانی هەیە و خزمەتێکی بێ پایانی توخمی مرۆڤایەتی دەکات و ئامرازی پێک گەیشتن و لێک گەیشتنی نێوان رۆڵەکانی رەگەزی مرۆڤن، کە هەرچەندە رەنگ و زمان و بیروڕاو زێدیان جیاوازبن. ئامانجی سەرەکی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردی خزمەتی ئەدەبی نەتەوەیی دەکات مەودای بازنەکەی فراوان دەکا و لە گەردوونەکیدا رەگەزی ئەدەبی تر و بابەتی تر دەخولێنەوە.

بەمەش چاوی توێژەرەوە بە رەنگی نوێی رەگەز و هزری ئەدەبی بیانی دەکاتەوە، کارلێکی ئەدەبی بیانی لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی بەدیاردەکەوێ و بەرگێکی نوێی پێ دەبەخشێ و پەرەی پێدەداو لەبەستەڵەک و دوورەپەرێزی دووری دەخاتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئاسۆیەکی نوێ بە ئەدەبی نەتەوەیی دەبەخشێ،تۆژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری چاوی توێژەرەوە لە بواری رۆشنکردنەوەی رەسەنایەتی لە ئەدەبی نەتەوەییدا دەکاتەوە و لەو ئەدەبەی کە هاتۆتە ناوەوە جیای دەکاتەوە و هەوڵێکی زۆردەدا بۆ قووڵ کردنەوەی ئەم رەسەنایەتییە و هۆکارەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەڵقوڵاوی ئەم رەسەنایەتییە کە لەگەڵ کەلەپووری ئەدەبی نەتەوەکەی گونجاوە، دیارە رەسەنایەتی مانای دوورە پەرێز و خود ناگەیەنێ، کرانەوەش بە جۆرێ نابێ کە رەسەنایەتی لە دەست بدا، هیچ ئەدەبێ لە جیهاندا لە توانایدا نابێ لە دوورە پەرێزی بمینێتەوە، لەگەڵ زۆربوونی کەناڵەکانی پێوەندی لەنێوان گەلان و زمانەکاندا، جا ئەو کەناڵانەش رۆژنامە، ئیزگە، یان ئاڵوگۆڕی فیرخواز و یاخود بەهۆی گەشتوگوزاری گەرۆکی و رۆشنبیرییەوە بێ، ئەدەبی ئینگلیزی ماوەیەک دەرگای تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەدەبەکانی تر داخست، تەنانەت لەگەڵ ئەدەبی ئەمریکیش کە بە ئینگلیزی دەنووسن، پێیان وابوو کە باشترین بەرهەمیان هەیە، بەڵام ئەدەبی ئەمریکی توانی پێشکەوێ و پەرە بسێنێ و لە زۆر رووەوە ئەدەبی ئینگلیزی داگیربکات بەجۆرێ کە ئەدیبانی ئینگلیز نەیانتوانی بەرەنگاری ببنەوە، زمانەکەیانی بە وشەو دەستەواژە و شێوازی ئەمریکییەوە هەژاند. لە سوودەکانی تری ئەدەبی بەراوردکاری بە گوێرەی ئەدەبی نەتەوەیی چاوی ئەدیبانی نەتەوەیی لە وێنەی وڵاتەکەیان لە ئەدەبیاتی تردا دەکاتەوە، دەتوانن کە تێڕوانینێکی بێ لایەنیان لەسەر وڵاتەکەیان هەبێ، نەک تێڕوانینێکی دەمارگرژی سۆزاوی بێ، هەروەها لە کەم و کوڕیەکانیان ئاگادار دەبنەوە و هەوڵ دەدەن کە چاکی بکەن و بەسەری زاڵ بن، لەلایەکی ترەوە زانیارییان لە هەندێ وێنە دەبێ کە داخ لە دڵ و ناحەزان بۆ شکاندن و خراپ کردنی پلەوپایەی نەتەوەکەیان بڵاوی دەکەنەوە، جا لەسەر ئەدیبانی نەتەوەیی پێویستە ئەم وێنانە پووچەڵ بکەنەوە و بە بەڵگەی باوەڕ پێکراو لایەنە دزێوەکان دەربخەن، پاشان سوودی ئەدەبی بەراوردی بە گوێرەی بزووتنەوەی ئەدەبی جیهانی دەخەینەروو، جا ئەم تۆژینەوە بەراوردکارییە یارمەتی توێژەرەوە دەدات کە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی ئەدەبی بکات، بۆ نموونە بزووتنەوەی کلاسیکییەت کە لەسەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمی زایینیدا بەسەر هەموو ئەدەبەکانی ئەوروپا زاڵ بوو، هەروەها بڵاو بوونەوەی رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبدا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەسەر بزووتنەوەکانی ئەدەبی زاڵ بوو، لە ئەوروپاوە بەرەو کیشوەرەکانی تر چوو، جا لەسەر توێژەرەوە پێویستەکە ئەم بزووتنەوانە شی بکاتەوە، چ بارودۆخێک وای کرد کە سەرهەڵ بدەن، بۆ یەکەم جار لە کوێ پەیدابوون، سیماکانیان لە سەرەتای سەرهەڵدانیاندا، دوایی بەرەو کوێ گواستراونەتەوە لە هەر وڵاتێکدا چ نوێیەکیان لەگەڵ خۆیان هێناون.

سوودێکی تر ئەدەبی بەراوردی کار دەکات بۆ زیاتر لێکتر گەیشتن لەنێوان گەلاندا، تێڕوانینی نێوان گەلە جیاوازەکان لێکتر نزیک دەکاتەوە، شارەزایی بوونی گەلان لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر وەکو دەروازەیەکە بۆ زانینی دابونەریتی ئەم نەتەوانە، بێ گومان ئەم ئاگاداربوونەوەیە پێوەندی نێوان گەلان بە هێز و پتەو دەکات کە ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ رەگەزی مرۆڤایەتی هەیە، کە کۆمەڵەی ئەدەبی جیهانی گرنگی بەم مەبەستەدا و بەناوی (کۆمەڵەی نێو نەتەوەیی بۆ

مێژوویی ئەدەبەکانی نوێ لە ساڵی ١٩٢٨ دامەزراند بە ئامانجی چێ کردنی پێوەندی بەردەوام لەنێوان زاناکان و توێژەرەوەکان لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئاسان کردنی توێژینەوەکان و ئامادەکردنی هەموو هۆکارێکی نزیک بوونەوە و ڕاپەڕاندنی توێژینەوە مێژووییەکانی ئەدەبی، ئەم کۆمەڵەیە هەستا بە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکان و پاشان ئەم کۆمەڵەیە کەوتە چاودێری (یۆنسکۆ) کە ڕۆڵی باشی بینی لە نزیک کردنەوەی ڕۆشنبیرییەکان و ڕاڤەکردنی ڕێبازی مرۆڤایەتی لە ئەدەبەکانی جوداوازدا، کە مەبەستی سەرەکی ئەم دامەزراوە نێو نەتەوەییەیە.

بێ گومان هەوڵەکانی نزیک کردنەوەی ئەدەبە جوداوازەکان بیرۆکەی ئەدەبێکی جیهانی چێ کرد، کە ئەدەبەکانی نەتەوەیی ڕووبارێکن دەڕژێنە نێو دەریاکەوە کە یەکێتی هزری مرۆڤایەتییە، وەکو سروشتی زەوی وایە لە هەموو وڵاتێکدا هەمان سیمای هەیە، هەرچەندە بوونی جیاوازی شتی وردیش لە سروشتی زەوی وڵاتێک لەگەڵ زەوی وڵاتێکی تردا، لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ سەیری ئەدەبیش بکرێت کە ئەدەبەکان تەواوکەری یەکترن، (طاغور) لە بارەی ئەدەبی بەراوردییەوە دەڵێ: زەوی کۆمەڵە پارچەیەک نییە لە ڕووبەر کە گەلانی جیاواز خاوەنی بن، هەروەها ئەدەبیش تەنیا کارێکی ئەدەبی ڕووت نییە کە لەلایەن نووسەرانی جیاوازەوە داڕێژرابێ، زۆر لەنێوان ئێمەدا بیر لە کاری ئەدەب دەکەنەوە، هەروەکو جوتیارەکانیش بیر لەکاری زەوی دەکەنەوە، بۆیە دەبێ وا سەیری کاری دانەر بکەین، کە کارێکی هەمووانە، هەمووش بەشێکە لە داهێنانی مرۆڤی جیهانی، (گۆتە) کێشەی ئەدەبی جیهانی وروژاند، واهات بە خەیاڵدا کە ئەدەبە جیاوازەکان هەموویان لە یەک ئەدەبدا کۆدەبنەوە، گەلان بە ڕۆڵی زێ هەڵدەستن کە بەرهەمەکانیان دەڕژێتە ناو ڕووباری گەورەوە. یان ئەدەبی جیهانییەوە، گۆتە ئەم بیرۆکەیەی لە ئەڵمانیادا خستەڕوو، بۆ ئەوەی ئەڵمانیا ببێتە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری جیهانی و هزری مرۆڤایەتی، هیوای خواست کە ئەدەبێکی مرۆڤایەتی جیهانی لە خۆراکی گەلانی جوداواز چێ ببێ، دیارە خودی (گۆتە)ش نموونەیەکی جیهانی بوو، وەکو شاعیرێکی ئەڵمانی، ئەدەبەکانی ڕۆژئاوای باش دەناسی و بەرەو خۆشەویستی ئەدەبەکانی ڕۆژهەڵات چوو، بوو بە کەسایەتییەک کە ئەدەبەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێکەوە کۆدەکردنەوە، بە تایبەتی لەو دیوانەی کە بەناوی (دیوانی ڕۆژهەڵاتی لە دانەری ڕۆژئاوایی) بە چاپ گەیاند، (گیفورد) Henry Gifford بیرۆکەی (گۆتە)ی لە شێوەیەکی نوێدا دەخاتەڕوو، دەڵێ: ئەدەبە بچووکەکان دەچنە پاڵ یەک و یەکێتییەکی ئەدەبی گەورە پێکەوە دەنێن، وای دەبینێ کە ئەدەبی ئەمریکی و ئینگلیزی بەهۆی ئەوەی کە پێوەندییان پێکەوە هەیە، بۆ یەکتر گرتن دەگونجێن، ناوکن بۆ بیرۆکەی یەکێتی لەنێوانیاندا، ئەدەبێکی یەکگرتوو پێکەوە دەنێن بۆ هەموو ئەوانەی کە بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، کە هەموو ئەدەبە بچووکەکان بەخۆوە دەگرێ، بەم جۆرە یەکەیەکی ئەدەبی گەورە و لە هەموو ئەدەبەکانی کە بە ئینگلیزی دەنووسن، چێ دەبێ، بە هەمان شێوە بۆ ئەدەبی فەرەنسی و ئەڵمانیش کە یەکەیەکی گەورەی فەرەنسی و ئەڵمانی دروست دەبێ، لە کۆتاییدا هەموو ئەدەبەکان دەبنە ئەندامی یەکەیەکی گەورە کە بە گوزارشتی نوێ پێی دەڵێن (یەکێتی ئەدیبانی ئینگلیزی یاخود فەرەنسی، یان ئەڵمانی) بەم شێوەیە ئەدەبە تایبەتییەکان بەرەو کەم بوونەوە دەچێ و دروست بوونی ئەم یەکێتییانە لە دواییدا بەرەو یەکەیەکی گشتی دەچن و ئەدەبێکی جیهانی یەکگرتوو پەیدا دەبێ و بیرۆکەی تیۆری ئەدەبی جیهانیش جێ بەجێ دەبێ، پاشان (گیفورد) لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی نێوان زمانی ئینگلیزی ڕەسەن و ئەمریکیدا، دەڵێ: ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە سوودێکی زۆر بە فێرخوازی ئینگلیزی دەگەیەنێ لە هزر و ڕێبازی نوێ شارەزایی دەکات کە پێشتر ئاگای لێیان نەبووە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە گیانی لە خۆبایی و خۆ بەزلزانینی ئینگلیزی لەناو دەبات، لە دواییدا پەرۆشی نیشتمانپەروەری تێدا دەجووڵێنێ و پاڵ بە ئینگلیزەکانەوە دەنێ کە بەرەنگاری ئەدەبی ئەمریکی ببنەوە و هەوڵ بدەن کە بالایی خۆیان بسەلمێنن. لە تەک ئەو سوودانەی کە باسمان کردن پاڵنەرێک دەبێ بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانستەکانی تری ئەدەبی وەکو ڕەخنەی ئەدەبی نوێ و مێژووی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی خۆی لەخۆیدا ئامانجی دۆزینەوەی هونەری بە فەری کپکراوی ناو کارە ئەدەبییەکانە، ئەم مەبەستەش نایەتەدی تاکو ڕەخنەگر ڕەمزەکانی کارەکە شی نەکاتەوە ئەویش بەدواچوونی چاوگەکان و کاریگەرییەکانە کە بۆ نووسەر و شاعیرەکە لە ئەدەبەکانی ترەوە گواستراونەتەوە، بێ شک ئەدەبی بەراوردکاری وا لە ڕەخنەگر دەکات کە تەنیا بە توێژینەوەی

بنەماکان و کارتێکردنی ناو ئەدەبی نەتەوەیی ڕازی نەبێ، بەڵکو تۆژینەوە لە ئەدەبەکانی تردا بکات، بەم شێوەیە ئاسۆی ڕەخنەگری نوێ فراوان دەبێ، هەمان شتیش بۆ ئاسۆی مێژووی ئەدەب کە نابێ لە ڕوانگەی ئەدەبی نەتەوەیی دوور لە ئەدەبەکانی تر سەیر بکرێت، بەڵکو پێویستە مێژوونووسی ئەدەب بەدوای پێوەندییەکان بکەوێ، بەتایبەتی پێوەندی دەرەکی و چەند بە بزووتنەوە ئەدەبییەکانی جیهانی کاریگەر بووە.

لە ئاکامی ئەو خزمەتە زۆرەی کە ئەدەبی بەراوردکاری لە ئاستی نەتەوەیی و جیهانی پێشکەشی کردوون، لەبەر ئەمە تۆژەرەوەکان زیاتر بایەخی پێ بدەن، بۆتە زانستێک بۆ تۆژینەوەی ئەدەبی نەتەوەیی و جیهانی، ئەم گرنگییەش کت و پڕ پەیدانەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی مێژوویەکی دوور و درێژی بەراوردەکانی ئەدەبییەوە گەیشتۆتە کامل بوون لە چەرخی نوێدا.

## ئەدەبی بەراوردکاری و نیشانەکانی

١- چەمکی کاریگەری و کارتێکردن: ئەو بارودۆخە مێژوویی و جوگرافی و ڕۆشنبیرییەی کە بۆ ئەوروپا پێک هات، کیشوەرەکانی تر ئەم بارودۆخەی بەخۆوە نەبینی، لەسەر ئەوەی کە ڕووبەرێکی بچووکی هەیە، لەیەک کاتدا چەند وڵاتێکی لە یەکتر دوور و نزیکی لەخۆوە گرتوون، دوورن لە ڕووی بنەچە و نەتەوەییەوە، جیاوازن لە هەوەسی و پێکهاتەی دەروونیدا، هەروەها دوورن لەوەی کە سنووری سیاسی لێکتریان جیادەکاتەوە هەریەکەیان سەر بە ڕژێمێکی فرمانڕەواییە کە لەڕژێمەکانی تر جوداواز بێ، لێکتر نزیکن، چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانە ڕووبەرێکی بەرفراوان بەخۆوە ناگرن، ڕۆڵەکانیان بە ئاسانی سنوورەکان دەبڕن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگوێزنەوە، هەروەها لێکتر نزیکن، چونکە کەش و هەوایەکی هزریان هەیە کە سروشتی گشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە چەرخی ڕاپەڕینیدا باڵی بەسەر هەمووی کێشا بوو سەرچاوەی سەرەکی ڕاپەڕین هەموو وڵاتانی گرتەوە، کە لە دواکەوتن و نەزانین ڕزگاریانی کرد.

یەک سەرچاوەی کەلەپووری کلاسیکی یۆنانی و ڕۆمانییان هەبوون، کە ئەمەش لە زۆرکاتدا لێک چوونی بە خشینەکانیانی لە ئەدەب و هونەر و لە بوارە جیاجیاکانی زانستی مرۆڤایەتیدا لێکتر نزیک دەکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەو وڵاتانە لە چەرخی ڕاپەڕیندا سەربەخۆیی خۆیان لە ڕووی زمانەوە وەرگرت، بە تایبەتی لە زمانی لاتینیدا کە زمانی هەموو گەلان بوو، بە گوێرەی ئەمەش هەریەکەیان بوون بە خاوەنی ئەدەبێکی نوێ کەچی تر دوورە پەرێز و لە قۆزاخەی سنووری ناوەکی نەمانەوە، ئاڵوگۆڕی بەخشینی ئەدەبی و هزری لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، کۆچ کردنی بەردەوام و گەشتی هاوبەش، لەگەڵ جێگیربوونی هەندێ لە ئەدیبان و ڕووناکبیران لە وڵاتانی تردا، بزووتنەوەی ئاڵوگۆڕی ئەدەبی و هزری لەنێوان وڵاتاندا زەنگین کرد، هەروەها ناساندنی ڕۆڵەی هەر وڵاتێک بە ئەدەب وێنەی ژیانی وڵاتێکی تردا، بۆ نموونە نامەکانی (ڤۆڵتێر) ١٦٩٤- ١٧٧٨ز لەکاتی جێگیربوونی، لە ماوەی دوو ساڵدا تۆماری کردن، کە ژیان و ئەدەبی ئینگلیزی بە فەرەنسییەکان ناساند، (ڤۆڵتێر) یەکەم کەس بوو، کە بلیمەتی ئەدیبی ئینگلیزی شەکسپیری بەناوبانگی دۆزییەوە، بە هەمان شێوە (مدام دی ستال) (١٧٦٦- ١٨١٧ز) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی و ئەدەبی ئەڵمانی و ئەدەبی بیانی بە فەڕەنسییەکان ناساند.

ئارەزوو زۆر بوو بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەدەبی نەتەوەیی دەربچن، بۆ زانینی ئەدەبەکانی بیانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا کە (ڤان تیگم) ئاماژە بە ڕووداوەکانی فەرەنسا دەکات، کە لە ساڵی ١٨٢٥دا مێژووی ئەدەبی لە فەرەنسا فراوان بوو، فراوان بوونێکی هەست پێکراو ئەدیبان و ڕەخنەگرانی لاوی فەرەنسی ئاگاداری ئاسۆی فراوانتربوون، هەستی مێژووییان بەهۆی کاریگەری هۆکاری مێژووییەوە ورد و تەنگ دەبێ بەتایبەتی بەکاریگەری ڕۆمانتیکیەت کە ئەم نەوەیەی نقوم کردبوو، هەروەها «ڤان تیگم» ئاماژە بە چالاکی زانستی ژمارەیەک فەیلەسووف و مێژوونووسان دەکات لەوانە (أبل فرانسوا فیلمان) لە زانکۆی سۆربون بەرنامەیەکی خوێندنی ناوازە دەکات بەناوی ئەدەب لەسەدەی هەژدەیەمدا، کە بابەتێکی جیهانی بوو، لە ساڵی ١٨٢٩دا ئەو بابەتانەی کە لە سیمینارەکانی دەیوتنەوە، ئەدەبی فەرەنسی بە ئەدەبەکانی تر پەیوەست دەکرد، هەروەها سیمینارەکانی بەناوی (تۆژینەوەی کارتێکردنی کە لە نووسەرانی سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسی لە ئەدەبەکانی بیانی و هزری ئەوروپییدا دەخستە ڕوو) ڕەوتی دەربازبوون لە چوارچێوەی ئەدەبی نەتەوەیی و پێوەندی بە ئەدەبەکانی بیانی کردن، کە لەلای (ڤان تیگم) بەناوی جیهانی ناسرا، لە ڕاستیدا

چەمکەکە چوارچێوەی ئەوروپا و جیهانی ڕۆژئاوای تێنەپەڕاند. قسەکانی (ڤان تیگم) ئاماژە بە کاریگەری ڕەوتی جیهانی ڕۆمانتیکی دەکات، کە زۆر لە پێک گەیشتنەکان وای دەبینین کە ئەدەبەکانی نوێی ئەوروپا، بەشە جیاوازەکانی هەریەک بە جیا ناکۆکییەکان و وێک چوونەکان بەخۆوە دەگرن لە چارچێوەی پێشوودا نیشانەکانی ئەدەبی گشتی، ئەدەبی جیهانی کە لەسەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵدا، چمکەکەی بەسنووری ئەوروپا و جیهانی ڕۆژئاواوە پەیوەست بوو. بەهەرحاڵ ڕەوتی بەرەو جیهانی بوونی ڕۆمانتیکیەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، یەکەم ڕەوتی جیهانی نەبوو، پێشتر سێ ڕەوتی تری جیهانی هەبوون، جیهانی مەسیحی و سوارچاکی سەدەکانی ناوەڕاست، جیهانی مرۆڤایەتی لە چەرخی ڕاپەڕیندا، جیهانی کلاسیکی لە چەرخی ڕۆشنگەریدا، بەڵام جیهانی ڕۆمانتیکی لە هەموویان جیاوازتر بوو، کە بایەخی بە جیاوازییەکانی نەتەوەیی و هەوڵی تێگەیشتنی دەدات. ئەمەش کاریگەری هەبوو، بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری کە گرنگی بە پێوەندییەکانی نێوان ئەدەبەکانی نەتەوەیی و جۆرەکان و جیاوازییەکان دەدات.

ئەو کارانەی کە نابێ پشتگوێ بخرێن، ئەوەیە کە بەراوردکاری لەکایە زانستییە هەمەلایەنەکاندا پەیدابووە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لەناونیشانی هەندێ کتێبدا بەدەردەکەون، لە فەرەنسا چەند کتێبێ دەرچوون بەناوی (نوێکاری بەراوردی) لە ساڵی ١٨٠٠ز، هەروەها کتێبی مێژووی بەراوردی بۆ سیستەمی فەلسەفی ساڵی ١٨٠٤ و لەساڵی ١٨١٦ کتێبێ دەرچوو بەناوی زنجیرە هەڵبژاردەیەک لە ئەدەبی کلاسیکی فەرەنسی و ئینگلیزی، کە لێدوان بوون لەسەر ئەدەبی بەراوردکاری، ناونیشانێکی نوێ بوو کە پێشتر دیاری نەکرابوو بەکاریش نەهاتبوو، هەروەکو (ویلیک) دەڵێ.

لە ئەڵمانیا (ولهلم شليگل) زاراوەی بەرەو بەراوردکاری بەکارهێنا، لە وتارێکی ڕەخنەییدا لە ساڵی ١٨٠٣، هەروەها (فریدرک شليگل) ئەم زاراوەی لە کتێبی (زمان و دانایی لای هیندییەکان) کە لە ساڵی ١٨٠٨دا دەرچوو، هەروەها بەراوردکاری بەمانایەکی فراوانتر لە بواری فسیۆلۆجیا پەیدابوو، لەسەر دەستی چەندانێ کە بایەخ بەو زمانانە دەدەن کە لەلاتینی جیا بوونەتەوە، تۆژینەوەیەکی وردیان لە دەقەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و دەقەکانی فەرەنسی و پروفنسیی و ئیسپانی کرد، تۆژینەوە لەسەر زمانانی جەرمەنیش کرا کە بۆ دەقەکانی کۆنی ئیسکندناڤی و ئەنجلۆساکسۆنی و ئەڵمانی گەڕانەوە. ئەم زانستە نوێیەش ئەوە تۆمار دەکات کە گەلان بە بەردەوامی لێکتر وەردەگرن.

دەتوانین بڵێین بووژاندنەوەی زانستی لەسەدەی نۆزدەیەمدا، کە لەسەر فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم پەیدابوو، باوەڕی بە ڕاڤەکردنی هۆکاری شتەکانەوە هەبوو، تۆژینەوەی لە بنەماکان و ڕاستییەکان دەکرد، باوەڕیان وابوو کە ڕاستییەکان بەشدارییەکی باشیان لە ئاراستەکردنی ئەدەبی بەراوردکاریدا کرد. بەم جۆرە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم شوێنی بەیەک گەیشتنی ئەدەبەکانی دۆزیەوە یاخود بە گوزارشتێکی تر، شوێنی کاریگەربوون و کارتێکردن لەنێوانیاندا خستەڕوو، ئەو تۆژینەوانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەنجام دران، باس لە پێوەندییەکانی ئەدەبی فەرەنسی و ئەڵمانی یاخود مێژوویی شەکسپیر و دانتی لە ئەڵمانیا دەکەن، هەروەها دوان لەسەر کاریگەرییەکانی هاوبەشی نێوان ئینگلتەراو ئەڵمانیا و فەرەنسا، یاخود باس لە کارتێکردنەکانی دەرەوەی ئەڵمانیایان کاریگەرییەکانی دەرەوەی فەرەنسا دەخەنە ڕوو، (کاریە) دەڵێ: ئەدەبی بەراوردکاری لقێکە لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی کە بەرەو سنووری دەرەکی دەخشێ، (ڤان تیگم) دەڵێ: تۆژینەوەی پێوەندییەکانی گیانی نێوان نەتەوەکانە ئەو پێوەندییە ریالیزمییەی لەنێوان بایرۆن و پۆشکین و لەنێوان گۆتە و کارلیل و لەنێوان والترسکۆت و فینی بوونیان هەیە، ئەم تۆژینەوانە کردەی جێگیرە لەنێوان کارەکانی ئەدەبی و سەرچاوەی سروشیان. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کاریگەربوون کە کرۆکی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردکارییە لەلای بەراوردکارانی فەرەنسی، یەک شێوە وەرناگرێ، بەڵکو شێوە و وێنەی جوداواز بەخۆوە دەگرێ، مەرج نییە کارتێکراو لەسەر هەمان هێڵ بڕوا و سروشی لێ وەربگرێ لەوانەیە لە ڕستەیەکدا بەدەردەکەوێ، یان خوێندوویەتیەوە بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی دایڕشتۆتەوە، هەندێ جاریش دەگاتە گواستنەوەی ڕاستەوخۆ ئەمەش بێ توانایی گوێزەرەوە پێشان دەدات، لە جیهانی داهێنانی ئەدەبیدا شتێک نییە کە لە بۆشایی دروست ببێ لە هیچەوە پەیدابێ، بەڵکو بیرۆکەیە و گەشە دەکات و جارێکی تر لە دایک دەبێتەوە بەمەش ئەوی دواتر شت بۆ هی پێشتر زیاد دەکات، بەم جۆرە بە

تێپەڕبوونی چەرخ، کۆشکی زانیاری مرۆڤایەتی مەزن و باڵا دەبێ، بێ ئەوەی کارتێکراو لە بەهای کەم بێتەوە، چونکە (پول ڤالیری ١٨٧١- ١٩٤٥) «هیچ شتێ هێندەی خواردنی خۆراکی بیروڕای کەسانی تر ڕەسەنایەتی و کەسایەتی نووسەر بە دەرناخا شێر بە تەنیا چەند بەرخێکی هەرسکراوە» توێژەرەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا بەلانی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ یەک ئەدەبی بیانی دەکات، لێرەدا پرسیارێ سەرهەڵدەدا سروشتی جیاکەرەوە لەنێوان ئەدەبی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەی بیانییە، هەمان پرسیار بە گوزارشتی (ڤان تیگم): زمان یاخود سنووری سیاسی و نەتەوەیی سنووری جیاکەرەوەیە لەنێوان ئەدەب و ئەدەبێکی تردا، (غنیمی هلال) دەڵێ زمان سنووری جیاکەرەوەیە لەنێوان دوو ئەدەبدا، شاعیرێ یاخود نووسەرێ کە بەزمانی عەرەبی بنووسێ، ڕەگەزی مرۆڤایەتی هەرچی بێ بە ئەدەبی عەرەبی دادەنرێ، لە ڕاستییدا کارەکە ئەوەندە ئاسان نییە، ئەگەر سنووری زمانەوانی لەگەڵ سنووری سیاسی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان هاو جووت بێ و زمانیش سنوورێکی جیاکەرەوە بێ، بەڵام واقیع شتێکی تر دەخاتە ڕوو کە بە ئەندازەیەکی کەمیش نییە لە تێک ئالان و چوونە ناویەکی نێوان سنووری زمانەوانی و سنووری سیاسی، لە زۆر شوێن لە جیهاندا، بۆ نموونە دەوڵەتی سویسرا، هەندێ لە دانیشتوانی بە زمانی فەرەنسی دەنووسن، هەندێکی تر بە ئەڵمانی دەنووسن و بەشێکی تر بە ئینگلیزی دەنووسن، لە کەنەدا بە دووزمانی ئەوروپی ئینگلیزی و فەرەنسی مامەڵە دەکەن، لە جیهانی عەرەبیدا، هەندێ لە ئەدیبانی، بە تایبەتی لە سەرووی ئەفریقا و تونس و مەغریب و جەزائیر بەرهەمی ئەدەبییان بە زمانی فەرەنسی دەنووسن، ئایا کارەکانی سویسرییەکان و کەنەدییەکان کە بە فەرەنسی دەنووسرا لەگەڵ کارەکانی ئەدیبانی فەرەنسا بەراورد ناکرێن؟ بە هەمان شێوە (جبران خەلیل جبران) هەموو کارە ئەدەبییەکانی خۆی لە ئاوارەییدا بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێ، (میخائیل نعیمە) هەندێ لە کارەکانی خۆی (شیعری و پەخشانی) بە هەمان زمان دەنووسێ، ئایا کارەکانیان دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەدەبی ئەمریکییەوە؟ ئایا تۆژینەوەی ڕەنگەکانی کارتێکردن لەنێوان ئەم جۆرە ئەدەبە کە یەک زمانی هاوبەشیان هەیە بەراوردی چێ نابێ؟ لە ڕاستیدا جیاوازی لە نێوان بەراوردەکان لەم بارەیەوە هەیە، ئەڵمانەکان هەرچی بە زمانی ئەڵمانی بنووسرێ لە دەرەوەی سنووری سیاسی ئەڵمانیا بێ، بە ئەدەبی ئەڵمانی دادەنێین، هەروەکو ئەو بەرهەمانەی کە لە ئەڵمانیا چاپ دەکرێن، بۆیە هەندێ لە نووسەرانی سویسری و نەمساوی لە ڕیزی ئەدیبانی ئەڵمانیا حسێب دەکەن، بەڵام فەرەنسییەکان، بیروڕایەکی تریان هەیە، ئەوەی لە دەرەوەی سنووری فەرەنسا بە زمانی فەرەنسی بنووسرێ، بە ئەدەبی نووسرای فەرەنسی نازانن مەگەر خاوەنەکەی ماوەیەک لە فەرەنسا بژی و لەسەرچاوەی ڕۆشنبیری فەرەنسی خواردبێتەوە، لەم ڕوانگەوە هەندێ لە ئەدیبانی بەلجیکی کە لەپاریس دەژین بەرهەمەکانیان بە فەرەنسی دادەنێن، بەڵام ئەدیبی سویسری (تویفر) و بەلجیکی (کامیل لیمونە) سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمەکانیان بە زمانی فەرەنسین، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی خۆیان دەژین، بە فەرەنسی دانانرێن، بۆیە کاریگەری (زۆلا) لەکامیل لیمونەدا دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، هەروەها ڕۆمانتیکیەت لە جنێف یاخود کارتێکردنی فەرەنسی لە ئەدەبی کەنەدی کە بەزمانی فەرەنسی دەنووسرێ، بەهێزترین نموونە لەگەڵ ڕاکەی (غنیمی هلال) ناکۆک بێ، سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەدەبەکانی ئینگلیزی و ئەمریکییە، هەرچەندە زمانیان هاوبەشە، بەڵام دوو ئەدەبی سەربەخۆن و دەچنە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە. کاریگەری (کارلیل) لەسەر (ئیمرسۆن) یاخود کارتێکردنی ئەدگار ئالان پۆ لە کتێبی چیرۆکی کورتی ئینگلیزیدا.

## ئەدەبی بەراوردی و ئەدەبی گشتی

زاراوەی ئەدەبی گشتی لەسەر زاری توێژەرەوەی ئەدەب و مێژوونووساندا لە ئەوروپادا دووبارە دەبوونەوە، لە کاتێ جێگیربوونی ئەدەبی بەراوردکاریدا، بەڵام ماناکەی ڕوون و دیارنەبوو، زۆرجار زاراوەکان تێکەڵاوی یەکتردەبوون، هەردووکیان بەیەک مانا بەکاردەهاتن یاخود دوو مانای لێکتر نزیک بوون، لێرەدا بەراوردکارانی فەڕەنسی زۆر بە تەنگ دیاری کردنی بابەتەکان و جوداکردنەوەی لەگەڵ ئەدەبی بەراوردکاریدا بوون، ئەدەبی بەراوردکاری بە تۆژینەوەی پێوەندییەکانی دوالیزم یاخود پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز هەڵدەستێ، جا ئەو دوو ڕەگەزانە دوو کتێب بن، یاخود کۆمەڵە کتێبێ بن، یان دوو ئەدەبی تەواو بن، ئەم پێوەندیانەشی هەردەم بەکاری هونەری، یاخود بە وێنەوە پەیوەستن، لە هەمان کاتدا ئەدەبی گشتی تایبەت دەبێ بە

تۆژینەوەی ڕاستییەکانی هاوبەش لەنێوان ئەدەبەکاندا، جامیانەی پێوەندییەکان وەک یەک بن یاخود دژ بەیەکتر بن، تۆژینەوەکانیش هونەری یاخود دەروونی سەبارەت بە ئەدەبەوە نین، بەڵکو کێشەیەکی دیاریکراو بەخۆوە دەگرێ و لەماوەیەکی کورتدا، کە ڕووبەرە جوگرافییەکە بە پلەی یەکەم جیایان دەکاتەوە، بەڵام (ڤان تیکم) زیاتر چەمکی ئەدەبی گشتی و ڕۆڵی بە پێوانەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی بەراوردکاری ڕوون دەکاتەوە، دەڵێ: مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی وێنەی پێشکەوتنی ئەدەبە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری وێنەی کارتێکردنی نووسەرێکە لە نووسەرێکی تردا یاخود ئەدەبێکە لە ئەدەبێکی تردا لە ماوەیەکی درێژدا، بەڵام ئەدەبی گشتی باس لە دیاردەکان لە پارچەیەکی فراوان و لە کورتترین ماوەدا دەکات، جیاوازییەکی وردتر هەیە لەنێوان ئەدەبی گشتی و ئەدەبی بەراوردکاریدا، کە (ڤان تیگم) ئاماژەی پێ دەکات ئەدەبی بەراوردکاری تەنیا لەکارتێکردنی مسۆگەر دەدوێ، هەروەها لە تۆمارکردنی وێک چووەکان دووردەکەوێتەوە، بەڵام ئەدەبی گشتی باس لە لێکچووەکانی جێگیر لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەکات، هەوڵ دەدات ئەم لێکچوانە بە کاریگەری هۆکاری هاوبەش ڕاڤە بکات.

بۆ نموونە دیاردەی شێوازی زۆر لە خۆکرد و کە لە کۆتایی چەرخی بووژانەوە لە هەریەک لە ئیسپانیا و ئیتالیا و ئینگلترە سەری هەڵدا، لە هەریەک لەم وڵاتانەدا ڕوخساری جیاوازییان هەبوو، لە هەمان کاتدا لێکچوون لەنێوانیاندا کۆی دەکردنەوە، ئەم وێک چوونەش بۆ کاریگەری جیهانی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بارودۆخی هاوبەشی ئەو وڵاتانە کە تێدا ژیاون، لەگەڵ ئەو جیاوازیانەی لە بواری کاردا لەنێوان مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی هەیانبوو، بەراوردکارانی فەرەنسی وای بۆ دەچوون کە هاریکاری تەواو لە ئارادایە بۆ بە ئاکام گەیاندنی مەبەستی باڵا لە زانینی مێژوویی ئەدەبی جیهانی، هەریەکەیان نوێنەری قۆناغێکن، مێژوویی ئەدەبی نەتەوەیی نوێنەری قۆناغی یەکەم و پاشان ئەدەبی بەراوردیش لە قۆناغی دووەمدا دێت، کە ئەدەبی نەتەوەیی بە ئەدەبەکانی بیانی دەگەیەنێ، پێوەندییەکان لە هەردوو جەمسەردا لە کاریگەری بوون و کارتێکردندا دەدۆزێتەوە بەمەش تێگەیشتنمان لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی زیاتر دەبێ لەلایەک و لەلایەکی ترەوە زانیاریمان لە بارەی ئەدەبەکانی ترەوە لەلاپەیدا دەبێ، لە قۆناغی سێیەمیشدا ئەدەبی گشتی دێت کاری هەردوو لقی پێشوو تەواو دەکات و درک بەڕاستی مێژوویی دەکات و شارەزاییەکی تەواو کامڵی دەبێ بەراوردکارانی فەرەنسی وای بۆ دەچن کە دیاردەکانی ئەدەبی بە کۆمەڵ کە ئەدەبی گشتی باسیان لێوە دەکات، دەکرێ بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشیان بکەین، جا شانۆیی ئەو دیاردانە هەموو ناوچەکانی شارستانی ئەورووپا یاخود دەستەیەکی گەلان بێ. کۆمەڵەی یەکەم، کارتێکردنی گوێزراوە، یاخود دزراوە، یان مەبەستمان شەپۆلەکانی جیهانییە هەروەها کاریگەری نووسەرێ لە نووسەرێکی تر لەبەرچاو دەگیرێ، مەبەستی مێژوونووس لەو باوەدا ئەم کاریگەرییە جیادەکاتەوە سروشت و هێز و ماوەو چۆنیەتییەکەی دەزانێ کۆمەڵەی دووەم ئاستەکانی هاوبەش کە لەیەک کاتدا پەیدا دەبن، بێ ئەوەی هیچ کارتێکردنێک هەبێ.

## چەمکی لەیەک نزیک بوونەوە

ئەدەبی بەراوردکاری لەسەرهەڵدانیەوە بە ئەدەبەکانی ئەورووپییەوە پەیوەستە، هەروەکو لە پێشوودا ڕوونمان کردەوە، بە پەرۆشەکانی هەوڵێکی زۆریان دا بۆ گیرسانەوەی ئەم چەمکە هەروەکو لەپێشتر ئاماژەمان لەبۆکرد، فەرەنسییەکان یەکەم بەرەبوون، کە بەتوندی بە تەنگ ئەم چەمکەوە بوون و بانگەوازیان بۆ دەکرد، بەڵام ئەم چەمکە لەلایەن ڕەخنەگران و توێژەرەوەی ئەدەبی لە دەرەوەی فەرەنسادا بە تەواوی پێی ڕازی نەبوون بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئاراستەیەکی تر سەری هەڵداو نارەزایی زۆری لەسەر ئاراستەی پێشوو هەبوو، کە کەم و کورتی تێدایە، (ڕینیە ویلیک) مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی بیل، یەکێک بوو لە پێشڕەوانی کە ڕەخنەی لەم چەمکە گرت، ئەمەشی لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی بۆ ئەدەبی بەراوردی ساڵی ١٩٥٨ ڕاگەیاند، (ویلیک) ڕای وایە کە ئەدەبی بەراوردی بە چەمکی پێشووی هیچ باس و بەرنامەی دیاری کراوی نییە، ڕاگەیەنەرانی لە بالدنسیرگیە، ڤان تیگم، کاریە و گویار لەم بارەیەوە هیچ ئاکامێکیان بە ئەنجام نەگەیاندوون. سووربوونیان لەسەر پێویستی بوونی ڕاستییەکانی جێگیر یاخود پێوەندییەکانی ڕاستەقینە لەنێوان ئەدیبەکان، بەرهەمەکان و خوێنەراندا، بەیەک گەیشتووەکان لە ڕەگەزە جیاوازەکاندا ئەدەبی

بەراوردکاریان بە بەرنامەیەکی کۆن پەیوەست کرد، پاشان دەڵێ جیاکردنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی لەسەر بنەمای بەستنەوەی یەکەم بە پێوەندییەکانی دوالیزمی نێوان دوو ئەدەب و تەرخان کردنی ئەوی تر بە تۆژینەوەی ڕاستییەکانی هاوبەش لەنێوان چەند ئەدەبێکدا جیاکردنەوەیەکی دەستکردە، شتێکی ئەستەمە کە وێنەی هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا بکەین، جیاوازی چییە لەنێوان بابەتی کاریگەری (والترسکوت) لە فەرەنسادا، لە ئەدەبی بەراوردکاریدا لەگەڵ بابەتی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەدەبی گشتیدا، هەردوو بابەت لێک دەچن و ئاوێتە کراون، ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێ، ئەگەر تۆژینەوەی بابەتی یەکەم نەکرێ، شتێکی تر، لە بارەی بەرنامەوە جیاوازییەک نییە لەنێوان تۆژینەوەی کارتێکردنی (بیرۆن) لە ئینگلتەرا (ئەمە بابەتی ئەدەبی نەتەوەییە) و تۆژینەوەی کارتێکردنی (بیرۆن) لە فەرەنسادا کە بە ئەدەبی بەراوردی دادەنرێ، یاخود تۆژینەوەی (بیرۆنی) ئەوروپی کە بە ئەدەبی گشتی دەژمێردرێ ئەدەبی بەراوردکاری بەمانای تەنگی پێشووی، هەروەکو (ویلیک) دەڵێ پێوەندی دوالیزمی نێوان جووت ئەدەبە، ناتوانێ لقێک لە زانیاری کە مانایەکی هەبێ دروست بکات، چونکە تەنیا دەربەستە بە چارەسەری، هەڵسوکەوتی دەرەکی یاخود بازرگانی بیانی نێوان ئەدەبەکان، بەلای بایەخدان بە وەرگێڕ و گەشتیار و دەوروبەر و مێژوویی ناودارن دەچێ، هەروەها مامەڵە لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی بەرهەمی ئەدەبی دەکات، ڕێگای پێ نادرێ کە باسی کاری هونەری ئەدیبێ بکات، بەم جۆرە تەنیا لقێکە سەر بە لقەکانی زانیاری، لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکان و دەرخستنی سەرچاوەکانی بیانی دەکات، هەروەکو (کاریە) دەڵێ: چەشنێکە لە زانیاری یاریدەدەری مێژووی ئەدەبە، بابەتەکانی پەرش و بڵاو و ناتەواوە، بەرنامەی بەراوردکاری بە تەنیا تایبەت بە ئەدەبی بەراوردییەوە نییە، لە هەموو تۆژینەوەکانی ئەدەبی و لە هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی و سروشتیدا بوونیان هەیە، تۆژینەوەکانی ئەدەبی لەلای زۆربەی بەراوردکارانی پسپۆڕیش بە بەرنامەی بەراوردی بەرەوپێش ناچێ، تۆژەرەوەی پسپۆڕیش لە ئەدەبدا، بەراوردی ناکات، بەڵکو شی دەکاتەوە و ڕاڤە و هەڵیدەسەنگێنێ لەلاپەڕەیەکدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە (گۆیار و کاریە) هەوڵیان دا کە بواری ئەدەبی بەراوردکاری فراوان بکەن، بە تۆژینەوەی هزر و ئەندێشەی کە لەلای نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی تر پێک دێ، وەکو تۆژینەوەی ئەو بۆچوون و هزرانەی کە فەرەنسییەکان لە بارەی ئەڵمانیا و ئینگلتەرا هەیانبوون، ئەم هەوڵانەش لە چوارچێوەی تۆژینەوەکانی ئەدەبی دەردەچن، زانستی دەروونی نەتەوەیی و یاخود زانستی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی بەخۆوە دەگرن، لەگەڵ ئەو پەشێوی و بێ سەروبەرییەی کە ڕووی دا، (ڤان تیگم) و شوێنکەوتەکانی بیر لە تۆژینەوەی ئەدەب بەزمانی ڕووداوەکانی دۆخی سەدەی نۆزدەیەم دەکەنەوە، کە داوای تۆژینەوەی سەرچاوەکان و کارتێکردنەکانی دەکرد، لەبەر ئەوە باوەڕیان بە ڕاڤەی هۆکاری شتەکان هەبوو و بەدواداچوونی هزر و کەسایەتی و هەڵوێست و گرێیەکان و پاشگەزبوونەوە لەکاری ئەدەبی پێشوو، لەگەڵ دیاریکردنی مێژوویی وردی ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان بە گوێرەی یەک لەدوای یەکی چەرخەکان، کۆمەڵەیەکی زۆر لە تێڕوانینەکان و شتەکان و وێکچووەکان کۆدەکەنەوە، لەپێناو ڕاستیی ئاساندا، بۆ زانینی خوێندنەوەی نووسەرێ لە نووسەرێکی تردا، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکانی ئەدەبی ڕستەیەکی ڕووتی سەرچاوەکانی کاریگەری نییە، ڕاڤەی هۆکاری شتێ نییە تەنیا گەڕانەوەیە بە زانیارییەکان بۆ ڕابردوویەکی بێ کۆتایی، هزری هۆکار لە تۆژینەوەی ئەدەبیدا هزرێکی ڕەخنەگرانە نییە، لە توانای مرۆڤدا نییە، ئەوە ڕوون بکاتەوە کە کارێکی هونەری هەڵقوڵاوی کاری هونەری ترە، تەنانەت کارەکانی هاوشێوە و لێک چوو دەشێ لە یەک کاتدا پەیدابووبن، لەوانەیە کاری هونەری پاشەنگ ناگونجێ کە پێشووی نەبێ، بەڵام شیاو نییە کە دەری بخەی کە پێشوو هۆکاری پاشەنگە، باوەڕ بوون بە هزری هۆکار و تۆژینەوەی لە کارەکانی ئەدەبیدا مانای پشتگوێ خستنی ڕاستییەکی گرنگە، کە کاری ئەدەبی بەرهەمی ئەندێشەی ڕەهای سەربەستە، تۆژینەوەی لەسەر شێوازی پێشووی، دەبێتە هۆی کەرت و پەرت بوون و گۆڕینی لەبۆ وردە پارچەی لێک جیاواز کە هیچ پێوەندییەک لە نێوانیان نەبێ، کارێکی تەواو پتەو پێک ناهێنێ، ئەو ڕێبازە گرنگەی کە (ویلیک) لەسەر چەمکی پێشووی ئەدەبی بەراوردی وەریگرتووە، ئەو جیاوازیانەیە کە پاڵنەری دەروونی و کۆمەڵایەتییە کە لە تۆژینەوەکانی تر پراکتیکی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدەردەکەوێ، ئەم زانستەش سەری هەڵدا، وەکو

بەرپەچدانەوەیەکی نەتەوایەتی تەسک کە لە زۆر تۆژینەوەکانی سەدەی نۆزدەیەم پەیدابوون، هەروەها نارەزاییەک لەسەر رەوتی دوورە پەرێزی کە لەلای زۆر لە مێژوونووسانی ئەدەبی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و ئینگلیزی پەیرەو دەکران، زۆرجار پیاوان لە دووریانی نێوان دوو نەتەوە یاخود زیاتر رادەوەستان، یاخود لە سنووری نەتەوەیەک دەگیرسانەوە، ئەم ئارەزووە راستگۆییە لە چاکە و سوودیدا زۆرجار شێواندیان و رەوتێکی دەمارگرژی نەتەوەییان بەسەرا پۆشی، ئەمەش بە ئاشکرا لە کتێبی (بالدنسیرگیە) کە باس لەسەربردەی خۆی دەکات و ساڵی ١٩٤٠ دەرکەوت و لە کتێبی (کاریە)، (گۆتە لە ئینگلتەرا) و لە کارەکانی تردا بە رۆشنی خراونەتە روو، ئەم رەوتە نەتەوەییە بە پەرۆشە لە دوای زۆر تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و زۆر وڵاتی تردا بەرەو رێرەوی نامۆبوون چوون، کە دەکرێ بە رۆشنبیری (رژدی دەفتەرەکان) ناوی بەرین، بەمانای ئارەزووی کۆکردنەوەی شارستانێتی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان، قەرزەکانی دەگەیەنێ.

بە سەلماندنی گەورەترین توانای کارتێکردن لە نەتەوەیەکی تردا، یاخود بە دەستەواژەیەکی زیاتر کارامەتر و بەزەییانە بەخستنەرووی کە نەتەوەیەک خودی خۆی بە نووسەرێکی بیانی گەیشتووە کاریگەرییەکی فراوانی لێ وەرگرتووە، باشترە لە کاری نەتەوەیەکی تر، ئەوەیە کە (گۆیار) خستوویەتییە روو بەشێوەیەکی ساکار لە کتێبێ کە بۆ فێرخوازەکانی دایناوە، چوار گۆشەی بۆشی بەخۆوە گرتوون بۆ تێزی زانستی کە تاکو ئێستا لەسەر رۆنسار لە ئیسپانیا و (کۆرنی) لە ئیتاڵیا و (باسکاڵ) و لە هۆڵەندا نەنووسراوە. (ویلیک) ئەم رێرەوە بە دزێوە دەزانێ و هاوکاتە لەگەڵ ئەوانەی کە دەڵێن هیچ قەرزێک لە ئەدەبەکانی بەراوردکاریدا نییە، هەروەکو نووسەری فەرەنسی (لابلیە) دەڵێ جیهانێکی نموونەییە لە قەرزار و قەرزدەر بەتاڵە. (ویلیک) رای وایە کە پێویستە واز لە دوو بەرەکی ساختە لەنێوان ئەدەبی بەراوردی و ئەدەبی گشتی بهێندرێ. لە چەمکەکانی ئامێرکار و رووداوەکانی جێماوی سەدەی نۆزدەیەم دووربکەونەوە، کە ئەدەب ئەدەبی بەراوردکاری بەرەو پشت گوێ خستن برد و بایەخ بە مێژووی بیروراکان درا، تۆژینەوەی لەسەر راپۆرتەکانی گەشتیار و هزرەکانی کەسانی نەتەوەیی کران بە کورتی گرنگی بە مێژووی رۆشنبیری گشتی درا و (ویلیک) ئاماژە بەوە دەکات کە زانیاری ئەدەبی راستەقینە، مانای راستییەکانی وەستاو نییە، بەڵکو بەسوود بە فەرەکانیەتی. ئەمە هۆکارە و لەنێوان مێژوویی ئەدەب و رەخنەدا جیاوازی بوونی نییە، ناکرێ مێژووی ئەدەبی بە رەهایی بنووسرێتەوە بەبێ پشت بەستن بە پرانسیپی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندنی، هەروەها ناکرێ کارێکی هونەری شی بکرێتەوە و رەگەزەکانی دیاربکرێ و هەڵسەنگێنرێت بەبێ پرانسیپی رەخنەگرانە. (نورمان فۆرستر) دەڵێ: مێژوونووسی ئەدەبی پێویستە کە رەخنەگر بێ تاکو بتوانێ ببێتە مێژوونووس، لە زانینی ئەدەبیدا، تیۆر و رەخنە و مێژوو هاریکاری یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی کاری گرنگی بنچینەیی بە ئاکام بگەیەنن، کە باسکردنی کاری هونەری و راڤە و هەڵسەنگاندنییەتی، ئەمەش رابەرەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لێی دوورکەوتنەوە، داوێنگیری پێوەندییەکانی راستەقینەی نێوان رەگەزەکانی ئەدەبی بوون کە بەراوردیان دەکردن، بۆیە دەبوایە بۆ شەپۆلی مەزنی زانیاری ئەدەبی هاوچەرخ و رەخنەی ئەدەبی بگەرێنەوە، هەروەها بۆ شەپۆلەکانی هزر و بزووتنەوەکان و کۆبوونەوەکانی ئەدەبی کە لە بەرنامە و ئامانجدا جیاوازبوون وەکو (کروتشە) و پەیرەوکەرانی لە ئیتالیادا، فۆرمالیزمی رووس و لقەکانی و پەرەسەندنی لە پۆڵەنداو چیکوسلۆفاکیا، زانستی شێوازی ئەڵمانی و کاریگەرییەکانی لەو وڵاتانەی کە بە ئیسپانی دەدوێن، رەخنەی بونیەوی لە فەرەنسا و ئەڵمانیادا و رەخنەی نوێ لە ئەمریکادا و رەخنەی ئەفسانەیی کە (پونج) سروشی لێ وەردەگرتن هەتا شیکردنەوەی دەروونی (فرۆیدی یاخود مارکسی) ئەم هەموو بزووتنەوانە و کۆمەڵانە، سەرەرای کەم و کورییەکانیان، بەرپەچدەرەوەی رێبازی راستییەکان و ئاستی کەرت بوون کە تاکو ئێستاش تۆژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردی پەیوەستدار دەکەن، زانیاری ئەدەبی هیچ پێشکەوتنێک لە بواری بەرنامە بەخۆوە نابینێ ئەگەر تۆژینەوەی ئەدەب وەکو بابەتێکی جیاواز لە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ رەچاو نەکرێ بەم شێوەیە رووبەرووی گیروگرفتێکی ئەدەبی دەبینەوە کە کێشەیەکی بنچینەییە لە زانستی جوانییدا کە سروشتی هونەر و ئەدەبە، بە تەنیا چەمکی فەرەنسی بۆ ئەدەبی بەراوردی نەبوو کە (ویلیک) گفتوگۆی لەسەر کرد و کەموکورییەکانی خستەروو، بەڵکو گفتوگۆی لەسەر

چەمکێکی تر کرد کە توێژەرەوەی ئەمریکی (هنری ریماک) پێشکەش کرد، توێژینەوەی ئەدەب لە سنووری وڵاتێکی دیاری کراو، توێژینەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەدەب لە لایەک، بوارەکانی تر لە زانین و بیرداو، هونەر و، فەلسەفە و مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانست و ئایین لەلایەکی ترەوە. ڕای (ویلیک) ئەم چەمکەش کەمتر کوێرانەیە و زیاتر بە تەماحکارانەیە لە پێناسەی پێشوودا، چونکە بواری توێژینەوە لە ئەدەبی بەراوردی فراوان دەکات، (ریماک) ناچار بووە کە لەنێوان هەندێ لە بابەتەکان جوداکاری دەستکرد بکات، سەرەڕای ئەوەی کە لەنێوانیاندا پێوەندی توکمە هەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێ ئەم چەمکەش ناکرێ لە وردی نزیک بێ، بەم جۆرە (ویلیک) تێڕوانینی خۆی لەسەر چەمکی ئەدەبی بەراوردی پێشکەش دەکات و دەڵێ: باشترین بەرگری لە ئەدەبی بەراوردکاری و دیاریکردنی چەمکەکەی لە تێڕوانین و گیانەکەیەتی نەک لە بەش بەش کردنی دیاری کراوی ناو ئەدەبە لە هەموو ئەدەبێک بە تێڕوانینی نێونەتەوەیی لێی دەکۆڵێتەوە، بە هۆشیاری هەر ئەزموونێک بە تەنیا و چێ کردنی دوو ئەدەب.

بەم بۆچوونە توێژینەوەی ئەدەب، توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە و بەربەستە لە سیاسەت و ڕەگەز و زمان، ناکرێ لە یەک بەرنامەدا گەمارۆ بدرێ، باسکردن، دیاری کردن، ڕاڤە، گێڕانەوە، ڕوون کردنەوە، هەڵسەنگاندن هەمووی بەکاردێن بۆ چارەسەرکردنی لە بەراودکاریدا بە هەمان پێوانە، بەراورد نابێ لە پێوەندییەکانی مێژووییدا کورت بکرێتەوە، بەراورد لە دیاردەکان دەکرێت کە هیچ پێوەندی مێژوویی لەنێوانیاندا نییە، وەکو زمانەکان یاخود ڕەگەزەکانی ئەدەبی بەهایەکی گەورەیان هەیە کە هەمان بەهای توێژینەوەی کارتێکردنەکانەکە ناکرێ بدۆزینەوە تەنیا بە خوێندنەوە و بەرابەری دەقەکان نەبێ، کە ئەزموونی زمانەوانانی نوێ پشتیوانی لێ دەکەن، بۆیە پێویستە توێژەرەوەی ئەدەب بیزانێ هەروەها ناکرێ ئەدەبی بەراوردکاری بە مێژووی ئەدەبدا گەمارۆ بدرێ، ڕەخنە و ئەدەبی هاوچەرخ لە خۆی دووربخاتەوە. هەروەها ڕەخنەش ناکرێ لە مێژوو جیابکرێتەوە، ڕاستییەکی براوە لە ئەدەبدا نییە، تەنیا هەڵبژاردنە لەنێوان ملیۆن کتێبی چاپکراودا، بەکارێکی ڕەخنەگرانە دادەنرێ، دروست کردنی سنوورێکی یەکلایی کەرەوە لەنێوان توێژینەوەی مێژوویی ئەدەب و ئەدەبی هاوچەرخدا بڕیارێکی سەرنەکەوتووانەیە ناکرێ بەرنامەی مێژوویی بە بەرنامەیەکی تاک دابنرێ، تەنانەت بە گوێرەی توێژینەوەی ڕابردووش، کارەکانی ئەدەب بەڵگەنامە نییە سێ لقی سەرەکی بۆ توێژینەوەکانی ئەدەبی لە ئارادایە، مێژوو، تیۆر و ڕەخنە، هەر هەموویان لە ناویەکدان، هەروەها بە گوێرەی توێژینەوەی ئەدەبی نەتەوەیی ناکرێ لە ئەدەب جیا بکرێتەوە، ناتوانرێ ئەدەبی بەراوردی سوودمەند و بە فەرێ تاکو لەو سنوورە دەستکردە ئازاد نەبێ هەر لەم بوارەدا توێژەرێکی تری ئەمریکی (ئۆلدریدج) بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت لە قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکی دەکات و جیاوازە لەگەڵ بۆچوونەکانی بەراوردکارانی فەرەنسیدا، (ئۆلدریدج) وای دەبینێ کە ئەدەبی بەراوردکاری ڕێگایەکەمان پێشان دەدا کە سەیری دواوەی سنووری تەسکی نەتەوەیی بکەین لە پێناوی ڕوون کردنەوەی ئاست و بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەیی جوداوازدا پێوەندییەکانی نێوان ئەدەبەکان و بوارەکانی چالاکی تری مرۆڤایەتی دەخاتە پێش چاوان، توێژینەوەکانی هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ توێژینەوەی ئەدەبی نەتەوەییدا نییە تەنیا بابەتەکانی زیاتر بەرینتر و فراوانترە، لەنێوان دوو ئەدەب یاخود زیاتر بەڕێوە دەچێ، دەتوانین بڵێین کە ئەدەبی بەراوردی توێژینەوەی دیاردەی ئەدەبییە لە ڕوانگەی دوو ئەدەبدا یاخود چەند ئەدەبێک، یان پێوەندیدارە بە لقێک یاخود چەند بوارێکی زانینی عەقڵییەوە. (ئولدریدج) وەکو (ویلیک) جیاوای لەنێوان ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو ئەم جیاوازیە جێگیر دەکات، پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە توێژەرەوەکان ناتوانن زۆربەی کاتەکان ڕێک کەون لەسەر سروشتی جیاوازی لەنێوانیاندا لە هەموو ئەوروپا و ئەمریکادا ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا ڕوودەدات پێویستە ئەدەبی گشتی بە تیۆری (شلیگل و گوتە)ی جیهانی پەیوەست بکرێن، بەو مانایەی کە ئەدەبی گشتی پێویستە توێژینەوەی بابەتی و ڕەگەزەکان و داهێنانە نەمرەکان بەخۆوە بگرێت و فەرامۆشی چەرخ و قۆناغی مێژوویی بکات، بەڵام ئەدەبی بەراوردی پێویستە مێژووی ئەدەب (بزووتنەوەکانی ئەدەبی و چەرخەکان و کاریگەرییەکان)، پێوەندییەکانی ئەدەب بە بێشکەی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەخۆ، بەو مانایەی بۆ جوداوازی پێویستە ئەدەبی گشتی سنووری نەتەوایەتی تێپەڕێنێ، تێپەڕینێکی تەواو، لەهەمان کاتدا پێویستە ئەدەبی بەراوردکاری جەخت بخاتە سەر

پێـوەندییـەکـانی ئەدەبەکی دیاریکراو و ئەدەبەکـانی تر لەگەڵیـان پێک دەگەنەوە، بەڵام (ئۆلدریدج) ددانی پێدا دەنێ کـە هەردوو ئاست زۆرجـار ئاوێتـە دەبنەوە، ئەگـەر ئـەوەش ڕوونـەدەدات، ئـەوا زاراوەی ئـەدەبـی بـەراوردی بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بەکاریان دەهێنێ.

(ئۆلدریـدج) لەگـــەڵ (ویلیـک)دا دەگـــونجێ، لە هەڵوەشـــاندنەوەی پێـــوەندی ئەدەبی بەراوردکـــاری بە توێژینەوەی کـــاریگەر بوو و کـــارتێکردن یاخـــود پێـوەندییـەکـانی مێـژوویی نێـوان ئەدەبەکـان. هەروەکـو بەراوردکارانی فـەرەنسی بۆی چوون. بۆچوونیـان وایە کە بەراوردکـاری لە تۆژینەوەکـانی ئەدەبیـدا پێـوەندی لێـک چوون بەکـاردەهێنن لەنێـوان دوو ئەدەب کـە پێـوەندییـان لەگەڵ یەکدانەبێ، لێـک چوون لە شێواز یاخود بنەڕەت، یان لە هزر و باری دەروونیـدا دەبێت بۆ نموونە ڕۆمـانی ڕووسی (ئۆبلۆمـــۆڤ- oblomov) و ڕۆمـــانی (هاملێتـی) شەکسپیر کە هەردووکیان کەسایەتییەک دەخـەنە ڕوو کە لە بڕیارەکاندا دوو دڵ و ئەمڕۆ و سبەی دەکات، (ئولدریدج) وای بۆ دەچێ کە تێڕوانینی جوانی لە ئەدەبی بەراوردکـاریدا لەم چەند سـاڵانەی دواییـدا بڵاوبۆتەوە، بۆیە تۆژینەوەی کـاریگەربوون و کـارتێکردن چی تر سـەرنجی توێژەرەوانی ئەدەب ڕاناکێـشێ، بەڵکو لەجیـاتی تۆژینەوەی کارلێکردن و کاتێکردن، وێکچوون یاخود و گـونجان بەکاردەهێنن، کە پێی دەڵێن بەرنامەی نزیک بوونەوە یاخود پێگەی وێکچوونی بەبێ پێوەندی بوون.

بوارەکـانی تۆژینەوە، کـارەکـانی ئەدەبی جیـاوازە کـە لەنێـوانیـاندا لێک چوون و گـونجـان دەبینرێن، بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیـان لەمیـاندا هەبێ، کە جەخت لەسەر کـارە ئەدەبییـەکـانی گەورە دەکرێ، هەلی شی کـردنەوەی جوانییـە کە تێڕوانینمان زیاتر بەرەو پرۆسـەی داهێنانی هونەری دەبات.

بەم شـێـوەیە بۆچوونەکـان لە بارەی چەمکی ئەدەبی بەراوردییـەوە لێکتـر دووردەکـەونەوە، بەڵام چەمکە و بەهاو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، (ئۆلدریدج) دەڵێ تۆژینەوەکانی کاریگەربوون و کارتێکردن، بەرنامەیەکی زەبروزەنگی هەیە، کـە پشت بەکـارەکـانی ئەدەبی دنیـا دەبەسـتێ، بەڵام تۆژینەوە لێک نزیک بوونەوە کـە بەرنامەیەکی تەواوی نییە، بەڵکو پشت بەسەرنجگەرایی و خـودگـەرایی دەبەسـتێ، لەلایەکی تر، تۆژینەوەی سەرچاوەکـان پشت بەستن پێیـان لە پرۆسـەی کـاریگەری بوون و کـارتێکردانەدا زۆرجـار تۆژینەوە بەرەو بێـزاری و وەڕس بوون دەچوون.


**سەرچاوەکان:**

**١- الدكتور شفيع السيد؛ في الأدب المقارن، القاهرة، ١٩٩٧.**

**٢- ڤان تيگم: الأدب المقارن، ترجمة سامي الدروبي، دارالفكر العربي.**

**٣- الدكتور محمد غنيمى هلال: الأدب المقارن، دارالنهضة مصر، ١٩٥٦.**

**٤- جويار: الأدب المقارن، ترجمة محمد غلاب لجنة البينات العربي، ١٩٥٦.**

**5- Rene wellak: The crisis of comparative Literature, Concepts of criticism, Printng, 1971.**

**6- Rene wellak; Discriminations, zprinting.**

**7- Rene wellak; The Name and Nature of Comparative literatur, 1971.**

**8- A.Owen; Aldridge Comparative literature Matter and Method, 1969.**

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

**١- الدكتور بديع محمد جمعه، دراسات في الأدب المقارن، الطبعة الثانية، دارالنهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.**

**٢- الدكتور محمد غنيمى هلال: الأدب المقارن، دار النهضه مصر، القاهره، ١٩٥٦.**

**٣- الدكتور طەندا: الأدب المقارن دارالنهضه العربيه، بيروت، ١٩٧٥.**

**٥- الدكتور ابراهيم عبدالرحمن محمد: الادب المقارن بين النظرية و التطبيق، القاهره، ١٩٧٦.**

**٥- الدكتور محمد عبدالسلام كفافي: في الادب المقارن دراسات في نظرية الادب و الشعر القصص، بيروت ١٩٧٢.**

**بە زمانی فەرەنسی:**

**1- Guyardj la litterature comparee, paris, 1951.**

**2- P.V.Tieghem: Lo Romantisme la litterature Europeenne, paris, 1948.**

**: Le Preromantisme, 1947.**

**: Lq litterature comparee, paris, 1946.**

**3- Rene wellek and Austin werren: Theory of literature, 1955.**

# جەوهەری ڕاستی

مارتن هایدیگەر
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلیژی ئاداب)

قسە لە جەوهەری (١) ڕاستی (هەقیقەت) دەکەین. پرسیین لە بارەی جەوهەری ڕاستییەوە گوێ بەوە نادات ئایا ڕاستییەکە ڕاستییەکی ئەزموونی پراکتیکی ژیانە، یاخود لەبەرچاوگرتنی سوود و قازانجی ئابوورییە، یاخود ڕاستیی بیرکردنەوەی تەکنیکییە، یان کارامەیی سیاسییانەیە، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی بەلایەوە گرینگ نییە ڕاستییەکی تۆژینەوەی زانستی، یاخود داهێنانێکی هونەری بێت، یان بگرە ڕاستی سەرنجدانێکی هزری، یاخود هی بڕواو ئیمانێکی ئایینی بێت.

پرسیارە جەوهەرییەکە چاو لە هەموو ئەم بابەتانە دەپۆشێ و ڕوودەکاتە یەک شت؛ ئەویش ئەوەیە کە هەر «ڕاستییەک» بەگشتی لەوەدا کە ڕاستییە جیای دەکاتەوەو نیشانی دەدات.

بەڵام ئایا ئەو پرسیارە لەبارەی جەوهەرەوە نامانگەیەنێتە ناو بۆشایی هەمەکی- گشتی کە هەموو بیرێک تەنگە نەفەس دەکات؟! ئایا زادەڕۆیی ئەم پرسیارە بێ بنەمایی هەموو فەلسەفە ئاشکرا ناکات؟! هزرێکی ڕەگ و ڕیشەدا کوتاوو پشت ئەستوور بەڕاستەقینە، کە پێودانگ و بەڵگەمان پێدەبەخشێ، دەبێ لە دژی تەفرەی بۆچوون و وا دانان و لەکن وابوون هەڵمەت بەرێت.

ئایا دەبێ لەم پرسیارە (ئەبستراکتە) کە چاو لە هەموو ڕاستەقینەو واقعێک دەپۆشێ، سەبارەت بە دۆخی نەداری و لێقەوماوی ڕاستەقینە، چی لێ بکەوێتەوە؟! ئایا پرسیی لە بارەی جەوهەرەوە، لەنێو هەموو پرسیارەکاندا بەگشتی، ناجەوهەریترین و ناپابەندبووترین

پرسیار نییە کە دەکرێ بکرێ؟!

هیچ کەسێک ناتوانێ لە دڵنیایی لێکراوی روون و بێگەردی ئەم ئەگەر و گومانانە خۆی ببوێرێ و دەرباز ببێت. ڕێگای هیچ کەسێک نادرێت بە ئاسانی ڕاستیی ئەم گومانانە بەکەم بزانێ، بەڵام کێ، چ کەس ئەم گومانانە دەردەبڕێت؟! تێگەیشتنی (فام) سافی مرۆڤ ئەمە دەکات. ئەو لەسەر داخوازیی سوودو قازانجی هەست پێکراوو بەردەست پێدادەگرێ و دژی زانینی جەوهەری بوونەوەر ئەو زانینە جەوهەرییە کە لە کۆنەوە (بە فەلسەفە) ناودەبرێت، دەماری دەگیرێ.

تێگەیشتنی گشتی مرۆڤ (فام) ناچاری تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ئەو مافی خۆی بەوچەکەی لەبەردەستیدایە ساغ و دووپات دەکاتەوە.

ئەمەش پشت ئەستوورییە بە داخوازی و گومانە «ڕوون و ڕەوان و ئاشکراکانی»، بەڵام فەلسەفەش ناتوانێ فام (تێگەیشتنی) ناوکۆیی پوچەڵ بکاتەوە، چونکە ئەو بەزمانەکەی کەڕ ولاڵە. فەلسەفە ڕێگا نادرێ بیەوێ ئەو جارێک پوچەڵ بکاتەوە، چونکە تێگەیشتنی ناوکۆیی بۆ ئەوشتە نابیناو کوێرە کە فەلسەفە دەیخاتە بەردەم سەرنجدانی جەوهەرییانە.

سەرەڕای ئەمە ئێمە خۆمان لەنێو ڕوونی و ڕەوانی تێگەیشتنی ناوکۆییدا خۆمانمان گیرکردووە، مادام ئێمە خۆمان لەنێو «فرەفۆڕمی ڕاستییەکانی» ئەزموونی ژیان و ڕەفتار، هی توێژەرەوە، هی ڕەنگڕشتنی ڕوخسارو بڕوا و ئیماندا بەدڵنیایی هەست پێدەکەین.

ئێمە خۆمان یاخی بوونی ئەو «گومان هەڵنەگرە» دژی هەموو لافەکانی شایستەی پرسیار لەبارەوە کردنەوە پیادە دەکەین.

خۆ ئەگەر، لەگەڵ ئەمەشدا، پێویست بێت لەبارەی ڕاستییەوە بپرسرێت، ئەوا داوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێت؛ ئێمە ئەمڕۆ لە چ ڕەوشێکداین، دەویسترێ بزانرێت ئێمە لە چ حاڵێکداین.

مرۆڤ سەرگەرمی ئەو ئامانجەیە کە مرۆڤایەتی لە مێژوویەکەیدا کە دەبێ بۆ ئەوە دابنرێ و دەستنیشان بکرێت، مرۆڤ «ڕاستی» واقیعی دەوێ. واتە سەرەڕای ئەمە ڕاستی دەوێ.

لەکاتی کۆشش کردن بۆ «ڕاستی» واقیعیانە مرۆڤ دەبێ لەگەڵ ئەمەدا بزانێ کە ڕاستی بەگشتی چی دەگەیەنێ. یاخود مرۆڤ تەنیا هەر «بەپێی هەست و سۆز» «وبە» گشتی ئەوە دەزانێ؟! ئایا ئەم بەلای کەمەوە «زانینە» و خەمساردی لە بەرامبەریدا لە زانینی سادەو ساکاری جەوهەری ڕاستی کلۆڵتر نییە؟!

## چەمکی باوی ڕاستی

ئایا مرۆڤی ئاسایی چ لە «ڕاستی» دەکات و بەچی دادەنێ؟!

ئەم وشە بەرز و لە هەمانکاتدا کاڵبووەوە و پەککەوتەو خەریکە کوڵەوار دەبێتەی «ڕاستی» (٢) ئەو شتە ڕادەگەیەنێ کە شتێکی ڕاست دەکات بە ڕاستی (٣). شتێکی ڕاست چییە؟ ئێمە دەڵێین، بۆ نموونە، «ئەمە خۆشییەکی ڕاست و ڕاستەقینەیە ئەگەر لە جێ بەجێکردنی ئەم ئەرکە بەشداری بکەین». ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێت بڵێین: ئەمە خۆشییەکی بێگەردی ڕاستەقینەیە. شتی ڕاست شتی (واقیعی) ڕاستەقینەی واقیعییە. هەر بەم پێودانگە ئێمە باسی زێڕی ڕاست (ساغ) دەکەین بۆ جیاکردنەوەی لە هی قەڵب. زێڕی ناساغ (قەڵب) Falsche Gold بەڕاستی ئەوە نییە کە دێتە بەرچاوو دەردەکەوێ.

ئەو تەنیا «ڕوخسارێکە» بۆیە ناڕاستەقینەیە. ناڕاستەقینە بەرامبەرو پێچەوانەی ڕاستەقینەیە، بەڵام زێڕی ڕواڵەتییانەش Schein هەر شتێکی واقیعیە. بەم پێیە ئێمە بە ئاشکراتر دەڵێین، زێڕی ساغ (ڕاستەقینە) زێڕی ڕاستی بێگەردە.

«ڕاستەقینە» لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیانن، زێڕی ساغ بەهیچ جۆرێک لەهی باوی ناساغ کەمتر نییە. ڕاستی و ساغیی زێڕی ساغ ئیتر ناکرێ بەهۆی ڕاستەقینەیی و واقیعییەتەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە.

پرسیارەکە جارێکی تر دێتەوە: ساغ و ڕاست لێرەدا مانایان چییە؟ زێڕی ساغ (ڕاست) ئەو شتە واقیعییەیە کە واقیعییەتییەکەی لەگەڵ ئەوەدا گونجاوو تەبایە کە ئێمە «بەتایبەتی» پێشەکییانەو هەمیشە بە زێڕی دادەنێین. بە پێچەوانەشەوە ئێمە لەو کاتەدەدا کە ئەگەری زێڕی ناساغمان هەبێت، دەڵێین: «لێرە شتێک نادروستە»، کەچی بەپێچەوانەوە ئەوە وایە کە «چۆن پێویستە وابێت»، ئێمە لەبارەیەوە دەڵێین: ئەمە دروستە

شتەکە ڕاستە.
ئێمە نەک تەنیا هەر خۆشییەکی ڕاستەقینە زێڕی ساغ و هەمـــوو بوونەوەرێکی ئەم جـــۆروچەشنە بەڕاست ناودەبەین، بەڵکو ئێـــمە هەروەها و لەپێش هەمـــوو شتێکدا دەربڕین و قسەکانمان لەبارەی بوونەوەرەوە کە خۆی بەپێی جۆرەکەی ساغ یاخود ناساغ دەبێت، واقیعیەتەکەی دەکرێ بەم جۆرە یاخود بە جۆرێکی تر بێت بە ڕاستی یاخود ناڕاست ناودەبەین. دەربڕینێک دەکرێ ڕاست بێت ئەگەر ئەوەی دەریدەبڕێ و دەیڵێت لەگەڵ ئەو شتەدا کە لەبارەیەوە وتوویەتی گونجاوو تەبابێت، هەروەها لێرەدا ئێمە دەڵێین: ئەمە ڕاستە، بەڵام ئێستاکە نەک شتەکە، بەڵکو ڕستەکە خۆی ڕاستە.

ڕاست، ئیتر شتێکی ڕاست بێت یاخود ڕستەیەکی ڕاست، ئەوەیە کە دروست بێت، کە تەباو گونجێنەر بێت. ڕاست بێت و ڕاستی لێرەدا دروستی دەگەیەنن و بگرە بە جووتە شێوازێک: جارێکیان بەمانای هەمئاهەنگی شتێک لەگەڵ ئەوەی لەبارەیەوە گریمانە کراوەو جارێکی تر بەیەکەوە گونجانی ئەوشتە لەگەڵ ئەوەی لەبارەیەوە دەربڕاوە.

ئەم جووت کەرەکتەرەی ڕاستی دەبێتە مایەی ئەوەی ڕەنگ ڕشتنی سنووری جەوهەری ڕاستی دەربکەوێت:
Veritas est adaequatio rei et intellectus (مانای ئەم ڕستە لاتینییە ئەمەیە: ڕاستی گونجان و تەبایی شتە لەگەڵ ژیردا- وەرگێڕ).

دەکرێ ئەمە ئەم مانایەش ببەخشێ: ڕاستی بەیەکەوە گونجان و تەبایی شتە لەگەڵ زانیندا. هەروەها دەکرێ بوترێ: ڕاستی تەبایی و وەک یەکیی زانینە لەگەڵ شتدا. ڕاستە وا باوە کە ڕەنگ ڕشتنی سنووری جەوهەری ڕاستی هەر بەو چوارچێوەیە (فۆرمیلە) پێناسە دەکرێت:
Veritas est adaequatio in intellectus adrem. (ڕاستی گونجانی ژیرە لەگەڵ شت- وەرگێڕ-).

بەڵام ڕاستی کە بەو جۆرە تێی دەگەیشترێ، ڕاستی کێشەکە (ڕستەکە) تەنیا لەسەر بنەمای ڕاستی شت: adaequatio rei ad intellectum شیاوەکییە. (واتە گونجانی شت لەگەڵ ژیردا- وەرگێڕ).

هەردوو چەمکە جەوهەرییەکەی Veritas (ڕاستی- وەرگێڕ) هەمیشە بەدواکەوتن و پابەندبوون و شوێن پێ هەڵگرتنە و... وا بیرکردنەوەیە کە ڕاستی بریتییە لە گونجان و ڕاست ڕۆیشتن.

لەگەڵ ئەمەدا یەکێکیان بەپێچەوانەی ئەوی تریانەوە نییە. هەموو جارێک intellectus لەگەڵ res (ژیر وشت- وەرگێڕ) پتر بەمانای جیاواز تێیان دەگەیشترێ. بۆ ئەوەی ئەمە بزانرێت پێویستە ئێمە فۆرمێلی باوی چەمکی ڕاستی ببەینەوە سەر بنج و بنەما نزیکەکەی (سەدەکانی ناوەڕاست):
Veritasوەک adaequatio rei ad intellectum (ڕاستی وەک گونجانی شت لەگەڵ ژیردا- وەرگێڕ) ئەو بیرۆکە شیاوەکییە ترانسندێنتالییەی پشت ئەستوور بە خودێتی جەوهەری مرۆڤ کە یەکەم جار لەم دواییەدا لەلایەن کانت داهێنراوە، ناگەیەنێ کە دەڵێ «بابەتەکان پابەندی زانینی ئێمە بن» بەڵکو مەبەست لەو باوەڕە لاهوتییەی مەسیحییە کە دەڵێ: شتەکان لەوەدا ئەوان چین و ئایا ئەوان هەن تەنیا بەوڕادەیەی ئەوان وەک شتی داهێنراو ens Creatum لەگەڵ ئەو نموونەیەی لەبیروگیانی ڕەبدا نەخشاوە گونجاوبن بەمە بیری ڕاست بن بەو مانایە ڕاستین ens Creatum لە هەمان کاتدا intellectus humanus دەگەیەنێ.

(ژیری مرۆڤ شتێکی داهێنراوە- وەرگێڕ). دەبێ ئەمە وەک هێزێک کە لەلایەن ڕەبەوە بە مرۆڤ بەخشراوە لەگەڵ نموونەکەیدا پڕ بەپێستی خۆی بێت. تێگەیشتن Verstand تەنیا بەوپێیە وەک نموونەکەی کە ئەو لە چالاکییەکەیدا تەبایی و گونجانی بیرۆکە لەگەڵ شتەکاندا تەواو و پیادە دەکات، کە لەلای خۆیەوە دەبێ وەک نموونەکە بێت. شیاوەکی ڕاستی زانینی مرۆڤ، ئەگەر هەمـــوو بوونەوەرێک «داهێنراوێک» بێت، لەوەدا دەکەوێتەوە کە شت و ڕستە بەهەمان شێواز وەک بیرۆکەکە بن و ئینجا لە ئەنجامی یەکڕەنگی نەخشەی داهێنانی ڕەببانییەوە بە دوای یەکتریدابن و بگونجێن.

ڕاستی وەک گونجانی شتی داهێنراو لەگەڵ ژیری ڕەبدا دەستەبەری ڕاستی دەبێ بەو جۆرەی کە گونجانی ژیری مرۆڤە لەگەڵ شتی داهێنراودا.

ڕاستی لە جەوهەرو پوختەدا هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا بریتییە لە گونجان Convenientia، بەیەکەوە گونجانی بوونەوەران لەنێو خۆیاندا و وەک داهێنراو لەگەڵ داهێنەرەکەیاندا، «هەماهەنگییەک بەپێی

ڕێ وشوێنی ڕێک و پێکی داهێنان. Schoepfung sordnung بەڵام ئەگەر ئەم ڕێک وپێکییەکە لە بیرۆکەی داهێنان (خەلق) دابـبڕدرێ، بەگشتی و بەبێ دەستنیشانکردن دەکرێ وەک ڕێک وپێکی (سیستەمی) دنیا بە بیردا بێت. لە جێگای سیستەمی داهێنان کە لەلایەن لاهووتەوە بەبیردا هاتووە، شیاوەکی پلان و نەخشە کێشانی هەموو بابەت و شتێک لەلایەن ژیرەوە دەردەکەوێ کە خۆی وەک قانوون دەردەخات و لەبەر ئەمەش لافی شایستەیی پەسندی ڕاستەوخۆیی نەخشەو شێوازەکە لێدەدات (کە ئەمەش بەشتێکی- مەنتیقیانە- دادەنرێت). ئیتر گوایە جەوهەری ڕاستی کێشە- ڕستە Satz لە ڕاستیی دەربڕیکەوە پێک دێت بە بەلاداخراو دەزانرێت. هەروەها لەو شوێنەی ئەو پەڕی کۆشش سەیر و بیهوودە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە دەکرێ، چۆن دەبێ ڕاستییەکە بکەوێتەوە، جەوهەری ڕاستیی هەر لەسەرەتاوە وەک مەرج و گریمانە دادەنرێت. بەهەمان جۆرو شێوە ڕاستی شت هەمیشە بەیەکەوە هەماهەنگی شتی بەردەست لەگەڵ چەمکی جەوهەری ژیریدا دەگەیەنێ. ئەو دیاردەیە دێتە بەرچاو، ئەم دەستنیشانکردنەوەی جەوهەری ڕاستی بەسەربەخۆیی لە لێکدانەوەی جەوهەری بوونی هەموو بوونەوەرێک دەمێنێتەوە کە لە هەمانکاتدا شرۆڤە کردنێکی وەهای جەوهەری مرۆڤ کە هەڵگرو پیادەکاری ژیرە، دەگرێتە خۆی. بەم پێیە چوارچێوەکەی جەوهەری ڕاستیی (ڕاستی بریتییە لە گونجانی ژیر و شت پێکەوە- بەلاتینی، وەرگێڕ-) بۆ هەموو کەسێک وەک یەک کاریگەری و دەستبەکاری گشتی گومان هەڵنەگری دەستگیر دەبێت. لەژێر دەسەڵاتی گومان هەڵنەگری ئەم چەمکەی ڕاستی کە لە بنەما جەوهەرییەکەدا زۆر دەگمەن سەرنج دراوە وەک شتێک دڵنیایی لێکراوی گومان هەڵنەگر دادەنرێ کە ڕاستی پێچەوانەیەکی هەیەو کە ناڕاستیش هەیە. ناڕاستی unrichtigkeit ڕستەکە (کێشەکە) بریتییە لە نەگونجانی دەربڕین لەگەڵ شتدا. ناڕاستی شت un-echtheit نەگونجانی بوونەوەر لەگەڵ جەوهەرەکەیدا دەگەیەنێ. هەموو جارێک دەکرێ کە ناڕاستی un-wahrheit وەک نەگونجان تێی بگەیشترێ.

ئەمە لە جەوهەری ڕاستەقینەوە دەکەوێتەوە. هەر بۆیە دەکرێ ناڕاستی وەک ئەو پێچەوانەیەی ڕاستی لەوێ، کە پەی بردن بە جەوهەری بێگەردی ڕاستی پەسند دەکرێت، بخرێت بەلایەکدا، بەڵام ئایا بەگشتی پەردەلادانێکی تایبەتی لە سەرجەوهەری ڕاستی پێویست دەکات؟! ئایا جەوهەری بێگەردی ڕاستی لەو چەمکەدا کە بەگشتی پەسندە و لەلایەن هیچ تیورییەکەوە نەشێوێنراوەو بەهۆی گومان هەڵنەگرییەکەوە پارێزراوە بەتەواوەتی نەنوێنراوە؟ ئەگەر ئێمە سەرەڕای ئەمە گێڕانەوەکەی ڕاستی ڕستە بۆ سەر ڕاستی شت بەوە دابنێین کە لە نزیکەوە خۆی وەک ڕوونکردنەوەیەکی لاهووتی نیشان دەدات و ئەگەر ئێمە بە تەواوەتی دیاریکردنی جەوهەری فەلسەفە دژی دەست تێوەردان لەلایە لاهووتەوە بەپاکی ڕابگرین و دەستگیر بکەین و چەمکی ڕاستی تەنیا هەر بەڕاستی ڕستە دیاری بکەین، ئەوا ئێمە لە هەمانکاتدا ڕووبەڕووی بیرێکی کۆن، بەڵام نەک کۆنترین مێردێک دەبینەوە کە بریتییە لەوەی ڕاستی بەیەکەوە گونجانی دەربڕینێکە (لۆگۆس) لەگەڵ شتێکدا (پراگما). بەڵام چی دەمێنێتەوە شایستەی پرسین بێت، ئەگەر وا دەبنرێت کە ئێمە دەزانین گونجانی (هومۆبوزیس) دەربڕینێک لەگەڵ شتێکدا چی دەگەیەنێ؟ ئایا ئێمە ئەوە دەزانین؟!

### شیاوەکی ناوەکی پێکەوە گونجان

ئێمە بە واتای جیاواز قسە لە پێکەوە گونجان دەکەین بۆ نموونە ئێمە دەڵێین دوو دراوی پێنج مارکی کە لەسەر ئەم مێزەن: هەردووکیان لەگەڵ یەکتریدا گونجاوو وەک یەکن. هەردووکیان لە ڕوخساردا وەک یەکن. ئیتر هەردووکیان ئەو شتە ناوکۆییەیان هەیەو لەم ڕوانگەوە وەک یەکن. دواتر ئێمە باسی پێکەوە گونجان دەکەین، بۆ نموونە کە ئێمە لە بارەی یەکێک لەو پێنج مارکەی لەبەردەستدایە دەڵێین: ئەم پارچە دراوە خڕە. لێرەدا دەربڕینەکە لەگەڵ شتەکەدا گونجاوە.

ئێستاکە نەک پێوەندی نێوان شت و شت، بەڵکو پێوەندی نێوان دەربڕینێک و شتێک دەکەوێتەوە، بەڵام دەبێ لە چیدا شت ودەربڕین وەک یەک و گونجاوبن ئەگەر هەموو لایەنەکان بە ئاشکرا لە ڕوخساردا جیاوازبن؟ پارەکە لە کانزا دروست کراوە. دەربڕینەکە بەگشتی کەرەسە نییە. پارەکە خڕە. دەربڕینەکە بەگشتی هیچ جۆرێکی جێگایی نییە.

بە پارەکە مرۆڤ دەتوانێ شتێک بکڕێت. دەربڕین کە

له بارەیەوەیە هیچ جارێک ئامرازی کڕین نییە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو جیاوازییەی هەردووکیان دەربڕینە ناوبراوەکە وەک ڕاستییەک لەگەڵ پارچە دراوەکەدا گونجاوە. ئەم بەیەکەوە گونجانە دەبێ بەپێی چەمکی باوی ڕاستیی وەک یەکییەک بێت Angleichung، بەڵام چۆن دەکرێ ئەوپەڕی وەک یەک نەبوون، دەربڕینەکە خۆی لەگەڵ پارەکە بکات بە وەک یەک؟ ئەوە پێویستە ببێ بە پارەو دەبێ ڕوخسارەکەی بەتەواوەتی دەستبەرداری خۆی بێت. ئەمەش هیچ کاتێک لە دەست دەربڕینەکە نایەت. لەو ساتەدا کە ئەمەی لە دەست دێت، دەربڕینێک وەک دەستەواژە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ شتدا یەک و گونجاو نابێ. لە وەک یەک بووندا پێویستە دەربڕینەکە پتر بەوە بمێنێتەوە، بگرە لە پێشدا ببی بەوە، ئەو خۆی چییە. ئایا جەوهەرەکەی کە ئەوپەڕی لە شتەکە جیاوازە لەچی پێک دێت؟! ئایا چۆن ئەو دەربڕینە کە بەهۆی سووربوون لەسەر جەوهەرەکەی، بۆی دەلوێ لەگەڵ هی تردا، لەگەڵ شتدا خۆی بکات بە وەک یەک؟!

وەک یەک بوون لێرەدا ناکرێ وەک یەک بوونی ڕاستەقینەی بابەتی نێوان چەند شتێک کە لە جۆردا وەک یەک نین، بگەیەنێ. جەوهەری وەک یەک بوون پتر بەهۆی جۆری ئەو پێوەندییەوە کە لە نێوان دەربڕین و شتەکەدا هەیە دیارو دەستنیشان دەکرێت. چەندە ئەو «پێوەندییە» دیارییەنەکراوو لە جەوهەرەکەیدا بەدانەمەزراوی بمێنێتەوە هەموو کێشەو هەرایەک لەبارەی شیاوەکی و ناشیاوەکی، لەبارەی جۆرو پلەی وەک یەک بوونەوە لە بۆشاییدا دەخولێتەوە. دەربڕینەکە لەبارەی دراوەکەوە پشت بەو شتە دەبەستێ لەوەدا کە دەیهێنێتە بەردەمی خۆی و لەبارەی ئەو شتەوە کە هێناویەتە بەردەمی خۆی بەو پێیەی ڕەوشەکەی لە ڕوانگەی زاڵ و باوەوە چۆنە، دەدوێت. ئەو دەربڕینەی لە ناخدا وێنە ڕەنگ دەڕێژێ ئەو شتە لەبارەی وێنە ڕەنگ ڕێژراوەکەوە دەڵێ کە خۆی چۆنە. ئەو «ئیتر- چۆن»ـە پێوەندی بە بۆچوون و ئەوەی بۆی چووەوە هەیە. بۆی -بچی، لێرەدا مانای ئەوەیە دوور خستنەوەی هەموو زانینێکی تیۆری سایکۆلۆجی و هۆشی پێشییانە دەبێتە مایەی ئەوەی شتەکە وەک بابەت لەبەردەم دابنرێت. ئەوەی دەخرێتە بەردەم، وەک چۆن بەو جۆرە دانراوە، دەبێ لەبەرامبەردا بوارێک ببڕێ و لەگەڵ ئەمەدا لە خۆیدا وەک شت بمێنێتەوەو وەک شتێکی بەردەوام خۆی دەربخات. ئەم دەرکەوتنەی شت بەبڕینی بوارێک لە بەرامبەردا لە بوارێکی کراوەدا دێتەدی، ئەم کراوەییە لە لایەن بۆچوونەوە دانەهێنراوە، بەڵکو وەک دەڤەری پێوەندی دادەنرێت و وەردەگیرێت. پێوەندی دەستەواژەکە کە بۆچوون دەردەبڕێ بەشتەوە بەدی هێنانی ئەم پێوەندییەیە کە لەبنەڕەتداو هەموو جارێک خۆی وەک کردارو ڕەفتارێک نیشان دەدات، هەموو کردارێک نیشانی خۆی لەوەدا هەیە کە دیارو ئاشکرایە و بە ئاشکرایی خۆی چۆن دەمێنێتەوە. ئەو دەرکەوتنە بە مانا بنەڕەتییەکەی خۆی بەتەنیا زوو لەبیری خاوەر زەمیندا وەک بوونەوەرێک کە لەبەرچاو شارەزایی لە بارەیەوە پەیداکراوەو لە دەمێکی دوورەوە بە - بوونەوەر- ناوبراوە.

کردار لەبەردەم بوونەوەردا کراوەیە. هەموو پێوەندییەکی کراوە کردارو ڕەفتارە. بەپێی جۆری بوونەوەرو شێوازی کردارو کراوەیی مرۆڤ جیاواز دەبێت. هەموو کارو دامەزراندنێک، هەموو ڕەفتارێک و ژماردنێک (تەگبیرکردنێک) لە کراوەیی دەڤەرێکدا دەمێنێتەوەو لە ناویدا بوونەوەر وەک چییەو چۆنە خۆی نیشان بدات (٤) و بتوانرێ دەرببڕدرێ. تەنیا ئەمە کاتێک لە کردن دێت ئەگەر بوونەوەر خۆی ئەگەر بەهۆی دەستەواژە دەربڕاوەکاندا بکرێ دەرببڕدرێ، ئینجا ئەمە بەو جۆرە کە پابەندی جۆرە ڕێنیشاندانێک بێت، بوونەوەر بەو شێوەیە کە چۆنە، دەرببڕدرێ. لەوەدا کە دەربڕینی شوێن ئەم ڕێنیشاندەرانە دەکەوێ، خۆی پابەندی بوونەوەر دەبێت. تەنانەت ئەو دەربڕینەی پابەندی گرێمانەو ڕێنیشاندەرە ڕاستە (هەقیقەتە). ئەوی بەوجۆرە وتراوە ڕاستییە (هەقیقەتە).

پێویستە دەستەواژە ڕاستییەکەی لە کراوەیی کردارەوە بخوازێتەوە، تەنیا هەر بەهۆی ئەمەوە دەکرێ بەگشتی بۆ بۆچوونی وەک یەکی ببێ بە پێودانگ. کرداری کراوەو ئاشکرا خۆی پێویستە پابەندی ئەم گرێمانە ڕێنشاندەرە بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە: پێویستە ئەو بەخششێکی پێشەکییانەی پێودانگەکە بۆ هەموو بۆ چوونەکان پەسند بکات. ئەمە سەر بەکراوەیی و ئاشکرایی کردارەکەیە. ئەگەر تەنیا هەر بەهۆی ئەم کراوەیی و ئاشکرایی کردارەوە ڕاستی (هەقیقەت)ی دەربڕینەکە لە کردن بێت، ئەوا پێویستە ئەوەی یەکەمجار ڕاستییەکە دەکات بە

شـیـاوەکی پشت ئەسـتـوور بە مـافی بنچـینەیی وەک جەوهەری ڕاستیی دابنرێت و کاری پێی بکرێت.

بەمـە نیـشـاندانی باوو کـۆتایی دەسـتـەواژە وەک تاکـە جـێگای جـەوهەری ڕاسـتی پەکی دەکـەوێ. ڕسـتـە نیشتمانی بنەڕەتی، ڕاستی نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو پرسیارە لەبارەی بنەمای شیاوەکی ناوەکییانەی بە ئاشکرا کراوەیی و پێوادنگی کردارێکی پێشەکییانە دەردەکەوێ کـە بەتەنیـا شـیـاوەکی ڕاسـتی بە ڕسـتـە دەبەخشێ دێنێتە بەرچاو کە بەگشتی جەوهەری ڕاستی بەدیدەهێنێ.

## بنەمای شیاوەکیکردنی ڕاستییەک

لە کـوێوە دەسـتـەواژەی بۆچوون دەربڕ ڕێ وشـوێنی پێـدەبڕێ کـە پابەندی بابەت بێت و بەپێی ڕاسـتی و دروسـتی پەسندی بکات؟! بۆچی ئەم گـونجـانە لە دەستنیشانکردنی ڕاستیدا بەشداری دەکات؟!

چۆن بەتەنیا ئەم جۆرە و چۆن بەدیهـێنانی بەخشینی پێـشـەکـییـانەی ئەم پێوادنگە و ئاراسـتەکـردنەکە بە یەکدەنگی پەیدادەبێ؟! تەنیا بەوجۆرە کە ئەو بەخششە پێـشـەکـییـانە بە ئازادی خـۆی بە ئاشکرا بۆ یەکـێک دەکاتەوە کە لەو ئاشکراییە زاڵە بکەوێتەوەو بۆچوونەکە پابەند بکات. ئەم ڕزگـاربوون و خـۆکـردنەوەیە بۆ پێوانەیەکی پابەندکەر تەنیـا وەک ئازاد بوونێک بەرەو کـرانەوەی کـراوەیەک شـیـاوەکی دەبێت. ئەم ئازاد بوونە Freisein جەوهەری ئەو سەربەستییە نیشان دەدات کە تا ئێـسـتـا پەی پێ نەبراوە. کـراوەیی کـردار وەک شیاوەکییەکی ناوەکییانەی ڕاستیەتی لەسەر بنەمای ئازادی دادەمەزرت. جەوهەری ڕاستیی کە وەک ڕاستی و دروستی دەربڕینەکـەی تێی بگەیشـترێ، بریتـیـیـە لە ئازادی (٥).

بەڵام ئایا ئەم ڕسـتـەیە Satz دەربارەی جـەوهەری ڕاستـییەتی گومان هەڵنەگرێک لە جێگای یەکـێکی تر دانانێت؟!

بۆ ئەوەی بتـوانرێت کـردارێک و ئینجـا ناوەرۆکی دەسـتـەواژەیەکی بۆچوون دەربڕ و پەسندکـردن و ناکـردن بکرێن بە هەقیـقـەت، پێـویسـتـە بکەر ئازاد بێت واتە، ڕێگای لێنەگـیـرابێت. بگرە ئەو ڕسـتـەیە مـەبەسـتی ئەوەنییە کە بۆ دارشتنی دەستەواژەیەک و تەواوکردنی و بۆ دەربڕینەکەی و بەدەستهێنانی پێویستی بە کردارێکی ناچار نەکراو هەیە بەڵکو ڕستەکە دەڵێ:

«ئازادی جەوهەری
هەقیقەت خۆیەتی»

«جەوهەر» وا تێی دەگەیشـترێ کە بنەمای شیـاوەکی ناوەکـیـیـانەی ئەوەیە کـە لە پێـشـەوەو بەگـشـتی وەک شتێکی ناسراوو زانراو دانی پیادا دەنرێت. لە چەمکی ئازادیدا ئێمە نەبیر لە ڕاستی و بگرە نە لە جەوهەرەکەی ناکەینەوە. ئەو ڕسـتەیە، جەوهەری هەقـیـقـەت (ڕاسـتی دەربڕین)، ئازادییە پێویستە ببێتە مایەی حەپەسان.

ئایا جـەوهەری ڕاستی لە ئازادیدا بدیترێ مـانای ئەوە نییـە کە ڕاستی بخـرێتە ژێر دەسەڵاتی ئارەزوو و حەزی مـرۆڤـەوە؟! ئایا دەکـرێ ڕاسـتی لەوە پتـر زیندە بەچاڵ بکرێت ئەگەر بخرێتە ژێر زەبری هەرەمەکی ئەو قامیشە لەرزۆکـەوە؟! ئەوی لەکـاتی توێژینەوەکـەدا بڕیاردان (حوکم)ی ڕەوای تەنگەتاو کردووە، ئێستاکە بە ئاشکرا دەردەکەوێ:

«هەقـیـقـەت لێرەدا دەخـرێتە ئەستۆی خـودێتی خـودی مرۆڤ»

تەنانەت ئەگەر ئەم خودێتییە بکرێت ببێ بە بابەتی، ئەوا لە هەمانکاتدا لەگەڵ خودێتیدا هەر شتێکی مرۆیی دەبێت و لە بەردەستی مرۆڤدا دەبێت.

هیچ گومان لەوە ناکرێت کە ساختەو دووزمانی و درۆو دەلەسـەو تەفرەدان، فـێڵ و ناڕاسـتی بەکـورتی هەمـوو جـۆرەکـانی ناڕاسـتی دەدرێنە پاڵ مـرۆڤ، بەڵام لەگـەڵ ئەمەدا ناڕاستی بە پێچەوانەی ڕاستییەوەیە، ئیتر هەر لەبەر ئەمـەیە ئەوان دەیانەوێ، وەک مـافـێکی خـۆیان، ئەمـە وەک شـتـێکی نا جـەوهەری لە کـایەی پرسـیـار لەبارەی جەوهەری بێگەردی هەقیقەت دووری بخەنەوە. ئەم جـۆرە بنج و بنەمـا مـرۆیییـەی ناڕاسـتی بەهۆی پێچـەوانەوە ساغی دەکاتەوە کـە جـەوهەری ڕاستی-لەخـۆیدا- ئەوەیە کـە بەسـەر مـرۆڤـدا زاڵ و دەست ڕۆیشـتـووە. ئەمـە لە میـتـافـیزیکدا بە لەناونەچوو هەتا هەتایی دادەنرێت کە هیچ کاتێک لەسەر بنەماو بنچینەی لاوازی و بێ هێـزیی و فـەوتان و لەناچوونی جـەوهەری مـرۆڤ دانامـەزرێت. کـەواتە چۆن دەبێ جـەوهەری هەقـیـقـەت بتـوانێ بەردەوامی و بنەمـای خـۆی لە ئازادی مرۆڤدا بدۆزێتەوە؟!

ناڕەزایی دژی ئەم ڕستەیە؛ جەوهەری هەقیقەت لە ئازادیدایە، پشت بە بیروڕای پێشەکییانە دەبەستێ کە توندترینیان ئەوەیە کە دەڵێ:

«ئازادی خەسڵەتێکی مرۆڤە»

جەوهەری ئازادی نەپێویستی بە پرسیارکردنی پتر هەیە و نەبۆ ئەمە ئەو پشوو درێژییەی هەیە. مرۆڤ خۆی چییە، هەموو کەسێک ئەمە دەزانێ.

## جەوهەری ئازادی

بەڵام ئامـاژەکـردن بۆ ئەو بەیەکـەوە بەسـتـرانە جەوهەرییەی هەقیقەت وەک ڕاستی لەگەڵ ئازادیدا ئەو بڕیارو حوکمە پێشەکییانە دەهێنێتە لەرزین بەو مەرجەی بە ئازادی ئێمە ئامادەی گۆڕینێکی بیرکردنەوەمان بین. بیـرکـردنەوەی لە بەیەکـەوە بەسـتـرانەوەی جـەوهەری هەقـیـقـەت لەگـەڵ ئازادیدا ئێـمـە بەرەو ئەوە دەبات کـە پرسیار لەبارەی جەوهەری مرۆڤ لە ڕوانگەیەوە بکەین کە شارەزابوون و ئەزموونی بنەمای جەوهەری شاراوەی مرۆڤ (هی بوون) بۆ ئێمە دەستە بەردەبێ، ئیتر بەوجۆرە کە ئێمە هەر لەسەرەتاوە بەرەو دەڤەری بنەڕەتی جەوهەری هەقیقەت دەبات. لێرەوە ئەمە خۆی دەردەخات:

ئازادی تەنیـا هەر لەبەر ئەوە بنەمـای شـیـاوەکی ناوەکییانەی ڕاستییە، چونکە جەوهەری تایبەتی خۆی لە جەوهەری بنەڕەتی تاکە هەقیقەتی جەوهەرییەوە پێدەبڕێ و دەستگیـر دەبێ. ئازادی لە سـەرەتاوە وەک ئازادی بۆ دەرکەوتنی کراوەیەک و درەخشانەکەی دیارو دەستنیشان کـرا. چۆن دەکـرێ بیـر لە جـەوهەری ئەم ئازادییـە بکرێتەوە؟! ئەوەی دەردەکەوتوە، دەستەواژەیەکی بۆچوون دەربڕن وەک ئـەوە (angleicht) ئینجا لە کردارێکی کـراوەی ئاشکرادا بوونەوەرێکی کـراوەیە. ئازادی لە پێناوی کـراوەیەکی بە ئاشکرا ڕاگـەیەنرا و ڕێگا دەدات بوونەوەرە دیاریکراوەکـە بەوجـۆرەی کـە هەیە بوونەوەر بێت. ئازادی ئێستاکە خۆی وەک دەرفەتدان بە هەبوونی بوونەوەر دەردەخات.

ئاسایی ئێمە قسە لە دەرفەتدان بە هەبوون دەکەین، بۆ نموونە، ئەگەر ئێـمـە لە پڕۆژەیەکی ڕەنگ بۆڕێژدراو چاو بپۆشین.

«ئێمە ڕێگا دەدەین شتێک هەبێت» مانای ئەوەیە: هیچی تر دەستی لێنادەین و سەرگەرمی پێوە خەریک کردنی نابین.

ڕێگادانی هەبوونی شـتـێک Seinlassen Von لێرەدا واتایەکی ناکردنی چاوپۆشینە لەشتێک، دەست هەڵگرتنە لە شتێک، خەم ساردییە لەبەرامبەریدا و بگرە کۆڵدانەڵی.

لێـرەدا ئەو وشـەیەی بۆ دەربڕینی ڕێگادانی- هەبوونی بوونەوەر ئەوپەڕی گـرینگ کـۆڵدان لی و خـەمـسـاردی ناگـرێتـە خـۆی، بەڵکو پێـچـەوانەکـەی، ڕێگای هەبوون بدرێت ڕێگا بە خۆدانە دەست لە بوونەوەر وەربدرت خۆی بۆ دابنێیت. ئیتر ئەمەش جارێکی تر بە ئاشکرا نابێ وا تێی بگەیشـتـرێ کە بریتـییـە لە کردارو کردنی ڕووت، کۆشش، بایەخ پێـدان و نەخشـەکێـشـانی ئەوەی بەرەو ڕووی دەبین، یاخود ئەو بوونەوەرەی بە دوایدا دەگەڕێین.

ڕێگا بوون بدرێت- بوونەوەر وەک بوونەوەر، کـە چۆن هەیە- مانای ئەوەیە:

مشوور خواردنی کراوەکەو کراوەکەیەت کە تێیدا هەموو بوونەوەرێک جـێگیـرە، کـە لە هەمـانکاتدا ئەو لەگـەڵ خۆیدا دەیهێنێ. ئەم کراوەییە offene، بیری خۆر ئاوا لەسەرەتاکەیدا بە (تائەلیتـیـا) واتە بە نەشاردراوە تێی گەیشتووە. کاتێک ئێمە (ئەلیتییا) واتە هەقیقەت لە جـێگای نەشـاردراوە دادەنێین، ئەمـە وەرگـێـڕانێکی وشەییەو نابێت، بەڵکو ئەو ڕێنمـایی و ئامـۆژگـارییـەی تێـیـدایە چەمکی باوی هەقـیـقـەت بە واتای ڕاسـتـیی دەسـتـەواژەو دەربڕین بەجۆرێکی تر بیـری لێ بکرێتـەوە Umdenlcen و بەوجـۆرە کـە تا ئێـسـتـا تێی نەگـەیشـتـراوە وبریتـیـیـە لە بەدەرکەوتن و پەردە لادان لەسـەر بوونەوەر. بە تەنگەوەبوونی دەرکەوتنی بوونەوەر لەوەدا لە دەست ناچێ، بەڵکو کـرانەوەو ئامـادەبوونە بۆجۆرە پاشەکشەیەک لەبەردەم بوونەوەردا بۆ ئەوەی ئەو چییەو چۆنە دەربکەوێت و وەک یەکییە بۆ چوون دەربڕەکە ئەو پێـودانگە، پەیڕەو بکات. ئەم ڕێگادانی- بوونە ڕووبەڕووی بوون، وەک ئەو چۆنە، دەبێـتـەوە و هەمـوو کـردار و ڕەفـتـارێک لە چوارچێوەی کـراوەییـدا دادەنێ. بوون- ڕێگا بدرێت، بەو مـانایەیە؛ ئازادی لەخـۆیدا بخەیتە دەرەوەو دیاری بکەیت و لە دەرەوە هەبێت (-eK sistent). جەوهەری ئازادی کە لە جەوهەری ڕاستیدا بـەدی دەکـرێت خـۆی وەک ڕووبەڕوو بـوونەوە لـە بەدەرکەوتنی بوونەوەردا نیشان دەدات.

ئازادی تەنیا هەر ئەوە نییە کە تێگەیشتنی گشتی بەپێی حەزی خۆی لەژێر ئەم ناوەدا پەی پێدەبات: حەزو ئارەزوو کە جاروبار لەکاتی هەڵبژاردنی ئەم لایەنە یاخود لایەنێکی تر دەستبەکار دەبێت.

ئازادی لەکاتی توانای کردن یاخود نەکردنی شتێکدا بەرەڵلایی نییە، بەڵکو ئازادی تەنیا هەر ئامادەیی نییە بۆ کارێکی داواکراوو ناچارەکی (ئینجا بوونەرێکی هەرچۆنەکی). ئازادی لەپێش هەمـوو ئەمـانەدا (بەر لە ئازادی نالەبارو لەبار) دەرفەتدانی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی بوونەوەر وەک ئەوەی وایە.

ئاشکرابوون خۆی لە دەرەوە، هەبوونی خۆ ڕێگاداندا دەپارێزدرێ، هەر بەهۆی ئەمەوە کراوەیی کراوەکەش واتە ئەوەی لێرە، چییە، هەیە.

لە بوون- لێرەدا بنەمای جەوهەری ماوەیەکی دوورودرێژ بە دانەمەزراوی بۆ مرۆڤ دەپارێزدرێ و لەوەوە دەرفەتی بوون لە دەرەوەیدا بۆ دەرەخسێ. «بوون» لێرەدا بەمانای بوونی بوونەوەر بەواتای هاتنە پێشەوەو «لێرەدا بوون» (لەبەردەستدا بوونی) بوونەوەرێک نییە. هەروەها لێرەدا بوون بەمانای ئەو بوونە لەشی- نەفسییە نابێ تێی گەیشترێ کە لەسەر بنەمای کۆششی ئاکارەکی مرۆڤ بۆ خودی خۆی دامەزراوە. ئەو بوونەی لە هەقیقەتدا وەک ئازادی ڕەگی داکوتاوە بریتییە لەڕووبەڕوو- بوونەو لە دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی بوونەوەر وەک خۆی چونە. بوونی مێژووی مرۆڤ پێش ئەوەی تێی بگەیشترێ و بەرلەوەی جارێکیان پێویستی بە ساغ کردنەوەی جەوهەرەکەی بێت، لەوکاتەدا کە یەکەم بیرمەند ڕوودەکاتە ئاشکرابوونی بوونەوەری دەست دەکات بە پرسین؛ دەبێ بوونەوەر چی بێت، لەم پرسیارەدا بۆ یەکەم جار شارەزایی لەبارەی ئاشکرابوون و دەرکەوتن دەستگیر دەبێت. بوونەوەر بەتێکڕیی وەک فیزۆس، سروشت، خۆی دەردەخات کە لێرەدا مەبەست لە دەڤەرێکی تایبەتی بوونەوەر نییە، بەڵکو بوونەوەر وەک بوونەوەر مەبەستە و بگرە بە واتای لێرە بوونێکی دەرکەوتوو. یەکەم کاتێک بوونەوەر خۆی لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونەکەیدا لادەدات و دەپارێزێ، یەکەم کاتێک ئەم پاراستنە لە پرسیارەکەوە لەبارەی بوونەوەر وەک ئەمە تێی دەگەیشترێ، مێژوو دەست پێدەکات. سەرەتای لەسەر هەڵدانەوەی بوونەوەر بە تێکڕایی، پرسیارکردن لەبارەی بوونەوەرەوە وەک بوونەرو دەستپێکردنی مێژووی وڵاتانی خۆرئاوا یەک شتن و لە هەمانکاتدا لە کاتێکدا بووە کە لە پێوانە هاتووەکە خۆی، یەکەم کراوەکە واتە کراوەبوونە کە بۆ پێودانگەکە کراوەتەوە.

کاتێک بوونەوەر لەوێ هەبووە کە وەک ڕێگادانی بوونی بوونەوەر مرۆڤ بۆ «ئازادییەکە»ی ئازاد دەکات، لەوەدا کە بەگشتی لە پێشەوەدا شیاوەکی (بوونەوەر) بۆ هەڵبژاردن دەخاتە بەر دەست و بە ناچاری ڕایدەسپێرێ (بوونەوەر) ئەوکاتە حەزو ئارەزووی مرۆڤ دەستی بەسەر ئازادیدا ناگات. مرۆڤ ئازادی وەک خەسڵەتێک لەبەردەستدا نییە، بەڵکو ئەوپەڕی پێچەوانەکەی وایە: ئازادی، بوون لەدەرەوە، بوونی پەردە لەسەر هەڵگیراو «خاوەنی» مرۆڤە و بگرە لە بنەڕەتەوە، بەتەنیا خۆی بۆ مرۆڤایەتی لەسەردەم و شوێنێکیدا دەستەبەردەبێ پێوەندییەک کە هەموو مێژوویەک بنیات دەنێ و دیارودەستنیشانی دەکات لەگەڵ بوونەوەرێکدا، بەو شێوەیەی کەوایە، دابمەزرێنێ. تەنیا ئەو مرۆڤەی لە دەرەوە هەبوونە مرۆڤێکی مێژوویییە (٦). «سروشت» هیچ مێژوویەکی نییە.

ئەو ئازادییەی کە وەک بوون- ڕێگادانی بوونەوەر تێی گەیشتراوە، جەوهەری هەقیقەت بەمانای پەردە سەرهەڵدانەوەی بوونەوەر تەواو دەکات و بەری دەهێنێ. «ئازادی» هیچ خەسڵەتێکی ڕستەیەکی ڕاست نییە کە بەهۆی «خودێکی» مرۆڤەوە «بابەتێک» دەردەبڕێت، ئیتر بەڕاست دادەنرێ بەبێ ئەوەی مرۆڤ بزانێ لەچ دەڤەرێکدا ئەمە وایە، بەڵکو هەقیقەت پەردە لەسەرلادانی بوونەوەرە کە بەهۆیەوە کرانەوەیەک پەیدا دەبێت. لەو کردنەوەیەیدا هەموو کردارێکی مرۆڤ و هەڵوێستەکەی جێگیر دەبن. بۆیە مرۆڤ بەشێوازی بوون لە دەرەوەدا دەبێت.

چونکە هەموو کردارێکی مرۆڤ بەشێوازی خۆی کراوەیە و لەگەڵ ئەوەدا کە کردارەکەی بۆ کراوە ئەوپەڕی گونجاو وتەبان، دەبێ ڕەفتاری بوون- ڕێگادان واتە ئازادی بەهەرەی ڕاسپاردەی ناوەکی وەک یەک بوون و گونجانی بۆ چوون لەگەڵ بوونەوەرەکەدا ببەخشێ. مرۆڤ هەیە، ئێستا مانای ئەمەیە:

مێژووی شیاوەکی جەوهەرییانەی مرۆڤایەتی مێژوویی بۆ ئەو لە پەردەلادان لەسەر بوونەوەر لە تێکراییەکەیدا پارێزراوە.

لەو شێوازەوە، چۆن جەوهەری بنەڕەتی هەقیقەت پەیدادەبێ، بڕیارە دەگمەن و ساکارەکانی مێژوو دەکەونەوە.

چونکە هەقیقەت بە جەوهەر ئازادییە، بۆیە مرۆڤی مێژوویی لە بوون- ڕێگادانی بوونەوەردا- بوونەوەرەکە ناتوانێ بوونەوەر چییەو چۆنە، ڕێگا بدات بوون بێت. ئینجا بوونەوەر پەردەی بەسەردا دەدرێت و دەشێوێنرێت. ڕواڵەت دەسەڵات و هێز بەدەست دەهێنێ. لەوەدا نا جەوهەری هەقیقە بەدەر دەکەوێ. چونکە لە دەرەوەدا- بوونی ئازادی وەک جەوهەری هەقیقەت خەسڵەتێکی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ وەک خاوەنێکی ئەم ئازادییە بوونی دەرەکی هەیەو توانای مێژوویی بوونی دەبێت، هەر بۆیەشە ناجەوهەرێتی هەقیقەت ناتوانرێ لە دواییدا لە ناتوانایی سادەو کەمتەرخەمی مرۆڤ بکەوێتەوە. ناڕاستیی دەبێ پتر لە جەوهەری ڕاستییەوە پەیدا ببێت. چونکە ڕاستی و نارستی بە جەوهەر بەرامبەر بەیەکتریی دابڕاوو بێخەم و خەمسارد نین، بەڵکو سەربەیەکترین، بەگشتی ڕستەیەکی ڕاست دەتوانی بەوپەڕی تواناوە دژی ڕستەیەکی ناڕاست دەربکەوێ.

هەربۆیە پرسیار لەبارەی جەوهەری ڕاستییەوە دەگاتە دەڤەری بنەڕەتی ئەوەی سەرگەرمی پرسیارە، ئەگەر هاتوو بەهۆی سەرنجدانی پێشییانەی جەوهەری تەواوەتی ڕاستییەوە بیرکردنەوە لە ناڕاستیی بخاتە نێو پەردەلادان لەسەر جەوهەر.

شرۆڤەکردنی ناوجەوهەری ڕاستی پڕکردنەوەی پاشیانەی کە لەبەرێک نییە، بەڵکو هەنگاوێکی گرینگە بەرەو کردنی پرسیارێکی تێروتەسەل لە بارەی جەوهەر ڕاستی. ئیتر چۆن پێویستە ئێمە نا جەوهەری لە جەوهەری ڕاستیدا پەی پێی بەرین؟ ئەگەر هەقیقەت پڕ بەپێستی خۆی، خۆی لە ڕاستێتی ڕستەو دەربڕیندا نەبینێتەوە، ئەوا ناهەقیقەتیش ناکرێ لەگەڵ نارستی بڕیار (حوکم)دا بەرامبەر بەیەکتری دابنرێت.

**جەوهەری ڕاستی**

جەوهەری ڕاستی خۆی وەک ئازادی دەرخست. ئەمە بوون و پەردە لەسەرلادانی ڕێگادانی بوونی بوونەوەرە.

هەموو کردارێکی کراوە لەنێو ڕێگادانی بوونی بوونەوەردا دێت و دەچێت، هەموو جارێکیش بەرامبەر بەو یاخود بەم بوونەوەرە هەڵوێستی دەبێ. وەک ڕێگادانی بوونی پەردە لەسەر لاچوونی بوونەوەر بەتێکڕایی، وەک یەکێکی وەک ئەمە، ئازادی هەموو کردارێکی لەگەڵ بوونەوەردا بەتێکڕایی گونجاندووە. حەزو ئارەزوو ڕێگا نادەن هیچ کاتێک وەک ئەزموون و هەست و سۆز دابنرێن، چونکە ئەوان بەمە هەر تەنیا لەبەر جەوهەرەکەیان دەهێنرێن و لەمەوە (وەک ژیان و وەک دەروون) لێک دەدرێنەوە کە خۆیان تەنیا وەک ڕوخسارێکی مافی جەوهەر دەتوانێ، ئەوەندەی ئەوان شێواندن و بەهەڵە شرۆڤەکردنی حەزو ئارەزوو لە خۆیانیاندا هەبێت، ساغ بکەنەوە. حەزو ئارەزوو کارلێکران واتە، ڕووبەڕوو بوونەوەی بوونی دەرەکی بوونەوەر بەتێکڕایی دەکرێ تەنیا هەر تاقی بکرێتەوەو هەستی پێبکرێت، چونکە مرۆڤی تاقیکەرەوە بەبێ ئەوەی لە جەوهەری حەزو ئارەزووی کارلێکران ئاگادار بێت، لە حەزوو ئارەزووی کارلێکرانی ئاشکرای بوونەوەر بەگشتی ڕێگا دراوە. هەموو کردارێکی مرۆڤی مێژوویی، ئیتر بەدەربخرێت یان نا، تێی بگەیشترێ یان نا دەستنیشان دەکرێت و بەهۆی ئەم کارلێکرانەوە لەبوونەوەردا بەتێکڕایی جێگیر دەبێت. کراوەیی و ئاشکرایی بوونەوەر بەتێکڕیی لەگەڵ کۆی سەرجەمی بوونەوەرە تازە ناسراوەکەدا تەبا نییە. بەپێچەوانەوە:

چەندە زانینی مرۆڤ لەبارەی بوونەوەر کەم بێت و بەهۆی زانستەوە بەدەگمەن و کاڵ و کرچ و دەڵەمەیی ناسراو بێت، ئەوا بەدەرکەوتنی بوونەوەر بەتێکڕایی لەبنەڕەتدا لەو جێگایەدا زاڵ دەبێت کە ئەوشتەی ناسراوەو ئەوەی توانای ناسرانی هەیە ئەوەندە زەبەللاح و سنووری دیتن بەزێن بێت بە چالاکیی ئەوەی شت دەناسێ بەربەرەکانی نەکرێت کاتێک دەستڕۆیشتنی تەکنیکی بەسەر شتدا هەموو ڕادەیەک تێدەپەڕێنێ.

ڕاستەوخۆ لە لاف و گزافی ئەوەی خۆی بە هەموو شتێک زان دادەنێ کە شتەکە هەرزانینە، دەرکەوتنی بوونەوەر لەنێو ڕوخسارەکی هیچدا کە نەک جارێک پتر خەمسارده، بەڵکو لە نێو لەبیر چوونەوەدا دووچاری تەنکی و ساکاری دەبێت.

کارلێکردەی ڕێگادانی بوونی بوونەوەر خۆی دەکوتێتە ناو ئەوەوە کە لەودا کردارێکی کراوەی نەسرەوتەو پێشی دەکەوێ.

کرداری مرۆڤ لەلایەن دەرکەوتنی بوونەوەر بەتێکڕایی دیارو دەستنیشان دەکرێت. ئەم «بەتێکڕاییە» لە کایەی دیتنی ژمـاردن و کـاروباری ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکـەوێ وەک ئەوەی شتێک بێت پێشبینی و تێگەیشتنی لەکردن نەیەن.

بەهۆی ئەوبوونەوەرەی تازە کـراوەتەوە، ئیـتـر سـەر بە سـروشت یاخـود سـەر بەمـێـژوو بێت ناکـرێ پەی پێ ببردرێ. ئەگەرچی هەموو ئەوەی دیارو دەستنیشانکارە بە نادیارو دەسـتنیـشـان نەکراوی دەمـێنێـتـەوە جارێکی تر لەگـەڵ ئەوەدا، بەلای زۆرەوە، کـە ئەوپەڕی بـاوەو کـەمـتـر سـەرنج ڕادەکـێـشێ دەگـونجێ و تەبادەبێت، ئەم دەستنیشانکارە وەنەبێ هیچ بێت، بەڵکو شاردراوەیەکی بوونەوەرە لە تێکڕاییـەکـەدا. ڕاسـتـەوخـۆ لەوەدا کـە ڕێگادانی بوون لەکرداری تاکـدا ڕێگای بوونی بوونەوەر دەدات، لەبارەی ئەوەی کردارەکەی بۆ کردووەو بەمە دەری خستووە، بوونەوەر لە تێکڕییەکەدا دەشارێتەوە ڕێگادانی بوون لەخـۆیدا لە هەمـانکـاتدا شـاردنەویەکە. لە ئازادی بـوون- لـە دەرەوەیـدا بـوون شـــــاردنـەوەی بـوونـەوەر بەتێکڕاییـەکـەی دەقـەومێ و ئەمـە پەردە بەسـەردادان و حەشاردانە.

### ناڕاستی وەک شاردنەوە

شـاردراوە لە- ئەلیـتـیـا-ی قـەدەغـە دەکـات پەردەی لەسـەر لابردرێ، هەروەها ڕێگای نـادات وەک سـتـیـریی (ڕووتکردن) بێت، بەڵکو تایبەتمەندییەکەی وەک مـوڵـک بۆ دەپارێزێ. شـادراوەیی کـەوابوو لەلایەن ڕاسـتـیـیـەوە وەک پەردە لەسـەر لادان بەبیـرداهاتووە، ئەو نـا- دەرکـەوتنە و بەمـەش بە نـا- ڕاسـتی ڕەسـەن و تایبـەتی جـەوهەر ڕاسـتی دادەنرێت. شـاردراوەیی بوونەوەر بەتێکڕاییـەکـەی هیچ کـاتێک پاشـیـانە خـۆی وەک ئەنجـامـێکی هەمـیـشـە پارچە پارچەی هەندەکی زانیـنی بـوونـەوەر نـاداتـە دەست. شـــــادراوەیی بـوونـەوەر بەتێکڕاییـەکـەی نا- ڕاسـتی تایبـەتمـەندییـانە کـۆنتـرە لە کـرانەوەو دەرکـەوتنی ئەووو ئەم بوونەوەرە. ئەو هەروەها کـۆنتـرە لە ڕێگادانی بوون خـۆی کـە پەردە لەسـەر لادراو بەشـاردراوەیی دەهێـڵـێتـەوەو لەبەرامـبـەر شـاردنەوەدا هەڵوێست دەنوێنێ. ئایا ڕێگادانی بوون لەو پێوەندییـەدا کە لەگەڵ شاردنەوەدا هەیەتی چی دەپارێزێ؟! هیچ کەمتر نا لە شـاردنەوەی شـاردراوە بەتێکڕاییـەکـەیەوە، هی بوونەوەر وەک بوونەوەر، واتە نهێنییەکە.

نەک تاکـە نهـێنیـیـەک لە بارەی ئەم یان ئەو، بەڵکو تەنیا یەکێک.

نهـێنیـیـەک بەگـشـتی (شـاردنەوەی شـاردراوە) وەک یەکێک لەمە کە بوونی مرۆڤ دەست بەسـەر دەکات. لە ڕێگادانی بوونی بوونەوەر بە تێکڕایی کە دەشارێتەوەو لە هەمـانکاتدا دادەپۆشێ دەقەومێ کە شاردنەوە یەکەمجار وەک داپۆشین دەردەکـەوێ. بوون، لەوەدا کـە بوونە لە دەرەوە، یەکـەم و دوورترین نا- ئاشکرابوون، ناڕاسـتی تایبـەتی دەپارێزێ، نا- جـەوهەری تایبـەتی هەقـیـقـەت بریتییە لە نهێنی. نا- جەوهەر لێرە مانای هەرەسهێنانی بەرەو جـەوهەر بەواتای گـشـتی (کـوینون، گـینوس)، شیـاوەکییـەکەی و بنەماکـەی ناگەیەنێ. نا- جەوهەری لێـرە بەو مـانایە جـەوهەری پێـشـیـانەی جـەوهەرە. ناجـەوهەری لە پێـشـداو بەڕادەیەکی فـرە شـێـواندنی جـەوهەرەکـەی کـردەکی پەکی کـەوت و هەرەسی هێنا دەگـەیەنێ. نـا- جەوهەر لەگـەڵ ئەمـەشدا لە هەمـوو ئەو دەلالەتانەداو بەشـێـوازی خـۆی بەرامـبـەر بە جـەوهەر بنەڕەتی دەمـێنێـتـەوە، بەڵام هیچ جـارێک بە واتای کەمتەرخەمی و خەم ساردی ناجەوهەری نابێت. قسەکردن لە نـا جـەوهەری و نـاڕاسـتی بەوشـێـوەیە بە توندی دژی بیروڕای باو دەبت و واخۆی نیشـان دەدات وەک بەوپەڕی هێزو تواناوە چەندین «نـاکۆکی و پێکەوە نەگونجانی» بە ئەندێشەدا هاتووە کۆ بکاتەوە.

لەبەر ئەوەی گرانە ئەم ڕوخسارە زرە بەلایەکدا بخرێت، دەبێ دەستبەرداری ئەم جۆرە گوتنە بین کە بەلای بیروڕای باوەوە پڕە لە نا تەبایی کە ژێر نەیگرێت.

بۆ مـرۆڤی شـتـزان ئەو «نایە»- un لەسـەرەتای ناجەوهەری ڕاستیدا بەو پێیەی نا- ڕاستییە، دەڤەری تا ئێستا نەزانراوی هەقیقەتی بوون نیشان دەدات (نەک لە پێشدا هی بوونەوەر)

ئازادی وەک ڕێگادانی بوونی بوونەوەر لەخۆیدا سوورو پێداگرە واتە؛ لە خۆیدا پێوەندییەکی داخراو نییە. لەم پێوەندییەدا هەموو هەموو کردارێک پەیدا دەبێت؛ لەوەوە ڕێنمـایی بوونەوەرو پەردە لەسەر لادرانەکەی دەست گیـر دەبێت، بگرە ئەم جۆرە پێوەندییە لەگەڵ شاردنەوەدا خۆی دەشـارێتـەوە لەوە کـە بە لەبیـرچوونەوەیەکی نهێنییـەکـە

پلەیەکی نایاب دەبەخشێ و لەوێدا لەبەرچاو ون وبزر دەبێت. مرۆڤ بەردەوام لە کرداریدا بەرامبەر بە بوونەوەردا هەڵوەستە دەکات، بەڵام هەمیشە فرە لەلای ئەم یاخود ئەو بوونەوەرە و دەرکەوتنەکانی دەوەستێ..

مرۆڤ لەو جێگایە دەکرێ پیادا بڕوات و دەستی بەسەردا بکات هەڵوەستە دەکات کە کێشە یەکەم دوایی دەستبەکاردەبن. خۆ ئەگەر ئەو خۆی کردەوەو ئامادەبوو ئاشکرایی و کراوەیی بوونەوەر لە دەڤەری جیاوازی کردارو ڕەفتاریدا فراوان و بەرینتر بکات بیگۆڕێ سەر لەنوێ بیگونجێنێ و ئاسوودەیی و مسۆگەریی و ئاساییشی بۆ دابین بکات، ئەوا لە دەوروبەری ڕازونیازی شیاوو پێداویستییەکان ڕێنمایی بۆ ئەو بەدەست دەهێنێ.

جێگیری و خایاندن لە شیاوەتی ئاساییدا، لە خۆیدا، بریتییە لە دەرفەت نەدان بە دەستبەکاری شاردرانەوەی شاردراوە. ڕاستە لە شیاوەکی ئاساییدا مەتەڵ و گرێکوێرە، تەم و مژاوی و ڕوون نەکراوەیی و شتی بەلایەکدا نەخراو جێگای گومان و ئەگەر هەیە، بەڵام هەموو ئەم کێشانەیان تەنیا ڕێڕەوو قۆناخی بەرەو هەنگاو نان لە شیاوەکی ئاساییدا هەر بۆیەشە ئەوان بنەڕەتی نین. لەو جێگایەی شاردراوەیی بوونەوەر بە تێکڕییەکەی جاروبار وەک سنووری خۆڕاگەیاندوو، ڕێگا دەدرێت، لەوێ شاردراوەیی وەک ڕووداوێکی بنەڕەتییانە لە نێو لەبیرچوونەوەدا نقووم دەبێت.

نهێنی لەبیرچووەوەی بوون بە تەنیا بەهۆی لەبیرچونەوەوە بەلایەکدا ناخرێت، بەڵکو ئەم لەبیرچوونەوەیە بە ونبوونی ڕوخسارەکی لەبیرچوونەوە ئامادەیی و تێنەپەڕییەکی تایبەتی دەبەخشێ. لەوەدا کە نهێنی لەنێو لەبیرچوونەوەدا و بۆ ئەو خودداری دەکات، ڕێگا دەدات مرۆڤی مێژوویی لە شیاوەکییەکی ئاساییدا لە ڕەوشی هێمنی و ئارامیدا ئاسوودە بێت، بەدەستەوسانی وەستان مرۆڤایەتی مێژوویی سەرگەرمی تەواوکردنی جیهانەکەیەتی بەهۆی نوێترینی پێداویستی و ڕازومرازەکانیەوە و بە مەبەست و نیازو نەخشەکانی پڕی دەکاتەوە. لەمەوە مرۆڤ کە تێکڕای بوونەوەری لەبیرچۆتەوە پێودانگەکەی دەخوازێتەوە. پێی لەسەر ئەمە دادەگرێ و بەردەوام پێودانگی نوێ بەدەست دەهێنێ، بەبێ ئەوەی لەبنەمای پێودانگ بە دەستهێنان خۆی و لە جەوهەری پێوانەی وەک ئەو گومان بکات. سەرەڕای بەرەو پێش چوون بەرەو پێودانگی نوێ و ئامانجەکان، مرۆڤ لە جەوهەری ڕەسەنێتی پێوانەکەیدا بە هەڵە دەچێ. ئەو بەهەڵە خۆی دەخەملێنێ و ئەوەندەی تر ئەمە پتر دەبێ ئەگەر وای دابنێ نەتەنیا خۆی پێوانەی هەموو بوونەورێکە. مرۆڤایەتی مێژوویی لەنێوان ئەم بەهەڵە پێوانە لەبیرچوونەوەییەدا بەسایەی ئەو شیاوەکییە ئاساییەی بۆی دابین بووە، پێ لەسەر دووپاتکردن و پشت ڕاستکردنەوەی ئەم سووربوون و پێداگرتنە جۆرە پاراستنێکی نە ناسراوی لە پێوەندییەکەدا هەیە وەک ئەوەی کە بوون تەنیا هەر بوونی دەرەکی نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا لە ناوەوەدا پێداگرتنە، واتە ئەوپەڕی کەللەڕەقانە سووربێ لەسەر ئەوەی کە لەلایەن بوونەوەرەوە کەوا دەردەکەوێ لە خۆیەوەو لە خۆیدا دێتە بەرچاو، پێشکەشی دەکرێت.

بوونی- دەرەکی بوونە بەپێداگرتنەوە، هەروەها لەنێو پێداگرتنی دەرەکی بووندا نهێنی دەست ڕۆیشتووە، بەڵام هەتا وەک لەبیرچووەوەو وەک جەوهەری هەقیقەت کە بووبێ بە ناجەوهەریی.

## ناڕاستی وەک هەڵە

سووربوون و پێداگرتن لەلایەن مرۆڤەوە ڕووکردنە نزیکترین شیاوەکیی ئاسایی بوونەوەر، بەڵام ئەو پێدادەگرێ تەنیا هەر وەک بوون لە دەرەوەدا کاتێک بوونەوەر وەک پێودانگێکی وەک ئەمە دادەنێ.

لە پێودانگ پەیڕەوکردنەکەیدا مرۆڤایەتی مێژوویی پشت دەکاتە نهێنییەکە. ئەم سووربوون لەسەر ڕووکردنە شیاوەکییە ئاساییە و ئەو بوونە دەرەکییەی پشت کردنە نهێنییەکە سەر بەیەکترین.

ئەوان یەکێکن و هەمان شتن. ئەم ڕوو- پشت کردنە وەرچەرخانێکی لێرەو لەوێی تایبەتی لە بووندا لێدەکەوێتەوە. ئارەزوومەندی و تامەزرۆیی و سەرگەرمی مرۆڤ لەنێوان ڕاکردن و پشت کردنە نهێنی و ڕووکردنە شیاوەکی ئاسایی، دوورکەوتنەوە لە شیاوەکی دوورکەوتنەوە لە نزیکەوە بەرەو نهێنی و بەلایدا ڕەت بوون، بریتییە لە هەڵەکردن.

مرۆڤ هەڵەدەکات. مرۆڤ ناچێتە ناوهەڵەوە، بەڵکو ئەو تەنیا لە هەڵەدا دەبێ، چونکە ئەو لەسەر بوونی

دەرەکی سوورە و ئیتر لە هەڵەدا دەبێت. هەڵە کە مرۆڤ تێیدەکەوێ، شتێک نییە کە تەنیا وەک ئەوەی بەلای مرۆڤدا تێبپەڕێ، وەک چاڵێک جاروبار ئەو تێی دەکەوێ، بەڵکو هەڵە سەر بە ڕەوشی ناخی بوونە کە مرۆڤی مێژوویی تیایدایە، هەڵە مەیدانی گەمەی وەرچەرخانەکەیە، کە تیایدا سووربوون و پێداگرتنی بوونی دەرەکی سووک و ئاسان هەمیشە سەرلەنوێ خۆی لەبیر دەچێت و خۆی لێ بزر دەبێت.

شاردراوەیی بوونەوەری شاردراوە بە تێکڕایی لە پەردە لەسەر هەڵدانەوەی بوونەوەری پێوەندیداردا دەست ڕۆیشتووە، کە وەک لەبیر چوونەوەی شاردنەوە دەبێ بەهەڵە.

هەڵە دژە جەوهەری بنەڕەتی سەرەتای جەوهەری هەقیقەتە. هەڵە خۆی دەکاتەوە وەک کراوە بۆ هەموو دژە گەمەیەکی دژ بە ڕاستی بنەڕەتی. هەڵە باژێری کراوەو هۆکاری بە تەفرە چوونە. نەک هەڵەی تاک و لابەلایی، بەڵکو شای (دەسەڵاتی) مێژووی ئەوەی کە لە خۆیدا تان و پۆی هەموو شێوازەکانی هەڵەی تێیدا ئاڵۆز بووە بریتییە لە بە تەفرەچوون.

هەموو کردارێک بەپێی کراوەییەکەی و بەپێی پێوەندی بە بوونەوەرەوە بەگشتی شێوازی هەڵەی خۆی هەیە. هەڵە لە بە هەڵەشت کردنی باوەوە تاوەکو بەسەردا تێپەڕبوون و بەهەڵە ژماردن و هەتا بە هەڵە ڕۆیشتن و هەتا بە هەڵە چوون لە بڕیاردان و هەڵوێستی جەوهەری و بنەڕەتی درێژ دەبێتەوە. ئەوی ئاسایی و بگرە بەپێی ڕێبازەکانی فەلسەفە بە هەڵە دادەنرێت، ناڕاستی بڕیارو حوکمڕان و هەڵەی زانین تەنیا جۆرێک و شێوازێکی ساکارو سادەی بەهەڵەچوونە. ئەو هەڵەیە کە دەبێ مرۆڤایەتی مێژوویی تێی بکەوێت، بۆ ئەوەی بەرەو پێش چوونەکەی هەڵە بێت، بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا لەگەڵ کراوەیی بووندا دەگونجێ. هەڵە دەستی بەسەر مرۆڤدا گرتووە لەوەدا کە بە هەڵەی دەبات، وەک تەفرەدان و بەهەڵە بردن لە هەمانکاتدا هەڵە ئەو شیاوەکییە دەستەبەر دەبێت کە دەکرێ مرۆڤ لە بوونی دەرەکییەوە پێی ببڕێت بۆ ئەوەی بواری کەوتنە هەڵەوەی نەدات، بەوە کە لە هەڵەکە شارەزا دەبێت و نهێنی بوون پشت گوێ نەخات.

لەبەر ئەوەی پێداگرتنی مرۆڤ لەسەر بوونی دەرەکی دەشێ و دەبزوێ و چونکە هەڵە وەک بە هەڵەبردن و تەفرەدان بەو شێوازەی تر پاڵەپەستۆیی دەکات و لەم پاڵەپەستۆییەوەی نهێنییەکە بەهێزە و ئینجا وەک لەبیر چوونێک وایە، بۆیە مرۆڤ لە بوونە دەرەکییەکەی بوونیدا بەتایبەتی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی نهێنی و پاڵەپەستۆی هەڵەوە. ئەو بەهۆی ناچارێتی یەکەم و ئەوی ترەوە دووچاری نەهامەتییەکی ناچارەکی بووە. نابنەڕەتییە تەواوەتییەکەی کە جەوهەری هەقیقەتی تێدایە، ئەم بوونە بە گۆڕانی نەپساوەی هاتن و چوونەوە لە ناچاریدا دەهێڵێتەوە.

بوون وەرچەرخانە لە پێداویستی ناچارەکیدا. لە بوونی مرۆڤەوەو بەتەنیا هەر لەوەوە لەسەر ناچارەکی و ئەنجامەکەی کەشیاوەکی کەوتنە ناو ناچارییە پەردە لادەدات.

پەردە لاچوون لەسەر بوونەوەر وەک ئەمە لە خۆیدا لە هەمانکات بەدەرخستنی بوونەوەرە بە تێکڕاییەکەی. لەبەیەکەوە بوونی پەردە لەسەر لاچوون و بەدەرکەوتندا هەڵە دەستی دەڕوات. شاردنەوەی شاردراوە و هەڵە سەر بەسەرتای جەوهەری ڕاستین. ئازادی، کە بەهۆی پێداگرتنی بوونی دەرەکی بوون تێی بگەیشترێ، تەنیا بۆیە جەوهەری ڕاستییە (بەواتای دروستی بۆچوون) چونکە ئازادی خۆی لەسەرەتای جەوهەری هەقیقەت، لە دەست ڕۆیشتووی نهێنی لەنێو هەڵەدا، دەکەوێتەوە. ڕێگادانی بوونی بوونەوەر لە کرداری کراوەدا خۆی پیادە دەکات ڕێگادانی بوونی بوونەوەر وەک ئەمە بە تێکڕاییەکەی کاتێک وەک جەوهەرێکی ڕەوا ڕوودەدات، ئەگەر جاروبار لە سەرەتا جەوهەرییەکەیدا پەیڕەو بکرێت. ئینجا بڕیاردان بەرەو نهێنی بەرێگاوەیە بۆ لای هەڵە وەک هەڵە. ئیتر پرسیار لەبارەی جەوهەری هەقیقەت لە بنەڕەتەوە کراوە. ئینجا بنەمای ڕیسی جەوهەری هەقیقەت و هەقیقەتی جەوهەر خۆی دەردەخات. سەرنجدانی نهێنی هەڵە پرسیارکردنە بە واتای تاکە پرسیارێک؛ بوونەوەر وەک بوونەوەر لە هەمەکێتی و تێکڕاییەکەیدا چییە. ئەم پرسیارکردنە بیرلەو پرسیارە ناکاتەوە کە لە بنەڕەتدا مایەی سەرسامی و حەپەسانەو لەبەر ئەمەش بەهۆی فرە واتایەکەیەوە نەبووە بە شاپرسیار لەبارەی بوونی بوونەوەرەوە. بیرکردنەوەی لە بوون کە لەم جۆرە پرسیارکردنەوە لەسەرەتاوە دەکەوێتەوە، لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە وەک فەلسەفە

ناسراوەو لە دواییدا ناونیشانی میتافیزیکی پێ براوە.

## پرسیاری ڕاستیی و فەلسەفە

لە بیری بووندا ڕزگاربوونی مرۆڤ بەرەو بوونی دەرەکی کە مێژوو دادەمەزرێنێ دێتە قسەکردن کە نەک دەربڕین بیروڕایەکە، بەڵکو چوارچێوەیەکی بە چاکی پارێزەری هەقیقەتی بوونەوەرە لە هەمەکییەکەیدا.

چەند کەس گوێ لەم قسەیە دەگرن، ناژمێردرێ. ئەوکەسەی لەوانەبێت کە دەتوانێ شت ببیستێ، دەتوانێ لە بارەی پلەو جێگای مرۆڤ لە مێژوودا بڕیار بدات. لە هەمان ساتی جیهانیدا کە سەرەتای فەلسەفە دەست پێدەکات، دەسەڵاتی دیاروبەرچاوی تێگەیشتنی هەمەکی دەست پێدەکات (سۆفستاییەکان).

ئەمە پشت بە گومان هەڵنەگری بوونەوەری دەرکەوتوو دەبەستێ و هەموو پرسیارێکی بیرکەرەوە وەک هێرش بردنە سەرو پەلامارداني تێگەیشتنی ساغی مرۆڤ و هەڵچوون و گرژبوونی بەدبەخت و کلۆڵ لێکدەداتەوە، بەڵام فەلسەفە بەپێی هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی ساغ و سەلیم و لە دەقەرە ئەوپەڕی پاساودراوردا چییەو چ دەگەیەنێ، جەوهەرەکەی ناپێکێ کە تەنیا خۆی بەهۆی پێوەندییەوە بە هەقیقەتی بنەڕەتی بوونەوەر وەک ئەمە بە تێکڕاییەکەی دیار و دەست نیشان دەکات، چونکە لەبەر ئەوەی، جەوهەری کاملی هەقیقەت ناجەوهەریشی تێدایە و لەپێشدا وەک شاردنەوە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا دەڕوات، ئەوا فەلسەفە وەک سەرگەرمی پرسیارکردن لە بارەی ئەم هەقیقەتەوە لە خۆیدا پچڕ پچڕە بیرکردنەوەکەی هێدی و هێمنی نەرم و نیانییە کە شاردراوەیی بوونەوەر لە هەمەکییەتیەکەیدا خودداری ناکات، بیرکردنەوەکەی، بە تایبەتی، هەروەها، بڕیاردانی وردە، کە شاردراوەیی هەڵدەتەکێنێ، بەڵام جەوهەرە سەلامەتەکەی لە کراوەیی پەی پێبردندا و هەروەها لە ڕاستی تایبەتییەکەیدا دەکات بە ناچاری.

لەم نەرم و نیانە وردییەداو لەو وردییە نەرم و نیانەی ڕێگادانی بوونی بوونەوەر وەک بوونەوەر لە هەمەکییەتییەکەیدا فەلسەفە دەبێتە پرسیار کردنێک کە هەر بەتەنیا لەلای بوونەوەر هەڵوەستە ناکات، بەڵکو ڕێگای هیچ مافی دەسەڵاتێکی دەرەکی نادات. کانت پەی بەم ناچارییە ناوەکییە بردووە، ئەو لەبارەی فەلسەفە وتوویەتی:

– ئێمە لێرەدا ئێستاکە فەلسەفە دەبینن کە بەکردەوە لەسەر بنەمایەکی نالەبار وەستاوە، کە دەبێ پتەوو قایم بێت ئەگەرچی لەسەر زەوی و لە ئاسمانیش شتێک نەدۆزێتەوە پشتی پێ ببەستێ و خۆی پێوە بگرێت. لێرە پێویستە ئەو پاکی خۆی وەک پاسەوانێکی قانوونەکانی ساغ بکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی پەیامبەرێکی مزگێنی بەخشی ئەوانە بێت کە هەستی زگماک یاخود کێ بزانێ، لەلایەن چ سروشتێکی ئامۆژگاری بەخش پێی ڕایدەسپێردرێ. (دامەزراندنی میتافیزیکی ئاکار، بەرهەمەکان چاپی ئەکادیمی بەرگی ٥ ل٤٢٥).

لەم ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی جەوهەری فەلسەفەدا کانت دەبینێ، کە بەرهەمەکانی ڕێگایان بۆ دوا وەرچەرخانی میتافیزکی خۆرئاوا خۆش کردووە، لە مەیدانێک و بەولاوەتر ئەو بەپێی هەڵویستە بنەڕەتییە میتافیزیکیەکەیەوە لەنێو ڕێبازی خوێتیدا، تەنیا لەم ڕوانگەیەوە توانیوبەتی تێ بگات و پێویست بووە خۆی بە پارێزەری قانوونە تایبەتییەکانی خۆی بزانێ. ئەو سەرنجدانە بنەڕەتییەی دەستنیشانکردنی فەلسەفە ئەوپەڕی بەسە بۆ ئەوەی هەموو بە کۆیلەکردنێکی بیرکردنەوەکەی سەرزەنشت بکات، بێدەسەڵاتترین ئەم جۆرە خۆی لەو ڕاکردنەدا حەشارداوە کە فەلسەفەی بە «دەربڕین» کولتوور (شپینگلەر) داناوە، وەک ڕزاندنەوەیەکی داهێنانی مرۆڤایەتی دانراوە.

خۆ ئەگەر فەلسەفە جەوهەرە بنەڕەتییەکەی خۆی ساغ بکاتەوە کە وەک «پارێزەری قانوونەکانی خۆی بێت» یاخود ئەگەر ئەو خۆی لە پێشدا پشت ڕاست بکاتەوە و بەهۆی ئەو ڕاستییە پاساو بدرێت کە قانوونەکانی قانوونی، ئەمە بەهۆی ئەو سەرەتاییەوە بڕیار دەدرێت کە بەسایەکەوە جەوهەرە بنەڕەتییەکەی ڕاستی سەبارەت بە پرسیارە بیرکەرەوەکان ببێ بە شتێکی جەوهەری.

ئەو هەوڵەی لێرەدا دڕا تاوەکو پرسیارەکە لەبارەی جەوهەری ڕاستییەوە لە قەفەزی باوی چەمکی جەوهەری بێتە دەرێ و سنوور ببەزێنێ و لەبارەی بیرکردنەوە لەبارەیەوە یارمەتی بدات و کۆمەکی پێ بکات؛ ئایا دەبێ پرسیار کردن لەبارەی جەوهەری ڕاستییەوە لە هەمانکاتدا سەرەتا بریتی نەبێ لە پرسیارکردن لەبارەی ڕاستییەوە جەوهەر.

فەلسەفە لە چەمکی «جەوهەردا» بوونی بەبیردا دێت. بردنەوەی شیاوەکی ناوەکی ڕاستێتی ڕستەوەدەربڕینێک بۆ سەر بوونی دەرەکی ئازادی ڕێگادانی بوون وەک «بنەمایەکەی» کە پشتی پێدەبەستێ، لە هەمانکاتدا لێکدانەوەی سەرەتای جەوهەری ئەم بنەمایە لە شاردنەوەو پەردە بەسەردادران و هەڵەدا، دەخوازن ئەوە ڕوون بکەنەوە کە جەوهەری ڕاستی، هەمەکییەکی بۆش و بێ ناوکی گشتییەکی ڕووت (ئەبستراکت) نییە، بەڵکو تاکە مێژووی خۆشاردنەوەی یەکجارییانەی پەردە لەسەر لادانی واتای ئەوەیە کە ئێمە بە بوون ناوی دەبەین و لە کۆنەوە تەنیا وەک بوونەوەر بە تێکڕایی ڕاهاتووین بیری لێ بکەینەوە.

## تێبینی

پرسین لەبارەی جەوهەری ڕاستی لەو پرسیارەوە دەکەوێتەوە کە لە بارەی ڕاستیی جەوهەرەوە دەکرێت. پرسیاری یەکەم لەسەرەتاوە بە واتای چییەتی یاخود بە واتای بابەتییانە لە جەوهەر دەگات کەچی ڕاستی بە کارەکتەرێکی زانین دادەنێ. پرسین لە بارەی ڕاستی جەوهەر وەک کردار لە جەوهەر دەکات و لە چوارچێوەی ئەم وشەیەدا بیردەکاتەوە، بگرە لەنێو بۆچوونی میتافیزیکدا دەمێنێتەوە، کە بوون (٧) بە واتای جیاوازی باوی بوون و بوونەوەرە. ڕاستی شاردنەوەیەکی تیشک پژێنی خەسڵەتی بنەتی بوونە. پرسین لە بارەی جەوهەری ڕاستییەوە وەڵامەکەی لەم ڕستەیەدا دەدۆزێتەوە:

«جەوهەری هەقیقەت

هەقیقەتی جەوهەرە»

مرۆڤ لەو ڕاڤەکردنە بۆی دەردەکەوێ کە ئەم ڕستەیە نایەوێ هەڵگێڕانەوەی وشە کۆکردنەوەیەکی ڕووت بێت و نایەوێ بە ڕوخساری پەرە دۆکسییانە بێتە بەرچاو. بکەری ڕستەکە، ئەگەر بێتو بشێ ئەم چەمکە ڕێزمانییە ترسناکە چارەنووسسازە بەگشتی بەکاربهێنرێت، هەقیقەتی جەوهەرەکەیە.

شاردنەوە تیشک پژێنەکە، واتە؛ ڕێگا دەدات زانین و بوونەوەر بەیەکەوە گونجاو تەبابن. ڕستەکە بە هیچ جۆرێک دیالێکتیکی نییە. بەمە بەهیچ واتایەک دەربڕین نییە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لەبارەی جەوهەری ڕاستییەوە دەکرێت پەندی گۆڕانێکە لەنێو مێژووی بووندا.

لەبەر ئەوەی شاردراوە تیشک پژێنەکە سەر بە ئەوە، لەسەرەتادا بوون لەژێر ڕۆشنایی بێبەشکردنی شاردراوەییدا دەردەکەوێ ناوی ئەو ڕووناککردنەوەیە (ئەلیتییا)(٨)یە.

ئەم وانەیە «لەبارەی جەوهەری ڕاستییەوە» دەبوو پێشتر بە وانەیەکی تر، ڕەنگ ڕشتنە بنەڕەتییەکەی، «لە بارەی ڕاستی جەوهەرەوە» تەواو بکرێت، ئەم پرۆژەیە لەبەر چەند هۆیەک کە لەو نامەیەدا «لەبارەی ڕێبازی مرۆڤ پەروەرییەوە» ڕوونکراونەتەوە، سەری نەگرت.

پرسیاری سەرەکی لەبارەی (بوون و کات ١٩٢٧) ماناکە، واتە (ب. و. ک. ل: ١٥١) لەبارەی بایەخی مەیدانی پرۆژەکە واتا لە بارەی کرانەوەوە، واتا؛ لە بارەی ڕاستی بوونەوەو نەک هەر تەنیا هی بوونەوەر، بەدەستی ئەنقەست بە نەکراوەیی دەمێنێتەوە. بیرکردنەوە لە ڕوخساردا پابەندی ئەو ڕێگایە دەبێ کە میتافیزیک پیایدا ڕۆیشتووە و لە هەنگاوە گرنگە بەلایەکا خەرەکانیدا ، کە لە هەقیقەتی ڕاستییەوە بۆ بوونی دەرەکی ئازادی و ئینجا لەمەوە بۆ هەقیقەت وەک شاردنەوەو هەڵە، دەچێت، جۆرە بارگۆڕینێکی پرسیارکردنەکە، کەسەر بە بابەتی پووچەڵ کردنەوەی میتافیزیکە، دێنتەدی. ئەو بیرەی لە وانەکەدا هەوڵی پێشکەشکردنی دراوە لە شارەزاییە بنەڕەتیەکەدا خۆی ساغ دەکاتەوە، یەکەم شت لە بوونەوەکە مرۆڤ دەتوانێ خەریکی بێت، جۆرە نزیک بوونەوەیەک لە ڕاستیی بوون خۆی بۆ مرۆڤی مێژوویی ئامادە دەکات.

هەموو جۆرێکی ئەنترۆپۆلۆجی و (زانستی مرۆڤ- وەرگێر)، هەموو خودێتی مرۆڤ وەک خود نەک تەنیا هەر وەک پێشتر لە «بوون و کات»دا وابووە، بەجێی هێڵراوەو پشتگوێ خراوە، بگرە ڕاستیی بوون وەک بنەمای هەڵوێستێکی بنەڕەتی مێژوویی گۆڕاوونوێ لێی کۆڵراوەتەوە بگرە وانەکە خۆی بۆ ئەوە داناوە، پشت ئەستوور بە چەند بنەمایەکی تری نوێ، بیر لە (بوون) بکاتەوە، زنجیرەی ئەنجامەکانی پرسیارکردنەکە ڕێگای بیرکردنەوەیەک دەردەبڕێ کە لە جیاتی ئەوەی چەند بۆچوون و چەمکێک بدرێنە دەست خۆی، وەک گۆڕانێکی پێوەندی بە بوونەوە تاقی دەکاتەوە.

پەراوێز:

١- لە چاپی سێیەمی ساڵی ١٩٥٤ز، دا نووسراوە جەوهەر:

- خەسڵەتەکان.

- هەلومەرجەکانی شیاوەکی کردن.

- بنەماکانی شیاوەکی کردن.

٢- لە چاپی یەکەم ساڵی ١٩٤٣ز، چاپی سێیەم ١٩٥٤:

- ڕەوشەن، درەخشان، درەوشاوە.

٣- لە چاپی یەکـەمی سـاڵی ١٩٤٣ ز، چاپی سـێـیـەمی ١٩٥٤دا نووسراوە:

بیکەن، دروسـتی بکەن، بخـرێتـە ژێر تیـشکی ڕووناکی و ڕۆشناییەوە.

٤- لە چاپی سێیەمی ١٩٥٤دا: نیشانی دەدات، دەردەکەوێ، ئامادەیە.

٥- من نابێ بەهیچ جـۆرێک لە وەرگـێـڕ بەولاوە، لەم کـایەیەدا ڕۆڵێکی ترم هەبێ، بەڵام ئەوی لێـرەدا ناخ و مـێـشک و دەروون دەورووژێنێ و مرۆڤ هەراسان دەکات ئەو پرسیارەیە:

ئەگەر جەوهەری هەقیـقەت وەک ڕاستی دەربڕین تێدگەیشـترێ و بریتی بێ لە ئازادی؟ دەبێ ئەمە چ جۆرە ئازادییەک بێت؟!

گـوایە تەنیـا ئەوانەی شت بە ڕاشکاوی دەردەبڕن ئازادن؟ ئەم قسەیەی هایدیگەر بەلای منەوە لە دێرە شیعرێک دەچێ کە بەهێزی وورووژنی ناخ و دەروون لـە هەڵوێسـتـێکی دیاریکراودا کـەوتۆتەوە بەولاوە نییە (وەرگێڕ)

٦- چاپی یەکـەمی سـاڵی ١٩٤٣ز: بـەس نیـیـە؛ جـەوهەری مێژوو لە مێژووەوە وەک ڕووداوێک.

٧- لە زۆر شـوێندا هایدیگەر وشـەی (بوون)ی بەڕێنووسی کۆن نووسـیوە: واتە لەجیـاتی بنووسێ Sein نووسـیـویەتی Seyn. (وەرگێڕ).

٨- نووسەر بە یۆنانی نووسیویەتی کە واتای «دەرکەوتنە لە نێو شاردنەوەدا». دەدات. «وەرگێڕ».

سەرچاوە:

- Martin Heidegger., Gesamtausgabe. 1- Abteilung: Veroeffentlichte schriften: 1914- 1970. Bd. q.
Weg Marken. Vom Wesen der Wahrheit. S. 177- 202.

# پشکنینی کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم تۆتالیتاریزمی پیاوسالاریدا

مەجید عەزیز
(ئەمەریکا)

(١ - ٢)

«هیچ کۆنسێپتێک هەڵگری دەرەوەیی بوون نییە» (١)
**لیڤیناس**

«من دەڵێم: ئەمـرۆ، نووسین هی ژنانە. ئەمـە تەنیـا وروژاندن نییە، مەبەست لەوەیە ژن دانی پێدادەنێت کە ئەوی تر هەیە» (٢)
**هێلین کیۆکس**

«لە کۆمەڵگایەکدا کە تەنیا بۆ پیاوان دروستکرابێت، بلیمەتی تێدا نییە؛ بلیمەت لەناو بوونێکی فەمینینانەدا دەژی. ئەوە ڕاستە: کە فەمینین گەرانتی و متمانەکردنی سێکسوالیتەی ئینتیلێکتوالیتە کردنی جیهانە» (٣)
**واڵتەر بەنجامین**

ئەم پشکنینە نووسینە هەوڵدانێکە بۆ قسەکردن لەسەر واقـیـعی کـوردی بەگـشـتی، هەوڵێکە لەبەردەم ئاشکراکردنی سیاسەتی پیاوسالاری. هەرچەندە ڕەنگە بۆ من لێرەدا کارێکی هەندە ئاسان نەبێت، بتوانم ڕووناکی بخەمە سەر تەواوی (وردەکارییەکانی) لایەنەکانی ئەم بابەتە، چونکە شۆڕبوونەوە بە ناو تەواوی کایەکاندا، بۆ خۆی پێویستی بە کایەی جیاواز دەبێت بۆ خوێندنەوە، لەبەر ئەوەیە بەناوی هەوڵێک نرخاندوومە، کە زیاتر دەیەوێت ئاماژە بە لاوازییەکانی ئەم کۆمەڵگایە بکات لەبەردەم فەمینینبوونی خۆیدا. دیارە. ئەمە وەکو ئاماژەم بۆ کردووە، پشکنینی لاوازییەکانی بوونی کەسایەتی و شوێنی کراوەیی مرۆڤیشە وەکو (تاکەکەس) لەنێو خودی ئەم واقیعەدا. پێوەندییەکانی ژیان و هونەریش تێیدا بەو

شێـوەیەی هەیە، ڕادەیەکی ئەوتۆ بەخـۆیەوە نابینێت، ئەمـەیش بۆ خـۆی شتـێکی تریشـمـان پێدەڵێت، ئەویش ئەوەیە: ئەم واقیعە لەئاستە کۆمەڵایەتییەکەیدا فۆرمێکی تەقلیـدی هەیە بە هەمـوو شـێـوەیەک لەبەردەم فـەزای تاکەکەسدا. ئەمەیش هەستێکی سەرەتایی و نامۆدێرنی پێدەبەخشێت لەبەردەم نەکراوەیی و نا شادی خۆیدا، لە ئاست کرانەوە و ئازادبوونیدا.

بەمانایەکی تر، ناوهێنانی واقیعی کوردی، بەدەر نییە لە گوزارە نەکردنی ئەوسولیـەتێکی پەتریارکی بەگشتی. ئووسـوولیـەتی گـشـتـێـتی واقـیـعـەکـە، شـاردنەوەی ئووسوولیەتی گۆڕانەکانی تاکەکەس مانیفێست دەکات، واتە کـۆشـوناسـیـەکی زاڵ دەبەخـشـێت بەسـەر هەمـوو کایەکانەوە، یان وەک هەندێک لە نووسەر و ڕۆشنبیران بە (کـۆمـەڵگای خـێـڵـەکی) ناوی دەهێنن و پێناسـەی دەکـەن. ئەم ناوهێنانەی کـۆمـەڵگای کـوردی، هۆکـاری بەهێـزی هەیە کە بەرگری لەو ئاماژەکردنە دەکات، بەڵام فـرەیی کـۆمـەڵایەتی لەناو تەواوی پێـوەندییـەکـاندا بە گشتی ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنن، کە نوقمی ناو تەمومژی هەستە هەرەوەزی و کۆلێکتڤیەکەیەتی. باشتر وایە ناوی بنێین کـۆمەڵگایەکی پێش ئاستـەکـانی کرانەوەی خۆی، نامـۆ بە ئاسـتـەکـانی کـرانەوە لەبەردەم ئیـرادەی ئیندڤـیدواڵەکـانیـدا. کـۆمـەڵگایەک نامـۆ بە یاسا، بە ئازادی و یەکسانی تاکە کەسەکان و مەقامی تاکەکەس لەناو شـوێندا وەک لاشـەکـان، نامـۆ بە سـەرەتاکـانی سـیکـیـولاریزە بوون و مـانەوەی لەناو ئاشناییـەتیـیـەکی یەکگرتوویی ئایینیـانەدا. ئەگـەرچی لە ڕووی دەرەوەدا خـۆیشی مکیـاج کـردووە بە فـۆرمـەکـانی مـۆدێرنبـوون و بانگەواز کـردنی سـیکـیـۆلاریزمـبـوونی خـۆی. واتە، کۆمەڵگایەکی داخراو فۆرمی ئیندیڤیدوالیەت، تیایدا بەگـشـتـی بەرقـەرا نیـیـە، ئامـاژە کـردنیش بە ناسیکیولاریزەکردنی پێوەندییەکانی، خەستبوونەوەی دەسـەڵاتی پیـرۆزگـەرایی و ئایینگەراییـە تیـایدا بەشـێـوەیەکی توند. بەمـانایەکی تر، تاکـو ئەم چرکەساتەیش لەنێو چەمکی پیرۆزگەراییدا خول دەخوات و دەیەوێت لە لیبرالیزەیشن و سیکیولاریزەشن تێبگات (ئەمەیش هیوابینی تێدا هەیە، چونکە دەیەوێت بزانێت و فـێـری ئەو چەمکانە بێت و کـەم و زۆر ئیـشـیـان پێبکات). ئەوەی ئێمەیش لێرەدا مەبەستمانە لەو ناو هێنانەی سەرەوەدا (سیستەمی پیاوسالاری)، وێنەی ئەو تەقلیدییەتەیە بەگشتی، دەیخەینە ژێر ڕووناکییەوە. وەک چۆن پتەوی و پێکەوەیی و یەکێتی وێنا دەکات لە وێنەی جەسـتـەیەکی پتـەو و یەکگرتوودا، لەکـاتێکدا شوێنی تاکـەکەسی تەمومژاوی دەبێت و هەندا بووە. ئەم وێنەیە لـە جـوامـێـری یەکگرتن و پێکەوەیی هەر جـۆرە مـاناو دەلالەتێکی پیـرۆز و ڕۆحیش بسـەلمێنێت، بەڵام هەرگیز لە دەرەوەی سەپاندنی تەقلیدیەت، کۆنەپارێزی، سیستەمی تاقانەیی، ناجیاوازی، ناکراوەییدا نییە، ئەم جەغداندنەیش لێرەدا بۆ ستراکتۆرەکانی ناو یەکێتی و هەلومـەرجەکـانی ئەو پیرۆزیەی ناو شوناسی گـشـتی، پێویستی بەخوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوە هەیە، ئەویش لەپێناوی بانگەوازی ئازادییـە فـەردییـەکـاندا، ئیندیڤیـدواڵیزمدا لە هەستە هاوچەرخەکەیدا. بە کورتی تاکو کۆلێکتیڤیزم (وتاری پێکەوەیی) نەخرێتە ژێر فشار و هەڵوەشـانـدنەوە، بوونی تاکـایـەتی و هورووژمی ئیندیڤیـدواڵیزم ناتوانی چالاکانە خۆی بسـەلمێنێت. کـە دەشلێم ئەم هەوڵدانە، تەماشایەکی گشتییە بۆ واقیعی کوردی، چونکە لەڕاستیدا، نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی تایبەتی ئیش لە وردەکارییەکانیدا، ئەم کارە بکەین. بۆ نموونە کـایەی تایبەتی (کـۆمەڵناسی) لە وردەکـاری کـۆی بوارەکاندا وەکو سیستیماتیک. ڕەنگە ئەمەیش بـۆ خۆی نەبوونی کەرەسەکان بێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەم واقیعە، ئەمـەیش هەژاری و نەدارییـە لە دەست نیـشـان کـردنی لاوازییـەکـانی کـۆمەڵگای کـوردی بۆ خـۆی، نـەک هەر لە ئاست ئەو تایبەتیانەی لیبرالیزمی خەفەکردووە، بەڵکو بە هەمـان پرۆسێسـەدا لایەنەکـانی ڕۆشنبیـری و ڕیکۆردی فاکتەکان بەشێوەی سیستیماتیک تورهەڵداوە، ئەمەیش وا دەکـات لایەنەکـانی پێکەوەیی و هەرەوەزی بەسـەر لایەنەکانی عەقلانیبووندا زاڵبکات. ئێمە ئەم کارەمان جـێـبـەجێ کـردووە لەپێناوی ئامـاژەکـردنمان بە ژیانی ئیندیڤیـدواڵ و دواییش زۆر بە تایبەتی بۆ ئاماژەدان بە ژیانی ژنان لەناو خێزان و کۆمەڵگادا بەگشتی.

کـۆی تەوەرەکـانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیەش دیارە لە پێناوی ئەو گـوتارەدایە و قـوولبـوونەوەیە کـە بەرەو ئیـمـیـجی فـەمـینین و کـراوەیی بڕوات، بەڵام ئەمـەیش

لەپێناوی هەستە لیبرالیزمەکەیەتی، بۆ کۆمەڵگا. واتە هەرگیز باوەڕم بە سیاسەتی زاڵبوون و سەرکوتکردن نییە لە هیچ لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر، بەڵکو باوەڕم بەو بەرجەستە بوونەوەیە هەیە کە لەنێوەندێکەوە مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوەدا دەکات لەپێناوی ڕاگرتنی ڕێژەیەک لە هارمۆنی بوون و بالانسدا. بەم ئاراستەیە بێت، هەموو سیستەمێک مایەی خوێندنەوە و ئیشپێکردن و ڕەخنە و پیاداچوونەوەیە، نەک وەرگرتنێکی ڕەهایانە.

ناکۆکیبوون و دارووخانی ماڵی کۆن لەسەر پایەکانی شوناسی پێکەوەیی کە خود تیادا هەڵگری هەمان وێنەی ئەوانی ترە. شوناسێکی یەکگرتوو لەنێو نمایش کردنێکی تۆتالیتارانەدا و ڕووت کردنەوەی فرەیی و پلورالیێتیدا بۆ تاکەکەس. واتە ئەوەی حکومەتی لۆکاڵی کوردی لەناو (خێزان) و دەرەوەی خێزانیشدا نمایندەی دەکات چییە؟ سیاسەتی پاراستنی ستراتیجیەتی پێکەوەلکاندێکی زۆر پتەوە، کە خود بە ئاستەم دەتوانێت وێنەی کەسایەتی خۆی بکێشێت، لە هەستە هاوچەرخەکەیدا. کاتێک باس لە واقیعێکی بەو شێوەیە دەکەین، دیارە دەمانەوێت (دیموکراسی و جیاوازیبوون) لەنێو خێزان و تەواوی ئینستوتەکانی کۆمەڵگای کوردیدا وێنا بکەین و ئاماژەی پێبدەین ئەگەر بەشێوەیەکی ڕادیکاڵیش بوویێت. لە ڕاستیدا هەر ئەمەیش مەبەستی ئێمەیە بۆ ئەم تەوەرە، واتە باسکردنی باوک- پیاوسالاری هەرگیز لە دەرەوەی ئازادی و ژیان و مافەکانی تاکەکەس نییە.

لەپێناوی نووسینی ئەم کتێبەدا، هەموو ئەو لایەنانەمان خستۆتە نێو بۆتەیەکی گشتییەوە، بەڵام لەگەڵ لاوازییەکانیدا بەرامبەر سروشتێکی کراوەتر بۆی. واتە بەرامبەر جیهانبینییەکی ناپیاوانە و زۆرنا تایبەتگەرا لە سیاسەتی سێکسوالیێتیدا.

ئەم فشارەیش بێگومان فۆرم و سیستەمەکانی عەشقبازی لەگەڵ تۆتالیتاریزمدا باس لێوە دەکات. بەم تۆتالیتاریزمە، دیارە مەبەستم لە پێکەوەیی و پتەوی جەستەی ئەو واقیعەیە کە فەردانیەتی شاردۆتەوە و زەمینەی بۆ یەکێتیەکی پیرۆزی ئایینی لێک چوویی خۆش کردووە. کردنەوەی شوێن و ڕێگە بۆ کایەی ئیندیڤیدوالیزم، بە هەموو شێوەیەک لەسەر یەکگرتووییەک بەڕێوە دەچێت کە لەسەر پرنسیپەکانی

تێگەیشتن لە کۆمەڵگای جیاوازی ئێمە بینا بوویێت، ئەمەیش قووڵبوونەوەیەکی وردو درشتە لەسەر ڕەخنەکردنی ئەو جەستەیەی دەیەوێت تەواوی جەستەکان لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە و لە سێتێک نۆرم و عادەتی مۆرالیێتیدا پێوەندییەکان قووتبدات. ئەمە بە کۆلێکتیڤی کۆمەڵی و هەروەزییە لەوێنە پیاوانەکەیدا، بەمانایەکی تر باسکردن لە جیاوازی، باسکردنە لە ناپیاوەتی کردنی گەردوونی تەواوی کایە کۆمەڵایەتییەکانیش. لێرەدا دیارە ئەم چەمکی [ناپیاوان]ەیەمان بۆ ئەوە بەکارهێناوە کە بتوانین لە ڕێگای ڕەخنەکردنی کۆمەڵگایەکی پیاوانەوە هەوڵی کۆمەڵگایەکی ناپیاوان بدەین. دیارە لێرەدا کۆمەڵگای ناپیاوان، کۆمەڵگای ژنان ناگرێتەوە، بەڵکو شتێکی ترە، هەروەها ئەم چەمکی ناپیاوانەیەش بەو شێوەیە بەکارناهێنم کە کۆمەڵگای ژنان بهێنینە ئاراوە. من بۆیە ئاماژە بەم زاراوەیە دەکەم، دەمەوێت بڵێم، کۆمەڵگایەکیش نییە، هەر بە تەنیا کۆمەڵگای پیاوەکان بێت بە تاقی تەنیا، بەڵکو کۆمەڵگایەکی کراوە، بریتییە لە کۆمەڵگای (هەموان)، ئەم کۆمەڵگای هەموومانەیە، یان ئەم زاراوەیە، لەناو کۆنتێکستە تیۆلۆجیەکەیدا زۆر بە پێویست دەبینم بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی. ئەویش ئەوەیە، ئەگەر کۆمەڵگای تاقانەیی بخرێتە ژێر فشارەوە، ئەوە ئەوەی دەخرێتە ژێرفشارەوە بوونی ستراکتۆری بیرۆکەی تاقانەییشە، یان هەلومەرجی بوونی تاقانەییەکەیە لەسەروو کۆمەڵگاوە، واتە (خوداوەند)، ئەمەیە ناوم هێناوە بە تیۆلۆجێکردنی مرۆڤایەتی. دەمەوێت لەناو تەمومژی توندوتیژی سیاسەتی سێکسوالیتە کە هەڵگری بیرۆکەی تاقانەیی و خودایە، بخەمە ژێر ئاراستەکانی خوێندنەوەوە بۆ هەلومەرجێکی ترەوە. هەوڵی ئەم کراوەییە، بە ڕووی ڕەگەزە هیومانییەکانی هەردو جێندەردا وەک مرۆڤایەتی دەبینێتەوە، چیدی کورتکردنەوەی لایەنێک بۆ کۆمەڵێک هۆکار، یان تەنانەت تیۆر و قوتابخانەی بیرکردنەوەیش، گەورەترین ئەستەم و ڕێگرە لە بەردەم خاسیەتەکانی کراوەییدا. بەتایبەتی خودی ئایین و تیۆلۆجی پیرۆزگەرایی و فۆرمەکانی فەلسەفەی ئیفلاتوونی و ئەرستۆییانەیش لەناو ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەدا پێویستیان بە فشار لەسەر کردنە. نەک هەر ئەمەیش،

بگره قـوتابخـانه و ڕێچکەی فـەلسـەفی تریش، وەک شۆپنهاوەریزم و فرۆیدیزم و هیگڵیزم و مارکسیزمیش.

کاتێک هەندێک لە بیرمەند و قوتابخانە فیکرییەکان ئەگەر بەناوی لیبرالیزمشەوە مانیفێستی مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا نەیانتوانیوە، یان باشتر بڵێم نەیانویستووە لەو هەستە زۆر شەخسانی و تۆتالیتاریستیەدا لە ئایدیۆلۆجیاکردنی قەیرانەکان لە خوێندنەوەکانیاندا خۆیان بپارێزن. هۆی سەرەکیش دوو جەمسەر دەگرێتەوە، ئەویش پابەندە بە جەغدانەوەی فۆرمەکانی پیرۆزی و زاڵکردنی شێوازێک لە ئاینیبوونی خوێندنەوەکان بۆ کۆمەڵگا و دواییش دژایەتی کردنی فۆرمەکانی ئیندیڤیدواڵیزم بەجۆرێک لە جۆرەکان.. بەسروشتی کردنی کۆمەڵگا لە ئاستێکی مرۆڤ دۆستانە و ژیان دۆستانەدا، گومانی تیادانییە دەبێت لە هەموو جۆرە لۆگۆسێنتراڵێک پاقژ بکرێتەوە. یان بخرێتە ژێر ڕووناکی عەقڵانیتێکەوە بەدەر لە ستەمەکانی ئایدیۆلۆجیکردنی. واتە لەمەڕ واقیعی کوردیدا، نیگەرانی و ئاگادارییەکانمانی لێ تیژ بکەینەوە، هیچ نەبێت (ڕووە شەڕەنگێزو توندو خراپەکانی) بەتوندی بخرێتە ژێر ڕۆشناییەوە. گومانێکی گەورە بتوانێت وەک کولتوورێک بۆ نەوەی نوێ بیپارێزێت. ئەمەیش گومانکردن لە کۆلێکتیڤیبوون و هەرەوەزیبوونی خێزان و کۆمەڵگایە بەڕاستی و قسەکردنیشە لەسەر [فاکتە کۆمەڵایەتییەکان] کە دەروازەیەکی دەوێت بۆ کۆمەڵناسیکردنی ئەو قەیرانانە. نیشانەکانی نیگەرانیبوونی کەسەکانە لەبەردەم فۆرمەکانی ستەمکاریدا بەگشتی، لەژێر کۆدەکانی هەستە پێکەوەییەکان. بێگومان کۆمەڵگایەکی پیاوانەیش، وەک کۆمەڵگای ئێمەی کورد، هەرگیز لە دەرەوەی سیاسەتی ستەمکارانە نەبووە، بەڵام کۆمەڵگای ناپیاوانە، پانتایی شوێن فراوانتر دەکات بۆ ئەو بوونەوەرانەی (پیاو) نین، ئیدی ژن یان منداڵ بن یان مێرمنداڵ بن، واتە تەواوی مرۆڤایەتی لە ئاست شوناسی گشتی کۆمەڵایەتی دابەشکراو، هەروەها ناسینەوەکانی خۆیشی وەک خۆی دەخوازێت لەناو شوێندا. بەم کارە سروشت لە مانا تەقلیدی و بەپەتریارکییەکەیدا دەردەکەوێت، ئەمەیش چڕکردنەوەی کولتووری بیناکردنە بەرەو کراوەیی. بەمانایەکی تر، کولتوورێک بیەوێت سیمپتیمەکانی فاشیزمی خۆی بناسێتەوە، دەبێت پێکەوە تەماشای هەردوو کایەی کۆشوناسی کۆمەڵگا و خودشوناسی تاکەکانیشی بکات. هەوڵیش بۆ ناسینەوەی جۆرەکانی سیماکانی فاشیزم، کە بەهەموو شێوەیەک بڵاوبۆتەوە بەناو کۆمەڵگادا لە هەستە پیاوانەییەکەیدا، پێویستی بە خوێندنەوەی گرنگ هەیە و دواییش هەڵتەکاندنی ستراکتۆرەکانی. لێرەدا ئەگەر وەکو فەلسەفەیش ئاماژە بەم لایەنە کولتوورییە بدەین، ئەوە بە هەموو شێوەیەک دەبێت خاسیەتێکی گرنگ و زۆر قووڵی هەست کردن (بە عەدەمییەت) بخەینە ژێر ئیشکردنی فیکریمانەوە، بەبێ ئەمە ڕەنگە هیچ بەرهەمێکمان نەبێت. ئەم پرۆژە (عەدەمییە) بهێنین و کاری پێبکەین لە ناسینەوەکانماندا بۆ تەواوی ڕەگەزەکانی مانەوە و نیشتەجێبوون لەناو جیهانی کۆن و تەقلیدیدا، چونکە ئەم عەدەمییەتە، هەڵگری ڕۆحێکی شادە و بە پێچەوانەی ڕۆحە ئاینییەکەوە لەناو هێڵە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و هەڵگری ئاراستەیەکی جیاوازە بۆ تەماشاکانی [کۆشوناسی، خودشوناسی]. دەمەوێت بڵێم لە چرکەساتی هەستکردن بە تەواوی ئەو تەمومژییەی کۆمەڵگای تاقانەیی، بۆ خۆی، پیاوسالاری لەبەردەم بە سروشتی کردنی نۆرمە فاشی و ستەمکارەکاندا دروست دەکات. بە تەنیا بوونی ئەو عەدەمییەتەیە دەتوانێت دیوی ژیان لە ئاستە شاد و کراوەکەیدا ئاشکرا بکات. عەدەمییەت ئەوە وەک هەستکردن بە لێپرسیارێتیبوون لەناو ژیاندا بەگشتی، بەشێوە زۆر بێ سنوورەکەی گرنگی خۆی هەیە بۆ بەرپرسیارێتی بەرامبەر کایەکانی نوێگەری، چونکە نەک هەر گومان لە شتەکان دەکات، بەڵکو قێزیشیان لێدەکاتەوە. بۆچی وا دەڵێم، چونکە بە ناسروشتکردنی ئەو فۆرمانەی بەرهەمی سیاسەتێکی دوور و درێژن لە چەوسانەوەی مرۆڤ بەناوی هەر شتێکەوە بێت و نۆرمالیەتی (ئاساییبوون) کۆمەڵگا کردوویەتی بە هەلومەرجە سروشتییەکانی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا. ئەم ستراکتۆرانەیە پێویستیان بە هەڵوەشاندنەوە هەیە، بەمەیش بەبێ بانگ کردنی فۆرمێکی پێویست لەو عەدەمییەتە هیچ شتێک ڕوونادات، هەڵوەشاندنەوە بۆ

خۆی ناوکی سیستەمی بەداڕووخانکردنی سیستەمە تەقلیدییەکانە کە ڕێگای لە کردنەوە و جیاوازییەکان گرتووە.

من لێرەدا کاتێک باس لە عەدەمییەت دەکەم، دیارە وەک پرۆسەیەکی کولتووری و ڕۆشنبیری ئاماژەی بۆ دەکەم، دیارە زیاتر مەبەستم لەو مۆدێلە [نیتشەییە]یە کە باسی لێوە دەکات، ئەویش عەدەمییەتێکە بەرامبەر کولتووری مرۆڤی بچووک ئایینی و هەڵگری فۆبیاکانی خۆیەتی لە ئاست مانەوەیدا وەک خۆی، ئەگەر نەهیلیزمی نیتشەیی وەربگرین، بەشێوە زۆر هیوابین و ئامێزگەراییە ئایندەییەکەی بۆ ژیان، ئەوە بە هەموو شێوەیەک نۆرمەکانی چەوساندنەوەی ناو جیهانی کۆمەڵگای تاق شوناسی دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و هەموو فۆرمێک لە پیرۆز و یەکگرتوویی ناو ژیانی کۆمەڵگا کە ستەمکاری بەرهەم بهێنێت، بە هەموو شێوەیەک گومانی لێدەکرێت، چونکە کولتوورێکی باڵاو کراوە ئامادە نییە بۆ کەسەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە، هونەر و ئاستە بەرزەکانی مرۆڤایەتی ئامادەنییە بۆ خۆناسینەوەی خۆی لەناو کۆمەڵگادا. ئەوەی ئامادەیە، بوونی نۆرمەکان و عادەتەکانی ناو کولتوورێکی کۆن و ستەمکارانەیە، ئەم کولتوورە، نوقمی فاشیەتی خۆیەتی بە مۆدێلە پیاوانەکەیەوە (فالوسێنرۆمەکەیەوە).

ئەگەر هەر بەهەمان شێوە بیرکردنەوەی نیتشەیی لێرەدا قسان بکەم، ئەوە دەبێت مندالەکانی ناو سیستەمی پیرۆزگەرایی و ئاسمانگەرایی و خوداگەرایی (کۆمەڵگای پیاو و خێزانی پیاو) بە هەموو شێوەیەک کە هەڵبوەشێندرێنەوە، چونکە نیتشەوییەت لە هەستە زۆر ڕادیکاڵەکەیدا گومان لە ڕەگوڕیشەکانی ئایین و خودابییەت دەکات و حەقیقەتی وابکات، چونکە نۆرماڵبوونێک هەیە لەناو ئەو کایانەدا پڕن لە ستەمکاری و بێڕیزیکردن بە مرۆڤایەتی. ئەم هەڵوەشاندنەوەیەیش لەخۆیەوە ڕوونادات، بەڵکو پێی وایە بە بێ ئەو ڕۆحە عەدەمییە ناتوانێت باس لە هیچ داڕووخان و تێکدانێکیش بکات هەرچەندە بیرۆکەی نەهیلیزمی نیتشە، بە هەموو شێوەیەک لەبەردەم ئایین و بیرکردنەوەی ئایینی و میتافیزکییەکان لەناو جەنگەکانیدایەتی و کۆمەڵگای ئێمەیش بۆ خۆی کۆمەڵگایەکی ئایینی و کۆلێکتڤ و میتافیزیکییە لە ئوسوڵی خۆیدا. خوێندنەوەی نیتشە بە هەستە خودگەراکەی بۆ خۆیشی دەبێتە کاردانەوەیەک بۆ ئەو کۆلێکتیڤیەتە.

واتە چیدی لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی وایە و لەبەردەم بەکارهێنانی ئەو (نەهیلیزمەدا) وەک کایەیەکی ناو ژیان و کولتوور کێشەمان دەبێت؟ بێگومان بەڵێ، بەڵام پێشم وایە خودی کێشەکەیە، دەتوانێت مانا و چەمک ببەخشێت بەسەلماندنی ئەو پرۆسێسە. من لێرەدا بۆیە باسم لە ئایین کردووە یان بەگشتی ئایینتان بیردەخەمەوە، چونکە ئۆبجێکتی سەرەکی بۆ نیتشە، ئایین نییە بەو هەستەی کە فشار دەکاتە سەر ئایین، بەڵکو فشاری ئەو تەواوی ئەو جیهانبینییەیە کە نوقمی خەون و خەیاڵی (خودایە) یان (ڕێلمەکانی ترە لە واقیع) بەڵام لە هەستە فەلسەفییەکەیدا، کاتێکیش دەڵێت، خودا مردووە، بە هەموو شێوەیەک مەبەستی لەوەیە کە میتافیزیک بە دیوە فەلسەفییەکەیدا مردووە، هەرچەندە مەرگی خودا بۆ نیتشە هیچ نییە، جگە لە مەرگی فەلسەفەیەک، کە خوداکان خۆیانی تیادا مانیفێست دەکەنەوە، نەک مرۆڤایەتی. واتە ئەم مەرگەی ئەو کە زۆر بایەخی پێداوە، هەروەها هێڵێکی سەنتراڵ و تەواوکەری کۆی بیرکردنەوەی نیتشەیە، وەک کە فەیلەسووف نووسەرێکی ناو جیهانی مۆدێرنە، بە هەموو شێوەیەک بەستراوە بە ڕەخنەکانی تەمومژی ئایینی میتافیزیکیەتەوە، دواییش بەخودی کولتوورەکەوە. کۆی بەرهەمەکانی نیتشەش بریتییە لە مەرگی فەلسەفەی میتافیزیک و جەنگی گەورە بەرامبەر فەزا ئایینییەکە. بە کورتی نیتشە بۆیە دەنوسێت تا دژی ئیفلاتوون بنووسێت، ئیفلاتوونیش هەڵگری ڕۆحی میتافیزیکی فەلسەفەی ڕۆژئاواییە.

بەهەرحاڵ کە باس لە گرنگی ئەو هێڵە دەکەم بۆ بیرکردنەوە لە کولتووری ئێمە، دیارە لەبەر هەمان هۆیە و تەواوی ئەم نووسینەشی داگیرکردووە، ئەویش لەبەرئەوەی کۆمەڵگایەکی ئایینی شایستەی خوێندنەوەیە، هەروەک چۆن کتێب و تێکستە ئایینییەکان شایستەی خوێندنەوەی تیۆلۆجین.کە دەڵێم عەدەمییەت گرنگی خۆی هەیە بۆ ناو ڕەوتەکانی ژیانی ئێمە، دیارە مەبەستم لە

وەرگرتنەوەی خودی ڕەگەزە مرۆڤایەتییەکەیە لەناو کایە کۆلێکتڤییەکەی کۆمەڵگادا. بوونی ئایین و کاریگەریی ئایین لەناو کۆمەڵگای ئێمە و تەواوی مرۆڤایەتیدا، بۆ خۆی کاریگەری دەعوەتکردنی (کاردانەوەی) ئەو [عەدەمییەتە] دەکات بۆ ناو ژیانمان، چونکە نیتشە کاتێک بانگەوازی (مەرگی خودا) دەکات، لە ڕاستیدا مەبەستی لە مەرگی خوداکانی فەلسەفەیە بە هەموو هەستێک، فەلسەفەی ترادیسیۆن کۆمەڵگای ترادیسیۆن، کولتووری ترادیسیۆن بیرکردنەوەی ترادیسیۆن، بە تایبەتی خودای ئەم فەلسەفەیە، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە ئیفلاتوون و فەزا میتافیزیکیەیەتی واتە جیهانبینی ئیفلاتوونیزم.

بە کورتی، ئەم نەهیلیزمەی لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەم بە هەڵگری گیانێکی چالاک و کراوە دەیبینم و بە هەموو شێوەیەک بەو بۆچوونەی فوکووە بەستراوەتەوە کە دەڵێت: دەبێت خۆمان دروست بکەین، هەروەک بەرهەمێکی هونەری(٤)، چونکە ئەمە دەبێتە پراکتیزەکردنی کەس لەبەردەم ئیتیکدا، بەو شێوەیەی دەیەوێت نمایندەی بوونی خۆی بکات لە دروستکردندا، و «لە هەوڵی ئەوەی» سیاسەتە خودی خۆمان، بیروبۆچوونی ئیتیکی بۆ فوکو دەبێتە دیدێکی سەنتراڵ لە دواهەمین کاریدا: چۆن یەکێک بتوانێت خودگەراییەکی وا دروست بکات و گەشەی پێبدات و ببێتە ئەنجامی سەرچاوەیەک بۆ بەرەنگاریکردن لەبەردەم زۆری و بڵاوی دەسەڵاتدا؟ دیارە ئەمەیە وای لێدەکات کە وەک ئیتیک باس لە سیاسەت بکات»(٥)

بێگومان دروستکردنی ئەم خودە کەسە، لە مامەڵە کردنەوەدا بۆ «ئیتیک وەک سیاسەت» دیارە بە هەموو شێوەیەک ڕزگارکردنێتی لەناو تەموموژی میتافیزیک و ئایین و کولتووری خەساندنی ئەو خودە کەسەیە. چیدی ئەم خودە بەدەست سیستەمی ئایینییەوە، سیستەمی ڕەهاگەری فەلسەفەوە، سیستەمی مۆراڵێتییە باوەکانی ئایینییەوە خەسێندرابێت.

بەگشتی قسان بکەم ئەمە ئاماژەکردنە بۆ دەرچوون لەو بازنە ئۆدیبییەی بۆتە کەناڵێکی کلاسیکی بۆ تەماشاکردنی شتەکان و دواییش ئەو هەستە دیکارتییەی هیچ شتێک لەناو (خۆیدا) نەبێت هەستی پێناکات و نابینێت و ئاگاداریشی نییە، تەنیا ناوەوەی خۆی نەبێت. بەمانایەکی تر بانگەوازکردنی خودێکە لەناو کولتوور و هونەردا زۆر لە نیتشەوە نزیکە، واتە بە هەموو شێوەیەک لە دەرەوەی چەمکە تەقلیدی و ئایینییەکەیدایەتی. بە هەمان شێوە من باوەڕم بەو (مەرگە) هەیە بەناو کەناڵەکانی کولتووری کۆمەڵگای پیاوانەیی کوردیدا کاریگەری خۆی دروست بکات و چالاک بێت. بۆ نموونە ڕەخنەی زۆری دەستەی نووسەرانی پرۆژەی (گۆڤاری ڕەهەند) لە نەوەدەکانەوە باشترین ئاوڕدانەوەیە لەم ئەنجامگیرییە گشتییەی ئاماژەم بۆ کردووە.

بەگشتی ڕەخنەی پرۆژەی ئەو گۆڤارە [ڕەهەند] ڕەخنەیە لەم ئاستەوە بۆ کرانەوەی خودی کۆمەڵگا لە هەموو ئاستەکانیدا، بەڵام لەناو هێڵە فیکرییەکانەوە، ئەمەیش پرنسیپەکانی گۆڕان و هەستکردنە بە فەزای دیموکراسییەت لەناو کایەکانی ژیاندا بۆ ئەم کایەیە. واتە لووتکەترین ئاستی خۆی کە هەستی ئایینییە. [دیارە من دەڵێم ئایینی، ئەگینا ڕەخنە و نووسینی ئەو نووسەرانە، بەشێوە حەرفییەکەی لەسەر ئایین نییە، بەڵکو لەسەر خوانێکی گشتییە کە تینوێتی بۆ دیوەکانی تری خودو کۆمەڵگا لە هەستە کراوەکەیدا وەردەچەرخێنێت] و دواییش کە ڕەخنەی (چەمک و بوونی حزب) دەکەم. دیارە ئەم ئاماژەکردنانە بەلای نەوە بۆ خۆیان هەمان ئاماژە کردنە بەچەمکی (مەرگی خودا)، بەڵام لە فۆرمە جیاوازەکاندا بۆ ئەم چەمکە، لەبەر ئەمەیە لەسەرەوە وتوومە تیۆلۆجیکردن، گرنگترین ئاستەکانی ناو فەزای کولتوور و کۆمەڵگایە وەکو ڕەگەزێکی زیندووی بیرکردنەوە. بەمانایەکی تر دەستخستنە سەر گرنگی و زەرورەتی ڕۆشنبیری لە هەستە مۆدێرنەکەیدا تینوێتییە بۆ فۆرمێک لە دەسەڵات، بەمەیش بۆ خۆی کارکردن و دۆزینەوەی فۆرمێکە لە سیاسەت لەبەردەم ئەخلاقدا، یان بەرەنگاربوونەوەیەکە لە ئاست تیۆلۆجییەکەدا کە نۆرمەکانی کۆمەڵگاو حزب و حکومەت دەیسەپێنن بەسەرماندا، بە هەمان ئەو کۆدانەی ئیش بۆ (پیرۆز) کردن دەکەن، بەڵام لە شێوازی جیاوازدا. واتە کۆدەکانی متکردن وماڵیبوون و بێدەنگی کردن، هەمان کۆدە میتافیزیکییەکانیشە، بەڵام لە کۆنتێکستی جیاوازدا.

بەمانایەکی تریش مەرگێکی ڕەمزی مەجازی دەبێت زۆر بە زیندوویی بتوانێت ئیش بکات و پرۆژەی هەبێت، هونەر ڕەنگە گرنگترین کەناڵ بێت لێرەدا. بێگومان خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە بابەتە گرنگەی ناو ژمارە کۆنەکانی (ڕەهەند) کە دیومن، توانیویێتی بە هەموو شێوەیەک ورووژان و بەرەنگاربوونەوە و خۆ ئامادەکردن بهێنێتە بەردەم جیدیەتی دروستکردنی ئەم کاراکتەرەی دەبێت بەناوی ڕۆشنگەرییەوە لەبەردەم سیستەمی (مالێبووندا) لەدایک بێت. کە ناوی (حزب)یشم هێناوە وەک قودرەتی تاقانەی ناو کۆمەڵگا، دیارە بۆ خۆی ئاماژە کردنیشە بەهەمان هەست و بیرکردنەوەی میتافیزیکی لەئاست بونیادە زۆر تەقلیدییەکەیدا بۆ کەسایەتی مرۆڤی کوردی لەناو تەمومژی بیرکردنەوەیدا بۆ سیاسەتکردن، وەک ئەندامی حزب، ئەندامی خێزان، تەنانەت وەک ئەندامی ناو دەزگای دڵداریکردن و خۆشەویستی کردن و هاوڕێیەتی و هاوسەرێتی کە بارگاویکراون بەو هەستە تۆتالیتار و تاقانەییە. تیۆلۆجیکردن لەم ئاستەوە، تیۆلۆجیکردنیشە لە ئاستێکی ترەوە، کە بریتییە لە سەپاندنی هەستە زۆر تاقانەیی و خوداییەکە لەناو کایەکی کۆلێکتیڤبووندا. بەو شێوەیەی کە (حزب) جێگای ئۆتۆرێتی و دەسەڵاتی (خودا)ی گرتۆتەوە، واتە ئەوەی پێویستە لێرەدا هەبێت و لە دایک بێت، بوونی ئیندیڤیدوالی عاقڵ و بوێرە لەبەردەم کایەکانیدا، بەمەیش ئاگاداری و وریابوونەوەیە لە فەزای ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا کە ئارەزووی قووڵی کارکردنی گۆڤاری [ڕەهەند] بووە بە جۆرێک لە جۆرەکان. بەمانایەکی تر ئەو ڕەخنە توندەی کە زۆر پێویستە بەناو هێڵە عەدەمییەکەیدا تێپەڕێت و هەبێت، ئەوەیە کە دەیەوێت بانگەوازی، (مەرگی) سیاسەتی تۆتالیتارییەت و یەک شوناسی و تاقانەیی بکات و ئەم مەرگە، ئەگەر کۆتایی پێهێنانێک بێت لە هەستکردن بە ستەمکاری، ئەوە هەمان مەرگە بۆ تۆتالیتاریەتی فەلسەفە و تۆتالیتارییەکی ناو خێزان و کۆمەڵگایش لەیەک کاتدا. وەکو وتوومە ئەمە فۆرمێکە لە تیۆلۆجیکردن بۆ خۆی.

تاکو ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردی بە سیمایەکی پیاوانەوە خۆیمان پێ پیشان بدات و خۆیمان پێ بناسێنێت، ئەوە هەوڵ و ئیجتیهاد بۆ کۆمەڵگایەکی ناپیاوانە دەبێت لە ئارادا بێت و زیندووبێت، چیدی سروشتی مرۆڤ لە هەستە توورە و یاخییەکەیدا لە دایک دەبێت.

ڕەنگە لێرەدا ئاوڕدانەوەیەک بۆ (ڕاپەڕین)، بریسکەی ئەو هەرووژمە بێت بۆ ڕۆشنگەرێتی و مەدەنییەت لەم دەروازەیەوە، هەروەها شوێنی خۆیەتی ئاماژە بە یەکێک لە نووسەرەکانی ڕەهەند بدەم. بۆ نموونە، کاک مەریوان وریا قانیع لەوتارێکدا (یەکگرتن یان جیاوازیبوون) دەڵێت: «ڕاپەڕین خۆی نوێترین داهێنانی سیاسی ئەم سەدەیەی ئێمەیە»(٦) ئایا لە ڕاستیدا کاک مەریوان دەیەوێت لە هەستە جیاوازەکەیدا بڵێت مرۆڤی نوێ یان کەسی نوێ لە ئاستی ڕاپەڕیندا لە دایکبووە یان لە دایک دەبێت؟ چونکە ئەگەر هیچ نەبێت لەناو زماندا ئەو دەڵێت، ئەم سەدەیەی ئێمە توانیبێتی شتێکی نوێ دابهێنێت، ئەوە ئەو شتە نوێیە ڕاپەڕینە؟ بێگومان ئەم هەستەی ڕاپەڕین لە بەرزترین پلەیدا تەوزیف دەکات بۆ چەمکی (نوێ)، بە هەموو شێوەیەک لەناو هەستە ڕۆشنگەریەکەیدایە، چونکە ئەوەی کردوویەتی داهێنانێکی گرنگە، ئەویش دووبارە بریتییە لە خودی ڕاپەڕین (یاخیبوون)، واتە یاخیبوونی مرۆڤ، بۆ خۆی مامەڵەیەکیشە لەناو چەمکی نوێدا، ڕەنگە لەم ئاستەدا ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ بیرۆکەی (تیۆلۆجیکردنەکە) کە لەسەرەوە چەند جارێک ئاماژەم بۆ کردووە، ئەوەیە کە بەڕاستی لەناو ئەم (نوێییەدا) شتێک هەیە فێری خواردنی حەرامیمان دەکات، چونکە هەمیشە لەبەر ئەوەی (نوێ) دوژمنەکانی خۆی هەیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ خۆیشی دەبێتە خواردنی میوە حەرامەکە. مرۆڤی نوێییش ، لە ڕۆشنگەری خۆیدا دەتوانێت شت دابهێنێت، چونکە ناترسێت و بێدەنگ نابێت، هەرچەندە لێرەدا ئەوەی تەواوی هاوکێشەکەی دەبات بەڕێوە (داهێنانی سیاسییەکەیە)، بەڵام ئەوەی من زۆر بەلامەوە گرنگە بیرۆکەی خواردنی میوە حەرامەکەیە لەناو چەمکی (ڕاپەڕیندا)، واتە تیۆلۆجیکردنەکەیە بەرەو دەروازەیەک بۆ تێکشکاندنی فۆرمەکانی ستەمکاری لەناو هاوکێشە تۆتالیتار و تاقانەییەکەیدا، بەهەرحاڵ دیارە ئەو چەمکی ڕاپەڕینە هەڵگری یاخیبوونێکە بەرەو خۆ کردنەوە

و ئامادەبوون بۆ گۆڕانکاری لە هەستە زۆر نوێیەکەیدا و گۆڕانکاری هەرچۆنێک وەریدەگریت، هەرگیز لە دەرەوەی چەمکی داڕووخان و خاپوورکردنە نەهیلیزمە نیتشەکەیدا نییە، ئەم گۆڕانانەیش لەبەردەم داخراوی کۆمەڵگای یەکگرتوو و کۆلێکتڤدا قوت دەبێتەوە، واتە یەکگرتنەکەی کە پێویستی بە ڕاپەڕین هەیە. هەروەها «لە دنیای ئێمەدا گوتاری یەکگرتن گوتاری کۆبوونەوەی تاکە ئازادەکان و گرووپە ئازادەکان نییە لە دەوری بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە لایەنی کەمی داخوازەکانیان بۆ دابین بکات، بەڵکو گوتاری یەکگرتن بۆتە گوتاری موناوەرات و تەحالوفی دوو نوخبە کە لە شەڕێکی کوشندەدان لەسەر دەسەڵات و پاراستنی مەوقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان» (٧) هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە بەرجەستە بوونەوەیەکی سیاسییە لەخۆیدا، بەڵام لەدەرەوەی ئەو هەستەیشدا نییە کە من بۆی دەچم و دەمەوێت کەڵکی لێوەربگرم. هەرچەندە ڕووناکییە بۆ کۆمەڵگای کوردی لەو هەستەدا لەبەردەم مامەڵەیەکی (نەتەوەییانەدا)، بەڵام من بەهەمان شێوە و دواییش بەناو کەناڵەکانی یەکگرتن و کۆلێکتڤیبوونێکی هەرەوەزیانەدا بەری خۆمی دەدەمێ و خوێندوومەتەوە، چونکە چەمکی (یەکگرتن) هەڵگری چەندین ئیشکال و کۆد و نهێنی و ڕیتواڵ و تەمومژی خۆیەتی. ئەگەر هەرچۆنێک تەماشای ئەم یەکگرتنە بکەیت، سا ئەگەر لەناو خێزانەوە بێت، یان لەناو کۆمەڵگاوە بێت، لەناو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، یان دەزگا حکومەتی و حزبییەکانیشەوە بێت، دەتوانین بەو دەروازە ئایینیەدا تەماشای بکەین، کە بریتی بێت لە «موناوەرات و تەحالوف»ی هێزێکی سەپێندراو بەسەر کایەکانی بیرکردنەوەدا، چونکە یەکگرتن دەبێتە گوتارێک، ڕەهەندەکانی بوونی کۆمەڵگا دەکوژێت لەناو ڕێزگرتنی تاکەکەسەکانیدا بۆ جیاوازی و دیموکراسی. دواجار کۆمەڵگای پیاوانە، نەک هەر ناتوانێت هەڵگری هەلومەرجێکی هاوچەرخ بێت (لیبراڵ و دیموکراسی و سیکیولار) لەم هەستەیدا، بەڵکو بە هەمان شێوە لەسەر قوربانییەکانی خۆی دەژی، بێگومان فۆرمی یەکگرتن بۆ خۆی فۆرمی ستەمەکان و تاوانەکانە لەناو کۆمەڵگای بەو جۆرەدا (کۆمەڵگای باوکان کە هەمیشە لەمناوەرات و تەحالوفن لەسەر بنەماکانی پیرۆزی و ڕەهاگەری سێکسیزم و فالۆسنترۆسیزم)، تەنانەت بوونی یاسایی و حاکمیەتی بەڕێوەبردنی عەقڵیەت و سیاسەت شێوازێکە لە پیاوانەیی بوونی نێو ئەو جیهانە، فالۆسێنترۆمدا. واتە فالۆسیەتی کۆمەڵگای یەک جێندەر بەسەر جیاوازییەکاندا. بەمەش سیاسەتی جێندەر چالاکانە کار دەکات، نە سیاسەتێکی کراوەتر و بێ جێندەر سیکیولارانە، کە بتوانێت [شوێن] وەک کراوەیی هەموو مرۆڤەکانی تێیدا ببینێتەوە، بەڵکو تەحالوف و موناوەرەتەکان دەکات بە هەستێکی تر بۆ ئەم دەربڕینەی کاک مەریوان، ئەگەر دەربڕینەکانی خۆمی بۆ زیاد بکەم: ماسکەکانی خودا دەخەنە سەر دەموچویان، دیارە ئێمە لێرەدا لەشێوە گشتییەکەیدا، ئەم بابەتەمان خستۆتە ژێر ڕۆشناییەوە و کاتێکیش دەڵێین بەگشتی، مەبەستمان لە بەوێناکردنی کۆی شتەکانە لە دیتنەوە و پێکەوە گرێ دراوی خۆیانەوە لە هارمۆنیای خۆیاندا، وادەکەن گومانەکانمان لە دایکبن، کە دەڵێم هارمۆنیا، هەرگیز بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە مەبەستم نییە، تەنیا بەوە بەکاری دەهێنم کە کۆمەڵگای کۆلێکتیڤ لە ئاستە فاشیزمەکەیدا، دەیەوێت پێمان بڵێت هارمۆنیا و یەکێتی ناوکی کۆلێکتڤیەتە، یان ناوکی ئارامی و خوانی پێکەوەییبوونە لە هەستە پیرۆزەکەیدا، بەڵام ئەوەی لەناو ئەو هارمۆنیایەدا هەیە، هیچ نییە جگە لە بەردەوامبوونی سیاسەتی ستەمکاری ڕۆژانە. ئەم ستەمکارییەیە ئاماژە بە زەرووڕەتی هەلومەرجی (نەهیلیزم) یان (ڕاپەڕین) دەدات. نە هیلیزم هەوڵ بۆ دیتنی شادی و لایەنەکانی ژیان و کولتوور دەدات بەرەو دیدی تر، بەم سروشتەیشی دەبێت لایەنە هونەری و ئیستێتیکییەکەی خۆیمان پێشان بدات. بەمانایەکی تر کاتێک کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی ئەو نهلیزمەدا خۆی دەبینێتەوە، دیارە لایەنەکانی هونەری بوون و کولتووریبوونی لە ئاستە نەهیلیزمەکەدا پێنەگەییوە و لە دایک نەبووە. کولتووری تاقانەیی باڵادەست، هەڵگری وتارێکی ناوەکی و ڕۆحیانەیە (کۆلێکتیڤ و هەرەوەزی و پێکەوەیی) نەک کولتوورێکی ناتاقانەیی (جووتەیی، جیاوازی، فرەیی) نائایینی و دەرەکیانە بێت لە ئاستی مرۆڤایەتیدا. دیارە لێرەدا بۆ بەکارهێنانی واقیعی کوردی ویستوومانە بچینە

نێـو هەلومـەرجـێکەوە لە ڕێگایەوە وێنەی تاکـایـەتی و کـەسێـتی کـوردی بنـەخشـێنین لە ئاکـامـی واقـیـعی نێـو کـۆلێکـتـیـڤی و ئایینیـیـەکـەیدا. مـەبەسـتـمـانـە باس لە واقـیـعی کـوردی بکـەین لـەسـەر پرنسـیـپـەکـانی پێـوەندی و گـەمـەکـانی سیاسـەتی پەتریارکی، ئەم سیسـتـەمـە هەمـوو مرۆڤێتی و هیـومانیـسـتی نێو (خێزان) و (کۆمـەڵگا)ی خەسـاندووە و گەیاندۆتە ئاسـتی هیـچگەرایی. بەم کـارە ئەوەی ڕۆشنایی دەکـەوێـتـە سـەر هەمـوو نهـێنی و شـتـە شـاردراوەکـانی جیـهـانی کـۆلێـکـتـیـڤبـوون و یەککگرتوویی کۆمەڵگا و خێزانن، لەو هەستەدا کە فـۆرمێکی پیـرۆزی کـۆی کـردوونەتەوە و هەرگـیـز هیچ پیـرۆزییـەکی بۆ بوون و لاشـەی مـرۆڤـەکـان تیـادا نیـیـە بەلای منەوە، چونکە فـۆرمـێکی تەواو سـتـەمکاری هەیە، تاکـو کـاتێک باوەڕمـان بە بوونی خـێـزان هەبێت لەنێـو کـۆمـەڵگادا، دەبێت کارمان بۆ ئەوە بێت ئەوەی لەنێو سنووری خێزاندا دەژی، چیـدی پیـاو، ژن، کـوڕ، کچ لەنێـو سنوورەکـانی پارێزراوی مافەکانیان بن وەک مرۆڤ، نەوەک وەک ژن و پیــاو، یان وەک کــوڕ و کچ. بێگومــان مــرۆڤــیش لە ساوایەتییەوە بۆ منداڵی و لەمنداڵییەوە بۆ جەوانی و لە جەوانییەوە بۆ کامڵێتی و لەکامڵێتییەوە بۆ گەورەیی و پیـری و تا دوایش مـردن، دەگـۆڕدرێت و شـوناسی پڕ دەبێت لە فرەیی و جیاوازی. مرۆڤ هەمیشە بەرەو گۆڕان دەچێت و هەرگـیــز وەک خــۆی، یان لە ئاســتــێکدا نامێنێتـەوە لەناو کۆنسێپـتی مرۆڤبوونیـدا بە هەستـە ئایینییـەکەی. هوروژمی شوناس لە هەموو لایەکانییـەوە کــراوەیە و لـەبەردەم پرۆســەی گــۆڕان و وەرچەرخــاندا ئامادەیی هەیە، واتە مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕاندایە و ژن و پیــاو بوونیـش گــەیشــتـنە بە ژن و پیــاو بـوون لەو هەلومەرجەی دەخوازێت بۆ بە ژن بوون و بەپیاو بوون. بۆ نموونە منداڵێک وەک منداڵێکە و دوایی دەبێت بە کچ یان بەکوڕ و دوایی دەبن بە ژن یان بەپیاو. وەک سیـمۆن دی بۆڤواریش دەڵێت «یەکێک لە دایک نابێت وەک ژن، بەڵکو دەبێ، بە ژن» (٨) بە هەمـان شێـوە بیـرمـەندێکی گەورەی وەک سپـینۆزامـان بیـردەکەوێتەوە لە شـوێنێکدا دەڵـێـت «هـاووڵاتی لـەدایـک نـابـێـت، بەڵـکـو دروست دەبێت» لەبەر ئەمـەیە سیمۆن دی بۆڤوار بە وردی پێمان دەڵێتەوە، ئێمە ئەوانە نین یان بە فەزیلەتی تایبەتمەندی بوونێکی تایبــەت یان شــتــێکی ترانســێندتاڵی و موتەعالی، بەڵکو «ئەم بوونە هیچ نییە جگە لەوەی چی دەکــات تێــیــدا.. ئەو لە ڕێگای کــردارەکــانیــیــەوە دەپێورێت» (٩)

بێگومان بوونی ئێمـەیش وەک مرۆڤ لە کردارەکانماندا لەنێـو خـێـزان و تەواوی کـۆمـەڵگادا بەرجـەسـتـەیە. کردارەکانمان دەبنە شاهیدی ئەو ڕاستییەی ئێمە چەند مـرۆڤین و چەند بەفەزیلەتین لە مـرۆڤبـوونماندا، بەڵام لە ڕێگای ئەو ئەزمـوونانەوە کە بەخـراپە و بەدیان دەبینین، دەبێت هزرمـان کـار بکات و گـۆڕانکاری بێـتە کـایەوە. مــرۆڤ پێش ئەوەی ژن و پیــاو بێت لە دایک دەبێت و هیچ جـارێک ئایدۆلۆجـیـایەک ناتوانێت کـۆمـەڵێک دروشــمی بەســەردا بســەپێنێت وەک بوونەوەرێک جێندەرێک بەدەسەڵاتتر لەهێزدا، چونکە ژنبوون لەگەڵ لەدایکبووندا بەرجەستە نابێتەوە، بەڵکو لەنێو جیهاندا بەرجەستە دەبێتەوە کە گەشتنە بەو ئاستەی دەیەوێت و پێی دەگـات. لەبەر ئەمەیە دی بۆڤوار دەڵێت «جیـاوازی لەنێوان سێکسەکاندا «جنێدەردا» فاکتێکی بایۆلۆجییە، نــەک ڕووداوێــک (Event) بێت لەنێــو مــێــژووی مـرۆڤـایەتیـدا» (١٠) بە ناڕووداو کـردنی، بێگومـان بە ناترانسێندتال کردنی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە. وەک نیـتشـە هەمیـشـە لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێدەکات بۆ دژایەتیکردنی ئیفلاتوونیزمەکان، فـینیـۆمـینۆکـان دروست دەبن، نەک زووتر لە شـوێنێکی ترەوە بێن و بێنە ناو دنیاوە. بە مانایەکی تریش، شتێک نیـیـە زووتر بیـری لێکرابێـتـەوە و پلانی بۆ دانرابێت لە هەستـە غـەیبـانی و میـتـافیـزیکییـەکەیدا. هەرچەندە دی بۆڤوار لەوەی سەرەوە ڕادیکالانە تەماشای کێشـەی ژن دەکــات و تەنانەت کـێـشــەی لەگـەڵ چەمکی بۆ نموونە (دایکایەتیــبــووندا) لەبیــرکــردنەوەیدا هەیە بۆ ئەوەی مـەسـەلـەی (ژن) بکـات بە مـەسـەلـەی ئەوەڵ و ئاخـیـر (سـەرەکی)، لەبەر ئەمـەیە، تەمـاشای بیـرۆکـەکـەی هیـگڵ (سـەروەر و کـۆیلە) دەکـات وەکـو نموونە ئۆنۆلۆجـیـیـەک بەکـاری دەهێنێت و دەڵێت (سـەروەر و کـۆیلە) «باشـتـرە بەســەر ژن و پیــاودا بوترێت» (١١) یان بەرامــبــەر مـارکسیـش دەڵێت «پرۆلیـتاریا هەمیـشە بوونیـان نەبووە، بەڵام ژن هەمـیـشـە هەبووە» (١٢) بەهەرحاڵ باسکردن لە

واقیعی کوردی له ئاسته گشتییه‌که‌یدا، واته بتوانین جیهانبینی ماسوولکاوی پیاوانه بخرێته ژێر ڕۆشنایی بابه‌ته‌که‌وه، واته تاکو چه‌ند بتوانێت به‌م کاره له هونه‌ری پێکه‌وه ژیان ورد بێـتـــه‌وه و تێــبگات. جگه له‌وه مانیفێستی کردنی جیهانبینی پیاوانه ماسوولکاویانه ستایلێکی خێڵه‌کییانه‌ی ده‌بێت. به هه‌مان شێوه‌یش جێنده‌ری به‌رامبه‌ر سیاسه‌تی ماسوولکه ده‌کات به قـــوربانیـــیـــه‌کـــانی خـــۆی بۆ به‌رده‌وام بوونی له‌ســـه‌ر درێژه‌پێـــدانی جـــۆری ژیانی په‌تریارکی، کـــه به په‌راوێزکردنی ئه‌وانی تر ئیش ده‌کات، واته تاکـو ئه‌و ساته‌وه‌خـته‌ی پیـاو نه‌بین، به جـۆرێک له جـۆره‌کـان بووینه‌ته قوربانی ئه‌و سیسته‌مه‌ی جه‌سته‌مان ده‌هارێت و له‌ت و په‌تمان ده‌کات. زێده‌ڕۆییش نییـه کـۆمـه‌ڵی کورده‌واری ئێمه‌یش له ئاستێکی گشتیدا هه‌ڵگری ئه‌و فۆرمانه‌یه له سته‌مکاری. چه‌مکی نه‌هیلیزم، ڕاکێشی چه‌مکی هیـومـانیـزم ده‌کات بۆ خـودی کـۆمـه‌ڵگاش. هیومانیزمێک، بتوانێت هه‌مووممان وه‌ک مرۆڤ ته‌ماشا بکات به جیاوازییه‌کانمانه‌وه، چونکه ئه‌مه به به‌رده‌وامی پێـویسـتی به «ڕاپه‌رینه». کـۆمـه‌ڵی کـورده‌واری: هه‌ستێکی ئوسوڵی پیاوسالاری هه‌یه و ریشه‌که‌ی له‌ناو ستراکتۆرێکی ئایینی ته‌قلیدی پیرۆزگه‌رایی پێکه‌وه‌یی توونده. کۆمه‌ڵی کوردی ڕاده‌ی فه‌مینینی خۆی ته‌وزیف ناکات، یان ئه‌و فـه‌مـینینه‌ی زۆر پێـوه دیارنییـه و له بوونی ئیرۆسی که‌متر ده‌کاته‌وه له ئاسته ژیارییه‌که‌یدا و خـۆشـه‌ویسـتی کـردنیـدا بۆ شـتی نوێ. سـتـایلی خۆشه‌ویستی و ڕۆمانسیه‌تی به جۆرێک له جۆره‌کان له مۆدێلی کۆمه‌ڵگای (گوند) یان حاڵه‌تی (سه‌ره‌تایی) ده‌چێت. ئه‌مـــه‌یش بۆندێکی پتـــه‌وی بۆ یه‌ککگرتوویی ئه‌ندامانی خێـزان و کـۆمه‌ڵگا هه‌یه. ئه‌م کۆمـه‌ڵگایه هه‌رچه‌نده تێکهـه‌ڵکێشـه به ئه‌تمۆسـفێـرێکی مـۆدێرن، ته‌نانه‌ت وه‌ک له ده‌ره‌وه‌ڕا لیبرال کرابێت وایه، هه‌رچه‌نده شـتێکی زۆر خه‌ڵه‌تێنه‌ره، به‌ڵام به هه‌مـان شـێوه مـرۆڤ ده‌توانێت هیوای پێی هه‌بێت، هه‌ڵگری شتێکی دووفاقه له‌ناو خـۆیدا. کـه ده‌ڵێین واقیـعی ئێـمـه له پێوه‌ندییـه ئیرۆتیکییه‌که‌یدا گه‌مه ناکات، دیاره مه‌به‌ستمانه بڵێین بۆ ته‌واوی هه‌مـووانه و پرۆسـه‌یه‌ی ژیان و بوون له‌خـۆی ده‌گرێت، نه‌ک وتنێک ته‌ماشاکردنێکی تایبه‌تگه‌رایانه به‌رهه‌م بهێنێت- کاتێک ئه‌و واقیعه کار له‌سه‌ر ئاکامی هونه‌ری پێکه‌وه‌یی (نه‌ک پێکه‌وه‌یی کۆلێکتڤی ئایینی و ته‌قلیدی).

پیاو-تاق و ته‌نیایی، پیاو- ڕادیکاڵیزمی جیهانبینی خودایی کۆنسێپتی مۆنۆسیزم ده‌نووسێت له‌ناو جیهاندا یان سـتـایلی پیـاوانه‌یه له ده‌ره‌وه‌وه و ناوه‌وه‌شـدا. ئه‌و گه‌مه‌یه ده‌کات، ئه‌مه‌یش بێ گومان گه‌مه‌ی سیاسه‌تێکی (خودا)یانه‌یه، بنچینه‌کانی له‌نێو ئایندا خۆی ده‌بینێته‌وه و هه‌ڵگری نۆرمێکی گه‌ردوونیشـه. دوایی له شـوێن و بابه‌ته‌کانی تردا ده‌گه‌ڕێمه‌وه سه‌ر ئه‌م خاڵه، لێره‌دا به‌م واتایه‌ی سـه‌ره‌وه‌مـان بێت، له فـه‌زای کـۆمـه‌ڵگای پیاوانه‌یی کۆلێکتڤ ئایینیدا، ته‌نیا- ژن- ناگرێته‌وه، به‌ڵکو ڕووبه‌رێکی گشتیمان مه‌به‌سته له ژیان و بوون بۆ به‌شـداریبـوون له‌ناویدا، واته خـودی پیـاوه‌کـانیش ده‌گرێته‌وه. بێگومان ئه‌م کایانه هه‌موویان ده‌گرێته‌وه له ئاست به‌شداربووندا بۆ سته‌مکاری و ڕێگا خۆش کردنیش بۆ هیچ نه‌گوتن و دامه‌زراندنی ئیمپراتۆریه‌تی بێده‌نگی، تاکـو ئه‌و کـاته‌ی له‌نێـو کۆمـه‌ڵگایه‌کـدابین، شـته‌کـان ڕووبه‌ڕووی هه‌موومان ده‌بێته‌وه و له‌گه‌ڵ هه‌موو یه‌که‌کاندا مامه‌ڵه ده‌کات وه‌ک ژن بین یان پیاوبین.

تاکـو تراژیدیا و کـاره‌سـاته‌کـانی (ژن)ان پابه‌ندبن به پیاوه‌کانه‌وه کۆمه‌ڵگاوه، واته تاکو ئه‌وکاته‌یش پیاوه‌کان مـامـه‌ڵه‌یان له‌گـه‌ڵ کـۆبله‌بوونی خـۆیاندا نه‌کـردووه بۆ پرنسـیـپـه‌کـانی جیـهـانبـینیـیـه‌ک له ده‌ره‌وه‌ی خـۆیاندا، ئه‌مه‌یش ئه‌و جیهانبینییه کۆنه‌پارێزه‌یه بۆ خۆ دۆزینه‌وه‌ی مرۆڤ له پیاوبوونیدا نه‌ک له‌مرۆڤبوونیدا، له هه‌لومه‌رجی شـــوناســـێکی ڕه‌قـــوته‌قـــدا، نه‌ک نه‌رمـــونیـــانی و جیـاوازیبـوونیـدا. واته سـروشـتی مـرۆڤ وه‌ک پیـاو ده‌بیندرێت و ڕامانی له‌سه‌ر ده‌کرێت، نه‌ک وه‌ک سروشتی ناپیاوانه، هیچ گومان نییه له‌نێو سروشتدا پیاوه‌کان و ژنه‌کان هه‌ن، به‌ڵام له‌نێو سروشتی مرۆڤدا وه‌ک (مرۆڤ) ئایا ئه‌وه‌ی پیاو ده‌کات به مرۆڤ و ژن ناکات به مرۆڤی ته‌واو چییه؟ ئه‌مه مه‌گه‌ر ته‌نیا مێژووی تاقانه‌یی عورف و دابونه‌ریت و کـۆده‌کانی ئایینه مـۆنۆسیـزمـه‌کان وه‌ڵامی بده‌نه‌وه، یان ئیـفـلاتوونیـزم و ئه‌ریسـتـۆییـزم و دواییش ڕه‌گه‌زپه‌رستی و سێکسیزم.

باشترین نموونه‌ی فیکری مرۆڤایه‌تی له‌نێو فه‌لسه‌فه و

ئەدەبیاتی یۆنانیدا (هیسۆید، ئیفلاتوون و ئەریستۆ)یە کە سروشتی پیاو بە سروشتی مرۆڤ دەشوبهێنن، تەنانەت ژن دەخەنە پاڵ کۆیلە و رەنگە لەدواییدا بگەڕێینەوە سەر ئەم باسەیش لە شوێنی تردا. بۆ نموونە ئەرستۆ «کە قوتابی ئیفلاتوون بوو لە ئەکادیمییەکەدا، وای بیرکردەوە کە ژن بە جۆرێک لە جۆرەکان ناکامڵن (پرۆژەیەکن تەواو نەکراون)، جۆرێکن لە پیاوی تەواو نەبوو، لەبەرئەوە بیری وابوو کە بێهوودە و بێ سوودە فێری بکەیت و خوێندەواری بکەیت؛ تەنانەت خوێندەواری کاریگەریی بۆ سەر منداڵەکانیشی نابێت، لەکاتێکدا کاراکتەری (پاشماوەیی) دەگەڕێتەوە بۆ سپێرمی پیاو» (١٣) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، کاریگەرێکی زۆری لەسەر بونیادی بیرکردنەوەی (سەینت ئۆگەستین) لە دیدە ئایینییە مەسیحیانەکەیەوە هەیە، کە خودا مەسیح، قەشە، رەبەنن و تەنیا ئەوان هەڵگری حەقیقەتی ناوەوەن و ژنان بە هەمان شێوە ئەرستۆییەکە، مۆتەکامیل نین. تەنانەت فەیلەسوفێکی رۆشنگەری وەک جان جاک رۆسۆ بەڵگەیە بۆ ئەوەی هێز و تەقەللای عەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ لە سروشتی پیاودا دەبینێتەوە نەک ژن. باکگراوندی کاریگەرییەکەی لە ئیفلاتوون و ئەرستۆوە بۆ ماوەتەوە، بۆ نموونە حاڵەتی ژنێک کە شووی کردبێت لەلایەن جولیاوە کلێر بەم شێوەیە پێناسە دەکات «ژنێکی بەفەزیلەت تەنیا موستەحەقی ئەوە نییە رێزی مێردەکەی بگرێت، بەڵکو دەبێت بە دەستیشی بهێنێت؛ ئەگەر مێردەکە گلەیی لێ بکات، ئەوە موستەحەقی گلەییە؛ خۆ ئەگەر کردارێکی بەریئانە بنوێنێت، ئەوە بە زۆرترین کات لەتاوانەکەیدا بناسرێتەوە ئەوە تاوانبارە، تەنانەت پاراستنی دەرکەوتنی خۆیشی بەشێک لە ئەرکەکانێتی» (١٤) هەروەها رۆسۆ لە کتێبی ئەمیلدا لە ئاست جیاوازی منداڵی کوڕ و کچدا دەڵێت: دەبێت لەمنداڵییەوە رێگایان لێبگیرێت، چونکە تاکو ژیانیان هەیە دەبن بە بابەتی گەورەترین و بەردەوامترین رێگا لێگرتن، ئەوە بەدروستییە: یەکێک دەبێت لە سەرەتاوە ئەو رێگرییەیان بەسەردا بسەپێنێت، چونکە دوایی بەهیچ شێوەیەک گران و نالەبار نابێت بۆیان، بەو شێوەیە دەتوانێت رەوایەتی هەموو فەنتازیاکانیان بکەیت و ئامادەباشیان دەبیت لەپێناوی کەسانی تردا.. ئەم خووە رێگە لێگرتنە بۆ ژنان دەبێت بەهێمنی بکرێت، چونکە پێویستیان پێی دەبێت لە هەموو ژیانیاندا، جا لەبەرئەوەیە هەمیشە دەبێت بن بە رەعیەتی پیاوان یان لەژێر جەجمێنتالیتی (بریاردانی) پیاواندا بن و بەهیچ شێوەیەک کە هەرگیز رێگایان پێ نەدرێت خۆیان لەسەروو ئەو بریارانەدا ببیننەوە(١٥) چونکە بەو شێوەیە دێتە پێش چاو کە هەموو ئەو کۆنسێپتی پێوەندییەی «نێوان ژن و پیاو لەلای رۆسۆ لەوێوە چەکەرەی دەرکردووە کە ترسێکی گەورەی لە ئازادبوون هەبووە، تەنیا لە مەڕ ئەو کەسەی کە کۆنترۆڵ دەکات، لەسەروو هەموویانەوە، ژن و مێرد دەبێت لەسەر باوەڕپێکردن بە یەکتری کاربکەن، کە ئەمە شتێکە لەلای رۆسۆ نابێتە جێگای رامان» (١٦)

بێگومان کۆی ئایدیۆلۆجیستەکان بە تێکڕای نهێنی و کۆد و شەرعییەتەکانیانەوە، ترسێکی گەورەیان لە دنیای ئازادی و لیبرالیزم هەیە و دەبێتەوە، لە هەموو کات و سەردەمەکاندا. ئێمە کاتێک باس لەمە دەکەین، دیارە لەنێو کۆمەڵی کوردیدا تاکو ئێستاکەیش نەگەیشتووینەتە ئاستی گەیشتن بەو باوەڕپێکردنە بە ئازادی و جێگەی متمانەکردن بەوانی تر، رەنگە بەتایبەتی مەبەستمان لەوانەیش بێت کە خۆیان بەجۆرێک لە جۆرەکان بە کەسانی سادە و عەوامیش نازانن. بەهەرحاڵ ئەمە لە کات و سەردەمی تردا وتراوە و رامانی لەسەر کراوە، بەڵام گرنگە بۆ ئاماژەپێدان بەفیکر و فەلسەفەی ئەخلاقییەکانیش لە کۆنتێکستە سیاسیەکەیاندا بۆ دەوڵەت شار یاری دەکەن.

بۆ نموونە کۆمارەکەی ئیفلاتوون کە سەیرترین و جۆرترین کۆمار دەکەوێتەوە بۆ مرۆڤایەتی لە مێژووی فەلسەفەی سیاسیدا، جیهانبینە مەسیحییە توندەکەی هیگڵ و دواییش ئایندە زۆر تێکشکێنەرە ئایدۆلۆجییەکەی کارل مارکس لەبەردەم سروشتی مرۆڤایەتیدا وەک ئۆبجێکتی ئایدیۆلۆجی هاوتا دەکاتەوە، بەڵام باکگراوندی ئەو وتنانە بۆ خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ئوسوڵیەتە فەلسەفییەی خودی ئیفلاتوون و ئەرستۆ، چونکە رۆسۆ کاتێک لە دەست ئازادی و کردنەوەی پانتایی شوێن لە شاردا بێچارە دەبێت، بانگەوازی (گەڕانەوە بۆ سروشت) دەکات،

ئەمەیش گەڕانەوەیە بۆ ناو دۆخی ڕاستەقینەیی مرۆڤ بەلای ئەوەوە، لێرەدا سروشت بەو مانایەی ئەو مەبەستێتی تەنیا قەبیلە و ژیانێکی دیار و بە عەزیەتیشە، گەڕانەوە بۆ سروشت، بەهیچ جۆرێک چارەسەرکردن نییە، جگە لە ڕاکردن لە چارەسەرکردن و دواییش گەڕانەوە بۆ ئوسولێت و سەلەفیەت و نۆستۆلجیا بۆ ڕابردوو. بە کورتی لەبەرئەوەی سروشتی ژنان بەو شێوەیە پێویست دەکات بن بەبابەتی چاودێری کردن و ئەوامری پیاوان، چونکە بۆ خۆیان ناتوانن ئەو کارە بکەن و لە تەواوی کایەکانی کۆنترۆڵکردندا لاوازن پێمان وایە تاکو ئەم چرکەساتەی ئێستاکەیش، کۆمەڵی کوردەواری لەو جۆرە ئەتمۆسفێرەدا دەژی و بەردەوامە. بۆ نموونە ئیفلاتوون لە کتێبی یاساکاندا بەشێوەیەکی «لا معقولانە» دەڵێت «ژن و پیاو نابێت بەدوای ئەو ڕێگایەدا (تەراتێنەدا- Pursuits) بڕۆن لەگەڵ موقابیل و لەگەڵ هەموو هێزیاندا»(١٧) هەر ئەمەیە کە لە کۆماردا، ئیفلاتوون (سروشتی مرۆڤ) جیا دەکاتەوە بەسەر دوو بەشدا و پێمان دەڵێت: لە دوو جۆر بوون، کە ڕەگەزی سوپێرێر (ڕەگەزی بالا) لێرە و لەوێ ناودەبرێت بە پیاو «ئەفراندنی ئۆریجینال (تەکوینی ڕاستەقینەی بوون) تەنیا لەپیاو پێکهاتووە»(١٨) و ڕیشەی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی شاعیری بەنێوبانگی گریکی هیسۆید بەسەر ئیفلاتوونەوە. لەکاتێکیشدا ئیفلاتوون تەواوی شاعیر و هونەرمەند و سۆفیستەکان لەکۆمارەکەیدا دەردەکات. بەمانایەکی تریش ئەم جیاکردنەوەیەی (بەهێز و لاواز) یان (بەنرخ و بێ نرخ) یان (عەقڵ و بێ عەقڵ) (نەرم و ماسوولکاوی) لە خودی گەڕان و خەیاڵدانی مرۆڤایەتی کەم دەکاتەوە. هێزی یان سەرچاوەی فەمینین تەنیا لە بونیادی ژندا نابێت ببینرێتەوە و بەرجەستە بکرێتەوە. ئەم فەمینیییەیە دەبێت کاریگەریی خۆی بەسەر بوون و ژیانەوە بەجێ بهێڵێت، ئەگینا ئیرۆس بۆ ژیان کەم دەبێتەوە و هێزی خۆشەویستنی ژیان و مرۆڤایەتی و جیهان بێ نرخ دەبێت. لێرەدا مایەی بیرکەوتنەوەیە کە ئاماژە بەبیرۆکەی ئیرۆس بدەین لەلای ئیفلاتوون، بۆ نموونە وردترین کەس لەسەر ئیفلاتوون و سوکرات نووسیبێتی ڕەنگە گرێگۆری ڤلاستۆس بێت، ئەو دەڵێت «جیهانبینی ئیفلاتوون بۆ خۆشەویستی وەک لێدانی شەقامێکە بۆ خۆشی (تەسلیە/ Pleasure) فەلسەفیانە. (Philosophic joy.) کە بە هەموو شێوەیەک داغڵ نەکردنی ژنە تیایدا»(١٩) بە کورتی ئەمە (کۆمەڵگایەک) نییە، بۆ نموونە وەک ئەوەی والتەربنجامین خەونی پێوە دەبینێت و لە فەزای خەیاڵ و نووسینیدا دەیەوێت پێشکەشی بکات. ئەو نەک هەر لە ڕێگای زمانە فرە چڕەکەیەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە، کە بوونی بلیمەت لەناو کۆمەڵگایەکە لەناو بوونێکی فەمینیندا، ئەمەیش بەو دەربڕینە زۆر چڕە ئەدەبییەی، کە ڕاستی ئەو فەمینینە بۆ خۆی سێکسوالیتیکردنی کۆمەڵگایە کە بۆ ڕۆشنبیربوونی و کردنی بە جیهانەوە، وەک لەسەرەوە هاتووە، نەهۆ سێکسوالیتەیە بۆ ڕۆشنبیربوون، دیارە لەبەردەم کایەی بەرهەمهێناندا بەرجەستەیە، ئەویش لەناو بوونێکی فەمینیندا ئاکام وەردەگرێت، بۆ بەرهەمی دروستبوونی بلیمەت. ئەو جۆرە ئیفلاتوونیزمەی لەناو سەنتەرێکی تایبەتی ئەخلاقییەوە لە کۆمەڵگا دەڕوانێت، ڕاستە لەسەر ڕەهەندەکانی خۆشەویستی بۆ (حیکمەت و فەلسەفە) دەگیرسێتەوە، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو بیرکردنەوەیە بەرگریکردنە لە سیستەمێک لە عەقڵ لە هەستە ئیسۆتریکییەکەیدا بۆ خۆی (دۆزینەوەی خودا)، کە دواجار فۆرمێکی پیاوانەیی پەتریاک وەردەگرێت و بەرهەم دەهێنێتەوە، نەک لە هەستە فەمینینەکەیدا بۆ بوون و دنیا، بەڵکو لە کۆنتێکستە زۆر تۆتالیتارەکەیدا بۆ بوون و دنیا. بۆ نموونە ئەگەر ئیفلاتوون تەواوی شتەکان لە ئۆنتۆلۆجیاوە ببینێت وەکو خۆی، ئەوە والتەر بەنجامین زۆر جەخت لە کایەی (لاشە- ڕوخسار- شوێن) دەکات، کە لەناو ئەم کایەیەدا، ئەوەی کاریگەری تەواو بەدەست دێنێت، بوونی ڕوخسار و لاشەکانە وەک ئەوەی هەن، نەک بوونی جەوهەر و کایە ناوەکییەکان، ئەمەیش بە دیالەکتیکی ڕوخسار ئیمیج ناو دەبات. بە هەرحاڵ، مایەی بیرکەوتنەوەیە لە ئەدەبیاتی کوردیشماندا و زۆر بە تایبەتی لە هەشتاکاندا، چیرۆکەکانی چیرۆکنووس شێرزاد حەسەن بەرەخنەی توندن لە بونیادی کۆمەڵگای تەقلیدی و باوکسالاری و شەڕێکی گەورەی نوێگەریشن لەبەردەم چەمکی یاخیبوون و ڕاپەڕیندا. ڕەنگە

(حەسار)ی بەرهەمی شێرزاد حەسەن لەم مەیدانەدا دیارترینیان بێت. حەسار کاراکتەرەکانی چۆن نمایش بکەن و چۆن دروست کرابن، دیارە ئەمەیان باسێکی ترە، تایبەتی کاریگەرێتی جیهانبینی فرۆیدیزم بەسەرییەوە.

وەک کاک ڕێبین هەردی لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت «لای ئێمە کێشەی چیرۆکی شێرزاد حەسەن، کێشەی تاکەکەسێک نییە، بەڵکو بەرئەنجامی سەرجەم پێوەندییەکانی ڕۆشنبیرییەک و ئاستە پەروەردەییەکانێتی» (٢٠) باسکردن لەو پانتاییەی بۆ ستەمکاری خۆش کراوە لەناو کۆمەڵگای یەکگرتوو و باوکدا، جێگای ڕەخنەی توندە لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا. ستەمکارییەک لەناو کۆمەڵگای باوکسالاریدا سیاسەتی سێکسوالیتە ڕابەری دەکات. شایانی بیرکەوتنەوەیە لەبەردەم مامەڵەکردنی بابەتگەلی بەم شێوە، چونکە ئیفلاتوون بەرگری لە کۆمەڵگای پیاوان دەکات، بە بەهانەی ئەوەی عەشقی پیاوان بۆ فەلسەفە و ژنان و منداڵانیش پەراوێز دەکرێن و چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن-یش مامەڵەیەکی سەرسەختە لەبەردەم جیهانبینی سیستەمی چەوسێنەری پەتریارکیانەدا، سیستەمی تاقانەیی ناو خێزان و کۆمەڵگا. ئەوەی گرنگی هەیە وێناکردنی ئەو واقیعەیە لە هەستە ستەمکارەکەیدا، بەدوای ئەوەدا وردەکاری ئەرکی لێکۆڵینەوەیە بە ئاستە جیاوازەکانیدا بنیشێتە سەر فیلدەکانی تری، بەزانست و کارکردنی میتۆدی. ئەگەر وێناکردنی ئەو واقیعە لە هەستە ئۆتۆرۆتیەکەیدا هەمیشە قوربانییەکانی خۆی بوێت، ئەوە ئەرکی مۆراڵی ئێمەی مرۆڤ، دۆزینەوەی شتە شاردراوەکان و تەنانەت دزراوەکانی خۆمانە وەکو کاراکتەر، دیارە مەبەستم لە ونبوون و بەجێهێشتنی بەشەکانی کەسایەتی خۆمانە لەناو خودی ئەو سیستەمەدا/ ئەو شوێنەدا/ جیهاندا. دەمەوێت بڵێم نەبینین و بەرجەستە نەکردنەوەی دیوەکانی (فەمینین) لە ژیانی کۆمەڵگای ئێمەدا، بۆ خۆی سەنترالێتیرن کاراکتەرە بۆ پەرەپێدان و درێژەپێدانی ستەمکاری و پەتریارکیەت لە ئاستە پیاوانە/ فالۆسێنترۆمەکەیەوە. دەڵێم، ڕەنگە بوون و چەمکی فەمینین بۆ مرۆڤی کورد لەم واقیعەدا گرنگی خۆی هەبێت و وەکو یەک (ژن و پیاو)، گرنگی بەو مەبەستەی بتوانن لایەنەکانی خۆیانی پێ بدۆزنەوە، چونکە نەک هەر پێکەوە لەناو یەک کۆمەڵگادا دەژین، بەڵکو کاراکتەری مرۆڤ، لە گەڕانێکی هارمۆنیدا پابەندی خۆی هەیە بەشێوازەکانی خۆیەوە، بەمەیش چەمکی فەمینین بێ ئەندازە گەمەی خۆی لەنێو گەردوون و جیهاندا دەکات. ژیان بەشێوە سروشتییەکەی کە هەمیشە لەگۆڕان و وەرچەرخاندایە، هەمیشە بەدیوە فەمینینەکەیدا دەسەلمێت، چونکە بەرهەمهێنانەوەیە، واتە بەجۆرێک لەجۆرەکان نووسینەوەیە. ڕەنگە ونبوونی چەمکی فەمینین لەلای (پیاو)ی کورد بۆ خۆی ونبوونی ئەو ڕەهەندانەش بێت کە بەرامبەر ئەوی تر کار لەسەر کردنەوەی شوناس بکات. ڕەنگە ونبوون و نەبینینی فەمینین لەلای پیاوی کورد، بۆ خۆی نەبوون و هەست نەکردنیش بێت بە جیهانبینی هونەری و ئاگاداری ژیاری و کولتووری بەگشتی. هەست کردن بە هونەرییبوونیشمان لە ئاست سروشت و بوون و جیهاندا، بێگومان هەستکردنمانە بە زیندوویێتی مرۆڤایەتیمان لەناو کۆی کایەکانی ژیاندا، ئەمەیش هەرگیز لە دەرەوەی هەستەکانی فەمینیندا نییە. مرۆڤ لەناو کولتوورەکەیدا بوونەوەرێکی هونەرییە، نووسین و هونەر و دراما و گۆرانی وتن بەڵگەن بۆ ئەم حەقیقەتە. لە بوونیدا کاریگەریی خۆی بەجیهانەوە بەجێ دەهێڵێت و کەم و زۆریش لە دەرەوەی ئەم کاریگەرییەدا ناتوانێت بژی، لەبەر ئەم هۆیە زۆر گونجاوەیە لە گەردووندا مرۆڤ هەڵگی زمانە.


# مەلا محەمەدی سەدباری

عەبدولڕەقیب یووسف
(سلێمانی)

لە ڕێکەوتی١٩٨٨/٦/٢٤دا چووم بۆ کتێبخانەی بێکەس لە سلێمانی، برای نووسەر کاک غەریب مستەفا زێوەر بەمنی وت برادەرێک هەندێک ئەوراقی بەڵگەنامەیی بنەماڵەیی بە فۆتۆ کراوی تەسلیمی من کردووە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی بیانبینی و بیانکەی بە کەرستەی وتارێک لەبارەی (مێژووی ئەو بنەماڵە)یەوە. ئەوراقەکانم لێ وەرگرت و پاش تەماشاکردنیان نامەیەکم بۆ ئەو برادەرەم نووسی کە ناوی کاک (ئاوات ئەبوبەکر مەلا ئەحمەد مەلا محەمەدی سەدباری)یە و چەند پرسیارێکم لێ کرد و پاشان نامەیەکی دیکەشم بۆ نارد ئەویش بە دوو نامە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە و زانیارییەکی باشی بۆم نووسیبوو، پاش دە مانگێک ئەوجا یەکترمان لە چاپخانەی کاک عومەر شەریف محەمەد ئەمین هەورامی (چاپخانەی شەعب) دیت، تەماشام کرد لاوێکی هوشیارە و بە دوای ئەوراق و کتێبە دەستنووسەکانی ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێ و مەراقیەتی شتێکیان لێ بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی زۆربان لەلایان نەماوە و لە دەست دراون. خۆزگە هەموو کەسێک وەها دڵسۆزبایە بۆ سامانی کەلەپووری بنەماڵەی خۆی و نرخی زانیبایە و هەوڵی کۆکردنەوە و زیندوو کردنەوەی دابایە. مامۆستا ئاوات نووسیویە و دەڵێ: مەلا محەمەدی سەدباری (محەمەد ئیبن ئەلحاج) کوڕی مەلا ئەبوبەکری کوڕی مەحموود بەگی نێزەڕۆیە لە دەوروبەری ساڵی (١٨١٧ز)دا لە دێی سەدباری ناوچەی (بانە) لە دایک بووە، باووباپیری هەر مەلای چاک بوون. مەلا محەمەد لە چەندین شارودێهاتی کوردستاندا لە خۆرهەڵات و باشوور خوێندوویەتی، هەروەها لە (مزگەوتی گەورە) لە سلێمانی خوێندوویەتی و لە لای

(کاک ئەحمەدی شێخ) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و مەلا ئەبوبەکری باوکیشی لەلای مەلای کارامە و زیرەکی ئەو ناوچەیە خوێندوویەتی و لە شاری (بانە) ژنی هێناوە کە ناوی (سەعدیە) بووە و دوو کوڕی لێ هەبووە. (محەمەد و مستەفا).

مامۆستا ئاوات دوو سێ کتێبی دەستنووسی بنەماڵەکەیشی بۆ هێنام تا لەم بارەیەوە سوودیان لێ وەربگرم. یەکێک لەوانە (مجموعه)یەکە، واتە چەند کتێبێک پێکەوە نووسراون کە دە کتێبە وەک کتێبی مەهدی نامە (مهدینامە) کە لە ساڵی ١٢٥٣ کۆچی (١٨٣٨-١٨٣٩ز)دا نووسراوە و لەلای تەهای کوڕی ئەحمەدی دانیشتووی کۆیسنجاقە و (٣١٠) بەیتە شیعری کوردییە وەک بەم شێوەیەی کە لە کۆتاییەکەیدا نووسیویە: «تمت هذا الكتاب اعني مهدي نامه لابن الحاج لاجل فقي ابو بكر غفر الله لكاتبه و لناظره.. في سنة ١٢٥٤» لەبەر ئەوەی ئەم (مجموعه) دەستنووسە کە قەبارەی (١٥/٥ × ١٢/٥)سم و زۆربەی بە خەتی تەهایە هی بنەماڵەی سەدبارە و مەلا محەمەدیش کتێبی (ألف صلوات)ی بە خەتی خۆی نووسیوە لە ساڵی ١٣٠٣ک (١٨٨٥- ١٨٨٦ز)دا، هەروەها ناوی «حاجی الحرمين حاج أبو بكر بانی»شی تێدا هاتووە لە لاپەڕەی سێیەمدا لە کۆتاییەکەی- ئیتر دەتوانین بڵێین فەقێ ئەبوبەکر باوکی مەلا محەمەد کە ئەو ساڵە لە شاری کۆیسنجاق دەیخوێند دوور نییە، پاشان ئەوێی بەجێ هێلابێ و هاتبێتە گوندی (سیتەک) لە باکووری سلێمانی، چونکە لەسەر تەنیشتی لاپەڕەیەک ناوی «حسين الحسيني السيتكي» هاتووە و لەژێر پەرەگرافێکدا نووسیویەتی لە ساڵی ١٢٥٥ کۆچیدا کە پێش دەچێ مەلابێ، نەک فەقێ. دوور نییە ئەبوبەکری سەدباری لەو ساڵەدا لەلای (حسين الحسيني) لە سیتەکی خوێندبێ. جا ئەم مێژووە و نووسینی کۆتایی دانەی (مهدینامە) بۆ مەسەلەی مێژووی لەدایکبوونی مەلا محەمەد گرنگە، چونکە کە ئەبوبەکر لە (١٨٣٨- ١٨٣٩)دا فەقێ بووبێ زۆر بە دووری دەزانم بیست ساڵ لەوەوبەر خاوەن ژن و منداڵ بێ، ئەگەرچی هەندێک کەس بە گەورەییش چوونەتە بەر فەقێیاتی، لەبەرئەمە مێژووی ١٨١٧ز بۆ لە دایکبوونی مەلا محەمەد، من بەڕاستی نازانم. هەروەها ئەو مێژوو نووسینەی لە کۆتایی دانەی (مهدینامە)دا هاتووە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی



مەلا ئەحمەدی مەلا محەمەدی سەدباری

قەناعەت بکەم کە مەهدینامە لەدانانی محەمەد (ابن الحاج)ی سەنجوبییە کە لە ١١٧٦ک (١٧٦٢ز)دا دایناوە وەک لەم دانەیەدا بە نووسین و بە ژمارە ئەم مێژووەی دانانی هاتووە و هەروەها ناوی (ابن الحاج) لەلای تەهای کوڕی ئەحمەدی دانیشتووی کویسنجاقەوە نووسراوە و (ابن الحاج)یش لە ساڵی ١١٨٩ک (١٧٧٥- ١٧٧٦ز) کۆچی دوایی کردووە و مەهدینامە لە دانانی محەمەد، دووریش نییە کە مەلایەکی کوردی بەهائی بووبێ کە لەگەڵ (بهاءالله)ی دامەزرێنەری تایفەی بەهائی ماوەیەک لە ئەشکەوتێکی سەرگەڵوو (ئەشکەوتی بەهاوەدین) لە دەمی (دەربەندی دۆڵێ)دا ژیاوە(١) (ئەو ئەشکەوتەش پەرستگەیەکی (میترا)یی کۆنە، وەک پاشان لە چەند سەردانێکدا بۆم ئاشکرا بووە).

لە نووسراوەکانی ئەم بنەماڵەیە دەزانرێ کە بە ئەسڵ خەڵکی شاری (بانە)یە و لەوێوە چۆتە دێی سەدبار و لەوێ وانەیان وتووەتەوە و لەکاتی ئەوانەدا سەدبار خاوەن مەدرەسە بووە، هەروەها لە بەڕێزان مامۆستا عەبدولقادر دەباغی خەڵکی سەقز و مامۆستا مەلا محەمەدی مەلا شەلماشیم بیستووە کە مەلایانی بەتوانا لە سەدبار پەیدا بوونە و شەڵماشی وتیشی (تعليقات)ی (سەدباری)م لەسەر هەندێک دەستنووس دیوە، بەڵام نازانم ناوی ئەو (سەدباری)یە چی بووە. بەڕاستی چەند (تعليقات)ێکی بچووکی مەلا محەمەدی سەدباری لەسەر کتێبی (الجواهر النضيد في تلخيص قواعد التجويد)دا هەیە کە لە

دانانی شێخ مەعرووفی نودەهی وەک لە ل(٢ و ١٤)دا کە لەژێریان نووسیوە «ابن الحاج البـاني» یانی ئیبن ئەلحاجی بانەیی و هەروەها هەندێک (تعلیقات)ی دیکەش هەیە لەسەر کتێبێکی دیکە لە (تجوید)دا کە ئەم هەردوو کتێبە لەو (مجموعە)یەدا نووسراون. لە هەندێ لە تەعلیقەکانی دیکەیدا بە «بانی» و بە «ابن» یانی (ابن الحاج) ناوی خۆی لەم دوو کتێبەدا بردووە. گومان نییە مەلا محەمەد کە (ابن الحاج)ی بۆ خۆی کردووەتە نازناو، ئەوە لەبەر چاولێکردن و پیرۆزی کردن بە (ابن الحاج)ی گەورە (محەمەدی کوڕی حاجی حەسەنی سەنجوویی ئالانی) مامۆستای بێتووشی و شێخ مەعرووفی نودەهی، ئەوا مەلا محەمەد لە نامەیەکی خۆیدا وەهای نووسیوە «الداعي محمد ابن الحاج الساكن بصدبار» ئەم نامەیەشی بە فارسی بۆ مەلایەک نووسیوە. کە ئەحمەدی کوڕی ناردووەتە لای بۆ فەقێیاتی. بەداخەوە نە مێژوو و نە ناوی ئەو مەلایەی نەنووسیوە وەک عادەتی زۆربەی مەلا کوردەکان و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەمتر سوود لە نامەکانیان وەربگیرێ و لە نرخی بەڵگەنامەییان کەم بکاتەوە کە گومانی تێدا نییە ئەم نامانە بەشێکن لە کەلەپووری بەڵگەنامەیی کورد. لە بەڵگەنامەیەکی شەرعیدا دەزانرێ کە مەلا محەمەد ژنێکی هێناوە کە ناوی (شیرین) بووە و خوشکی فەقێ عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا عەبدولقادری هەورامی (بوردری) بووە، ئەم بەڵگەنامەیە بە مێژووی ١٣٢٧کۆچی (١٩٠٩ز)ە. مەلا محەمەد لە ژنی یەکەمی ئەم منداڵانەی بووە (فاتم و حەلیم و زارا و خەجێ و ئەحمەد- ئەحمەدیش ساڵی ١٨٩٢ز لە دایک بووە و بەناوی کاک ئەحمەدی شێخەوە ناونراوە، پاشان ژنێکی دیکەی هێناوە و کوڕێکی لێی بووە کە ناوی عەبدوڵڵا (مەلا عەبدوڵڵا بووە) کە لە دەوری ١٩٨٣دا کۆچی دوایی کردووە. لەبەر ئەم ژن هێنانەی، فەقێ ئەحمەدی کوڕی تووڕە بووە و کتێبەکانی باوکی هێناوە و هاتووەتە ناوچەی سلێمانی. مەلا محەمەد بۆ کتێبەکانی زۆر خەمبار بووە کە زانیویە کوڕی لە چ جێگایەکییە نامەی بۆ نووسیوە کە بگەڕێتەوە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە، ئەوجا نامەیەکی دیکەی بۆ نووسیوە و ئامۆژگاری کردووە کتێبەکانی نەفەوتێنێ، زۆر دڵی بەکتێبەکانەوە بووە.

مەلا محەمەد بەسەردان چووەتە گوندی (سارکێ) و لەوێ کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە، مەلا ئەحمەدی کوڕیشی لە چەندین دێ لەناوچەی شارباژێڕی باکووری سلێمانی مەلایەتی کردووە و مرۆڤێکی زۆر بەدین بووە و هەندێ شیعری کوردیشی هەیە و نازناوی شیعریی (غەریب)ە.

مەلا ئەحمەد نرخی سامانی دەستنووسی باو و باپیرانی زانیوە و پاراستوویەتی. وەک مامۆستا ئاوات نووسیویەتی پاش وەفات کردنی لە (١٩٧٦/١٢/٦)دا بە چەند هەفتەیەک مەلا مەحموود ئەحمەد محەمەد، واتە مەلا مەحموودی ئەمینی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی گەیشتە سەر کتێبەکانی مەلا ئەحمەد و کڕیویەتی کە زۆر شیعر و و نامە و نووسراوەکانی مەلا و پیاوە گەورەکان لە نێویاندا بووە وەک نامەی کاک ئەحمەدی شێخ، هەروەها شیعرەکانی مەلا محەمەدیش هەمووی ڕۆیی و بزربوو. شایانی باسە زۆرجار مەلایانی کوردستان ئەوراقەکانی بەڵگەنامەییان دەخستە نێو لاپەڕەی کتێبەکانیان بۆ هەڵگرتن و پاراستن و چارەنووسیان لەگەڵ کتێبەکان بووە.

کاک ئاوات دەڵێ: بە گەواهی چەند کەسێک کتێبخانەکەی بنەماڵەی سەدباری هێندە دەوڵەمەندبووە، دەنگی داوەتەوە، زۆربەی هەرە زۆری خۆی نووسیویەتییەوە، مەلا محەمەدی سەدباری (موریدی کاک ئەحمەدی شێخ بووە و زۆری خۆش ویستووە تا دەڵێن بۆ نوێژی جومعان لەسەدبارەوە دەهاتە سلێمانی تا لەگەڵ (کاک ئەحمەدی شێخ) نوێژی جومعە لە مزگەوتی گەورە بکات و ئەم قسەیەش لە ل٨٧ لە یادداشتی محێدین خضر چنارەییدا هاتووە کە ئەم یادداشتە ئێستا (١١٤) لاپەڕەی گەورەیە، بۆ یەکەم جار بە دەنگی ئەو تۆمارم کردووە. ئەوجا کاک ساماڵی کوڕی شریتەکانی نەقل کردووە بۆ سەر کاغەز و کاک محێدین دەستی ڕاستی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود بووە.

مەلا محەمەد خەت خۆش و شاعیریش بووە و لە سەدبار خاوەن مەدرەسە و فەقێ بووە و لەوێ وانەی وتووەتەوە و پیاوێکی زۆر بەدین بووە و لە (سارکێ) کۆچی دوایی کردووە. سەبارەت بە مێژووی کۆچ کردنییەوە زانیاریمان نییە، هێندە دەزانین تا سەرەتای مانگی (ڕەجەب)ی ١٣٣١ک (٨ شوباتی ١٩١٣ز) زیندوو بووە وەک لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی شەرعی دەزانرێ کە بەو مێژووەیە کە فەقێ عەبدولڕەحمانی مەلا عەبدولقادری بوردری حاجی مەلا محەمەدی بردووەتە

(مجلسی مرافعه) یانی مەحکەمەی شەرعی و شکایەتی لێ کـردووە (وەک جـاری پێـشـوو) وتوویەتی (٤٦) تومەنم لەلای حاجی مەلا محەمەدە، بەڵام مەحکەمە ئەمەی بەڕاست نەزانیوە و بڕیاری بۆ نەداوە. قازی، یان جێگری قازی (يحيى الحسيني) بووە و مۆریشی کە لەسەری نووسراوە «يحيى الـذي يموت» لەسەر ئەم بەڵگەنامەیەیە، بەڵام وشەی (قازی) لەم بەڵگەنامەیە و لەهی پێشووشدانییە.

لە ڕۆژی (١٩٨٩/١٢/٥)دا لە بەڕێز (مەحموود بەگی حەمەکەریم بەگی کانی هەرمێ»م پرسی وتی (يحيى الحسيني) قازی بانە بووە(٢) مەحموود بەگیش لە ساڵی (١٩٠٤) لە دایک بووە و بە ئەسڵ لە (بەگەکانی بانە)یە و زانیارییەکی زۆری هەیە لە بارەی (بانە)وە و لە شەڕی (ئاوباریک)ی شێخ مەحموودی نەمر لە (٥ی نیسانی ١٩٣١)دا، هەروەها لە کۆماری مەهابادیشدا بەشداری کردووە.

لەو ڕۆژەدا بۆ ماوەی دوو سەعات بیرەوەری ئەوم بە دەنگی تۆمارکرد و لە بارەی مەلا محەمەدی سەدبارەوەش پرسیارم لێ کرد، بەڵام شتێکی وای لێ نەزانی جگە لەوەی ناوی بیستووە کە پیاوێکی زانا و بەحورمەت بووە.

لەم بەڵگەنامەیەدا چوار جار ناوی «حاجی مەلا محەمەد» هاتووە کە دەزانرێ چووەتە حەجیش، بەڵام کە پێنج جار لە بەڵگەنامەیەکی ساڵی (١٣٢٧ک) ناوی هاتووە وشەی (حاج)ی لەگەڵی نەبووە، جا دوور نییە لەبەینی مێژووی دەرچوونی هەردوو بەڵگەنامەکاندا چووبێتە حەج. دوور نییە (محمد ابن الحاج صدباري) تا ١٣٣٢ک (١٩١٣-١٩١٤ز)یش هەر زیندوو بووبێ، چونکە ئەم مێژووە لە دامەنی شیعرێکی حەوت ماڵک (دێڕ)ەییدا نووسراوە و ئەم شیعرە فارسییەش بە خەتێکی گەورە نووسراوە لە ستایشی (شێخ حاجی سەید حوسێن)دا بە بۆنەی ئەوەی مزگەوتێکی ئاوا کردووە لە ساڵی ١٣٠٣ کۆچی (١٨٨٥- ١٨٨٦ز)، دوور نییە ئەو مێژووەی ٣٣٢(یانی ١٣٣٢) کە بە ژمارە نووسراوە، مێژووی نووسینی شیعرەکەبێ و هی مەلا محەمەدبێ و بەخەتی ئەویش بێ، هەروەها دوور نییە شێخ حاجی سەید حوسێن، خەلیفەیەکی شێخ سیراجەددین (عثمان)ی تەوێڵە بێ، چونکە ناوی تەریقەی نەقشی و «شاه عثمان مدد» لە شیعرەکەدا



**ئەشکەوتی باوەدین (بهاءالله) لە سەرگەڵوو**
**لەگەڵ پێنج کەس لە بەهائییەکانی بەغدا - ٢٠٠٥/٥/٢٧**

پاش ناوی شێخ حاجی سەید حوسێن هاتووە. پاشان کە پرسیارم بۆ بەڕێز مەحموود بەگی کانی هەرمێ نارد، وەڵامی دایەوە کە حاجی سەید حوسێن لەتایفەی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵە بووە لە (قەبەقلوجە). جا نازانین ئەو مزگەوتە هی سەدبار بووە، یان نا؟ ئەگەرچی بیری مرۆڤ بۆ مزگەوتی سەدبار دەچێ ئەو مزگەوتەی کە دوور نییە نامەیەکی (فرج الله خانی) بانە کە هەیەتی لە بارەی تەعمیر کردنیدا بێ (یانی پێویستی بە تەعمیرکردن)ە فرج الله خان ئەم نامە پڕ لە سۆزەی کە قەبارەی (١٦×١٢سم) بۆ پیاوێکی ئایینی نووسیوە و داوای لێ کردووە دوعای خێری بۆ بکا و پێی وتووە: من ناڵێم خوا نەخواستە (رعیت) طالبی زوڵم و زۆرداریبە، بەڵام ئەم قسەیەش بەخۆڕایی نەگوتراوە، هەروەها دەڵێ یەکەم جار وتم من مزگەوتەکە تەعمیر دەکەم، بەڵام قەبووڵت نەکرد و وتت دەبێ خەڵک (رعیت) خۆیان تەعمیری بکەن و ئێستاش دەڵێن تەعمیری ناکەین (ئیتر هەندێک لە دامەنی نامەکە کەوتووە).


مێژووی ئەم نامەیە و ئەم تەعمیرە، یان نۆژەن کردنەوەی مزگەوتەکە- دیار نییە، بەڵام دەزانین لە پێش ساڵی ١٣٢٥ک (١٩٠٧-١٩٠٨ز) نییە، چونکە ئەم

مێـژووەی (١٣٢٥) لەلای سەرووی مـۆری (فـرج الله) هەڵکەنراوە کـە لەسـەر تەنیـشـتی نامـەیەکـەیدایە و نووسینی مۆرەکەش وەهایە «الاسلام فرج الله».

زۆر پێ دەچێ ئەم نامەیە بۆ مەلا محەمەد سەدباری لە بارەی تەعـمیـر کردنی مزگـەوتی سەدبارەوە نووسرابێ. پاشان پرسیارم بەهۆی کاک ئەبوبەکر محەمـەد شەریف نارد کە دەستی نووسینی هەیە و کـاک شێرکـۆ کـەمـال حـەسەن کـانی هەرمێ بۆ بەڕێز مەحـمـوود بەگی کـانی هەرمێ مـەحـمـوود بەگ وتی (فـرج الله خـان) کـوڕی (فیض الله خـان) کوڕی لطف الله خـان کوڕی سلێمـان بەگی بچکۆلە) لە بەگەکانی بانە لەبەر ئەوەی مەحمـوود بەگ لە بەگەکانی بانەیە زانیاری زۆری لەم بارەوە هەیە.

## مۆری مەلا محەمەدی سەدباری

مـۆری مـەلا مـحـەمـەد لەسـەر سێ جـێگا هەیە لەو (مجموعە) دەستنووسەی باسمان کرد. مۆرەکە خڕە و تیـرەی (١٥ملم)ە ناوی (مـحـەمـەد) بە خـەتی (ثلث) لەناوەڕاسـتی نـووسـراوە و لە دەورەکـەشی نـاوەکـانی (اصحاب الکهف) بەشێوەیەکی جوان نووسراوە، بەمەش بە بیـرم هاتەوە کـە نەک جـارێک، بەڵکو چەند جـارێک



زانای خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بەمنی وت باپیرە گەورەم (شێخ محـەمەدی خاڵ) مۆرێکی زۆر جـوانی هەبـوو، ناوەکـەی و ناوی (اصـحـاب الکهف)ی لەسـەری هەڵکەنرابوو و مـۆرەکـە کـەوتووەتە لای خوالێخۆشـبوو شێخ مـحـەمـەدی مـەحـوی، ئەمـەشم لە ٢٩/٤/١٩٨٨دا بە دەنگی مامۆستا تۆمار کردووە.


## شیعرێکی مەلا محەمەدی سەدباری بە تێکەڵاوی لەگەڵ شیعرێکی مەولەوی

لە شیـعـرەکـەدا دەزانرێ کـە بە یەکـێک لە بەگـەکـانی (بانە)یدا هەڵگوتووە و بە (شابازی ئەوجی بورجی بانە) وەسـفی کـردووە، ئەوەش لە یەکـەمین دێڕیدا و لەگـەڵ شیعرەکەش نامەیەکی بەفارسی بۆ ئەو کەسە نووسیوە. بە تەنیـشـتی شیـعـرەکەوە یانی هەردووکی پێکەوە لەسـەر ڕووی پەڕەکاغـەزێکی ئەستووری سەوزی کاڵ بە قەبارەی (٢٢× ١٥سم) نووسـیـوە. لەنامـەکـەیدا ئەم پیـاوە بەسـەرکار (سرکار) یانی حوکم بەدەست وەسفی دەکا و لەژێر نامەکەی نووسیوە «الداعي محمد ابن الحاج» وابێ دەچێ شیـعـرەکـەی بۆ پیـرۆزبایی ئەو کـەسـە نووسـیبێ، چونکە نامەکە ئەم مـانایە دەبەخشێ، کە بە بۆنەی ئەوەوە نووسـیـویەتی کـە ئەو کـاربەدەسـتـە و کـارێکی خـێـری کـردووە، یان بڵـێین کـارێکی چاکی کـردووە کـە مـەلا محەمەد پێی دەڵێ (الحمدلله بە هیمەتی پیران تۆ نیوەی دینی خۆت قاییم کرد) و پێی دەڵێ: نیوەکەی دیکەش بە عیبادەتی خوا قاییم بکە و ئەگەر دەکرێ ڕۆژ و شەو دوو سـەعـات خـۆتان لە خـەڵک بەرکـەنار بکەن، یانی بۆ عیبادەت و خوێندنی قورئان و (دلائل الخیرات) تا ببێ شایانی عـەفـو و مـەغـفیـرەتی خوا و هەروەها دەڵی: بۆ پیـرۆزبایی (جهت مبـارکبـادی) یەک شـوشـە مرەکـەبی ستاری (لەگەڵ) پەڕی تاووس کە بە نیازی تەمەن درێژی و بەختەوەری سەرکار بەکارم هێنابوو بۆ تۆم ڕەوانە کرد).

گەرچی مێژوو لەسەر هیچیـان نییە، بەڵام زۆر پێ دەچێ مـەلا محـەمەد ئەو شیعـر و نامـەیەی بەر لەکاتی پیـری نووسیبێ، لەوکاتەیدا کە دەست و چاوی زۆر بە هێزبوون، چونکە هەندێک وشـە بەخـەتێکی زۆر ورد و باریک نووسراوە، بەشێوەیەک ئەگەر یەکێک چاو و دەستی زۆر بەهێـز نەبن، ناتوانێ وەها بنووسێ و ئەگـەر بە زەرەبین نـەبا هـەنـدێک لـەو وشـــــە بـاریـک وردانـەم بـۆ نەدەخـوێندرایەوە. سـەدباری لەپێش دەست کـردن بە

نووسینی شیعرەکەی نووسیویە «جناب عرض سلام را هدیە میدارم» و لەژێر ئەمەش نووسیویە «حمد». ئەوجا دەستی بە نووسینی شیعرەکەی کردووە، پاش شیعرەکەش نامەکەی نووسیوە.

زۆربەی ئەم شیعرەی لە مەولەوی وەرگرتووە، چونکە نۆ دێڕە شیعر هی مەولەوییە و چواری هی ئەوەی لەپێشدا وام دەزانی هەمووی هی (سەدباری)یە، بەڵام چاک بوو هەر دیسان لە نامەخانەی مامۆستا غەریب زێوەر، ڕاستی مامۆستا (مەلا محەمەد حەبیب سەعید) هاتم و پێم وت سەرم لەم شیعرە دەرناچێ، چونکە بە هەورامییە، وتی بیدە من، منیش وتم تۆ چی لێ دەزانی؟ یانی لەم زاراوەیە؟ کە دامە دەستی، دیتم وەک فاتیحەی کوێران بەسەردا چوو و زۆر شارەزایانە وتی ئەمە شیعری مەولەوییە و بۆی لێکدامەوە، وتم ئاخر چۆن بەم شێوە جوانە مانای لێک دەدرێتەوە؟ وتی ئەوە چوارساڵە من لە دیوانی مەولەوی دەکۆڵمەوە و زۆر ئومێدم پەیداکرد کە مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین کە پیاوێکی زانایە لەو لێکۆڵینەوەیدا سەرکەوتوو دەبێت و پێشتر من بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکیش شیعرەکەم دابووە مامۆستا (ڕەئووف ئالانی) بەڵام بۆی ساخ نەبووەوە، ئیتر مامۆستا (مەلا محەمەد ئەمین) هەموو شیعرەکەی مەولەوی بۆم نووسییەوە لەگەڵ مانای هەندێ لە وشەکانیش و منی لە هەڵەیەکی گەورە قوتارکرد. پاشان تەماشای کەشکۆڵی (نەجمەدین مەلا)م کرد کە لەلامەو لە ١٩٣٨/١/٥ تەواوی کردووە و پێشکەشی



خوالێخۆشبوو (مەحموود ئەفەندی) یانی مەحموود ئەحمەدی چیرۆکنووس و خەڵکی ڕەواندز و خۆشەویست و هاوڕێی خوالێخۆشبوو (شێخ لەتیفی شێخ مەحموود)ی مەزن کردووە و شیعرەکەم لە کەشکۆڵەکەمدا دیت.

دێڕە شیعری ١ و ٢ و ٩ هی مەلا محەمەدی سەدبارین، چونکە لە دەقی کەشکۆڵی نەجمەدین مەلادا و لە دیوانی مەولەوی بڵاوکراوەی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی بیارە)دا نەهاتوون. لە دێڕە شیعرەکانی مەولەویدا بەپێی نووسینی (سەدباری) جیاوازی لە هەندێک وشەدا هەیە، وەک چۆن جیاوازی لە هەندێک وشەدا لە بەینی دەقی کەشکۆڵەکە و دەقی بڵاوکراوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمیش بەپێی نووسینی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمینیش هەیە.

دیارە (سەدباری) زۆر ئەم شیعرەی مەولەوی شاعیری کوردی خەیاڵ وردی خۆش ویستووە و هەندێک لە دێڕەکانی وەرگرتووە و لەگەڵ چەند دێڕە شیعرێکی خۆی کردووەتە یەک شیعر و لەگەڵ نامەکەی خۆیدا بۆ ئەو بەگەی بانەی ناردووە.

مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین حەبیب نووسیویە ئەم شیعرەی مەولەوی کە بە (شایی مەولەوی) بەناوبانگە لە وەڵامی نامەیەکی (ئەحمەد بەگی کۆماسی)دا نووسیویە و بۆی ناردووە کە داوای لێ کردبوو لەگەڵی بچێتە سەر شاییەک، بەڵام مەولەوی ناچێ و لەباتی ئەوە ئەم شیعرە جوانەی بۆ دەنێرێ.

بەڕایی من (سەدبار)ی ئەم شیعر و نامەیەی بەر لە سەدەی بیستەمدا نووسیوە، کاک ئاوات ئەبوبەکر دەڵێ مەلا محەمەد زۆر شیعری هەبووە، بەڵام مەلا (مەحموود ئەحمەد) شیعرەکانی دەبێ لەگەڵ ئەو دەستنووسانە دابن کە بردوونی، یان بە پەرشوبڵاوی لەنێو لاپەڕەکانیاندا بووبن وەک باسمان کرد، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەندێک لە شیعرەکانیشی بدۆزینەوە لە یەکێک لەو نامە خانانەی دەستنووسەکانی پێ فرۆشتوون ئەوە زەحمەتە بزانرێت شیعری ئەون، چونکە بە دووری دەزانین ئەگەر ناوی خۆی لەسەر هەموو شیعرێکی خۆی نووسیبێ و ئەگەر هەندێک لەم چەند دانە نووسراوانەی ئیشارەتمان بۆ کردن- لەلای نەوەکانی نەبان، هەر نەماندەزانی هی ئەون.

ئەمەش ئەو شیعرەیە کە زۆربەی هی (مەولەوی)یە.

**شابازەکەی ئەوجی بورجەکەی (بانە)**
**موبارکت بو عەیشی زەمانە**
**موبارکت بو بەزمی شادی و شەوق**
**عشوە و گریشمە عەیشی کەیف و زەوق(٢)**
**دلالەت جۆشۆ چوون ڕوی ئازادی(٣)**
**گەرمەی گەرمی نەزم بەزم پڕ شادی**
**صەدای (لاو هەی لاو) زەڕەی زەڕ زنجیر**
**سلسل و باخی سەر بەند زری و لاگیر(٤)**
**زیلە و زایلەی زریکەی پویلە هەی**
**کەوان و دانوھ زەنگولە و لەربەی(٥)**
**خشپە و خشپی خاص تەپەی پەنجەو کەوش**
**عشوە و نەزاکەت گریشمەی بێ خەوش(٦)**
**شەوق و زەوق و بەرق فەرقی زەر کلاو**
**وەرشە و پرشەی چوی گوڵی بۆی گولاو(٧)**
**شاواش و شادی شەیدای شاوشان(٨)**
**خاشخاش کزەئی سوز درون خاشخاشان**
**پەری خاصەن سەیر مەهرِوان**
**پەری من دوری شێخان و پیران**
**شەقە و تەقەی گەرم و چەپلە و چیلەئی نەرم**
**چریکە وەناز زریکە وەشەرم(٩)**
**چ بەدبەختی بەخت چ بەدئیقبالێم**
**هەر جافر سەتەن من جاگە خاڵێم(١٠)**
**سەما و سەمالان رەمای نەوهالان**
**تەمای مەلالان نمای وەش خالان(١١)**
**یاوران یاران هەی دەردە داران**
**بەبدیکەرانی من سەنگە واران(١٢)**

**نامەی محەمەد بن ئەلحاجی سەدباری بۆ بەگی بانە**

داعیان پناها

اولا از حضرت رب جواد کریم مسئلت است کەوجودت ازگزند روزگار و مصایب لیل و نهار در حفظ و حمایت حضرت لطف پروردگار و همت سید مختار (صلی الله علیه وسلم) شوند این دعا ازما واز روح الأمین أمین باد بعد از عرض تحف سلام و دعا بهر گونه مرام معروض خدمت باسعادت میدارد له الحمد ازهمت پیران کبار موفق شدی نصف دین خودت حصار فرمودی خدا توفیق کرامت فرماید آن نصف دیگرش بطاعت و عبادت و قرائت مصحف و دلایل وصلوات و سایر اذکار بقلعهء محکم حصار صرف خواهند فرمود انشاءالله تعالی من بعد اوقات بضایع ندهند اگر امکان شود ازشب و روزی دو ساعتی خودتان از مردمان کنار گرفته شاید بحوله الله مستوجب عفو و مغفرت و رضوان الهی بشویم من نکردم، شما حذر بکنید مستوجبان حوریان بهشت کردیم یارب احسن عاقبتنا فی الامور کلها و أخرناس خزی الدنیا و عذاب الاخره و وفقنا علی طاعتک امین و اجتناب معصیتک یا معین جهت مبارکبادی یک شوشه مرکب ستاری پرطاوسی بەنیت دوام عمر و اقبال سرکار بعمل آورده بودم ارسال حضور کردید.

باقی بقایت ازخدا خواهانم و السلام علیکم و علی...

الداعی محمد ابن الحاج

فرمایند (باخیر) شوشهء دیگر (خاطر یات) مرسول فرموده (٢) کاشکی خاطر میبودیم مولود بیادی حضرت صلی الله علیه وسلم- با برکات ظاهر- میخواندیم(٣).

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی مامۆستا ئاوات ئەبو بەکر دەکەم بۆ یارمەتیدانی من. خۆزگە کەسانی وەک ئەو کە عاشقی مێژووی باو و باپیرانیەتی زۆربان، بەزەییشم پێدا دێتەوە کە لەگەڵ ئەو هەموو عیشقەی وەک پێویست دەستنووس و بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی ناکەوێتە دەستی چونکە فرۆشراوە و پەرش و بڵاوبووەوە و دوورنییە هەر هەندێکیشی بە تەواوی لەنێو چووبێ.

**نموونەی دەستخەتی مەلا ئەحمەدی سەدباری**

لەبەر ئەوەی کتێبە دەستنووسەکانی بنەماڵەی سەدباری و بەڵگەنامەکانیان فرۆشراوە ڕێگەیەک بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی شێوە دەستخەتەکانی زانایانی ئەم بنەماڵەیەیە نییە، چونکە زۆرجار بەهۆی ناسینەوەی دەستخەتەوە دەستنووس دەدۆزێتەوە، ئەمەش بەناسینەوەی شێوەی دەستخەتەوە. ئێمە شێوەی دەستخەتی مەلا محەمەدمان هێنا و ئێستا شێوەی دەستخەتی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدیش دەهێنین کە شیعرێکی شاعیری بەناوبانگ وەفایی (میرزا عەبدولرەحیمی سابڵاغی)یە کە لە سەفەری حەجدا ئەو شیعرەی لە ستایشی پێغەمبەردا بە کوردی وتووە. مەلا ئەحمەد لەسەری نووسیوە «وفای در زیارت حرمین» ناوی خۆشی هێناوە پاش تەواوبوونی شیعرەکە نووسیویەتی «تمت شد تحریر احمد ابن محمد اساکن صدباری». ئەم شیعرە لە دیوانی وەفاییدا نییە بە

لێکۆڵینەوە و بە چاپ گەیاندنی بەڕێز محەمەد عەلی قەرەداغی ساڵی ١٩٧٨.

لە بارەی سەفەرەکانی وەفایی بۆ حەج لە ساڵانی ١٨٩١ و ١٨٩٥-١٨٩٦ و ١٩٠٢دا تەماشای ئەم باسەمان بکەن (تحفة المريدين-ی وەفایی لە مەناقبی شێخ عەبدوڵڵای شەمزینیدا) کە لە گەلاوێژی نوێ ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩دا بلاوبووەتەوە، وەفاییش لە دوا سەفەریدا لە سەحرای شام وەفاتی کردووە.

**پەراوێز:**

(١) دانەیەکی دەستنووس لە (مەهدینامە)دا هەیە لەنامەخانەی ئەوقاف لە سلێمانی لەنێو کۆمەڵەیەکدا لەژێر ژمارەی ٢٢٥٩- ٢٢٦دا بە خەتی یەکێکە بەناوی (محەمەد دوریش) لە ساڵی ١٢٧٦کۆچی (١٨٥٩-١٨٦٠ز)، نووسیویە لە ئەشکەوتێک لە ئەشکەوتەکانی دێی (سەرگەڵوو)دا لە باکووری سلێمانی لەکۆتایی دانەکەیدا نووسیویە کە ئەو دانەری (مەهدینامە)یە، چونکە نووسیویە «كتبه ناظمه الحقير أقل من النقير و القطمير- الشهير بين الملأ الكثير بمحمد الدوريش الغرب في الغار الذي انار واستنار ببهاء العزلة وضياء الوحدة وصفاء الغربة من الدار والديار و الاحباب المبعثرة في الاقطار في سنة الف و مأتين و ستة و سبعين (١٢٧٦)».

هەروەها (محەمەد دوریش) هاتووە ئەو دێڕە شیعرەی کە دانەری ڕاستەقینەی مەهدینامە (ابن الحاج)ی کردووەتە مێژووی دانانی- گۆڕیویەتی، یانی گۆڕانکاریی تێخستووە. ئەسڵییەکە وەهایە وەک لە دانەی دەستخەتی تەهای کوڕی ئەحمەددا هاتووە لەم دێڕە شیعرەیدا:


(لتاريخ هفتاو شش × بعد ألف و مأتى)

یانی لە ساڵی هەزار و سەدو هەفتاو شەشدا مەهدینامەی داناوە، هەروەک مێژووەکە بەو ژمارەی لە تەنیشتی دێڕەکە وەها نووسراوە «١١٧٦ تصنيف كتاب مهدى نامه» هەروەها ئەم دێڕە لە (مەهدینامە)ی چاپکراویشدا هاتووە کە بەڕێز کاک (محەمەد عەلی قەرەداغی) چاپی کردووە بەناوی (ابن الحاج)ی سەنجوییەوە و لەبەر دوو دانە دەستنووسی مەهدینامەی ساغ کردووەتەوە، بەڵام (محەمەد دوریش) دێڕە شیعرەکەی بەم شێوەیە گۆڕیوە:

(لتاريخ هفتا و شش × بعد الف و دو مأتى)

یانی لە تاریخی هەزار و دووسەد و هەفتاو شەشدا دایناوە و لە تەنیشتیشی بە ژمارە نووسیویە (١٢٧٦). ئەم دانەیەش محەمەد دوریشی پێشکەشی شێخی سەرگەڵوو (شێخ کاکە مستەفا)ی کردووە.

لەو نووسینەی محەمەد دوریش دەزانرێ ئەو دانەی مەهدینامەی نووسیوە لەو ئەشکەوتەدا کە ڕووناکی بەخشیوە و ڕووناک بووە بە (بهاء العزلة) یانی بە (بهاء الله) دامەزرێنەری تایفەی (بەهائی). دیارە محەمەد دوریش مەلایەکی کوردی بەهائی بووە و ڕەفیقی بهاءالله (میرزا حوسێن عەلی میرزا عەباس مازندەرانی) بووە لەو ئەشکەوتی دێی سەرگەڵوودا کە بەهائوڵڵا لە ترسی دەوڵەتی عوسمانی خۆی لەوێ حەشاردابوو، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/٢٣ بچم بۆ دێی سەرگەڵوو لەگەڵ کاک دانا شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو ئەشکەوتەی کە ئێستا پێی دەڵێن (ئەشکەوتی بەهاوەددین) کە لەدەمی (دەربەندی دۆڵێ) دایە و ئەشکەوتێکی بچووکە و هەندێکیشی بەرزە دەکەوێتە هەنداوی پلەکانی دەمی دەربەندی دۆڵێ بەلای ڕۆژهەڵاتەوە و لە هەنداوی یەکەمین تاقگەی دەربەند کە پەرستگەیەکی کۆنی دینی (میترا)ییە، درێژی ئەشکەوتەکە (٣٣٨کم) و بە (٤٣٠سم) لە ڕێگایەوە



بەرزە و لەکاتێکی دیکەدا بەدرێژتر لەم بارەوە دەنووسین و بلاوی دەکەینەوە. ئەگەر لەوکاتەدا ئەشکەوتەکەم دەستنیشان نەکردبا بەهۆی خوالێخۆشبوو حاجی مەجیدی خولە هارەی سەرگەلوو و من لەسەرم نەنووسیبا ئێستا کەس نەیدەزانی ئەو ئەشکەوتە بووە کە (بهاءالله) خۆی تێدا حەشارداوە. ئەگەرچی سوپای سەدام هەندێ لە ئەشکەوتەکانی سەرگەلووی لە ۱۹۸۸دا تەقاندۆتەوە پاش لێدانی پێشمەرگە بە چەکی کیمیاوی، بەلام ئەم ئەشکەوتە هەر ماوە.

ئێستا پاش دیتنی ئەم دانەیەی مهدینامەی دەستخەتی (تەها) کە بە مێژووی ۱۲٥٤ بیرورام گۆڕا کە مهدینامە هی ئیبن ئەلحاجە، نەک محەمەد دوریش و لەسەر ئەم دانەیەش هەندێک (تصحیحات)ی هەیە کە لە تەنیشتیان ڕەمزی «مص» و «صە» یانی «مصنف» نووسراوە کە دەبێ پاشان نوسخەکە هەندێک یان هەمووی چاک کرابێ لەبەر نوسخەی (ئیبن ئەلحاج) خۆیدا کە ئەمەش شتێکی زۆر گرنگە وەک پێنج یان چوار لەو چاک کراوانە لە لاپەڕەی دووەمدا دەبیندرێ، ئەم چاک کراوانەش بەخەتی (عەبدولعەزیز ئەحمەد بیگ)ە کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا نووسیویە و دەبێ نوسخەی ئەسلی مهدینامە (نوسخەی ابن الحاج)ی دیبێ، یان ئەو چاک کراوانەی نەقل کردبێ لە دانەیەکی دیکە کە ئەویش لەبەر نوسخەی دانەرە. هەندێک چاک کراوی دیکەش هەن ڕەمزی (خ) لە تەنیشتیان نووسراوە مەبەست ئەوەیە کە ئەم چاک کراوانە لە نوسخەیەکی دیکەن لە غەیر نوسخەی دانەر (مصنف)(۲) ڕەنگە ئەم (یحیی)یە کوڕی سەید عەبدوللای کاژاوی بووبێ کە پاش وەفات کردنی شێخ محەمەدی برای لە بانە کە (یوونس خان) کردبوویانە مودەڕیس لە بانە یحیی ماوەیەک هەر لەوێ ماوە، بەلام پاشان هاتووەتە دێی چوێسە لەناوچەی پێنجوین لە ۱۳۲٥ک و لەوێ کۆچی دوایی کردووە. تەماشای ل٦۲۷ بکە لە (علماؤنا) هی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (پاش تەواوکردنی ئەم وتارەم کاک ئاوات ئەبوبەکر بۆ منی نووسیوە مەلا محەمەد دەورووبەری سالی گرانی واتە ۱۹۱٦-۱۹۱۷ وەفاتی کردووە وەک لە (زاراو)ی پرسیوە.

(۲) گریشمە: تیلەی چاو، ڕوانین بە لاچاو.

(۳) دەلالەت: میهرەبانی، ناسکی، نەزاکەت.

جۆشۆ: ئەجۆشێ، کولێ ئەدا (رو): ڕۆژ یانی ڕۆژی ئازادی یانی ڕۆژی جەژن کە ڕۆژی گەردەن ئازادییە. (نەزم) یانی (نظم).

(٤) سەدباری (بافی) نووسیوە. لە کەشکۆلی نەجمەدین مەلا (ل۳۱)دا وەها هاتووە:

«سلسلەو بان سەربەن دەرزی و لاگیر» مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین وەهای نووسیوە: «سلسلەو بانی سەر بەند زری و لاگیر»: سلسلە: خشلی سەدەی سەری ژنان. (بانی سەر) پێنج لیرەی کلاوی ئافرەتان. (بەندزری) هۆنراوەیەکی زیوە شەدەی پێ قایم دەکرێ. (لاگیر) لاگیرە.

(٥) لە کەشکۆلەکەدا نیوە دێڕی دوایی وەهایە: «کەوانەی دانەی زەنگولەی لەرەبەی» لە دەقی دیکەدا: «زیلەی زایەلەی زرنگە... کەوانەی دیانەی زەنگە و لەزەی بەی». «زایەلە» دەنگ (پۆبلە) ملوانکە (کەوانە) چەینە «دیانە» قولاب.

(٦) لە کەشکۆلەکەدا: «خشە و خشپەی خاص ترپەی... گورشمە» لە دەقی دیکەشدا وەهایە.

(۷) لە کەشکۆلدا: «وشە و پرشەی نم کولمی بون گولاو». لە دەقی دیکەدا «ورشە و پرشەی خوبی کولم بو گولاو». سەدباریشی «چوی» نووسیوە، بەلام لە هەمان کاتدا «خوی»شی نووسیوە، بەلام وشەکەی دووبارە نەکردووەتەوە یانی هەم سێ خال و هەم یەک لە ژێر و لەسەر شێوەی پیتی (ح)دا نووسیوە.

(۸) کەشکۆل: «شاباشی شادی شەیدای شاباشان» لە دەقی دیکەدا «شاباشی شادیی...». «خاشخاش» لەت بوو.

(۹) لە کەشکۆلدا: «... چەپلە و چرپەی نەرم... تریکە و شەرم» لەو دەقەی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین نووسیویەتی (دەقەی دیکە) «.... تریکەی وەشەرم».

(۱۰) لە کەشکۆلدا نەهاتووە، بەلام لە دەقەکەی دیکەیدا وەهایە:

«چە نەحسین تالە و چە بەد ئیقبالێم
هەرکو فرسەتەن من یاگە خالێم»

(۱۱) لە کەشکۆلدا: سەمای دەستمالان... نمای مەلالان نومای خوشحالان» لە دەقی دیکەدا: «سەمای دەسمالان... نەمای مەلالان نمای وەش خالان» (ڕەما) ڕاکردن (نەما) نەمان (نما) خۆ نواندن.

(۱۲) لە کەشکۆلدا نییە. دەقەی دیکەدا وەهایە:

«یاران یاوەران های دەردەداران × بەیدێ بکەردی من سەنگە باران».

(بەیدێ) بێن، وەرن، (بکەردی) بکەن. (سەنگە باران) بەردەباران.

ئەوەی شایانی باسە مانای وشەکان بە نووسینی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین حەبیب سەعید بوون.

(١٤) لێرەدا وشەیەکی بەوردی خستووەتە نێو نامەکە و بۆم نەخوێندرایەوە.

(١٥) ئەم عیبارەتەی زێدە کردووەتە سەرنامەکە و لەسەر قەراغەکەی سەرەوەی نووسیوە.

(١٦) ئەم عیبارەتەشی تێهەڵکێشی نامەکەی کردووە و هەردوو ڕستەی (صلی الله علیه وسلم)

و (بابرکات ظاهر) بە خەتێکی زۆر ورد و باریک لەژێر عبارەتەکەی: (کماشکی... تاد) نووسیبوو و ئێمەش هەردوو عبارەتەکەمان بەسەریەکەوە نووسی و لەنێوبەکدا و بە تێکەڵاوی، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەو جۆرە نووسینانەی پێشینان و ڕێکخستنیان بەشێوەی ئێستا - نابینم.

پێشینان ڕستە و عیبارەتی وەک حاشیە و (قەیدک) و ئیزافاتیان خستووەتە نێو نامە و نووسینەکانی خۆیان لە قەراغی لاپەڕەکان، یان لەبەینی هەردوو دێڕەکاندا، یان لە ژێر وشەکان، بەڵام زۆربەی جار بە مرەکەبی جیا، یان بە خەتێکی ورد و باریکتر کە ئەم ڕستە و عیبارەت و وشەکان ئەگەر تەواوکەری یەکتر بن و پێوەندی بەیەکترەوە هەبن، دەتوانین لە جێگای گونجاودا بە تێ هەڵکێش کردن بنووسین وەک ڕستەی «صلی الله علیه وسلم کە تێهەڵکێشی عیبارەت دەکەین و پاش ناوی «محەمەد»، یان «رسول الله»یان «حضرت» بنووسین.

ئەم ئیزافاتانە لە دامەنی دەقی ئەو نامە و نووسینانەدا دەبێ بنووسین نەک لە پەراوێزەکانماندا و پاشان لە پەراوێزەکانی خۆماندا ئیشارەتیان بۆ دەکەین کە چۆن نووسرابوون وەک ئێستا بەم شێوەیەم ڕێک خستووە.

هەروەها نووسیویەتی شەش مانگ مابوو مەلا محەمەد سەدباری پلەی شێخی بەرماڵی لەکاک ئەحمەدی شێخ وەرگرێ، بەڵام کاک ئەحمەدی شێخ وەفاتی کرد. ئەوەی شایانی باسە وەفاتی لە (١٣٠٥) کۆچیدا بووە. (١٨٨٧ - ١٨٨٨ز) هەروەها نووسیویەتی، (شیرین) پاش ڕۆیشتنی لەلای مەلا محەمەدەوە بووەتە مەلا و (خەتمە) خوێن و چەند ئافرەتێکی لەگەڵ بوون.

زیادکردنەکان (إضافات)

لەبەر ئەوەی ئەم وتارەم لە پێش ڕۆژی ١٩٨٩/٢/٢٧دا تەواو کردبوو و پاشان هەندێ زانیاری دیکە پەیدابووە، بۆیە بە باشی دەزانم لێرەدا بیاننووسم:

أ- لە بارەی بەگەکانی بانە: فەرەج خان و یوونس خان و هەندێکی دیکە بڕێک بەڵگەنامەم بەدەست خستووە کاتێ ڕامان کرد بۆ ئێران لە ١٩٩١دا یوونس خانی ئەحمەد بەگ لە٢٧ یان ٢٨ تەمووزی ١٨٩١ بە بریندداری وەفاتی کردووە، فەرەجولڵا کە نامەی بۆ مەلا محەمەد ناردووە برای یوونس خان بووە و جیایە لەگەڵ فەرەجولڵای کوڕی (لطف الله خان) ئەمەی دوایی لە ١٩٢٥دا کوژراوە.

ب- مامۆستای زمانزان و نووسەری بەتوانا ڕەئووف ئالانی خاوەنی چەندین تەئلیفات لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

ج- برادەری شاعیر و کورد پەروەر غەریب زیوەر (غەریب مستەفا محەمەد) لە (٢٠٠٣/٩/٣٠)دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

## دوو کەشکۆڵی بنەماڵەی سەدباری

لە وەڵامی نامەیەکی مندا برای بەڕێز مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بە مێژووی ١٩٩٠/٤/٧ نووسیویەتی دوو کەشکۆڵی ئەم بنەماڵەیە لەلامان هەیە و بە کورتی بەم شێوەیەن:

١- نووسەری کەشکۆڵی یەکەمیان ناوی محەمەد ئەحمەدی کوڕی خەلیفە مەلا محەمەد حەسەنی (ئەشنەویی حەسەنی عوثمانی) کوڕی خەلیفە مەلا وەیسییە. خەلیفە مەلا محەمەد حەسەن بە (عەلائی گەورە) ناودار بووە. نازناوی لە شیعردا (فەریق) بووە و شیعری لە کەشکۆڵەکەدا هەیە، بەڵام کەشکۆڵەکە پەڕپووتە و شیعرەکانی باش ناخوێنرێنەوە.

٢- نووسەری کەشکۆڵی دووەم و وا پێ دەچێ برای ئەمجەد بووبێ و ناوی خۆی بە (ئەحمەد ئیبنو محەمەد) و (ئەحمەد سەدباری) دەنووسێ.

لە کەشکۆڵەکەدا ئەوە نووسراوە کە ئەمجەد لە ١٣١٤دا لە دایک بووە و بلیمەتی و زیرەکیی لە کەشکۆڵەکەدا ڕوون و ئاشکرایە.

لە کەشکۆڵی دووەمدا ناوی (محەمەد ساڵح سەدباری) وەک نووسەر هاتووە.

# قوتابخانەی زمانەوانی پراگ

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەدین - پەروەردەی بنیات)

**بونیادگەری دی سۆسێر و قوتابخانە زمانەوانییەکان**

پێش دی سۆسێر چەمکی «زمانەوانی -Lin guistics» بە واتا زانستییەکەی بوونی نەبووە. فیلۆلۆژکارەکان هێندەی لە ئەدگار و خەسڵەتەکانی زمانیان دەکۆڵییەوە نیو هەندە لە خودی زمانیان نەدەکۆڵییەوە.

دی سۆسێر یەکەم کەس بوو هەوڵی دا لە خودی زمان بکۆڵێتەوە، هەروەها باوەڕیشی وابوو کە زمان خۆی سیستەمەو پەیڕەوی سیستەمێکیش دەکات، ئەو سیستەمە عەنکەبووتییەی زمان تەواوی ڕەگەزەکانی زمانی لەخۆدا کۆکردۆتەوە و لەسەر دوو ڕەهەند پێوەندیان بەیەکەوە هەیە، ڕەهەندی ستوونی زمان و ڕەهەندی ئاسۆیی زمان. وێڕای ئەمەش دی سۆسێر لە «پێکهاتە»ی زمانیشی کۆڵیوەتەوە و زمانی بۆ «پارۆل- گوتە» و «لانگ- سیستەمی پێوەندیکردن» پۆلێن کردووە.

ئەم بە «سیستەم دیتنەی زمان» دەرگای لەسەر عەقڵی زمانەوانان کردەوە. بە واتایەکی تر، دیارکردنی ئەوەی کە زمان سیستەمەو ڕەگەزەکانی پەیڕەوی سیستەمێک دەکەن، وای کرد چەندان قوتابخانە لێرەو لەوێ دروست ببن و هەوڵ بدەن لە خودی زمان بکۆڵنەوە.

قوتابخانەی پراگ یەکێ لەو قوتابخانە زمانەوانییانەیە کە لە دەرگای سیستەمەوە!» لە زمان دەکۆڵێتەوە.

لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەین پوختەیەک لەبارەی چەمک و سەرهەڵدان و دامەزرێنەران و بنەماکانی ئەو قوتابخانەیەوە بدوێین.

## سەرهەڵدان و دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پراگ

لە بیستەکان و سییەکاندا چکسلۆڤاکیا بەگشتی و پراگ بەتایبەتی ببوونە شانۆی توێژینەوەی ئەدەبی و فیکریی زمانەوانی. ئەو دیاردەیەش بەو ڕێژە دیموکراسیە پەیوەست بوو کە لەو بەشەی ئەوروپای ناوەڕاستدا بەرقەرار بوو. وێڕای ئەمەش پراگ ببووە پەناگەی پەناهەندەکانی سۆڤیەت و وڵاتانی دی.

ڕۆشنفکران و زمانەوانانی ڕەگەزی جودا لە چەندان بازنەی فیکری و زمانەوانی گرد ببوونەوە. یەکێ لەوانە بازنەی زمانەوانی پراگ بوو.

لە ساڵی ١٩٢٦دا کۆمەڵە زمانەوانێک لە پراگ کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە بازنەیەکی زمانەوانی دروست بکەن، چونکە کۆبوونەوەکە لە پراگ بوو بۆیە ناوی «پراگ»یان بۆ بازنە زمانەوانییەکە هەڵبژارد. بازنەکە لە حەڤدە کەس پێک هاتبوو کە هەشتیان چیکی و پێنجیان ڕووسی و دوویان فەرەنسی و ئەڵمانیەک و ئینگلیزێک بوون، بەڵام ڕووسە مهاجیرەکان وەک ڤیلێم ماسیوسەو ڕۆمان یاکۆبست و تروبێتسکۆی لە کەسە هەرە دیارەکانی ئەو بازنە زمانەوانییە بوون. تەمەنی ئەو بازنەیە لە پراگ هەتا داگیرکردنی ئەڵمانیا بۆ چکسلۆڤاکیا درێژەی هەبوو. هەروەها بە حوکمی ئەوەی ماسیوسیس و تروبێتسکۆ زوو مردن و یاکۆ بسن-یش ناچار بوو پراگ بەجێ بهێڵێ. ئەو دوو حاڵەتە و مردنی دووکەس لە دامەزرێنەران و هەڵاتنی یەکێکی تر و داگیرکردنی پراگ- وایکرد بزاڤەکە لە پراگ کزببێ، بەڵام هەرچی بیرۆکەو و بنەماو شەنگستەکانی ئەو بازنەیە، بووە قوتابخانە و هەتاکو ئێستاش بەشێک لە تیۆرەکانی ئەو قوتابخانەیە حزووری خۆی لە دیراساتی زمانەوانیدا هەیە.

## ڕەنگدانەوەی تیۆرەکانی پراگ لە قوتابخانەکانی تری زمانەوانیدا

دیتنی زمان وەک سیستەمێک بۆ بونیادگەرییەکەی دی سۆسێر دەگەڕێتەوە بەڵام دی سۆسێر لە هەردوو پێوەندی پارادیگمانیکی و سینتاگماتیکی ڕەگەزو یەکەکانی زمانی کۆڵیوەتەوە هەرچی پراگییەکانن، زێتر بایەخیان بە ئەرکی ئەو ڕەگەزانە داوە.

(ئەرک) و (واتا) دوو چەمکی داهێنەری عەقڵی پراگییەکان بوو. ئەوان هەروەک تەقلیدییەکان نەبوون لە شرۆڤەکردنی ڕستەدا تەنیا جەخت لەسەر واتا بکەنەوە بەڵکو ئەوان ئەرک و واتایان لەناو پێکهاتەکاندا شرۆڤە دەکرد.

زۆربەی زمانەوانان ئەو ڕایە پشت ڕاست دەکەنەوە کە تیۆرەکانی پراگ کاریگەریان لەسەر قوتابخانەکانی (فیرس) و (هالیدەی) و (چۆمسکی)دا هەبووە.

دۆزینەوەکەی ترۆبێتسکۆی لە بارەی دیاردەی بەرامبەر (oPPos. tion) لە نێوان دوو دەنگی جیا لە گۆکردن و شوێنی دروست بوونیان وەک /پ/- /ب/ و /ک/- /گ/ و/ ت/- /د/ لە تیۆرەکەی بلۆمفیلدو چۆمسکیدا هەستی پێدەکرێ.

لە پەنجاکاندا، تێڕوانینەکانی پراگ چوارچێوەیەکی تری وەرگرت. بواری ڕستەسازی و واتا سازی و شێوازگەریشی گرتەوە. جۆزێف ڤاچێک ١٩٠٩- ١٩٩٧ ڕۆحێکی تری وەبەر تێڕوانینەکانی پراگدا کردەوە و لەسەر بنەمایەکی نوێ گرنگییەکی زۆری بە ئەرکی ڕستەدا بەجۆرێ ئەمە بوو بەتیۆر و ناوی لێنرا «تیۆری ئەرکی ڕستە». هالیدەی زۆر لەژێر کاریگەری ئەو تیۆرە دا بوو و پەرەی پێداو بەجۆرێ قوتابخانەکەی هالیدەی هەر بەو ناوە ناسراوە.

بەرەبەرە تیۆری ئەرکی ڕستە بوو بە زمانەوانییەکی سەربەخۆ. لە مێژووی زمانەوانیدا بە زمانەوانی ئەرکی (Functronal Lingaistics) ناسراوە ئەو قوتابخانەیەش بوو بە هەڤدژێک بۆ تیۆرەکانی چۆمسکی. هەندێ توێژەر باوەڕیان وایە، کە زمانەوانی ئەرکی وەک بە دیلێک بۆ دیتنی ئەبستراکتی زمان هاتۆتە ئاراوە.

دیتنی ئەبستراکتی زمان خۆی لە تیۆرەکانی چۆمسکی بۆ زمان دەنوێنێ هەرچی بنەماکانی پراگە ئەوە زیاتر لەسەر دیتنی پراگماتیکی بۆ زمان داڕێژراون.

لایەنی سیمۆلۆژی زمان کە ئەمڕۆ دوو بۆچوونی دژ بەیەک لەخۆ دەگرێ، بەشێک پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زمانەوانی بەشێکە لە سیمۆلۆژی و بەشەکەی تریش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سیمۆلۆژی بەشێکە لە زمانەوانی. بەحوکمی ئەوەی قوتابخانەی پراگ چەند میتۆدێکی بۆ شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی و بونیادگەری دەقی ئەدەبی خستە ڕوو هەر ئەوسا ١٩٢٨- ١٩٣٩- کاریگەریەکی زۆری لەسەر زمانەوانی و سیمۆلۆژیا دروست کرد.

## شەنگست و بنەماکانی قوتابخانەی پراگ

دامەزرێنەرانی بارنەی زمانەوانی پراگ لە ساڵی ١٩٢٩ یەکەم مانفێستی خۆیان لە ژمارەیەکی

گۆڤارەکەیان بەناوی بازنەی زمانەوانی پراگ بڵاوکردەوە. ئەمەی خوارەوە پوختەی بیروڕاکانی ئەو گرووپە زمانەوانییەیە.

١- زمان سیستەمێکە لە هۆیەکانی گوزارشت لێکردن پێکدێ و ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە هاندانی تێگەشتنی هاوبەشدا.

ئەو دیتنەی زمان وەک سیستەمێک ڕەنگدانەوەی کاریگەری بیروڕاکانی دی سۆسێر بەسەر ئەم قوتابخانەیەدا دەسەلمێنێ. ئەوەی پراگ لە دی سۆسێر جیا دەکاتەوە ئەوەیە: قوتابخانەی پراگ جەخت لەسەر ئەرکی کردەیی ئاخاوتن دەکاتەوە نەک پێکهاتەی ئاخاوتن.

٢- زمان دیاردەیەکی فیزیایی کردەییە. شێوەکەی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە فاکتەری دەرەکی نا زمانەوانی.

زمان ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە. لەسەر ئەو بنەمایە، ئەوان جەختیان لەسەر جیا کردنەوەی زمانی ڕۆشنبیری و زمانی شاکاری ئەدەبی دەکردەوە هەر بەهەمان شێوە جیاوازیان لەنێوان زمانی زانست و ڕۆژنامەگەری دەکردەوە.

ئەم «دووانە» هەریەکە وەرگری تایبەت بە خۆیان هەیە.

٣- زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن هاوشانی یەکتر نین و هەریەکەو ئەدگار و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە. لێرەدا زۆر گرنگە توێژەر یاخود زمانەوان لە پێوەندی زمانی نووسین و ئاخاوتن بکۆڵێتەوە. ئەم دووانەیە خاڵی لەیەک جیاکەرەوەی نێوان فیلۆلۆژی و کە جەختی لەسەر زمانی نووسین دەکردەوە، زمانەوانییە- کە جەختی لەسەر ئاخاوتن دەکرد.

٤- زمان هەردوو جۆری هەژموونی کەسایەتی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ: هەژموونی زهنی و هەژموونی عاتیفی. هەر ڕووێکی ئەو دوو جۆرە، کە یەکەمیان هزر دەردەبڕێ و ئەوی تر سۆز لە پێوەندییەکی ڕێژەیی دان.

٥- سینکرۆنی زمان وەک میتۆدێک بریتییە لە شرۆڤەکردنی حاڵەتی ئێستای زمان، دی سۆسێر و قوتابخانەی پراگ پاڵپشتی ئەو میتۆدەیان دەکرد هەرچی دایکرۆنییە ئەویش میتۆدێکی شرۆڤەکاری زمانە، جا بۆ ئەوەی وەسفێکی هەمە لایەنەی زمان بکەین، وا دەخوازێ پەیڕەوی هەردوو میتۆد بکەین.

٦- ئاوێزانکردنی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی.

ئەم دوو دیاردە زمانەوانییە پەیوەستن بە وشەوە.

٧- بازنەی زمانەوانی پراگ ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە چارەسەرکردنی کێشەی زمانی هاوسێ (Language allience). فیلۆلۆژکاران تەنیا جەختیان لەسەر ئەدگارەکانی ئەوزمانانە دەکردەوە کەسەر بەیەک خێزانە زمان بوون، بەڵام لە بەڵقان چەندان زمان هەن، کە لە یەک خێزانە زمانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە و پێوەندیشیان بەیەکەوە هەیە. (لەنێو ئێمەشدا ئەم دیاردەیە هەیە ئەوەتە کوردی و عەرەبی بە حوکمی هاوسێیی، زۆر ئەدگار هاوبەشیان هەیە و هەریەکەو سەر بەخێزانە زمانێکی جوایەزە.

٨- بایەخدان بەدیاردەی مۆرفۆنیمیکی یاخود مۆرفۆ- فۆنۆلۆژی. ئەم بایەخدانەش بۆ کاریگەری فۆنیم لە مۆرفۆلۆژیدا دەگەڕێتەوە.

٩- پێکهاتەی فۆنیم و مۆرفیم بەس نییە، بەڵکو «واتا» و «ئەرکی» هەریەک لەمانە لە گرنگی پێکهاتەکە کەمتر نییە. لێرەدا قوتابخانەی پراگ پێشڤەچوونێک لە هەژموونی بونیادگەرییەکەی دی سۆسێر پێکدێنێ.

١٠- دۆزینەوەی ئەدگارە جیاکارییەکان لە بواری فۆتۆلۆژیدا. ئەم دۆزینەوەیەش لە نووسینەکانی یەکێ لە دامەزرێنەرانی پراگ- ترۆبێتسکۆی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. ئەم داهێنانە لە بواری فۆتۆلۆژیدا توانی ببێتە دیارترین و خوڕاگرترین تیۆری شرۆڤەکردنی فۆتۆلۆژی لە مێژووی زمانەوانیدا.

بە کورتی بە ئەرککردنی زمانەوانی لە بنەما هەرە دیارەکانی ئەو قوتابخانەیە. ئەمەش هەموو ئاستەکانی زمانی گرتۆتەوە.

**ژێدەر:**


**1- Carr, philip (1993) phonology**

**2- Crystal, D. (1991) A Dictionary of linguistcs and phonetics.**

**3- Crystal, D. (1992). An Encyclopedic Dictionary Language and Languages.**

**4- Ivic, M. (1990). Trends in Lingu. stis.**

**5- Johnson, K. and Helen (1999) Encyclopedk Dictionary of Applied Lingu. st, cs**

**6- Robins, R. H. (1997) A short History of Linguistics.**

**7- Verschueren, j. (1999) Under starding Pragmatics.**

# ڕێژیسێۆر و دیدار لەگەڵ تێکستدا

د. فازیل جاف
(سوێد)

خوێندنەوەی یەکەمی دەقەکەت گەلێ گرنگە، چونکە وەکو ڕێژیسێۆری ئەمریکایی میکاییل بلوم دەڵێ: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ڕێژیسێۆری دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک بینەری ئاسایی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.. بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی خوێندنەوەی یەکەم لەسەر مێشک و دەروونی ڕێژیسێۆر گەلێ گرنگە، بە مەرجێ ئەو خوێندنەوەیە لە بارودۆخێکی گونجاودا ئەنجام بدرێ.

باشە دەبێ مەبەست لە بارودۆخی گونجاوی خوێندنەوەی دەق چی بێ؟ خوێندنەوەی دەق دەبێ لەئەتمۆسفیر و بارودۆخێکی لە باری ئەوتۆدا بێ، کە هزر و مێشکی ڕێژیسێۆر تەنیا ئاراستەی دەقەکە بێ و لەناو جیهانی شانۆنامەکە نەترازێ.

هەوڵ بدە لەکاتی خوێندنەوەی یەکەمی شانۆنامەکەدا لە هەموو شتێ دابڕێی، لە ئامرازەکانی پێوەندی بە دەوروبەر و بیستن و دیتن وەکو تەلیفۆن، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، مۆسیقا دوورکەوە. باشترین خوێندنەوە ئەوەیە کە مێشک و دڵ و دەروونت تەواو لەسەر دەقەکە بێ. خوێندنەوەی یەکەمت بەیەک هەناسە بێ و لە یەک دانیشتندا دەقەکە تا کۆتایی بخوێنەوە.

ئەو ڕێژیسێۆرانەی کە دەق بە پچڕپچڕی و لەچاپخانە و لەناو پاسدا یان بە تەماشای تەلەفزیۆن و گوێگرتن لە ڕادیۆوە دەخوێننەوە، پاشتر کاڵفامی و بە هەڵە تێگەیشتنیان لە دەق لەکاتی نمایشەکەدا دەردەکەوێ.

پاش خوێندنەوەی یەکەم، تێفکرین و بۆچوونەکانی خۆت تۆمار بکە، با بۆچوونەکانت گەلێ سادە و ڕاستەوخۆ بن. بۆ نموونە: زمانی شانۆنامەکەم پێ باشە، بابەتەکەی لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێ، بەڵام هەندێ دیمەنی

درێژە، کەسایەتییەکان چاک وێنەکێشراون.. تاد پاشتر دوای خوێندنەوەی دووەم و سێیەم و قووڵبوونەوە لە دەقەکە و لە پرۆڤەکان و لەناو پرۆسەی کارکردندا بۆت دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونانەی خوێندنەوەکانی یەکەم جارت چەند گرنگن، ئەنجا چۆن چارەسەر بۆ کۆسپ و بەربەست و کێشەکانی ناو شانۆنامەکە دەدۆزیتەوە. هەر بلوم خۆی دەڵێ: لەکاتی پرۆڤەکردندا، کە لە دیمەنێکدا تووشی کێشە دەبم، هەوڵ دەدەم بەبیری خۆمی بێنمەوە کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا هەستم بەچی دەکرد.

## خوێندنەوەی شانۆنامەیەکی نوێ

کە رووبەرووی شانۆنامەیەکی نوێ دەبیتەوە و دەتەوێ کاری لەسەر بکەی، هەوڵ بدە خۆت لە هەموو بیروبۆچوونێکی رابردووت رزگار بکەی، بێگەرد و پاک و ئاسوودە و بە مێشک و دەروونی کراوە و سافەوە لە شانۆنامەکە قووڵ ببەوە و تا دەتوانی بە وردی بیری لێ بکەوە، وەک ئەوەی هیچ کەرەسەیەکی تەکنیکی و هونەریت لە بیرەوەریدا تۆمار نەکردبێت. بێ حوکمی پێش وەخت، بێ فەرزکردنی فۆرمێکی دیاریکراویان ستیلێک کە خۆت حەزی لێ بکەی رووبەرووی بابەتە تازەکەت ببەوە. لەوە خراپتر نییە کە ریژیسێر دەستبەجێ و بە دەم خوێندنەوەی یەکەمەوە بریاری دوا فۆرمەکانی دەرهێنان و سینۆگرافیا و نمایش و فەزای نمایش بدا.

هەموو ئەمانە دەبێ بەپێی پرۆسەی داهێنان و کارکردن لە گۆڕاندا بن، کەس نازانێ دەقەکەت لە کۆتاییدا چ فۆرم و روخسارێک بەخۆوە دەگرن. خۆ دەبێ هەر واش بێ، چونکە ریژیسێریی پرۆسەیەکی سادە نییە و بە ئان وساتێک کامڵ نابێ.

لە خوێندنەوەی یەکەمتدا هەوڵ مەدە شانۆنامەکە شی بکەیتەوە، شیکردنەوەی دەق قۆناخێکی پاشترە. لە خوێندنەوەی یەکەمدا یەک ئەرک بگرە ئەستۆی خۆت: بزانە کاریگەریی شانۆنامەکە لەسەر خۆت چییە و تا چەندە.

کە تێکست دەخوێنیتەوە هەوڵ بدە وەکو ریژیسێر بیخوێنیتەوە، نەک وەکو خوێنەرێکی ئاسایی، چونکە خوێندنەوەی ریژیسێر جیاوازە. خوێندنەوەی ریژیسێر خوێندنەوەی شانۆکار و بینەری ئاساییە لە هەمان کاتدا. لە دیداری یەکەمتدا لەگەڵ شانۆنامەکەتدا، با دەروونت ئاسوودە و خەیاڵت فراوان بێت. لەبیرت نەچێ کە یادەوەری و هەگبەی شارەزایی کۆن گەلێ جار رێگا لە خەیاڵ و داهێنان دەگرن. هەر کاتێ پەنات بردە بەر خەیاڵ دەبێ بەر لە هەموو شتێ بە مێشکێکی ساف و بەتاڵ و لە بێدەنگیدا پەنای بەیتە بەر. خەیاڵ لە مێشکی سافەوە هەڵدەقوڵێ. گەر مێشک سەرقاڵ بێ خەیاڵ لەکار دەکەوێت. وەکو هارۆڵد کلۆرمان دەڵێ: لێگەرێ با شانۆنامەکە کار بکاتە سەر تۆ، بەر لەوەی تۆ کار بکەیتە سەر شانۆنامەکەت.

با خوێندنەوەی دووەم و سێیەمت یەک لەدوای یەک نەبن، چەندی مەودای نێوان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و سێیەم زۆربێ، ئەوەندە گومان و دوودڵیت لا دەرەوێتەوە.. مەودای زەمەنی کارکردن لەسەر دەقێک لای هەموو ریژیسێرێک یەک نییە، تەنانەت لای یەک ریژیسێریش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێ. میبرهۆڵد شانۆنامەی ماڵی بووکەشووشەی ئیبسن-ی بە سێ رۆژ خستە سەر شانۆ، بەڵام بیست ساڵێک بیری لە شانۆنامەی پشکنەری گۆگۆل دەکردەوە، تاکو لە ١٩٢٦دا بە ئەنجامی گەیاند، بەدرێژایی تەمەنیشی بیری لە دەرهێنانی شانۆنامەی هاملێت دەکردەوە، هەرچۆنی بێ، ئەو ئاواتەی بردە ژێر گڵەوە.

مەودای زەمەنی بیرکردنەوە و کارکردن لەسەر دەق هەرچەند بێ، ریژیسێر دەبێ بگاتە باوەڕێکی ئەوتۆ کە تەواو لە دەقەکە قووڵ بۆتەوە و ئەنجا لەگەڵ هاوکارانی، بە تایبەت لەگەڵ سینۆگرافدا، قسە بکات. تەنانەت ئەو ریژیسێرانەی کە باوەڕیان وایە بەشی سەرەکی شیکردنەوەی دەق لەکاتی پرۆڤەدا مەیسەر دەبێ، دەڵێم تەنانەت ئەوانەش دەبێ خەزێنەیەکی لەباریان لەقووڵبوونەوە بەناو تێکستەکەدا هەبێ بەر لەوەی دەست بە پرۆڤە بکەن.

هونەر و تەکنیکی خوێندنەوەی تێکست گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە میتۆدی جودا ئەنجام دەدرێ. لەم سااڵنەی رابردوودا سەرچاوەیەکی زۆر لەبارەی خوێندنەوەی تێکستەوە نووسراوە، لە زۆربەی کۆلیجەکانی هونەری شانۆدا وەکو بابەتێکی تایبەت دەخوێندرێن. تۆ وەکو ریژیسێر دەبێ بەپێی توانا ئاگاداری ئەم بۆچوونانە بی و شارەزاییەکی باشت هەبێ لەم بوارەدا.

ئەمە بکە بە رێڕەو: چەند چاکتر و قووڵتر لە

شانۆنامەکە بگەی، ئەوەندە چاکتر بەرجەستەی دەکەی. هەربۆیە تەنیا لەو حاڵەتەشدا، واتە کە خۆت بەدەقەکەدا قوولّ ببیتەوە و چاک لێی تێبگەی، ئینجا دەتوانی بیروبۆچوونەکانی خۆت بە هاوکاران و ئەکتەرانت بە ڕوونی و بەشێوەیەکی کۆنکریتی و دوور لە ئاڵۆزی بگەیەنی، تا چاکتر هاوکاران و ئەکتەرانت لەبیروبۆچوون و خواست و داواکارییەکانت بگەن، ئەو دەرهێنانەی تۆ دەتەوێ چاکتر دێتە بەرهەم.

هەرفۆرمێک پێشتر بڕیارت لەسەر دابێ بە خراپ کار دەکاتە سەر پرۆسەی داهێنان، ئەگەرچی ئەو فۆرمانەت گەلێ بەلاوە شاکاربن. ئەگەر فۆرمێکی دیارکراوت لا پەسەندە، یان ستیلێک لە هەموو ستیلەکانی دیکە پتر سەرنجت ڕادەکێشێ، هەموو ئەمانە ڕێگا لە داهێنان دەگرن، داهێنان لە فۆرم و ستیلدا پێشتر حوکمی لەسەر نادرێ و دەبێ لە ئان و ساتدا بخولقێت، واتە لە شوێن و کاتی خۆیدا دەخولقێت و ناگوێزرێنەوە و ناشدزرێن، فۆرمێک کە پێشتر بڕیاری لەسەر دەدەی بەشێوەیەکی خۆڕسک بۆت ساغ نابێتەوە، چونکە هی خۆت نییە، خوازراوە، نەخولقاوە، ئەگەر هی خۆیشت بێت، شێواز و کەرەسەیەکی هەڵەیە و لەگەڵ ئەو بەرهەمەدا ناگونجێ و دەست نادات.

## دەقی وەرگێڕدراو

بەداخەوە ئاستی ئەدەبی دەقی وەرگێردراو قەت ناگاتە ئاستی ئەدەبی دەقەکە بەزمانە ئەسڵییەکەی خۆی. دەقی شانۆیی لە تایبەتمەندییەکەیدا لە شیعری دەچێ، بۆیە وەرگێڕەکانی دەقی شانۆیی دەبێ خاوەن ئەزموونی شانۆیی بن و توانایەکی باشیان بەسەر شانۆمەکەدا بشکێ و لە سروشت و تایبەتمەندیی مەجازی زمانی شانۆ بگەن. ڕیژیسێرانی خاوەن ئەزموون کێشەیەکی گەورەیان لەگەڵ دەقی وەرگێڕدراودا هەیە و بە ئاسانی پەسەندی ناکەن. ئەم کێشەیە بەتایبەتی خۆی لە شانۆنامە شاکارەکاندا دەنوێنێ و بۆ نموونە لە شانۆنامەکانی شەکسپیر و مۆلێیردا، کە لە وەرگێڕاندا بەشێکی زۆری نرخ و بەهای ئەدەبی خۆیان لەدەست دەدەن. هەر لەبەر ئەوەشە شانۆنامەکانی شەکسپیر چەند جارێک تەرجەمە کراونەتە سەر زمانانی دنیا، سەرەڕای کارزانی و لێهاتوویی وەرگێڕەکان تەرجەمەکانیان هەر مایەی گلەیین.

## بەراوردکردنی دەق

ئەگەر شانۆنامەکەت وەرگێڕدراوە، چاکتر وایە وەرگێڕانەکە لەگەڵ ئەسڵەکەیدا بەراورد بکەی. ئەمە ئەگەر زمانی ئەسڵیی شانۆنامەکە بزانی، ئەگەر نا با کەسێکی زمانزان ئەم ئەرکەت بۆ جێبەجێ بکا، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەرکی دراماتورگە، کە زۆر لایەنی دەقەکەت بۆ ساغ دەکاتەوە خۆ ئەگەر دەقەکە زیاتر لەیەک وەرگێرانی هەبێ، چاکتر وایە بە هەموویاندا بچیتەوە و بەراوردیان بکەی و گونجاوترینیان هەڵبژێری.

نەک یەکجار، بگرە بەدرێژایی خوێندنەوە و پرۆڤەکردن و زمانی شانۆنامەکەت ساغ بکەیتەوە.

لەبیرت نەچێ کە بێ گرێوگۆڵی و ڕەوانی زمانی شانۆنامەکەت مەرجێکی سەرەکییە بۆ نمایشی ئەکتەرەکانت و سەرکەوتنیان. ئەکتەر حەز بەزمانی سادە و ڕەوان بێ قۆرت و گرێ دەکا، بینەریش هەر هەمان ئارەزووی هەیە.

## زەمەنی وەرگێڕان

گەلێ جار شانۆنامەیەک، کە کاتێکی زۆر بەسەر وەرگێڕانیدا تێدەپەڕێ لەگەڵ زمانی باو و هاوچەرخ، یان زمانی سەردەمی ئێستادا ناگونجێ. لە بەریتانیا و ئەمریکادا سەرلەنوێ شانۆنامەکانی ئیبسن و چێخۆڤ و ستریندبێرگیان وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئینگلیزی، دوای ئەوەی کە بۆ شانۆکاران دەرکەوت وەرگێڕانەکانی سەد ساڵ پێش ئێستا بۆ ئەمڕۆ دەست نادات، چونکە لەلایەکەوە زمان خۆی گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و لەلایەکی دیکەوە زۆربەی زۆری ئەو وەرگێڕانانە لەکاتی خۆیدا بە پەلە پەل ئەنجام دراون، ئیدی چ لەبەر خواستی دەزگاکانی چاپ بووبێ و چ لەبەر پێداویستی بازاڕ بووبێ. کە شانۆنامەی یاری بە ئاگری ستریندبێرگم لە ڕووسیا دەرهێنا، ئەکتەرەکان بەر لە خوێندنەوەی یەکەم، پێیان وابوو کە وەرگێڕانەکە لە ڕووی زمانەوە لە زۆر جێگادا بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆی ڕووسیا دەست نادات، شانۆنامەکە بەر لە سەد ساڵ خرابووە سەر زمانی ڕووسی، بۆیە سەرلەنوێ کارمان لەسەر تێکستەکە کرد.

## ڕیتمی زمانی زگماکی شانۆگەرییەکە

با ئەکتەرەکانت بەزمانی ئەسڵی گوێیان لە تێکستەکە بێ، هەوڵ بدە نمایشێکی یان خوێندنەوەیەکی شانۆنامەکەت بە زمانی خۆی پەیدا بکەی و خۆت و ئەکتەرەکانت گوێی لێ بگرن. ئەمە وا لە ئەکتەرەکانت دەکا ئاشنای چێژ و تاموسەدای زمانی شانۆنامەکە بن و سەبارەت بە ڕیتم و تێمپۆی شانۆنامەکە شارەزایی پەیدا دەکەن.

بەرلەوەی دەست بە پرۆڤەکردن بکەم لەسەر شانۆنامەی تەرتووف، گەلێ جار بەزمانی فەرەنسی گوێم لە نمایشی شانۆگەرییەکە دەگرت، چێژ وەرگرتن لە زمانەکە و لە ڕیتمی شیعرەکانی مۆلێیر و ئەدای ئەکتەرە فەرەنسییەکان بوون بەسەرچاوەی ئیلهام، تەنیا ئەو دەمە تێگەیشتم شانۆنامەکە چەند بەهای خۆی لە تەرجەمەکردندا لەدەست داوە.

بە هەمان شێوە کە لە مەغریب شانۆنامەی «خەونی نیوەشەوێکی هاوینم» خستە سەر شانۆ، داوام لە ئەکتەرەکان کرد گوێ لە نمایشێکی شانۆی ڕۆیاڵ شەکسپیر بگرن، تاوەکو بەئەدای ئەکتەرانی خاوەن ئەزموونی ڕۆیال شەکسپیر کۆمپانی، کەم تا زۆر ئاشنای زمان و ڕیتم و سەداو زایەڵەی وشەکان بن و چێژ لە زمانە ئەسڵییەکەی شەکسپیری نەمر وەربگرن.

لە ڕاستیدا مەغربییەکان زۆر ئاشنای شەکسپیر و شانۆی ئینگلیزی زمان نین، ئەوان زیاتر بەلای کولتووری فەرەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانیدا دەیشکێننەوە ئەکتەرەکان ئەوەندە سەرسامی ئەو ئەدایە بوون، تەنانەت برگەیەکمان بۆ دەستپێکی شانۆنامەکە، هەڵبژارد، لەناو جەرگەی تاریکیدا بەو برگەیە پەردە لەسەر شانۆنامەکە لادەبرا. بەددەم هەمان ڕیتمەوە ئەکتەرەکانیش ڕیتمی تێکستە عەرەبییەکەیان بینا دەکرد.

### باشترین وەرگێڕان

ئەگەر چەند وەرگێڕانێکت لەبەردەستدا بوو، نابێ لە هەڵبژاردندا تەنیا ڕاستگۆیی و ئەمانەت و دەستپاکی لە وەرگێڕاندا بکەی بەپێوەر لە بیرت نەچێ کە دەبێ وەرگێڕانێک هەڵبژێری بۆ ئەکتەرەکانت و بینەرانیش زمانەکەی سادە و خوڕ و ڕەوان و ساف بێ.

لەمەشدا تەنیا ئەو وەرگێڕانانە تێیدا سەردەکەون کە شانۆکاران خۆیان یان باشتر وایە بڵێین ئەکتەران ئەم کارە بکەن. شانۆکاران دەزانن زمانی شانۆ دەبێ چۆن بێ، لەکاتێکدا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کەسێکی ڕۆمانووس یان چیرۆکنووس یان هەر نووسەرێکی دەرەوەی بواری شانۆ هەرچەندە زمانزانیش بێ، وەرگێڕانێکی باش بۆ شانۆ بە ئەنجام بگەیەنێ.

لە هەڵبژاردنی خەونی نیوەشەوێکی هاویندا چوار وەرگێڕانی عەرەبیم لە بەردەستدا بوو کە هەریەکە و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، دەستپاکی و ئەمانەت، شاعیریەت و تێر و تەسەلی زمان، ڕیتم و زمان ڕەوانی، بۆ من ئەوەی سێیەم لە هەمووی گرنگتربوو، چونکە ئەمانەم لە وەرگێڕانەکەی دوکتۆر محەمەد ئەلعەنانی-دا بەدی دەکرد.

### گۆڕانکاری لە دەقدا

لەبارەی دەستکاری کردنی تێکستەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، هەوڵ بدە ڕاوبۆچوونی ڕێژیسێرانی خاوەن ئەزموون لەم بوارەدا بزانی، بەتایبەت ڕای میێرهۆڵد سەبارەت بە دراماتۆرگ، چونکە ئەوەندە من بزانم میێرهۆڵد یەکەم ڕێژیسێرە کە بە قووڵی و فراوانی باسی دراماتۆرگی کردووە و هەر ئەویش بۆ یەکەم جار زاراوەی ڕێژیسێری دراماتۆرگ و ڕێژیسێری وەکو نووسەری نمایش بەکارهێناوە، هەروەها ڕاوبۆچوونەکانی پیتەر برووکیش لە بارەیەوە گەلێ گرنگن. بەبۆچوونی من ڕێژیسێر بۆی هەیە دەستکاری تێکست بکا، لێی بقرتێنێ و لێی لابەری، بەڵام دەبێ وەستا بێ و شارەزای بنەماکانی شانۆنامە نووسین و دراماتۆرگی بێ، دەنا تێکستەکە سەقەت دەکات. بە کورتی من لەگەڵ ڕایەکەی پیتەر برووکدام کە دەڵێ لە دەستکاری کردنی دەقدا خۆت بەرپرسیاری، لەوانەیە لە دەقی شەکسپیردا دیمەنێک لابدەی هیچ کار نەکاتە سەر کارەکەت، لەوانەشە وشەیەک لا بدەی هەموو کارەکەت تێک بچێت. کێشەی نێوان ڕێژیسێر و نووسەر سەبارەت بەدەستکاری کردنی دەق مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەرچۆنێک بێ قەت دیمەنێک لا مەبە، تەنیا لەبەر ئەوەی لێی تێناگەی یان لۆمەی نووسەر بکەی گوایە شتی زیادەی نووسیوە.

پێش ئەوەی نیشانەی زەرب بەسەر دیمەنێکدا بهێنی، بیر لە وەزیفە و ئەرکی دیمەنەکە بکەوە. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێ کە ئەوەی ئەو شانۆنامەیەی نووسیوە، بەتایبەت کەڵە شانۆنووسانی وەکو شەکسپیر، مۆلێیر،

ئیپسن، چیخۆف له دراماتۆرگیدا لەمن و لەتۆ شارەزاترن و حەرفیان به خۆڕایی دانەناوە.

## مەقەستی ڕیژیسیۆر

که دیمەنێکت پێ بەرجەستە ناکرێ، یەکسەر مەیدەرە بەر مەقەست، لەوە ئاسانتر نییە ڕیژیسیۆر کاری وا بکا، بەتایبەت لەو دیمەنانەدا کە بەڕواڵەت درامی نین. یان کردار و جووڵەیان تێدا نییە، بەم کارە ڕەنگە لایەنی فیزیکی و دیدەیی (بەصەری) شانۆگەرییەکەت سەرنج ڕاکێشتر بێ، بەڵام بێگومان لەنرخی ئەدەبی دەرهێنانەکەت کەم دەبێتەوە، چونکە شانۆ هونەر و ئەدەبە، تایبەتمەندی شانۆش لەمەدایە.

ڕیژیسیۆر پێش ئەوەی مەقەست بەکاربێنێ دەبێ ئاگاداری ئەوە بێ کە ئەو دیمەنەی لای دەبا نرخ و بەهای ئەدەبی چەندە، چەند سۆز و هەست و نەستی ئینسانی تێدایە، ئەو دەستکاری کردنە چەند کار دەکاتە سەر کەسانی ناو شانۆنامەکە؟ ئینجا بەگشتی چەند کاردەکاتە سەر سەرجەمی حیبکەی شانۆنامەکە؟

دووبارەی دەکەمەوە کە دەکرێ دیمەنێک، چەند دیالۆگێک لە دەق لابەری، بەڵام بینەر بەرهەمێکی چەسپ و یەکگرتووی دەوێ. پێم وایە نووسەرانی شانۆ لارییان نییە لەوەی ڕیژیسیۆرێکی بلیمەتی وەکو میرهۆڵد دەستکاریی نووسینەکەی بکا، نیگەران بێ.

درامانووسی بەریتانی هاوچەرخ نیک دییر، گلەیی لەوە دەکرد کە چۆن ڕیژیسیۆرێکی گەنج شانۆنامەیەکی ئەوی داوەتە بەر مەقەست، منیش باسی ئەوەم بۆ کرد کە میبیرهۆڵد چۆن دیمەنێکی لە شانۆنامەی ژیانی کەسێکی لیۆنید ئەندرێیڤی لابرد. سەرەتا ئەندرێیڤ نیگەران بوو، بەڵام پاشان باوەڕی هێنا کە میبیرهۆڵد کارێکی باشی کردووە. پاشتر کە شانۆنامەکەی بە چاپ گەیاند، بە گۆڕانکارییەکەی میبیرهۆڵدەوە چاپی کرد. لەوەڵامدا نیک دییر گوتی: ئەوە میبیرهۆڵد بوو، با شانۆنامەکەی منیش دەرهێنەرێکی بلیمەتی وەکو میبیرهۆڵد دەستکاری بکا، نەک ڕیژیسیۆرێکی کەم ئەزموون.

من لەمەدا لای نووسەر دەگرم، بیرمە کە لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووم، چۆن دەرهێنەرێکی قوتابی شانازی بەوەوە دەکرد کە هاملێتی کورت کردۆتەوە بۆ حەڤدە لاپەڕەی بەدەست و خەت نووسراو. دەستکاری کردنی دەقێک بۆ نمایشێکی سەردەم گەلێ جیاوازە لە شێواندنی ئەو دەقە بۆ هەر مەبەستێک بێ. ئەوەی یەکەم پێداویستی زمانی هاوچەرخی شانۆی سەردەم دەیخوازێ، ئەوەی دووەم ناشارەزایی و کەم ئەزموونی، ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو شێواندنە بەناوی ئەزموونگەرییەوە دەکرێ، حوکمی بەسەردا دەکا، ئەمیان بە پێی تیۆری نمایش ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەویان لەسەر تیۆری قیرۆسیا دەڕوا، نموونەی ئەویان نمایشەکانی میبیرهۆڵد و گرۆتۆڤسکی و باربا و هەندێ بەرهەمی پۆست مۆدێرنیستەکانی ئەمڕۆیە، نموونەی دووەمیش ئەو بەرهەمە کرچ و کاڵانەن کە بەناوی ئەزموونگەرییەوە پێشکەش دەکرێن؟

## بێرگمان دەستکاری ماڵی بووکەشووشە دەکات

بە کورتی دەبێ مەبەستێکی ئاشکرا و سوودبەخش و هونەریی لە پشت هەموو دەستکاری کردنێکی دەقەوە هەبێ، لەوانە بۆ نموونە، دەشێ هەندێ لایەنی دەقەکە یان هەندێ دیمەن و ئاخافتنی لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگادا ناگونجێ، خۆ ئەگەر بەشی هەرە زۆری شانۆنامەکە لەگەڵ کۆمەڵگاو ئەمڕۆدا نەگونجێ، ئەو دەمە هیچ بەڵگە و بەهانەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەو دەقە نییە.

لەماڵی بووکە شووشەدا ئینگمار بێرگمان کە یەکێکە لەو ڕیژیسیۆرانەی دەق بە پیرۆز دەزانێ، تەنانەت ئەویش لە دیمەنی کۆتاییدا دەستکاری دەقەکەی ئیپسنی کرد، لەگەڵ ئەمڕۆ و ڕۆحی سەردەمدا گونجاندی، کۆتاییەکەی تەواو بە پێچەوانەی کۆتاییەکەی ئیپسن بوو، بەڵام دەستکاری کردنەکەی خۆی لە خۆیدا داهێنان بوو، لە مێژووی شانۆی هاوچەرخدا جێگای دیارە،هەر بەم بۆنەیەشەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە بێرگمان لە پرۆگرامی شانۆگەرییەکانیدا خەت بەژێر ئەو دێرانەدا دەکێشێ کە لەنمایشەکەدا لابراون، بۆ ئەو مەبەستە شانۆنامەکە سەر لەنوێ چاپ دەکاتەوە و ئینجا بەدەستنیشان کردنی ئەو شوێنانەی کە لە پیشاندانەکەدا نمایش ناکرێن.

بێرگمان دەڵێ هەرگیز شانۆنامەیەکم دەرنەهێناوە تێیدا دژایەتی نووسەرەکەیم کردبێ. منیش دەڵێم با دەستکاری کردنی دەقەکەت لە دژایەتی کردنی نووسەری شانۆنامەکەوە سەرچاوە نەگرێت.

ڕیژیسیۆر نابێ یەکسەر مەقەست بخاتە ناو جەستەی ئەو دیمەنانەی کە دیالۆگی درێژی تێدایە، بەو بەهانەیەی

گوایە ئەو دیمانانە درامی نین، یان کردار و جووڵەیان تێدا نییە. ئەو دیمەنانە بەر لە هەموو شتێک بەهای ئەدەبییان هەیە، دراماش تەنیا کردار و جووڵەی ئاشکرا و بەرچاویی نییە.

دەقێکی حیواری کە بەشێوەی درامی نمایش بکرێ، ئەویش هەر درامایە. گەلێ لە ڕیژیسیۆرانی کەم ئەزموون و ئارەزوومەند کە دیمەنێک لادەبەن یان نیوەی کارەکتەرەکانی شانۆکە لادەبەن لەبەر ئەوەیە ئەو دیمەنەیان بەزەحمەت پێ بەرجەستە دەکرێ، یان پێیان وایە دیالۆگی زۆرە و دەبێتە مایەی وەڕس بوون. ئەمە سەد لەسەد وانییە، چونکە بینەر نایەوێ بەردەوام تەنیا تەماشای جووڵە و کردار بکا، بە هەمان شێوەیش نایەوێ تەنیا گوێی لە ئاخافتن بێ.

زۆرجار بۆ ڕیژیسیۆر ئاسانترە دیمەنی پڕ لە کردار و ڕووداو چارەسەر بکا، پتر لە دیمەنی پڕ لە ئاخافتن، هەر بۆیەش ئەو دیمەنانەی کە دەقرتێندرێن بەهۆی زۆری ئاخافتنەوەیە.

نموونەیەک: شانۆنامەی مس جۆلیای ستریندبێرگ لەدەرهێنانی ڕیژیسیۆرێکی عیراقی تەنیا یەک کاتژمێر و بیست دەقەی خایاند، کەچی لە دەرهێنانی ئینگمار بێرگمان سێ سەعاتی خایاند.

لەحاڵەتی یەکەمدا ڕیژیسیۆر زۆربەی ئەو دیالۆگانەی لابردبوو کە کرداریان تێدا نییە و تەنیا گوزارشت لە پێوەندی نێوان جۆلیا و جان دەکەن. چی لە شانۆنامەکە مایەوە، تەنیا ئەو دیمەنانەی کە جان تێیاندا دەخواتەوە و جگەرە دەکێشێ و لەگەڵ مس جۆلیا بەشەڕ دێ، تەنانەت ڕەخنەگرێکی سوێدی نووسیبووی: تا ئێستا هیچ نمایشێکی مس جۆلیایەک بەقەدەر ئەم نمایشە شەرابی تێدا نەخوراوەتەوە و جگەرەی تێدا نەکێشراوە.

## شەوە و باران دەبارێ

لەبیرت نەچێ دراما تەنیا کردار نییە، زۆر کەس پێی وایە دراما تەنیا کردارە و هیچی دی، زۆر کەس پێی وایە دراما کێشە و ململانێ و پێکدادانە، بێ ئەوەی لەو ڕاستییە تێبگەن کە دراما ئەگەر چاک بگوترێ لە وشەشدا هەیە، ڕاستە کردار زەقترین ڕواڵەتی درامایە، بەڵام زمانی ئەدەبی شانۆیی خۆی لەخۆیدا زمانێکی دراميیە.

کاتێ کەڵە ئەکتەری بەریتانی جۆن گیلگیود دەقەکانی شەکسپیری نمایش دەکرد، بە پێچەوانەی لۆرانس ئۆلیڤیە، کەم دەجووڵا و کەمتر جەستەی بەکاردەهێنا، زۆربەمان دەزانین کە ئۆلیڤیە ئەکتەری جەستە بوو. گیلگیود بە گاڵتەوە دەیگوت: من لەشم بەکار ناهێنم، سەرم بەکاردێنم.

ئەگەر گیلگیود گوتبای: شەوە و باران دەبارێ، ئەوە بۆ بینەران بەس بوو، چونکە بەڕاستی لەخەیاڵ و فەنتازیای بینەردا باران دەباری.

کام دیمەنت پێ قورسە، کام دیمەن گەلێ سەختە و پێت وایە بە ئاسانی خۆی ناداتە دەست، ئەگەر بە وردی و بەدڵ و بەگیان کاری لەسەر بکەی ئەو دیمەنە ڕەنگە جوانترین و کاریگەرترین ساتی شانۆگەرییەکەتی لێ دەرچێ.

ڕیژیسیۆر نابێ ئەو دیمەنەی کە بەرجەستەکردنی پێ سەختە و کە پێی ناگات بیقرتێنێ و لایبا، یان چەند دیمەنێک بقرتێنێ بۆ ئەوەی شانۆنامەکە ڕیتمێکی خێراتر وەرگرێ. بە پێچەوانەوە، تا بۆت دەکرێ کار لەسەر ئەو دیمەنە بکە و کاتێکی باشی بۆ دانێ، چونکە زۆر ئاساییە کلیلی شانۆگەرییەکەت لەو دیمەندا بێ و ئەوی لەوێدایە ڕەنگە گەلێ گرنگ و بەنرخ بێ.

بەلابردنی دیمەنێک کە لێی تێناگەیت لەسەرجەمی شانۆنامەکە تێناگەیت، بەتایبەتی ئەگەر شانۆنامەکەت لە نووسینی درامانووسێکی وەستا بێ. بە هەموو ئەکتەر و هاوکارەکانت ڕاگەیەنە کە ئەو بەشەیان ئەو دیمەنەت پێ قورسە بۆیە پێویستیت بە یارمەتی هەموانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ چارەسەرت لا نییە و بێ پلانی، بە پێچەوانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ خواستت گەورەترە و بۆ پلەی بەرزتر هەوڵدەدەیت و بە کڵێشەو چارەسەری مامناوەندی ڕازی نابی.

## ڕێنمایی و تێبینییەکانی نووسەر

تێبینی و ڕێنماییەکانی نووسەر بەگشتی دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان ئەوانەن کە دەبێ جێبەجێیان بکەی، دەنا کرداری شانۆنامە بەرەو پێشەوە ناڕوا و شانۆنامەکە لە جێگای خۆیدا دەوەستێ. بۆ نموونە لە شانۆنامەی یاری بە ئاگری ستریندبێرگدا، لە دیمەنی نزیک کۆتاییدا هاوڕێی خێزانەکە کابان ماچ دەکا، مێردەکەی دێ بەسەردا و هەردووکیان ژنەکە و هاوڕێیەکەی دەشڵەژێن، ئەم کردارە گرنگە و نووسەر بەسەر ڕیژیسیۆردا دەیسەپێنێ و پێی

دەگوترێ تێبینی پێویست یان ئیجباری، واتە ئەگەر ڕیژیسیۆر کتومت جێبەجێی نەکا، ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە دەوەستن و ناڕۆنەپێشێ، بەڵام زۆربەی نووسەرانی شانۆی مۆدێرن بەوەوە ناوەستن، تێبینی و ڕێنماییەکانی خۆیان لەبارەی هەموو وردەکارییەکەوە دەنووسن. ئەم شێوازە بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی ڕیالیزم و نەتورالیزم پەرەی سەند. شانۆ نووسانی کلاسیک خۆیان لە قەرەی ئەم وردەکارییە نەدەدا، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە زۆربەی زۆری نووسەرانی شانۆی کلاسیک هەر خۆیان ڕیژیسیۆری شانۆنامەکانی خۆیان بوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شانۆنووسانی کلاسیک کەمتر خۆیان لە قەرەی وردەکاریی ڕۆژانە دەدا پتر خۆیان بە شتە جەوهەرییەکان و ناوەرۆکی شیعرییەوە دەبەستەوە.

هەر چۆنێ بێ ڕیژیسیۆر ناچار نییە تێبینییەکانی نووسەر ڕەچاو بکرێ، مەگەر خۆی زۆری پێ باش بن یان بەلایەوە سوودبەخش بن.

ئەوە لەبەرچاو بگرە کە زۆربەی ئەو تێبینیانە پاش پیشاندانی شانۆنامەکە نووسراون و بەشێکی زۆریان زادەی کاری ڕیژیسیۆرێکی دیکەیە، کە بەهیچ پێوەرێک ئەوە ناهێنێ دارژێنرێنە ناو کارەکەی تۆوە. ئەو نووسەرانەی کە تێبینی و ڕێنمایی خۆیان لەبارەی هەموو شتێکی ورد و درشتەوە تۆمار دەکەن، ئەو نووسەرانە پێ بزانن و پێ نەزانن، دەیانەوێ ڕۆڵی ڕیژیسیۆر ببین، بەڵام لە شانۆی هاوچەرخدا بەدەگمەن ڕێک دەکەوێت نووسەر ڕیژیسیۆرێکی بەهرەدار بێت، تەنانەت گەلێ لە درامانووسان کاتێ کە خۆیان شانۆنامەکانی خۆیان دەرهێناوە، شکستیان هێناوە، لە ڕاستیدا نووسەران بە دەستنیشان کردنی ورد و درشتی شانۆنامەکانیان بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، دەرگا و پەنجەرەکانی خەیاڵ لە ڕووی ڕیژیسیۆر و ئەکتەر و سینۆگرافیشدا دادەخەن، بۆیە بەگشتی خۆبەستنەوە بەو ڕێنماییانە بەزۆری زیان بەخشە و ڕیژیسیۆر دەبەستێتەوە. ئاگاداری تێبینەکانی نووسەر بە، بەڵام مەبە بەکۆیلەی.

# ئەندەر ڕۆهەر
# پەنجەرەیەکە بەسەر شانۆی کوردییەوە

شانۆی کوردی؛ هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق تاوەکو ئازادکردنی ئەو دەوڵەتە، ململانێی زۆری لەگەڵ حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عیراق هەبووە.

خاسیەتی هەر هەموو حکومەتەکان بەرامبەر بە شانۆی کوردی ئەوەبوو؛ ڕێگە نەدەدرا بەهیچ شێوەیەک شانۆی وڵاتانی ئەوروپی و تەنانەت عەرەبیش بێتە ناو کوردستان و لەسەر شانۆکانی کوردستان، بۆ بینەری کوردو شانۆکاری کورد، ئەزموونەکانیان نمایش بکەن.

ئەو حکومەتانە، لەسەر ئاستی وەزارەتی ڕۆشنبیری عیراق و وەزارەتی پەروەردەی عیراق ساڵانە پرۆتۆکۆلیان لەگەڵ شانۆ بەناوبانگەکان هەبوو، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان لەسەر شانۆی بەغداو بەسراو موسڵ نمایش بکەن، وەکو شانۆگەرییەکانی ولیەم شکسپیر.

هەر بەم شێوەیەش، شانۆی عیراقی بەرهەمەکانی خۆی بردۆتە فیستیڤاڵەکان و وڵاتانی جیهان. سیاسەتی حکومەتەکانی عیراق، شانۆی کوردی بەتەواوی لە سنووری کوردستان کۆت و بەندکردبوو، ئەمەش هۆیەکی زۆر گەورەو ڕاستەقینە بوو بۆ ئەوەی شانۆکاری کوردو شانۆی کوردی گەشەنەکات و نەچێتە چوارچێوەی شانۆی جیهانی. لەگەڵ ئەم سیاسەتەشدا، شانۆکارانی عەرەبی عیراقی زۆر چاک دەیانزانی شانۆکاری کورد خاسیەتی شانۆی جیهانی پێوە دیارەو لە ڕۆژنامەکان ئەمە بە بوێریەوە گوتراوە. لە دوای ئازادکردنی عیراق هەموو ئەو سیاسەتە چەوتانە هەڵوەشانەوە. شانۆی ئەندەر ڕۆهەری ئەڵمانی وەکو دەست پێشخەرییەک بۆ یەکەمین جار لە

موحسین محەمەد




مێژووی شانۆی کوردی. پەنجەرەیەک بەسەر شانۆی کوردی دەکاتەوە سالّی ڕابردوو، شانۆگەرییەک لە سلێمانی و دوو هونەرمەندی شانۆیی بانگهێشی فیستیڤاڵە بەناو بانگەکەی ڕێگەی حەریر کران لایەکەی تری ئەم پەنجەرەیە، ئەم ساڵ لە ئادار ڕووی لە هەولێری پایتەخت کردو بەتەواوی پەنجەرەکە والآ کرایەوە ڕۆبۆرتۆ چولی خاوەن و داهێنەری شانۆی ڕۆهەر بەیاوەری هونەرمەندی کوردستانی باکوور فەرهاد فەقێ و کارگێڕی شانۆکە خاتوو ڕێناتا ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٤ پێیان نایە فڕۆکە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر، هەر لەمیانەی ئەم سەردانەدا، ڕێککەوتنامەیەکی مێژوویی لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و شانۆی ئەندەر ڕۆهەر ئیمزاکرا و شاندێک لە مانگی نیسان ڕەوانەی ئەو شانۆیە کرا. د. ڕۆبۆرتۆ چولی هونەرمەندێکی ئیتالّییە، چەپە، خۆی بەدۆستی گەلان و دوژمنی ئەمریکا دادەنێ. بەر لە بیست و چوار ساڵ بەهاوکاری دراما تۆرگی ئەڵمانی هڵموّت شیڤەر و نیگارکێش گراڵف ئەتسارت ئەم شانۆیەیان دامەزراندووە ڕۆهەر ناوی شوێنەکەیە، تەلاری شانۆکە پێشتر شوێن حەسانەوەی نەخۆشان بووە، وەکو چارەسەرییەکی سرووشتی.

تەلارەکە سێ نهۆمە، زۆر گەورەیە ڕووبەرێکی گەورەی داگیرکردووە. دیوی پشتەوەی. بەرزاییەکە دەکەوێتە سەر پارکێکی گەورە، گۆماوێکی گەورەی تێدایە، ڕۆژانی پشوو خەڵک ڕووی تێدەکەن، لای پێشەوەی شانۆکە هەر ناو پارکەکەیە، بەڵام لەو شەقامەوە نزیکە کە دەچێتەوە ناوشاری میوێهایم.

شانۆی ئەندەر ڕۆهەر ساڵانە ڕێپورتواری خۆی هەیە بەشی هەرە زۆری ئەگەر هەمووی نەبێ، ڕۆبۆرتۆ چولی بۆ شانۆ دەریان دەهێنێ. ساڵانە دوو تا سێ شانۆگەریی بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ڕێپۆرتوارەکەی بریتییە لە هەموو ئەو شانۆگەریانەی کە چەند ساڵێک پێشتر بەرهەم هاتوون و بەردەوام لەشارەکان نمایش دەکرێن و هەمیشە گۆڕانکاریان بەسەردادێت. شانۆی شارەکانی ئەڵمانیا داوای نمایش کردنی بەرهەمەکانی ڕۆهەر دەکەن. ئەوجا چ لە ڕێگەی ڕۆژنامە بێت، یان لە ڕێگەی پڕۆتۆکۆلی تایبەت بێت، شانۆگەرییەکان دەفرۆشرێنە ئەو شوێنانە، بینەر بە بلیت شانۆگەرییەکان دەبینێ و تەنانەت پرۆگرامی شانۆگەرییەکانیش کە ئێمە لە کوردستان و عیراق بەخۆڕایی بەسەر بینەرانی دابەشی دەکەین، ئەوان بەپارە دەیفرۆشن، تەنیا ناوی ئەکتەرو بەشداران نەبێت بەخۆڕایی دابەش دەکرێ. کە ئێمە لە ڕۆهەر بووین لەگەڵ ئەکتەرەکان چووین بۆ شاری کۆڵن و شاری ولفیسۆرگ و شاری مۆرس، بۆ نمایش کردن ئەو بەرهەمانەی کە داوا کرابوون کارمەندو هونەرمەندانی ئەندەر ڕۆهەر دوو جۆرن، یەکەمیان بەردەوام بە گرێبەست کاردەکات، هەرسێ ساڵ جارێک ئەو گرێبەستانە نوێ دەکرێنەوە، دووەمیان ئەوانەن کە گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێ بۆیەک ئیش. مانگانەی هونەرمەندان لە دوو هەزار تا دە هەزار یۆرۆیە، واتە مانگانەکە لە هونەرمەندێک بۆ هونەرمەندێکی دیکە دەگۆڕێ هونەرمەندی بەتوانا فەرهاد فەقێ کە خەڵکی کوردستانی باکوورە و ماوەی چواردە ساڵە ئەکتەرە لە شانۆی ئەندەر ڕۆهەر، لەشاری دیوزیۆرگ دادەنیشێ کە ماوەی بیست خولەک لە شاری میولێهایم دوورە، ڕۆژانە وەڵامی پرسیارەکانی منی دەدایەوە، جار جارەش بەیەکەوە لەبەردەم شانۆکە پیاسەمان دەکردو باسمان لە شانۆی کوردی دەکرد، کە چەند پێویستە ئەو پردی پێوەندییە لەگەڵ شانۆی جیهانی ببەستێ، فەرهاد عەشقی شانۆی کوردییە، هەر لە ڕێگەی شانۆی کوردی تاراوگەوە چوو بۆ ئەندەر ڕۆهەر، ئەو پێشتر هونەرمەند نەبوو، ئێستا ئەو لە باوەشی شانۆیەکی جیهانی ناودارە، بەڵام دەشزانێ شانۆی نەتەوەکەی زۆر گرنگترە بۆیە یەکێک لە خاڵەکانی پرۆتۆکۆلی نێوان وەزارەت و ئەو شانۆیە ئەوەیە؛ دەرهێنەرێک بێتە کوردستان و شانۆگەرییەک ئامادە بکات، پاشان ئەو شانۆگەرییە لە شارەکانی کوردستان نمایش بکرێ دوا جاریش لە ئەندەر ڕۆهەر نمایش بکرێت. فەرهاد فەقێ بەشێوەیەکی سروشتی خۆی سەپاند. هونەرمەند ئەرسەلان

دەروێش کە سەرۆکی شاندەکە بوو، داوایەکی ڕەسمی لەوەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، پێشکەش بە ڕۆبۆرتۆ چولی کرد بۆ ئەوەی دەرهێنەرێک دیار بکەن تاوەکو لە کوردستان بەرهەمێکی شانۆیی ئامادە بکات، بەیەک دێڕ ڕۆبۆرتۆ وتی: لەگەڵ فەرهاد قسە بکەن. ئەوەبوو شەوی ٢/٣٠ ماوەی سێ سعات گفتوگۆمان لەگەڵ فەرهاد کرد لە بارەی پرۆژەی؛ شانۆگەریی (زەماوەندی خوێن)ەوە بێگومان ئەمەش هەنگاوی سێیەمە لە ڕێککەوتنامەکە کە نیاز وایە لە ماوەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێت.

ئایا شانۆی کوردی سوود لە ئەزموونەکانی شانۆی ئەندەر ڕۆهەری ئەڵمانی دەبینێ؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، پێویستی بە کۆمەڵێک وەڵام هەیە تاوەکو مانای ڕاستەقینەی ئەو پێوەندییە بەدیار بکەوێت. دەکرێ سەرەتا لە دروشمی شانۆکە دەست پێ بکەین. دروشمەکە «بڕوانە وێنەکە» وەکو دیارە لە نیشانەکانی هاتووچۆ وەرگیراوە کە نیشانەیەکی جیهانییە. دروشمەکە تیری دوو ڕێگای تێدایە، یەکێکیان ڕاست دەڕوا، ئەوی دیکەیان ڕووی لە چەپە، زەمینەکەشی ڕەنگی شینە. من کە لێرە بووم وا ڕاڤەی دروشمەکەم کرد: شانۆی ئەندەر ڕۆهەر ڕاست دەڕوا و بۆ لای چەپ لادەدا، ئەرسەلان پێی وتم: ئەندەر ڕۆهەر لە ڕێگەی ڕاست لادەدا. من نەمتوانی قسەلەسەر ئەو بابەتە بکەم، هەستم کرد ئەمە وەڵامێکی ڕەوانە، واتە لەبەر کراوە، کە شانۆگەرییەکانم بینی، یەکسەر دروشمی ئەندەر ڕۆهەرم، بەبیرهاتەوە زانیم کە شتێک هەیە، ئەو شانۆیە هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ شانۆی ئەوروپی نەبوو، ئەوەی من بەکاسێت و (CD) بینیبووم، لە ڕووی هونەرییەوە جیاواز نەبوو.

فەرهاد فەقێ پێی وتم شانۆی ئەندەر ڕۆهەر لە ڕێگەی ڕاست لادەدا. لە شانۆگەرییەکانی ئەندەر ڕۆهەردا دەق ئامادەیی تەواوی هەیە، ماوەی شانۆگەرییەکان درێژن لە دوو سعات تاوەکو دوو سعات و پەنجا خولەک دەبن، لە هەندێکیان دەق هەر زۆر زاڵ بوو. من گرفتی زۆرم هەبوو تاوەکو لە دواندنەکان بگەم، کاک ئیحسان پەیامنێری کوردستان TV لە دانیشتنێکدا وتی دواندنەکان زۆر بەهێزن، یەکسەر پێم وت: ئایا لەگەڵ جووڵانەوەو شێوەکە دەگونجێ وتی: نەخێر، ماناکان پێچەوانەی یەکن.

یەکسەر زانیم ئەمە یەکێکە لە جیاوازییەکان، شانۆی



د. ڕۆبۆرتۆ و سیمۆنا

کوردی پێویستە بەدوای وەڵامی ڕاستەقینەدا بگەڕێ، چونکە ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە. لەبارەی شێوەی شانۆکە، لە جووڵانەوە، لە دیمەنەکان، ڕۆبۆرتۆ چولی هەردوو شێوازی شانۆی لاسایی و شانۆی نوێی پەیڕەوی کردبوو، تەنانەت لەشێوەدا پاراسایکۆلۆژیای بەکارهێنابوو. هونەرمەند ژیلوان تاهیر کە ئەندامێکی وەفدەکە بوو، لە گفتوگۆکانماندا وتی، ئێمە لە ئەکادیمیا ئەوەمان خوێند، دەمانزانی لە شانۆی ئەوروپی پاراسایکۆلۆژیا بەکاردێت.

ئێمە لە دوو شانۆگەری ڕۆبۆرتۆ چولی ئەوەمان بینی لە یەکەمیان. ڕۆبۆرتۆ چولی خۆی ئەوەی لە بارێکدا بەکارهێنا، ڕۆبۆرتۆ ئەو پیرە تەواو شەکەتە، لەبەرچاوی بینەران شەرابێکی سوور دەکاتە ناو ڕۆژنامەیەک، پاشان ڕۆژنامەکە دەق دەکاتەوە، سەرەو ژێری دەکات، دواجار، شەرابی ناو ڕۆژنامەکە بەتەواوی دەکاتە ناو پەرداغێک.

لە شانۆگەریی دووەمدا، مردنی دانتۆن، موهەریجەکانی سێرک گالیسکەیەکیان هەبوو، هەندێ جار دەرگاکانی گالیسکەکە سەر بەخۆو بەبێ هیچ دەستێک یان ئامێرێک، زۆر بەتوندی دەبوونەوەو دادەخرانەوە. شێوازی هەرە نوێ لە شانۆی ڕۆبۆرتۆ چولی هەبوو. لە شانۆگەریی دۆنا ڕۆزتیای لۆرکا.

ماڵەکە زەویەکەی خواربوو، پیانۆیەک نیوەی لە قوڕ چووبووە خوارەوە، نیوەی لە دەرەوە بوو.

ئەو نیوەی کە قوڕبوو، کونێکی چەشنی تەنووری هەبوو. سیمۆنا تۆما لەناو ئەو کونە هاتبووە دەرەوە، نیوەی ڕووت بوو، پاش ئەوەی خۆی جوان کرد، پاشان سەیوانەکەی کردەوە، ماوەیەکی زۆر سەیوانەکەی



بەدەستەوە گرت، ئەم دیمەنە وەکو وێنەیەکی ڕەمزی ناماقوڵ واتای زۆری دەگەیاند. لە شانۆی ئەندەر ڕۆهەر دیمەنی هونەری شێوەسازی و دیمەنی لاسایی هەیە، هەندێ جار، لەیەک شانۆگەریدا هەردوو ئەم شێوازە بەکاردەهێنێ.

دیکۆر لە شانۆگەرییەکانی ڕۆبۆرتۆ، زۆر سادەیە کورت کراوەیە، ئاماژەی خۆی هەیە، ئەو زۆر پشت بە نمایشی ئەکتەر دەبەستێ، ئەکتەرەکان جەستەیان زۆر بەهێزە، ماندوو بوونیان پێوە دیار نییە.

کاری ڕەوان «ارتجالی» یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەم شانۆیە، فەرهاد دەڵێت: ئێمە ئەو شانۆگەرییانە کە دووبارەو سێ بارە نمایشیان دەکەینەوە، هەمیشە گۆڕانی تێدا دەکرێ، ڕەنگە هەندێ جار زۆر جیاوازیش بێت، کەسایەتی لیبۆک «مهرج» لە زۆربەی شانۆگەرییەکاندا بوونی هەیە، ئەگەر تەواوی شانۆگەرییەکە لەسەر ئەو بنچینەیە دروست نەکرابێت، لە شانۆگەریی شازادەی بچکۆلەو شانۆگەریی مردنی دانتۆن بەتەواوی لەسەر بنچینەی لیبۆک داڕێژراو بوون.

دەقە شانۆییەکانی ئەندەر ڕۆهەر بەگشتی جیهانین، بڕێکیشان ئەڵمانین، ئەو دەقانە هەرگیز وەکو خۆیان نمایش ناکرێن، بەڵکو کاریان لەسەر دەکرێ و بەشێوازی نوێ نمایش دەکرێن، لە ڕێپۆرتواری مانگی نیسان کە ئێمە بەشدارمان تێدا کرد دەقەکان بەگشتی بابەتی ئەم نووسەرانە بوون. ئارثەرمیللەر، سۆفۆکلیس، لۆرکا، جۆرج جۆخنەر، برتۆلدبرێخت، لە ڕێپۆرتواری مانگی نیسان «٢١» نمایش شانۆیی هەبوو لە «٥» شار جگە لە میولهایم پایتەخت.

ئەندەر ڕۆهەر. ماوەی نمایشەکان لە یەک سعات و پازدە خولەک وەکو شازادەی بچکۆلە، دوو سعات و پەنجا خولەک وەکو دۆنا ڕۆزیتا.

ئەکتەر لە شانۆی ئەندەر ڕۆهەر دوو وەچە بوو، وەچەیەکیان گەنج بوون لە کوڕان و لەکچان، دووەمیان لە تەمەنی سی ساڵی تاوەکو پەنجا ساڵی دەبوون، ئەکتەری پیریان نەبوو، ڕۆبۆرتۆ چولی تاکە پیری ئەو شانۆبەیە تەمەنی نزیکە حەفتاو پێنج ساڵ دەبێت، بەڵام لە توانای جەستەیی هیچی کەمتر نەبوو لە ئەکتەرە بەتەمەنەکان.
ئەکتەرە ناودارەکانی ڕۆهەر بەگوتەی فەرهاد فەقێ ئەم هونەرمەندانەن. پیزا فۆن دیا بیک، ئەلبێرت بۆرک، ڕۆزماری برۆیشا، فەرهاد فەقێ، کلاوس هرتسۆک، فابیۆ مەڵیندەز، ماریانۆیمان، شتەفن ڕۆیبەر، فۆلکەو رۆز، ڕوپەرت زایدل، سیمۆنا تۆما هاوسەری د. ڕۆبۆرتۆ چولی، دۆرۆتی لینتەر. دراما تۆرگی هۆڵمەت شیفەر، دیکۆرکێش گراڵف ئەتسارت هاپن، ڕووناکی ڕۆژدی ئالیی، جل و بەرگ هانک شتورک، دەنگ فرانس دومسیسوس و گرت پۆسنی، یاریدەدەری دەرهێنەر تۆماس گۆرگن. شانۆی ئەندەر ڕۆهەر وەکو تەلارێک زۆر مەزنە کارگەی ئاسنگەری و دارتاشی و کارەباسازی و بەرگدرووی تێدایە. کۆگایەکی زۆر مەزنی تێدایە کە دیکۆرو جل و بەرگ ئێکسواری شانۆگەرییەکانی تێدا هەڵدەگیرێ، بۆ دووبارەکردنەوە لەو شارانەی کە داوا دەکرێن بۆ نمایش کردنەوە.

فیستیڤاڵی ڕێگەی حەریر یەکێکە لە فیستیڤاڵە گرنگەکانی ئەڵمانیا، شانۆی ئەندەر ڕۆهەر سازی دەکا. ئەم شانۆیە نەریتی خۆی هەیە پێوەندی بە گەلان و وڵاتانی دیکەوە هەیە خۆی کۆت و بەند نەکردووە لە سنووری ئەڵمانیا، ئەندەر ڕۆهەر بەشداری کردووە لە فیستیڤاڵی فەجر لە تاران و لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا پێوەندی کولتووری هەبووە و تاوەکو ئێستاش لەگەڵ ئێران بەردەوامە، کە ئێمە لەوێ بووین خاتوو لالە نمایندەی کولتووری ئێران میوانی ئەندەر ڕۆهەر بوو لە ڕاستیدا ئەم شانۆیەو خاوەنەکەی ڕۆبۆرتۆ چولی لە ڕووی هونەرییەوە پەنجەرەیەکی مەزنە بەسەر شانۆی کوردییەوە، ئەگەر بە وردی لە بنەما هونەرییەکانی ئەم شانۆیە بکۆڵینەوە، بێگومان سوودی زۆر بەشانۆی کوردی دەگەیەنێ لە ڕووی هزریشەوە، ئێمە هەر بە جیاواز دەمینێینەوە، تەنانەت ئەگەر د. ڕۆبۆرتۆ دۆستێکی هەمیشەیی ئەمریکاش بێت، چونکە لە بنچینەدا

کولتوورەکەمان جیاوازە، ئێمە لەوێ زۆر بە ڕوونی باسمان لەو جیاوازییە کرد. هونەرمەند فەرهاد فەقێ و هونەرمەند کرمانج بێدڵ لە ململانێدان لەگەڵ هەندێک لەو شانۆکارە کوردانەی ئەو وڵاتە کە دەیانەوێ ئەو جیاوازییە وەکو بابەتێکی بیانی نێگەتیڤ بورووژێنن کرمانج کە ئەندامێکی وەفدەکەمان بوو هەروەها ڕێکخەری بانگهێشت کردنی وەفدی ڕۆهەر بوو بۆ کوردستان ئەرک و ماندوو بوونی زۆری چەشت تاوەکو ئەو پردی پێوەندییەی نێوان ئەندەر ڕۆهەر و وەزارەتی ڕۆشنبیری دروست بوو. بەپێچەوانەوە ئەو شانۆکارانەی ئەڵمانیا دەیانتوانی ئەو پردی پێوەندییە بەشێوەیەکی دیکە دروست بکەن کە لەگەڵ میزاجی ئەوان بگونجێ لە هەمان کاتدا دەبووە بەرپەچدانەوەیەک بۆ سیاسەتی ئەندەر ڕۆهەر، لە سیاسەتی جەنگی ئازادکردنی عیراقدا.

ئەوەی کە ڕووی دا بە تەواوی جیاوازە، ئەندەر ڕۆهەر لە دوای ئازادکردنی عیراق، پەنجەرەیەک بەسەر شانۆی کوردیدا کردەوە. فەرهاد بە ڕاشکاوی پێی وتم:

د. ڕۆبۆرتۆ چولی و شانۆی ئەندەر ڕۆهەر لەگەڵ ئازادکردنی عیراق بوون، بەڵام بەشێوەیەکی سیاسی بەڕای من، ئەم سیاسەتەش، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەڵمانی بوو بەسەر شانۆی ئەندەر ڕۆهەر.

ئێمە لە کوردستاندا مافێکی ڕەوای خۆمان بوو، بەشداری لە ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن بکەین، بەهەمان شێوە، لەسەرمانە ڕەچاوی سیاسەتی وڵاتانی دیکەش بکەین، لەبارەی دۆسیەی جیهانی بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە.

ئێستا، دوای ئازادکردنی عیراق، بۆ ئێمەی شانۆکاران زۆر گرنگە ئەو سنوورانە کە پێشتر زۆر توند داخرابوون، ئەمڕۆ بەسەر شانۆکەماندا بکرێنەوە، ئەندەر ڕۆهەر دەیەوێ بە هەموو لایەکدا بڵاوبێتەوە، ئەوەش مافی ئەوانە، جگە لە وەفدی ڕێککەوتنامەکە د. ڕۆبۆرتۆ، هونەرمەند عادل حەسەن و هونەرمەند محەمەد عەلی ئەترووشی لە دهۆک، هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی ئێمە، بانگهێشتی شانۆکەی کردبوو، ئەوەی من هەستم پێی کرد، ئەندەر ڕۆهەر نایەوێ خۆی کۆت و بەند بکات، ئەو هەمیشە دەیەوێ بە ئازادی خۆی کار بکات، لەبەر ئەوە گرفتی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا هەبوو، ئەوەشی لە کۆبوونەوە، بە ڕاشکاوی بە ئێمە ڕاگەیاند و وتی: جاری وایە! دڵنیاتان دەکەمەوە کە ڕۆژهەڵدێ.

# گوزەرێک بەسەر سێ ئەزموونی شێوەکاری

سۆران ئیسماعیل

مرۆڤ هەمیشە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەمی ئێستای ژیان کات دەگوزەرێنێ و لەگەڵ بەسەر بردنی هەر ساتێکی کاراکانیدا تایبەتمەندییەک دێنێتەکایە، لەوەدا دەبێت هەموو ئەو کردانەی پێی هەڵدەسێ لەگەڵیدا تەبابێت تا ئەو ڕادەی لە نزمترین ئاستدا تا بەرزترین ئاستدا خۆ بگونجێنێ بەم حاڵەتەش ڕەوشێک دێتە ئاراوە کە هیچ شتێک بوونی نەبێت تەنیا لە ڕێی ڕەسم کردنەوە نەبێت. بە مەرجێ مرۆڤ هەموو تواناکانی تاکێتی خۆی لە پێناو سەرف بکات. لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هاتنەکایەی جۆرە ڕاهاتنێک لەنێوان خود و تایبەتمەندی ئەو شتانەی کە بۆ چالاکییەکان پەراوەی دەکات. دیارە بۆ وەبەرهێنانی هەر دەسکەوتێکی هونەریش، ئەوا لە ڕێی ئەو ناواخنە ڕۆمانسییەی هونەری و کەرەستەی هەستی هونەرمەند بۆ بەکاربردنی ڕەسم کردنەوە دەبێت.

کارامەیی هونەرمەند لەو نێوەندە دەردەکەوێت کە بتوانێ چاوی بینەر بە حەقیقەتی ساوی تابلۆ بگەیەنێت و بەرجەستەی تێڕوانینی بکات.

بۆ «مەنزور خاسیەتێک دەخوڵقێ کە بۆ هەر ڕووبەرێکی تەخت شێوە دەرچوونێکی بارز پیشان بدات و بۆ هەر ڕووبەرێکی بارزیش شکڵێکی تەخت نیشان بدات» ئەوەیان گوتەی لیۆناردۆ دافنشییە لەبارەی «منظور»ی تابلۆوە، هەر بەم دەروازە گوتەییە دەڕوانینە تابلۆکانی هونەرکاری «سەردار کێستەیی»

لە پێشانگایەکی هاوبەشدا لەگەڵ هونەرمەندان «لوقمان سەلام، مەروان شوکری» پێکەوە لە گەلەری کوردستانی هەولێری پایتەخت سازییان دابوو.



**تابلۆی هونەرمەند**
**«لوقمان سەلام»**

تێیدا ناوبراو لە کارەکانی ئەمجارەی بە شێوازێکی جیاواز لەوانەی پێشووی ئیشی بۆ کردبوو هەروا بە ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی جیا لە دوو هونەرمەندەکەی تر لە ڕووی ستایل و تەکنیک و کەرەستەی بەکارهێنراو ئەنجامی داون، بەڵام لە ڕووی فیکرە و بابەتەکانی نزیکە لە هەردووکیان. ئێستا بمانەوێت توێژینەوەیەکی ڕاڤەیی بۆ کارەکانی بکەین. ئەوا لە هەر دوو دیوی دەرەوەی فۆرمی فۆرم و فۆرمی ناوەرۆک لەگەڵ ناواخنی تابلۆکانی وەک مەبەست و ئامانج لە فیکرەکانی دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین هاوکێشەیەکی هاوسەنگ ئەو نێوەندەی پێکاوە، بەڵام لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی تازەگەریدا و بە دەسکاریکردنی چەند خاسییەتێکی ستاندەریش لە چوارچێوەی کەرەستەی ئامادەکردنی تابلۆکێشاندا بۆ نموونە هەندێ تابلۆکانی لاکێشەییەکی زۆر تەسک و درێژن بە شێوەیەکی ئاسۆیی کێشراون هەندێکی تریش بە هەمان ئەندازەن، بەڵام بەشێوەیەکی ستوونی دامەزراندوون، ئەگەر زێتر بەم باسە شۆڕ ببینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین هونەرمەند سەردارکێستەیی دوو فۆرمی دەرەوەی هەڵبژاردووە، یەکیان لە دیوی «دەرەوە» واتە هەڵبژاردنی دیکۆرێشنە بە چوارچێوەی دەرەوە و کەرەستەی پێکهاتنی ماتریاڵی تابلۆ و لایەنە ئەندازەگەرییەکەیە جا ئەگەر کەمێک لە دیوی دەرەوەی نەخشەسازی بەرەو ژوورتری فۆرمی ناوەوە شێوە و فیگۆرەکانی پێکهاتەی تابلۆ نزیک ببینەوە، دەبینرێ هەڵبژاردنی کوتلەی ڕێکخستنی فیگۆرەکان لە دوای یەک ڕیز بەندکراون لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی بەردەوامدان بە هەمان شێوەش لە بەشەکەی تری کار لەسەرکردنی ستوونی ئەم شێوە دیاردەی دووبارەکردۆتەوە. بە گۆڕینێکی ڕێژەیی نەبێت.

دیسان دیاردەی دووبارەبوونەوەی شکڵەکان وەک خۆیەتی لە سەرجەم تابلۆکانیدا بە دەسکاریکردنی چەند پەیوەستێکی دەوروبەری فیگۆرە بەستراوەکانی لێدەرچێت.

لێرەدا هەر لەگەڵ ئەم نزیکبوونەوە هاوشێوەییەی فۆرمییەتی دەرەوە و ناوەوە لە چۆنییەتی دروستکردنی تابلۆکانی، دەتوانیین بڵێین مامەڵەکردنی ڕەنگیش لەیەک کاتی زەمەنی دەستبەکاربوونی کارەکانییەتی و بیبەستینەوە بە چۆنیەتی دانانی ئەو ڕەنگانەی کەلای خۆی دیاریکراون و جۆری تۆناتی و گەرمی و ساردی ڕەنگەکان و هەروا هەڵبژاردنی شەفافییەت و ڕێژەی بەکارهێنانی تەنکی و ئەستووری ڕەنگەکان لە هەر سێ جۆری نەخشەسازی تابلۆکانی و ناوەرۆکی بابەتەکانی هەمان ڕێچکەگرن و زۆر لێکتر نزیکن بەدەر لە چەند تابلۆیەک کە ئەویش تۆناتی کەش و دۆخی بابەتەکەی گۆڕیوە و ڕووە و تۆخی یاخود کاڵبوون بردوویەتی و کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی بەخشیوەتە ناوەرۆک و لە

ئاکامە دوو حاڵەتی دڵڕفێن و تراژیدیایی پێچەوانەی یەکتری خولّقاندووە، پێدەچێت ئەم شێوازی کارکردنەش بۆ دوو ئاراستە بڕی لێکدانەوەی هونەرمەند بگەڕێتەوە کە زێتر خۆی لێی بەرپرسی هەستکردنییەتی و ئێمە مانانیش هەرکەسە و بە چاوتێڕوانینێکی خۆمان پێی ئاشنا دەبین تا چەند پێی ئاسوودەبین یان ڕەفزی دەکەین:

یەکەمیان: دیارکەوتنی توانا بەسەر داشکاندنی ئەزموونی هونەرمەندە لە بڕینی ئەو ماوە زۆرەی کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی چەندێتی ژمارەی تابلۆکانی ناو پێشانگاکەی تەرخان کردووە لە چۆنییەتی لانەدان و پابەندبوونی شێواز و تەکنیک و بابەتەکان لە یەک ستایلی تایبەت بە خۆی و پێناسکردنی ڕەگەزنامەی هونەری ناوچەگەرێتی خود کە پێم وایە ناوبراو گەڕێت و واژەی خۆی لەسەر تابلۆکانیش نەکات، ئەوا هەرکەسێک سەیری بکات، دەزانێ ئەم تابلۆییانە لە کوردستانێکی ڕەنگ گەرمی ناوچەی ڕۆژهەلات کێشراون.

دووەمیان: ڕووە و دووبارە کردنەوەی شێوەی کارکردن دەتبات بۆ نێو بازنەیەکی داخراو و خولخواردوو بۆ چەند جارێک لە ئەژمارەی ئەو تابلۆیانەی کێشاوییەتی تووشبوونێکی «ملل» و وەرزیت بەسەر دێنێ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شێوە ئامێرێکی کۆپیکردنت لابێت لەنێو هەست و نەستی تێڕوانینت هەر لە بینینی یەکەم تابلۆ تا دواین تابلۆ تەنیا دوو جۆر ببینێت و ئەو شتانە لەسەر کۆپی بکەیت کە ئەمەش لەوەدایە بینەر بەرەو ئاراستەیەکی دووبارەیی ببات.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بابەتی تابلۆکانی هونەرمەند «سەردار کێستەیی» زێتر پەیوەستی کردووە بە جیهانێکی داخراوی تایبەت بە ئافرەتان، هەر لە دەرکەوتنی سیما و ڕوخساری سەرشکڵی ئافرەتەکانەوە جیهانێکی تایبەتتری بە هەریەک لە کەسایەتی و خوونەرێتی ئەوان دەردەخات. ئەگەر وردتر سەیری فیگەرەکانی ناو تابلۆکانی بکەین، ئەوا ڕیزبەندی هەڵپەڕکێی ئافرەتەکان جوایز لە ڕێک وپێکی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی کوردی سیمایەکی پەرتەوازەیی و ناتەبایی دەبینرێ و هەڵهاتن و هەوڵی لێکچڕژانی هەڵپەڕکێیەکە هەست پێدەکرێت لەلای بەشداربووان. ئاشکرایە شاییکردن و هەڵپەرکێی کوردی چ لەلایەن پیاوان یان ڕەشبەڵەک، ئافرەتان بێت، بە جۆرێکی نیمچە بازنەیی درێژکراوی قۆقزی دادەمەزرێت، هەر لەسەر چۆپییەوە تا گاوانی، کەچی ئەو تەشکیلە هەڵپەڕکێیەی ناو تابلۆکەی هونەرمەند «سەردارکێستەیی» بە ڕەهەندێکی دوور و درێژ بەستراوەن و بێ سەروبەرن یەکانگیرنین، ئەوانەی پێکیان هێناون وا پێدەچێت بە تۆبزی هێنراون و بێزراون ڕوو سیمای هەریەکەیان بۆ لایەک دەڕوانێ و هەنگاوی لەش و لاریان فرە ئاراستەن ئەوەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی سایکۆلۆژییەتی دەروونییە بەرامبەر ئافرەتان لەنێو خۆیاندا.

ئەگەر بێت و بە ڕێژەیەکی نزیککراوەی بەراوردێک لە نێوان تابلۆی «سەمای بووکێنی لە کەشێکی کراوەدا» بکەین کە بەپەڕەمووچی هونەرمەند «پیتر برویغل» کێشراوە لەگەڵ تابلۆکانی هەڵپەڕکێی هونەرمەند سەردا کێستەیی، سەیر دەکەین، بە هەمان لێکدانەوەی دوو ڕووی ماناداری لەو تابلۆیەی پیتر برویغل دەبینرێ کە تێیدا هونەرمەند بەر لەوەی مەبەستێکی پیرۆزی بۆ بابەتی ئاهەنگەکە پیشان بدات، شادییەک بۆ ئارەزووییەکی هەڵەیی شەهوەتی سێکس دەردەخسێنێ کە ئەمەش لەوەیە ئاوا بە ئامانجی کارەکەی چووبێت، یان بێ مەبەست بووبێ خاکەراییانە ئەو دیاردەی لێ دەرکەوتبێ لە غەریزە سەرەکییەکەی تێپەڕیبێ، کەسایەتییەکانی بەشداربووی نێو سەماکە عەشوایی و پەرت و بڵاو تێکچڕژاون تەنیا سیمای کولتووری ولاتەکەیان بەسەرەوەیە و ڕەمزێکن بۆ ئارەزووە خۆشییەکانیان.

هەر دووبارە بێینەوە سەر بابەتە هەڵپەڕکێیەکەی هونەرمەند سەردار بە ڕای من دوو ئەگەری بۆچوونی هەیە ئەم وێناندنەی بەرامبەر هەڵپەڕکێی ئافرەتەکان لەوەیە دەستی ئەنقەستی خۆیەتی بۆ زەقکردنەوەی ئەو بابەتەی نێو کۆمەڵگە کە خۆی لە هونەرێکی شێوازی تەعبیرکراوی واقیع -سروشت دەدات، بەڵام بە چێژێکی ئێستێتیکایی داپۆشیوە هەر لەبەکارهێنانی زۆرینەی تۆناتی ڕەنگە زەق و بریقەکانی ژینگەی کوردستان و هەروا لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی ئەو دەوروبەرەی کە شوێنی هەڵپەڕکێی لێ بەستراوە کە لەوانەیە هونەرکار ویستوبێتی ڕەخنەیەکی ڕیالیزمی-تەعبیری کۆمەڵایەتی بگرێت بە شێوازێکی جوان و ئێستاتیکایی گوزارەی بکات و نیشان بدات . ئەگەرەکەی تر لەوەدایە کە بە شێوەیەکی خۆ نەویستی کاری بۆ کردبێت لێ بێ مەبەست بێ و دەرکی بەولایەنە کردبێت و تەنیا مەرامی بووە جوانی مێینە و ئافرەتی کورد وەک دیوی دەرەوەی ڕوخسار لە دیوی کولتوور و دەسماڵەی ڕەنگاڵەی جلوبەرگی کوردی بە ڕازاوەیی پیشان بدات. ئەمانە و لە تەک سیحری جوانی و سەرنجڕاکێشی سروشتی

کوردستان هاوتایی یەک بکات کە پێکەوەبییەکی جیهانی ئەفسووناوی پڕ لە ئارەزوومەندانەی خەیاڵ و چێژی ئەندێشە فانتازیای پێ ببەخشێت ئەوەشیان بۆ چۆنییەتی ڕوانینی خۆی دەگەڕێتەوە کە کامیانی مەبەست بووە بەدەربخات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بەرەو سەدەی نۆزدەیەم، ئەوا هونەرمەندی ئەوکات «ئەدوار مانیە» ڕەنگی ڕۆنی بەسەر خامی سپی ڕاستەوخۆ بەکار دەهێنا بە پەڕەمووچەکەی بەشێوەیەکی تیژ و بەهێز، مەبەستیشی ئەوەبووە کە ببینرێ کە تابلۆی «دەریا»ی کیشاوە بەبێ ئەوەی ڕەنگەکەی بەشێوەیەکی پەڵە پەڵەیی تەنکی گردبووی بکات، هەر ڕەنگێکیش لەسەر قوماشەکە بەو نرخە زۆر خەستەی خەملاندبووی کە لە ئەنجامی پلە پلەدارییەتی بەکارهێنانی ڕەنگەوە دەستی کەوتبوو هەروا گواستنەوەی لە پاڵێتەکەوە یەکسەر بۆ بان تابلۆکە، دیارە هونەرمەندیش خۆی خاوەن بڕیار لە چۆنییەتی و چەندایەتی جۆری تەکنیک کە پێویست دەکات بۆ بەکارهێنانی لە هەر کارێکی هونەری تاکڕەو بە ڕاهاتن لەسەر شێوازی کەسی خۆی و مەبەستە جوانکارییەکان و گوزارە پێبەخشینی کارەکەی.

لەم سۆنگەوە ئەگەر بنۆڕینە تابلۆکانی هونەرمەند «لوقمان سەلام» لە تێکڕای تابلۆکانی دیدوتێڕوانینێکی فرەوانی خۆی هەیە بەرامبەر سروشت و ژیاری کولتوور و کەلەپووری بۆماوەیی میللەتەکەی بە گوێرەی ئەو ناوچە و شوێنە جوگرافییەی ژیانی لێی بەسەر دەبات، دەرخستنی کەرەستەی خۆماڵی و پێداویستییەکانی ناو گوند و خانووە شاخاوییەکان، لە کۆی تابلۆکانی دەبینرێ، بە دوو جۆرکاریکردووە لە زۆر شتدا بۆ نموونە دوو جۆر کەرەستەی ڕەنگی بەکارهێناوە، بۆیەی ئاوی و ڕۆنی هەریەکە و بە تەکنیکێکی تایبەت بە سروشتی ماددەکە و شێوازی خۆی و هەروا بە دوو کەش و بارودۆخی ژینگەی سروشتدا کاری کردووە، ئەو ڕەنگانەشی کە خستۆتە سەر پانتایی ساوی تابلۆکەی، ئەو وەک هێناوەوەی ئەو نموونە تابلۆیەی دەریای مانییە، نزیکە، بەڵام لە ڕووی سکێچ و هێڵکاری فیگۆرەکان ئەوا لە هێڵکارییەکانی هونەرمەند «ئۆسکار کوکوشکا» نزیکە لە چۆنییەتی بەخشینی زیندەگی هێڵە ڕاڕاکانی و جوولانەوەی لەرەلەر هێڵەکانی «ئینسیابی» و چێژێکیش دەبەخشێتە بینەر بە هاوبەشی نێوان سۆزداری ئەو و هونەرمەند.

سەبارەت بەو دوو جۆرە کاری سروشتی ڕەسم کردووە



**تابلۆی هونەرمەند «سەردار کێستەیی»**

لە یەکیان خاڵی کردووە لەهەر بوونەوەرێک و فیگۆرێکی ڕۆحدار، تەنیا جوانی و قەشەنگی سروشتی کوردستان لە فەزایەکی کراوەدا وێنا کردووە بە ئیمپرێشنی ناخی چەند گرتەیەکی فۆتۆریستی- شێوەکاری تێکەڵ یەک کردووە جێ بەنجەیەکی هونەری ئەکادیمی پێوە دیارە و تەواو هەستی پێ دەکرێت، ئەو دیمەنانەش کە لە چیاکان و شاخ و دۆڵ و دەریاچە و ڕووبار و دارو درەخت پێک هاتووە؛ بە تەکنیکی بەکارهێنانی ڕەنگی ئاوی ئەنجامی داون ڕەنگەکان زۆر ئەزمووندار دیارن و پاقژ و شەفافن.

جۆری دووەمی ڕەسمکردنی سروشتی تێکەڵ بە ئاوەدانی و ئاوایی خەڵک و دابونەریت و کەسانی ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە لە دێر زەمانەوە شوێنگە و لانکەی باو باپیرانین، بەڵام لە دیوی بەکارهێنانی سروشتدا تێکەڵ واقعێکی - تەعبیری کردووە، دەربڕینکارانە ڕەسمی ئەو فیگەرانەی کردووە کە لە توخمی نێر و مێ و بوونەوەری تری کردووە فیگۆری ئافرەتی کورد زێتر ئامادەیی هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی تاک و کۆی کۆمەڵی کوردە لەکاتی بەسەر بردنی ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ئاوێتەی ژیانێکی گەشبینی

و تراژیدیایی کردووە.

پێدەچێت ناوبراو سەربەستییەکی تەواوی داوەتە خۆ لە هەڵبژاردن و ئاراستەگۆڕینی گۆشە نیگای تابلۆکان لە چۆنییەتی دارشتن و پێکهاتەی فیگۆر و کوتلەکان و ریتمی ڕێکخستنی نێوانیان، ئەگەر بهاتبایە. شێوازی ئەکادیمی- تەعبیری لە کارەکانی بەدەربوایە، ئەوا تابلۆکانی تەواو بەتاڵ دەبوون لە هەر مانایەکی هونەریی، چونکە بۆ خۆی فەوزایەک لە زۆری فیگۆرە کوتلە دابەشکراوەکان دەبینرێ، بەڵام وەک ئاماژەم پێدا بە ڕێگە چارەی هونەری دارشتنی ئەکادیمی-قوتاری کردووە لەو نەشازی وسەنگییەی. ئەوەی جێی تێڕامانی تابلۆکانی «لوقمان سەلام»ە هەست بە کردەی دوو تەکنیکی جیاواز دەکەیت لەبەرکاهێنانی کەرەستەی تەواوکردنی تابلۆکێشاندا.ئەگەر لەتەک یەکتر هەڵنەواسرابوونایە وات دەزانی هونەرمەندێکی تر ئەنجامی داون. ماوەتەوە بڵێین هونەرمەند «لوقمان سەلام» لەبەر قەبارە گچکەیی و لە جام نەگرتنی تابلۆکانی لە نرخی بەرچاوخستنی هێزی کارە هونەرییەکانی کەم کردۆتەوە لەبری ئەوە قەبارە گەورە و ستانداردی تابلۆکێشانی پەیڕەو کردبوایە، بە ڕای من تەواو لە کەموکورتی ڕزگاری دەبوو خەسڵەتێکی باشی هونەری دەبەخشی.

دەکرێ بڵێین هونەرمەندانی هاوچەرخ و بەتایبەت هی سەردەمی ئێستا لە کاری هونەریدا دەخزێنە نێو وابەستەییکردنی هونەری ڕەسم و پەیکەرتاشیی لە ڕێی هەڵقوڵزینەوەی و پێدانی شتە بەخشراوەکانی هەردوو هونەر بە یەکترەوە، خانمە پەیکەرتاش «للی بونتیکو ١٩٥٩» لەگەڵ ئەوەی پەیکەرتاشە، کاری ڕەسم دەکات ئەوکاتەی ڕەگەزەکانی هێڵکاری بە نەخشە دانان و سێبەردانانی تەنک و ڕێک دەخات بۆ ئەو شکڵانەی کە بنەمای ئەو پەیکەرە و پێکهاتەی تێل و کەرەستەو تاقمی ئاسنینەکانی لەسەر دادەمەزرێنێ. هەروا هونەرمەند «لرۆ برتۆکریبا ١٩٥٩» زیاتر بایەخی بە کۆکردنەوە و تێکهەڵکێشی بەسەر ڕووکەشی تابلۆ دەدات و گرنگی بەهەرسێ دوورییەکانی دەدا و بەم کارەی بیری بۆ هەمان ڕێچکەی ئەنجامدانی پەیکەرسازیی چووە.

هەردوو هونەرمەند و ئەوانی تریش ئەم دوو هونەرەی ڕەسم و پەیکەرسازیی تێکهەڵکێش دەکەن، هەروەک زۆربەی هونەرمەندانی تر بەشدارن لە چۆنییەتی ڕێگەچارەی ڕاهاتوو و سواو بۆ ئەو گیروگرفتانەی بەسەر سازدانی جوانی و ئێستیتیێکایی و ڕەنگدانەوەیان بەسەر دەوروبەر هەیە.

سەبارەت بە هەریەک لە شکڵە هونەرییەکانیان و ناوەرۆکی هونەرییان، هەڵقوڵاوی ئەو پێداویستەن کە هونەرمەند هان دەدات بۆ کارکردن و جیاوازی لە شێواز و چۆنییەتی ڕێگە بەکارهێنانی کەرەستەکان و هەمووی بەوە دەپێکێتە سەر جیاوازی لە مەیل و مەبەستی و کەسایەتی هەستیاری خۆی.


لەم سۆنگەوە بۆمان هەیە ئەم تەوزیفەی کارکردنی هونەری شێوەکاری لە نێوان ڕەسم و پەیکەرسازی لە کەسێکی وەک هونەرمەند (مەروان شوکری) ببینین و دان بە حەقیقەتی ئەو پرۆسە کارکردنەی بنێین.

تەواوکەری تابلۆکانی هەردوو هونەرمەندان «سەردار کێستەیی و لوقمان سەلام»ە لە ناو هۆڵی پێشانگاکە لەکاتی یەکەم هەنگاونان بەرەو پانتایی هۆڵی نمایشکەیان هەست بە لاداهاتنی ئەو بەرە دەکەی کە بەهۆی کێش و قەبارەکانی تابلۆکانی هونەرمەند «مەروان شوکری»ە وە وای بەسەر هێنابێت.

دیارە ئەم جۆرەی کارکردنی ناوبراو زێتر لە هونەری ئێنستەلیشن نزیکە بەرامبەر بەو مامەڵەکردنە پرۆسەییەی ماتریال بەکارهێنانیدا جیاواز لە شێواز و تەکنیک و کەرەستەی بەکارهێنراوی دوو هونەرمەندەکەی تر.

تەنیا بابەتی ئافرەت لێکی نزیک کردوونەتەوە لە کارەکانیدا هەمیشە هونەرمەندان لە تابلۆکێشاندا لە بابەتی ئافرەت بێ بەری نین و هەریەکە و بە چەشنێک هەست و درک بە ئێش و ئازار و کێشە و گرفتەکان لەلایەک و شادی و خۆشییەکانیان لەلایەکی تر دەکات. بۆیە هونەرمەند مەروانیش لەم کائینە بەخشندە و سۆزدارییە دوورە پەرێز نییە و تێکەڵی هونەرەکەی کردووە، جا بەشێوەیەکی واقعی بێت بەسەر هاتی حاڵەتی ئایرۆسیەت و بارنۆگرافییەت دەرحەق بە ئافرەت یانیش فانتازیابوونی هەمان حاڵەتەکان بە شێوەیەکی ئەندێشە و خەیاڵ ئامێزی زەحمەتی ژیانی پڕ لە کەفوکوڵی چەوسانەوەی جەستە و ڕۆحەکانیان بێت. دیارە کۆمەڵگەی ئێمەش لەم بارودۆخ و ڕووداوانە بێ بەش نەبووە کە ئافرەت بە پلەی سەرەکی زەرەرمەند و ئەزیەت دەر و قورسایی ژیان وگوزەرانی بەسەرەوە بووە، بۆیەش وای دەبینم هونەرمەند «مەروان شوکری» لە زۆربەی تابلۆکانی نەحتی دەرپەڕیوو بە ڕیالیزمێکی سێ ڕەهەندی فیگۆری ئافرەتی دارشتووە و هەروا بە جۆرێکی

تریش شێوە پەیکەری ڕیلیفی ئەنجام داوە بابەتەکانی گوزارە لە ئافرەت و پیاو دەکات و زێتر شکستی ئافرەت پیشان دەدات. هونەرمەند مەروان تازە کارکردنێکی تایبەت بە ستایلی کارەکانییەوە بە زۆریش لە ڕووی تەکنیکی کەرەستەکانییەوە دیاربوونی ماتریالییەتێکی تەواو بەسەر مەغزای کارەکانییەوە زاڵە. کەرەستەکان تێکەڵن لە ماددەی پلاستیک و فللینەی سووتێنراو تێلبەندی ئەو بونیادە شکڵەی لە فیگۆری پەیکەری مرۆڤ وەرگرتووە: دیارە بە ئامادەکراویی دای ناوە و بە تۆپەڵی بچووک و گەورە ماددەی فیللینەی ناو قودی بەستراو پرژاندووە سەر فەزای فیگۆرەکان شێوە شکڵەکان ماتریالێکی واقعبینی خاک و گەردی خۆڵی سووتماکی کردووە بە پاشینەی ئەو کوتلە جەستانەی کە لە شێوەی پەیکەر ............، وەسفێکی لەناوچوون و فەوتان و کوشتاری پێداون، کە وەک دیمەنی قەسابخانەیەکی بەشەرییەت دێنە بەرچاو، هەر وەک ئاشکرایە لە شێوازی کارکردنی تایبەت بە خۆی پێکهاتووی واقیعێکی گوزارەیی- ئەبستراکتی هاوبەشکردووە، جا ئەوەی جێی تیشکدانەوەی سەرکارەکانییەتی زێتر لەو پەل و دەست و پارچانەن کە بەڕای من لە زۆر شوێندا لە ڕووی ئەکادیمیا سادەیی پێوە دیارە، خۆ ئەگەر بهاتایە تێکەڵی شێوازی تەعبیری کارەکانی کردبایە، یاخود ئاوا بە ئاشکرایی شکڵەکانی پیشان نەدابا لە ڕووی ئەنەتۆمی و هەروا لە هەندێ شوێندا پشت گوێی خستبایە، ئەوکاتە زێتر خزمەتی مانا و مەرجە هونەرییەکانی تابلۆی دەکرد، شتێکی تریش مایەی قسە لەسەر کردن و تێبێکردنی کارەکانییەتی ئەوەیە کە ئەو بۆیە سپرایەی هونەرکار بەکاری هێناوە لەگەڵ ئەنجامدانی تەکنیکی کەرەستەی بەکارهێنراو بووەتە هۆی لە دەستدانی زیندەگی فیگۆری ئەو شکڵە مرۆڤانەی کە ویستوویەتی بەرگێکی ڕۆحی بە بەریان بکێشێ، واتە لەنێوان زیندوویی و مردوویەتی ئیحایەکی هەستیاری بەسەر بنیشێنێت و چاوی بینەر هەستی بوونیان بکات، ئەوەیان لەو کاتەدا زۆر پەسەندتر دەبوو ئەگەر بۆیەی تری ئامادەکردبا و بیگونجاندبایە بۆ ئەو پرۆسەی کارکردنی نەوەک تەنیا ڕەنگی ئامێری سپرای، چونکە بەکارهێنانی یەک تۆناتی ئەو سپرایانە تێکەڵی کەلوپەلی دەستکردی بازاڕی کردووە لە باتی کارێکی هونەری خۆڕسکی دەستی هونەرمەندی بە سەرەوە بێت. هەرچەندە پێشنیاری هونەرمەند بۆ هەڵبژاردنی پرۆسەکەی زۆر شتگەلێک سەرکەوتووتری تێدا بووە،



**تابلۆی هونەرمەند**
**«مەروان شوکری»**

بەڵام لە هەندێ باری شتی فەلسەفی و بیرۆکە و دەلالەت و ماناداری بەو چەمکە شێوەکارییەی بەخشیوە بەرامبەر چۆنییەتی داڕشتنی فیگۆری پەیکەرەکان بۆ لایەنێکی تری لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی تێگەیشتنمان دەبات.

دیارە ماتریال بەکارهێنان لەم چەشنە کارکردنەدا، زۆرانێک لە هونەرمەندانی ئێستای کوردستانی گرتۆتەوە.

هەرکەسە و بە بۆچوونی و قەناعەتی خۆی پیادەی دەکا، ئەوەی من لێرە هەست بە لێک دوورکەوتنەوەی فەلسەفە و فیکرەی کارکردنی هونەرمەند بەدی دەکەم ئەوەیە ئەم جۆری هونەرە خۆی لە بنەڕەتدا متمانە لەسەر فیکرە و پرۆژەیەکی پێش وەختی هونەرمەند دەکات، واتە بیرۆکەی بۆ تەرخانکردنی دەبێتە پرۆسە گەیاندنی مەعریفەیەکی هونەری شێوەکاری لە دوا قۆناغی

کارەکەیدا، لێرەدا سەیر دەکەین ئەو کەرەسەی ناوبراو بەکاری هێناوە زەحمەتی و قورسییەکی زۆری پێوە دیارە بەرامبەر ئەو مانا بەخشینە چەمکییەی بۆ فیگۆرەکانی شکڵی پەیکەرەکانی تەرخان کردووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەشێوەکاریی بوونەکەی ئەمەش بۆ خۆی ئەستەمە بچێتە نێو فەلسەفەی یەکبوونی ئەم جۆرە کارکردنە بە شێوەیەکی تەواو دروست.

ئەگەر بێت و هونەرمەند لە تێروانینێکی ترەوە بەم کارەی هەستابێت و تایبەتمەندییەکی تری پێ بەخشیبێت، ئەوا خۆی لێی بەرهەستە تا چەند ئامانجی پێکابێ.

بەڵام ئەوەی من تێی گەیشتووبم، کاتێ تۆ مامەڵە لەگەڵ کەرەستەی ماتریاڵی دەکەی و لەسەر ڕێچکەی هونەری پەیکەر تاشین هەمان ئەو واقیعیەی پێ دەدەیت و دوای ئەمە فیکرەی بابەتەکەتی پێ دەبەخشیت، ئەوا بەڕای من ماندووبوون و ئیشکردنی تەکنیکی بۆ تەواو بوونی کارێک لەگەڵ خێرایی فیکرەی بابەت ئەستەمە هاوکێشە بێت و بگونجێت و ئەو مافە بە پرۆسەی زانستی شێوەکارییەکە نادات. خێرا هەست دەکرێت فیکرەی هونەرمەند خۆی لە دەستداوە، یانیش ماندووە و بێ هێزە و تەنیا بۆ خاتری تەکنیکی دارشتنی کارێکی پەیکەرسازی تەرخانکراوە و بەس، ئەویان زێتر زاڵە بەسەر بەرهەمهێنانی فیکرەی بابەتێکی مەعریفەیی، بەرامبەر چەمکی شێوەکاری بوون، ئەمەیان لە دیوی ناوکردەی کارەکەیە، بەڵام تەنیا فیکرەی هونەرمەند وەرگرین بەرامبەر کێشەی میللەتەکەی زۆر بە توانا و کاریگەرە و ئامانجێکی ئایدیالی خۆی هەیە.


**سەرچاوەکان:**

**١- فن الرسم- هيغل، ترجمة جورج طرابيشي.**

**٢- «الرسم كيف نتذوقه»؟ عناصر التكوين، فريدريك مالنز، ترجمة:هادي الطائي، مراجعة: د.سلمان الواسطي.**

**٣- حوار الرؤية (مدخل الى تذوق الفن والتجربة الجمالية)، - ناثان نوبلر، ترجمة فخري خليل، مراجعة جبرا ابراهيم جبرا.**

# وێنەگرتنی ستیل لایف و بابەتی ورد


فارس سەعدی

**ستیل لایف**

مەبەست لە ستیل لایف، سروشتی بێ گیانە، ئەو شتانەن کە خۆت دایان دەنێیت و بەشێوەیەکی وا ڕێکیان دەخەیت کە جۆرە جوانییەک ببەخشن، ئەم جۆرە وێنەیە دەتوانرێ بە ڕووناکی دەستکرد (وەک گڵۆپی تەنگستن و نیۆن)، هەروەها بە فلاشی ئەلیکترۆنی و ڕووناکی خۆری ئاسایی لە دەرەوە بگیرێ، یان بە ڕووناکی ناڕاستەوخۆی پەنجەرەی ماڵەوە.

بۆ ئەم جۆرە وێنەگرتنە، ئەوەی پێویستیت پێ دەبێ ئەوە نییە ستۆدیۆیەک لە ماڵەوە دامەزرێنی، تەنها مێزێک بەسە، لەگەڵ چەند کارتۆنێکی ڕەنگاوڕەنگ یان چەند پارچە خامێکی سادە. ئەو بابەتەی دەتەوێ وێنەی بگری کە بریتی دەبێت لە هەندێ مێوەجات، یا گوڵ و گوڵدان، یان چەند کەرەستەیەکی ماڵەوەتان، بەشێوەیەکی جوان دایان دەنێ، بەشێوەیەک بێ گەورەو بچووکیان لە ناودا هەبێ و هەموویان یەک گەورەیی و یەک قەبارەیان هەبێ.

ئینجا بیر لە ڕووناک کردنەوەیان بکەوە، ئەگەر بە فیلمی ڕەش و سپی وێنەکە بگری، دوو سەرچاوەی ڕووناکی دامەزرێنە، یەکێکیان بە (١٠٠) وات و ئەوەی تریان (٦٠)وات بێت، یەکەمیان با گۆشەیەکی (٤٥) پلەیی لە کامێراکەتەوە بەر بابەتەکە بکەوێ، ئەوەی دووەمیشیان با لە شوێنی کامێراکەوە ڕووەو بابەتەکەتی بکە، پاشان کارێکی وابکە باکگراوەندی بابەتەکەت





ساده بێت، ئەگەر کارتۆن بوو وابکە بەشێکی بکەوێتە ژێرەوەی بابەتەکەت، زیادەکەشی بە چەماوەیی لە پشت بابەتەکەت قیت بکەوە، نەکەی بینووشتێننەوە، چونکە سێبەری ناشیرینی لەسەر دروست دەبێت، دوای ئەوەی چەندجارێک بەم شێوازە وێنەت گرت، شارەزاییەک پەیدا دەکەی، ئینجا هەوڵدە سەرچاوەی سێبەرەمیش زیاد بکەو یاری بەشوێنەکانی سەرچاوەی ڕووناکییەکان بکەی، ئەوسا هەست دەکەی هەرجارەو جۆرە شێوەو جوانییەک دەردەکەون، بەم هەنگاوانە شارەزای ئەوە دەبیت کە هەر بابەتەو چ جۆرە ڕووناک کردنەوەیەکی پێویستە.

ئەگەر فیلمی ڕەنگاوڕەنگ و سلایدت بەکارهێنا، زیاتر پێویستیت بەسەرچاوەی ڕووناکی سروشتی دەبێت، یا لە ژوورەوە فلاش بەکاربهێنی، بەهەمان ئەو هەنگاوانەی پێشوو یاری بەشوێنی بەرز و نزمی سەرچاوەی ڕووناکییەکان بکە تا دەگەیتە ئاکامێکی چاکتر.

## وێنەگرتن لە نزیکەوە

هەندێ بابەت هەن زۆر ورد و بچووکن، با هاوێنەی ستاندەر یان نۆرماڵ ناتوانی زۆر لێیان نزیک بکەویتەوە، تا بە سایزێکی گەورەو جوان دەرکەون، بەم هاوێنانە سایزی وێنەکە نزیکەی یەک لەسەر دەی سایزی ڕاستەقینەی بابەتە ڕاستەقینەکە دەردەچێت، بەڵام بۆ ئەوەی وێنەکە بەقەدەر سایزی ڕاستەقینەی بابەتەکە بێت، پێویستیت بە جۆرە هاوێنەیەکی زیادەی هەرزان کڕ دەبێت کە پێیان دەوترێ هاوێنەی کلۆز ئاپ کە لە شێوەی فلتەر دەخرێنە سەر هاوێنەی ئەسڵی کامیراکە، فۆکەس کردنەکە ناگۆڕێ، بەڵام دەتوانی زیاتر لە بابەتەکەت نزیک بیتەوە، بەمەش وێنەی گەورەتر دەردەچێت، هەڵبەتە لەم جۆرە بابەتانە زۆن وەک وێنەگرتنی خشڵ و کۆنە پارەو دراو، یان شتی سەیرو بچووک و ورد. هەندێ جار دەتوانی ئەم بابەتانە لە پێش پەنجەرەی ماڵەوە وێنەیان بگری، بە ڕووناکی ناڕاستەوخۆی خۆر، بە بەکارهێنانی خامێکی سپی، یان کارتۆنی سپی دەتوانی بەشە سێبەرەکانی پڕ بکەیتەوە، یان کاڵ بکەیتەوە، واتە ڕووناکی بدەیتەوە بەشە سێبەرەکان.

هەندێ جار لەوەیە بتەوێ وێنەی گەورەتریش ئەنجام بدەی، لەم حاڵەتەدا پێویستیت بە لوولەکەکانی درێژ کردن یان هەمبانەی تایبەتی دەبێت کە لە چەشنی ئۆکۆردۆنەو بەنێوان هاوێنەی سەرەکی کامیراو بەدەنی کامیراکە دەبەسترێن، بەڵام لەم حاڵەتەدا ڕووناکی کز دەبێت بۆیە پێویستیت بەوە دەبێت ماوەی ئێکسپۆژەرەکە زیاد بکەیت، باشترین کونی هاوێنەش لە (f-8 و f-11) با کەمتر نەبێت، تا قووڵی مەیدانەکە هەندێک قووڵ بێت، لە بەرامبەر ئەمە خێرایی داخەرەکە زۆر کەم کەرەوە، مەترسی ناوێت، لەبەر ئەوەی کامیراکەت دەبێ

لەسەر ستاند چەسپ بکەی، لە هەمان کاتیشدا بابەتەکەت ناجوولێ تا مەترسی لێ بکەیت.
باشترین کامیرا بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێت جۆری تاک هاوێنەی ڕفلێکسی (٣٥) فلیمییە، چونکە گۆڕانەکان یەکسەر لە میانی دیارکەری دیمەنی کامیراکە دەبینی، ئەوەی دەیبینی هەمان شتە کە وێنەی دەردەچێت. بەم جۆرە وێنانە فێری زۆر شت دەبیت، لەوانە شارەزایی لە داڕشتن پەیدا دەکەی، هەروەها شارەزایی لەسەر ڕووناکی و ڕوونکردنەوەش پەیدا دەکەی و دەتوانی بۆ وێنەگرتنی دەرەوەی کە پشت بەسەرچاوەی ڕووناکی خۆر دەبەستی، کاتی وا هەڵبژێری بۆ وێنەگرتنەکە کە بە دڵی تۆ سێبەرو بەشە ڕووناکانی واین ڕات لێیان بێت، هەروەها ئەم شێوازی وێنەگرتنە وات لێدەکات، ببیتە وێنەگرێکی پرۆفیشناڵ لە بواری وێنەی تەندروستی و جۆرەکانی دکتۆری و بایۆلۆژی.
بۆ بابەتی ورد لە دەرەوەی ژوورەوە، دەتوانی باکگراوەندی دەستکرد لە پشت بابەتەکەت دابنێی، بەهۆی ئاوت کردنی فۆکەسەوە کۆنترۆڵی ئەم حاڵەتە بکەی.. چۆن؟ بۆ نموونە: بمانەوێ وێنەی گوڵێک یان چەند خونچەو گوڵێک لەیەک ڕیز بن، فۆکەس کردنەکە لەسەر گوڵەکان دەکەیت، پاشان کوونی گەورەی هاوێنە وەک (f-2-8) یا (f-2) بەکاربێنە، بەشێوەی ئۆتۆماتیکی شتەکانی پشت گوڵەکان ئاوتی فۆکەس کردنەکە دەبن و وێنەیان لێل دەردەچێت. هەندێ جار گوڵی ناسک وەک نێرگزو هەڵاڵەو سوسن لەبەر تەوژمی با دەلەرنەوە، لەم حاڵەتەدا پێویستە خێرایی داخەر زیاد بکەیت و کوونی هاوێنەش گەورەتر بکەیت، یان بەربەستی هەواکە بکەی بەهۆی دانانی کارتۆنێکی گەورە لە دەرەوەی گوڵەکان تا نەلەرنەوە، بەمەش دەتوانی وێنەیان بە جوانی دەربچوێنی، زۆرجار بیر لەوە بکەوە کەوا باکگراوەندەکەت ڕەنگی جیاواز بێت لە بابەتەکەت، یا هیچ نەبێ لە تۆنەکاندا جیاوازییان هەبێ، بۆ ئەوەی بابەتەکەت ببیتە مایەی سەرنجدان، لە هەمان کاتیشدا تا بابەتەکەت زیاتر بەرچاوتر بێت و لە باکگراوەندەکە جیا بکرێتەوە، نەک تێکەڵی یەکتری بن و چاوی بینەر پێیانەوە ماندوو بێت.

# ڤاڵکیرییەکان و گەمەکانی زەینی دووهەمین

هاشم سەڕاج

**کتێب:** ڤاڵکیرییەکان- دیدارێک لەگەڵ فریشتەکاندا
**نووسەر:** پاولۆ کۆیلۆ
**وەرگێڕانی:** یووسف محەمەد سادق - کارا فاتیح
**بابەت:** ڕۆمان
**چاپ:** چاپخانەی شڤان
زنجیرەی (٧٩) بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، ساڵی ٢٠٠٥

«ڤاڵکیری» Valkyrie.. لە ئەفسانە ئەسکەندەناڤییەکاندا خواوەندی چارەنووسە، هەروەها پەیامهێنەر [odin]ی خواوەندی جەنگ و عەقڵ و شیعریشە، ڤاڵکیرییەکان دەتوانن لە دۆزینەوەی فریشتەکەتدا یارمەتیت بدەن تێکستی ڤاڵکیرییەکان «دیدارێک لەگەڵ فریشتەکاندا» لە نووسینی «پاولۆ کۆیلۆ» و وەرگێڕانی «یووسف محەمەد سادق» و «کارا فاتیح»ە.. ئەم دەقە، یان ئەم ژانرە ئەدەبییە وەک نووسینێکی ئاوێتە خۆی لەنێوان گەشتنامە و یاداشت و فەزای چیرۆکدا دەردەخات و هاوکات هەودایەکی باریک باریکی مەعریفەی ئێستەتیکی هەمیشە و بەشێوەیەکی بەردەوام کۆمەڵێک حاڵەت و رووداو و بیروبۆچوون و تێڕوانینی هەریەک لە تێکستەکانی- کیمیاگەر، مەکتوب، کێوی پێنجەم، چەند دیمەنێکی «یانزە خولەک»مان بیردەخاتەوە.. وەلێ دەقی ڤاڵگیرییەکان هەمدیس لە ڕێگەی چەندین گەمەی ئێستەتیکی و بڕینی کۆمەڵێک وێستگەی ژیانی و و قۆناخەکانی داهێناوە لە گەشەو پێشڤەچوونی «خود» دەدوێت.. کردەی ئەزموونی «گەشە»ش تاڕادەیەک پابەندی گەمەی زەینی دووەمینە، [جێن هەستایە سەرپێ و پێیگوت:- دانیشە، چاوەکانت لێکنێ ئەوجا پێت نیشاندەدەم زەینی دووهەمین چییە].. تێکست لە ڕێگەی کۆمەڵێک کردە و زاراوەی سۆفیزمییەوە لە گەشەی ڕۆح و پەرەسەندنی وزەی ناوەکی دەدوێت وەک «موشاهەدە»: زاراوەیەکە زیاتر



له سۆفیزمدا بەکاردێت، موشاهەدە واتە دیدار لەگەڵ نووری حەقدا بەچاوی دڵ، نۆشینی ئەو خۆشییەیە بەدڵ و دەروون، هەروەها موشاهەدە نزیک بوونەوەی تەواوە لەخودا... یان کردەی موعجیزە «پەرجوو»..

- من تا ئێستا کە شاهیدی هەندێ موعجیزە بووم، بڕێکی زۆر لە موعجیزە، کە هەندێکیان پێکەوە بینیومانن، ئێمە شاهیدی ئەوەبووین کە «جەی» هەورەکانی پەرشوبڵاو دەکردەوە، لە تاریکیدا رووناکی دروست دەکرد و شتەکانی لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر دەگواستنەوە» ئەم کارە لە فەرهەنگی ئێمەدا بەکەرامات، یان توانا لە رادەبەدەرەکان دەژمێردرێت نەک موعجیزات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە وشە بەکارهاتووە کە بریتی بوو لە Miracle، بۆیە بە موعجیزە وەرگێردرا «وەرگێری فارسی» یان زاراوەی «مەقام».. «هەر چەندە ئێستا کەس ئەوی بە بیرنایەت، وەلێ کڵێسا پاش مردنی ئەوی بۆ مەقامی «قەدیس» بەرزکردبۆوە». [لە ئایینی ئیسلامیشدا و بەدیارکراوتر لە سۆفیگەریدا وشەی مەقام هەیە، کە بۆ ئەو حاڵەتە بەکاردێ تا پلەوپایەی بەندەی خودای لە بواری خواناسیدا پێ بناسرێتەوە، مەقام ئەوەمان بۆ دەستنیشان دەکات تا بزانین ئیمانداری ئەو بەندەیە لە چ پلەیەکدایە، کەواتە مەقام چەند پلەیەکی هەیە، سەرچاوە ئایینییەکان ئاماژە بە چەند جۆرێکی جیاجیا دەکەن و هەندێکیان بۆ دە پلە و هەندێکیشیان بۆ بیست و پێنج پلە پۆلینی دەکەن، وەک مەقامەکانی تۆبە، زوهد، قەناعەت، سەبر، فەنا، بەقا.. و. کوردی] هەروەها تێکست لە میان مانا و دەلالەی چەند مەزمورێکی داوود و چەند سروودێکی سلێمان کردەی گەشە و فراوانکردنی زەینی دووەم پێناسە دەکات و بەهۆی گەمەی رەگەزەکانیش دەگاتە دەرەنجامێک کە [هەموو شتێک تەنها یەک شتە] جێن گوتی: «ئەمە زەینی دووهەمینی تۆیە کە ئەم ئاوازە دەڵێتەوە، دەشێت هەر شتێکی تریش بێت، کاتێک مرۆڤ عاشقی کەسێک دەبێت دەتوانێ هەموو کاتێک لە زەینیدا ئامادە بێت، کاتێک گەرەکتە کەسێک لە یاد بکەیت بە هەمان شێوەیە، وەلێ رێککەوتن لەگەڵیدا سەختە، بتەوێ و نەتەوێ بەردەوام لە کار دایە».. زەینی دووەمین ناوەندی ئەندێشەیە.. «تۆ لێرەیت، هەوڵبدە تێبگەیت کە تۆ لێرەیت، ئەوەی دەوروبەری تۆی داگرتووە، دەتگۆڕێ، هەروەک چۆن تۆ ئەو دەگۆڕیت».. بەڵام گەشەی شالیسی دڵ و زەین و رۆحی «کریس» چۆن چۆنی پەرە دەسێنێت و هێزی مەعنەوی رووە و پێوەندییەکان هەنگاو دەهاوێژێت.. بۆ ئەوەی پردێک لەنێوان بینراو و نەبینراودا دروست بکا «بۆچوونە ناو جیهانی نەبینراو پەرەپێدانی تواناکانت، دەبێت لەکاتی ئێستادا بژیت، هەر ئێستا و لێرە بۆ ئەوەش کە بتوانیت لەکاتی ئێستادا بژیت دەبێت بتوانیت زەینی دووهەمینت کۆنترۆڵکەیت».. بەڵام سەرەکیترین کێشەی «پاولۆ کۆیلۆ» لە پرۆسەی نووسیندا ئەوەیە کە ناتوانێت خۆی لەو هزر و بۆچوونانە رزگار بکات کە لە تێکستەکانی پێشوویدا گوزارشتی لێ کردوون بەتایبەتی فیکرەی «یەکێتی بوون» و «بێدەنگی بیابان» و «نەزعەی غەیبانییەت» کە لەم کتێبەشدا لە رێگەی کۆنتێکستی چەند رستە و برگە گەلێکی نیمچە جیاوازدا دەردەبڕدرێن..

«مامۆستا پرسی:

- تۆ لەنێو بەرینایی ئاسمانی فراواندا، چی دەبینی؟

- هەور

- نەخێر، تۆ رۆحی رووبارەکان دەبینی ئەو رووبارانەی کە دووبارە لە دەریاوە لە دایک بوونەتەوە بۆ ئاسمان و لەوێ دەمێننەوە، تا ئەوکاتەی لەبەر هەر هۆکارێک بێت دووبارە دەبنەوە بە باران و سەرلەنوێ بۆ زەوی دێنەوە رووبارەکان دەگەڕێنەوە بۆ کێوەکان، وەلێ حیکمەتی دەریایان لەگەڵە»... هەمان هزری «یەکێتی بوون» لە رۆمانی «کیمیاگەر»دا... بەم شێوەیە دەردەبڕدرێن: [کیمیاگەر لە بیابان داهاتەوە و سەدەفێکی هەڵگرتەوە و گوتی:

- رۆژێک ئێرە دەریابووە، دوایی داوای لە کوڕەکە کرد سەدەفەکە بە گوێیەوە بنێ، کوڕەکە بۆ خۆی بە منداڵی زۆری وا کردبوو و گوێی لە دەنگی دەریابوو، دەریا بۆ هەمیشە لەنێو ئەو سەدەفەدا دەمێنێتەوە، چونکە دەریا ئەفسانەی تاکە کەسی ئەو سەدەفەیە قەتیش بەجێی ناهێڵێ و تێیدا دەمێنێ هەتا ئەو رۆژەی بیابان بە ئاو دادەپۆشرێتەوە] بەڵام گەشەی رۆحی و خەسڵەتی «ترانسێندەنتاڵ»ی لای «کریس» و

«پاولۆ».. لە ڕێگەی عیشق و هۆگری و ئێستەتیک و تەقسی جادوویی و ڕوانینە ئاسۆ و گوێ هەڵخستن بۆ دەنگی ڕەگەزە سرووشتییەکان و بێدەنگی بیابان و تێرامان لە ڕۆحی گەردوون و ئاوێتە و ئاوێزانبوون بەگیان و گوفتارەکانی هەرسێ مورشید واتە «جەی و جێن و ڤالهالا)وە ڕوو لە هەڵکشان و باڵابوون دەکات، چونکە پاولۆ لە ڕێگەی موشاهەدەوە [جەی] بینیوە و هەروەها تێکەڵبوون بە جوانییەکانی «ڤالهالا» و زاڵبوون بەسەر چرکە سێکسییەکان لە بیابانی خۆ دۆزینەوەدا ڕوودەدات «لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان هەمیشە ئەوەی کە خۆشیاندەوێ، لەناویدەبەن» ئەمە ڕستەی «جەی» بوو کە هەڵی دا، پاولۆ گوتی: بە هەر ڕێگەیەک بێت، هەموو ئەو شتانەی خۆشم ویستوون بریندارم کردوون یان لەناوم بردوون.

پاشان گوتی: بۆ خاتری عەشق، بۆ خاتری سەرکەوتن، بۆ خاتری گەورەیی خوداوەند..

«جەی» وەک مامۆستایەک لە بواری عیشق و جادوودا گەیشتۆتە ترۆپکی ئیرۆتیک و دوایین حاڵەتە وڕێنەییەکانی «دۆستۆیڤسکی» و باوەڕی وایە کە ئاخرین دەربڕینی عیشقی بە لەنێو بردنی ئەوەی کە خۆشت دەوێ کۆتایی دێت.. واتە لەت لەت و تیکە تیکەی خواردنی جەستەی «مەعشوق».. ئەم کتێبە بەهۆی کردەکانی زەینی دووەمینەوە لە بوارەکانی عیشق و جوانی و هۆگری و زوهاردا کاردەکات «زوهار» زاراوەیەکی تەوراتییە و واتای تیشک و ڕووناکی و کۆمەڵێک شەرح و لێکدانەوە دەگەیەنێت کە پێنج «سیفر»ەکەی «موسا» شی دەکاتەوە، تێکست لەگەڵ ئەوەی هەمیشە و هەردەم لە زەبروزەنگ و نا دادپەروەرییەکانی هێز و دەسەڵاتی «ئەکلیرۆس» و پاتریارکیەت و ژەهرەکوشندەکانی ئایدیۆلۆژیا و مۆراڵ دەدات، کەچی بەردەوام شەیدا و هەڵوەدایی چرکە زوهارییەکانی تەوراتە و ئەم حاڵەتانەش لە مەزموورەکانی داوود و سروودەکانی سلێمان و گەشتەکانی «حزقیال»ی پەیامبەردا دەدۆزێتەوە.. بەڵام خوداوەند لای پاولۆی کاراکتەری ئەم چیرۆکە بریتییە لە عیشق و جوانی و سەخاوەت و بەخشش.. [کاتێک خودا دەیەوێت کەسێک شێتبکات هەموو دووعاکانی گیرا دەکات]..

لەیرە چەمکی شێتی تاڕادەیەک پەیوەستە بەچرکەکانی پرۆسەی نووسین و گەیشتن بە دوندو ترۆپکی گەمەکانی زەینی دووەمینەوە.. چونکە عیشق و نووسین لای پاولۆ حاڵەتێکی لۆژیکی و عەقڵانی نییە، لەبەر ئەم هۆکارەشە هێدی هێدی هەندێ لایەنی بیروبۆچوونەکانی «جەی» فەرامۆش دەکات.. «پاولۆ» هەتا «کریس»یش پێی وایە جیهان لە دوو جۆر مرۆڤ پێک هاتووە:

(١) گرووپی گەورە.. گەورەکان زەوی و کۆکردنەوەی پارە و فەرمانیان خۆش دەوێت.

(٢) ڕاوچییەکان.. جەنگەڵە تاریکەکان و سەرکەوتن و زاڵبوونیان خۆش دەوێت. «جەی» سەر بە گەورە پیاوانە و لەسەر ڕێگای عەقڵ و بیرکردنەوە و تێرامانی عەقڵانییەوە بەدەرەنجامی کۆتایی دەگات.. کەچی پاولۆ دەزانێت کە ڤاڵکیرییە ڕاستەقینەکان کچانی «ڤۆتان» بوون کە لە ئاسماندا ڕایان دەکرد و جەنگاوەرەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد.. ئەو ناوازەترین لەوحی جوانی ڤاڵکیرییەکان لە ڕۆح و ڕوخساری «ڤالهالا»دا دەدۆزێتەوە.. هاوکات کریس دەگاتە ئەو بڕوایە کە «عیشق بەمانای دابەشکردنی جیهانە لەگەڵ ئەوی تردا» دەکرێ بگوترێ.. نووسین ئازارە.. [ئازار هەمیشە بیرکردنەوە بێماناکان دووردەخاتەوە].. پاشان زەینی دووەمین دەگاتە ئاست و ڕادەی نووسینی خۆ بەخۆ [Automatic writing] بە توندی قەڵەمەکەی بەدەستەوەگرت، وشەکاندا بارین، ئەو دەستی کردووە بە نووسین، بێ ئەوەی بیر لەو شتە بکاتەوە کە دەینووسی، ئاماژەدانە بە ئەزموونە جوانە شیعرییەکانی هەریەک لە «تریستان تزارا» و «ئەندرێ بریتۆن» یان نووسینە ئوتوماتیە شیعرییەکانی شاعیرانی «دادا» و «سوریال».. کە چرکە ناخود ئاگادارییەکانی ڕۆح و دڵ و دەروون و زەینی شێواو بۆ نێو فەزا و پانتایی وەرەق و پاپیرۆس دەگوازنەوە، بەڵام کردەی نووسین لە ڕێگەی زەینی دووەمینەوە.. پابەندە بە ئەفسانە تایبەتییەکەی خۆمانەوە، ئەو لە «کیمیاگەر» و «کێوی پێنجەم»دا باوەڕی بەو حاڵەتە هەیە [ئەوکاتەی شتێکت دەوێت، هەموو بوون دەست دەدەنە دەستی یەکتر، تا لە پێناو بە دەستهێنانی ئەو شتەدا، کۆمەکت بکەن].. یا ئەوەتانێ «منی شیعر» کە لە چرکەکانی مەکتوبدا

سەرمەستە بە مەعریفەی دڵ دەستی بۆ ئاسمان هەڵهێنا و گوتی ئەی عیسای من وەک بی دەلەرزم و گەنجینەی ڕۆحی و مەعنەویم دەوڵەمەندەکە... تا لە چرکەساتە وڕێناوییەکانی زەینی دووەمیندا بتوانم فەزای ڕۆحم بە ئاگرەکانی سرووش بسووتێنم،.. وەلێ دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە پاشای «سالم» لە کیمیاگەردا بە «سانتیاگۆ» دەڵێ «هەمیشە ئەوەت لەبیربێ کە هەموو شتەکان لە ڕاستیدا هەر یەک شتن» و «هەر شتێکی سەر ئەو زەوییە داستان و مێژووی سەرجەم شتەکانی دیکە دەگێڕێتەوە».. «بچۆ خزمەت ئەو دەستەی هەموو شتەکانی نووسیون».. بەڵام پاولۆ وەک خودێکی نیگەران لەنێوان عیشقی «کریس» و «ڤالهالا» و میهری باڵادا.. کاراکتەرێکی ڕاڕایە.. جارێ وادەبینێ کە «عیشق بەشێکە لە پیرۆزمەندییەکانی جەستە و پیرۆزمەندییەکانی ڕۆحیش بەبێ مەشخەڵی لەش نابێت» یان بەدیدی «کارل یاسپرس» لە چەمکی ئەڤین دەڕوانێت... یاسپرس دەڵێت «من و تۆ لە بوونی ئەزموونیدا لە یەکدی جوداین، بەڵام لە ترانسێندەنتاڵدا یەک شتین.. چونکە پێوەندیگرتن خاوەنی سیماو مۆرکی نهێنی یاخود پەرجو و موجیزەیە، ناتوانین بەهۆی ئەقڵی بابەتییەوە ڕاڤەی بکەین لەبەر ئەوەی لە سنوور و چوارچێوەی ترانسێندەنتاڵ یاخود یەزداندا ڕوودەدات نابێت پێوەندیگرتن لە کەشێک لە نهێنی و دڕدۆنگیدا بناسێنم و دەبێت نهێنی نێوانی من و ئەوی تر بەجێ بهێڵێت، ئەمەش پێی دەگوترێت «خۆشەویستی»..

چونکە خۆشەویستی مەرجی سەرەکی پێوەندیگرتنە و ئەگەر ئەوین و خۆشەویستی نەبێت، تەنیا جۆرێک لە پێوەندیگرتنی سواوی ڕۆژانە لە گۆڕێدا دەبێت، ئەوە خۆشەویستییەکە ململانێی نێوان ئێمە و ئەو دەکاتە ململانێیەکی لێوانلێو لە ئومێد و دامەزراو لەسەر هیوا، خۆشەویستی جووڵەیەکی بەردەوام و پەرەسەندنێکی هەمیشەییە کە تێیدا خود بەشێوەیەکی بەردەوام باڵا دەبێت و لە بوونی ئێستای تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی کە خۆشەوسیتش بمێنێتەوە و بەردەوام بێت نابێت بە ئامانجی خۆی ڕابگات، دەنا ئەگەر بە ئامانجی خۆی ڕابگات دەمرێت، چونکە خۆشەویستی ناتوانێت بەبێ ئەم باڵابوونە بەردەوام بژی و گوزەران بکات» ئیدی ئەگەر من ملم دا بۆ خواست و ویست و غەریزانە ئەوکات پێوەندیگرتنی ڕاستەقینەی نێوان من و ئەوی تر لەناو دەچێت، لەبەر ئەوە پێوەندیگرتنی ڕاستەقینە بە ئەوی ترەوە ململانێ لەگەڵ خود و هەوڵ و زاڵکردنی لایەنی چاکەی ئەو ململانێیە بەسەر لایەنە خراپەکەیدا لەخۆ گرتووە.. یاسپرس دەخوازێت هەمیشە بە ئاگابێت لەوەی کە خودی خۆی یاخود لایەنەکەی تر دەستبەرداری ئەو نموونە باڵایە نەبێت کە لە هەوڵێکدا کە ئەویش هەوڵی ئاوێتەبوونە لە باڵایدا کۆیان دەکاتەوە] چونکە خۆشەویستی لە «کیمیاگەر»دا.. ئەو هێزەیە کە ڕۆحی جیهان دەگۆڕێ و باشتری دەکا- و ڕامانی «سانتیاگۆ»ش لە شتەکان چوونە نێو ڕۆحی گەردوونە، لەوساتەدا کوڕەکە چووە نێو ڕۆحی دنیا، دیتی کەوا ڕۆحی دنیا بەشێکە لە ڕۆحی خودا، ڕۆحی خوداش ڕۆحی خۆیەتی».. لە تێکستەکانی «پاولۆ کویلۆ»دا عیشق لە ئەزەلیەتی ئاگری مەجوسییەک دەکات بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ کوژانەوە لە ئاتەشکەدەکانی گەردوون بەگشتی و شارەکانی «تریفە و ئەکبەر و ئاخۆ»شدا بە تایبەتی دایساوە، بەڵام پاولۆ دەزانێت عیشق «تاسەیەکی زۆری دەروونییە بۆ یەکبوون لەگەڵ گشتدا، ئارەزوویەکی دەروونییە بۆ نوقم بوون لە یەکتابووندا، سەرچاوەی خۆشەویستی دابڕانە» هاوکات لە بیابانی و «مۆخاڤە»دا بیر لە تراژیدیای جینۆساید دەکاتەوە و... دەیەوێت پێوەندی لەگەڵ ڕۆحی مردووگەلێک ببەستێت.. هاوکات بیابان بریتییە لە بێدەنگی و هەتاو باو تەقسی جادوویی و مەفتەنی دەرکەوتنی ڤاڵکیرییەکان.. وەلێ «تەنیایی بیابان دەشێت پێوەندی مرۆڤ بە دنیای نەبینراوەوە زیاد، یان بەهێز بکات» هاوکات فراوانکردنی فەزای جادوویی و چۆنیەتی ڕوانینە لە ئاسۆ.. [بەڵێ ئەم بیابانە سەردەمێک ڕۆخی ئۆقیانووسێک بووە] لە بیابانە مەحەببەتییەکەدا دەنگی «ڤالهالا» دەهات و دەیگوت: «شوێن خەونەکانی خۆتان بکەون و مەترسی قبوڵ بکەن» «خەڵک دەیانزانی کە ئەگەر بیانەوێت پێوەندی لەگەڵ خواوەند ببەستن، دەبێت لە ڕۆحی خۆیاندا پانتاییەک دروست بکەن دەبێت ڕێ بەهێزی مەعنەوی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی دەرکەون و پردێک لەنێوان بینراو و نەبینراودا دروست

بکەن» ، بەڵام چۆن تاک دەگاتە ئاسوودەییەکی کامڵ و تەواو.. واتە حاڵەتی «نێرڤانا» و دانیشی و زەینی خاڵی بکاتەوە.. تا لەلایەن گەنجینە گەورەکانی ڕۆحەوە ڕەوتێکی کاریگەری ئەڤینی بەڕوویدا بکرێتەوە.. پاولۆی کاراکتەری ئەم چیرۆکە ئەم گەشتە نێرڤانایییە بە چەمک و وشەی- ئیلهام- سرووش-ەوە پەیوەست دەکات.. کە تاک، یان ڕۆحی شیعر، یان زەینی دووەمین دەتوانێت لەچاوگەیەکی نەناسراوەوە بادەی عیشق بخواتەوە، ژنە پرچ سوورەکە گوتی: بەڵام ئێوە دەتوانن بە «ڤالهالا» بانگم بکەن.. پاولۆ بیری کردەوە ئەمە ناوی بەهەشتە لای ڤاڵکیرییەکان.. ئاخر «ڤاڵکیرییەکان نێردراوانی خودان و قارەمانان بەرەو ڕووی مەرگ و پاشانیش بەرەو بەهەشت ڕێنوێنی دەکەن»... «ڤالهالا» دەیگوت من پێویستم بە مەحەببەتە، پاولۆ بیری کردەوە.. زۆر سەیرە قسەکردن لەگەڵ فریشتەی پاسەوانی خۆتدا»... هەموو منداڵێک لەگەڵ فریشتەکەی کەسانێک کە «بوونیان نییە» دەدوێن.. ئەوکاتەی تەزووی ڕۆحی مرۆڤ بە نەشئەکانی عیشق و کحوول و جوانی دەورووژێت و هەودای هەست و ئیحساس بەرەو کرانەوە و بەرهەڵابوون ئاگر دەگرن و دڵ مانەندی شالیسێکی سەرمەست دوچاری حەنین و شەیدای دێت و زەینی شێواو بەتەنکە وەهمێکی ڕەنگاو ڕەنگی وڕێناوی دەورە دەدرێت.. ئا لەو کاتەدا بوونی مرۆڤ دەبێتە بارستێکی تەواو لە خاڵیبوون و فەرامۆشی و بێدەنگی

ئیتر زەینی دووەمین بەوپەڕی خامۆشی و ناخود ئاگایی و بە ڕستە و تاقە وشەی پچڕپچڕ و فۆنیمی بێ موبالاتی لەگەڵ سەرچاوە زانراو و نەزانراوەکان پێوەندی دەگرێت و دەکەوێتە وڕێنە و قسە بڕسکاندن، زۆرجار ڕستە و دەستەواژەکان بە نەشئەی سۆز و عیشق و شەیدایی بارگاوی دەکرێن و زەینی دووەمین وەهمە جوانەکانی بوون دەنووسێتەوە ئەمەش بەشێکە لە کردەی گەشەی داهێنان... پاولۆ دەیگوت من لە ڕێگەی ئیلهامەوە فێربووم.. کریس سەیری گەردوونی دەکرد، لەناخەوە دەیویست باوەڕ بە قسەکانی بکات، هەموو ئایینەکان، هەموو ئەوکەسانەی ئەزموونی میتافیزیکیان هەبووە، سەبارەت بە فریشتان قسە دەکەن، جیهان پڕە لە فریشتە، ئەوان مزگێنیمان دەدەنێ، وەک ئەو فریشتەیەی هەواڵی لە دایکبوونی مەسیحی ڕاگەیاند، هەر ئەوانیش پەیامهێنەری مەرگ، وەک ئەو فریشتەیەی لە میسردا دەگەڕا و گیانی هەر کەسێک کە نیشانەی تەواوی لەسەر دەرگای ماڵەکەی نەبوو، دەکێشا، ئەو فریشتانەی بەشمشێرە ئاگرینەکان ڕێگە لە چوونە ژوورەوەی هەندێ لە مرۆڤەکان بۆ بەهەشت، دەگرن، لەکاتێکدا فریشتەکانی تر دەشێ مرۆڤەکان بۆ مرۆڤ بۆ بەهەشت بانگهێشت بکەن هەروەک چۆن مەریەمیان بانگهێشت کرد، هەندێ فریشتەش هەن مۆر لە نووسراوە نهێنییەکان هەڵدەگرن و ئەوانەش کە لە ڕۆژی دواییدا فوو بە کەڕەنا دەکەن، ئەوانەی کە نوور دەهێنن وەک میکایل و ئەوانەش کە تاریکی دەهێنن وەک لۆسیڤەر «Lucifer» کاتێک کریس بۆ یەکەم جار «جێن»ی بینی زۆر سەرسام بوو ئەو زۆر گەنج بوو، بە دڵنیاییەوە بیستساڵ زیاتر نەدەبوو لە بیابان لە «کەرەڤانێ» یەکدا دەژیا، کە چەندان کیلۆمەتر دوور بوو لە «بۆریگۆسپرینگز».. جێن دەیگوت: «بیابان، واتە بەیانی و ئێوارە، کاتەکانی تر ترسناکە»

– بۆچی هاوسەرەکەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە؟

– بەڵام تۆ باشترین شتێک، کە لە بیاباندا هەیە، لە دەست دەدەیت ئەویش «تەنیاییە»... گوتی «ڤاڵکیری» یەکان دەتوانن لە دۆزینەوەی فریشتەکەندا یارمەتیت بدەن.»

کریس پێڵووی چاوانی داخست و جێن پرسی:

بیر لەچی دەکەیتەوە؟

– لە بارەی زەینی دووەمینەوە، ئەو شتەی لە بارەیەوە دەدوان. جێن داوای لێکرد چاوەکانی بکاتەوە و گوتی:

– ئەمە زەینی دووەمینی تۆیە کە ئەم ئاوازە دەڵێتەوە.. پاشتر پێکەنی و بەردەوام بوو؛

– ئاوازێک! هەمیشە شتێک هەیە کە ئێمە دەهێنێتە جۆش و خرۆش.

بەردەوامیش بریتی نییە لە یەک ئاواز، هیچ کاتێک ڕووی داوە کە کەسێکت خۆشبوێ و بەردەوام لە خەیاڵتدابێت؟ بە ڕاستی ترسناکە، سەفەردەکەیت بۆ ئەوەی لە یادی بکەیت، وەلێ زەینی دووەمینی تۆ ناهێڵێ، وەک ئەوەی دەڵێت: «ئای ئەگەر ئەو لێرە دەبوو، چەندە بەمە

کەیفساز دەبوو» زەینی دووەمین تا ئاست و ڕادەی خەتەرناکییەکانی مەرگ و گیانەڵا پابەندی ئیکسیری ئەڤینە، ئەو چرکەساتەی بەهۆی ئەفیونی عیشقەوە سەڵتەنەتی هۆش لە دەست دەدات، زەینی دووەمین بەوپەڕی بێئاگایی وشەیدایی ڕووەو کردەی وڕێنە ئاگراوییەکان دەبێتەوە، عیشق ترسناکترین چرکەی شێتی ئاوێتەی فەزای ڕۆح و شیعر دەکات، پاولۆ لەم گەشت و چیرۆکەدا لە ڕێگەی نزاو خۆدواندن و لالانەوە و بێدەنگی بیابان و جوانی ڤاڵگیرییەکان و تەنیایی و جادووەوە چرکە حەشیشاوییەکانی عیشق دەنووسێتەوە، چاوەکانت بکەرەوە و سەیری بکە. کریس سەیری ئاسۆی کرد و کێوەکانی دی، تا شەبەردەکان، بەردەکان و گیادرێژ و بەربلاوەکان، خۆر سات بەسات درەوشاوەتر دەبوو، لەوە دەچوو نوورەکەی وەختە شووشەی چاویلکە هەتاوییەکانی ئەم کوندەکا و چاوەکانی دەسووتێنێ جێن بە دەنگێکی جیدییەوە گوتی: تۆ لێرەیت، هەوڵ بدە تێی بگەیت کە تۆ لێرەیت، ئەوەی دەوروبەری تۆی داگرتووە، دەتگۆڕێ، هەروەک چۆن تۆ ئەو دەگۆڕێت.

تێکست لە ڕێگەی بونیادێکی زوهاری تەوراتی و ئەڤین دۆستییەوە چەمکی «یەکێتی بوون» دەردەبڕێت و بەهۆی چرکە غوربەتاوییەکانی زەینی دووەمیش مانا و دەلالەی تایبەت تایبەت و جیاواز جیاواز بە شتگەل و ڕووداوەکان دەبەخشێت، هەندێ جار سەڵتەنەتی ڕەنگاوڕەنگی زەینی دووەمین بە ڕەفتارە دزێوەکانی عەقڵی سەرمەست و پەرێشان ئەشکەنجە دەدرێت و بۆ ماوەیەک لەگەڵ کرۆکی ئازارە ئاڵۆز و خەفەتبارەکان دەژیت و تا هێواش هێواش بە چەندین ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وڕێناوی گوزارشت لە وەهمە نادیارەکانی دنیای پەشیمانی و پاشگەزبوونەوە دەکات.. چونکە زەینی دووەمین هەڵگری پرشنگی لەوحەکانی جوانی و حەشیشەکانی عیشق و ئاگرە هەڵایساوەکانی سۆز و هەستە نەهلیستییەکانی مەرگ و چێژ و لەززەتە نەزانراوەکانی ژیان و تاسەکانی غوربەت و سەوداییەکانی ئولفەت و نیگەرانییەکانی ڕاڤە و لێدانەوەی ئەپۆریاکانی هەڵوەشانەوەگەرییە... تا دێ ژەهرەکانی ئایدیۆلۆژیا و ستەمەکانی پاتریارک و کۆت و بەندەکانی مۆراڵ لە توێ و فەزای توحفەیەکی کریستاڵیدا دەخاتە بەر کردەی هەڵوەشانەوە و هەندێ جار بوونی خۆشی هەڵدەوەشێنێت..

بە تایبەتی ئەوکاتەی هەست بە ئازادی دەکاو درکی ئەوەش دەکا [وەک بڵێی وزەی ناوەکی لەچاو جاراندا بەهێزتر بووە] دوور نییە ئەو گەمەی زەینی دووەمینە بە تایبەتی لە بواری نووسیندا ئامانجی سەرەکی عیشق و لێبوردن بێت، نەخاسمە ئەوکاتەی ملکەچ و خاکەڕا و خانەخراپ بەرانبەر میحرابگەی میهری باڵا دەوەستێت و بەسۆز و نزا دەلالێتەوە.. هۆی سەرەکی ئەم تکاو نزاو داوای لێبوردنەش ئەوەیە «جاک دریدا» گوتەنی «مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک نابوردرێت، چونکە بوونەوەرێکی «پووچە»، بەڵام هەندێک باشترە ئەگەر خۆی بزانێت کەسێکی «پووچە»..

[لە کۆتاییدا مرۆڤ هیچ شتێک نابەخشێت، تەنیا ئەو زەمەنە نەبێت کە ئاڵوگۆڕ مومکین دەکات] ئیتر پاولۆ بەردەوام هەوڵ دەدات گەشە بە هەستی کەسێتی بدات و تا لە ڕێگەی زمانی ئاماژەکانەوە پێوەندی بەمیهری باڵا بکات ئەمەش چوون ڕاهیبەکانی «زن» بە تێڕامان لە بەرامبەر بەردێکەوە دادەنیشن و دەڵێن «چاوەڕێین ئەم بەردە کەمێک گەشە بکات... مامۆستا کە دەڵێت- هەموو شتێک لە دەورمان بەردەوام دەگۆڕێت».

هەردووکیان لە دەوروبەریان ڕوانی، شوێنە پیرۆزەکەی جێنیان هەڵسەنگاند، بەردەکان و زەویی سەخت و گیای بیابانی، لەوانەیە مارو بەچکە گورگیش لەوێوە شەو تێپەڕینایە، نەکریس و نەپاولۆ هیچ کامیان جورئەتیان نەکرد سەبارەت بەوشتەی کە پێکەوە قسەیان لێکردبوو هیچ پرسیارێ لەو بکەن.. جێن بەردەوام بوو؛ [هەموو کەسێک دەتوانێت لەگەڵ چوار جۆری بوونەوەری دنیای نەبینراودا پێوەندی دروست بکات، بوونەوەری عونسووری ڕۆحی مردووان، قەدیسەکان و فریشتەکان.. بوونەوەرە عونسوورییەکان، بڵندبوونەوەی ڕەگەزە سروشتییەکانن- ئاگر، خاک، ئاو و هەوا، ئێمە دەتوانین بە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمێک پێوەندییان لەگەڵدا ببەستین، ئەوانە هێزە پەتییەکانن.. وەک بوومەلەرزەکان، هەورە بروسکە و بورکانەکان، چونکە پێویستمان بەوە هەیە کە ئەمانە وەک بوونەوەر درک

پێ بکەین، ئەمانە بەردەوام بەشێوەی کورتە بنەوپەری و سەمەندەرەکان لێمان دەردەکەون، بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت بیکات تەنیا بریتییە لە سوود وەرگرتن لە تواناکانی ئەم بوونەوەرە ڕەگەزییانە ئێمە هەرگیز شتێک لەبارەی ئەمانەوە فێرنەبووین» جێن درێژەیدا بە قسەکانی: «پاش ڕۆحی مردووەکان، قەدیسەکان دەردەکەون، ئەوانە مامۆستا ڕاستەقینەکانن، ئەوان سەردەمانێک لەنێو ئێمەدا ژیاون ئێستا نزیکترن لە سەرچاوەکانی نوورەوە».

فریشتەکان عەشقی جوولاون، ئەوان هیچ کات پشوونادەن بەردەوام لە هەوڵدان بەرەو ڕووی پێگەیشتن و کەماڵ و لە پشتەوەی خێر و شەڕدان، عەشقێک کە هەموو شتێ دەسووتێنێت، هەموو شتێک لەناو دەبات و هەموو شتێ دەبەخشێ، فریشتەکان لەم عەشقە دروست کراون و لە هەمان کاتیشدا پەیامهێنەری ئەمەن، عەشقی فریشەی مەرگ «ئیزرائیل» کە ڕۆژێ ڕۆحی ئێمە دەفڕێنێت و عەشقی فریشتەی پاسەوانە، کە ڕۆحی ئێمە دەگەڕێنێتەوە یەکێکن، عەشق لە جووڵەدا، کریس گوتی: عەشق لە شەڕدا هیچ عەشقێک لە ئاشتیدا نییە، کەسێک کە بەدوای ئارامیدایە فەوتاوە.. عەشق هەمیشە هاوزەمان بووە لەگەڵ نیگەرانی و ئازار، شادییەکی بەهێز، یان نیگەرانییەکی قووڵە... تێکەڵکردنی تەقسی جادوویی بە تیشک و پرشنگی ئێستەتیک و ئەڤین و ڕۆحی سۆفیزم لێرەدا جوانی ڤالهالا مانەندی مانگی تابان لەناوەڕاستی ئاسمانی عیشقدا وەستاوە و ئەستێرەکانی مەحەببەت دەوری خەرمانەی پیرۆزیان داوە، یان لە شێوەی حەڵقە ڕۆحانییەکانی زیکر و حاڵ و جەزبە چوون موریدانی سەودازەدە لە دەوری خۆری مورشیدی تەریقەتدا دەخولێنەوە، «ڤالهالا»ی شۆخی تەریقەتی مەعنەوی و جیلوەگای ئەفسانەی خۆ دۆزینەوە و گەشەی تاقە کەسی لالەی دایساوی ئەم تەقسە ئەڤینییەیە و شەیدایانی جوانی و میهر پەروانە ئاسا بە دەوری پرشنگی ڕوخساریدا دەخولێنەوە و ڤالکیرییەکانیش» مەزمووریکی داوودی پەیامبەر دەچڕن.. [ڤالکیرییەکان هیچ گرنگییان بە خەڵکی نەدەدا و کارەکانیان درێژە پێدەدا، ئەوان لە چکەکانیان بەیەکەوە گرێدابوو و خەتێکیان دروست کردبوو بە شێوەزارێکی بازنەیی لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون دەستەکانیان لەسەر ئەژنۆ و پەتەکەیان گرتبوو، ڤالهالا لەناوەڕاستدا وەستابوو، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دەهاتن کاتێک کە ژمارەیەکی باش لە خەڵک لە دەوریان کۆبوونەوە ڤالکیرییەکان دەستیان کرد بە گوتنی سروودێک کە بریتی بوو لە مەزامیر:

«لە تەنیشت ڕووبارەکانی بابلدا، لەوێدا دانیشتین و دەگریاین عوودەکانی خۆمان بە درەختە بییەکانەوە هەڵواسی کە لەنێوانیانەوە بوون».]

ئەنجا بە عیشق و نزاو لالانەوەوە لە فەزای لاهووتییەتی ئەم تێکستە زوهارییەدا پراکتیزەی ڕەگەزە سروشتییەکان دەکرێت و هاوکات ئاماژە بە فەرمایشتەکانی «مەسیح» دەدرێت.. ئیدی ئازار مەچێژن، من بە ئەندازەی پێویست ئازارم چێشتووە».. یا دواین حاڵەتی وەسوەسەی (یەسوع) دەخرێتە ڕوو..

ئەی خوداوەند، خودایە، بۆ بەجێت هێشتم پاولۆی کاراکتەری ئەم تێکستە هەمیشە لەنێو چەق و شوورەی بازنەیەکی داخراو و پیرۆزی لاهووتیدا وەک گومانکارێکی نیگەران دەخولێتەوە و هێدی هێدی لە ڕێگەی تەشقگەلێکی جادوویی گوزارشت لە بوون و جوانی و عیشق و هەست و حاڵەتە نەهلستییەکانی مرۆڤ دەکات و بەڵام هاوکات دڵ و دەروونی نوقمی دەریاچەی چێژداری «حلول» و «یەکێتی بوون»ە.

«ئێمە بەشێکین لەم جیهانە، خودایە، هەروەها خاکی ئەم جیهانە لە ترسەکانی ئێمەوە کۆبۆتەوە، ئێمە لەسەر لمەکان گوناهەکانی خۆمان دەنووسینەوە و ئەو ئەرکە دەخەینە ئەستۆی «با» هەتا «پەڕاگەندەیان بکات» ئەی مەسیحی من تۆ گوتت «ئەوەی لەم ئاوە بخواتەوە ئیدی هیچ وەختێ تینووی نابێت» وا ئێستا کێ ئێمە لەم ئاوە دەنۆشین، ئێمە گوناهەکانی خۆمان دەشۆین، لەبەر خاتری ئەو عەشقی گەڕانەوەیەی کە زەمین دێنێتە لەرزە... پاولۆ هیچ کات ئاسوودە نەبوو، کریس زۆرکات لە خۆی دەپرسی کە ئەو دواجار چ کاتێک لەم حاڵەتی ڕامان و نائارامییە ماندوو دەبێت.. بیابان، جادوو، جوانی، عیشق، لاهووت، گومان و نیگەرانی تەنیایی، هەست و زەینی دووەمین، گەشەو خۆ دۆزینەوە، سەرجەم ئەم حاڵەت و ڕەگەزە خەتەرناک و جوانانە لە ڕێگەی بونیادێکی زوهارییەوە گوزارشتیان لێدەکرێت.

# فەلسەفەکانی هیند.. پەیڤەکانی بوداگەری

د. عەلی زەیعور
و/ عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە
(کەرکووک)




کتێبی فەلسەفەکانی هیند، ئەو کتێبەیە کە بەشێوەیەکی زانستییانە باس لەو ئایین و ئایینزایانە دەکات کە لە هیندستاندا پەیڕەو دەکرێن.. بێ ئەوەی جیاوازییەکان ببنە هۆی هاتنە ئارای دژایەتی و دوژمنایەتی و شەڕو کوشتار. کۆی ئەو حاڵەتانەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کەشوهەوا ڕۆحییەی کە لە دەروونی خەڵکی هیندستاندان و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیکری بوداگەری و دواتر ئەو ڕۆشنبیرییە دیموکراتییەی کە لە هیندستاندا هەیە، هەڵبژاردنە دیموکراتییەکانیش باشترین بەڵگەن بۆ کولتووری لێبووردەیی کە سەرانسەری ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە. لەم کتێبەدا بە وردی باس لە پەیڕەوە ئایینییەکان کراوەو بە پێویستم زانی بەشێک لە پەیڤەکانی بوداگەری لێ وەربگێڕم...

## پەیڤەکانی خۆشەویستی

پێدەچێت خۆشەویستی لە بوداگەریدا باڵاتر بێت وەک لای ئەفلاتوون. لە ڕووی ئاکاری و مرۆڤایەتیشەوە ئەم چەمکە لە بوداگەری و ئایینی فەلەدا زۆر لەیەک دەچن. خۆشەویستی لای سۆفیگەرە ئیسلامییەکانیش دەگاتە هەمان ئاست... خۆشەویستی ڕۆڵێکی ئاکاریی باڵای هەیە لە سۆفیگەری و فەلسەفەی هاوچەرخیشدا، بەڵکو ناوی ڕاستەقینەی بەها ئاکارییەکانە.

* کاتێک لە سۆزو خۆشەویستی رامام.. جیاوازی نێوان خۆم و کەسانی ترم لەبیرچووەوە. «میلاربا»

* چۆن خۆتان خۆش دەوێت وەهاش خزم و دۆستانتان، چونکە ئەوە بۆ خێری هەمووتان و سوود لە یەکتری وەرگرتنە.

* تووڕەیی و خراپەکاری لەگەڵ کەسانی تردا وەلانێ.. دووربە لە ڕق و کینەو نیاز خراپی.. لە ناختا برەو بە ڕق و کینە مەدە، تەنانەت دەرهەق بەوانەش کە خراپەت بەرامبەر دەکەن.. با ئێمە لە ئاستی هەموو زیندەوەرەکاندا سۆزو خۆشەویستی و خۆش ڕەفتاربین. «داڤیدنیل».

ئامانج چییە لەو کارانەی دەیان کەم؟ لە پێناوی بەختەوەری و بە ئارامی ژیانی تەواوی زیندەوەرەکانە لەم دنیاو.. بەخۆشی و شادی گەیشتنیشە لەو دنیا. «نووسراوی سەر بەردی شا ئاسۆکا»

## پەیڤەکانی بەختەوەری

بەختەوەری تەواو لای بوداگەر بریتییە لە زاڵبوون بەسەر حەزو ئارەزووە جۆراوجۆرەکان و خۆپەرستیدا.. دواتر بوداگەر

بەختەوەری لە خۆشەویستی و چاکەخوازی و نەرمونیانیدا دەبینێتەوە، «قەناعەت کردن» بەختەوەرییە، بەختەوەریش ئەو بەهەشتی سەرزەمینەیە کە ئامانجی هەر بوداگەرێکی باوەڕدارە بەوەی بەختەوەری لە دڵی خۆیدایە، یان وەک وتراوە: مەلەکووتی ئاسمانەکان لە ناخی خۆتاندایە. کەسی بوداگەر، دوای مردن لە سۆراخی بەهەشتێکدا نییە.. وەک چۆن بەستامی و ڕابیعەی عەدەوی خواستی بەهەشت و ترسی دۆزەخیان نەبووە بەقەدەر ئەوەی لە ناخی خۆیاندا بۆ خوا گەڕاون و پێوەندی نوێیان لەگەڵدا بەستووە.

* بەختەوەرکردنی ئاژەڵان ئامانجی منەو دەبێ بەپێی توانا هەوڵی گەیشتن بەو ئامانجەم بدەم. «لە وتەکانی شا ئاسۆکا».

* هەموو زیندەوەرەکان لە سۆراخی بەختەوەریدان، با سۆزو بەزەییت هەموویان بگرێتەوە. «ماهافما».

* بەختەوەر کێیە؟ ئەو کەسەیە خۆشەویستی بۆ تەواوی بوونەوەرەکانی جیهان هەبێت، چاکە خوازبێت لە پێناوی خزمەتکردنی دەوروبەری. «فاکهۆبیۆ».

* هەر کەس بۆ بەختەوەری خۆی هەوڵبدات و لەو پێناوەشدا خراپەکاری بکات و بوونەوەرەکان قڕ بکات، هەرگیز بەختەوەر نابێت. «زامابادا».

* لە مراندن و زاڵبوون بەسەر خۆپەرستیدا پەی بەتەواوی بەختەوەری دەبەیت «ئەدانا فارگا».

* دڵێکی بە قەناعەت لە بەختەوەری هەمیشەییدایە «فۆشۆهنگ کنگ».

* بەختەوەری لە خۆشەویستی و چاکە خوازی و خۆنەویستیدایە، نەک لە چێژ وەرگرتن و تێرکردنی ئارەزووەکاندا. «لە بوداگەری هاوچەرخدا».

## پەیڤەکانی توورە بوون

کاتێک بوداگەر لە خۆشەویستی و زاڵبوون بەسەر خۆپەرستیدا خۆشگوزەرانی دەبینێتەوە، تووڕەییش بە خراپەکاری و نیگەرانبوون و ڕووخانی دەروون دەزانێت..

بۆیە تووڕەنەبوون و خۆڕاگری، هەمیشە لەسەرخۆیی و ئارامی لەو زانیارییە گرنگانەن کە بوداگەر ڕەچاویان دەکات.

* کەسێک نەهاتووە دۆزەخی گڕدابێت... ئاگری عەقڵێک کەلغاوی بۆ تووڕەیی شلکردبێت، دۆزەخی گڕداوەو خاوەنەکەیشی تێدا دەسووتێنێت. «مۆلامولی»

* کاتێک مرۆڤ خراپەیەک دەکات.. بەدەستی خۆی دۆزەخ گڕدەدات و خۆی دەسووتێنێت. «مۆلا مولی».

* بەسەر تووڕەیی و ڕق و کینەدا زاڵ بە، ڕقت لەکەس نەبێت، گەورەبێت یا بچووک، مرۆڤ بێت یان مێروو، نەکەی مل بدەیت بە سەر کەشیەکانی دڵ کە بە تووڕەیی داگیرساون. «فۆشۆهنگ چان کنگ».

* تووڕەبوون! مەخابن چەندە سیماکان دەگۆڕێت و لە شکۆی جوانی و مرۆڤی نەرمونیان کەم دەکاتەوە «فۆشۆهنگ چان کنگ».

* ئەوەی بەسەر تووڕەبووندا زاڵبێت، عەرەبانچییەکی کارامەیە بۆ ژیانی ناوەوەی خۆی، هەر کەسیش دوای تووڕەبوونی بکەوێت، ئەسپێکی بێ جڵەوی بەدەستەوەیە. «زامابادا».

## پەیڤەکانی نێرڤانا

* سەرچاوەی پیرۆزی و خۆشنوودی و جوانی ڕۆحییە. ئەو جوانییە باڵایەیە کە لە دادپەروەریدا هەیە، «شاملندا»

* هاوڕێم بەلەمەکە هێواش کەرەوە وا بەرەو ئەو تاڤگەیە دەڕوات، بەوپەڕی کامەرانی بەردەبێتەوە، تۆش هاوڕێم! خۆت لە حەزو ئارەزوو و ڕق و کینەکان سەرفراز بکە، گەر وات کرد، بێگومان دەگەیتە نێرڤانا. «زامابادا».

* ئەوانەی بە قووڵی لە ڕاماندان، ئەوانەی دڵێرانەو بێ کۆڵدان لە خەباتدان، هەر ئەوان دەگەنە نێرڤانا، هەر ئەوانیش دەرک بەو سەرکەوتنە دەکەن کە هەموو دەستکەوتە دنیاییەکان دەگوزەرێنێ «زامابادا».

* هەر کەس دڵی پڕ لە چاکەخوازی بێت.. ئەو ڕاهیبەی دڵی بەستراوە بە بیرو باوەڕی بووداوە.. هەر ئەوە دەگاتە مەلەکووتی باڵا.. کە لەوێدا بە نەمری و ئارامی و کامەرانی دەگات. «زامابادا».

* کاتێک شەپۆلەکان بەرزدەبنەوە دەکەونە کەفچەڕین.. ئایا پەناگەیەک.. دورگەیەک شک دەبەن ئەوانەی لەژێرباری پیری و مەرگدا دەناڵێنن؟ نەخێرو هەزار جار نەخێر! هیچ دورگەیەک نییە لەوێ نەبێت، لەوێ کە خەم و خولیای هیچ شتێک لە ئارادا نییە.. لەوێ کە من بە نێرڤانای ناو دەبەم، بە کۆتا گەیشتنی پیری و مردن.

«سۆتانیباتا».

* لە تونـاو تـوونـەکـــــــانـی «دۆنایدۆن»دا «تنـاسخ»دا وێڵ بـوو بووم و بێ هوودە لە سۆخی وەستای خانووەکەدا «جەستە»دا دەگەڕام.

ئای چ ئازارێکە بمرین و زیندوو بـیـنـەوە، دواتـر بمـریـنـەوەو زیندووبینەوە..! بەڵام دواجـار، پێـتگەیشـتم ئەی وەسـتـای ئەم خـانوەوە.. بۆیە دەرگـاکـانم شکاندو پایەو دیوارەکانیشم ڕووخاند، ئێستا کـاتێک ڕۆحم لە جەستـەی فـانی و دنیای ساختە ڕزگاری بوو، گەیشتمە دوا وێستگەو ئەوپەڕی کەمـەرانی. «متاسۆتا»

## پەیڤەکانی مردن

باوەڕدار لە حـەق ناترسـێت، مردنیش حەقە.. بۆیە بوداگەر هیچ ترس و بە فـەنا چوونێک لە مـردندا نابـینێت، دیدەکـانی بوداگـەران لەم بـارەیـەوە زۆر نـزیـکـە لـە دیـدی سۆفیگەرایی ئیسلامی.. هەردەبێ بمـرین.. بـۆیـە بـەلای سـۆفـی و بوداگەرەوە مرۆڤ پێوست ناکات خۆ بەدنیای و شتەکانەوە ببەستێتەوە.

* ئەو کەسە لە مردن ناترسێت کە بزانێت جەستـەی خۆی وەک بڵقی سـابوون وایەو لە تراویلکەیەکی فریودەر دەچێت «زامبادا».

* مـردن و کـۆتایی هاتن بە ژیان دنیـای پڕخـەم کـردووە.. بەڵام دانا خـەم ناخـوات، ناترسـێت، چونکە دەزانێت شـتـەکان بە کوێ دەگـات و چارەنووسـیـان چی دەبێت «سالاسوترا».

* کـوێر نازانێت کـە هەمـوو کـەسـێک دەبێ بمرێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دنیـایە جێبـهێڵێت؟ ئەو کـەسـەش بیـر لە بێ نرخی و بێ بەهایی دنیـا بکاتەوە، ئەوا تەواوی خـەم و ناسـۆرەکـان دەگـۆڕێت بە کامەرانی. «زامابادا».

* لە دادپەروەریدا بمرین باشـتـرە لەوەی لە سـتـەمـدابژین «لۆدا سنگرهایا».

* لە شەڕو ملمـلان لەگەڵ حـەزو ئارەزووی خراپەدا بمرم باشترە لەوەی لە ئارەزووبازی و شەڕەنگێزیدا بم. «بزاماسوتا».

* ژیان بدۆڕێنین باشـترە لەوەی لە ئامانجەکانمان لابدەین «تاشوان یان کنگ لۆن».

* چۆن دەڕوانیـتـە کـەفی دەرا وەهاش بڕوانە دنیـا.. یان وەک چۆن تراویلکە دەبینیت، ئەوەی بەمـجـۆرە بڕوانێـتـە ژیان.. هەرگـیـز مـردن نابینێت. «زامابادا».

* بۆ کوێ؟ ئەرێ بوویتـە گـەورەی هەموو جیهـان؟ ئەگەر هەموو دنیاش ببێـتـە مـوڵکی تۆ، کە مـەرگ هات دەبێ جـێـی بهـێـڵـێت. گـەر لە سـەرەتاوە دەسـتـبـەرداری بیت و دڵ بەخـۆشی و جوانیـیـەکـانی نەدەیت.. ئەوکـات تاهەتایە سـەرفـرازو ئارام دەبیت «ملاربا».

**پەراوێز**

**١- نێـرڤـانا: چەمکێکی فـرەمـانـایە لە فـیکری هیندیداو دەگـەڕێتـەوە بۆ بەر لە بوودا، بریتـیـیـە لە گـەیشتن بە جـەزبەی ڕۆحی و کامەرانی کە تێیدا دەروون هەست و هۆش بەخـۆی لە دەست دەدات و بەوەش نێـرڤـانا بووەتە تاجی تەلاری فـیـکری بوداگەری و دوا ئامانج.**

**سەرچاوە:**


**کتێبی «الفلسفات الهندیە».**

# پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا - تا جەنگی گێتی یەکەم

**ڕەوشت محەمەد**
**(سلێمانی)**

وەک چۆن نووسین و لێکۆڵینەوە ئەرک و کارێکە لە ئەستۆی باسکاران و کەسانی شارەزای بوارەکە دایە، هەر ئاواش ڕەخنە گرتن لەو لێکۆڵینەوانە دەرخستنی کەلێن و کەموکوڕی و لایەنە درەوشاوەکانی دەبێتە ئەرک و کاری ڕەخنەگر و خوێنەران، ئەو کاتە پرۆسەی نووسین و بەرهەمهێنان کامڵ دەبێت، هەردوولا واتە (نووسین و ڕەخنە) دەبنە تەواوکاری یەکتری، چونکە نەبیستراوە هەر بنووسرێ و هیچ بە دوای نووسیندا نەیەت.

هەبوونی کەموکوڕی لە هەر کار و بەرهەمێک شتێکی زۆر ئاساییە،



بەڵکو خستنە ڕووی کەموکوڕی هەر کارێک دەبێتە ئەرک. من نامەوێ ئەو پێشەکییە بە باڵای نووسینەکەی خۆمدا ببڕم و بمەوێ بڵێم: کەموکوڕی زۆر گەورەم لەم نامەیەدا(١) دۆزیوەتەوە و هیچ قسەیەکیش بۆ بەرامبەر نەهێڵمەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم: لەگەڵ خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکەدا چەند سەرنجێکم لەلا گەڵاڵە بووە، بە کەمتەرخەمی و لەنگی و ئەرکم زانیوە لە نووسینێکی ئاوادا ئاماژەیان پێبدەم.

یەکەم: مەبەستی کاری لێکۆڵینەوە:

ئەنجامی هەموو گەڕان و ماندووبوون و بەرهەمهێنانێک لە کاری لێکۆڵینەوەدا، پێکانی مەبەستە و سەلماندنی ڕاستییەکە کە نووسەر باوەڕی پێیەتی، ئەو پرۆسەیەش کە ئێمە لە ڕێگەیەوە ڕاستییەک دەچەسپێنین، ئەڵبەتە لە ڕێگای بەڵگەی بەرچاوەوە، ڕاست وایە ئێمە لە کۆتایی گەڕان و لکۆڵینەوەکەدا بگەینە ئەنجام و مەبەست، بە شێوەیەکی تر باسکار دەبێ دوای خستنە ڕووی بەڵگە و سەلماندنەکانی حوکمی خۆی بەسەر بابەتی مەترەح کراو بدا، پێچەوانەی ئەم کتێبەی بەردەستمان کە لە سەرەتای بەشی یەکەمدا و هەر دوای ئەو ناونیشانە لاوەکییەی دەڵێ:

(مەبەست لە پەیدابوونی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا چییە) لە لاپەڕە (١٤)دا دەڵێ: (ڕەخنە لەگەڵ پەیدابوونی شیعردا لە دایک بووە) نووسەر تەنیا بەو درکاندنەوە ناوەستێ و لە لاپەڕە (١٩) و هەمان بەشدا دەڵێ: (لە دایک بوونی ڕەخنەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک بەندە بە لە دایک بوونی هۆنراوەی ئەو نەتەوەیەوە، کە یەکەم شاعیر لە دایک دەبێ، یەکەم ڕەخنەوانیش لە دایک دەبێ... بەم پێیە ڕەخنەی ئەدەبیمان لەگەڵ یەکەمین شاعیری کورددا هەڵقوڵاوە ئەویش بابا تاهیرە) نووسەر بەو چەند دێڕەی سەرەوە هیچی بۆ لێکۆڵینەوەکەی نەهێشتۆتەوە کە بیڵێ. لە ڕاستیدا خوێنەر کە لەسەرەتای کتێبەکەوە لە بەشی یەکەمدا ئەوە دەخوێنێتەوە، سیحری لێکۆڵینەوەکەی لە لا بەتاڵ دەبێتەوە، نووسەری بەڕێزیشمان ئەوەندە ماتڵی نەکردووە تا لە ئەنجامی بەڵگەکانییەوە بمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە. هەر لە سەرەتاوە هەموو شتەکانمان بۆ دەبڕێنێتەوە.

ئەگەر من ئەوە بزانم کە. لەگەڵ لە دایک بوونی یەکەم شاعیردا یەکەم ڕەخنەش لە دایک دەبێ، ئەوە لێکۆڵینەوە لە پەیدابوونی ڕەخنە گرنگی نامێنێ، ئەوەندەی لکۆڵینەوە لە یەکەم شاعیر گرنگی خۆی دەسەپێنێ.

دووەم: بۆچی پەنا بۆ سەرچاوە دەبەین؟

لای هەمووان ڕوونە بۆ ئامادەکردن و دروستکردنی هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستمان بە بەکارهێنانی سەرچاوە دەبێت، بە ئەندازەی زۆری و بە نرخی سەرچاوەکان لێکۆڵینەوەش بەهرەمەند دەبێت، لەو بەنرخییە و متمانە پەیدا دەکات.

ئێمە قسەمان لەسەر ئەو سەرچاوانە نییە کە لە کتێبەکەدا بەکار هاتوون ئەوەندەی قسەمان لەسەر شێواز و جۆری مامەڵە کردنە لەگەڵ سەرچاوەدا، ئەویش لە دوو ڕوانگەوە.

أ- سەرچاوە بەکاردێ بۆ دەوڵەمەندکردن و وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو بابەتەی ئێمە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکەین، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەم کتێبەدا سەرچاوە بەکارهێنراوە بۆ وەرگرتنی داڕشتن و وەسف، کە ئەمە ئەگەر غەریبیش نەبێت، مایەی بێدەسەڵاتی زمانی ئەدەبی باسکار دەگەیەنێت، بۆ نموونە لە لاپەڕە (٤٠)ی کتێبەکەدا و لە وەسفی مەلای جەزیریدا هاتووە و دەڵێ: (بولبولی باخچەی ئەدەبی کوردییە هەتا هەتایە نەوا و سۆز و ئاوازی کپ نابێ وەکو زەنگۆڵە لە شاخە بەرزەکانی بۆتانەوە دەنگ دەداتەوە، ڕێگا بۆ کاروانی هۆنەرانمان نیشان ئەکا...، هۆنراوەکانی قسەی پەتی نین، بەڵکو دوڕو گەوهەری کاشی ئەدەبی کوردستانن) ئەم وەسف و داڕشتنەی خوێندۆتەوە وەک نووسەر خۆی ئاماژەی بۆ دەکات. لەسەرچاوەوە وەریگرتووە کە کتێبی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی-یە. لە ڕاستیدا ئەگەر کار بێتە سەر داڕشتن و پیاهەڵدان هەر کەس بگری پێویستی بە سەرچاوە نییە، بەڵکو خۆی دەتوانێ بۆ ئەمڕۆ گوزارشتی زۆر جوانتر بەرهەم بهێنێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی حەفتاکان کە سەجادی ئەوەی تێدا هۆنیوەتەوە.

ئەم شێوە کارکردنە لەگەڵ سەرچاوەدا لە چەند شوێنێکی تردا دووبارە بۆتەوە وەک لاپەڕەی(٤٣). (جەزیری هۆنەرێکی بە سۆز و خاوەن خەیاڵێکی ناسک و قسە ڕەوانێکی بە دیمەن بووە) لە کتێبی دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بە هەمان شێوە لە لاپەڕە (٨٤)یشدا دووبارە بۆتەوە.

ب- شێوازێکی تری بەکارهێنانی سەرچاوەکان، دەبینی دێڕە شیعرێکی (نالی) لە چاپەکەی خەزنەدار وەردەگرێت، کەچی واتا و لێکدانەوەی دێڕە شیعرەکە لە چاپی عەبدولکەریمی مودەڕیس هێناوە، ئەگەر تێبینی بکەین لە هەندێ شوێندا هەر یەک لە خەزنەدار و مودەڕیس شیعرەکانی نالی بە جیاوازییەوە نەقڵ دەکەن، نووسەر ئەم کارەی لە زۆر شوێندا دووبارە کردۆتەوە، لەو کاتانەشدا کە شیعرەکەی چاپی خەزنەدار وەک ئەوەی لای چاپی مودەڕیس نییە، بەمەش جیاوازی کەوتۆتە نێوان شیعرەکە و واتاکەی بۆ نموونە: لە لاپەڕەی (٧٤)دا لە چاپی خەزنەداردا شیعرێکی نالی دەهێنێ کە دەڵێ:

(نەزمی نالی میسلی ئاوە ئایینە ڕەنگی نییە)

ئەم دێڕە لە چاپەکەی مودەڕیسدا بە شێوەیەکی تر هاتووە کە دەڵێ:

(نەزمی نالی میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە)

لەم حاڵەتەدا لێکۆڵەرەوە هاتووە دەقی شیعرەکەی لە چاپی خەزنەدارەوە وەرگرتووە، کەچی

ماناکەی لە چاپی مودەڕیسەوە هێناوە، کە هەریەک بە جۆرێک هێناویانەتەوە، دیارە ماناکەشی جیاواز دەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر خوێنەر سەرنج بدات هەست دەکات کاتێ شیعرەکە دەخوێنێتەوە دەڵێ: (میسلی ئاوە ئایینە ڕەنگی نییە) کە ماناکەی دەڵێ: (وەکو ئاو و ئاوێنە) ئاشکرایە ئەم مانایە بۆ چاپەکەی مودەڕیس کراوە، کەچی نووسەر هەستی بەو جیاوازییانە نەکردووە.

سێیەم: حاڵێکی تر کە جێگەی سەرنجم بوو، دەقی ئەو شیعرانەن کە لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتوون، دەبینین شیعرە عەرەبییەکان واتایان لێک نەدراوەتەوە و وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، تا ئێرە شتەکە ئاساییە، بەڵام ئەوەی دەیکاتە مایەی سەرنج ئەوەیە ئەو شیعرانەی کە بە شێوەی هەورامی و کرمانجی ژووروو هێناونی، واتاکەیانی نووسیوە. واتە (وەرگێڕاون بۆ زمانی کوردی!!) بۆ نموونە هەر لە بەشی یەکەمدا نزیکەی (٣٥) بەیتە شیعری عەرەبی هێناوە بەبێ ئەوەی مانایان لێک نەدراونەتەوە. کەچی لەبەرانبەردا و لە لاپەڕەکانی (٤١-٥٦)دا کاتێ شیعرەکانی مەلا جەزیری و خانی دەهێنێ واتایان ڕاڤە دەکات و لەوەش سەیرتر لە لاپەڕەکانی (٦٥-٨٧) نووسەر بە پێویستی دەزانێ شیعرە سۆرانییەکانیش لێک بداتەوە. کە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی و مەحوین بە سۆرانی نووسراون.

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا چەند وردە سەرنجێکی تر دەهێنم کە نەدەکرا بەسەریاندا ڕابوورم.

* لە لاپەڕە (١٦)ی کتێبەکەدا دەڵێ:

(شاعیریش وەکو بازرگان خودان کەلوپەلەکان سوورە لەسەر ئەوەی کە ڕای جەماوەر بزانێت و تێبگا چی لە بازاڕدا ڕەواجی هەیە... ڕەواجی کەلوپەلی شاعیریش وەکو کەلوپەلی بازرگانە). ئەم بەراوردکردنانە لەگەڵ ئەوەدا کە بەراوردکردنێکی نەگونجاو و بێدەسەڵاتانەی ئەدەبین، زاراوەکانی وەک: کەلوپەل و بازرگان و ڕەواج، لە فەرهەنگی شیعر و ئەدەبدا هیچ جۆرە جێیەکیان نابێتەوە، لە ڕاستیدا تێگەیشتن و چێژی شیعر و شاعیرییەت بە چەمکەکانی وەک بازاڕ و کەلوپەل و بازرگان هیچ جۆرە حاڵیبوونێکی سەردەمیانەی بە دوادا نایەت بۆ بابەتە گرنگەکانی وەک شیعر و شاعیر.

* لە کاتی باسکردنی (نالی)دا لە لاپەڕە (٦٩)دا دەڵێ:

(هەرچی هۆنیوەتەوە کەس لێی نەبووە و نەچۆتە دڵیانەوە) کەچی لە لاپەڕە (٧١)دا سوودی لە سەرچاوەیەک وەرگرتووە کە دەڵێ: (شیعری نالی بەسەر زمانی خەڵکەوە بووە و خەڵک شانازییان پێوە کردووە) ئەوەش دروست پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی نووسەرە کە دەری بڕیوە، کە ناکرێ ئێمە لە لێکۆڵینەوەیەکدا دوو ڕای پێچەوانە بخەینە ڕوو.

* لە لاپەڕە (٨٥)دا لە دێڕە شیعرێکی مەولەویدا کە دەڵێ:

بولەند کەرمەقام دڵسۆز وەڕاسی
تەنزیلەش فەردگەل خاڵۆی کۆماسی

دواتر پەراوێزێک بۆ دێڕی دووەمی شیعرەکە دادەنێ و دەنووسێ (وشەی دۆعاکردنە)، لە کاتێکدا ئەو دێڕە هیچ ئاماژەیەکی بۆ دوعاکردن تێدا نییە.

**پەراوێز:**

**١- کتێبەکە نامەیەکی ماستەرە بەناوی (پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتی یەکەم).**

**نووسینی عەبدوڵلا یاسین ئامێدی، کتێبەکە بە چوار بەش نووسراوە، هەر بەشەی لە چەند خاڵێکدا ڕوون کراوەتەوە کە بریتین لە:**

**بەشی یەکەم/ هەڵسوکەوتی ڕەخنەی ئەدەبی.**

**أ- لە ڕووی زمانەوە - لە ڕووی زاراوەوە.**

**ب- مەبەست لە پەیدابوونی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکدا چییە؟**

**بەشی دووەم/ ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.**


**- لە سەدەی شازدە تا هەژدەهەم.**

**- مەلای جزیری - ئەحمەدی خانی.**

**بەشی سێیەم/ ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم - نالی - سالم - کوردی - مەولەوی.**

**بەشی چوارەم/ ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم.**

**حاجی قادری کۆیی - شێخ ڕەزا - مەحوی - مسباح ئەلدیوان.**




# سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانمان

فەرهاد پیربال

سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە سەدەی یازدەهەم تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بریتی بوون لە کولتووری عەرەبی و فارسی و تورکی. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا (تاک و تەرا چەند نووسەرێک لە ئاوی سەرچاوە ئەورووپییەکان دەخۆنەوە) ئەگینا هەمدیس بۆ سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانمان ڕوودەکەینەوە عەرەب. دیسان.. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا هەشتاکانیش، لە سەرچاوە عەرەبییەکان زیاتر، ڕۆشنبیریی کوردی هیچ سەرچاوەیەکی کولتووریی دیکە شک نابا، ئەمەیە نیشانە گشتییەکانی کولتووری کوردی و وەسفێکی پانۆرامایی دیالۆگی شارستانیی کورد لەگەڵ جیهاندا!

کەواتە کورد بەشێوەیەکی گشتی، نەیتوانیوە بەهرە لە هیچ کولتوورێکی ڕۆژئاوایی وەربگرێ؛ نەیتوانیوە سوود لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەکی ئەورووپایی وەربگرێت! ئێمە سەدان ساڵە بەردەوام لەژێر پاڵەپەستۆی تەنیا کولتووری ئیسلامدا (عەرەب و فارس و تورک) دێین و دەڕۆین: ئەگەر جاران تەنیا موعجەب بووبین بە (المعری) و (فردەوسی)، ئەمڕۆش تەنیا (ئەدۆنیس) و هاوڕێکانی دەناسین!

دراوسێکانمان هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام ئێمە (ملکی اکثر من الملک) هەر پێمان خۆشە لەژێر دەستی ئەواندا بمێنینەوە!

لە هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆ نەوەیەکی تازە ڕووی کردە ئەمریکا و ئەورووپا، چاوەڕێ دەکرێ بتوانێ ئەتمۆسفیری ڕۆشنبیریی کوردی تازە بکاتەوە! بەڵام بێگومان گۆڕانکارییەکان، بەبێ دانانی نەخشە و پرۆژە هەڵناسووڕێت؛ بەبێ پلان جێبەجێ ناکرێت!

پازدە ساڵە حکوومەتێکی سەرازادی کوردی هەیە، تا ئێستا شەش وەزیری ڕۆشنبیری و پەروەردەشمان هاتوون و ڕۆشتوون.. یازدە سەرۆکی زانکۆش، کەچی تا ئێستا بیر لە ئەنجامدانی یەک پرۆژەی لەم جۆرە نەکراوەتەوە: کردنەوەی چەند پەنجەرە- کولتوورێکی ئەورووپایی بەسەر ئەم ڕۆشنبیرییە پەنگخواردووەماندا.

من تێناگەم، ئەو هەموو وەزیر و سەرۆک و نەقیب و مودیرانە.. لەکوێن، مەشغوولی چین؟ جاران عەبدولڕەحمان بەدرخانێک، جەلادەت عالی بەدرخانێک، حوسێن حوزنی موکریانییێک، شاکر فەتاحێک، پیرەمێردێک.. بەبێ ئەوەی هیچ وەزیری ڕۆشنبیری و پەروەردەش بن، بەبێ ئەوەی هیچ سەرۆکی کۆڕی زانیاری و نەقیبی هیچ زانکۆ و یەکێتییەکی نووسەرانیش بن، بەبێ ئەوەی ئەو هەموو سامانەی حکوومەتیشیان لەبەردەستدا بێت (بە پارەی خۆشیان) دەیان پرۆژەی ڕۆژئاواییان دەگەیاندە کورد، دەیان پردی ڕۆشنبیرییان لەنێوان کوردستان و ئەورووپادا دروست دەکرد..!

جەنابی سەرۆکی کوردستان، وابزانم لە جارێک زیاتر ئاماژەی بەمە داوە کە پێویستە **کاری موئەسەساتی** لە کوردستاندا بکرێت. ئەمڕۆ هەموو خوێندەوارێک دەپرسێ: لەپێناو کردنەوەی چەند پەنجەرە - کولتوورێکی ئەورووپایی بەسەر ئەم ڕۆشنبیرییە پەنگخواردووەماندا، لەپێناو دامەزراندنی چەند پردێکی کولتووری لەنێوان کوردستان و ڕۆژئاوادا.. کوانێ ڕۆڵی ئەو هەموو دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمی و زانستی و ڕۆشنبیری و زانکۆییەی گوایە هەن؟ کوانێ نەخشە و پلانەکانی ئەو هەموو وەزیر و سەرۆک و نەقیب و مودیرانە..؟

